# درێژترین ساڵ



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

زوهدی داودی

# درێژترین ساڵ

ڕۆمان

وەرگێڕانی:

سەباح ئیسماعیل



ناوی کتێب: درێژترین ساڵ – ڕۆمان
نووسینی: زوهدی داودی
وەرگێڕانی: سەباح ئیسماعیل
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٧٣٨
پیت لێدان و هەڵەگری: بۆکان نووری + تریسکە ئەحمەد + کارزان کانەبی
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ١١٤٢ی ساڵی ٢٠٠٨ی دراوەتێ

# پێشەکی

زوهدی داودیی ڕۆماننووس ساڵی ١٩٤٠ز لە خورماتوو هاتووەتە دنیاوە. سێ ساڵ لە کەرکووک مامۆستای سەرەتایی بووە، دوای ئەوەش سێ ساڵی لە ژووره تاریک و نووتەکێن زیندانەکانی باقووبە و ڕومادی و حیللەدا گوزەراندووە. پاشان خوێندنی مێژوو و فەلسەفەی لە زانکۆی لایپزگی ئەڵمانیا تەواو کرد و لە ساڵی ١٩٧٦دا بڕوانامەی دکتۆرای لە فەلسەفەی مێژوو بەدەست هێناوە. لە ١٩٨١ – ١٩٩٢ هەر لەو زانکۆیە لە بەشی مێژوو مامۆستای یاریدەدەر بووە.

لە ساڵی ٢٠٠٤دا گەڕایەوە کەرکووک و بۆ ماوەیەک لە زانکۆی کەرکووک وانەی گوتەوە. لە سۆنگەی نائارامیی ڕەوشی کەرکووکەوە بۆ یەکجاری گەڕایەوە ئەڵمانیا. تا نووکە «١٤» کتێبی بەعەرەبی و ئەڵمانی لە نێوان کۆمەڵە چیرۆک و ڕۆمان و مێژوو و وەرگێڕان داناون. زوهدی داودی یەکێک لە نووسەرانی چالاکی گرووپی کەرکووک (جماعە کرکوک) بووە، کە لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا گوڕ و تینێکیان خستبووە بەر ئەدەبی قەتیسماوی عێراقی و ئەو گۆمە مەنگەیان شڵەقاند. لەمێژە ئەو کەسێکی گۆشەنشینە و لە پەراوێزدا بەبێدەنگی داهێنانی خۆی دەکات. ڕەنگە ئەمەش بۆ ئەو سێ ساڵی زیندانیکردنەی بگەڕێتەوە.

سەرەتا بەچیرۆک دەستی پێ کرد و پاشان لەسەر ڕۆمان گیرسایەوە. دیارترین ڕۆمانیشی سێینەی دۆڵی کفرانە (درێژترین ساڵ)، (سەردەمی هەڵاتن)، (وەرچەرخانەکان). نووسەر لەم سێیینەیەدا باس لە دەڤەری گەرمیان بەتایبەتی و چەقی شاری کەرکووک بەگشتی دەکات. دەکرێت بڵێین ڕۆمانێکی مێژووییە و جار جاریش بەفانتازیا مارکیزییەکەی لە ڕووداوە مێژووییەکان دوور دەکەوێتەوە، تا زیاتر بەواقیعەکەمان ئاشنا بکات.

ڕۆماننووس هەوڵی داوە مێژوو بکات بەکەرەستەی ڕۆمانەکەی، نەک ڕۆمانەکە بکات بەکەرەستە بۆ مێژوو. واتا لە پێناوی ئایندەدا مامەڵە لەگەڵ ڕابردوودا دەکات.



نووسەر لەم ڕۆمانەی بەردەستاندا باس لە زوڵم و زۆرداری و گەندەڵیی دەسەڵاتدارانی تورکە عوسمانییەکان لە ناوچە کوردنشینەکاندا دەکات، کە چۆن لە هەوڵی ئەوەدا بوونە دووبەرەکی و ناکۆکی لە نێوان هۆزە کورد و عەرەب و تورکمانەکاندا بچێنن و دەرگیری دوژمنداری و شەڕێکی بێ ئامانی هەمیشە بەردەوامیان بکەن. نووسەر ژیرانە لە ناو گوندەوە بەکووچە و کۆڵانەکاندا شۆڕ بووەتەوە و دەمانباتە ناوماڵی یەک بەیەکی کەسایەتییە سەرەکییەکان، تاکو بەنهێنییە تاکە کەسییە چەپێنراو و متبووەکانیان ئاشنا ببین.

زۆربەی زۆری کاراکتەرەکانی ڕۆمانەکە لە لایەنی سێکسییەوە چەپێنراون و ئەوی بەبیر و خەیاڵماندا نایەت بەدزییەوە دەیکەن. نازانیت نەفرەتیان لێ بکەیت، یاخود بەزەییت پێیاندا بێتەوە؟ داخۆ ئەو شتە تابویانەی دەستی بۆ دەبەن، ڕەوان یاخود نەفرەتلێکراو؟ ئاساین یاخود دژ بەدابونەریت؟ بەگشتی ئافرەت لەم ڕۆمانەدا ڕۆڵی دامرکێنەرەوەی حەزەکانی پیاو و قوربانی و ئاگرکوژێنەرەوەی ناکۆکییەکانی ناو خێڵەکان دەگێڕێت. لێ ئەوی مایەی ئومێدە، بەئاشکرا بێت یاخود بەپەنهان، ناڕەزایی لەو دابونەریت و گوێڕایەڵییەی بەسەریاندا سەپێنراون، بەدی دەکرێت.

زوهدی داودی لەم ڕۆمانەشیدا وەکو چەپڕەوێک، هاوشێوەی ڕۆماننووس (غائیب توعمە فەرمان)، سەرەڕای گەڕان و سووڕان و ئاوارەبوون و دوورکەوتنەوەی، ئینجاش لە هەموو ڕۆماننووسە عێراقییەکان زیاتر بەخاک و کێشەکانی وڵاتەکەیەوە پەیوەستە. یەکێک لەو خەسڵەتانەی کارەکانی زوهدی داودیی پێ دەناسرێتەوە، تێهەڵکێشکردنیەتی لە نێوان دیکۆمێنتی مێژوویی و بنیاتی گێڕانەوەی هونەریی چیرۆکی فانتازی. خاڵی بەهێزی ڕۆمانەکە لەوەدایە، نووسەر لە پەنجەرەکانی لاتەنیشتەوە لە مێژوو دەڕوانێت، نەک لە دەرکەی لەسەر گازی پشت واڵای مێژووی بەفەرمی نووسراوی تۆماری ڕووداوەکانی دەسەڵاتدارە بەهێزەکان، چونکە تەنیا بەم شێوەیە دەکارێت، پانتایی ڕاستیی ژیان بێ سانسۆر و کۆت و بەند و ساختەکاری بگێڕێتەوە.

زوهدی، محێدین زەنگنە و یەشار کەمال و سەلیم بەرەکات و دەروێشیان ئاسا، بەزمانێکی دی ئێش و ئازاری نەتەوەکەی دەنووسێتەوە و لە میللەتانی دیکەی دەگەیەنێت.

ماوەتەوە بڵێم نووسەر سەرەتا ئەم ڕۆمانەی لە ساڵانی ١٩٨٧ – ١٩٨٩دا بەزمانی ئەڵمانی نووسیوە و لە ساڵی ١٩٩٣دا بەچاپی گەیاند. پاشان هەر بەخۆیشی ساڵی ١٩٩٤ وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی.

***

لە وەرگێڕانی ئەم ڕۆمانەدا نووسەرانی دڵسۆز و بەئەمەک، حەمەسەعید زەنگنە و ئەدیب نادر و بەکر دەروێش یارمەتییەکی زۆریان دام، بەدەقە کوردییەکەدا چوونەوە و بەمەبەستی دەوڵەمەندکردنی پێشنیاز و تێبینیی جوانیان وێدام، سوپاسیان دەکەم و منەتباریانم.

وەرگێڕ

# ١

سێ کوڕیژگە بەلاپاڵی گردەکەوە بەدەوری قۆرتە بچووکەکەدا لەسەر دەم ڕاکشابوون، چاودێریی کۆمەڵێ زەردە کولاژدمیان دەکرد، کە ئاڵۆزکا بوون بەیەکدا و لە شەڕێکی بێ ئاماندا بوون. جار جار یەکیان لەخۆوە سەری هەڵدەبڕی نەکو بەرخێک، یاخود بزنێک لە ڕانە پەرتبووەکەی دەم شیوە بەسەوزەلانییە داپۆشراوەکەی بەر تیشکی خۆری نیمچە گەرمی مانگی گولان، دابڕا بێ.

دۆڵەکە ڕووبەڕووی زنجیرە شاخی مازووخ، کە لەپڕ دوایی دەهات، دەبووەوە. تا کەندەلانێکی قووڵی سام لێ نیشتوو چێ بکات، لە بەری ئەوبەریشەوە هەورازی بەرز و بڵندی جەوەڵ قاجر بەرەو ڕووی دەبووەوە. زێی ئاوەسپییش بەبەرەنگاربوونەوە و خۆ خەملاندنەوە دەیکردن بەدوو لەتەوە و خۆی دابووە بەر سێبەری چەندین جۆرە درەخت و ڕووەکی پیا هەڵقژاوی گوڵ و پونگە و ڕێحانەوە، کە بۆنیان بەدەربەندە شێدارەکەدا بڵاو دەبووەوە، نمەی بەئاسمانا چووی تاڤگە چکۆڵەکان و ئاوی کانی، کە لەملا و لەولای دەربەندەکەوە هەڵدەقوڵین، لە شێوەی ئاونگ، یاخود پرووشە دەرژانە دۆڵەکەوە و لەگەڵ شیبوونەوەدا دەبوونە پەلکە زێڕینە.

هەر ئەوەندەی ڕووبارەکە دەربەندەکە دەداتە پاشی خۆی ڕێڕەوەکەی فراوانتر دەبێتەوە، تا دۆڵە ئاو بلوورینەکەی دەڵێی نێو لەپی دەستە، لە ئامێز بگرێ. ئیدی ڕووبارەکە بەهێمنی و ڕوونی شۆڕ دەبووەوە و وردە شەپۆلەکانی خۆیان بەکەنارەکەدا دەکێشان و تێک دەشکان، زیخ و چەوە ڕەنگاوڕەنگەکانیان دەشۆردنەوە و دەنکە لمەکانیان دەهاویشتنە کەنارەکەوە، تا جارێکی دی بیگەڕێننە زێیەکەوە.

لە هەندێک شوێنیشدا وردە شەپۆلە هەلاتووەکان خۆیان بەدیواری کەندەلانەکەدا دەدا، تا چاڵی قووڵی لێ بکەن و بەئاوی شینی تژی بکەنەوە، یا پێچی توند بدەنەوە و هۆمەنی گەورەی ڕەق و تلە تاوێر بەدەر بکەون. لە بەری ئەوبەریشەوە بنی ئاوەکە دیار بێ و بەردە گرکانێکان و دەوەنە ژاڵەکان بەدەر بکەون.



هەردوو ڕەخی ڕووبارەکە بەجۆرەها ڕووەک و دەوەن و داری بەرز داپۆشرا بوون. ژاڵە بەگوڵی سپی و پەمەییەوە، بنە بەلەک، ئاژەوەن، هەنجیر و هەرمێ کێویلە، جگە لە هێلانە کەو و کۆتر و مراوی. زۆر جاریش ڕەوە قەتێ مینا پەڵە هەوری کۆچەری بەسەر ڕووبارەکەدا دەفڕین دا ئاو بخۆنەوە.

هەر یەکێک لەو سێ کوڕێژگانە، دەزووی خۆی بەکلکی دووپشکەکانییەوە بەستبوو، هەر کولاژدمێکیش ئەگەر پێوەی درا، یاخود ویستی مەیدانەکە جێ بهێڵێت، ئەوا بڕیاری مەرگی بەسەر خۆیدا داوە. لە دوا ساتی گەمەکەشدا هەریەکە و کولاژدمێکی چزو بڕاو بۆ خۆی دەهێڵێتەوە. کاتێک دووپشکەکانی قادر بەزین، سەرە زلە پانەکەی بەرز کردەوە و بەبێزارییەکەوە سەیری کرد و لە چاڵی نا. کەچی هەندەی نەبرد کونێکی دی دۆزییەوە و دووپشکەکەی نایە زاری کونەکەوە، تا بچێتە ژوورەوە. دەمێک لە نێو کونەکە بزر بوو، چاوی لە جووڵەی دەزووەکە بڕی، کە خەریک بوو کرژ دەبووەوە. پاشان هێدی هێدی دەزووەکەی ڕاکێشا، هەستی کرد قورسە، ئاوڕی لە هاوەڵەکانی دایەوە و بەشادییەوە گەفی لێ کردن:

– ئێستا یاری دەست پێ دەکەینەوە. با بزانین لە کۆتاییدا کێ دەبەزێ.

کاتێک کولاژدمەکەی لە نێو کونەکە هاتە دەرێ، کولاژدمێکی زەبەلاح و پڕی وێڕای خۆی هێنا بوو، مقەستەکانی لێ گیر کردبوون و بەنەرمی کلکی دەجوولاند. هەینێ کونەکەی دەرماند، تا ڕێی گەڕانەوە لە دووپشکە تازەکە بگرێ، گوتی:

– پەلەت نەبێ حەیاتم، شەڕێکی ترت لە پێشە.

بەسەری دارەکەی دووپشکەکەی بەرز کردەوە و خستییە بان ئەوانی دی. وا دیار بوو ئەوانی تر شەکەت و ماندوو بووبوون، هێزیان لەبەر بڕا بوو، کەچی ئینجاش لە شەڕ نەدەکەوتن. کاتێ ڕۆستەم تێبینیی ئەوەی کرد دووپشکەکەی قادر دێ و دەچێ، لە شوێنەکەی دانیشت و گوتی:

– ئەم شەڕە بەرامبەر نییە. کولاژدمەکانی ئێمە شەکەتن و دەمێکە خەریکی شەڕن، کەچی تۆش بەسەربازێکی تازەوە دێیتە مەیدان!.

عەباس لە جێگەکەی خۆی بڵند بووەوە و جلەکانی چاک دەکردن، گوتی:

– قادر تۆ ئەم ماتە دۆڕای. دەتوانی سەربازەکەت بۆ ماتەکەی تر هەڵگریت.

قادر دووپشکەکەی لە مەیدان کشاندەوە و خستییە جاخێکی چکۆڵەوە و ئەوجا هەڵیدایێ:

– باشە. ئەوا من سەربازەکەی خۆم کشاندەوە، با بزانین ماتی داهاتوو کێ دەیباتەوە.

هەردووکیان لە گەمەکەیان بەردەوام بوون، دووپشکەکان تا بڵێی ماندووبوون، جووڵەیان لەبەر برا بوو، بۆیە بەیەکجارەکی وەستان و یارییەکە بە بەرامبەربوون کۆتایی هات. قادر تا ئەو کاتە لە شوێن خۆی وەستابوو، چاودێریی مێگەلەکەی دەکرد و لەسەرخۆ پارووە نانێکی دەجاوی، بەگاڵتەپێکردنەوە گوتی:

– کولاژدمەکانتان لە چاڵ نێن و منەی هی تر بکەن.

ڕۆستەم و عەباس دوای ئەوەی دووپشکەکانیان لە چاڵ نا، بەرزەپێ هەستان و بەپێیان کوتایانەوە. ڕۆستەم لە کاتێکدا هێشتا دەیپەستییەوە، گوتی:

– با ڕانەکە بەرەو شوێنێکی تر بجووڵێنین.

قادر پارووەکەی دەجوی و چون چاوی لە شتێک بێت، لە دووری دەڕوانی:

– ڕۆستەم، لەگەڵما سەیر کە. وابزانم ئەو سیانە نەناسن.

ڕۆستەم و عەباس بەلاپرەسەنییەوە لە هەمان شوێنیان دەنۆڕی. سێ خاڵی ڕەش لە ئاسۆ دەجووڵانەوە، ڕێی گوندی «بانشاخ»، کە کەوتبووە سەر بڵندترین بەرزایی دەم چەمی ئاوەسپییان، گرتبووە بەر. ڕۆستەم دوای ئەوەی بەدەستی ڕاستی سێبەری بۆ چاوەکانی کرد، گوتی: سێ سواری نەناسراون.

عەباسیش هەڵیدایێ: دووانیان جلکی جەندرمەیان پۆشیوە.

قادر لە جاوین وەستا، لە کاتێکدا ترس بەڕوویەوە دیار بوو، گوتی:

– خێراکەن با بڕۆین تا بەباپیرە زۆراب بڵێین.

ڕۆستەم ڕووخسارە لاکێشەیییەکەی زەرد هەڵگەڕا و گوتی:

– ئێوە لێرە بمێنن. من هەواڵ بەباپیرە زۆراب دەدەم.

سواری پشتی ئەسپە سپی بوو، وەکو با بەرەو گوندی بانشاخ تێی تەقاند. کوێخا زۆراب خۆی دابووە سەر سەرینێکی لە پەڕ دروستکراودا و، وێڕای ڕەمەزان و



میرزای هاوەڵی قسە و حەکایەتیان گەرم و قاوەی چێشتەنگاویان دەخواردەوە. بەقامکە باریکەکانی دەنکی تەزبێحە درێژەکەی دەژماردن و لە ژێر لێوەوە ناوی خوای دێنا. هەنگینێ ڕۆستەمی دیت لەسەر پشتی ئەسپەکەیەوە خۆی هەڵدا، ئەویش گورج ڕاستەپێ بەشێوەیەک وەستا، کە لەگەڵ تەمەنە هەشتا ساڵییەکەیدا نەدەگونجا. تەزبێح و دارجگەرەکەی تووڕدایە لاوە و بەدەنگێک خاڵی نەبوو لە ترس، گوتی:

– پەنا بۆ تۆ خودایە، یاستار.

ڕۆستەم بەشلەژاوییەوە گوتی:

– بابا. سێ سواری نەناس بەرەو گوند دێن. دووانیان جلوبەرگی جەندرمەیان پۆشیوە.

ڕەمەزان ترس و تۆقین ڕووخساری داگیر کرد، گوتی:

– یاخوا قەت بەخێر نەیەن.

میرزاش کە شلەژاویی پێوە دیار بوو، لە شوێنەکەی هەڵستا و گوتی:

– هەرگیز لە دەستیان قوتار نابین، ئەگەر بچینە ئەوپەڕی دونیاش.

زۆراب دەستی ڕۆستەمی گرت و بلەز لەگەڵیا بەرەو پێبلقە لە گڵ دروستکراوە دارماوەکە ملی نا. ڕەمەزان و میرزاش بەدوایانەوە بوون. دەمێ گەیشتنە سەربانەکە ڕۆستەم بەدەستی ئاماژەی بۆ سێ سوارەکە کرد، کە لە دوورەوە سێ خاڵی ڕەشیان دەنواند. زۆراب گوتی:

– ئا ئەوەتان، بینییانم.

ڕەمەزان بۆی تەواو کرد:

– خۆیانن، یوزباشی و قۆڵچی و چاوش.

زۆراب لە کاتێکدا بەنەرمی لە پێبلقەکان دەهاتە خوارێ، گوتی:

– بوونی یوزباشی لەگەڵیاندا نیشانەی شوومە، گومانی تێدا نییە زەلامیان لێمان دەوێ.

کاتێ گەیشتنە ئاستی دیوەخان، بەواقورماوییەوە لە یەکیان دەڕوانی، بێدەنگی

دایگرتبوون. زۆراب دەستی بەسەری ڕۆستەما هێنا و بەهێمنییەوە پێی گوت:

– کوڕم، بەسەر هەموو گوندەکاندا بسووڕێوە، پەلە مەکە. زۆریان ماوە بگەن. تەنیا ژن و منداڵ بمێنن، هەرچی زەلامەکانن، ئەوانەی لە ژوور چواردە ساڵییەوەن با گوندەکانیان بەجێ بهێڵن. تا تاریکی دادێت کەس نەگەڕێتەوە دێ، تێگەیشتی؟

ڕۆستەم خۆی هەڵدایە سەر پشتی ئەسپەکەی و وەکو تیر دەرپەڕی...

زۆراب فنجانێ قاوەی تری هەڵقوڕاند، خۆی بەژوورێکدا کرد و دیار نەما. دوای ئەوە داوای لە ژنەکەی کرد جلوبەرگی بۆنەکانی بۆ ئامادە بکات، کە پێکهاتبوو لە کەوا و سەڵتە، قۆڵی درێژ و پان لە قوماشی لووسی خەتدار دوورا بوو، پشتێنەکەشی لە قوماشی ڕەنگاوڕەنگ دروست کرابوو. بەپریاسکەیەکی بچووکەوە لە ئۆدەکەی بەدەرکەوت. بێ ئەوەی پریاسکەکە بخاتە لاوە، بلەز جلەکانی لەبەر کردن و مشکێکەی لەسەری بەست و خەنجەرە دەبانەکەی بەپشتێنەکەیدا کرد. خۆی بۆ پێشوازی میوانە نابەدڵەکانی ئامادە کرد. ژنەکەی ڕایەخێکی هێنا و بەتەنیشت لبادەکەوە لەبەر سێبەرەکەی بەرامبەر ماڵ ڕایخست. کاتێ شێخۆی کوڕە گەورەی کوێخا زۆراب هەواڵەکەی ژنەفت، بەپەلە قاترەکانی بەستنەوە و خێرا بەرەو دیوەخان کەوتە ڕێ، ژنەکەی گاز کرد، کە لەو کاتەدا سەرقاڵی مەشکەژەنین بوو، تا لە پاککردنەوە و گواستنەوەی ڕایەخ بۆ ناو دیوەخانەکە یارمەتی سنجانی باوەژنی بدات.

زۆراب دەستەکانی خستبوونە پشتییەوە و بەشڵەژاوییەوە لەبەر دەرکە دەهات و دەچوو. هەرچی ڕەمەزان و میرزاش بوون لە شوێنی خۆیان وێستا بوون، چرکەیان لە خۆیان بڕی بوو. میرزا ویستی کارێک بکات شڵەژاوییەکەیان بشارێتەوە، گوتی:

– چی ئەڵێن؟ دەوارەکە هەڵدەم؟

ڕەمەزان بەبێزارییەکەوە باگۆی داوە:

– چادر بۆ خۆشی و لێقەومان هەڵدەدرێ، نەک بۆ ئەم هەرچی و پەرچییانە. ئەودەمی سنجان دوو بالیفی هێنان، بەسەرسوڕماوییەوە لە مێردەکەی ڕوانی، چونکە هیچ کات ئاوا بەو شڵەژاوییەوەی نەدیتبوو، گوتی:

– زۆراب، چیتە بۆ شپرزە بوویتە و ئۆقرە ناگری؟ دەڵێی کێچ کەوتووەتە کەوڵتەوە.



زۆراب قەیرێ لە ڕووخساری ژنەکەی ڕاما، کە تا ئێستا شوێنەواری جوانییەکەی پێوە ماوە، گوتی:

– ئەم سیانەی دەبنە میوانمان زۆر لە کێچ خراپترن.

بەدەنگێکی گەرمی پڕ لە شۆخی و گوێ پێ نەدانەوە گوتی:

– ئەوە لە کەیەوە گرفت و تەگەرە لە دەستت گیری خواردووە کوێخا؟ شێخۆ بەرخێکی دایە عەرزا، بەر لە نیوەڕۆ خواردن ئامادە دەبێت، ئیتر ترسی چیتە؟ چۆن هاتن ئاواش دەگەڕێنەوە.

زۆراب بەزمانێک کە شێوە بێ ئومێدییەکی لە خۆ گرتبوو، گوتی:

– یوزباشی سنجان، یوزباشی... نازانین لە چ توخمێکە.

سنجان لەو دەمەی بەجێی هێشتن، ڕووی لە هەرسێکیان کرد:

– ترسم لە ئەنگۆ نییە، ئێوە زۆر لە یوزباشی بەهێزترن. چۆن دەبێ پیاو لەو تەمەنەی ئێوەدا بترسێت؟

هەرسێکیان بەخەنینەوە و لە ڕوودامانەوە لە یەکیان ڕوانی. زۆراب هەستی بەجۆرە بەخۆنازین و دڵنیاییەک کرد، چونکە هەر کات ژنەکەی گەشبین بوایا، ئەوا سەرەنجامی ئەو کارە بەخێر دەگەڕا. جێگە لە حەوشە ڕاخرا، شێخۆ لەگەڵ ژنەکەی و باوەژنەکەی ڕاخەریان داخست و ئەو ناوەیان ئاوڕشێن کرد و قاوەیان جۆش دا. کاتێ هەرسێ سوارەکە نزیک بوونەوە شەکەتییان پێوە دیار بوو. زۆراب و ڕەمەزان و میرزا و شێخۆ بۆ پێشوازییان چوون. هەرکە لە ئەسپەکانیان دابەزین، چەند زەلامێک ئەسپەکانیان لە دەست وەرگرتن، زینەکانیان لێ داماڵین و بردیانن بۆ گەوڕەکە. شەکەتی و ماندوویەتی بەئەسپەکانیشەوە دیاربوون. ئارەقەی هەندێک شوێنیان کەفی دەکرد. بەپەلە ئاو و ئالیکیان لەبەر خستن. کاتێ شێخۆ کاسە دۆی دەدانێ، زۆراب گوتی:

– دۆ لە ئاو چاتر تینوویەتی دەشکێنێ. وەلێ زۆر خواردنەوەی باش نییە.

کە لە دۆ خواردنەوە بوونەوە، جارێکی دی لە لایەن زۆرابەوە بەخێرهاتنیان لێ کرایەوە. هەموو توانایەکی خستە گەڕ تا بەتورکییەکی باش بدوێت، لێ هەر شێوە کوردی قسەکردنەکەی پێوە دیار بوو. دەمێ لە سوپای عوسمانی خزمەتی دەکرد

زۆربەی ئەو جەندرمانەی لەگەڵیدا بوون کورد بوون، ئەگینا لەگەڵ فەرماندەکەی نەبوایا، بەتورکی قسانی نەدەکرد. زۆربەی ئەو وشانەی فێریشی بووبوو، جوێنی پیس و قسەی لابەلا بوون، لە سۆنگەی هەڵاتنییەوە هێند لە ناو سوپادا نەمایەوە. ئەو هێندە تورکییەش کە دەیزانی، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەودا و مامەڵەیەی لە کاتی لاویدا لەگەڵ قاچاخچییە تورکەکاندا هەیبوو. ئەو کات ئەسپ و تفەنگیان لە سەربازگەکانی سوپای عوسمانی دەدزی و بەهۆزە عەرەبەکانی دەوروبەر شاخی حەمرین، یاخود بەفارس و کوردانی کرماشان و قەسری شیرینیان دەفرۆشت و لە بەرابەردا جگە لە قوماش و مافوور، خورما و خوێ و قاوە و خواردەمەنیی تریان دەهێنان.

لە ناوچە یێلێک دەیانفرۆشتن، هەتا دیاربەکر درێژ دەبوونەوە. بەپێچەوانەی بۆچوونەکانی کوێخا زۆراب، یوزباشی تا بڵێی ڕووخۆش و لەسەرخۆ بوو. لەو کەسانە بوو دەکرا لێک حاڵی بن. ڕووناسیی زۆراب هەمیشە لە جێی خۆیدا بوو، بۆیە هەر زوو درکی بەوە کرد، ئەم پیاوە لە مامەڵەکردندا پێویستی بەشێوازی تایبەتە. چونکە ئەم جیاوازیی زۆری لەگەڵ هاوتاکانی دیکەیدا هەیە. ئەوانەی دەنەڕێنن و هەڵدەچن و بەتەقەکردن لە خەڵک و لە سەگەل، ترس و تۆقێن لە گوندەکاندا بڵاو دەکەنەوە و چی بەردەستیان بکەوێ دەستی بەسەردا دەگرن و بەهۆ و بەبێ هۆ بەردەبنە گیانی جووتیاران. وا دیار بوو زۆراب ئەم کابرایەی دەناسی، هەرچەندە لە ڕووخساری ورد دەبووەوە و گوێی لە قسەکانی دەگرت، ئەو قەناعەتەی زیاتر لە لا دەچەسپی، کە ئەم پیاوە دەناسێت، بۆیە بیرگەی خستە گەڕ. یوزباشی پشتێنی لێ کردەوە و لاقپێچەکانی ترازاندن، پێڵاوەکانی داکەندن و پشتی دایە دوو سەرینە پەڕەکەی لەسەر یەک دانرابوون، تا شوێنەواری ماندوویەتی ئەو ڕێگە دوورە لە جەستەی داماڵێت. بەدەم قاوە فڕکردنەوەوە گوتی:

– کوێخا زۆراب وامانەزانی ئەمڕۆ ناتوانین بگەینە لاتان و لەم ڕێگە سەختە لە تینوواندا دەخنکێین.

کوێخا زۆراب بەو ڕووخۆشییەی پێی ناسرا بوو، گوتی:

– خوا نەکا پیاوی وەک ئێوە بمرن، پاشان نابێ شتی وا لە دۆڵی کفران[١]

(١) شایانی باسە تا ئێستاش خەڵکەکەی بە«کفرە دۆڵ»ی ناو دەبەن. (وەرگێڕ)



ڕووبدات، خوا و پێغەمبەرانی، بەدرێژاییی مێژوو دۆڵە کفرانیان لە هەموو خراپییەک پاراستووە.

کوڕی خۆم لە دێرزەمانەوە میللەتێکی کافر لەم دۆڵەوە تێپەڕین، وێرانیان کرد، لێ یەزدانی مەزن تۆڵەی لێ سەندنەوە و لە ڕەگ و ڕیشەی دەرهێنان. لەم دۆڵەدا لە خێر و بەرەکەت زیاتر هیچ نابینیت، دەیشیبینی. دەنگی زۆراب بەگوڕ و پتەو بوو، بڕوا و متمانەی دەخستە دڵی گوێگرەوە.

کاتێک لە قسەکانیدا چەند ناوێکی پیرۆزی برد، یوزباشی چون ڕێزێک ڕاستبووەوە و ڕۆنیشت. هەستی کرد کاتی ئەوە هاتووە دەست بەو بابەتە فەرمییانە بکات، کە بۆی هاتوون، تاکو پاشان بتوانێ قسە و باسیان لەسەر بکا و ڕاپۆرتی پێویست لە بارەی ڕەوشی کۆمەڵایەتی و گوزەرانی دەڤەرەکەوە بنووسێت.

یوزباشی لە کاتێکدا چاوی لە زەوییەکە بڕی بوو، چون بیهەوێ ئەوی لە مێشکیدایە کۆی بکاتەوە، بەپەنجەی ڕاستی دۆشاومژەی کوپە قاوە خاڵییەکەی دەلەراندەوە، گوتی:

– کوێخا زۆراب، هاتنی ئەمڕۆمان جودایە لە سەردانەکانی قۆڵچی و جەندرمەکانی دی، ئەوانەی وا ناوبانگی دەوڵەتی پایە بڵندی عوسمانییان زڕاندووە. ئێستا دنیا گۆڕاوە و دەبێ وڵاتە مەزنەکەمان شوێنی شیاوی خۆی بگرێت. ئاڵای وڵاتەکەمان دەبێ بگاتە هەموو کون و قوژبنێک، فەرموو تەماشا کەن، ئێوە لەم دۆڵە دوورە دەژین بێ ئەوەی کەسێک شتێک لە بارەتانەوە بزانێت، ئێوەش هیچ لە بارەی جیهانەوە نازانن... وڵاتێک هەیە ناوی ئەوروپایە، ئامێری وای تێدایە بەهەڵم ئیش دەکات و گالیسکە لەسەر ئاسنەڕێ دەڕوات، چەندین جۆرە تەلیسکۆبیان هەن، تەماشای مانگ و ئەستێرانی پێ دەکەن و نهێنییەکانیان دەزانن...

زۆراب دیقەتی ڕووخساری ئەوانی دی دا و بەناڕەزاییەکەوە گوتی:

– استغفرالله رب العالمین، ئەوان دەست لە کاری خوداش وەردەدەن...

پاشان بەداوی بیرکردنەوەدا شۆڕ بووەوە، چونکە بەسەلیقەی خۆی دەیزانی قسەی لەم بابەتە شتی دی لە دوایە، بەهەرحاڵ ئەم تشتە نوێیە دۆڵی کفرانیش دەگرێتەوە لە باجدان بەدەوڵەت، چ بەڕۆح یا بەماڵ. ناردنی یوزباشییە فەندیش، کە

ئێستا بەزمانێکی نەرمونیان لەگەڵیاندا دەدوێت، چ نییە جگە لەو ترس و بیمەی هەمبەر جووڵەی میرە کوردەکان هەیانە، یاخود ناردنی ڕۆڵەکانی دۆڵی کفران جارێکی تر وەکو سووتەمەنی شەڕ، بۆ شوێنێک. دەستی ڕاستی کردە گیرفانی سەڵتە پانوپۆڕەکەیەوە و دەستی لە پریاسکەکە دا، لەسەرخۆ دەستی کێشایەوە و سینگە تووکنە بەمووسپی داپۆشراوەکەی خوراند و لە دەموچاوی یوزباشی ورد بووەوە. یوزباشی بەردەوام بوو لەو قسانەی کە زۆراب هیچیان لێ تێنەدەگەیشت. کاتێک یوزباشی کاغەزەکانی لە چەمەدانەکەی دەرهێنا و لەسەر زەوییەکە بڵاوی کردنەوە، زۆراب لە بیرکردنەوە وەستا و ترس دایگرت، چونکە دەرهێنانی هەر پارچە کاغەزێک دەستبەسەراگرتنی پیاوان و ماڵ و موڵکی هۆزەکەیان دەگەیەنێت. بەمەبەستی پەڕاوێزخستنی بابەتەکە، بێ ویستی خۆی گوتی:

– جەنابی یوزباشی، وابزانم نان ئامادەیە، با ئەم سەرێشەیە بۆ دوای نانخواردن هەڵگرین.

یوزباشی بێ ئەوەی سەر لەسەر کاغەزەکان هەڵبڕێت، گوتی:

– وا باشترە بەر لە نانخواردن لەم سەرێشەیە ببینەوە. دەمەوێ تۆش بەتەبیعەتی کراوەوە بخۆیت، چونکە هەواڵی دڵخۆشکەرم لایە.

نیشانەی سەرسوورمان بەڕووی هەموویانەوە دەبینرا، زۆراب ئاوڕێکی لە کوڕەکەی دایەوە، کوڕەکەی تێگەیی دەبێ ئەم بابەتە بەهێنانی خواردن ببڕدرێ، چونکە تێبینییەکەی یوزباشی لە تەوس بترازێ هیچی تر نییە، ئەگینا دەبێ چ هەواڵێکی دڵخۆشکەر لە بابلعالییەوە بێ؟. شێخۆی تەمەن پەنجا ساڵ، گەشاوەیی ڕووخساری داگرتبوو، دوو چاوی تیژی لە چەشنی چاوی باز، ڕەنگ هەنگوینی تێکەڵ بەشینی کاڵ، بەڕووخسارییەوە دەدرەوشاوە. براکانی جار جارە بەچاوشینیان گاز دەکرد.

یوزباشی لە بیری ئەو مزگێنییەدا بوو، کە لەم مۆژدە خۆشەی دڵی هەموو هۆزە کوردەکانی خۆش کرد، بۆی بێت. ئەوە بوو لە هۆزەکانی دییەوە پاداشت و دیاریی بەنرخی بەسەردا بارین و دڵسۆزیی خۆیان بۆ دەوڵەت نیشان دا. بەدەم بیرکردنەوەوە گوتی:





– کوێخا زۆراب فەرمانێک لە بابلعالییەوە دەرچووە، بەپێی ئەو فەرمانە دەبێ زەویی هۆزە کوردەکانی گەرمیان دەستنیشان بکرێن و سنووریان دیار بکرێ و بەسەر سەرۆک هۆزدا تاپۆ بکرێت. لای زۆربەی هۆزەکان ئەم فەرمانە پیادە کراوە و خۆشحاڵی و پشتگیریی تەواوی خۆیان بۆ دەوڵەت دەربڕیوە.

باوک و کوڕ سەرنجە پڕ لە گومانەکانیان ئاڵوگۆڕ کرد، تژی بوون لە پرسیار و شتێکیش لە دڵخۆشی و ترسیان تێدا بەدی دەکران. کوێخا زۆراب بەویقارەوە وتی:

– هەڵبەت ئەمە شتێکی دڵخۆشکەرە. وای لێ هات بابلعالی بیر لە دۆڵی کفران و خەڵکەکەی بکاتەوە. هەرچی سنووری دۆڵی کفرانە لە ئەزەلەوە دیارە. ئێمە دەزانین کام بستە زەوی بۆ ئێمە و کامیشیان بۆ دراوسێکانمان دەگەڕێتەوە، نە ئێمە سنووریان دەبڕین، نە ئەوانیش. خۆ ئەگەر بەهەڵە مەڕوماڵاتیان لە پاوەنی ئێمەدا بلەوەڕێن، ئەوا بەڕێککەوتن گرفتەکە لە نێوان خۆماندا کۆتایی پێ دێنین. تا ئێستاش شتی وا لە نێوانماندا ڕووی نەداوە. هەرچی پرسی خاوەنداریەتی زەوییە بۆ سەرۆک هۆز، لە ڕاستیدا من لەمە تێناگەم. چونکە دۆڵی کفران موڵکی هەموو هۆزەکەمانە، هۆزی ئێمەش سەرۆکی نییە و ناشیەوێ سەرۆکی هەبێت. بەتەمەنترین پیاو لە نێوانماندا بۆ یەکلاکردنەوەی شتەکان پرسی پێ دەکرێ. لە ئەزەلەوە یاسای دۆڵی کفران ئەمە بووە، خواش ئەمەی پێ خۆشە، ئیتر بۆ دەست لە کاری خودا وەربدەین؟

یوزباشی بەو ساویلکەیییەی کوێخا زۆراب بزەیەکی هاتێ، پێی گوت:

– ئاپۆ گیان، ئەم کارە لە بەرژەوەندی تۆ و هۆزەکەتدایە. بڕوا دەکەی، کفران ئەم دەڤەرە دوورە دەستە جوان و دڵڕفێنەی، ئەو ڕووبارە شەنگە دوو لەتی دەکات، ئاوی دۆڵی کفران لە نەخشەدا نەهاتووە، کەواتە ئەم دۆڵە بوونی نییە، جا وایە؟

– بێگومان وا نییە. بۆیە ئەگەر دۆڵی کفران لە کاغەزدا تۆمار کرابێت یان نا، لە ئەزەلەوە هەر هەبووە.

کوێخا زۆراب بێ بیرکردنەوە ئەم وڵامەی داوە. یوزباشی خەنییەوە و گوتی:

– کوێخا زۆراب تۆ نازانی ئەوی ڕەتی دەکەیتەوە بەهای چەندە؟ تۆ وەک ئەو کەسە وای بارە ئاڵتوونی لە پێش دادەنێن، ڕەتی دەکاتەوە. ئەگەر دۆڵی کفران بەناوتەوە تۆمار بکرێت، ئەوا هەتا هەتا بۆ نەوە و هۆزەکەت دەمێنێتەوە. ئیتر بۆ خۆشیت بەو

بەخششەی بابلعالیدا نایەتەوە؟

کوێخا زۆراب بەزمانێکی توندوتیژ ئامێزانەوە گوتی:

– دەتەوێ بەپارچە کاغەزێک کە بابلعالی دەمداتێ دڵخۆش بم؟ دۆڵی کفران دیارییەکە لە خواوە نەک لە کەسێکی ترەوە.

چاوی بەناو دانیشتووەکاندا گێڕا و پرسی:

– توخوا خەڵکینە بۆ خوا بڵێن، بابلعالی دەیەوێ زەویی هۆزەکەمم پێ ببەخشێت، شتی وا دەچێتە عەقڵتانەوە؟ جەنابی یوزباشی، بێنە بەرچاوی خۆت، ئەسپەکەت لە گەورەکە بەستراوەتەوە، من لە شوێن خۆم هەڵدەستم، جڵەوی دەگرم و دەیهێنم بۆ ئێرە و پێت دەڵێم، فەرموو جەنابی یوزباشی دەمەوێ ئەم ئەسپەت بەخەڵات بدەمێ، توخوا خەڵکینە گاڵتەم پێ ناکەن؟

گش دەمیان پەل کردەوە، لێ یوزباشی بەدەنگی بەرز لە قاقای پێکەنینی دا. کوێخا زۆراب ئەمەی پێ خۆش بوو، گەشبینییەکەی زیاتر بوو. لە وردبوونەوەی زۆری بۆ سیمای یوزباشی زانی ئەم کابرایە کێیە. ئیدی دڵنیا بوو. ئەمەی بۆ کاتی نانخواردن جێ هێشت. چونکە کاتی نانخواردن پیاو میزاجی باشتر دەبێت.

پاش قەیرێ شێلگیری بەڕووی یوزباشییەوە دیار بوو، گوتی:

– کوێخا زۆراب ئێمە دەبێ لە چارەکردنی ئەم کارە ببینەوە، فەرمان فەرمانە، کەسمان ناتوانین سەرپێچی لە فەرمانی سوڵتان بکەین. بۆیە دەمەوێ گوێم لە دوا قسەت بێ، دەتەوێ فەرمانەکە بەناوی خۆتەوە، یاخود بەناوی یەکێ لە کوڕەکانتەوە تۆمار بکەین؟ وردەکارییەکانی دی دەتوانین لە دوای خواردن باسیان لێ بکەین.

ئاوڕی لە ڕەمەزان و میرزا دایەوە و گوتی:

– ئێوە خۆتان بڕیار بدەن، بڕیار لای ئێوەیە، ئەوەشتان بیر نەچێ ئێمە هەموومان مسکێنی ئەم دەوڵەتەین و بابلعالیش لە سەرووی هەموومانەوەیە، خواش لە سەرووی هەمووانەوەیە.

ڕەمەزان وتی: ئەگەرێکو هۆزەکانی دی هەموویان بەم فەرمانە قایل بووبن، دۆڵی کفران بۆ لەوان جیا بێت. بۆیە من وای دەبینم بەناو خۆتەوە یانیش بەنێوی شێخۆوە تۆمار بکرێت.



ڕەمەزانیش گوتی: من لاریم نییە. یەکلاییکرنەوەشی لای خۆتە.

زۆراب بێ ئەوەی سڵ لە بڕیارەکەی بکاتەوە، گوتی:

– با بەناو شێخۆوە تۆمار بکرێت.

یوزباشی کاتێ تێبینییەکانی لە دەفتەرێکی کۆنی گۆشەخوراودا تۆمار دەکرد، ئاهێکی پێدا هاتەوە، پاشان سەری هەڵبڕی و ڕووی لە شێخۆ کرد:

– شێخۆ تۆ ڕازیت؟

ئەم ورتەی نەکرد، بەڵکو چاوی لە بابی کرد و چاوەڕێی ئاماژەیەکی وی بوو.

– قسان بکە شێخۆ.

شێخۆ بەشەرمەوە دەستی بەسمێڵە مەیلەو ڕەشە کاڵەکەیدا هێنا و گوتی:

– ئەوی بابم گوتی بەرسڤی منە.

یوزباشی سەری لەقاند و لە تۆمارکردن بەردەوام بوو:

– وابزانم لە شتە سەرەکییەکە بووینەوە، هەروەها لە گرفتی سنووریش لە نێوان ئێوە و دراوسێکانتاندا، بووینەوە.

دوای ئەوەی لوولەیەکی لە چەمەدانەکەی دەرهێنا، لە شوێنەکەی هەستا و گوتی:

– دەواتم سەرکەوینە سەربان، یاخود بەرزترین شوێنی گوندەکە، تاکو سنووری دۆڵی کفران ببینم.

کاتێ گەیشتنە سەربان، کوێخا یەک یەک ناوی هۆزەکانی دەوروبەری دۆڵی کفرانی دەهێنا. لەو دەمی بەدەستی هێمای بەجەوەڵ قاجر کرد، یوزباشی دووربینەکەی هەڵبڕی و سەرنجی جەوەڵ قاجر و دەربەندی خۆرنەوەزانی دا، بەسەرسامییەوە گوتی:

– خودایە ئەم دیمەنە چەند جوانە!

بەدرێژایی ئەو کاتە زۆراب بیری لای ئەو لوولە سەمەرەیە بوو، بەواقوڕماوییەوە گوتی:

– ئەرێ ئەمە هەمان ئەو شتەیە، کە لەو وڵاتە دوورە سەیری مانگ و ئەستێرانی پێ دەکەن؟

یوزباشی بەشانازییەوە گوتی: بەڵێ، شتێکە وەک ئەمە.

دووربینەکەی دایە دەستی: ها کوێخا زۆراب، بەخۆت تەماشاکە.

دووربینەکەی لە دەست وەرگرت و لە ناو دەستی ئەمدیو و ئەودیوی پێ دەکرد، بەسەرسامییەوە سەیری کونەکانی کرد: سوبحانەڵڵا.

پاشان دووربینەکەی بەرز کردەوە و وەکو یوزباشی چاوی ڕاستی خستە سەر یەکێ لە کونەکانی، بەسەراسیمەبوونەوە گوتی:

– سوبحانەڵڵا. جەنابی یوزباشی جەوەڵ قاجر زۆر بچووک بووەوە!!.

یوزباشی بەپێکەنینەوە دووربینەکەی ئەمدیو ئەودیو کرد:

– کوێخا زۆراب ئەم کونەیانە، بگرە ئێستا سەیر بکە...

– سوبحانەڵڵا. سوبحانەڵڵا. دەڵێی بەقەد پاڵی جەوەڵ قاجرەوەم. نەمرین شتی سەیر و عەنتیکە دەبینین.

سەرلەنوێ هەر کەسە و چووەوە شوێنی خۆی، زۆراب گوتی:

– وابزانم هەوکە هەمووتان برسین و خواردنیش ئامادەیە.

یوزباشی لە کاتی هەڵدانەوەی کاغەزەکاندا گوتی:

– ئەوەندە ماوە هەندێک ڕێنوێنیی پێویستی ترتان لە بارەی باج و سەربازگیرییەوە پێ ڕابگەیەنم. تاکو سنوورێک بۆ هەڵسوکەوت و ڕەفتاری قۆڵچی و پیاوانی جەندرمە دابنێین. هەر هۆزێک لەسەریەتی یەک لە دە بداتە دەوڵەت، ئیدی لە بەروبوومی زستانە بێت یا هاوینە، یاخود لەو ئاژەڵانەی کە هەیەتی. دەوڵەتیش ئەمساڵ لە دۆڵی کفراندا بەلای کەمەوە پێویستی بەحەوت زەلامە. چونکە تا ئێستا ئێوە هیچ کەسێکتان بەسەربازی بۆ سوپای عوسمانی نەناردووە. بۆ ڕێکەوتن لەسەر وردەکارییەکانی ئەم مەسەلەیە دەبێ شێخۆ بەخۆی بۆ ناوەندی سەنجەق بێت، ئیتر لەوێ فەرمانەکان بەسەرۆک هۆزەکان دەدرێن و هەماهەنگیی کاریان لەگەڵدا دەکرێت. لە کاتی هاتنیشیدا حەوت زەلام لەگەڵ خۆیدا دێنێ، تاکو پشکنینیان بۆ بکرێ و ناویان تۆمار بکرێت، بەمەبەستی گواستنەوەیان لە کاتی تردا بۆ یەکە سنوورییەکان.



زۆراب ئاوڕێکی لە کوڕەکەی دایەوە، بەئاماژەیەک تێی گەیاند خواردن بێنێت. پاشان سەیری یوزباشیی کرد و لە بیرڕا چوو، تا پلانێکی نوێ بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو پێشهاتە نوێیە دابنێت:

– جەنابی یوزباشی ئێمە هەموومان مسکێنی دەوڵەتین. ئێمە حکوومەت چی لێمان بوێ بۆ جێبەجێکردنی ئامادەین. ئێستاش کاتی نانخواردنە، چونکە زۆر خوێندنەوە و نووسین وڕووگێژی کردن.

هالاوی قاپی پڕ لە برنج و گۆشت بۆنێکی بەتامیان لێ هەڵدەستا، زۆراب بەدەستی خۆی قاپە سەروپێکەی لە بەردەم یوزباشی دانا. جگە لە کوڕەکەی کە بەپێوە وەستابوو، هەمووان دەستیان بەخواردن کرد. کوێخا وردە وردە نانی دەخوارد و لە سیمای یوزباشی وردە دەبووەوە، گوتی:

– من خۆشحاڵم بەهاتنتان، سوپاس بۆ خوا توانیمان شتەکان بەهێمنی چارەسەر بکەین. جەنابی یوزباشی پرسیارێکی تایبەتم هەیە، دەتوانی بەدروستی وڵامم بدەیتەوە؟

یوزباشی لە کاتێکدا خۆی بەگرتکە گۆشتێکی گەورەوە خەریک کردبوو، گوتی:

– بێگومان کوێخا زۆراب بەڕاستی پێت دەڵێم.

– تۆ کوڕی سەعید ناڵی نیت؟

پارووەکە لە زاری یوزباشی وشک بوو، لە جاوینی وەستا، دەستی بەپارچە گۆشتەکەوە بەئاسمانەوە ڕاگرتبوو، بەسەرسووڕمانەوە گوتی:

– کوێخا زۆراب تۆ ئەمەت لە کوێ زانی؟ باوکم لە کوێ دەناسیت؟

– کوڕم لە کاتی گەنجیدا باوکت خۆشەویستترین برادەرم بوو، وەلێ زەمان لێکی کردینەوە و هەریەکەمانی بەلایەکدا برد. باوکت کابرایەکی چاونەترس و هاوەڵێکی باشی شەو بوو، لە هیچ دڵی نەدەترسا. ئەرێ دەنگوباسی چییە؟

یوزباشی چون خەم بۆ شتێ بخوات دەکرا خۆی لێ بپارێزێ، گوتی:

– پێش چەند ساڵێک بەغەدر کوژرا. ئەو تا دوا هەناسەی لە ماین و تفەنگەکەی جیا نەبووەوە.

کوێخا زۆراب بەخەمبارییەوە گوتی:

– خوا لە گوناحی خۆش بێت. پیاوێکی ئازا بوو، بەڕاستی قارەمان بوو. لەم سەردەمەدا پیاوی وا کوا هەیە؟ وەکو تیر هەڵی دەکوتایە سەر سەربازگەکان و تا چەند تفەنگێکی نەهاوردایا ناگەڕایەوە.

کاتێ لە خواردن بوونەوە، شێخو بەمەسینەیەکی مسی نەخشێنراو ئاوی بەدەستیاندا کرد، پاشان یوزباشی هەڵسا تا دەست بەئاو بگەیەنێت، دوای ناسینی بەتەواوی گۆڕا، لێ جۆرێک لە وڕی و هێمنی دایگرت. کوێخا لەگەڵیا هەستا تا بیگەیەنێتە تەویلەکە، کە بۆ ئەو مەبەستە تەرخان کرابوو. مەسینەیەکی گۆزەی دایە دەست و پێی گوت:

– تا لەسەر ئاو دێیتەوە لێرە دەبم، پاشان دەچین بۆ حەرەمسەرا، تاکو بەپوور و خوشکەکانت بناسێنم، تۆ ئێستا لە ماڵی مامی خۆتی.

یوزباشی بەزمانێکی لێوانلێو لە ڕاستگۆیی، گوتی:

– مامە هەر لە سەرەتاوە دڵم بۆت لێی دەدا . هەوکە بەبینینت وا هەست دەکەم باوکم سەرلەنوێ ژیاوەتەوە.

زۆراب هەستی کرد نوکە وەختێتی، دەستی بۆ گیرفانی برد، پریاسکەکەی دەرهێنا و گوتی:

– کوڕی خۆم، تۆ ئەمڕۆ بەم هاتنەت دڵخۆشت کردم، پاشان مافت بەسەرمەوە هەیە، تۆ برازامی، ئەمەش دیارییەکی بچووکە لە مامتەوە، داوا دەکەم قبووڵی بکەیت و دەست بەڕوومەوە نەنێیت. وەلێ تکام وایە بەبابلعالی بڵێیت، هۆزی کفران زەلامی لێ دەرچێ، ئامادەیە هەموو شتێ ببەخشێت. جا داوا دەکەم ئەم پیاوەتییە بۆ ئاپۆت بکەیت.

یوزباشی دەستی مامە زۆرابی ڕامووسی و لەو دەمەی قامکەکانی بەلیرە زێڕەکانی توێی پریاسکەکەدا دێنا، گوتی:

– من هەر شتێک لە مامەوە بێت ڕەتی ناکەمەوە، لە بارەی زەلامەکانیشەوە دەتوانی لە پێش هەردوو یاوەرەکەم بەهانە بێنیتەوە و منیش لای خۆمەوە پشتگیریت



دەکەم و دەیگەیەنم بەحکوومەت..

زۆراب سەری ماچ کرد و گوتی: چاوت ڕوون کردمەوە کوڕەکەم. بەڕاستی کوڕی بابی خۆتی. ئێستاش بڕۆ بەئاسوودەیی دەست بەئاو بگەیەنە.

ئیدی یوزباشی لە کوختە تاریکەکەدا ون بوو.

یوزباشی دوای ئەوەی قاوەکەی هەڵقوڕاند، گوتی:

– فەرمانەکان دوای چەند حەفتەیەک لە مەڵبەندی سەنجەق بەسەر سەرۆک هۆزەکاندا دابەش دەکرێن. دەبێ شێخۆ بەخۆی بێتە ئەوێ و لەسەر کاغەزەکان پەنجەمۆر بکات. ئیدی لەوێندەر لەسەر وردەکارییەکانی دی ڕێک دەکەوین، وەکو ژمارەی ئەو زەلامانەی هۆزەکە دەیاننێرێت، تا لە سوپا ناونووس بکرێن.

ئاوڕی لە کوێخا دایەوە، تا وڵامی حازر بەدەستی لێ ببیستێ. ئەمیش دوای ئەوەی ڕیشە چەرمووەکەی خوراند، گوتی:

– من پێشتر گوتم، کە ئێمە مسکێنی دەوڵەتین و ئامادەین سەرمان لە پێناویدا ببەخشین. مەردوم دەتوانێ ئەوە ببەخشێ کە هەیەتی، ئەوی دەیبەخشی دەبێ ناتەواو نەبێ، تاکو نەبێتە بار، چ سوودێکی هەیە تفەنگێکی لە کار کەوتوو ببەخشیتە برادەرەکەت. تۆ بەو دیارییەت دەیکوژیت. باشە من دەتوانم چی بەدەوڵەت ببەخشم؟... حەوت کوڕم هەن. ملیان دەدەمە دەستتەوە و هەر حەوتیان ببە. ئەگەر دەتەوێ هەر ئەمڕۆ بیانبە، داخۆ ئۆردووی عوسمانی شانازییان پێوە دەکات؟

ئەوەتا شێخۆ لە بەرامبەرتانە، لە هەموویان گەورەترە، ئەمڕۆ کردمان بەسەرۆک هۆز، کەواتە ئەم سەرۆکە و نابێ بیوەن.

دووەمیان کەچەڵە و سەری تووشی گەڕی هاتووە، مەوەنەی.

سێیەم شێتە، مەوەنەی.

چوارەم کوێرە، مەوەنەی.

پێنجەم کەرێکە بەدوو پا، مەوەنەی.

شەشەم شەلە، مەوەنەی.

حەوتەم گێلە، مەوەنەی.

زۆراب دەستی ڕاستی بڵند کردەوە و بەجووڵەیەکی ئەکتەرانە دیاردی بۆ لایەک کرد و گوتی:

– جەنابی یوزباشی، ئەمانەن کوڕەکانی من، ئەگەر مکووڕن لەسەر بردنیان، ئەوا دەبێ چەند ڕۆژێک چاوەڕوان بن، تا لە گوندەکانیانەوە دەیانهێنم، لەگەڵ خۆتدا بیانبە و با چاوی بابلعالی بەمانە ڕوون بێتەوە.

بێدەنگی دایگرتن، چونکە زمانی زۆراب غەم و کەسەری لێ دەباری. یوزباشی چاوی لە هاوەڵەکانی کرد، تا بزانێ کاریگەری قسەکان لەسەریان چەندە، دیار بوو قسەکانیان بەمێشکدا چووبوو، پاشان ئاوڕێکی لە کوێخا دایەوە و گوتی:

– چارەنووسی خەڵکی لە دەستی ئەواندا نییە کوێخا زۆراب. لە ناوچەوان نووسراوە، ئەوی خوا داینابێ دەسەلاتمان بەسەریدا نییە... وابزانم ئێستا شتەکان ڕوونن.

دوا تێبینیی نووسی، کاغەزەکانی کۆ کردنەوە و پەستانییە چەمەدانەکەیەوە. ڕۆژی گڕگرتووی ناوجەرگەی ئاسمانە شینەکە گەرمییەکی خۆشی دەبەخشییە دەوروبەری دۆڵی کفرانی داپۆشراو بەسەوزایی، جار جاریش ڕەنگی گەش و درەخشانی وەک سوور و زەرد بەدەر دەکەوتن. ڕەنگی سەوزی قەراغ ڕووبارەکە کاڵ دەبووەوە و دەگۆڕا بۆ شینی تەمومژاوی و هەندەی نابرد لە هەندێک پێچدا دەگۆڕا بۆ پەمەیی کاڵ و ئینجاش بۆ وەنەوشەیی، جەوەڵ قاجری کە سێبەرە شینە پەڕاوێز تەماوییەکەی لەبەر کردبوو، دادەپۆشی.

ئاوە درەوشاوە زیوینەکەش تیشکی ڕەنگاوڕەنگی دەنارد و لە ئاسمانی دۆڵەکەدا دەشکانەوە. ئینجا لەگەڵ تیشکی خۆرەکەدا تێک دەچرژان و دەچوونە قووڵایی خەلەندەکەوە. لە دوورەوە ڕانە مەڕەکان، کە نزیک بوون لە ڕەوە ئاسکەکانەوە بەئاسوودەییەوە دەلەوەڕان. یوزباشی لە دەرەوەی گوند لەسەر بەرزترین شوێنی کەندەلانەکە لەگەڵ کوێخا زۆرابدا وێستا بوو، دیقەتی دۆڵەکەیان دەدا، گوتی:

– ڕەحمەتیی باوکم دەربارەی دۆڵی کفران زۆری قسان بۆ کردووم، لێ من نەمدەزانی بەم جوانی و دڵگیرییەیە.

زۆراب بەئاگادارییەوە گوتی:



– کوڕی خۆم، ئەی دەربەندی خۆرنەوەزان ببینیت چ دەڵێی؟ ئەوێ جوانترین شوێنی سەر ڕووی زەوییە. هاوین سەردانێکمان بکە. چادرێکی گەورە لەوێ هەڵدەدەین و هەموو ڕۆژێک دەچین بۆ ڕاو...

بەدەم قسەوە ڕۆیشتن، لە هیکرا زۆراب وەستا و ئاماژەی بەقەڵشتی بچووکی زەوییەکە کرد، بەخۆشییەکی مندالانەوە گوتی:

– ئەوە دومەلانە... ئەمرۆ نانی شێوانمان دومەلان و پەنیرە...

لەسەرخۆ بەنووکی خەنجەرەکەی زەوییەکەی هەڵقەند و دومەلانێکی دەرهێنا، هێندەی هێلکەیەک دەبوو... «بڕوانە ئەم دەڤەرە پڕە لە دومەلان...».

یوزباشی لە جێیەکی دی بوو و بیری لە شتێکی دی دەکردەوە، لە پاش وەرگرتنی پریاسکەکە بەماوەیەکی کەم هەستی بەجۆرێک لە ڕوودامان و ئازاری ویژدان کرد، نەخوازەلا دوای ئەوەی پێکەوە قسەی زۆریان کرد. پاش ئەوەی دومەلانەکەی لە کوێخا وەرگرت، گوتی:

– ڕاستییەکەی ئاپۆ من کاتێ کە دیارییەکەم لە جەنابت وەرگرت، نەمویست دەست ڕابگری و لە ڕوو دابمێنی، چونکە تۆ لە شوێن باوکمی. حەوت لیرە پارەیەکی گەلێ زۆرە، چی لێ بکەم. تەنیا یەک لیرەم بەسە و ئەوی دیت بۆ دەگێڕمەوە.

کوێخا بەسەرلەقاندنەوە کە نیشانەی ڕەتکردنەوە بوو، گوتی:

– هەرگیز شتی وا نابێ کوڕم، من پارەی زۆرم هەیە و پێویستم پێ نییە، چی لێ بکەم؟ تۆ گەنجی و هێشتا ژیانت لە پێشە، ئەگەریش ژنت نەهێناوە ئەوا ژن بێنە. ئەگەریش خێزانت هەیە، ئەوا خانووی پێ بکڕە، ئەگەر خانووشت هەیە، ئەوا ماینێکی پێ بسێنە، ئەگەریش ماینت هەیە، ئەوا تفەنگێکی چاکی پێ بکڕە، ئەگەر تفەنگیشت هەیە، ئەوا بۆ ڕۆژی ڕەشی هەڵگرە. باوکت برام بوو، خوا دەیزانێ حەلاڵمانی لێ دەرچێ، هەموو شتێکمان هاوبەش بوو.

جارێکی دی یوزباشی سوپاسی کرد و دڵنیای کردەوە، تاکو لە سەنجەق بمێنێ، ئەوا کەس ناتوانێ ئازار بەدۆڵی کفران بگەیەنێت. پاشان ئامۆژگاریی کرد، کە بایەخ بەشێخۆ بدا و ئیدی لەمەودوا بەناوی خۆیەوە بانگی نەکەن و دەبێ پێی بڵێن شێخۆ بەگ. تەنانەت براکانیشی دەبێ بەو نازناوەوە گازی بکەن. پێویستە کە دەڕوا بۆ

ناوەندی سەنجەق باشترین جلوبەرگ بپۆشێ و هەندێ دیاریی وەک بەرخ و ڕۆن، یاخود ئەگەر بکرێ مافوور لەگەڵ دەست خۆیدا بۆ بەرپرسەکان ببات. دەبێ لە قایمقام سڵ نەکاتەوە، پاشان ئەگەر نوقمی دیاریی بکات، ئەوا دەمی دادەخا و دەتوانێ بەئارەزووی خۆی بکات.

بەهێوری گەڕانەوە گوند، خانووە قوڕە نزمەکان لە دوورەوە بەسەرە نوێلک و ستوونی دووکەڵ و شەنگەبییەکانی چواردەورییەوە ڕووناک و هێمنییان دەنواند و ژیانیان بەبەر دۆڵی کفراندا دەکرد. یوزباشی زۆری حەز دەکرد چەند ڕۆژێک لە دۆڵی کفراندا بمێنێتەوە، چونکە گوتەکانی کوێخا زۆراب و کەشوهەوای گوند، منداڵی و لاوییان بیر دەهێنایەوە، کە لە گوندی بەسەر برد.

لێ ئەو بەرپرسیاریەتییە زۆرەی خراوەتە ئەستۆی و پێویستی بەپەلە گەڕانەوەی بۆ ناوەندی سەنجەق وای لێ کرد هەر ئەو ڕۆژە بیر لە گەڕانەوە بکاتەوە، لێ هەرچی کوێخا بوو بەهیچ شێوەیەک ڕێگەی گەڕانەوەی نەدا و دڵنیای کردەوە، کە خەڵکی ناوچەکە خۆیان بەشەو لە دۆڵی کفران هاتوچۆ ناکەن. چونکە دێو و درنج و جنۆکە ڕێگە دەگرن، پیاو تا بەیانی لە بازنەیەکی داخراودا دەخولێتەوە بێ ئەوەی بگاتە شوێنی مەبەست. دوای ئەوەش ئاژەڵێکی دڕندەی ڕەش هەیە لە پڵینگ دەچێت، پێی دەڵێن بەور، وەکو گوللە باز دەداتە سەر پشتی ماین و قەپاڵ لە ملی سوارەکە دەدات. سەرەڕای گورگ و ئاژەڵی دڕندەی دی، کە تەنیا بەشەو دەردەچن.

– کوڕم ئەمشەو پێکەوە دەیبەینە سەر، بەلای منەوە ئەمڕۆ جەژنە، تۆ نازانی باوکی خوالێخۆشبووت چەندە برادەرم بوو. ئەم ئێوارەیە سەرگوزشتەی جوان و ئەو یادەوەرییانەت بۆ دەگێڕمەوە، کە لەگەڵ باوکی خوالێخۆشبووت بردمە سەر.

کوێخا دوای ئەوەی شانی دادایە سەر بالیفەکەی، ئینجا ئەمەی گوت.

یوزباشی لە دیوەخانەکە لەسەر مافوورێکی نەرم هەلاًیژابوو، هەندەی برنج و گۆشت خواردبوو، لە پەلوپۆ کەوتبوو، گوتی:

– ئاپۆ، تۆ چۆن دەڵێی با وابێ، وەلێ دەبێ سبەینێ زوو هەستین، چونکە ئیشی زۆرمان لە پێشە.

هەموویان سەرخەوی دوای نیوەڕۆیان شکاند و چاویان گەرم کرد.



لە دیوەخانەکەی کوێخا زۆراب ئێواران گفتوگۆ گەرم دەبێ، نەخاسمە لە شەوانی زستان و بەهاردا، ئەو کاتی شەوگار درێژە، ئیدی هاتوچۆ لە نێوان ئەندامانی هۆزەکانی دەوروبەر دەست پێ دەکات. بابەت زۆر دەبێ بۆ قسە لەسەر کردن، زۆر جاریش هەمان بابەت دووبارە دەبێتەوە، وەلێ بەشێوازێکی دی و بەزیادە خستنە سەر. ئیتر کوێخا دەست بەگێڕانەوەی هەندێک لە سەرچڵییەکانی خۆی و ئەو شارانەی دیونی، دەکات. پاشان داوا لەوانی دی دەکات ئەوانیش قسەی خۆیان بکەن. هەڵبەت هەر ئەویش ڕۆڵەکان دابەش دەکا و دەستنیشانی ئەوانە دەکات، کە قسان بکەن. چونکە دابونەریت وایە، نەک تەنیا لای هۆزی کفران، بەڵکو لای سەرجەم هۆزەکانی دیش ئەوەیە، کە گەورەی هۆز دەستنیشانی قسەکەر دەکات. خۆ ئەگەر غەوارەیەک میوانیان بوو، ئەوا بۆی هەیە چەند ڕۆژێک، بێ ئەوەی سۆنگەی هاتنەکەی لێ بپرسن، لایان بمێنێتەوە، ئەو کات ڕووی قسەکان لەو دەبن و پرسیاری لە بارەی تۆوکردن و باران و مەڕومالاًت و جووڵەی بازاڕ و نەریت و شتی ترەوەی لێ دەکەن. زۆر جارانیش وا لە میوانەکە دەکەن، باسی ڕابردووی خۆی و سەرچڵییەکانی بکات. ئازادیی تەواویشی دەدەنێ چەند قسان بکات. چەندێکیش لە بەرامبەریدا زێدەڕۆیی لە گێڕانەوەی جەربەزەییەکانیان بکەن، چ لەگەڵ مرۆڤ بێ یاخود جنۆکە، ئیدی کابرا بیەوێ یا نەیەوێ، پەتای ترس و زێدەڕۆیی دەیگرێتەوە و ئیسراحەتی خۆی لە گێڕانەوە وەردەگرێت. دوای قەیرێ کوێخا ڕوو لە یەکێ لە گێڕەرەوەکانی دەنێت تا لە تۆقاندن و ترساندن، ململانێ لەگەڵ کابرادا بکات. ئیدی بۆڕ بۆڕێن و گۆبەند دەست پێ دەکات و کابرا هەموو شتەکان بەڕاست وەردەگرێت. کاتێکیش دەڕوا، تا درێژە بەگەشتەکەی بدات، چەند جارێک جەختی لێ دەکەنەوە لە ڕێگەی گەڕانەوەیدا سەریان لێ بدات، تا باسی ئەو شتە نوێیانەیان بۆ بکات، کە لە ڕێگە بینیونی. بەم ئاوایە کابرا و سەرچڵییەکانی چەند حەفتەیەک دەبنە بنێشتە خۆشە و بابەتی قسە و باسەکانیان. تا خوا میوانێکی تازەیان بۆ دەنێرێ و ئەوی یەکەمیان لە بیر دەباتەوە.

دەمی نیوەڕۆ، ئەو کاتی یوزباشی و قۆڵچی و موراد چاوش لە خەونێکی قووڵدا بوون، هەریەکەیان لای خۆیەوە بەری شەپۆلی پرخە پرخی بەرەلاّ کردبوو. کوێخا ڕووی لە ڕەمەزان نا و گوتی: یوزباشی پیاوی چاکە و بەڕاستی چووەتە دڵمەوە،

باوکیشی هەر وابوو، لێ دەزانی خوالێخۆشبووی باوکی، کە درۆی دەکرد ئاسمانی بەدرۆکانی دەهەژاند؟

ڕەمەزان قومێکی لە جگەرە پێچراوەکەی دا و بەهێمنییەوە گوتی:

– کوڕەکەی قسووری نەکرد، تەنانەت بەچەند پلەیەکیش باوکی خوالێخۆشبووی تێپەڕاند.

زۆراب گوتی: نا بڕوا ناکەم. من سەیرم دێ چۆن ئەمەی لە باوکییەوە بۆ نەماوەتەوە!

ڕەمەزان بەچاوی سووکایەتی پێکردنەوە لێی ڕوانی:

– چییە زۆراب دەتەوێ بەمنیش ڕابوێری؟ کەندەلانەکە لە دەست درۆکانی ئەو خەریکبوو یەک پارچە هەرەس بێنێ و ئاوەسپی داپۆشێت. بیرت چوو لە بارەی ئەو ولاتەوە چی گوت، کە ئامێری تێدا دروست دەکەن بەهەڵم ئیش دەکات و گالیسکە بەسەر ئاسنە ڕێدا دەڕوات و بەدووربین سەیری مانگ و ئەستێران دەکەن!!. لەمە زیاتر چیت گەرەکە، دەتەوێ ئەم ئێوارەیە کێ بۆڕ بۆڕێنی لەگەڵدا بکات؟ کێ؟... پێم بڵێ؟ بەخوا هەموومان بەزەویدا دەدات.

زۆراب چون چارەسەری پرسێکی گرنگ بکات، کە پەیوەست بێ بەچارەنووسی دۆڵی کفرانەوە، گوتی:

– شتەکانی دیم بیر نایەن، ڕەنگە زەینم پێ نەدابن. وەلێ ئەم لوولە نەعلەتییە ئەفسووناوییەی چاوم بەکونەکەیەوە نا، جارێک جەوەڵ قاجری وا دوور خستەوە دەتگوت لەوسەری دنیایە، کاتێکیش لە کونەکەی دیم نۆڕی، قاجرم وا هاتە پێشێ، وام هەستکرد دەتوانم دەستی لێ بدەم.

ڕەمەزان خەنینەیەکی کورتی بۆ کرد و بەگاڵتەوە گوتی:

– بەرخەکانی لاپاڵ جەوەڵەکەت نەژمارد؟

– ئەمە پێویستی بەیەک و دوو نییە ڕەمەزان... لوولەکە لە بەردەمتایە، ئەگەر یوزباشی بێدار بووەوە دەتوانی بەخۆت وەکاری بێنیت.

ڕەمەزان گوتی: من حەز دەکەم سەیری مانگی پێ بکەم. بەهەرحاڵ، ئەم سیانە،



نەخوازەلا قۆڵچییە خرە، تا ئێستا زاری نەکردووەتەوە، پێویستمان پێیانە حەفتەیەکی تەواو لامان بمێننەوە، بێگومان هێند درۆ و سەرچڵییان هەن بەشی ساڵێکمان دەکەن.

زۆراب بەداخێکەوە گوتی:

– چەندم پێ ناخۆشە سبەی جێمان دێڵن، دەترسم ئێوارێ نەتوانم قۆڵچی بێنمە قسان.

ڕەمەزان بەبڕوا بەخۆبوونێکەوە گوتی:

– مەترسە. زۆرمان ناز پێ دان، بمانەوێ و نەمانەوێ دەبنە هاوبەشی ژیانمان، هەرچی قۆڵچییە دەبینی چۆن ئەم ئێوارەیە گێژمان دەکات. لێ وابزانم کوڕی هاوەڵەکەت ڕێگەی قسەکردنی نادات.

– بەهەرحاڵ پەتی بۆ شل دەکەین، بزانین دەتوانێ خوالێخۆشبووی باوکی بباتەوە یان نا؟

وەلێ پیاو حەق بڵێت، باوکی بوێر بوو، هێند بوێر بوو سڵی لە شەو نەدەکردەوە...

## ٢

ئەو دەمی ڕۆستەم بۆ دیوەخان گەڕایەوە، هەرسێ میوانەکە لە گەرمەی نیوەڕۆخەودا بوون. بەسەرسامییەوە چون بوونەوەری نامۆ ببینێ سەرنجی دان. زۆراب بەدەستی ئاماژەی بۆ کرد کە بەدوایدا بێت، هەردووکیان لە دیوەخانەکە دەرچوون. شەکەتی و کەنەفتی بەو کوڕیژگەیەوە دیار بوو. زۆراب ژنەکەی ڕاسپارد، کە گۆشتێکی زۆری بۆ دابنێ، چونکە وەکو پیاو ئیشەکەی بەجێ گەیاندووە. هەروەها پێی گوت دوای پشوودان، لە ڕێگەی گەڕانەوەی بۆ لای ڕانەکەی، کێی بینی پێی ڕابگەیەنێت کارەکان بەباشی بەڕێوە چوون و دوای خۆراوا بگەڕێنەوە گوندەکانیان.

دەمێ خۆر ئاوا بوو و شەو پەردەی ڕەشی بەسەر دۆڵەکەدا دادایەوە، تاریکی دەوری هەموو شتەکانی دا. لەم کاتەدا باڵندەکان دەگەڕێنەوە هێلانەکانیان. کەچی جیهانێکی دی دەست بەجووڵە دەکات، جیهانێکی پڕ لە سەراسیمە و نادیار، تاریکییەکی ئەنگوستەچاوی بێ وێنە دایدەگرێت، ڕۆحەکان و دێو و درنج و خێو دوای خەوتنێکی درێژ، کە ڕۆژێکی تەواوی خایاندووە، هەڵدەستنەوە و لە سەرتاپای دۆڵەکە بەجووڵە دەکەون. ئەم بوونەوەرانە لە شێوەی ترسێنەری ڕاستەقینەی خۆیان بەدەر دەکەون، یاخود لە شێوەی گیانەوەری ئاسایی وەکو ڕێوی و کەمتیار و پشیلەی کێوی، ئەم بوونەوەرانەش لە گۆڕستان و ئەشکەوت و کاولاشەکاندا دەژین. هەموو خەڵکی هۆزی کفران ئەوە باش دەزانن، کە زۆراب زۆربەی ئەم دەعبایانە دەناسێ و بەزەوق و پەنهانەکانیان دەزانێت و شەڕەنگێز و خێرخوازیان لێک جودا دەکاتەوە، هەروەها ئەو شوێنانەشی کە لێی دەژین. جگە لە چۆنیەتی ڕزگاربوون لێیان و ڕاونانیان، تەنانەت گرتنیشیان، لێ ئەوی سەیرە هەر یەکێک لەم دەعبایانە بەئاسانی لە دەست هەڵدێن و هەرگیز ناتوانی لای خۆت بیانهێڵیتەوە.

زۆراب ڕۆڵەکانی هۆزەکەی ئاگادار کردنەوە، لەم دەعەجانییانە نەترسن، چونکە ئەوان تەنیا لە دۆخی تۆقین و زەندەقچووندا بەسەر مرۆڤدا سەر دەکەون و کۆتی دەکەن. لە حاڵەتی وادا ئەگەر مرۆڤەکە دەست بەسەر خۆیدا نەگرێ و جەربەزە نەبێ،



شێت دەبێ، یانیش شەپڵە لێی دەدا. ئیدی ئەم دۆخە یا چارەسەر دەکرێت، یاخود هەر چارەسەری نابێ. بۆیە کوێخا زۆراب ڕۆڵەکانی هۆزەکەی ڕاسپاردبوو، کاتێ بەرەو ڕووی یەکێ لەم دەعبایانە دەبنەوە، دان بەخۆیاندا بگرن و جورئەتیان هەبێ و (بسم الله الرحمن الرحيم)، یاخود ئایەتی قورئانی بخوێنن. هەروەها لەسەر هەر کەسێکە لە هەر تەمەنێکدا بێ، چەقۆیەک یاخود هەر شتێ لەگەڵ خۆیدا هەڵگرێ. چونکە ئەم دووانە دوژمنی سەرسەختی ئەم دەعبا نەبینراوانەن. لە تاریکیی شەودا لاوەکان گەڕانەوە گوند، دیوەخانی گوندەکانی تریش جووڵەیان تێ کەوت.

شەش کوڕەکەی زۆراب زۆریان حەز دەکرد سەردانی باوکیان لە دیوەخانەکەیدا بکەن و ئەو سێ زەلامەش بناسن، کە یەکەمین جاریانە بەشێوەیەکی ئاشتییانە بێنە ناو دۆڵی کفرانەوە. تاقە سەرچاوەش بۆ گواستنەوەی زانیاری و پێشکەشکردنی وێنەیەکی تەواوی ڕووخساری ئەو سێ پیاوە و شێوەی جلوبەرگ و شێوازی قسەکردنیان ڕۆستەم بوو، کە بچووکترین کوڕی کەریمی حەوتەمین کوڕی زۆراب بوو، کە ناوی نابوو (کەرە مەوەنەی).

بێگومان لە سۆنگەی کەللە ڕەقییەکەیەوە ئەم ناوەی لە کەریم نابوو. مەگەر تەنیا گوێدرێژ ئەو سەرکێشییەی ئەوی هەبووایا. کەریم چونکە کوڕە بچووکی بوو و لە منداڵییەوە دایکی مردبوو، زۆر نازیان پێ دەدا و لە لایەن هەمووانەوە بایەخی تایبەتی پێ دەدرا. لەو شەوەی ڕۆستەم لە دایک بوو، زۆراب بڕیاری دا هەر بەخۆی تا بەیانی بەدیارییەوە شەوارە بگرێ. شەوێکی سەختی زستان بوو، زۆراب لەگەڵ جنۆکەی نازدار و شۆخ (فەی)دا کەوتە شەڕێکی دەستەویەخەوە. خۆشبەختی لەوەدا بوو بەخۆی پاسەوانیی دەکرد و ئەم کارەی بەلاوان نەسپارد، چونکە ئەو کات خۆیان دەدایە دەست تەفرە و فریوەکانی ئەم شۆخە نەعلەتییەوە، ئەو هۆیەی ڕفاندنی کۆرپە ئاسان دەکاتەوە.

ئەو شەوە ڕووباری ئاوەسپی هەڵسا بوو، بەئاوە هەڵچووە پڕ لە قوڕ و لیتەکەی هەموو کەندڕەکانی دۆڵەکەی پڕ کردبوونەوە، هاژەی ئاوەکە و وژەی باوبۆران تێکەڵ بەوەڕینی سەگ و لوورەی ئەو گورگانە دەبوون، کە دەور و خولی گوندیان دابوو. زۆراب زانی کە دەبێ (فەی) ئەمشەو دەربکەوێت، چونکە سووڕانەوەی بەسەر پشتی

زریان و شەپۆلە سەرشێتەکانەوە زۆر ساناترە لە هاتوچۆ لەو شەوە هێمن و پڕ لە دێو و درنجانەی لێیان دەترسێت.

لەبەرئەوەی تەنیا ئەوان دەتوانن بگرن بەقژیا و ئەتکی بکەن. جنۆکە فەی بەجوانییە بێ وێنەکەی ناسرابوو، قژێکی کاڵ، دوو چاوی شینی قووڵ و درشتی هەبوون، لێوەکانی پڕ و مینا هەنگوین بوون، قژە خاوە زەردە ئاڵتوونییەکەی بەسەر بەژنە زراڤە خەرامانییەکەیدا شەپۆلی دەدا. جووتە مەمکۆلانیشی دوور لەیەک سەریان لە شەپۆلی قژە ئاوریشمینەکەیەوە دەرهێنابوون. زۆراب دەیگوت ئەم جنۆکە ئەفسووناوییەی بەڕیشی گەنجان پێدەکەنێ و جگەرگۆشەکانیان دەبات، یەکێکە لەو پێنج سەد ئافرەتە جنۆکە شۆخ و شەنگانەی سەربازەکانی شا سلێمان هێنابوونیان تا بیانخوازن. وەلێ کاتی هێنانیان بۆ لای، ئەو گیانی لەدەستدا بوو. سەرەنجام خۆیان خواستیانیان، ئەم کوردەی خۆشمان لە نەوەی ئەوانن. یەکێک لەو پێنج سەد ئافرەتانە لەبەر هۆیەکی نەزانراو بێ پیاو مایەوە، خودا کردی بەجنۆکەیەکی جوان و بەدەو، ئیدی لەو کاتەوە ئەم جنۆکەیە بەناوچەکانی کوردستاندا دەسووڕێتەوە و ناو بەناو کۆرپەی تازە لە دایکبوو دەڕفێنێت.

ئەو شەوە، دوای منداڵبوونەکە، دایکە لە خەوێکی قووڵدا بوو، کۆرپەکەش دوای گریانێکی زۆر شەکەت بوو و نوست. زۆراب پێشبینیی دەرکەوتنی جنۆکەکەی دەکرد. سەرەڕای ئەو ترسەی دایگرتبوو، خۆشی و لاپرەسەنییەک سۆزی داگرتبوو، سێبەری پلیتەی چرا ڕۆن گەرچکییە هەڵواسراوەکەی تەنیشت لانکەکە، کەوتبووە سەماکردن، دەتگوت تارماییێن و لە گۆشە تاریکەکانی ژوورەکەوە دێن و دەچن. زۆراب چاوەکانی لە تاریکییەکەدا دەدرەوشانەوە، کاتێ لە ڕاست و چەپ و لەو گۆشانەی دەڕوانی، کە ڕووناکییان ناگەیشتێ. وای لێ هات خەونی بەقژە ئاڵتوونییەکەیەوە، کە جەستە شلوملەکەی داپۆشیبوو، دەبینی. لە هیکڕا هەستی کرد وەتاغە تاریکەکە بووە یەک پارچە ڕووناکی، دەستی کە بەسەر مشتووی خەنجەرەکەیەوە هیشک بوو، ساپیتە دارەڕا کراوە ڕەش داگەڕاوەکە بووە یەک پارچە سپییەتی و سەدان چراوگ لە شێوەی ئەستێران لە شەوی بێ تریفەدا شۆڕ بووبوونە خوارەوە و بێدەنگی هەموو شتەکانی داگرت، نووکە هاژەی پێڵە هەڵچووەکان و لوورەی با نابیستران. جنۆکەکە



وەکو شەپۆلی ڕووناکی بەدەرکەوت، لە ئاسمانی وەتاغەکەدا بەداخزانەوە خەرامانی دەدا، ڕووتوقووت بەشەپۆلی قژە زێڕینەکەی خۆی پێچابووەوە، زۆراب لە شوێنی خۆی تاسا، ناخی هەواڵی پێ دا، کە ئەم جنۆکە نازدارە شەرەنگێز نییە و لێی ناوەشێتەوە ئازاری ئەم مەلۆتکەیە بدات، یا بیبات. چونکە ئەم چاوە گەورە شینانە، کە دەڵێی گۆمە قووڵەکانی ئاوەسپین، پاکژی و ناسکییان پێوە دەبینران و دیار بوو بۆ ڕفاندنی منداڵەکە نەهاتووە، بەڵکو هاتبوو تا پیرۆزبایی بکا و خۆشنوودی بۆ بخوازێت. زۆراب هەستی کرد بووە بەکوڕی چواردە ساڵ، بۆ ئەو لێوە هەنگوینییانە لیکاو بەزاریدا دەهات، خێوەکە بەزەردەخەنەوە لێی نزیک بووەوە، ددانەکانی دەتگوت بلوورن، بێ ویستی خۆی دەستی بەرز کردەوە، تا دەست بەنێو شەپۆلی قژە ئاوریشمینییەکەیدا بێنێت، لێ ئەو بەجووڵەیەکی خێرا وەکو ماسییەکی زیوین لەو ماسییانەی ئاوەسپییان پڕ کردووە، خزا و هەندەی چاو بتروکێنی بەدەوریا سووڕایەوە، قژی هەڵڕژا و قەدی باریکی فریودەری ئاوەزی دەبرد، پاشان لە کونجێکەوە چوار مشقی ڕۆنیشت، شەپۆلی قژی داپۆشی و تەنیا ڕووخساری دەبینرا، زەردەخەنەی لێ دەباری. بەحەزێکی شێتانەوە دەیویست بیگرێ و ئامێزی لێ بدات. لێ وەبیری هاتەوە، کە ئەو ئێشکگری مەلۆتکەکەیە و دەبێ بەتەنیشتییەوە وەمێنێ. کەچی جارێکی دییش دڵی خەبەری دایەوە ئەم خێوە بێ تاوانە و هاتووە پیرۆزبایی ساواکەیان لێ بکات و خەڵکی لە کۆنەوە بەهەڵە وا تێگەیشتوون لە سۆنگەی بێبەری بوونییەوە لە پیاو پاش مردنی شا سلێمان و بوار پێ نەدانی، تا شوو بەیەکێک لەو پێنج سەد سەربازە بکات، بووەتە جنۆکەیەکی خراپەکار. بۆیە تا نەهۆ عەوداڵی پیاوێکی گونجاو بەخۆیەتی. خۆ ئەگەر ڕێکەوتی پیاوێکی وای کرد، ئەوا کابرا دەبا و تا هەتا بەبەختەوەری دەژین. لێ پیاوی گەوج لەمە ناگات و نایشیەوێ لێی بگات. بەڵکو وای دادەنێن جنۆکەیەکی شەڕانگێزە، نا بەڵکو فێڵبازێکی دزێوە و خۆی دەکاتە ژنێکی جوان، بۆیە پابەند دەبن بە ژنە ناشیرینەکانیانەوە. ئیدی هەوڵ دەدەن بەچەقۆ لێی بدەن، ئەویش بەمەبەستی تۆڵەسەندنەوە لە ڕەفتاری نەزانانەی پیاوی گێل و دەبەنگ، شێتگیر دەبێ و هەڵمەت دەباتە سەر کۆرپەی تازە زا و ڕۆحی دەردەکات.

لە شوێنەکەی خۆی دانیشتبوو، هەر دە ئەنگوستانی لەسەر مەمکۆڵانی دانابوون. زۆراب ترپەی دڵی خۆی دەبیست. هەستی بەخوێنی گەرمی دەمارەکانی دەکرد، دامابوو لە نێوان باوەڕی باوی خەڵک لە بارەی ئەو کیژە جنۆکەیە و خەبەردانی دڵی، نازانێت بڕوا بەکامیان بکات، لێ گومان و ترسی لەمەڕ کۆرپەکەوە، زاڵتر بوو. ویستی لە شوێنی خۆی هەستێت، نەیتوانی، دۆش داما بوو. دەیویست قسان بکات، زوانی هەڵنەدەهات. لە پەلوپۆ کەوتبوو. کیژە جنۆکەکە لە شوێنی خۆی هەستا. دەتگوت پەرییەکە لە پەرییەکانی بەهەشت. بەهێوری بەرەو بێشکەکە بزوا. وایدەزانی کابرا لە شوێنی خۆی مەییوە و تەواو. کاتێ بەسەر کۆرپەکەدا نووشتایەوە، شەپۆلی قژی بێشکەکەی داپۆشی. زۆراب ویستی دەست بۆ خەنجەرەکەی ببات، نەیتوانی. ویستی ناوی خوا بێنێت، ئەوەشی نەتوانی. ئیدی ئەو توانی جادووی لێ بکا و لە شوێنی خۆی وشکی بکاتەوە. ئا لێرەوە هەستی کرد، نا، بەڵکو باوەڕی تەواوی هەبوو، کە جنۆکەکە بەیەکجاری بەسەریا سەرکەوت و ڕۆحی منداڵەکەی سەند و کۆی شتەکان دوماهییان هات. ئای لە بەدبەختی خۆت زۆراب، سبەینێ چۆن چاوت بەرامبەر منداڵەکەت هەڵدێنیت؟ هەر تۆ بووی دەترسای جنۆکە فریویان بدات، ئا ئەوەتا خۆت بەداوییەوە بووی و ئەقڵ و توانای بردی و بووی بەهەرزەکارێکی هەڵەشە. هێزێکی نادیار لە ناخەوە هەژاندی، بۆی چوو تا بیگرێ، لێ جنۆکەکە وەک ماسی لە ژێر دەستیدا خزا و دوای ئەوەی پشتە نەرم و شلەکەی تێ کرد، لە چاو ونبوو. ئارەقە لە نێوچەوانی دەتکا، موچڕکێک بەگیانیدا هات، سەرلەنوێ وەتاغەکە تاریک بووەوە و سێبەرەکان وەکو تارمایی بزێو بەسەر دیوارەکەوە سەمایان دەکرد. تا نەهۆش وایدەزانی ڕۆحی مەلۆتکەکەی بردووە. فرمێسکێک پەڕییە سەر گۆنای، پاشان لە کۆرپەکە نزیک بووەوە و پشتی دەستی خستە سەر دەموچاوی. ڕووخساری گەرم داهاتبوو و لەسەرەخۆ هەناسەی دەدا. ئاهی بەبەردا هاتەوە، خەریکبوو لە خۆشییاندا هاوار بکات، لێ دانی بەخۆیدا گرت و بۆ ڕزگاربوونی کۆرپەکە سوپاسی خوای کرد. دیسانەوە دڵی خەبەری دایەوە و بەدەنگی بیستراو چون زەلام بێ و قسەی لەگەڵدا بکات، گوتی:

– پێم نەگوتی کچە جنۆکەکە بۆ ئەوە هاتووە تا دەست بەسەر کۆرپەکەدا بێنێ و



خۆشنوودی بۆ بخوازێت؟ دەتتوانی بەهێمنی لەگەڵیدا بجووڵێیتەوە، ڕەنگە ئەو کات تۆی بەدڵدا بچوایا و لەگەڵ خۆیدا بیبردیتایا و لاویی بۆ بگێڕایتایەوە و تا هەتا پێکەوە بژیانایا...

کاتێک داوی گزنگ بەڕەنگە پەمەیی و وەنەوشەییەکانییەوە لێواری جەوەڵ قاجریان دەنەخشاند، ڕەوە مراوییەک بەسەر ڕووبارەکەدا تێپەڕی، بێدەنگییەکی قووڵ ئەو ناوەی داگرتبوو، جگە لە هاژەی شەپۆلەکان، کە خەریکبوون هێور دەبوونەوە، هیچ نابیسترا. بەر لەوەی کەڵەشێر مژدەی ڕۆژێکی نوێ بدات، زیڕەی کۆرپەکە ئارامییەکەی شڵەقاند، تاکو پێشوازی لە یەکەمین ڕۆژی ژیانی بکات. دایکە چون پێشبینیی قیژەکەی کردبێت، بەخۆشییەکەوە گوتی:

– ئێ ئێ، دەزانین لێرەیت.

دەمێ بەسینگییەوەی نووساند، گریانی نەما. گوتی:

– مامە تۆ تا ئێستا لە شوێنەکەت دانیشتووی؟ ئەزێتمان دایت. ئێستا دەتوانی بنوویت، ڕۆژ بووەتەوە.

زۆراب لەسەر جێیەکە ڕاکشا و بەرماڵەکەی بەخۆی دادا:

– ئێستا دەتوانم بەئاسوودەیی بنووم.

لە خەوێکی قووڵدا نوقوم بوو، هەندەی نەبرد کۆرپەکەش نووست، پاشان دایکیشی بەدوایدا... زۆراب خەونی بەکیژە جنۆکەکەوە بینی. خۆی کرد بەژێر جێیەکەیدا و بەهەوری قژە ناسک و زەردە ئاوریشمینییەکەی داپۆشی و گوتی:

– خۆشنوودیم بۆ منداڵەکە خواست.

پاشان قامکە نەرم و ناسکەکانی بەناو ڕیشیدا هێنان. حەزێکی بەتین زۆرابی گرتبووەوە، کە لەمەوبەر بەخۆیەوەی نەبینیبوو. لە تەماشاکردنەکانی کچە جنۆکەکەش حەزێکی سەرشێتانەی بەدی کرد. سەری خستە نێوان مەمکە تورتەکانییەوە. بۆنی قەنەفلیان لێ دەهات، قامکە زبرەکانی بەناو قژە زێڕینەکەیدا هێنان و ماچی کرد. پاشان باوشی لێ دا و کەوتە ماچکردنی گەردن و کوڵم و لێوە هەنگوینییەکانی. وایدەزانی لەو بەهەشتەدایە، کە لە دنیای فانیدا هەیە و باسی لێوە دەکەن. شەپۆلی قژی سەراپا جەستەی داپۆشیبوو. کاتێ دەستی بۆ سکی درێژ کرد،

جووڵەیەکی کرد، قژی کەوتە لاوە و گیانە شل و یەک پارچە سپییەکەی بەدەرکەوت، بینی خۆیشی ڕووتوقووتە، بەتوندی یەکتریان لە ئامێز گرتبوو، جەستەی گڕی لێ هەڵدەستا، دەمێ ئاوی گەرمی ڕۆ کردە سکییەوە، ئاهێکی لێ هەڵستا و لە حەژمەتاندا وای بەخۆوە گووشی، خەریکبوو بیتاسێنێت.

– هەزار ساڵە من چاوەڕوانی ئەم شەوەم.

هەرچی زۆراب بوو یەک پارچە بووبووە کڵپە، لێ هەندەی نەبرد بووەوە خۆڵەمێش. هەموو شتەکان نەمان، بەڕووتی خۆی بینییەوە لەسەر جەوەڵ قاجر بەردەوام و بێ پچڕان دەیمیزاند، میزەکەی بەتەریبی لەگەڵ ئاوەسپیدا شۆڕ دەبووەوە، تا دەڕژایە ئاوی ڕۆخانەوە، کە لە پاوەنی دۆڵی کفران دوایی دەهات. کە لە خەو بێدار بووەوە دەتگوت دەستی لێ وەشێنراوە، مات و بێدەنگ، قسەی لەگەڵ کەس نەدەکرد، کوڕگەل وایانزانی دەستی لێ وەشێنراوە. مێشکی خامۆش بوو تەنیا لە وێنەی فەی نەبێت. دوای چەند حەفتەیەک کاروانی قەرەجان هاتن، وەکو جاران بار و بنەیان لە ڕۆخی ئاوەسپی خست، تاکو بەر لە گەشتەکەیان بۆ ئەوپەڕی خواروو، پشوویەک بدەن. شێخۆ چوو بۆ لای دەمسپییەکەیان و باسی حاڵی باوکی، بۆ کردن. پێی گوت ئەگەر بابی بگەڕێنێتەوە سەر بارە سروشتییەکەی، چی دەوێت با بڵێ. گەورەی قەرەجان گوتی هیچی ناوێ جگە لە دابینکردنی نان بۆ دەست و پێوەندەکانی و پاراستنی سەر و ماڵیان لەو ماوەیەی کە لە دۆڵی کفراندا دەمێننەوە. پاشان دایکە پیرە جادووگەرەکەی لەگەڵ نارد. کاتێ پیرێژن زانی لە شەوی شەوارەگرتن بەسەر کۆرپەکەوە دەستی لێ وەشێنراوە، داوای لەوانی دی کرد بەتەنیا جێیان بهێڵن. لە یەکەم نیگاوە پیرێژن زانی زۆراب دەستی لێ نەوەشێنراوە، بەڵکو شتێک سۆز و خۆشەویستیی بردووە؛ بۆیە تووشی نەخۆشیی ئەوین بووە. کە ئەمەی پێ گوت، بۆ یەکەمین جار زۆراب دوا و بەدرێژی باسی بۆ کرد. پیرێژن قامکە ڕەقوتەقەکەی لە نێوان مشتێک لمدا جووڵاند و یاری بەپارچە بەرد و ئێسقانەکان دەکرد، گوتی:

– نوقڵانەی خۆشییە کوڕەکەم، نوقڵانەی خۆشی... بەر لە چەند ساڵێک ژنەکەت مرد بێ ئەوەی ژن بهێنیتەوە... بڕوانە کوێخا زۆراب، وەچەت دۆڵی کفران دەبڕێ و دەگاتە ڕووباری ڕۆخانە، ئەو ڕووبارەش لەمیان هۆزەکەت و ئەوانی تردا دەبێتە



جیاکەرەوە. تۆ تا نهۆ وەکو زەویی دۆڵی کفران بەپیت و بەرەکەتی، تا ڕۆژی مردنیشت هەر وا دەمێنیتەوە، وا چاکە لە ئافرەتێکی باش بگەڕێیت. هەرچی ئەو منداڵەیە، کە بەر لە چەند حەفتەیەک شەوارەت بۆ گرت، دەبێتە سوارچاکێکی ئازا و بوێر و هەمووان دەچنە ژێر فەرمانییەوە. هەستە بچۆ و ناوی بنێ ڕۆستەم. هەمووان لە دەرەوە بەحەسرەت و لاپرەسەنییەوە، چاوەڕوان بوون داخۆ پیرەژن چ دەڵێ؟. ئەو دەمی دەرچوون، سەیریان هات زۆراب وەکو جاران قسە دەکا و دەڵێی هەر هیچ نەبووە. دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا بەرز بووەوە. لەو کاتەدا شێخۆ دوو بەرخی دا بەعەرزدا. پاشان فەرمانی دا لە هەر گوندێک دوو کاوڕ بکوژنەوە و قەرەجەکانیش تا سوبحەینێ بەگۆرانی و مۆسیقا، پشکدارییان لەو خۆشییە کرد. ڕۆستەم چەندێ شوانەکان دۆمەڵان و قارچکیان گرد کردبووەوە، هەمبەر چەردەیەک زانیاریی خێرا لە بارەی سێ زەلامەکەوە، لێی سەندن و خستییە خورجەکەیەوە. چەندین جاریش جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە یوزباشی پیاوی چاکە و باوکی برادەری بابایەتی. ئەمەش مانای ئەوەیە جیاوازیی لەگەڵ هیچ ئەندامێکی هۆزەکەیاندا نییە. سەرەڕای ئەوەش با بگەڕێنەوە گوندەکانیان، لەوەشی ئاگادار کردنەوە، کە لاپرەسەنی وایان لێ نەکات بچنە دیوەخانەکەی بابای، نەکو ئەو دوو پیاوەی لەگەڵین ئاریشە بۆ هۆز چێ بکەن. بۆنی دومەڵان و قارچک و پیوازی لە کەرەدا سوورەوە کراو بەرز بووەوە و تێکەڵ بەبۆنی نانی گەرم بوو. زەلامەکان داچەمابوونەوە و بەلەزەتەوە دەیانخوارد. کوێخا داوای لە ڕۆستەم کرد لە نکی ڕۆنیشێ و لەگەڵیدا بخوا. شێخۆ وەک عادەتی خۆی وەستا بوو دۆی بۆ تێدەکردن و لەگەنە بەتاڵەکانی هەڵدەگرتن، تا پڕیان بکاتەوە.

زۆراب هانی خواردنی دەدان و لەگەنەکانی بۆ درێژ دەکردن و دەیگۆ:

– باشی بخۆن، دومەڵان زۆر بەتامە، هەموو کات دەست ناکەوێت، ساڵی جارێک دەردەکەوێت.

کاتێ لە خواردن بوونەوە، پشتێنیان لێ فرێ دا و لە شوێنی خۆیان ڕاکشان و دەستیان بەقاوە خواردنەوە و جگەرەکێشان کرد. ڕەمەزان سەیرێکی زۆرابی کرد و گوتی:

– ڕەحمەتیی باوکی یوزباشی برادەرێکی خۆشەویستت بوو، بەوە ناسرا بوو، کە پیاوێکی قارەمان و جەربەزە بوو، شتێکمان لە بارەی خۆت و ئەوەوە بۆ ناگێڕیتەوە؟

یوزباشی جێی خۆی خۆش کرد و گوتی:

– بەڕاست کوێخا زۆراب، دەمویست ئەمەت لێ بپرسم.

زۆراب گوتی: گێڕانەوەی ئەم یادەوەرییانە چەند شەوێکی درێژی دەوێت، پاشان منیش دەمەوێ شتێکتان لە بارەی دنیاوە لێ بژنەوم، ئێمە لێرەکانە لەم چیا و چۆڵە وەکو کەمتیار و ڕێوی دەژین، نازانین لە دەوروبەرمان چی ڕوو دەدات... هەڵبەت یەکتر زۆر دەبینینەوە، ئیتر لەمەودوا دەبێ بەردەوام سەردانمان بکەن. پێ دەچێ ئێمەش لە ناوەندی سەنجەق میوانداریتان بکەین. ئەو کات بەتێروتەسەلی لە بارەی ئەو یاداشتانەوە قسانتان بۆ دەکەم. ئێستاکانێ باسی ئەوەمان بۆ بکەن لە دنیا چ باسە؟

ڕەمەزان بەڕەزامەندییەوە سەری ڕاوەشاند و گوتی:

– دروستە، قسەیەکی بەجێیە، جەنابی یوزباشی تۆزێک چاومان بکەنەوە، هەروەها دەمانەوێ شتێک لە قۆڵچیی برامان ببیستین، ئەو تا ئێستا زاری هەڵنەهێناوە.

یوزباشی چون لە فێڵەکە گەیشتبێ، دوای ئەوەی شێوەی دانیشتنەکەی گۆڕی، ڕووی دەمی لە قۆڵچی نا:

– حاجی ڕەمەزان ڕاست دەکات، هیچ نەبێ لە بارەی حەج و سەردانەکەت بۆ مەککە شتێکمان بۆ باس بکە.

یوزباشی باشی دەزانی، ئاخاوتن لە بارەی حەجەوە، بەدڵی قۆڵچییە و ئەگەر هەزار جاریش بیگێڕێتەوە، بێزار نابێت. زۆراب گوتی:

– تا ئێستا چوونە حەج ئاواتی ژیانمە، وەلێ نازانم چۆن بڕۆم؟

حاجی ڕەزا منگە منگێکی کرد و ڕاست بووەوە، بۆ یەکەمین جار زاری بەش کردەوە:

– حەجکردن قسمەت و نسیبە. ئێمە شەش مانگان بەڕێگەوە بووین، ئەو کات لە کەرکووک دادەنیشتم، کاروانەکە لەوێوە دەکەوێتە جووڵە و بەتازە خورماتوودا تێپەڕ



دەبێ، دوایی تاوغ و دووز و چیای حەمرین، ئەوجا دەلتاوا و پاشان بەغدا. ئەم هەموو ڕێگەیەمان بەسواری هێستر و گوێدرێژ و ئەسپ دەبڕی...

یوزباشی قسەکەی بڕی و گوتی:

– ئەم ڕێگە درێژە چوار پێنج ڕۆژ دەخایەنێت، خراپترین دەڤەریش ئەو شوێنەیە، کە دەکەوێتە مابەین چیای حەمرین و دەلتاواوە، چونکە مەڵبەندی دز و جەردەیە.

– بێ شک وایە جەنابی یوزباشی.

قۆڵچی ئەمەی گوت و بەردەوام بوو:

– هەرچی بەشی دووەمی گەشتەکە بوو، ئەوا لە بەغداوە دەست پێ دەکات تا بەسرە، لەو شوێنەی کەلوپەل بار دەکرێ و دەخرێتە بان کەڵەک، لەسەر ڕووباری دیجلە.

یوزباشی گوتی: حاجی ڕەزا، بۆیان ڕوون بکەرەوە کەڵەک چییە، ئەوان تشتی وایان نەدیتووە.

قۆڵچی بەشانازییەکەوە لەسەری ڕۆیی:

– بەلەمێکە لە قەمیش و تەرکە و لقی درەخت دروست کراوە، بەهۆی مەشکەی پفدراوەوە سەر ئاو دەکەوێت.

ڕەمەزان کە گومانی لە سەرجەم چیرۆکەکە دەکرد، گوتی:

– چەند کەس دەتوانن لەم کەڵەکە ڕۆنیشن؟

– کەڵەک جۆری زۆرە، گەورە و گچکەی هەن. دەکرێ بچووک بێ بەشێوەیەک سێ کەسان هەڵبگرێت، یاخود گەورە بێت سی کەس بەکەلوپەلەکانیانەوە هەڵبگرێت.

زۆراب گوتی:

– سوبحانەڵڵا، ئێمە چەند نەزانین.

ڕەمەزان بەردەوام بوو:

– وابزانم ئەم جۆرە کەڵەکانە، ئەگەر ئێمەش بەکاریان بێنین، ئەوا لە ڕۆژانی زستاندا لە گرفتی گواستنەوە لە نێوان ئەمبەر و ئەوبەری ئاوەسپی ڕزگارمان دەکات.

یوزباشی گوتی:

– من بزانم ئەم کەڵەکانە بۆ ئاوەسپی دەست نادەن، چونکە لە هەندێ شوێندا بەردی تیژی وای تێدایە مەشکەکان دەتەقێن، ئیدی ئەو کاتە کارەسات ڕوو دەدات.

زۆراب گوتی:

– ئەعوزوبیللا، چیمان لەم کێشەیە داوە؟ سەرمان نایەشێ و پەڕۆی تێوە دەپێچین.

ئیدی لەو ساتەوە زاراوەیەکی نوێ هاتە فەرهەنگی زمانی دۆڵی کفرانەوە، وشەکە سەرەڕای ماناکەی خۆی بووە هاوواتای درۆی ئاشکرا. لە بری ئەوەی بڵێن فلان درۆ دەکات، دەیانگوت فلان کەڵەکچییە. بەم ئاوایە گوێگر دەیزانی مەبەست لەوە چییە.

ڕەمەزان گوتی: حاجی ڕەزا قسەکەمان پێت بڕی، بەکەڵەک گەیشتنە بەسرە، ئەی دوایی؟

قۆڵچی حەزی لێ بوو درێژە بەوەسفی گەشتە دەریاییەکەی نێوان بەغدا و بەسرەیدا بدات. کەچی یوزباشی داوای لێ کرد لەو کەشتییە بدوێت، کە لە بەندەری بەسرەوە کەوتە ڕێ و ئەو ماوەیەش، کە گەشتە دەریاییەکە بۆ مەککە خایاندی.

قۆڵچی گوتی: کوێخا زۆراب سەیری سەیران کەشتییە، شتی وام نەبینیبوو، درۆ نییە گەر بڵێم دە جار لە گوندەکەتان مەزنترە.

ڕەمەزان ئاوڕێکی لە کوێخا دایەوە، دوو کۆخەی دروستکراوی کرد و گوتی:

– ماشەڵڵا.

کوێخا گوتی:

– ئێمە چەند نەزانین!

قۆڵچی بەشانازی و بەخۆنازینی زۆرترەوە گوتی:

– دەتگوت یەکێکە لە نەفرەجاکانی هەزار و یەک شەوە. بەدەیان کەس و ئاژەڵ و گونیەی لە هەژمار نەهاتووی دانەوێڵە و خورما ئاخنرا بوونە کەشتییەکەوە و لە کونج و کەلەبەرەکانییەوە گوم دەبوون. سوێندتان لەسەرم نییە، تەنیا بارکردنی ڕۆژێکی تەواوی خایاند.

ڕەمەزان بەسەرلەقاندنێکەوە گوتی:



– ئەمە کەشتی نووح پێغەمبەرە سڵاوی خوای لێ بێ.

یوزباشی ویستی کۆتایی بەقسەکانی بێنێت، گوتی:

– پاش ئەوەی چوونە کەشتییەکەوە و گەشتەکەی مەککەتان سێ مانگی خایاند.

قۆڵچی وازی بەقسان بوو، درێژەی دایێ:

– هەرچی دەریایە، مرۆ کە بۆ یەکەمین جار دەیبینێ، خەریکە مێشکی تێک دەچێت. ئاوی بێ کۆتا لە هەموو لایەکەوە دەورت دەدات، سێ مانگ ئێمە جگە لە ئاو هیچمان نەبینی.

ڕەمەزان گوتی: کەواتە گرفتی ئاو چارەسەر کرابوو، ئەدی خواردنتان چۆن؟

– نا ڕەمەزان ئاغا. ئاوی دەریا بۆ خواردنەوە ناشێت، چونکە سوێر و تاڵە. کەشتییەکە تژی بوو لە بەرمیلی پڕ لە ئاوی شیرین. هەرچی خواردن بوو، ئەوا لە شوێنی تایبەت لێمان دەنا.

ڕەمەزان لەگەڵ قسەکانیدا یەکی گرتبوو، بۆیە گوتی:

– ئەمە کەشتی نییە، ویلایەتە.

کوێخا گوتی: ئەدی لە کوێندەر دەستتان بەئاو دەگەیاند؟

ڕەمەزان قسەیەکی دایە پاڵ:

– منیش بیرم لەمە دەکردەوە.

یوزباشی بەشۆخییەوە گوتی:

– بێگومان بەشێوەیەک لە شێوەکان دەتانکردە ئاوەکەوە.

قۆڵچی بەڕاشکاوییەوە گوتی:

– ئەمە یەکێ بوو لە گرفتەکانمان. بەخۆتان دەزانن ئێمە فێرین لەو دەشتە دانیشین، هەرچی ئەوێندەر بوو، ژوورێکی زۆر بچووکی لێ بوو، چەند کونێکی تێدا بوون، بۆنێکی بۆگەنیان لێ دەهات، خەریکبوو دەیخنکاندین، لە کاتی دانیشتندا ڕۆحی دەردەکردی.

ڕەمەزان دوای ئەوەی هەستی کرد تەنگاوە، گوتی:

– من دەبێ بۆ ئەو دەشتە بچم.

هەموویان پێکەوە چوونە دەرێ.

یوزباشی گوتی:

– کوێخا زۆراب ئێستا نۆرەی تۆیە. باسی سەرکێشییەکانی خۆتمان بۆ بکە لەگەڵ خوالێخۆشبووی باوکمدا.

ئەویش قومێکی لە دارجگەرەکەی دا و گوتی:

– باشە. کەنگێ ویستتان بەچاوان. لێ من ئێستا جڵەوی قسان بەڕەمەزان دەسپێرم.

ئەم تازە لە پێچانەوەی جگەرەکەی بووبووەوە، لەگەڵ هاویشتنی جگەرەکەیدا بەقۆڵچیی گوت:

– بەڕاستی قسەکانتم بەدڵ بوون. بۆیە شایانی ئەم جگەرەیەی.

پاشان لە قسەکانی بەردەوام بوو:

– لە بەدبەختی خۆم لە ژیانمدا شتێکم نەبینیوە نێوی کەشتی، یاخود دەریا بێت. لێ شتێکم بینی تا ئێستاش موچڕک بەگیانمدا دێت. جارێکیان بەسواری ئەسپەکەم زەویی هۆزی زەنگنەم دەبڕی. بەخۆتان دەزانن ئەو دەڤەرە چەند سەختە، شەکەت و ماندوو بووم، خۆرەکە ئاگری دەباراند، منیش خۆم دابووە بەر سێبەری دەوەنێکا، تا خۆم لە گەرمای ڕۆژەکە بپارێزم، لەو کاتەدا قارچکێکی گەورەم بینی، شتی وام نەبینیبوو. بۆنە خۆشەکەی وڕ و کاسی کردم. دابەزیم و ئەسپەکەم لە ژێر سێبەرەکەیدا بەستەوە، پشتێنەکەم کردەوە، لە ژێریدا ڕاکشام و بیرم لە بردنەوەی دەکردەوە. چونکە بەشی خواردنی شێوانی سەرلەبەری هۆزێکی دەکرد.

یوزباشی لە منداڵییەوە دەیزانی بابەتی قسەی ناو کوردەواری چییە، باوکی یەکێ لە پاڵەوانەکانی بوو. بینی قسە خۆش بوو و ئەویش گەرمتری کرد، لەو دەمی بەخەنینەوە سەیری قۆڵچیی دەکرد، گوتی:

– ئێستا چی دەڵێی حاجی ڕەزا؟ قارچکی وات لە حیجاز بینی؟

قۆڵچی لە نێوان بڕواکردن و نەکردندا گوتی:

– خودێ توانای دروستکردنی هەموو شتێکی هەس، هەرچی مەسەلەی ئەم



قارچکەشە، کە سوارێک بەئەسپەکەیەوە لە ژێر سێبەریدا نوستبێت، ئەوا بەعەقڵمدا ناچێت.

هەریەک لە یوزباشی و کوێخا زۆراب لە ڕووخساری ڕەمەزان وردبوونەوە، تەماشاکردنەکەیان دنەدانی پێوە دیاربوو، ڕەمەزان گوتی:

– حاجی ڕەزا، ئەگەر کەشتییەک هەبێت دەیان زەلام و سەدان گونیە هەڵگرێت، هەروەها وڵاخ و ئاشپەزخانەی تیادا بێ، باشە بۆ قارچکی وا نەبێ؟ خوا بتوانێ کەشتی وا چێ بکات، دەشتوانێ قارچکی واش دروست بکات. ئێمە بڕوامان بەهەموو قسەکانت کرد، ئەدی بۆ ئێوە بڕوا بەقسانی خەڵکی ناکەن؟

کوێخا زۆراب و یوزباشی بەجووتە گوتیان:

– ڕەمەزان ئاغا، ئێمە بڕوامان بەقسەکانت کرد، وەلێ تەنیا حاجی ڕەزایە گومانی لە قسەکانت هەس.

قۆڵچی گوتی: ئەگەرەکو ئێوە بەم شتە بڕوا بکەن، دەبێ دروست بێ. بەڵام بۆ خۆم قارچکی وام نەدیتووە.

ڕەمەزان بۆ قەناعەت پێکردنی زیاتر گوتی:

– مەرج نییە پیاو شتەکە بەچاوی خۆی ببینێ ئەوجا بڕوای پێ بکات، بۆ نموونە ئێمە بڕوامان بەجەنابی یوزباشی کرد، کاتێ باسی ئەو وڵاتە دوورەی بۆ کردین، کە ئەو شتە سەیرانەی تێدان، بێ ئەوەی بیبینین. هەروەها لە حەکایەتی کەشتییەکە بڕوامان بەتۆش کرد، بێ ئەوەی چاومان بەکەشتی کەوتبێت، هەروەک چۆن بڕوامان بەیەزدانی مەزن هەیە بێ ئەوەی بیبینین.

قۆڵچی بەقەناعەتەوە گوتی:

– ڕەمەزان ئاغا بڕوام بەقسەکانت هەن و چ گومانم نییە.

ڕۆستەم بەوریاییەوە گوێی بۆ قسەکان ڕادێرا بوو، لە بارەی دەریا و کەڵەکی سەر ئاو و کەشتیی زەبەلاح و گڵکۆی پەیامبەرەوە بۆچوونی خۆی هەبوو.

هەرچی قسەکانی مامی ڕەمەزانیش بوون، لە بارەی قارچکە بەرزەکە و مێرووله فیلەتەنەکەی وەکو بەربەست بە ڕووی ئاوەسپیدا وەستا، یاخود ئەو ورچەی

ئافرەتەکەی دزی و لەگەڵیا ژیا.

ئەمانەی چەند جارێک بیستبوون، دەیزانی هەڵبەستراوی خەیاڵن. بەدرێژایی ئەو ماوەیەی بەتەنیشت بابایەوە دانیشتبوو، بیری لای ئەو لوولە جادووییيە بوو، کە بەتەنیشت چەمەدانە چووکەکەی هەمبەر یوزباشییەوە بوو. بەگوێی باپیریدا چرپاند:

– بابە، خەوم دێ، دەمهەوێ بنووم.

زۆراب گوتی: کەواتە هەستە برۆ بنوو کوڕەکەم.

بەپاڕانەوەوە گوتی: ئاخر مامە یوزباشی دەهێڵێ بەر لەوەی بخەوم، لەو لوولەیەوە سەیرێ بکەم؟

کوێخا گوتی: مامە یوزباشی دەهێڵی بەدووربینەکەت سەیر بکەین؟

یوزباشی گوتی: بەڵێ، بێگومان دەتوانێ؛ بەڵام بەشەو نا، چونکە بەتاریکی هیچ نابینی.

ڕەمەزان چون چاوەڕێی ئەم ساتە بکات، گوتی:

– جەنابی یوزباشی سەرتان لێ شێواندووین، لەو وڵاتە دوورە بۆیان هەیە سەیری مانگ و ئەستێران بکەن، کەچی لە دۆڵی کفران بۆمان نییە، خەمت نەبێ، ئەم کوڕە زۆر ئازایە، ئەگەر لەسەر مانگ، یا لەسەر ئەستێرەکان دێو و درنجی بینی، ناترسێت، چونکە خۆی شەیتانێکی بچکۆڵەیە.



٣

دوای ئەو ڕێنوێنییەی قەرەجە جادووگەرەکە لە بارەی پێویستیی ژنهێنانی زۆرابەوە دای، پێوەندیی نێوان شێخۆ و قەرەجەکان زیاتر بوو. هەروەها زۆراب و دەمسپیی قەرەجەکان بەردەوام سەریان لە یەکتر دەدا. کاتێک شێخۆ بووە دەمڕاستی هۆزەکەی، لەگەڵ هەر شەش براکەیدا لە ماڵی بچووکەکەیان کۆبوونەوە و لەسەر پرسی ژنهێنان بۆ باوکیان و پێویستیی ژنهێنانی لەسەر پێشنیاری قەرەجە جادووگەرەکە، دووان. ئەمەش بەپێی ڕۆژژمێری هۆز لە ساڵی دووەمین ژنهێنانی زۆرابدا بوو، واتا بەر لە شازدە ساڵ لە سەردانەکەی یوزباشی. هەر شەش براکە لە دیوەخانەکەی کەریمی برا بچووکیان، کە بەمافووری گرانبەهای ئێرانی ڕاخرابوو، سەرینی ڕەنگاوڕەنگی لە پەڕ دروستکراوی بەسەردا بڵاو بووبوونەوە، کۆ بوونەوە. بەئاگاییيەوە گوێ قوڵاخی قسەکانی شێخۆی برا گەورەیان بوون، ئەویش هەموو قسەکانی پیرە قەرەجی وەک خۆی بۆ گێڕانەوە. کاتێ دڵنیای کردنەوە، نەوەیان تا ڕۆخانە دەگات و بابیان تا ئێستا وەک زەویی دۆڵی کفران بەپیتە و تا دەمرێت هەر وا بەرێژەو دەمێنێتەوە. نیشانەی سەرسووڕمان و دڵخۆشی بە ڕووی کوڕەکانەوە دیار بوو و لە خۆشییاندا خەریکبوو بفڕن. بەواقوڕمان و خۆشحاڵییەوە لە یەکیان دەڕوانی. لە ناخیاندا باوەڕێکی چەسپاو سەری هەڵدەدا، کە لە باوکیانەوە هەمان هێز و بەپیتیی بێ سنووریان بۆ دەمێنێتەوە. دوای گفتوگۆ و قسە لەسەر کردنی زۆر دەربارەی ژنی چاوەڕوانکراوی باوکیان، بڕیاریان دا دوای ئەوەی چەندین پێشنیازیان دەربارەی بنەچە و هۆزی بووکە و ڕۆژی گواستنەوەی خستە ڕوو، بڕیاریان دا قسە لەگەڵ باوکیاندا بکەن.

لە دانیشتنێکی دوو بەدوودا لەگەڵ باوکی، شێخۆ هەموو پێشنیازەکانی بەباوکی گوت. زۆراب پێشنیازی ژنە قەرەجەکەی زۆر پێ خۆش بوو، وەلێ بڕوای نەدەکرد ئاوا بەزوویی کوڕەکانی بۆی بجووڵێن، چونکە چەند ڕۆژێکی نەبرد، ئیشەکە بوو بەڕاست. زۆراب دوای پێکگەیشتنی لەگەڵ ژنە قەرەج، بەتەواوی گۆڕا، وەڕسی و بێ

هیوایی و هەستی پیربوون بەیەکجاری لە ناخیا نەمان، گەشبینی و شادی و هەست بەبەهێزی جێیان گرتنەوە. چونکە دوای دوو ڕۆژ لە چاوپێکەوتنی ژنە قەرەج، سواری ئەسپەکەی بوو و سەردانی ئامۆزاکانی لە گوندە پەرش و بڵاوەکانیان لە پشت شاخی مازووخەوە کرد و دوو شەو لەوێ مایەوە، دوای ئەوەی زیاد لە دوو ساڵ بوو سەری لێ نەدابوون. ئەو کاتەی ئەوان دەستکورت بوون، زیاد لە جارێک سەریان لێ دا، بێ ئەوەی ئەم جارێک سەردانییان بکات. ئیدی ئەمانیش دوای ئەوەی ئەو باوەڕەیان لا چەسپی، کوێخا زۆراب لە سۆنگەی دەوڵەمەندی و شکۆوە لەخۆبایی بووە. دوای ئەوەی داوای لێبووردنی لێ کردن، دڵنیای کردنەوە ئیدی لەمەودوا سەردانەکانیان بەردەوام دەبێ و پێویستە ئەندامانی خێزان لە نێوان خۆیاندا یەکگرتوو بن. چونکە دنیا لە گۆڕاندایە و ئاتاجی یەکتر دەبن. پاشان پێشنیازی ئەوەی بۆ کردن، ئەم تەپۆڵکە کاکی بەکاکییەی نە ئاوی هەیە و نە ژیان جێ بهێڵن و بێنە دۆڵی کفران.

لە ڕاستیدا ئەو ناوچەیە تا بڵێی جوان بوو و لەوەڕگەی باشی هەبوو، لێ زەوییە کشتوکاڵییەکانی کەم و دژوار و ناهەموار بوون. گرنگترین شتێک دەڤەرەکەی پێ بناسرایەتەوە ئەو کانییە بوو، کە لە ئەزەلەوە نەوتی لێ هەڵدەقوڵا. سوودیان لەم مادەیە دەبینی، لە کوندەیان دەنا و بەهۆزەکانی دییان دەفرۆشت. بۆیە پێشنیازی ئەوەی بۆ کردن بەیەکجاری جێی نەهێڵن، بەڵکو تاقە دێیەک بهێڵنەوە، چونکە پێویستییان بەنەوت دەبێت. هەروەها ناکرێ پاوەنی باش لە دەست بدرێت، چونکە لە هاوینان بۆ مەڕوماڵات پێویستیان پێ دەبێت. کوڕە مامەکانی پێشنیازەکەیان بەدڵ بوو، چونکە ئەو ساڵە زۆر دەستکورت و نەدارا بوون، نەخوازە بەروبوومەکەی ئەو ساڵەیان زۆر خراپ بوو. ڕانە مەڕەکانیان کەوتنە بەر پەلاماری گەلەگورگ، بێ ئەوەی بتوانن بیانپارێزن. سەرەنجام لەسەر پێشنیازەکەی ڕێککەوتن، بەمەرجێک لە ماوەیەکی کەمدا جێبەجێی بکەن. خزم و خوێشەکانی سەیریان هات، چۆن دوو ساڵ بەسەر مردنی خێزانەکەیدا تێپەڕیوە و ژنی نەهێناوە. لە کاتێکدا پیاوێکی وەک ئەو هی ئەوەیە لەم تەمەنەدا ئافرەتێکی باش خزمەتی بکات. چونکە ماڵی بێ ژن گۆڕێکە بۆ خۆی. پێیان ڕاگەیاند ئافرەتێکی جوان و باشیان هەیە و لە کچە مامەکانی



خۆیەتی، چل ساڵی تێپەڕ نەکردووە. هەنگینێ چاوی پێ کەوت دڵی بەتوندی لێی دا، کچە جنۆکەکەی بیر هاتەوە. جارێکی دییش داوای لێبوردنی لێ کردن، کە ئەم ماوە درێژە لێیان بێ ئاگا بووە، هەرچەندە لەبەر هیچ نەبووە، تەنیا ئەوەندە نەبێت بەکاروباری ژیان و کوڕەکانییەوە خەریک بووە، پاشانیش پیری. دڵنیاشی کردنەوە ڕاوێژەکەیان لە بارەی ژنهێنانەوە بەهەند وەردەگرێت، چونکە ژنهێنان نیوەی ئاینە. ئەو ماوەیەشی بەسەر مردنی ژنەکەیدا تێپەڕیوە بەسە بۆ ئەوەی بێ ئازاری ویژدان ژن بهێنێت.

کوێخا زۆراب ئەو کات تەمەنی شەست و پێنج ساڵ دەبوو، لێ پیریەی دیار نەبوو و گوڕ و تینی تێدا مابوو. سەرنجەکانی ئەو ئافرەتەی لە شووکردن بێ هیوا بووبوو، تا نەهۆش جوانییە لە ڕادەبەدەرەکەی پاراستووە، قایلبوونی پێوە دیار بوو. نەخوازەڵا زۆری لە بارەی ئامۆزاکەی باوکییەوە بیستبوو، چونکە بەئازایەتی و شکۆمەندی ناسرا بوو.

کوێخا سەری دانەواند بوو و بەتوندی قومی لە دارجگەرەکەی دەدا، بەدیقەتەوە گوێی بۆ شێخۆ ڕادێرا بوو، کە بەهێمنی و قەناعەتەوە دەدوا. هەردووکیان بەتەنێ لە دیوەخانەکە دانیشتبوون. تەنانەت ڕەمەزان کاتێ زانی هەردووکیان قسەی تایبەتیان هەیە، پێی نەنایە دیوەخانەکەوە، بەڵکو بێ ئەوەی هەستی پێ بکەن بەرەو دوا کشایەوە. زۆراب بەوە ناسرا بوو، کە زۆر هەست ناسکە و زووش دڵی گەرد دەگرێت. هەرچەندە ئەگەر ناچار بێ ئەوا بێ چاوترووکاندن پیاو دەکوژێ. ئەو کاتی شێخۆ لە قسەکانی بووەوە و دڵنیای کردەوە هەر حەوت کوڕەکەی ئاواتەخوازن زەماوەندی ببینن، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و دوو دڵۆپ فرمێسک بەڕوومەتیا خزین. قوڕگی گیرا، تاوێک وەستا و گوتی:

– هەموو شت لە دەستی خوادایە. ئەگەر خوا شتێکی ویست، ئەوا هەر دەبێ ببێت.

شێخۆ گوتی: خوا فەرمان دەدا و ئێمەش جێبەجێی دەکەین... هەموو شتێ تەواو بوو، ماڵەکەمان پێویستی بەکابانێکی ترە، خۆت باش دەزانی خوشک و خێزانم بەتەنیا لە حەق نایەن. ئیشوکاری ماڵەوەش ڕۆژ بەڕۆژ ڕوو لە زیادبووندایە. دەبێ ژن

بێنیت. خۆت پێمان بڵێ بچین بۆ لای کام هۆز یان کام ماڵ، تا داخوازیت بۆ بکەین؟ خۆت نەبی ئێمە ناتوانین یەکلای بکەینەوە.

عادەت وابوو، ئەگەر یەکێک بییویستایا ژن بهێنێت، نەخوازە کوێخا بێت، ئەوا لە کەلێنی خواستی ڕۆحی و سێکسییەوە بۆ ئافرەت ناچوون، بەڵکو بەبەهانەی ئەوەی پێویستە بۆ پێکەوەنانی خێزان، یاخود ماڵەوە پێویستی بە ژنە و ئاینیش بەژنهێنان کامڵ دەبێت. هەموو لە دڵی خۆیاندا ئەوەیان باش دەزانی، هەموو ئەمانە تەنیا ڕووپۆشێک بۆ پێویستیی ڕاستەقینەی دیکە، ئەویش پێویستیی ڕۆحی و جەستەییە بۆ ئەوی تر.

کوێخا و شێخۆ ئەوەیان باش دەزانی، خواستێکی ڕاستەقینە هەیە بۆ ئافرەت، تا جێی ساردوسڕی گەرم بکاتەوە. بەر لەو پێشبینییەی قەرەجەکە بەچەند مانگێک، کوڕێل هەستیان بەوە کردبوو باوکیان زوو هەڵدەچێ و خۆی دوور دەگرێ و جگەرەش زۆر بەبا دەدات، زۆر جاریش سواری پشتی ئەسپەکەی دەبێ و ڕۆژێکی تەواو بزر دەبێ و شەوەکی دەگەڕێتەوە، بێ ئەوەی قسە لەگەڵ کەسدا بکات.

ڕۆژێکیان بێ ئەوەی هەست بکات، کەریمی کوڕە گچکەی دووی کەوت. لە دوورەوە بینی لەسەر تاوێرێک دانیشتووە و بەدەنگێکی غەمناک گۆرانی دەچڕێت. کەریم دەیزانی باوکی گۆرانی دەڵێت، مەگەر لە بۆنەیەکی زۆر گرنگ بووایا، ئەگینا گۆرانی نەدەچڕی. لەو ڕۆژەوە هەستی کرد بابی بەدەست شتێکەوە دەناڵێنێت. کاتێ ئەمەی بەبراکانی گوت، دڵنیایان کردەوە، تاکو ئێستا بۆ دایکیان غەمبارە. لێ کەریم قەناعەتی نەهێنا، بەڵکو بەڕاستی گوتی، بابیان پێویستی بە ژنە و دەبێ ژن بهێنێ و لەسەریانە پێی بڵێن. براکانی قسەکانیان بەهەند نەگرت، بەڵکو بەهەڵەشەیان دانا. خۆ ئەگەر بابیان حەزی بەژن بێت پێویستی بەڕاوێژی ئەوان نییە. سەرەڕای ئەو پێوەندییە بەتینەی لە نێوان کەریم و بابیدا هەبوو و زۆر جار پێکەوە بۆ ڕاو دەردەچوون، ئینجاش نەیتوانی پێی بڵێت. بۆیە کاتێ شێخۆ لەگەڵ براکانیدا کۆ بووەوە، تا قسە لە ژنهێنانی بابیان بکەن، لەخۆڕا ماڵی کەریمی هەڵنەبژارد. ئەوە بوو لە دەستپێکی قسەکانییەوە چووە سەر ئەو تێبینییە ورد و زیرەکانەیەی برا بچووکەکەی لە بارەی ئەو کۆژانەی بابیان بەدەستییەوە دەیناڵاند، وورووژاندی. بۆیە



لەو کاتەوە لە زۆرێک لەو کارانەی پێوەست بەهۆزەکەیانەوەیە ڕاوێژی پێ دەکات. باوکی لەمێژەوە گوتبووی بچووکی هۆز ئەگەرچی هەندێک جار هەڵەشەش بێت، وەلێ لە هەمان کاتدا بیر تیژ و گورجوگۆڵە.

زۆراب لە کاتێکدا دەیویست پێ خۆشبوونەکەی بشارێتەوە، بەدڵێکی کراوەوە گوتی:

– کەواتە قسەتان لەسەر ژنهێنانم کردووە، شتەکی جوانە منداڵ ئاوا بیر لە باوکی بکاتەوە. کوڕم شێخۆ من شانازیتان پێوە دەکەم. خوا دەست بەباڵتانەوە بگرێت. ئەگەر باوک لە کوڕەکانی ڕازی بێت، ئەوا خواش لێیان ڕازییە. ئەگەر هەر دەبێ ئافرەتێک بێتە ماڵەکەمان، ئەوا دەبێ یەکێک بێ لە ئامۆزاکانی خۆمان. نەخوازەڵا کچیان پێشکەش کردووین. چونکە ئەگەر ڕەتی بکەینەوە، ئەوا بۆ یەکجاری نێوانمان دەبڕێت.

دابونەریتی دۆڵی کفران و هۆزەکانی دەوروبەری وا بوو، ئەگەر خێزانێک یاخود هۆزێک کچێکی پێشکەش بەهۆزەکەی دیکە کرد، دەبوو پابەندی بوونایا، چونکە ئەوە مانای وا نییە لە کچە بێزارن و دەیانەوێت لێی ڕزگار بن، نەخێر، بەڵکو ڕێزلێنان و بەگەورە زانینی ئەوی دییە، هەر بەمەش پێوەندیی خوێن و دۆستایەتی بەتینتر دەبێت.

زۆراب بەئازارەوە درێژەی بەقسەکەی دا:

– سالانێکە ئێمە ئامۆزاکانمان لە بیر کردوون و سەریان لێ نادەین، وا دیارە کاروباری دنیا خەریکە خۆشەویستانمان لە بیر دەباتەوە.

عادەتی کوڕەکان وا بوو، ئەگەر شتێکی زۆر پێویست نەبووایا، لە حوزووری باوکیان قسەیان نەدەکرد، یاخود وەڵامی پرسیاریان نەدەدایەوە، بۆیە شێخۆ تەنیا گوێی دەگرت، هەڵبەت بەئاگادارییەوە، چاوەڕوانی دەکرد تا بابی لە قسەکانی ببێتەوە. کاتێکیش باوک لە قسەکانی دەبووەوە بەنیگایەک کوڕەکەی تێدەگەیاند لە قسەکانی بووەتەوە و ئێستا دەتوانێ چی هەیە بیڵێت.

ئەم نەریتە لە نێوان براکانیشدا پێڕەو دەکرا، هەمیشە برا گەورە حیسابی باوکی بۆ دەکرا. ئەم شوێنکەوتنە لە ئەنجامی بەزۆر یا بەترس سەپاندنەوە نەهاتووە، بەڵکو

لە باب و باپیریانەوە وەریانگرتبوو. ئەم نەریتەش لە ڕێگەی نیگاکردنەوە بوو.

شێخۆ ئەوەی بەبیردا هات، هەر بەڕاستی ئەوان خزمەکانی خۆیان، ئەوانی ئەودیو چیای مازووخیان فەرامۆش کردووە. کاتێ دڵنیا بوو بابی لە قسەکانی بووەتەوە، گوتی:

– مایەی خەمە ئێمە بیرمان لەمە نەکردووەتەوە، دەبێ لەو کەمتەرخەمییەی نواندوومانە بەخۆماندا بگەین، سبەینێ دەچین سەریان لێ دەدەین.

کوێخا زۆراب خۆی لە ورد و درشتی کاروبارەکان هەڵنەدەقورتاند، لێیان دەگەڕا بۆ شێخۆ. چونکە لە توانای ئەو دڵنیا بوو. ڕۆڵەکانی هۆزی دۆڵی کفران بەوە ناسرابوون، ئەگەر بڕیارێکیان دا، ئەوا دەبوو بەزووترین کات جێبەجێ بکرایا. ئیدی ئەمە لایان بووبووە نەریت و لە باپیرانیانەوە بۆیان مابووەوە. ئەوان بڕوایان وابوو ئەو بڕیارەی دواخستن قبووڵ بکات، نابێ ناوی بنرێت بڕیار، بەڵکو شتێکی تر. ئەمەش لەوەوە هاتبوو، دەبێت ئاسن بەگەرمی بکوترێت. ڕۆژی دوایی جووڵە کەوتە دۆڵی کفرانەوە، هەواڵی ژنهێنانی باپیرە گەورە کەس نەیزانی چۆن، وەک ئاگر لە پووش بەردرابێ، ئاوا بڵاو بووەوە. هەروەها هۆزەکەیان بەخۆشحاڵییەوە پێشوازییان لە هەواڵی پێوەندیی نێوان کوڕانی ئامۆزایاندا کرد. هێستر و گوێدرێژەکانیان لە گونیە گەنم و جۆ و ساوەر و برنج بارکردن، حەوت بەرخ و مانگایەکیشیان ڕووەو چیای مازووخ بەرەوپێش خۆ دا. لە ڕاستیدا سەرەڕای ئەوەی ئەم دیارییانە یارمەتی بوون بۆ کوڕە مامەکانیان، مارەیی بووکەکەی زۆرابیش بوون. شێخۆ بەخۆی پێشەنگی کاروانەکە بوو. ڕەمەزان و کەریم و ژنەکەی و ژنەکەی ڕەمەزانیش، کە دوای دوو ساڵ مرد، لەگەڵیاندا بوون. کوڕەکان قەستی ئەوەیان دەکرد هەموویان پێکەوە بڕۆن، لێ لەسەر ڕێنوێنییەکەی باوکیان، لە ترسی چاوی خراپ و ئیرەیی، بەکۆمەڵ دەرنەکەون. نەڕۆیشتن. کوڕە مامەکانیان ڕەشماڵێکی گەورەیان بۆ پێشوازی میوانەکان هەڵدابوو. ئەو شەوە بووە خۆشترین شەوی هۆزەکەیان، چونکە ڕەشماڵی باب و باپیران سەرلەنوێ کۆی کردنەوە. شێخۆ و میرزا ئاغای ئامۆزای کوێخا زۆراب و ڕەمەزان لای پێشەوەی ڕەشماڵەکە دانیشتن. هەژاری و نەداری بەمیرزاوە دیار بوو. هەرچەندە باشترین پۆشاکی خۆی لەبەر کردبوو. ڕەشماڵە



گەورەکە دەیڕوانییە سەر دۆڵێکی قووڵ، چیای مازووخی هەمیشە سەوز بەسەرییەوە دەیڕوانی. زستانی سەخت چووبوو و بەهار بەخۆری نیمچە گەرم و ڕەنگە تابانییەکانییەوە، جێی گرتبووەوە. میرزا لەو کاتەی لە چیای مازووخ کە ڕۆژەکە شاردبوویەوە، ڕاما بوو، گوتی:

– ئەگەر چیا بەچیا نەگات، دەبێ خزم و خوێش بەیەک بگەن. مادامەکی لە ژێر ڕەشماڵی باب و باپیراندا یەکمان گرتەوە، ئیتر بشمرم قەیناکا.

میرزا بەر لەوەی بنەماڵەکەیان بەرین ببێتەوە و ببێتە هۆزێکی گەورە لە دۆڵی کفران و دەوروبەری چیای مازووخ، لەگەڵ ئامۆزاکانی تریدا، بەزۆراب و ڕەمەزانیشەوە، لە ماڵی بابایان لەو گوندەی کە کەوتووەتە سەر جەوەڵ قاجر، دەژیا. ئەو کات ئاژەڵێکی زۆریان هەبوون. کاتی خۆی باپیرە گەورەیان ئەم ڕەشماڵەی، کە لە تووکی بزن چنرا بوو لە باوکییەوە بۆ مابووەوە. ئەمیش زۆر بایەخی پێ دەدا و ساڵانە بەدەستی خۆی چاکی دەکردەوە و خەریکی دەبوو. هەمیشە دەیگوت، بنیادەم دەبێ وەکو باڵندە ئازاد بێ، چونکە ئەم خانووانەی لە بەرد و قوڕیان چێ دەکەین، دەمانکەن بەکۆیلەی زەوی. هەرچی ڕەشماڵە ئەوا ماڵی بزۆکە و دەتوانین بۆ ئەو شوێنەی کە خێر و فەڕی لێیە بیگوازینەوە.

ئەوان لە بەهار و زستان دەچوونە ئەوپەڕی دۆڵی کفران، لای ڕووباری ڕۆخانە. هەرچی هاوین و پایز بوو، دەگەڕانەوە گوندەکەیان، ئەو کات لەوەڕگەی زۆر دەبوو. باپیرە گەورەیان تا بڵێی کەمدوو بوو و شەو و ڕۆژ کاری دەکرد، بۆیە کوڕەل هیچیان لە بارەی ڕابردوویەوە نەدەزانی. ئەویش هیچی لە بارەی دنیاوە نەدەزانی، بەردەوام قاتر ئاسا کاری دەکرد. دەڵێن گوایە لە هێستریش بەهێزتر بووە. جارێکیان نەنکیان گێڕابوویەوە، پێ دەچێ ئەمەش تاقە زانیاری بێ لە بارەی گەنجیی باپیرە گەورەیانەوە. جارێکیان بەگەنجی بەکەرەکەیەوە، کە باری کردبوو لە گەنم، چووبوو بۆ گوندی دەلتاوای نزیک بەغدا، بەبارێک خورماوە گەڕابووەوە، کاتێک گەیشتبووە بەرزاییەکانی شاخی حەمرین، کەرەکەی لە شەکەتیدا تۆپی بوو. گونییەکەی بەشان دادا بوو و کەوتبووە ڕێ، کاتێ گەیشتبووە ماڵ، بە ژنەکەی گوتبوو کە بارەکەی سەرشانی هێندەی ئەو دڕکە نەعلەتییەی بەپێیدا چووە ماندووی نەکردووە، داوای لێ

کردبوو درگەکە لە پێی دەربێنێ، کاتێک دەری هێناوە دەرکەوتووە بزمار بووە نەک درگ. وا دیارە ئەم ڕووداوە نەچووەتە ڕۆژژمێری هۆزەکەیانەوە. ڕەنگە لەبەر بێ بایەخی ڕووداوەکە بووبێت، یاخود پێ دەچێ ڕۆژژمێری هۆز هێشتا دەستی پێ نەکردبوو. هەرچەندە نەوەی نەوەکان بڕوایان بەڕاستی ئەم هەواڵە نەبووبێ و بەخەیاڵیاندا نایێت، وەلێ زۆر کەس ئەوە دووپات دەکەنەوە، کە لە ورچ بەهێزتر بووە و ڕووداوی وای بەسەردا هاتووە گەلەک لە بارە خورماکە گرنگتر بووە، لەبەرئەمەش ناویان نابوو (ناله گورگه). بەپێی قسەی داپیرە گەورەیان، نالە گورگە، لە ماڵی باوک و براکانی هەڵگەڕاوەتەوە و جگە لەو چادرە میراتییە هیچی پێ نەبڕاوە، چونکە لە پارە کۆکردنەوە پشتی بەخۆی بەستبوو. ئەگەر یەکێکیش لە بارەی باوک و براکانییەوە پرسیاری لێ بکردابا، دەیگوت کەسی نییە و دومەڵان ئاسا لە زەمینەوە هەڵتۆقیوە. هیچ یەکێک بە ژنەکەیشییەوە نهێنی شانازیکردنی بەڕەشماڵەکەوە نەدەزانی. بۆیە کاتێ مرد، منداڵەکانی میراتییەکەیان بەش کرد، دوای ئەوەی خێزانەکەیان گەورە بووبوو و نەیاندەتوانی لە یەک ماڵدا پێکەوە بژین، باوکی میرزا پێی لەسەر ئەوە داگرت، ڕەشماڵەکە هەر دەبێ بۆ ئەو بێ. لە وەسیەتکردنەکەیشیدا وتبووی ئەو ڕەشماڵە بارتەقای هەموو سامانەکەیەتی.

چونکە تەنیا میراتییەکە بۆی مابێتەوە. یەکێ لە براکانی، کە دەکاتە باوکی زۆراب گوێدرێژەکەی خۆی پێ دا، تا بۆ کوێ بیەوێ ڕەشماڵەکەی بگوازێتەوە. بەم ئاوایە میرزا ڕەشماڵەکەی لە باوکییەوە بۆ مایەوە. شێخۆ لە کاتێکدا چاوی لە ڕەشماڵە گەورەکە بڕیبوو، کە پانتاییەکی گەورەی داگیر کردبوو، لەمیانەی داوە ڕەشە زبرە بەیەکداچووەکانییەوە بۆنی باب و باپیرانی دەکرد، گوتی:

– ئەم ڕەشماڵەی، کە باوە گەورەمان تا ڕادەی شێتی خۆشی ویستووە، دەبێ جوانترین جەژن و زەماوەند ببینێت، ئێمە ئەمڕۆ هاتووین نەک تەنیا بەسەردان پێوەندیمان خۆش بکەین، بەڵکو تا خوێنی نوێی بەبەردا بکەین. هاتووین خوازبێنی سنجانی ئامۆزامان بکەین.

میرزا بەخۆنازینەوە وەکو ئەوەی لەمێژە چاوەڕوانی ئەم ڕۆژە بووبێت، گوتی:

– ئێمە نەمانویست سنجان بدەینە دەستی یەکێ لە دەرەوەی هۆزەکەمان بێت، وا



ئەوەتا دەبێتە سۆنگەی سەرلەنوێ پێک شادبوونەوەمان.

ڕەمەزانیش گوتی: دەبێ سنجان خێر و خۆشی بۆ دۆڵی کفران بهێنێت، هیواخوازم ئەو ڕۆژە بێت ئەم ڕەشماڵە لە جوانترین شوێن هەڵدەین و هەرسێ بەرە مام ژیانمان پێکەوە بەرینە سەر.

میرزا سەرە پێچراوە بەخوترە سپییە کۆنەکەی لەقاند و بەدەمە فڵتەکەیەوە گوتی:

– ئەمە ئاواتی منیشە، هەڵبەت دەبێ ڕۆژەک بێت ئەمە بەدی بێنین. ڕۆحی بابامان ئەو کاتەی، کە بەهەواڵی زەماوەندی سنجان و زۆراب دەزانێت، ئاسوودە دەبێت.

ڕەشماڵە گەورەکە وەکو شانەی هەنگ جمەی دەهات. قازانی گەورە گەورە لەو دەشتە ڕیز کرابوون، ئاگر لە ژێریاندا نێڵەی دەهات، هاڵاوی بەرز بووەوەی خواردن بەلووتی ئەوانەدا دەچوو، کە خەونیان بەگۆشتەوە دەبینی. منداڵەکان بەجلی شڕ و پای پەتییانەوە نانیان دەجاوی و بەتامەزرۆییەوە چاوەڕێی بەشە گۆشتاوی گەرمیان دەکرد.

شێخۆ لە کاتێکدا لە هەموو شت زیاتر بیری لای ڕەشماڵەکە بوو، گوتی:

– دۆڵی کفران نەک جێی هەر پێنج گوندە بچووکەکانتان، بەڵکو جێی زیاد لە سەد گوندیشی تێدا دەبێتەوە. خێر و فەڕی لە بن نایەت.

ڕەمەزانیش پشتگیریی کرد: هەر لەبەرئەمەش بوو خۆم و ماڵ و منداڵم لە بەرزاییەکانی جەوەڵ قاجرەوە لێژ بووینەوە و لەوێ گیرساینەوە و دواڕۆژەکانی تەمەنم لە نێو ڕۆڵەکانی هۆزەکەمدا دەگوزەرێنم.

– باشە، ئامۆزایەل، دێین. لەسەر وردەکارییەکان لەگەڵ کوێخا زۆرابدا ڕێککەوتووین. وەلێ شێنەیی پێ دەوێ، چونکە پەلەکردن لە شەیتانەوەیە و ئارامیش لە یەزدانەوە.

دوای چەند حەفتەیەک لە زەماوەندی زۆراب، میرزا بەڕەشماڵەکەیەوە لەگەڵ هەندێک لە کەسوکاری گواستیانەوە بۆ گوندی بانشاخ.

لە یەکێک لە ژوورە بچووکەکانی ناوەوە، خاڵی لە دەلاقە و لەمپایەکی کزی زەیتی ڕووناکی دەکردەوە، ئاو بۆ سنجان گەرم کرابوو تا کوڵ بکات. پەندێکی باو لە ناو

هۆزی کفراندا بڵاو بوو، دەیگوت (مرۆڤ سێ جاران بەتەواوی خۆی دەشوات، ئەو دەمی دێتە دنیاوە، ئەوجاریش کە زەماوەند دەکات، دواییش بەر لەوەی بینێژن).

هەموو کاتیش دایەن ئەم کارەی دەکرد، چ بۆ ئافرەت و چ بۆ پیاوان، ئەوانەی تازە ژن دێنن. ئەو لە کاتی کرداری پێکەوە خەوتندا ڕێنوێنیی دیاریکراوی دەدانێ، چونکە بەلای لاوانی کچ و کوڕەوە ئاڵۆزترین کردار بوو. دوای ئەوەی بەگڵەسەر قژی ڕەش و درێژیان شوشت. ئەو گڵەی لە هەندێ شوێنی چیای مازووخ دەریان دێنا. پیرەژن بەهاڕاوەی زەرنیخ تووکی بەر و بنباڵی هەڵگرت، پاشان سەلکە سابوونەکەی، کە تەنها لە بۆنەکاندا بەکار دەهێنرا، خستە گەرووی لفکە زبرە بەخوری چنراوەکەوە، بەنەرمی دەستی لاوازی بەشان و گەردن و پشت و لاقەکانی و هەموو شوێنێکی جەستە تەڕ و پڕەکەیدا هێنا، کە تا نهۆ نەرم و شلی و خەرامانیی پاراستبوون. سنجان چاوە ڕەشە درشتەکانی لێک نابوون و چێژی لەو شێلانە وەردەگرت، کە پێشتر نەیچەشتبوو. موچوڕکی لەزەت بەهێوری بەدەمار و مووڕەگەکانیدا دەهاتن، تا لە شوێنێکی نەزانراوی جەستەیدا کۆ بێتەوە. دوای ئەوەی پیرێژن لە دەست پێداهێنانی ژێر باڵی بووەوە، زۆر بەناسکی لفکە کەفاوییەکەی بەنێوان مەمکۆڵانیدا هێنا، دواتر لە سکە لووسەکەیەوە دابەزی بۆ بەری، لە کاتێکدا هەردوو لاقی پێکەوە نووساندبوون و کرژی کردبوونەوە، پیرێژن دەستی چەپی خستە ناو گەڵێیەوە و بەدەنگێکی گەرمی دایکانەوە، گوتی:

– پێویست بەخۆ گرژکردنەوە ناکات کچم، لاقەکانت خاو کەرەوە، ئاگادار بە کاتێک لە ئامێزی هاوسەرەکەتی نەکەی کورژیان بکەیتەوە و بیانهێنیتەوە یەک، ترسی ناوێت. پێشوازی لە خۆشترین ساتی ژیانت دەکەیت.

ئەو دەمی قاچەکانی خاو کردنەوە، پیرێژن ناو گەڵی و دەوروبەری نەرمتر لە جاران دەشێلان، لە هەمان کاتدا بەدەستی چەپی ملی دەشێلا، پاشان بەرەو مەمکۆڵانی دابەزی، سنجان هەستی کرد خوێن بەچێژ و لەزەتێکی سەیرەوە لە جەستەیدا قوڵپ دەدات و بەگیانیدا تەشەنە دەکات، بەر لەوەی موچوڕکی پێدا بێت، بێ ویستی خۆی پیرێژنی گرت و کەوتە ئاخ و ئۆف، پیرێژن کاتێک بەدەستی ڕاستی ناو گەڵی دەگووشی و بەدەستی چەپیشی مەمکی گرتبوو، گوتی:



– ئەمە نیشانەیەکی باشە کچم، تۆ تا ئێستا هێزی لاویت پاراستووە، دڵ لە دڵ مەدە، لەگەڵ کوێخا زۆرابدا زۆر بەختەوەر دەبیت، ئەو پیاوێکی بەهێزە، گەورەکان گەلێک لەو منداڵکارە ڕووتەیانە باشترن، کە جیاوازی لە نێوان زێ و ناوکدا ناکەن.

سنجان لە ژێر کاریگەریی موچوڕکەکەدا مابووەوە. پیرێژن هەستا ئاوی گەرمی بەگیانیدا کرد، پاشان بەپارچە قوماشێکی لۆکە وشکی کردەوە. لەو کاتی یارمەتی دەدا جلەکانی لەبەر بکات، گوتی: پیاوەکەت لەم مەسەلانە بەڵەدە، بۆیە هیچ گرفت و ئاریشەیەکت نایەنە ڕێ. گوێڕایەڵی پیاوەکەت بە و خزمەتی بکە، چی ویست بۆی بکە. کاتێ خۆت حەزت لێ بوو هەراسانی نەکەیت، بەڵکو هەندێ خۆت گران بگرە نەک بەرگری بکەی، لەگەڵیا نەچیتە جێگەوە ئەگەر لە پاکیت دڵنیا نەبیت، تەنیا ئەوەندە بەسە بەر و دوای سەرجێیی بەئاوی گەرم بیشۆی. ڕۆژانی بێ نوێژی ئەگەر خۆشت حەزت لێ بوو، چەندێک داوای لێ کردی نەکەیت توخنی بکەوی. دوای سێ حەفتە یاخود مانگێک، پاش ئەوەی بەیەکجار شەرمت لێی دەشکێ، خۆ ڕەنگیشە دوای چەند ڕۆژێک شەرم و فەدیت نەمێنێ، دەبێ تۆش یارمەتیی بدەیت ئەگەر حەزی لە کردن بوو، چونکە ئەو بەتەمەنانە وەکو تازە لاوێک نین، ئەوان پێویستیان بەدەست پێداهێنان و شێلان هەیە. دەبێ شوێنە هەستیارەکانی جەستەی بدۆزیتەوە، دەشتوانی لێی بپرسیت. ئەم شتانە شوورەیی نین کچی خۆم. خوا خۆی جوانە و جوانیشی خۆش دەوێ. هەموو پێغەمبەر و خواپەرستەکان خۆشەویستییان کردووە و ژنیان هێناوە و سەرجێیییان کردووە و منداڵیشیان هێناوە. ژیان بێ کردن بەردەوام نابێت. بمانەوێ و نەمانەوێ ئەمە یاسای ژیانە. بۆیە شەرم و فەهێت لەم کارەدا نییە.

لە کاتی مارەبڕیندا نەریت وابوو، بووک و زاوا لە پێش شایەدەکان و مەلا قسەیان بەیەکەوە نەدەکرد، بەڵکو نزیکترین کەسی خۆیان ڕادەسپارد تاکو بەناویانەوە قسان بکەن.

مامۆستا لە هەردوو لای دەپرسی داخۆ بەڕاستی ئەو دووانەیان ڕاسپاردوون. هەرچی زۆراب بوو دیار بوو شێخۆی هەڵبژاردبوو، تا بەناوییەوە قسان بکات، وەلێ بەمە سوکنایی ناهات و دەیویست بەخۆی قسە لەگەڵ سنجاندا بکات. کاتێک

مامۆستا چووە ژوورێ، سنجان تازە لە قاوەڵتی بووبووەوە. بەلای مامۆستاوە سنجان بەو جلە ورشەدارەوە، کە ژنەکەی شێخۆ بۆی هێنابوو، دەتگوت کچە میری بابانە، مامۆستا زمانی تێکئالا، پاشان قسەکانی ڕێکخستن و بەشەرمەوە چاوی لە زەوی بڕی:

– تۆ میرزا ئاغات ڕاسپاردووە بەناوتەوە قسە بکات؟

بەخۆنازین و بڕوا بەخۆبوونێکەوە گوتی:

– بەڵێ مامۆستا.

– ئەی ڕازیت ئەگەر مارەت ببڕین؟

– بەڵێ مامۆستا.

مامۆستا بەشەرمێکەوە سەری لە زەوییەکە هەڵنەدەبڕی، گوتی:

– کچی خۆم ئەمە دوا پرسیارە. تۆ بەئارەزووی خۆت لە جێی خۆتت دانا، یاخود بەزۆر؟

– نەخێر مامۆستا، کەس زۆری لێ نەکردم.

دوای ئەوەی ڕێوڕەسمی مارەبڕین لە ڕەشماڵە گەورەکە، کە تیشکی خۆری بەهار گەرمی کردبوو، تەواو بوو، هەمووان، ژنان و پیاوان دەستیان لە ملی یەکدی کرد و نوقڵی بادەمی شیرینیان دابەش کرد، ئەسپەکانیش تەیار و ئامادە کرابوون، تا لەگەڵ بووکدا بڕۆن. کاتێ سنجان بەیارمەتی شێخۆ سواری پشتی ئەو ڕەخشە بوو، کە بۆی تەرخان کرابوو، دایکی و خزم و خوێشەکانی فرمێسکیان بۆ ڕشت. نیشانەی شانازی و دڵخۆشی بەمیرزاوە دیار بوو، کە دەیبینی شێخۆ جڵەوی ڕەخشی بووکی بەدەستەوە گرتووە و بەپێ ڕێ دەکات. ئەویش نەیتوانی بەر بەفرمێسکەکانی بگرێت، کە بەسەر ڕیشە چەرمووەکەیدا دەڕژان. تا لە گردەکان ئاودیو بوون دەستیان هەڵبڕیبوو و خواحافیزییان لە یەکتر دەکرد. دووری نێوان گوندی بانشاخ و مازووخ بەپێیان لە نیو ڕۆژ تێناپەڕی. کاتێ خەریکبوو بگەنە دۆڵی کفران، ڕۆژەکە لە نێوجەرگەی ئاسماندا بوو، گەرمایی بەهەموو لایەکدا پەخش دەکرد. ستوونی دووکەڵ لە گوندی پڕ لە جمە و ژاوە ژاوی بانشاخ بەرز دەبووەوە.



چەندین ڕەشماڵ لەبەر دەرکەی ماڵی زۆراب هەڵدرابوون، پڕ بوون لە منداڵ و ئافرەت و پیاو، دەوروبەری ڕەشماڵەکان بەو مەنجەڵانە تەنرا بوون کە بۆنی چێشتیان ڕۆژەڕێیەک دەڕۆیی و زەماوەندی ڕانەگەیەنراویان جاڕ دەدا. چونکە نەریت وابوو لە حاڵەتی زەماوەندی بێوەپیاودا، زەماوەندەکە بێ هەڵپەڕکێ بەڕێوە بچێت. ئەمەش بۆ ڕێزگرتن لە ژنە لە دەستچووەکەی و بۆ ئەوەیش کە منداڵەکانی دڵگران نەبن. هەستەکانی زۆراب ئامێتەی خەم و خۆشی بوون. لەو کاتی وێنەی بانەڕۆژ و ژیانی نوێی لەگەڵ سنجاندا دەهاتە بەرچاو، وێنەی ڕابردووی لەگەڵ ژنە کۆچکردووەکەیدا، کە زۆری خۆش دەویست، قوت دەبووەوە، دەبوو یەکێ لەو دوو هەستە بەسەر ئەوی تردا زاڵ بێت، ئەگینا مەسەلەکە یەکلایی نابێتەوە. کوڕەکانی بینی چەندە خۆشحاڵ و بەختەوەرن.

ئەودەمی شێخۆی بینی جڵەوی ئەسپەکەی ڕادەکێشا، بڕوای پێی بەتینتر بوو، ئەرخاین بوو، کە مەسەلەکە خەیاڵ نییە، ئا ئەوەتانێ سنجان بەرەو لای دێ، دەڵێی پەرییە و لە ئاسمانەوە دابەزیوە. دڵەکوتەی پێ کەوت، بۆ یەکەمین جارە لە ژیانیدا وای هەست دەکرد ڕۆژگار درێژ دەبێتەوە، خواستی تەنیابوون لەگەڵیدا هەراسانی کردبوو.

– خۆت زۆر ماندوو مەکە زۆراب، چونکە ئێوارێ پێویستت بەهێزە.

ئەمە دوا قسە بوو ئەمڕۆ لە ڕەمەزانی ژنەفت، ئەوەتا ماڵئاوایی لە جەنجاڵیی ڕۆژەکە دەکا و دەرگاکەی لەسەر کڵۆم دەدات، بێ ئەوەی ئەویش خۆی ماندوو کردبێت. ئا ئەوەتا بەتەنێ لەگەڵ سنجاندا ساپیتەیەک کۆی کردوونەتەوە. هەموو شتەکان وەکو خەو دێنە پێش چاوی.

یادەوەرییەکان لە مێشکیدا دەهاتن و دەچوون، چاوی لە چاوە گەورەکانی بڕیبوون، کە لە شەرماندا بەرزی نەدەکردنەوە، لەسەر جێیە نەرمونۆڵە فراوانەکەی سەر زەوییەکە، کە لە سووچێکی ژوورەکەی ڕاخرابوو، دانیشتبوو. مۆمی قەبەی ڕەنگاوڕەنگ ژوورەکەیان ڕووناک دەکردەوە، بۆنی مێخەک و سۆتکەی لێ دەهات. بەپەلە نوێژەکەی بەکۆتا گەیاند، پاشان مێزەرەکەی سەری داکەند و پشتێنەکەی کردەوە و بەگورجی سەڵتەکەی فڕێ دا. قژە چەرمووە درێژەکەی فڕێدایە سەرشانی،

هەست و نەستی هەمان ئەو هەست و نەستە بوون، کە شەوەکە (فەی)ی کچە جنۆکە هاتە لای. لێ تەنیا جیاوازی لە شێوەدا بوو، لێرە چاو و قژی ڕەش لە شێوەی تاریکی شەوانی دۆڵی کفران ڕەشتاڵەیەکی گەنم ڕەنگ. زۆراب دەمێ سترانی دەچڕی، بەخۆی هۆنراوەکەی دەهۆنییەوە. گەلەک جارانیش بۆ هاوەڵەکانی هۆنراوەی دەخوێندەوە، زیاتر ئەو کاتی چێژی لە دیمەنی خۆرئاوابوون وەردەگرت، یاخود کە ڕەوە ئاسکی دەبینی لە ئاوەسپی دەپەڕینەوە. قەتار و ئەڵڵا وەیسییەکی دەگوت کەس نەیدەتوانی خۆی لە قەرەی بدات.

ئەودەمی شەوانی هاوین گۆرانیی دەگوت، لە دۆڵی کفران و هەموو ناوچەکانی دەوروبەر دەنگی دەداوە. بەنەرمی دەستە سارد و لەرزۆکەکانی گرتن و پێی گوت:

– سنجان زەمانە چەند دڵڕەقە، لە هەمان کاتدا چەندیش بەبەزەییە. بیرم دێ منداڵبووی بەهاران بەدووی پەپوولەدا ڕات دەکرد. منیش گەنج بووم بەئەسپەکەم تیراسا ئاسۆم دەبڕی. ئەی ئێستا؟... دنیایەکی سەیرە، ئەوەتانێ تۆ دوێتەیەکی پێگەییوی، لە دۆڵی کفرانەوە هەڵدێیت، تەنانەت خۆریش ئیرەییت پێ دەبات و مانگ بەجوانییەکەت شەرمەزار دەکەیت، وا دیار دەدات کەساس و غەمبار بێ و فرمێسک برێژێ؟. هەرچی منم چیم لە ژیاندا ماوە. ئامۆزا، ئەم ژیانە نوێیە لەگەڵتدا بارتەقای هەموو ژیانە.

خەریکبوو خوێنی گەرم دەزایە دەستە ساردوسڕەکانی، لێ هێشتا شەرم بەری نەدابوو، هەموو شتەکان بەلای ئەوەوە پەنهان و ترسناک بوون، ئینجاش ئەو سڕبوونەی لە قامکەکانییەوە ختووکەی ناولەپی دەدا دڵنیایی و هۆگرییەکی پێ دەبەخشی. بۆنی سمڵ و مێخەک دەیوروژاند، لەودەمەی سەرپۆشەکەی لە سەری دەکردەوە و ختووکەی گەردنی دەدا، پێی گوت:

– دەمهەوێ ئەگریجە ئاوریشمینە قەترانییەکەت وەبینم، تا تێری بۆن بکەم و تەماشایەکی چاوە جوانەکانت بکەم. بۆچی لێمیان دەشاریتەوە؟

بەبڕوا بەخۆبوونێکەوە نیگای کرد، لێ نەیتوانی بەر بەئەسرینەکانی بگرێت، ئەویش فرمێسکەکانی ژنی یەکەمی لە شەوی پەردەدا بیر هاتەوە. بەئاسپایی پاڵێکی پێوە نا تا پشت بداتەوە، تەوێڵی ڕامووسی، پاشان دیدەکانی، ئینجا لێوانی، سەری



خستە سەر مەمکی، بەهەناسەیەکی قووڵەوە گوتی:

– ئێستێ بشمرم ئەوا وەکو بەختەوەرترین کەسی سەر ڕووی زەوی سەر دەنێمەوە.

هەستی گەرمی و ئارامی و خۆشییەکی چێژبەخش سەرتاپای جەستەی سنجانی داگرتبوو. دەستی لە ملی کرد و مەمکدانەکەی، کە توند مەمکەکانی گوشیبوون، ترازاند. سەری خستە نێوان مەمکانییەوە، دەستی بەسکیا هێنا، جۆشخواردنەکەی دامرکا بووەوە، هەستی کرد ئەویش دەستی لە ملی نا، بۆنی هەستبزوێنی مێخەک سڕی کردبوو، دەستی بۆ ناوگەڵی برد، بۆنی پونگە کە لە هەناسەیەوە دەهات گڕی لە ملی بەردا بوو، بەدەنگێکی پڕ لە تامەزرۆییەوە گوتی:

– حەز دەکەی ئێستا دەست پێ بکەین، یاخود شەکەتی؟

دەمێ خۆی ڕووت کردەوە، جەستە گەنم ڕەنگەکەی لە ژێر تیشکی مۆمەکەدا دەدرەوشایەوە، جنۆکە (فەی)ی بیر هاتەوە، داخۆ ئێستا لە کوێیە؟ دەبێ کێ بەدەستییەوە بنالێنێ؟

کاتێک بەدەستە بەهێزەکانی بەتوندی شانی گووشی، زانی لە کچە جنۆکەکە گەرمترە. ئەودەمەشی خۆی خستە هەناوییەوە، ئەویش گڕکان ئاسا گڕی لێ دەباری. نە ئەم و نە ئەو هیچیان نەیانزانی، کە سەرلەبەری شەو بەم ئاوایە کورت دەبێتەوە، تەنانەت کاتیان بەدەستەوە نەبوو سەرخەوێک بشکێنن، سوودی شەوی وا چییە ئەگەر بەخەو بەڕێ بکرێت؟.

## ٤

بەهار بەرامبەر چلەی گەرمای هاوین، کە لەپڕدا لە دۆڵی کفران قوت بووەوە، خۆی نەگرت و بار و بنەی پێچایەوە. لە هەموو شوێنان ڕەنگی سەوز بووبووە زەردی زێڕین. تیشکی سووتێنەری ڕۆژەکەش زیاتری دەدرەوشاندەوە. گوڵە شلێر و مێخەک و هێرۆ و بەیبوون بەڕەنگە سوور و پەمەیی و سپییەکانیانەوە چون بیانەوێ بڵێن بەهار لە بەرامبەر هاویندا نەبەزیوە، مابوونەوە. کەچی تووترک بەدڕووە زەردە تیژ و سەرە زبرە قیتەکەیەوە پێچەوانەی ئەمەی دەگەیاند. دوو ڕیزە داری سەوز تا ئەو سەر دەکشان، ئەوەی لێ دەرچێ کە ناوە ناوە، لێرە و لەوێ، پەڵەی چەو و لمی نەرم، یان تەختە شاخی سپیی واش، ڕووتەنە زەردەکەیان دەبڕی و تا خۆیان بەتەنگی خۆرنەوەزاندا دەکرد، ئیتر لەوێ کۆتاییيان دەهات و دەکوژانەوە.

چەندە خۆرەکە بەرەو ناوجەرگەی ئاسمان دەکشا، هێندە پلەی گەرمی بەرزتر دەبووەوە. ئەودەمی ڕۆژەکە دەگەیشتە ناوەندی ئاسمان، هەنگینێ سێبەرەکان نەدەمان، تیشکی خۆریش وەکو تۆپەڵە گڕێک کە هەموو شتێک بسووتێنێ، شاقووڵی دادەبەزی. ڕەوە مراوییە کێوی و پۆلی باڵندەی ئاوی و کەو و قەتێ خۆیان دەئاخنییە ژێر سێبەری لێڕەکەوە، کە پڕ بوو لە دەوەنی ژاڵە و ڕەگ بەلەک، لە شێوەی دوورگەی بچووکی لێک نزیک لە نێوان ئاوەکە و هەڵدێرەکەدا بەدرێژایی هەردوو ڕۆخ، تەریک کەوتبوونەوە، بەشێوەیەک لە جیهانی مرۆڤ و ئاژەڵان دابڕا بوون.

هەرچی گورگ و کەمتیار و ڕێوی و چەقەڵ بوون، لە ترسی گەرما لە کونە شاراوەکانیاندا لە کونای ئەشکەوت و تلیشی تاشە بەردەکانی دەم ڕووبارەکەدا لای باشووری دۆڵەکەوە، خۆیان مات دابوو. تا ڕۆژ ئاوا دەبوو دەرناکەوتن. لە هەندێک شوێنی ڕۆخەکەدا، نەخوازەلا لای ڕاست، بێستانی کاڵەک و شووتی و ترۆزی لەسەر قەراغە لمینەکە، کە لە هاویناندا ئاوەکەی دادەکەوێ، بڵاو بووبوونەوە. لێرە و لەوێش کۆختی لە قامیش و لقە دار دروستکراو هەن. هەرچی لە ناوچە نیمچە بەرزەکانی قەراغ بوو، کە ئاوی بەهاریان ناگاتێ، ئەوا کێڵگەی کونجی و هەرزن پان بوونەتەوە و کشاون، لای بەرامبەریشی کە ئاوەکەی بۆ بەر درابووەوە، پڕ بوو لە گۆلە مەرەز.



بەر لە چەند ڕۆژێک دروێنەیان بەهەرەوەز ئەنجام دابوو، گیشە گەنمەکان کۆمەڵ کۆمەڵ پەرش و بڵاو لە نزیک گوندەکان دانرابوون، دەتگوت هەڕەمە زەبەلاحەکانن، جەنجەڕ کە هێستر ڕایدەکێشان بەسەر کلۆشەکاندا گێرەیان دەکرد. لەولاشەوە تەبارە هەڵدرابوونەوە، چاوەڕێی هەڵکردنی شەماڵیان دەکرد تا گەنمەکەیان هەڵاوێرد بکەن.

کوێخا لە ژێر کەپرەکە، کە لە هەموو لاوە بەگەلاوێژ دەورە درابوو، لبادێکی تەنکی ڕاخست و گوتی:

– دەبێ شەو و ڕۆژ نەوەستین، تا لە گێرەکردن دەبینەوە و هەڵی دەگرین، زۆریی بەروبوومی ئەمساڵ گەلێ دەمترسێنێ. هەوای ژێر سێبەری ساباتەکە خۆش و بووژێنەرەوە بوو، شێخۆ و ڕەمەزان و مەلا و میرزا لە مەجلیسەکە بوون. جگە لە جیکە جیکی پێچکەی ئاسنینی جەنجەڕەکان، کە گێرەیان بەسەر قرشەکەدا دەکرد، لەگەڵ دەنگی ڕۆستەم و قادر و عەباس، کە بەسەر هێسترەکاندا دەیانقیژاند، هیچ دەنگێکی دی لەو نیوەڕۆیەدا نەدەبیسترا.

ڕەمەزان لەو کاتی لە مەشکەکەی بەسەر سندووقە دارینەکەوە درێژ کرابوو دۆی تێ دەکرد، گوتی:

– هەموو شتێک دەشێت. لە گشت حاڵەتەکاندا دەبێ شێخۆ بڕوا بۆ ناوەندی سەنجەق، تا فەرمانەکە وەرگرێت. واشی بەباش دەزانم لەگەڵ دەستیدا هەندێک گەنم و سەوزە و چەند سەرمەڕێک لەگەڵ خۆیدا ببات، تا دەمی فەرمانبەرە گەورەکان دابخات. دەبێ لەمیانەی دوو حەفتەی داهاتوودا ئەوپەڕی توانامان بەگەڕ بخەین، تاکو زوو بەروبوومەکەمان هەڵگرین و دوا دەنکی تەقەت بکەین و بیشارینەوە. ئەو سەپانانەی لە هەورامانەوە دێن باس لە جموجۆڵی نێو ئاغاکان دەکەن، خوا لە بەڵا بەدوورمان بخات.

زۆراب ڕووی دەمی لە شێخۆ کرد:

– تۆش بەیانی ئەگەر قایمقام یاخود هەر بەرپرسێکی ترت بینی پێی دەڵێی، دۆڵی کفران پیاوی نەماوە، لێرە جگە لە پیر و ئافرەت و منداڵ زەلاممان نین. خۆ ئەگەر هەر دەبێ چەند ناوێک لە سوپا تۆمار بکەین، ئەوا من و میرزا و مەلا ڕەمەزان

دەچین، ئەو کات چەناقەلآیان بۆ دەگرین.(٢)

ئەو بڕیارەی دوێنێ دایان، ئەوا ئەمڕۆ جێبەجێی دەکەن. شێخۆ و ڕەمەزان و ڕۆستەم و قادر و عەباس باشترین جلیان لەبەر کرد و سواری پشتی ئەسپەکانیان بوون، کۆمەڵێ مەڕ و گوێدرێژ و هێستری بارکراو لە دانەوێڵەیان دایە دوای خۆیان. بەرامبەر منارە کۆنەکە بێ ئەوەی ماندوویی و کەنەفتییان پێوە دیاربێت وەستان، چون تاقێک بەڕێوە نەبووبن، شێخۆ و ڕەمەزان مقۆ مقۆیان بوو لەسەر ئەو ڕێگەیەی دەبێ بۆ ناوەندی سەنجەقی بگرنە بەر. وای پێ باش بوو بچنە خان و چەند ژوورێک بەکرێ بگرن، بێ ئەوەی کەس بێزار بکەن. لێ ڕەمەزان بەتوندی دژ بەمە بوو، لەو کاتەی ئەسپەکەی، کە لە کۆلآنە تەنگەبەرەکانی شار دەسڵەمییەوە هێور دەکردەوە، گوتی:

– نا شێخۆ ئەمە سووکایەتیکردنە بەخزمان، شێت دەبن ئەگەر شتی وا بکەین.

شێخۆ بەناڕەزاییەوە گوتی: ئێمە کاروانین مامە ڕەمەزان، لە خان نەبێ جێمان لە هیچ شوێنێکی دی نابێتەوە.

– ماڵی ئەوان لە خان گەورەترە شێخۆ، دەتەوێ لەگەڵ خاڵەکانمدا تووشی گرفتم بکەی؟ نازانی ئەوان لەم شتانەدا لە کوردە لەکە دەمارگیرەکانن؟ با بەم ئاقارەدا بڕۆین، ئەم بابەتە مقۆ مقۆ هەڵناگرێت.

لەمێژ بوو بۆ ناوەندی سەنجەق نەهاتبوون، ئەمەش بەپێی ئەو قسەیەی کە دەڵێ: نە شەیتان ببینە و نە شەیتانیش بتبینێ. ئەگەر شتێکیان پێویست بوایا وەکو قاوە و کاغەزی جگەرە و قوماش، یاخود چەقۆ و دەرزی، ئەوا لە دێوەرە جوولەکەکانیان دەکڕین.

شارەکە بچووک بوو، شەقامە سەرەکییە قیرتاوکراوەکە دەیکرد بەدوو لەتەوە. لەملا و لەولای شەقامەکە دار توو بەرز بووبوونەوە. لە هەردوو بەری ناوەندی شاردا بینای دوو نهۆمی تیادا بوون، بانیژەکانیان دەیانڕوانییە شەقامەکە. چاخانەکانیش

(٢) ئاماژەیە بۆ ئەو شەڕەی لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا لە نێوان سوپای تورک و یۆناندا ڕوویدا و تیایدا لەشکری کەمالییەکان پاش زیانێکی گەورە توانییان شاری چەناقەلآ لە دەستی یۆنانییەکان دەربکەن و بۆ یەکجاری یۆنانییەکانی لێ دەرپەڕێنن. (وەرگێڕ)



کورسییەکانیان لەسەر شۆستەکە ڕیز کردبوون. کوڕێل لەم هەموو شتە تازانە، کە پێیان ڕانەهاتبوون واقیان وڕما، ڕۆستەم ئەوەی زۆر بەلاوە سەیر بوو، کاتێ بینی جۆگەلەیەک ئاوەکەی ڕاستەوخۆ لە ژێر شەقامەکەوە هەڵدەقوڵا، بەدەنگی بەرز هاواری کرد: مامە شێخۆ سەیر کە، کانی لە ژێر ئەم جادەیەدا هەیە.

شێخۆ گوتی: ئەمە کانی نییە ڕۆستەم، جۆگەیەکە لە ڕووباری ڕۆخانە بۆتەوە، ئەمەیشی بەسەریا دەڕۆین پردە. دوایی هەموو شارت دەگەڕێنم.

هەندێ لە هاموشۆکەران منداڵەکانیان وەستاندن و بەزمانێکی تێکشکاوی کوردی لێیان پرسین داخۆ کوتاڵەکانیان دەفرۆشن؟ ڕەمەزان باگۆی دانەوە:

– برایان ئێمە بازرگان نین. ئەمانە دیارین بۆ کەسوکارمان.

جگە لە دوکانەکانی دەوروبەر چایخانەکە، مزگەوتێک بەرامبەرەکەی قەیسەرییەک بوو، دوو دەروازەی گەورەی هەبوون، نزیکەی بیست دوکانی گرتبووە خۆ، زۆربەیان هی جوولەکەکان بوون. لە ناوەندی شار بەرەو لاڕێگەیەک پێچیان داوە، تا گەیشتنە بازاڕی ئاسنگەران، لەوێ چەندین زەلام بەقوڵ و باسکی بەهێزیانەوە، بەچەکووشە گەورەکانیان ئاسنی گەرمیان دەکوتی. کوڕێل بەدەمی داچەقاوەوە لە هەموو شتەکانیان دەڕوانی، تەنانەت یەکێکیان خەریکبوو بکەوێتە جۆگەکەوە. شێخۆ لە کاتێکدا لەگەڵیان شتەکانی کۆ دەکردەوە، گوتی:

– وابزانم دەبێ چەند ڕۆژێک لێرە بمێنینەوە، ئەسپەکان پێویستیان بەناڵکردنە، خۆشمان پێویستمان بەکڕینی کۆمەڵێ شتە. دەترسم خاڵەکانت بێزار بکەین.

ڕەمەزان بە زمانێکی یەکلا کەرەوەوە گوتی:

– شێخۆ ئێمە لە قسەکردن لەسەر ئەم بابەتە بووینەوە، ئیدی ئەم پێداگرتنەوەی پێ ناوێت. وا دەزانی ئەوی لە شار ژیا، دابونەریت لە بیر دەکات؟ دوای تۆزێ بەچاوی خۆت دەیانبینی، ئەگەر وەزعەکەت بەدڵ نەبوو، ئەوا دەرگای خانەکە شەو و ڕۆژ لەسەر پشتە.

پێچیان دایەوە کۆلآنێکی تەنگ، خانووەکانی نزم و لە قوڕ دروست کرابوون، پەنجەرەیان نەبوون و دەرگاکانیان گەورە و لە دار دروست کرابوون، چرا بەسەریانەوە هەڵواسرابوون. ڕەمەزان وەکو ڕێبەر پێشیان کەوتبوو، سەیری ئەملا و

ئەولای دەکرد، نەکو ئەو ماڵەی لێی دەگەڕێ لێی تێک بچێ. هەرچی شێخۆ بوو دواوەی بەباشتر زانی. لەوسەری کۆڵان ڕەمەزان بەدەست ئاماژەی بۆ شێخۆ کرد، تا لەسەر پشتی ئەسپەکەی بێتە خوار، دەرگا کراوەکە زۆر لەوانی دی گەورەتر بوو. دەیڕوانییە سەر حەوشێکی فراوان، چەندین ئەسپ و هێستر وگوێدرێژی تێدا بوون، لەبەری ئەوبەریشەوە ژووری نووستنە بەهۆڵەوە، نهۆمی دووەم پەنجەرەکانی دەیانڕوانییە سەر حەوشەکە. لە هەردوو لاشەوە ڕیزێک پشتیر و عەماری دانەوێڵە و کادانی لێ بوون، لە نێوانیاندا لەگەڵ دەرگا سەر داپۆشراوەکە، ژوورێکی گەورە درێژ بووەتەوە، ڕیزێک دەلاقەی بچووکی لێ کراوە، دەیانڕوانییە سەر حەوشەکە.

خۆری ناوجەرگەی ئاسمان هێشتا کاتی نیوەڕۆی ڕانەگەیاندبوو، سێبەری درێژبووەوەی دیوارەکان بەسەر ڕووبەرێکی فراوانی حەوشەکەدا، بەرگری گەرماکەی دەکرد و هەوایەکی خۆشی بەناو حەوشە بێدەنگەکەدا پەخش دەکرد، کەچی هێندەی نەبرد وەڕینی سەگە سەرشێتەکان، کە هەرا و زەنای میوانەکان هاریان کردبوون، گۆمی بێدەنگییەکەی شڵەقاند.

کابرایەکی سەر ڕووت جلێکی سپیی درێژی لەبەردا بوو، بەپەلە لە دیوەخانەکەوە دەرپەڕییە دەرەوە و دوو کوڕەلاویش بەدوویدا، سەگەکان لە وەڕین وەستان. کابرا بەرەو پیری ڕەمەزان چوو و بەتوندی باوەشی پیادا کرد. دوای ئەوەی یەک یەک لە ئامێزی گرتن، ئاماژەی بەدوو لاوەکە کرد، بایەخ بەئەسپەکان بدەن و بارەکان داگرن. پاشان خێرا بەرخێکی هێنا و لەبەر پێی شێخۆ دای بەعەردا و گوتی:

– کوێخا زۆراب بەخۆی ئاواتی ژینمی بەدی نەهێنا، بەڵام گرینگ نییە، چ خۆی بێت بۆ ئێرە یان شێخۆ بەگی کوڕی، لای من وەک یەک وایە.

پاشان بەدەم دووبارە بەخێرهاتنکردنیانەوە بۆ دیوەخانی بردن. دوای ئەوەی دانیشتن، لەو کاتی دوو کوڕە لاوەکە ماستاویان بەمیوانەکان دەدا، گوتی:

– سێ ڕۆژە چاوم لە ڕێگەیە، چاوەڕێی هاتنتانم. یوزباشی باسی هەموو شتێکی بۆ کردم . یاخوا بەخێربێن، چاوتان ڕوون کردمەوە و سەرتان بڵند کردم. من لێرە لە بەرامبەر پیاوماقووڵانی شار شانازیتان پێوە دەکەم، کەچی ئێوە هەر لێمان ناپرسنەوە.





ڕەمەزان ئەو کاتی چاوی لە شێخۆ بڕیبوو، چونکە شێخۆ چاوەڕوانی ئەمە نەبوو، بۆیە سەرسوڕمانی پێوە دەبینرا، گوتی: هاتنمان بۆ ماڵەکەت نیشانەی ئەوەیە لە بیرمان نەکردووی.

ئەو لە کاتێکدا لە خۆشییاندا گەرم بووبوو، گوتی:

– ئەمە ماڵی خۆتانە ڕەمەزان، ماڵی من نییە. ئێوە سەرتان بەرز کردمەوە، توخوا کوێخا زۆراب چۆنە؟ ناتوانێ تەنیا جارێک دۆڵی کفران جێ بهێڵێ و بێت چەند ڕۆژێک لامان بمێنێتەوە؟

شێخۆ ناچار بوو قسە ڕێک بخا، گوتی:

– زۆر سڵاوت لێ دەکات و لە ئەحواڵتان دەپرسێت. زۆری حەز لێیە سەردانیتان بکات، بەڵانەکینێ چووەتە تەمەنەوە و بەرگەی ڕێگە ناگرێت. هیوادارم ئەم سەردانەمان سەردانی دی بەدوادا بێت، ئێستا نۆرەی ئێوەیە بێن بۆ دۆڵی کفران.

شێخۆ بەمنداڵی لەگەڵ ڕەمەزاندا چەند جارێک بۆ ئێرە هاتووە. دەمێ پێگەیی و بیست ساڵی تێپەڕاند، لە هیکڕا پێوەندییان لەگەڵیاندا بڕا. ئەمەش دوای ئەو دەمەقاڵێیە بوو، کە لە نێوان جیهانگیر و زۆرابدا ڕووی دا. ئەمەش لەو کاتەوەی جیهانگیری خاڵی ڕەمەزان خەریکی بازرگانی بوو، ئەم شاڵاوی کردە سەری و بەوەی تاوانبار کرد لەگەڵ جوولەکەدا مامەڵە دەکا و سووخۆرە. ئیدی بەیەکجاری دوای ئەوەی بڕیاری دابوو لە ناوەندی سەنجەق نیشتەجێ بێت، ئەم پێوەندیی خۆی لەگەڵدا بڕی.

ئەم وای دادەنا ئەوی لە شاردا بژی خراپەکار و بێ دینە. بۆیە حەزی ناکرد بچێ بۆ شار و تێکەڵی خەڵکەکەی بێت. شێخۆ زانی ڕەمەزان لەخۆوە بۆ ئێرەی نەهێناون، یاخود لەبەر حەزی تاکەکەسی خۆی، ئەگینا لە بەرامبەر باوکیدا نرخەکەی دەداتەوە، کەواتە دیارە سەردانەکەیان بەڕەزامەندی کوێخا زۆراب بووە. خۆ ئەگەر زۆراب خۆیشی سەرپشکیان بکردایا لە نێوان خانەکە و ماڵی جیهانگیر، ئەوا دەچووە ماڵی جیهانگیر. هەموو شت سنوور و دابونەریتی خۆی هەیە، ئەویش بەبڕیارە مەترسیدارەکەی، بەداوەتکردنی جیهانگیر بۆ دۆڵی کفران، سنوورێکی بۆ ئەو لێک دابڕانە دانا. ئەمەش یەکەم بڕیارە شێخۆ بێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ باوکی، دای.

هەرچەندە زۆراب لە هەڵسەنگاندن و تاوانبارکردندا توندوتیژ بوو، لێ زوو دڵی نەرم دەبوو نەخاسمە ئەوی بەرامبەری، کەللەڕەقی نەکا و کڕ بێت. ڕەمەزان لە هەموو کەس باشتر ئەمەی دەزانی. لە دواییشدا هەر ڕەمەزان دەیبردەوە، چونکە بەهێمنی بەبەڵگە و نموونەوە پاساوی دەهێناوە. کوێخا زۆراب جیهانگیری بەکافر و زەندیق نێو دەبرد، لەسەر ئەوەی بازرگانیی دەکرد و لەگەڵ جووەکاندا مامەڵەی دەکرد. ڕەمەزان زۆرێک لە قسەکانی مامۆستای سەبارەت بەئاین ئەزبەر کردبوو، وڵامی دەداوە:

– باشە ئامۆزا، ئەگەر بڕوا ناکەیت، فەرموو با بۆ لای مەلا بڕۆین.

زۆراب بەخەسڵەتی خۆی حەزی نەدەکرد بۆ ڕاوێژکردن پەنا بەرێتە بەر مەلا، ناچار لە بەرامبەر ڕەمەزاندا بێدەنگی لێ دەکرد، ئەمیش دوای ئەوەی سەرگەرمی سەرکەوتن دەبوو، دەیگوت:

– کوێخا زۆراب، خوا کارەکانی لە نێوان مرۆڤەکاندا بەش کردووە و وای لێ کردوون لە ئەزەلەوە کاری جیاجیا بکەن، چ پێویست دەکات تۆ پیشەی جووتیاری بەپاکترین پیشە دابنێی؟ ئێمە لە ناو دۆڵی کفران دەتوانین چۆنمان بوێت ئاوا بژین، هەروەها چۆنمان بوێت ئاوا بیر بکەینەوە، وەلێ لە هەموو خەڵکی و دەوڵەتیش داوا بکەین چۆن ئێمە بیر دەکەینەوە و دەژین، ئەوانیش بەهەمان شێوە، ئەمە شتێکە قەت نابێ کوێخا زۆراب.

کوێخا زۆراب تێدەفکری و سەری دەلەقاند، پاشان بەدڵنیاییەوە سەیرێکی ڕەمەزانی دەکرد و بەخۆشییەکی منداڵانەوە، چون شتێکی لە زووەوە بزر بووی دۆزیبێتەوە، دەیگوت:

– من تەنیا شتێک نەبێ هەموو شتێ تێدەگەم ڕەمەزان، ئەویش ئەوەیە بۆ نەتیان کردە موفتیی ولایەتی مووسڵ؟

جیهانگیر دوای ئەوەی جەمەدانییەکەی لەسەر ئالاند و پشتێنە ڕەنگینە درێژە دوو گەزییەکەی بەست، دیاربوو کە حەفتای تێنەپەڕاندبوو، گوتی:

– ئەگەر کوێخا زۆراب ناتوانێ بێت، ئەوا من بۆ لای دەچم، تامەزرۆی بینینی ئەو و هەموو عەشرەت دەکەم.



شێخۆ تێبینیی ئەوەی کرد، کابرا لەگەڵ هەستەکانی خۆیدا ڕاستگۆیە و شار نەیگۆڕیوە، تەنانەت شێوەی ژیانیشی نەگۆڕاوە. دەتگوت خانووەکەی بەهەموو وردەکارییەکانییەوە بەهێزی جادوویی گواستووەتە شار. گوتی:

– لەوێ لەسەر سەر داتدەنێین و هەمووانیش تامەزرۆی بینینتانن.

جیهانگیر ئاگای لە هەموو شتەکان هەبوو، بەحوکمی قۆرخکردنی بازرگانیی دانەوێڵە و مەڕوماڵات پێوەندی بەتینی لەگەڵ دامودەزگا کارگێڕییەکان و تەنانەت سوپاشدا هەبوو. چونکە دانەوێڵە و گۆشتی پێ دەدان، پێوەندیی بازرگانیی گەیشتبووە ناوەندی ویلایەتی مووسڵ. کاتی خۆی چەند جارێک هەوڵی دا دانەوێڵە و مەڕوماڵات لە دۆڵی کفران بکڕێت. لێ سەرەڕای ئەو پارە زۆرەی خستیە بەرچاو ئینجاش کوێخا زۆراب بواری پێ نەدا، بەو بەهانەیەی خۆیان پێویستیان بەبەرهەمەکانیانە و ئاتاجی پارە نین. جیهانگیر ژیانی بازرگانیی وەکو گەڕۆکێک و هاوبەشی بازرگانێکی دەوڵەمەندی جوولەکە دەست پێ کرد.

بەپێی پێوەندییە هەمەجۆرەکانی، نەخوازەلا لەگەڵ هەموو هێزەکانی ناوچەکە، هەروەها ڕووخۆشییەکەی، چونکە تەنیا موسڵمانیش بوو لە بازرگانیدا جێ پێی بەجوولەکە و ئەرمەن لێژ کردبوو، ئیدی ئەستێرەی بەختی سەرکەوت و بووە پیاوماقووڵ و لە هەموو شتێکدا پرسی پێ دەکرا. کاتێک فەرمانی بایەخ پێدراو لە سوڵتانەوە دەرچوو، بەپێویستیی پاراستنی بازرگانی لە دەستی موسڵمانەکاندا و بەخاوەنکردن و پشتگیریی سەرۆک هۆزەکان و کردنیان بەئەندام لە ئەنجومەنی ویلایەتەکان و سەنجەق و شارە دێکان، ئیدی بەیەکجار ئەستێرەی جیهانگیر هەڵکشا.

دوای ئەوەی کرا بەئەندام لە ئەنجومەنی ناوەندی سەنجەق، چالاکییەکانی زۆرتر بوون و توانی لە ماوەیەکی زۆر کەمدا زیاد لە پێنج هۆزی کورد ڕابکێشێتە بازنەی سەنجەقەوە، ئەوەش بەموڵکدارکردنی سەرۆکەکانیان بەو فەرمانانەی لە بابلعالییەوە دەرچوون. دوای ئەوەی ئەم هۆزانە لەگەڵ دەوڵەت لە دوورەپەرێزیدا دەژیان و نەدەتوانرا بەهیچ شێوەیەک لێیان نزیک ببنەوە. تاکو زامنی پێوەندیی ئەم هۆزانە بەدەوڵەتەوە بکات، پێشنیازی ئەوەی بۆ قایمقام کرد، درێژەی ئەو زەوییە بدات بەم

سـەرۆک هۆزانە و هانیان بدات گوند لە نزیک ناوەندی سەنجەق بنیات بنێن. بەمەرجێک دەوڵەتیش ئاسانکاری بۆ بنیاتنانی خانووی نوێ بۆ نیشتەجێکردنی دەربەگە نوێکان لەم گوندانەدا بکات.

جیهانگیر سەری خوراند و بە لەخۆ بووردووییەوە گوتی:

– پێویست بەپەلەکردن ناکات، ئێوە لێرە لە ماڵی خۆتاندان، با جارێ لە بینینتان تێر بین. ئەمڕۆ پشوو بدەن، پاشان لەسەر هەموو شتێک بەدووروودرێژی دەدوێین. قایمقام و یوزباشی و دارودەستەکەی لەسەر شەرەفی ئێوە داوەت دەکەم. هەرچی مەسەلەکانی ترن وەک وەرگرتنی فەرمان و ئیمزاکردن لەسەری، ئەوا ڕۆژێکی بۆ دانراوە.

نیشانەی سەرسوورمان بە ڕووی شێخۆ و ڕەمەزانەوە دیاربوو، ئەمیان بەواقوڕمانەوە وتی:

– وا دیارە خاڵۆ باش دەستت دەڕوا، ئەمە مایەی دڵخۆشییە.

جیهانگیر بەبڕوا بەخۆبوونەوە گوتی: ئەگەر پارەت هەبێ، ئەوا هەموو بەدواتدا ڕادەکەن، بەڵام دەبێ بزانی چۆن پارە بەسەر ئەمانەدا دابەش دەکەیت، تاکو بەخۆتیان ببەستییەوە و چۆنت بوێ ئاوا بیانجووڵێنیت.

هەردووکیان بەسەراسیمەییەوە تێیان دەڕوانی و بەوردی بیریان لە قسەکانی دەکردەوە. ڕەمەزان بەسەرلەقاندنێکەوە چون شێخۆ بدوێنێت، گوتی:

– بینیت؟ ئەمەیە سوود و کەڵکی تێکەڵبوون لەگەڵ جوولەکەدا. خاڵم وەکو ئەو ئەفەندییانە قسە دەکات کە کڵاوی سوور لەسەر دەنێن.

جیهانگیر گوتی: قسە هەزارە یەکی بەکارە. ئێستا با قسەی بەڵگەدار بکەین و بابەتەکە وەرگێڕین. بۆیە حەزم دەکرد کوێخا زۆراب لە نێوماندا بوایا، تا بگەیشتینایا بەبڕیارێلی یەکلاکەرەوە، کە هیچ گفتوگۆ و لێکدانەوەیەک نەگرنە خۆ.

ڕەمەزان گوتی: ئێمەش هەر بۆ ئەمە هاتووین، شێخۆ بەگ دەتوانێ بێ ئەوەی بگەڕێتەوە لای کوێخا زۆراب بڕیاری خۆی بدات. ئێستا ئەو بەفەرمی سەرۆک هۆزە، بۆیە دەتوانین لە ناو خۆماندا بەر لە چوونمان بۆ لای فەرمانبەرەکان لەسەر زۆر شت ڕێک بکەوین. کوێخا زۆراب ڕای وابوو ڕاوێژ بەیوزباشی بکەین، خۆ ئەگەر خۆت



ئاگات لە هەموو شتەکان بێت، ئیدی بۆ پەنا بۆ ئەوانی دی بەرین.

شێخۆ بۆ تەواوکردنی قسەکانی ڕەمەزان گوتی: خاڵە جیهانگیر، ئێمە دڵنیاین مەبەستت تەنیا بەرژەوەندیی ئێمەیە.

جیهانگیر بەئاسوودەییەوە گوتی: خواش دەزانێ و بەچاوی خۆتان ئەنجامەکان دەبینن. با قسەکانمان هەنگاو بەهەنگاو بکەین. دۆڵی کفران ناتوانێ بۆ یەکجاری دەرگاکانی بە ڕووی دەوڵەتدا دابخات. ئەو زەمانە ڕۆیشت. ئێوە بەپێی شوێن و پایەتان دەبێ پاڵ بدەنە لایەکەوە، ئەگەر هەر وا مانەوە و دەرگاکانتان بە ڕووی بابلعالیدا داخست، وا دەزانن دەتانەوێ پاڵ بدەنە فارسەوە. ئەگینا لەمەولا دوورەپەرێزی یەکجاری دادتان نادا، ئێوە لە زەلامەکانتان دەترسێن و بەهەموو شێوەیەک خۆتان لە چاوی دەوڵەت بەدوور دەگرن. ئەگەر دەوڵەت بیەوێت ئەوا دەتوانێت کەروێشک بەعەرەبانە بگرێت. ئەمە هیچ گرفت نییە، سوڵتان عەبدولحەمید خوا بیپارێزێت، خودا ویستی بیکاتە جێنشین بەسەر موسڵمانانەوە، ئەو بەخۆی گرنگیی بەم ئاریشەیە داوە، کە هەموانی گێژ کردووە. بۆیە سەرلەنوێ سیستمی (تەنزیمات)ی ژیاندەوە و داوای پیادەکردنی سیستمی (خەرج)ی کردووە.

ڕەمەزان قسەکەی بڕی و گوتی:

– خۆزی ئێستا کوێخا زۆراب لەگەڵماندا دەبوو، دەزانی چی دەگوت؟ دەیگوت باشە جیهانگیر بۆچی تۆیان نەکردە موفتیی ویلایەتی مووسڵ؟ بەهەرحاڵ باسی سیستمی خەرجمان بۆ بکە خاڵە، بەڵام قیچەک لەسەرە خۆت، چونکە وەک تۆ بۆی چوویتە، ئێمە لە هەموو شتەکان ناگەین.

جیهانگیر بەشانازی بەخۆبوونێکەوە گوتی: خەرج جۆرێکە لە باج بەدەوڵەتی دەدەین، تا لە خزمەتی سەربازیی ڕۆڵەکانتان خۆش بن. ئەم یاسایەش تەنیا موسڵمانەکان دەگرێتەوە. بەمە لە گرفتی شاردنەوەی منداڵەکانتان لە شاخ و دۆڵەکان ڕزگار دەبن.

شێخۆ بەئاسوودەییەکەوە گوتی:

– کوێر لە چاوێ زیاتری دەوێت؟ ئێمە خۆمان ئەمەمان دەویست.

ڕەمەزان سەری لەقاند و گوتی:

– ئێمە لە دۆڵی کفران وەک کوێر واین، بەهیچ کلۆجێک نازانین چی لە دەوروبەرماندا ڕوو دەدات.

جیهانگیر وەکو چاوەڕوانی ئەم قسەیە بووبێ، گوتی:

– بیرم لەمە دەکردەوە. بەڵام شتێ جوانە هیچ نەبێ ئێستاش درک بەمە بکەن. لەبەرئەمە منیش داوام لە جەنابی قایمقام کرد، کە لەم بوارەدا بەرەهایی دەستی دەڕوا، بایەخی تایبەت بەدۆڵی کفران بدا و وەکو هۆزەکانی دی لێی نەڕوانێت. چونکە سەرەڕای ئەوەی هۆزێکی گەورەیە، ڕاستەوخۆش دەکەوێتە سەر سنوور، هەروەها گەفی ئەوەم لێ کردووە، کە دوور نییە فشارێکی کەم لەسەر دۆڵی کفران یاخیبوونی لێ ببێتەوە و بدەنە پاڵ فورسەکان. ئێوەش لای خۆتانەوە دەبێ گرنگی بەم مەسەلەیە بدەن و پێوەندیتان لەگەڵ دەوڵەتدا توندوتۆڵ بکەن. تاکو هۆزەکەتان لەو ناو شاخانە دەرگا لەسەر خۆی دانەخات، ئەنجوومەنی سەنجەق بڕیاری دا لەوەڕگاکانتان، ئەوانی تا ڕۆخانە دەکشێن، بکرێن بەزەویی کشتوکاڵی.

هەروەها لەسەرتانە گوندە پشتگوێخراوەکەی سەر ڕۆخانەتان نۆژەن بکەنەوە و دەستێکی پێدا بێنن. ئەگینا هۆزەکانی تر نەخوازە بابابییەکان، کە لەسەر حیسابی دراوسێکانیان گەورە بوونەتەوە، چاویان تێ بڕیون.

ڕەمەزان بەواقوڕماوییەوە گوتی:

– خاڵە تۆ بەشێوەیەک دەدوێی دەڵێی خۆت والییت، ئەم هەموو شتانە لە کوێ دەزانی؟

جیهانگیر بزەیەکی بۆ کرد و بەخۆنازینێکەوە گوتی:

– خوارزا، من بیست ساڵە لێرە دەژیم، زەلامێک لە دەوڵەت نەماوە پێوەندیم لەگەڵدا نەبەستبێ، لەمانەوە زۆر شت فێر بووم. ئێستاش وا شەش مانگە ئەندامی ئەنجوومەنی شارم. قایمقامیش لە هەر شتێکی پێوەند بەهۆزەکانەوە، کە بەلای ئەوانەوە پەنی و پەنهان بوون، پەنا بۆ من دێنێت. شێخۆ بەگیش فەرمانەکە وەربگرێت، ئەویش خوایار بێ دەبێتە ئەندامی ئەنجوومەن.

شێخۆ و ڕەمەزان بەسەرسامی و واقوڕمانەوە سەرنجەکانیان دەگۆڕییەوە و بەئاماژەی تایبەتی چاویان، کە ئەستەمە کەسێک لێیان بگات، دەدوان. ڕەنگە کوێخا



زۆراب تەنیا کەس بێت لێیان بگات. ئەو سیانە پێکهاتەیەک دروست دەکەن لێک جیا نابنەوە. هەریەکیان دەیتوانی ئەوی لە مێشکی ئەوی دیکەدایە بخوێنێتەوە. لەگوینە ئەمەش کەم کەس بیزانێت و ئەوانی دی درکی پێ نەکەن. شێخۆ لەو کاتەی بەدوودڵی و سەرسامییەوە سەرنجی لە ڕەمەزان دەدا و هەستی کرد ئەم پێکهاتە سێ لایەنە خەریکبوو دەپووکایەوە، لەو ساتەی زەلامەکان قاوەڵتییان هێنا، ڕەمەزان چاوی لەوانە نەبوو هاتنە ژوورێ و پاشان سێ هەرزەکوڕیش بەدوایاندا، گوتی:

– سوبحانەڵڵا، سوبحانەڵڵا، قەرەجەکە ڕاستی پێکا.

شێخۆش بەهەمان شێوە بیری لە پێشبینیی قەرەجەکە دەکردەوە. جیهانگیر ئەو کاتی لە ڕێکخستنی قاپەکاندا یارمەتیی منداڵەکانی دەدا، بێ ئەوەی تەماشایان بکات، گوتی:

– چیرۆکی ئەو قەرەجە چییە؟

ڕەمەزان کە خۆی بۆ نانخواردن ئامادە دەکرد، گوتی:

– بەسەرهاتێکی کۆنە، لە دووەمینساڵی زەماوەندی زۆرابدا ڕوویدا، ژنە قەرەجەکە دوای لێکدانەوەی خەونەکەی کوێخا زۆراب، پێشبینیی ئەوەی کرد وەچەی دەگاتە ڕووباری ڕۆخانە، ئا ئەوەتانێ وا قسە دەکەی دەڵێی خەونەکەیە.

شێخۆش بۆی تەواو کرد: بەڵێ، ئەمە لەو ساڵەدا بوو، کە مەلا بچکۆلی برازام هاتە دنیاوە.

ئەمەی لەو کاتەدا گوت، کە دەستی بەسەر ڕۆستەمدا دەهێنا. جیهانگیر بەسەراسیمەییەوە چون بیر لە شتێکی دوور بکاتەوە، لە بۆشاییەکەی دەڕوانی، گوتی:

– سوبحانەڵڵا. ئەم ژنە جادووگەرە قەت هەڵە ناکات. ئەو بەر لە بیست ساڵ پێشبینیی ئەمڕۆی منی کرد. دەی فەرموو وەرنە پێشەوە.

بیسمیللایان لێ کرد. ڕەمەزان دوای ئەوەی نانێکی گەرمی سپیی ئاودیو کرد، چونکە بەلایەوە شتێکی سەیر بوو، چاوی بەقاپەکاندا گێڕا. ئەوان لەسەر خواردنی نانی ڕەشی جۆ، یاخود نانی تێکەڵ ڕاهاتبوون. قاپەکان بریتیبوون لە کەرە و

هەنگوین و ماست و هێلکە و ڕۆن و شتێکی سپی کون کون نەیدەزانی چییە، هەروەها خورمای خەستاوی و دۆشاو.

لەگەڵ شێخۆ سەرنجەکانیان ئاڵوگۆڕ کرد و هەردووکیان بەراوردی قاوەڵتییەکەیان لەگەڵ نانی بەیانیی خۆیاندا کرد، کە بریتی بوو لە نان و ڕۆن، یاخود لە باشترین حاڵەتدا هێلکەی کوڵاو بەژیلەمۆی پشقل. ڕەمەزان لەو کاتی نەیدەزانی کام لەم خواردنە خۆشانە بخوات، گوتی:

– خاڵە ئەگەر شار هەموو بەیانیانێک ئەم خواردنەتان بداتێ، ئەوا من دۆڵی کفران جێ دەهێڵم و لێرە دەژیم.

پاشان پارووەکەی لە کەرێکە وەردا. جیهانگیر گوتی:

– خاڵە ڕەمەزان ئەگەر لام بمێنیتەوە، ئەوا وات لێ دەکەم لە بەهاری هەمیشەییدا بژیت. ئەمە قاوەڵتییەکی سووک و خێرایە. خواردنی باش دوایی دەیبینیت، ئێستا نانەکەت لە هەنگوینەکە هەڵکێشە.

ڕەمەزان گوتی:

– خاڵۆ دەتەوێ گاڵتەم پێ بکەی؟ چۆن کەرە لەگەڵ هەنگویندا دەخورێت؟

شێخۆ سەرقاڵی پارچە هێلکەیەکی سوورەوە کراو بوو، ڕۆنی لێ دەچۆڕاوە، گوتی:

– تاقی بکەوە خۆ زەرەر ناکەیت؟

ڕەمەزان تامی کرد: ئای خوایە دەڵێی ڕۆحە لە دەمما دەتوێتەوە. جێگەت دیارە کوێخا زۆراب.

هەرچی ڕۆستەم و قادر و عەباس بوون لەسەر خورماکە شەڕیان بوو.

ڕەمەزان گوتی: ئەرێ خاڵە پێم ناڵێی ئەم شتە سپییە کون کونە چییە؟

جیهانگیر زەردەخەنەیەک گرتی و گوتی: ویستم باسی ئەمەتان بۆ بکەم، بەتورکی پێی دەڵێن قەیماغ، لە شیری گامێشی چێ دەکەن.

– سوبحانەڵڵا.

جیهانگیر دڵنیا بوو تێر بوون، فەرمانی دا قاپەکان هەڵگرن. کوڕەکەی سەماوەرێکی گەورەی زەرد و قۆری و پیاڵەکانی هێنان. وا دیاربوو دەیویست بەم



خۆنیشاندانە خۆی بەدەربخا و بۆیان بسەلمێنێ، لەم سەرزەمینە لە دۆڵی کفرانیش باشتر هەیە.

ڕەمەزان و شێخۆ جارێک سەیری یەکدییان دەکرد و قەیرێکیش سەیری سەماوەر و پاشکۆکانیان دەکرد. لە ناخەوە گەیشتنە ئەو قەناعەتەی ئەم خاڵە لەعنەتییەیان، چونکە لەسەر دەستی جوولەکە پێگەییوە، بەڕیشیان پێدەکەنێ و لە هەمان کاتدا بەزەیی پێیاندا دێتەوە. ڕەمەزان بەزمانێک پڕ بوو لە نەگریسی و لاپرەسەنی، گوتی:

– خاڵە جیهانگیر، هەموو شتەکان تێگەیشتین، لێ پێم ناڵێی ئەم مووشەدەمەیە چییە؟ ئەی ئەو ئامێرە جادووییانەی دەوروبەری؟

– ئەمە سەماوەرە ڕەمەزان. بەدەستی خۆم چاتان بۆ تێدەکەم و لەگەڵ قەنددا دەیخۆینەوە.

ڕەمەزان ئەو کاتی بەئاگادارییەوە دەیپشکنی، گوتی:

– سوبحانەڵڵا لە ئیشت خودایە. کەواتە ئەمەیە سەماوەر.

بەردەوام بوو لە قسەکردنی لەگەڵ سەماوەرەکەدا:

– پێشتر ناوم ژنەفتبووی، ئەوا لە نزیکەوە پێت ئاشنا بووم، با چاکەشت، کە زۆرمان لە بارەوە بیستووە و تاممان نەکردووە، بچەڕبێنین.

جیهانگیر دوای ئەوەی پیاڵەکانی بۆ ڕەوان کردن، گوتی:

– من لەوەتی فێرە چایخواردنەوە بوومە، وازم لە قاوە هێناوە. لەگەڵتاندا هەندێ شەکر و چای بۆ کوێخا زۆراب دەنێرم. زۆر بەتامە، نەخوازەڵا دوای خواردن و جگەرەکێشان.

ڕەمەزان دووەمین پیاڵەی بەرز کردەوە و دیقەتی ڕەنگە سوورە پاڵێوراوەکەی دەدا و دەیویست ڕاستی بەقسەکانییەوە دیار بێت، گوتی:

– شێخۆ بەگ بینیت؟ نەمگوت زۆر شت لە خاڵە جیهانگیرم فێر دەبین؟ هیچ نەبێ پیاو فێری ئەوە دەبێ ئەو لیرانەی دەستی دەکەون چۆنیان خەرج بکات. من یەکەمین کەسم لەوانەی لەگەڵتا دێن بۆ گوندە تازەکەی سەر زێی ڕۆخانە. لەوێ ژیانێکی نوێ دەست پێ دەکەین.

شێخۆ گوتی: ئەگەر بمزانیایە چای ئەم تامەی هەیە، کارێکی وام دەکرد هەر دەستم بکەوتایا.

جیهانگیر ئاهێکی هەڵکێشا، چونکە ئەوان ڕەوشەکەیان بەدڵ بوو و لە هەموو ئەو مەسەلانەی خستنییە ڕوو هاوڕا بوون، بیری لە سەرچاوەکانی سامانی نوێ دەکردەوە، کە لە دۆڵی کفرانی ناودار بەگەنمی قەندەهاری، بۆی دێن. ڕەمەزان دوای ئەوەی چایەکە خاوی کردبووەوە، لە شوێنەکەی هەڵاژا، گوتی:

– خاڵە دەمەوێ پرسیارێکت لێ بکەم مێشکی تێکداوم، ئێمە لە دۆڵی کفران پێوەری تایبەتی کڕین و فرۆشتنمان هەیە، ئەگەر ویستمان ترێ، یاخود خورما لە فرۆشیارە گەڕۆکەکان بکڕین، ئەوا بۆ نموونە سەر بەسەر بەگەنم لەگەڵیاندا دەگۆڕینەوە، یاخود یەک بەچوار بەبرنج. ئەگەر کچەکەم ویستی دەرزییەک و چەند گەزە جاوێک بکڕێت، لە بەرامبەردا چەند هێلکەیەک یاخود مریشکی دەداتێ. باشە پێم ناڵێی ئەم چایە سووکە بێ کێشە بەرامبەر بەچی دەگۆڕنەوە؟

جیهانگیر خەنییەوە، سەرە تاشراوەکەی خوراند و گوتی:

–وڵامی ئەم پرسیارە لای کوێخا زۆرابە. بەڵام ئەو نایەوێ لە هەموو شتەکان حاڵیتان بکات. هەڵبەت بەلای ئەوەوە ئەم شتانە ڕەوشت تێک دەدەن. خاڵە ڕەمەزان، کڕین و فرۆشتن تەنیا بەم ئاوایە نابێت. لیرەی ئاڵتوونی هەیە، دەبێ کوێخا زۆراب خوا لێی نەبڕێ بڕێکی زۆری هەبێت. هەندێ شت هەن بەلیرە نەبێ بەدەست نایەن. بۆ نموونە تۆ بەتەنیا لیرەیەک دەتوانیت چەندین سندووق چا بکڕیت، بەڕادەیەک بەشی ساڵێکت بکات.

ڕەمەزان چاوێکی لە شێخۆ کرد: شێخۆ بەگ، دەبوو لە زووەوە ئێمە سەردانی خاڵەممان بکردایا. بەهەرحاڵ ئەوی چوو چوو.

پاشان ئاوڕێکی لە جیهانگیر دایەوە و بەردەوام بوو: باشە ئەوی لیرەی زێڕی نەبێ، چای لێ حەرام دەبێ؟

– ئەگەر خاوەنی گەنم و مەڕ و بزن و خوری، یاخود ئەسپ بیت، ئەوا دەتوانی بەلیرەی زێڕ بیفرۆشی و چیت بوێ پێی بکڕیت.

شێخۆ بەگاڵتەوە گوتی: ئەگەر حیساب بەم شێوەیە بێت، وابزانم ئیتر ناتوانی



چایەکەت بخۆیتەوە، مەگەر لای خاڵمان جیهانگیر نەبێ.

ڕەمەزان بەسەر ڕاوەشاندنەوە، گوتی: شێخۆ بەگ گیان، بەدرێژایی کات من بیرم لەمە دەکردەوە.

جیهانگیر یەکسەر تێگەیی، هەر کەسێک لە هۆزی دۆڵی کفران، بێ ڕەزامەندی کوێخا زۆراب ناتوانێت دەست بۆ هیچ شتێک ببات. بێ ڕەنجکێشان گوتی:

– ئەمە هەر گرفت نییە. لە هەموو حاڵەتەکاندا من هەندێ شەکر و چایتان لەگەڵدا دەنێرم. دوای هەر ژەمێک خواردن چای بدەنێ. با خۆی بەراوردی نێوان چای و قاوە بکات، با ببینین.

ڕەمەزان گوتی: ئەو کات لیرەکان ڕووناکی دەبینن.

کوڕەکان لەگەڵ نەوەکانی جیهانگیر حەوشەکەیان جێ هێشتبوو و بۆ بازاڕ چووبوون. ئەو سیانەیش لە شوێن خۆیان هەڵاژان و خەو دایگرتن. هەرچی کوڕە گەورەکەی جیهانگیر بوو، کە لە سەرووی چل ساڵەوە دەبوو، لەسەر پێ تەیار و ئامادە وەستا بوو، تا ئەوی بیانەوێت جێبەجێی بکات.

## ٥

ڕۆژەکە لەودیو کەل هەنجیرەوە، کە سێبەرەکەی بەسەر دۆڵی کفراندا کشا بوو، ئاوا بوو. دۆڵی کفران ماڵئاوایی لە ڕۆژێکی گەرمی درێژی پڕ لە جووڵە و چالاکی کرد. لە وەرزی دروێنەدا، لێرە لەگەڵ بەیان ئەنگاوتندا جووڵە دەست پێ دەکات و خۆرئاواش کۆتایی پێ دێنێت. چونکە هەر خەمساردی و دواکەوتنێک کارەساتی گەورەی بەدوادا دێت. هەڵمەتی دزی چ لە لایەن فەرمانبەرانی دەوڵەتەوە بێ، یا لە هۆزەکانەوە، یاخود مەترسی ئاگرکەوتنەوە، هەموو ئەمانە لەم وەرزەدا ڕوو دەدەن. بۆیە کارەکان هیچ کەمتەرخەمی و دواخستنێک هەڵناگرن. زۆراب بەخۆی سەرپەرشتی ئیشە گەورە و بچووکەکانی دەکرد. هەوڵی دەدا باشترین جۆری خواردن بەئەندامانی هۆزەکەی و ئەو سەپانانەی، کە لە دەرەوەی دۆڵی کفرانەوە هاتوون، پێشکەش بکات. هەر لەو ڕۆژەی شێخۆ و ڕەمەزان بۆ ناوەندی سەنجەق چوون، ئەوان لە دوورینەوەی نیوەی دەغڵەکان بووبوونەوە و چاڵە خەلەکانیان پاک دەکردەوە، بۆ ئەوەی تا ئەوان لە سەنجەق دێنەوە لە بەرچاو بزر بووبن. چونکە دوور نییە قۆڵچی و تەحسیلدار لەگەڵ شێخۆدا بێن. دەوڵەت دەوڵەتە، چەندە ڕووخۆشی و نەرمی بنوێنێت ناکرێ پشتی پێ ببەسترێت، شێوازی زۆرن و پڕن لە بادانەوە. گورگێکە بۆ خۆی. زۆراب هەمیشە ئەو پەندەی دەگوتەوە (ئەوی گورگ ئاسا پەلامار نەدات، بەتۆڵەکە شێو دەکاتەوە).

ڕەشماڵە گەورەکە لە نزیک گوندی بانشاخ لەودیو خەرمانەکانەوە هەڵدرابوو، میرزا و زۆراب و شەش کوڕەکەی گرتبووە خۆی، زۆراب بۆ کاروباری گرنگی تایبەت بەچارەنووسی هۆزی دۆڵی کفران بەدوویانیدا ناردبوو. گەورەکەیان ئەوی لە دوای شێخۆ دێ چل ساڵانی تێپەڕاندبوو، بچووکترینیشیان کەریم بوو، نەگەیشتبووە سی ساڵ. ماندوویی و کەنەفتی بەڕوویانەوە دیاربوو، ئەو خورما و ڕۆنە بەتامەی خواردیان، ڕۆحی بەبەردا کردن، نەخوازەلا ئەو کاتی قاوەی تاڵیان بەسەردا کرد. زۆراب بەدەستی چەپی ئاماژەی بۆ ساپیتەی ڕەشماڵەکە کرد و گوتی:

– کوڕەکانم، ئەم ڕەشماڵە دەبینن؟ هەند کۆنە، شتاقمان تەمەنی ڕاستەقینەی نازانین.

سەیرێکی میرزای کرد و بەردەوام بوو: ئەمە هی تۆیە، لە باوکتەوە بۆت ماوەتەوە. کە ئەویش لەمە زیاتری بۆ نەما بووەوە، دەتوانی پێم بڵێی تەمەنی چەندە؟

میرزا بەشانازییەوە چون ژیانی بەهەموو هۆزی کفران بەخشیبێت، سەری هەڵبڕی و گوتی:

– نەخێر کوێخا زۆراب، ئەوە نازانم. لێ وابزانم ئەوە هەندەی پاراستنی ڕەشماڵەکە گرنگ نییە، دەزانی ئێستا ڕۆحی باب و باپیرانمان چەندە کامەرانن؟ چونکە ئێمە لە ژێر ئەم ڕەشماڵەدا هەناسەی ئەوان هەڵدەمژین.

زۆراب دوای ئەوەی قومێکی لە قاوە تاڵەکەی دا، گوتی:

– کەواتە گرنگ ڕەشماڵەکەیە نەک تەمەنی. دۆڵی کفران ئەم ڕەشماڵەیە، ئەم ڕەشماڵەش دۆڵی کفرانە. ڕەنگە دوای چوونە تەمەنمانەوە ئینجا گەیشتبینە ئەم ڕاستییە. جاران نرخی ئەم ڕەشماڵەمان نەدەزانی. وا دیارە باب و باپیرانمان لە ئێمە زیرەکتر بوونە. نالە گورگەی باپیرە گەورەمان، کە هۆزەکەمان زەلامێکی وەک ئەو ناهێنێتەوە، بەشێوەیەکی بێ وێنە شانازیی بەم ڕەشماڵەوە دەکرد. هەڵبەت تەنیا کوڕ لە کوڕە زۆرەکانی مامە ڕۆستەمم، باوکی میرزای مامتان ئەو بوو درکی بەمە کرد و بەتەنیا ڕەشماڵەکەی بۆ خۆی گل دایەوە. باوکی ڕەحمەتیم گوێدرێژێکی دایێ تا بیگوازێتەوە ئەو شوێنەی دەیەوێت. ئیدی مامە ڕۆستەمم لە سۆنگەی ئەو ڕەشماڵەوە زۆری لە کلۆڵی و هەژاری و برسییەتی چەشت. وای لێ هات ناچار بوو وەکو جووەکان نەوت بفرۆشێت. تەنانەت ئێمە نزیکترین کەسی بووین لە بیرمان کرد، چونکە شەیتان کاری خۆی دەکرد و درزی دەخستە دەروونمانەوە. تاکو یەزدانی مەزن وەکو کاری هەمیشەیی خۆی هاتە ناوەوە، شەیتانی لێ دوور خستینەوە و سۆز و بەزەیی خستە دڵمانەوە. بێ خواستی پەروەردگار هیچ شتێک نابێ.

تاوێک بێدەنگ بوو و دووجار کۆخی، پاشان بەڵغەمێکی خەستی فڕێدایە پشتییەوە لەسەر زەوییەکە. دەمی سڕی و قومێکی لە سبیلەکەی دا و بەردەوام بوو:

– مەترسێن کوڕم. من کە قسەی وا دەکەم هێشتا نەخرەفاوم. ئەم ڕەشماڵە پێوەندییەکی گەورەی بەم یەکبینینەی ئەمڕۆمانەوە هەیە. شێخۆی برا گەورەتان، مامە ڕەمەزانتان و منداڵەکان بۆ ناوەندی سەنجەق چوون، لەبەر چەند هۆیەک لە دەرەوەی توانامانەوەن. نەماندەویست نە شەیتان ببینین و نە شەیتانیش بمانبینێ، لێ چارمان نییە، ئێمە بمانەوێ و نەمانەوێ بەمسکێنی ئەم دەوڵەتە دادەنرێین. وا دوو ڕۆژە لە ناوەندی سەنجەقن. ڕەنگە چەند ڕۆژێکی تریشیان پێ بچێت.

کوڕەکان بەئەدەبەوە دانیشتبوون گوێیان گرتبوو، بێ ئەوەی یەکیان پای درێژ بکات، وایان هەستکرد قسەکانی بابیان جۆرە زیندەگییەکیان بەدەمارە شل و شاوەکانیان دا.

– نازانین بەچ پێشهاتێکەوە بۆمان دەگەڕێنەوە، ڕەنگە لەگەڵ گەڕانەوەیاندا یەکەیەکی جەندرمەیان بۆ دەستبەسەرا گرتنی هەموو بەروبوومەکەمان، یاخود گرتنی هەموو زەلامەکان، لەگەڵدا بن. دووریش نییە فرێیان بدەنە بەندیخانەوە و بەرامبەر بەردانیان مەرجی خۆیانمان بەسەردا بسەپێنن. لەم زەمانەدا هەموو شت جایزە. ئێمە نازانین دەوڵەت بەدەست چ تەنگوچەڵەمەیەکەوە دەناڵێ. لێ ئەوی باشی دەزانین ئەوەیە، کە دەوڵەت وەکو بیرێکی بێ بنە و بەردەوام پێویستیی بەپارە و زەلامە. ڕۆڵەکانم، ئەوەی دەمەوێ پێتانی ڕابگەیەنم ئەوەیە، چۆن باب و باپیرانمان ئەم ڕەشماڵەیان پاراستووە، ئێوەش ئاوا دۆڵی کفران بپارێزن. براکەتان چووە بۆ ناوەندی سەنجەق، تاکو فەرمانی سوڵتانی وەرگرێ و ببێ بەبەگ و ببێتە سەرۆکی فەرمی هۆزی دۆڵی کفران. جەنابی یوزباشی ئەمەی پێ گوتین. ڕەنگە قسەکەی ڕاست بێت، دووریش نییە دەوڵەت سیاسەتی خۆی گۆڕیبێت. وەلێ دەبێ ئەوە باش بزانن سیاسەتی خۆی لە بەرچاوی ڕەشی ئێمە، یاخود لە ترسا ناگۆڕێت. دەبێ شتێ لە گۆڕێدا بێت، هیچ نەبێ دەیانەوێ بمانبەستنەوە. فەرمان و دەستووری ئەوان لەو ئاڵفە دەچێ بەئەسپی بەلەسە دەدرێت، تا لغاوی بکەن. تەنانەت لەم حاڵەتە و حاڵەتەکانی دییشدا دەبێ وەکو پێشوو ڕەفتار بکەین. هۆزی کفران زەلامێک بەهیچ لایەنێک نادات، هەر چییەک بێ. بەهەر هۆیەکیشەوە بێ، تەنانەت دڵۆپە خوێنێکیش بەفیڕۆ نادات. مەگەر تەنیا لە ڕێگەی غەزاکردن لە پێناوی ئایندا بێت. هەروەها دەبێ



خۆمان لە گرفت لەگەڵ هۆزەکانی دیدا، چ کورد، چ تورکمان، چ عەرەب، بەدوور بگرین. ڕازی نیم هیچ یەکێک لە ڕۆڵەکانی هۆزەکەمان لە خۆیەوە ڕەوتار بکات، ئەگەر مردیشم کە ئەمە چارەنووسی هەموومانە، ئەو کات شێخۆی برا گەورەتان دەستبەکار دەبێت. کوڕەکانم، من ئەمەتان بەسەردا ناسەپێنم، هەر یەکێک لە ئێوە ئازادە، دەتوانێت جیا بێتەوە و بەشی خۆی وەرگرێت، لێ ئەو کات نابێت لە نێوماندا بمێنێت، دەبێ سەر هەڵگرێت. ڕۆڵەکانم، چۆن پارێزگاری لە نامووستان دەکەن، دەبێ بۆ دۆڵی کفرانیش ئاوا بن. ئەم دۆڵە ماڵتانە، بۆ بەرگری لەم ماڵە دەبێ دەست بەخوێن و ماڵتانەوە بگرن، ئەگەر ماڵەکانتان لە دەست دا وەکو ئەو قەرەجانەتان لێ دێت، کە ساڵانە دووجار بەم دۆڵەدا تێدەپەڕن، بێ ئەوەی بزانین لە کوێوە دێن و بۆ کوێ دەڕۆن. هەموو شت لە دەستی یەزدانی مەزندایە. لێ ئەو ئەقڵی پێ داوین، تا بیر بکەینەوە، وا نییە میرزا؟

دوای ئەوەی ئاوڕی لە میرزا دایەوە ئەمەی گوت، میرزاش بەو بەردە ئەستێیەی بەدەستی چەپییەوەی گرتبوو سەرقاڵ بوو، دەیکێشا بەچەخماخە ئاسنینە سێگۆشەکەدا. میرزا بێ ئاگا لە قسەکانی زۆراب، کە تەنیا وشەی قەرەجی لە هزردا مابوو، گوتی:

– ڕاستە کوێخا زۆراب، ئەوی دەیڵێی دروستە. قەرەج جگە لە سەما و گۆرانی هیچی تر نازانن. بۆیە خوا غەزەبی لێ گرتوون و زەویی لێ سەندوونەتەوە.

زۆرابیش گوتی: ئەگەر خوا غەزەبی لێ گرتین دەمانکات بەقەرەج.

– ئێمە لە بەرامبەر خوادا هیچ گوناحێکمان نەکردووە تا لێمان توورە بێت، بۆ ئەوەی لە دڵییەوە نزیک بین، لەسەرمانە لە هەر گوندێک مزگەوتێک بنیات بنێین.

– وەلێ لە کوێ مەلا بۆ ئەم هەموو مزگەوتە دابین بکەین؟

– من وای دەبینم هەر گوندە و یەک دووانێک بۆ خوێندن بۆ لای مەلا بنێرێت. مەلا ڕۆستەم بەتەنیا بۆ هۆزەکەمان بەش ناکات.

زۆراب بەردەوامیی بەقسەکانی دا:

– وابزانم قسەکانمان ئەمشەو درێژە دەکێشن، زۆر شت هەن دەبێ ئەمشەو باس بکرێن. دەمەوێ بگەڕێمەوە بۆ قسەکەی یوزباشی، ئەو فەرمانەی نازناوی (بەگ)

بەبرا گەورەکەتان دەبەخشێ، کلک و گوێی زۆرە. هەر یەکێک لە ئێوە لە دێیەکەی خۆیدا وەکو هۆزەکانی بادینان نازناوی (ئاغا)ی پێ دەدرێت. بۆیە لەسەرتانە بەبرا گەورەکەتان بڵێن بەگ و یەکتریش بەئاغا بانگ بکەن. لێ وا تێنەگەن ئەم نازناوانە مافی ئەوەتان دەداتێ خۆتان لە ڕۆڵەکانی هۆزەکەتان گەورەتر بگرن و وا ڕەفتار بکەن هەر بەڕاستی ئاغان. بۆ ئاسانکردنەوەی کاروبارەکانی هۆز، کە سوپاس بۆ پەروەردگار زۆر فراوان بووەتەوە، ناچارین، ئەمەش پێویستی پاشکۆی بەناو فەرمان دەخوازێ، زەوییەکانی دۆڵی کفران بەسەر چەند ناوچەیەکدا دابەش بکەین، بەشێوەیەک هەر یەکێک لە ئێوە ئەو زەوییە دێمەڕۆکانەی دەوروبەری گوندەکەی خۆی بەردەکەوێت. هەرچی زەوییە بەراوەکانی هەردوو بەری ڕووبارەکە و پاوەن و دار و میوە و درەختە بێبەرەکانن دەبنە موڵکی هۆز. مامتان میرزا و کوڕەکانیشی ناوچەیەکی بەرفراوانیان بەردەکەوێت. بەم ئاوایە بەشێوەیەکی سەرەتایی لەگەڵ جەنابی یوزباشی لەو قاقەزەی بۆ دەوڵەتی نووسی، ڕێککەوتم. ئەگەر پرسیارێک یا لێڵاییەکتان لا دروست بووە، دەبێ ئەم ئێوارەیە یەکلای بکەینەوە. هەر یەکێکیشتان مافی نارەزایی دەربڕینی لەسەر ئەو شتانەی وتم هەیە، بەمەرجێک بەدیلی شیاوی هەبێت.

چاوی بەڕووخساری منداڵەکانیدا خشاند، پاشان ئاوڕی لە میرزا و سنجانی ژنی دایەوە.

نیشانەی لەناکاوی و واقوڕمان بەسیمای کوڕەکانەوە دیاربوون. ئەوان هەر لە منداڵییەوە وا ڕاهاتبوون گوێ لە قسەکانی باوکیان بگرن و وا تێبگەن ئەوی ئەو بیڵێت ڕاستە و هەڵەی تێدا نییە. خۆ ئەگەر ئەوی بوێرێت پرسیار بکات، یاخود سووکە نارەزاییەک دەرببڕێت، تەنیا کەریمی برا بچووکیانە. لە ناخەوە هیچ پرسیارێکیان نەبوو، هێندەی ئەو لاپرەسەنی و سەراسیمەییەی دەربارەی ئەو دۆخە نوێیەی وێنایان ناکرد، هەیانبوو. هەندێکیان سەیری کەریمیان کرد دەیانزانی هەر چۆنێک بێ قسەی خۆی هەر دەکات و ئەگەریش قسە بکات ئەوا نەک بۆ قسەکردن، بەڵکو ڕەنگدانەوەی ناخیان دەردەخات، یاخود شتێکی نوێ دەخاتە سەر قسەکانی باوکی. کەریم دوای ئەوەی دڵنیا بوو کەس قسەی نییە، گوتی: خوانەخواستە باوە



ئەگەر بە ڕووی قسەکانتا بوەستینەوە، خوا لە ناومان بدات بەر لەوەی شەیتان ئەمەمان پێ بکات.

سنجان گوتی: خوانەکا کوڕم. خوا دوژمنتان لە ناو بدات.

کەریم بەردەوام بوو: باوکە تۆ فەرمان بەچی بدەیت ئێمە بەجێی دەگەیەنین. لێ ئەوی لە قسەکانت تێبگەم ئەوەیە، هەر یەکێک لە ئێمە لە ناوچەکەی خۆیدا سەربەخۆ دەبێت، بەمە وەکو ڕانی بێ شوانمان لێ نایەت؟

کوێخا زۆراب قومێکی لە دارجگەرەکەی دا و بەدەم بزەوە سەرێکی لەقاند و گوتی:

– ڕاستە کوڕم کەریم. باش لێم گەیشتووی. من خۆم هەستم کرد، ڕەنگە ئێوە خۆشتان هەستتان پێ کردبێت، بەماوەیەک پێش هاتنی یوزباشی و خستنە ڕووی بیرۆکەی فەرمان، کارەکانمان زۆر بوونە، نەخوازەڵا لەم ساڵانەی دواییدا من و شێخۆ بەگ زۆر ماندوو بووین، خۆ ئەگەر سنجان و مامە میرزاتان نەبوونایا، ئەوا شەکەتیی دەیپساندین. لەبەرئەمە هەر یەکێک لە ئێوە لە بەروبوومەکەی بەرپرسیارە، ئەمەش بەڕێککەوتن لەگەڵ ڕۆڵەکانی ناوچەکەی، چۆنتان بوێ ئاوا دەکەن.

یەکێک لە کوڕەکان گوتی: ئەی کێشەی کڕین و فرۆشتن؟

– پێم گوتن چۆنتان بوێ ئاوا مامەڵە بەبەروبوومەکەتانەوە دەکەن. هەر ناوچەیەک خۆی بەرپرسیاریی خۆی هەڵدەگرێت. کێت پێ باشە دەتوانی مامەڵە لەگەڵ ئەودا بکەیت. تەنیا شتێک لە ڕێگەی شێخۆ بەگەوە بێت، پێوەندییە بەدەوڵەتەوە، لەبەر هێندێ، کوڕم کەریم دەبینی شوانەکە هەر ماوە.

هەمووان وەکو ئەوەی هەموو شت تێگەیشتبن، سەریان لەقاند. زۆراب زانی زۆر شت هەن پێویستیان بەڕوونکردنەوەیە، یاخود ڕۆژانی داهاتوو وڵامی تەواویان دەداتەوە.

دوای ئەوەی لە جێیەکەی خۆی جووڵا و پشتی دادایە بالیفەکەوە، گوتی:

– هەموو ئەمانە مانای وا نییە ئێمە لە دابونەریت و چارەنووسی هۆزی دۆڵی کفران دەردەچین. من کە گوتم هەر ناوچەیەک بەرپرسیاری خۆیەتی، ئەوە ناگەیەنێ ئەگەر پێویستی کرد خۆی لە بەرگریکردن لە هۆز بدزێتەوە، یاخود خۆی لە بان دۆڵی

کفرانەوە دابنێت... یان ئەگەر ڕێکەوتی کرد، خوا نەخواستە بەروبووم لە ناوچەیەک خراپ بوو، ئەوا ناوچەکانی دی لێ گەڕێن دەستەوستان دانیشێت.

بێدەنگی ناو ڕەشماڵەکەی گرتبووەوە، تاریکی دۆڵی کفرانی داگرتبوو. زۆراب پێی زانی پرسیار تەواو بوو، گوتی:

– ئێستا دەتوانین بچینە بەر ئەو هەوا خۆشەی دەرێ و ئەگەر هیلاک نین بەزمەکەمان لەوێ درێژە پێ بدەین. لێ بەر لەوەی ئێرە جێ بهێڵین، دەمەوێ هەندێ قسەی تر لە بارەی ئەرکی داهاتووتانەوە بکەم. ئێوە دەزانن هەموو هۆزەکەمان تەنیا مزگەوتێکی هەیە، ئەمەش بەش ناکات. بۆیە لەسەر هەر یەکێک لە ئێوەیە یەک دوو منداڵ بۆ فێربوون بۆ لای مەلا بنێرێت، تا لە بانەڕۆژدا بتوانن لە هەر گوندە و مزگەوتێک چێ بکەن. هەرچی خەرجییەکانی شێخۆ بەگە، لە سۆنگەی دیدەنییەکانییەوە بۆ ناوەندی سەنجەق زیاد دەکات، ئیتر لەمەودوا دەبێ هەر ناوچەیە و بەڕێژەی لە سەدا دەی بداتێ. ئەم یەک لە دەیەش ڕاستەوخۆ لە دوای کۆکردنەوەی دانەوێڵە دەیدرێتێ. ئەگەر منیش مردم، ئەوا خەرجیی سنجان لەم دەیەکە دەبێت و لە هەڵبژاردنی شوێنی نیشتەجێبوونیشیدا ئازاد دەبێت. دەتوانێ لەگەڵ خێزانی شێخۆ بەگ، یا بەتەنێ، یا لەگەڵ هەر یەکێکتاندا بژیت، ئەو دوایی خۆی بڕیار دەدات.

سنجان بەدەنگێکی گەرموگوڕەوە گوتی: خوا قەت ئەوە نەکات لە پێش منا بمریت کوێخا زۆراب، خوا تەمەنی منیش بخاتە سەر تەمەنت و ڕۆحی من بەر لە مەرگی تۆ ببات.

زۆراب بەخەنینەوە گوتی: تەمەن لە دەستی خودایە سنجان.

لە شوێن خۆی هەستا و کۆتایی بەدانیشتنەکە هێنا. بەر لەوەی دوو هەنگاو بنێت، میرزا دووی کەوت و گوتی: ڕەشماڵەکە هەڵگرین، یان بیهێڵینەوە؟

زۆراب چاوێکی لە تاریکییە بێ کۆتاییەکە بڕی و گوتی:

– لێی گەڕێ میرزا، مادامەکی لە کۆکردنەوە و تەقەتکردنی بەروبوومەکە نەبووینەتەوە. ئەم ڕەشماڵە خێر و بەرەکەتمان بۆ دێنێت.

هەموان گەڕانەوە گوندەکانی خۆیان. لێ نەیانتوانی بەسەر خەوە نوچکەکانیاندا زاڵ بن. هەرچەندە قسەکانی باوکیان شتێکی نوێی خستە دڵیانەوە، ئەو شتەی تا



ڕادەیەک ترساندیانی و وای لێ کردن لە گێژەنێکدا بسووڕێنەوە، کە پێشتر نەیان بینیبوو. توانای وێناکردنی داهاتووی خۆیانیان نەبوو، ئەمەش وای لێ کردن خەو زیاتر بیانگرێت. دووانیان بێ ئەوەی خەو دایان بگرێت بەبێداری مانەوە. زۆراب و کەریمی کوڕی نەخەوتن و باسی زۆر شتیان کرد، وەکو پێداگرتنی مەلا لەسەر وەرنەگرتنی منداڵی نوێ بۆ فێرکردن و سستی لە فێرکردنی ڕۆستەم، زۆراب لە جێی خۆیەوە بایەخێکی زۆری بەم بابەتە دابوو. ئەو کات کە سەرباز بوو، ویستیان لەگەڵ یەکەیەکی سەربازیدا بۆ شەڕ بینێرن، شەوێ لەگەڵ چەند هاوەڵێکی کوردی گەرمیان ڕێککەوت و بڕیاری هەڵاتنیان دا. دوای ئەوەی هەریەکە و دەستی بەسەر تفەنگێکدا گرت، توانییان لە نیوەی شەودا لە خاڵەکانی پشکنینەوە دزە بکەن و لە سەربازگەکە هەڵبێن. بەدرێژایی ئەو شەوە بەڕێگەوە بوون، تا گەیشتنە زەویی هۆزێکی بچووک بەناوی بەرزنجە، لەوێ بەخێرهاتنی گەرمیان لە هەرسێکیان کرد، ئەوانی دییش ملی ڕێی شوێنێکی تریان گرتە بەر. کاتێک سەرۆک هۆز پێی زانی لە سوپای عوسمانی هەڵاتوون، پشتگیری لێ کردن و ڕێزی لێ نان و داوای لێ کردن لای ئەو بمێننەوە. لەوێ گەلێ شتی بینی پێشتر بەرچاوی نەکەوتبوون. هەرکە ئێوارە دەهات دیوەخانە گەورەکە جمەی دەهات و ژمارەیەکی زۆر دەروێشی سەر و ڕیش درێژ دەهاتن، دەکەوتنە دەف لێدان و بەجووڵەی ڕێک لەگەڵیدا سەمایان دەکرد، هەندەی نەدەبرد حاڵ دەیگرتن، شێتگیر دەبوون و شیر و خەنجەریان ڕادەوەشاند و یەک دەنگ (لا اله الا الله، لا اله الا الله...)یان دەوتەوە. کاتێ جووڵانەوەکانیان پەلەتر و توندتر دەبووەوە، لەهیکرا لە شوێنی خۆیان ڕادەوەستان، دەستیان دەکرد بەسەر ڕاوەشاندن بەڕاست و چەپدا و بەخێرایی (الله حي، الله حي...)یان دەوتەوە. دوای ئەوە شتی سەرسامکەری لە ئەقڵ بەدەر دەستی پێ کرد: دانیشتن بەقنگی ڕووتەوە لەسەر ساجی سوورەوە بوو، خەنجەر لە زگدان، بەدەست پشکۆ گرتن و خستنە دەمەوە... هەر یەکێک لەمانە کە دەهاتە ژوورێ دەچوو دەستی شێخی ماچ دەکرد، کە لە پەڕەوە دادەنیشت و تەزبیحێکی درێژی بەدەستەوە بوو، بەپەنجە گەورەی دەنکەکانی دەژماردن و چون بەکۆمەڵێک فریشتەی نەبینراو دەورە درابێت، قسەی ناڕۆشنی دەکرد. بەیانییەکیان ئەم شێخە پیرۆزە بەدوویاندا ناردی. دوای ئەوەی دەستیان

ڕامووسی، هەریەکە و لە تەنیشتییەوە شوێنی خۆی گرت. یاریدەدەرەکەی کە پێیان دەگوت خەلیفە، ئەویش تەزبیحێکی درێژی بەدەستەوە گرتبوو، دەتگوت نوسخەی دووەمی شێخە. چونکە لە هەموو شت لاسایی دەکردەوە، لە جلوبەرگی، قژە بەردراوەکەی و ڕیشە درێژەکەی. تەنیا جیاوازی لە نێوانیاندا ئەوە بوو شێخ بەهەیبەتتر و پاک و پوختەتر بوو، مێزەرەکەشی لەوی خەلیفە گەورەتر بوو. سەریان لەو بایەخ پێدانەی شێخ سوورما، وایان دانابوو گوێبیستی دەنگی دەبن، چونکە دوای زیاد لە دوو حەفتە لە مانەوەیان، ئینجاش گوێیان لە دەنگی نەبوو. بۆیە شتێکی کتوپڕ نەبوو کاتێک تەنیا خەلیفە قسەی لەگەڵ کردن.

قسەکانی خەلیفە تا نهۆش لە مێشکیدا دەزرنگێنەوە:

– کوڕم، ئێوە هەرسێکتان لەم ماوەیەی لەگەڵماندا بوون، دەرتان خست بەڕاستی دڵسۆزن، شێخ لە پێغەمبەری باپیرە گەورەیەوە (د. خ) پێی ڕاگەیەنرا ئێوە لە کەڵەک و گزی و فزییەوە دوورن. ئێوە بەهەڵاتنتان لە سوپا کارێکتان کردووە خزمەت و ڕاژە بەئاین و ویژدان دەگەیەنێت. چونکە ئەم دەوڵەتە لەسەر زوڵم و زۆرداری وەستاوە، ئێمەش دەبێ هەموو دەرگاکانیان بەڕوودا کڵۆم بکەین و نەهێڵین هیچ یەکێک لە پیاوەکانیان پێیان بخەنە دەقەرەکەمانەوە. ئێمە دەبێ پیاوی ئاینی لە خۆمان خەلق بکەین و هەر مەلایەک دەوڵەت بینێرێ قاوی بدەین. لە ئێستا بەدواوە ئێوە دەروێشی شێخن. بۆ هەر کوێ بڕۆن ڕووحی شێخ لەگەڵتاندایە. هەر ئەوەندەی هاواری بۆ ببەن دەگاتە هاناتان و دەردەکەوێت، ئیدی یا لە شێوەی بەردێک لەسەر ڕێگە فڕێ درابێت، یا ڕێوی، یاخود باڵندەیەک لە باڵندەکان. دووریش نییە ڕووحی تر بێنە سەر ڕێگەتان و وا نیشان بدەن ڕووحی شێخن، بەڵام ڕەنگە ئەم ڕووحانە شەڕەنگێز بن، بۆیە دەبێ زۆر ئاگادار بن و بەناوی خوا و پێغەمبەر و شێخەوە بەرەنگاریان ببنەوە. ئەگەر هەر بزر نەبوون ئەوا بە شیر و خەنجەر لێیان بدەن. ئەوانە شێوەیان تا بڵێی دزێو و تۆقێنەرن. ترسان لەم خێوە تۆقێنەرانە بەرەو شێتبوونتان دەبات، بۆیە دەبێ جورئەتتان هەبێ و نەترسن. خۆ ئەگەر خوانەخواستە یەکێکتان تووشی شێتی هات، دەبێ بەزووترین کات بگەیەنرێتە لای شێخ و چارەی تەنیا لای ئەوە.

کەریم بەلاپرەسەنییەکی گەورە و بایەخدارەوە دەیڕوانییە باوکی، کاتێ منداڵ بوو



بەردەوام ئەم یادەوەرییانەی بۆ دەگێڕاوە، لێ ئەو کاتە هیچ گرنگییەکی بەم باسانە نەدەدا. کەچی ئێستا هەر ڕستەیەک لەو ڕستانەی بابی، لای دەبنە واقعێکی هەست پێ کراو، دەبنە وێنەیێلێک لە بەرامبەریدا لە هەناوی تاریکیی بێ کۆتایی نیشتووە بەسەر دۆڵی کفراندا، بەرجەستە دەبن.

– کوڕم، بەڕاستی شێخ بوو، هەرکە هانات بۆ دەبرد، لە پێشت قوت دەبووەوە و داواکەتی بەجێ دەگەیاند.

کەریم گوتی: باشە بەخۆی لە بەرامبەرت دەردەکەوت؟ چۆن؟

زۆراب چون لە بەرامبەر مەتەڵێکدا بێت، سەری لەقاند و گوتی:

– ئەمە نهێنیی مەسەلەکەیە کوڕم، ئەو ئامادە دەبێ، نەک بەجەستەی، تۆ ناتوانی نە بیبینی و نە دەستیشی لێ بدەیت. لێ بەتەنیشتتەوە هەست بەبوونی دەکەیت، بەچاو نایبینیت، بەڵکو بەڕووحت. ئەم دۆخەش ناتوانی تێیدا بژیت، تەنیا مەگەر ببیتە دەروێش.

– ئەو دووانەی تر چییان لێ هات؟ ئەی بۆ لای شێخ نەمانەوە؟ من بوایەم لای دەمامەوە و بەدرێژایی ژیانم خزمەتم دەکرد.

– ئەو دووانەی دی.. بەڵێ، ئەو دووانەی دی. ویستم بەر لە گەڕانەوەی شێخۆ بەگ و ڕەمەزان لە ناوەندی سەنجەق، ئەمەت بۆ باس بکەم. ئەو دووانەی دی کوڕم، دەروێش سەعیدی ڕەحمەتیی باوکی یوزباشی و جیهانگیری خاڵی ڕەمەزان بوون. ئێستا جیهانگیر لە ناوەندی سەنجەق بازرگانی دەکات. بێگومان ئێستا ڕەمەزان شێخۆ بەگ و منداڵەکانی بۆ ماڵی بردوون، چونکە لەمێژ بوو دڵی بۆیان لێی دەدا. خزم و خوێش چەند لێک دابڕێن، ئەوا هەر دەبێ پێک بگەنەوە. خوێن هەر خوێنە و نابێ بەئاو. جیهانگیر چەندە ناتەواویی هەبێت ناتوانین تا سەر لێک دابڕێین. نەخوازەڵا ئێستا زەمان گۆڕاوە و ئەگەر خراپەیەکی هەبێت ئەوا خۆی هەڵی دەگرێت.

کەریم بەلاپرەسەنییەکی منداڵانەوە پرسی:

– خراپەکانی چین باوە؟

– خراپیی ئەوەیە بەدووی پارە کەوت و کەوتە بازرگانی و دۆستایەتیی جوولەکە.

ئێستاش بووەتە قامکێک لە قامکەکانی دەستی دەوڵەت. شێخ ئەم هەموو شتانەی لێ حەرام کردبووین، ئامۆژگاری هەرسێکمانی کرد ڕابواردن و هەوەس لە خۆمان حەرام بکەین و خۆمان بۆ کاروباری ئاین تەرخان بکەین. دەبوو ژنمان نەهێنابا و ژیانی بەکۆمەڵ لەگەڵ دەیان دەروێشی تردا لە تەکیەکەی بژیاینایا. لێ ئێمە خودان دەروونی لاواز بووین، چۆن بەرگەی ژیانی سەربازگەی سوپای عوسمانیمان نەگرت، ئاواش بەرگەی ژیانی دەروێشیمان نەگرت. قورسترین شت بەلامانەوە ڕەبەنی بوو. ژیان بێ ئافرەت ئەستەمە. بەم ئاوایە تەکیەکەمان جێ هێشت، بەو مەرجەی ساڵی جارێک سەری لێ بدەین. ئیدی تا چەندین ساڵ سەردانمان دەکرد و دیاری و قوربانیمان بۆ دەبرد. وای لێ هات دیدەنییەکانمان کەم بوونەوە، کاتێک شێخ ئەمری خوای بەجێ هێنا، بەیەکجاری پەیوەندیمان لەگەڵ تەکیەدا بڕا، هەرچەندە جیهانگیر چەند ساڵێک بەر لە مردنی شێخ پەیوەندیی خۆی لەگەڵ تەکیەدا پچڕاندبوو. بەئەمەکترینمان بۆ شێخ و دەروێشیی، دەروێش سەعید بوو، ئەلحەق دەروێشێکی دڵسۆز بوو.

– بیستوومە دز و درۆزن بوو.

– ئەوە شتێکی ترە کوڕم. ئەو بەئاگاداریی شێخ دزی دەکرد و ئەوی دەیدزی بۆ تەکیەی دەبرد. دەروێشەکانیش دەبوو بژین، هەرچی درۆشە ئەوە سیفەتێکە لە سیفەتەکانی مرۆڤ ناتوانی بەسەریدا زاڵ بیت.

– باشە باوە دەتوانین پەیوەندیمان بەتەکیەوە نوێ بکەینەوە؟

– بێگومان کوڕم. دووریش نییە لە ناردنی چەند مەلایەک یارمەتیمان بدەن، چونکە مەلاکەی لەمەڕ خۆمان لە فێرکردنی منداڵەکانمان هاوکاریمان ناکا و پڕ بەدڵ لایەنگیری دەوڵەتە. کە شێخۆ بەگ هاتەوە باسی ئەمەش دەکەین.

کەریم هەستی کرد شەونخوونی باوکی هیلاک کردووە، لە پرسیارکردن وەستا و گوتی:

– با بیکەینە شەو، تۆ زۆر ماندووی باوە.

– تۆش ماندووی، یاخود دەتەوێ خولێک بەدەوری خەرمانەکەدا لێ بدەیت؟

لە شوێنەکەی هەستا و تفەنگە سێ تیرە ڕووسییەکەی لە شان کرد و گوتی:



– سوورێکی خێرا بەدەوری خەرمانەکەدا لێ دەدەم و بۆ ئاوایی دەگەڕێمەوە.

بەوریاکردنەوەوە گوتی: نا کوڕم. ئەمشەو لامان دەمێنیتەوە، کات زۆر درەنگە، لە کاتی وادا نابێ لە ڕووبار بدەیت.

ئەویش بەشۆخییەکەوە گوتی: باوە لە شەودا چی هەیە بمترسێنێ؟ من خۆم خێوم و خێوەکانی دۆڵی کفران لێم دەترسێن. ئەگەرەکو خێوێکی جەربەزە هەیە با بێتە پێشەوە.

زۆراب بەترسەوە گوتی: کوڕم وا مەڵێ، مرۆڤ ناتوانێ لەگەڵ خێودا گاڵتە بکات. ئەوان زۆر لە ئێمە بەهێزترن.

بەسووربوونێکەوە گوتی: بابە دەبێ بڕۆم.

– ئەگەر هەر سووریت لەسەر ڕۆیشتن، ئەوا بەدرێژایی ڕێگە گۆرانی بڵێ.

گوندەکەی کەریم دەکەوتە ئەوبەری ڕووبارەکەوە، لای ئەوسەری و بەتەنیشت جەوەڵ قاجرەوە. هەر کات شەو درەنگان بگەڕایەتەوە ماڵ، زۆری لە ئەسپەکەی نەدەکرد تا ڕەوت بکات، یاخود بەخێرایی بڕوات، بەڵکو لێ دەگەڕا بەئارەزووی دڵی خۆی ڕێ بکات، خۆیشی لە ئەستێرەکان ورد دەبووەوە و تا دەگەیشتە گوند گۆرانیی دەچڕی. هەرچەندە کەریم ژنی هێنابوو، کەچی زیاد لە ئافرەتێکی خۆشدەویست. زۆرابیش بەمەی دەزانی و نەک هەر چاوی لێ پۆشیبوو، بەڵکو ئەو کاتی سەرچڵییەکانی لێرە و لەوێ دەبیست، هەستی بەجۆرە شانازییەک دەکرد.

چونکە لەودا لاویی خۆی دەبینییەوە و باشی دەزانی ئەم خووانەی لە خۆیەوە بۆ ماوەتەوە. پاشان وەسیەتی ژنەکەی بیر ناچێ ئەو کاتی لە سەرەمەرگدا بوو گوتی:

– زۆراب، من لەبەرئەوە ناگریم دنیای فانی جێ دێڵم، بەڵکو لەبەرئەوەیە کەریم بێ دایک دەهێڵمەوە. کێ نازی کەریم دەکێشێت؟ چی دەکەی بکە، وەڵێ کەریم پێویستی بەناز و خۆشەویستی هەیە.

لەو کاتەوە کەریم لە لایەن هەمووانەوە نازی دەکێشرا. زۆراب بڕوای وابوو، ئەمەی لە خەڵکانی دیشەوە بیستبوو، ئەگەر مرۆڤ لە شەودا گۆرانی بڵێت، ئەوا دێو و درنج و ئاژەڵی دڕندەی توخن ناکەون.

زۆراب لە شەوانی هاویندا لەسەر سەکۆکە لە حەوشە دەنووست. ئەم بەشە بەدیوار لە حەوشەی ماڵ دابڕا بوو، بەشێوەیەک کەس ئەودیوی نەدەدی. زۆربەی خێزانەکان بەم شێوەیە دەنووستن، دەتگوت دوورگەیەکە بەمێگەلە مەڕ دەورە دراوە، کە ئەویش بەئاسوودەیی لەگەڵ خاوەن ماڵدا دەنووست. لە سوودەکانی تری ئەم سەکۆیە، پاراستنی نوستووەکان بوو لە دووپشک و مار، کە بەشەوان دەردەچوون.

زۆراب بەئاسپایی بەنێو مەڕەکاندا دزەی کرد، لەبەر زۆری پەزەکان شوێنێکی نادۆزییەوە پێی لێ دابنێت. خۆی خستە جێیەکەی سنجانەوە، سنجانیش بەئاگا بوو و خەوی ناهات، بەپاڵییەوە ڕاکشا و باسکی خستە سەر سینگی، دەستی بەماچکردنی گەردنی کرد، بۆنی سمڵی بەلووتدا هات: وامزانی نوستووی سنجان. ئەگەر نەنوستووی بۆ جێت هێشتین؟

– ویستم تۆ و کەریم بەتەنیا بن. هەندێک جار باوک و کوڕ پێویستیان بەم پێکگەیشتنە هەیە.

– وەکو چۆن من و تۆ پێویستمانە.

ئەنگوستەکانی بەنێو ڕیشیدا هێنان و گوتی: ئەمشەو من هی تۆم.

– ئینجاش لێت تێر نابم و هەمیشە هەست دەکەم تینووم بۆت.

– ئای لەو زمانەت زۆراب. وەکو هەرزەکارێک قسە دەکەیت. بەم زوانەت دەتوانی کچی تازە هەڵچوو بخەڵەتێنی.

– دەزانی ئەمڕۆ چەند بەختەوەر بووم، ئەو کاتی لە ڕەشماڵەکە کوڕەکانم و تۆ و میرزا دەورتان دابووم؟ وامدەزانی ئەم دنیایە هی منە. ئەو کاتی قسەت کرد هەستم بەحەزێکی گەورەی پاڵخستنت کرد.

ئەو کاتی ختووکەی سکی دەدا، بەپێکەنینەوە گوتی: وا دیارە خورما و ڕۆنەکە کاری خۆی کردووە. بەتایبەت لەبەر تۆ چوار هێلکەم تێ کرد.

– شتی وام هەمیشە پێویستە. نازانم دوا جار کەی بوو کردمان؟

– من بیرم ناچێ، بەر لە سێ حەفتە بوو.

دەستی بەڕانیدا هێنا و گوتی: ئەی ئێستا، حەزت لێ نییە؟



بەدەنگێکی گەرم و بەچرپەوە گوتی: کەیفی خۆتە.

لەسەر پشت ڕاکشا، بالیفەکەی خستە لاوە، قۆڵی چەپی خستە ژێر سەری و گوتی:

– دڵم لای کەریمە، سوور بوو لەسەر پەڕینەوە لە ڕووبارەکە، تا ئێستاش دەستی بەگۆرانی چڕین نەکردووە.

سنجان باوەشی لێ دا و باگۆی داوە: لێی مەترسە. کوڕی باوکی خۆیەتی. خوا دەزانێ تا دەگاتە لای ژنەکەی، بەچ باوشێکدا تێدەپەڕێ.

کەریم بەئەسپەکەی خولێکی بەدەوری خەرمانەکاندا خوارد، پاشان ئەو ڕێگە تەنگەی گرتە بەر کە بەرەو دۆڵەکە لێژ دەبووەوە، چەندین ڕێگە هەبوون بیبەنەوە گوند، کەچی ئەم ڕێگەیەی لە هەموو ڕێگەکان پێ باشتر بوو. چونکە لێژاییە کتوپڕەکە و ڕۆیشتن بەقەراغی ڕووبارەکەدا خۆشییان دەخستە دڵییەوە. لە چەند لایەکەوە ڕووبارەکەی دەبڕی، شوێنە تەنکاو و قووڵەکان و ئەو شوێنانەی بەهۆی تاشە بەردی زۆرەوە بڕینیان ئەستەم بوو، گشت پێ دەزانی. هەمووان لەوە ئاگادار بوون ئەگەر لە شوێنە دژوار و ناهەموارەکانەوە نەڕۆیشتبا دڵی دانەدەکەوت. هەمیشە جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە زەویی دۆڵی کفران بەبەراورد لەگەڵ دەڤەرەکانی تری کوردستاندا تەختانییە. ئەو تەنیا کەس بوو لە نێو براکانیدا باوکی بۆ ڕابەریی کاری بازرگانی، یاخود قاچاخچێتی لەگەڵ ناوچە و هۆزەکانی دیدا، هەڵیدەبژارد. ئەمەش بەمەبەستی دابینکردنی ئەو شتانەی هۆز پێویستیی پێیانە. بەحوکمی ئەم کارەی گەیشتە دیاربەکر و بەسەرجەم دەڤەرێن بادیناندا تێپەڕ بوو. هەرچی قەسری شیرین و سنە و مەهاباد بوون ئەوا بەردەوام هاتوچۆی دەکردن. هەروەها تەنیا ئەو بوو لە نێو براکانیدا دیالێکتی بادینی و زمانی فارسی باش دەزانی. کەندەڵانە بەرزەکەی دەیڕوانییە سەر ڕووبارەکە تاریکییەکەی قووڵتر دەکرد. کەریم بەپێچەوانەی عادەتی خۆیەوە بیری لە قسەکانی بابی دەکردەوە. ئەمە یەکەم جار بوو ئاواتی دەخواست ئەو شتە ببینێ، کە هەمووان باسی لێوە دەکەن. ئاخی بۆ ئەوە دەخوارد کە بواری ئەوەی نییە سەردانێکی شێخ بکات. بیری لەو خێوانە کردەوە جارێکیان ڕەمەزان بۆی باس کرد، کە چۆن ڕێگەیان لێ گرت و بازنەیەکیان

بەدەوریدا کێشا و بەڕووخسارە تۆقێنەرەکانیانەوە سەمایان دەکرد و قاقا پێدەکەنین. ئەو کات بڕوای بەقسەکانی ڕەمەزان نەکرد، چونکە پیاو لە نێوان گاڵتە و ڕاستیدا دۆش دادەما. هەر چۆنێک بێت دەبێ ئەم ڕۆحە وێڵانە هەبن، ئەگینا بۆ ئەوەندە باسیان دەکەن، پاشان باوکی قەت درۆ ناکات، ئەی بەچاوی خۆی لە شەوی لە دایکبوونی ڕۆستەمدا جنۆکەکەی نەبینی؟

خوڕەی ئاوەکە تەمومژێکی زیاتری دەخستە سەر تاریکییە قووڵەکەوە و دەیکردە مەتەڵێکی نەپەنی. پێکدادانی سمی ئەسپەکە بەوردە بەرد و لمەکەدا زایەڵەیەکی دەردەکرد و دەبووە زمانێکی ناڕۆشنی بوونەوەرێکی نامۆ، کەریم وا تێگەیی وردە چەوەکانن دەئاخێون. لە گوێیدا دەنگێکی نامۆ لە شێوەی قیژە و هاوار لە دەمێن بەستراوەوە، تێکەڵ دەبوون. تەزووی ترس دەتگوت تەوژمی ئاوی ساردە بەگیانیدا هورووژمی دەبرد. ئەسپەکە لە ڕەوتکردن هێور بووەوە، چون شتێک بەزەوییەوەی شەتەک بدات. گوێی لە دەنگێک بوو لە شێوەی سەدا.

– کەریم...

ویستی وڵام بداتەوە تۆ کێی؟ کەچی وشەکان بەهانایەوە نەهاتن. ئەسپەکە بەردەوام لە ڕۆیشتنەکەی هێواشتر دەبووەوە. کۆمەڵە چاوێکی بینی وەک چرای شین لە تاریکییەکەدا دەدرەوشانەوە و بەشێوەیەکی سەیر زیادیان دەکرد. حیلەی ئەسپەکەی بێدەنگیی شەوی شەق کرد. پاشان لە شوێنەکەی خۆی ڕەق ڕاوەستا، بێهوودە دەیویست بجووڵێتەوە.

چاوە درەوشاوەکان بوونە ئەستێرەی گەڕۆک بەسەر ڕووبارەکەوە. کەریم ویستی لە ئەسپەکەی دابەزێ و بەپێیان بڕوات، کەچی شتێک بەئەسپەکەوەی شەتەک دابوو. ئەستێرە گەڕۆکەکان کە دڕیان بەتاریکییەکەوە دەدا، گەشاندیانەوە. دەوەنەکانی دەم ڕووبارەکەش تیشکیان دەداوە، شوێنەکە ڕووناک بووەوە و خۆی لە نێوان کۆمەڵێک کورتە باڵای بچووکی سیما سەیردا بینییەوە، بەدەوریدا هەڵدەپەڕین. یەکێکیان گرتی بەلاقیا و گوتی:

– کەریم وەرە شاییمان لەگەڵدا بکە، ئەمڕۆ ئاهەنگی زەماوەندمان هەیە.

لەسەر ئەسپەکەیان داگرت، هەر ئەوەندەی چووە ناویانەوە، ژنێکی کەتەی نیمچە



ڕووت، بەجلە شڕەکەیەوە، کە هەندێ شوێنی جەستەی داپۆشیبوو، خۆی هاویشتە سەرپشتی ئەسپەکەی. قژی بژ و کەپووی گەورە و چەماوە، دەتگوت دەندووکی کونەپەپووە، هەرچی مەمکەکانی بوون بەملا و بەولای ئەسپەکەوە شۆڕ بووبوونەوە و لە زەوییەکە دەخشان. ئەسپەکە لە ژێریدا ڕەق ڕاوەستابوو، نەدەبزوا.

– کەریم وەرە شاییمان لەگەڵدا بکە.

بەدەم هەڵپەڕکێ و بازدانەوە بردیانە ئەشکەوتی ژێر کەندەکە. ترسی نەما، لەگەڵ ئەو ڕووخسار ناباوانە ئاشنا بوو و وای هەست دەکرد یەکێکە لەوان. یەکێکیان زمانە درێژەکەی لێ دەرکرد و بەشۆخییەوە پێی گوت: لەگەڵماندا بمێنەوە کەریم، خۆشمان دەوێی، ئەگەر لەگەڵماندا بمێنیتەوە کچە جنۆکە (فەی)ی شۆخ و شەنگت بۆ دەخوازین. ئەویش تۆی خۆش دەوێت. ئەو کاتی سەردانی ڕۆستەمی کرد، لە ڕۆژی هاتنە دنیایەوە، وایزانی تۆی ئێشکت گرتووە.

دوو کورتە باڵا خۆیان هاویشتە سەرشانی و بەیەک دەنگ بەگوێیاندا چرپاند:

– بڕوانە کەریم، ئەوە جنۆکە (فەی)یە چاوەڕوانت دەکات.

جنۆکەکە بەجلە سپییەکەی و قژە زەردە بەردراوەکەیەوە لە کونجێکەوە کە دەوروبەری بەسەرین گیرا بوو، دانیشتبوو. ئەملا و ئەولاشی کورتە بنەی شێوە و قەبارە جیا جیا بوون. بچووکەکەیان هەندەی قەلەڕەشێک و، گەورەکەشیان هێندەی منداڵێکی حەوتساڵان بوو. کەریم چونکە زمانی لە گۆ چووبوو، لە دڵی خۆیدا گوتی:

– کەواتە ئەو کچە جنۆکەیەی خەڵکی وڕ و گێژ کردووە ئەمەیە.

کورتە بنەیەک دەستی ڕادەکێشا و مراوی ئاسا دەڕۆیی، گوتی:

– بێگومان لە ئەزەلەوە لێرەدا دەژێت، ئەوا ئێمە لەسەر خواستی ئەو تۆمان بۆ هانی.

کاتێ چووە لایەوە، کورتە باڵاکان نەمان. جنۆکەکە بەچاوە شینە قووڵەکانییەوە بەباییبوونێکەوە گوتی:

– بۆچی دەترسی کەریم؟ ئەی کوا جەربەزەییەکەت؟

کەریم ویستی زمان هەڵێنێ، بەڵانەکینێ نەیتوانی، لە دڵی خۆدا گوتی:

– من ناترسێم، وەلێ شتێک شەتەکی داوم و دەستی بەسەردا گرتووم. من زۆر خۆشحاڵم کە لە نێوتاندام و هیوادارم هەتا هەتا بەتەنیشتتەوە بمێنمەوە.

جنۆکەکە بزەیەکی بۆ کرد و ددانە بلوورینەکانی بەدەرکەوتن، گوتی:

– ئەی دەنکەکانت؟ ئاوا بەزوویی لە بیریان دەکەیت کەریم؟

بەقورسییەکەوە دەستی بۆ درێژ کرد، ئەویش بەنازەوە گوتی:

– نا کەریم. تۆ ناتوانی دەستم لێ بدەیت، ئەگەر دەتەوێت دەستم لێ بدەی، ئەوا دەبێ بمخوازیت و دەردەچین لەگەڵ خێوە قنجەکاندا شایی دەکەین. ئەوان چاوەڕوانمانن، دەی، دەی با بڕۆین بۆ لایان.

کچە جنۆکە لە چاو ونبوو، تاریکی ئەشکەوتەکەی داگرت، بەهەزاران ئەستێرە دەدرەوشانەوە و بەسەر ڕووبارەکەدا دەفڕین...



٦

هەر چواریان لە بەرامبەر دەرگاکە وێستان و تەماشای یەکدییان دەکرد، چون هەر یەکێکیان چاوەڕێ بێت ئەوی تر قسە بکات. ڕۆستەم دڵنیا بوو هەردوو خزمەکانی بەر لەو قسە ناکەن، بۆیە ڕووی دەمی کردە برادەرە تازەکەی، کەوا دیار بوو هێمن و شەرمن و کەمدووە، گوتی:

– من ناوم ڕۆستەمە.

پاشان ئاماژەی بۆ هاوەڵەکانی کرد: ئەمە قادری ئامۆزامە، ئەمەش ئامۆزای باوکمە ناوی عەباسە.. ئەی تۆ؟ ناوت چییە؟

– ناوم ڕەمزییە. بەڵام بەهەڵە پێم دەڵێن ڕەزمی.

ڕۆستەم زەردەیەکی بۆ کرد و بەسەرسامییەوە گوتی: قەت ناوی وام نەبیستووە. باشە ڕەزمی دەمانەوێ شارمان پیشان بدەیت.

ڕەمزی بەشەرمەوە گوتی: ڕۆستەم تۆش لە ناوهێنانی ناوەکەمدا هەڵەت کرد.

ڕۆستەم دەستی نایە سەرشانی و بەدۆستانەوە گوتی:

– بڕوانە ڕەزمی. تەنیا ناوی من ناگۆڕدرێت، ئەمە قادرە، وەلێ پێی دەڵێین قالە، ئەمەش عەباسە پێی دەڵێین عەبە.

– دەتانەوێ لە شار چیتان نیشان بدەم؟

بەر لەوەی ڕۆستەم قسان بکات، قادر بەدەستی ئاماژەی بەچرایەکی هەڵواسراوی قەد دیوارەکە کرد:

– بۆچی ئەو چرایەتان لەوێ هەڵواسیوە؟

هەموو نیگایان خستە سەر چراکە، ڕەمزی بەدەنگی هێواش و بەشێوەیەک هەمووان پێی بزانن باگۆی داوە:

– ئێمە ئەم چرایەمان هەڵنەواسیوە، ئەوە موڵکی شارەوانییە، پیاوێک هەموو ئێوارانێک دێت و نەوتیان تێ دەکات و دایان دەگیرسێنێ، تا کۆڵانەکان ڕووناک بکەنەوە.

– کۆڵانەکان ڕووناک دەکەنەوە؟ زیانی چییە ئەگەر بەتاریکی بمێنێتەوە؟

– تاکو ئەو دزانەی دێنە شارەوە ببینرێن.

– ئەی سەگ؟ سەگتان نییە بۆ ڕاونانی دز؟

عەباس لەو کاتەی دارلاستیکەکەی لە گیرفانی دەرهێنا و سێرەی لە چراکە گرتبوو، وایگوت.

ڕەمزی بەجووڵەیەکی هەستیری دەستی گرت و بەجۆشەوە گوتی: ئەوە چییەکەی؟ تۆ شێتی؟ ئەگەر جامی چراکە بشکێنی ئەوا پارەکەی بەئێمە دەبژێرن.

ڕۆستەم بەڕقەوە سەیری عەباسی کرد و داوای لێ کرد دارلاستیکەکەی بخاتەوە گیرفانی.

قادر بەگێلییەکەوە گوتی: ئەرێ توخوا پێم ناڵێی ئەم شارەوانییە کێیە؟

– شارەوانی حوکمەتە.

– ئەی حوکمەت کێیە؟ لە کوێ دادەنیشێت؟

قادر ئەم پرسیارەی کرد و بەردەوام بەسەیرێکەوە چاوی لە چراکە بڕیبوو. پرسیارەکە بەلای ڕەمزییەوە نامۆ بوو. سەری خوراند و بیری لە وڵامێکی بەرچاو دەکردەوە، کە بەئاسانی بچێتە مێشکی خزمە تازەکانییەوە. قسەکانی مامۆستا قۆزەکەی بیر کەوتەوە، کە فێستەکەی بەلای چەپدا لار دەکردەوە و بەزمانی تورکی دەیگوت: حکوومەت نیزامە، خەلیفەش سێبەری خوایە لەسەر زەوی.

ویستی خۆی بەوەوە هەڵکێشێت کە دەیزانێ و ئەو برگەیەیان پێ بڵێ کە مامۆستا گوتوویەتی، وەلێ بینی قسەی قۆڕە، لەگەڵ ئەمانەدا سوودی نییە، گوتی:

– حکوومەت کۆمەڵە خەڵکێکن بابلعالی دایاندەمەزرێنێت و...

بەر لەوەی قسەکەی تەواو بکات، ڕۆستەم پێی بڕی و گوتی:

– ئەمانە نە بۆ لای مەلا چوونە و نە بۆ قوتابخانە، پرسیارەکانیان تەواو نابن، پاشان ئەوان لە وڵامەکانت حاڵی نابن، بۆیە کاتی خۆت بەفیڕۆ مەدە، دەمانەوێ شار ببینین.

ڕەمزی بەلاساییکردنەوەی مامۆستا قۆزەکەیەوە، گوتی:



– ئێمە دەبێ فێریان بکەین ڕۆستەم، ئەمە ئەرکی سەرشانمانە، ئەگینا خوا لێمان ڕازی نابێت. ڕۆستەم ئاماژەی بۆ هەردووکیان کرد و بەئاقاری شاردا وەرسووڕان، گوتی:

– دەی ڕەمزی شارمان پێ نیشان بدە. کاتی مشتومڕ نییە.

ئەو دەمی ئەوان چەند پێنگاڤێک دوور کەوتنەوە، ڕەمزی بەسەراسیمەیی لە شوێنی خۆیدا ڕەق ڕاوەستا بوو، ڕۆستەم گوتی: ڕەمزی بۆ وەستاویت؟

ڕەمزی بەدەستی دیاردی بەلای چەپدا کرد و گوتی:

– با لێرەوە بڕۆین. نامەوێ لەوێوە تێپەڕین.

– لە بیرم بێت ئێمە لەملاوە هاتین، ئەمەش لە بازاڕەوە نزیکە.

ڕۆستەم لە کاتی نزیکبوونەوە لێی، ئەمەی گوت. ڕەمزی شڵەژا و بەشەرمەوە گوتی:

– لەوێ کوڕێکی شەڕانی هەیە، چەندێک بمەوێت لەوێوە بۆ بازاڕ بچم، دەیەوێ لێم بدات. منیش دەمەوێ خۆمی لێ بەدوور بگرم.

قادر بەپەلە چووە پێشەوە و گوتی: ئەم منداڵە شەڕانییە لە کوێیە؟ دەی پێمی نیشاندە.

ڕۆستەم بەهێمنییەوە گوتی: ئێمە چوار کەسین، نامانەوێ دەستدرێژی بکەینە سەر کەس، ئەگەر یەکیان ویستی شەڕمان پێ بفرۆشێت، ئەوا با بێتە پێشەوە.

بەرەو بازاڕ غلبوونەوە، کاتێک گەیشتنە چەقی بازاڕ، قادر گوتی:

– ئەو کوڕە شەڕانییە لە کوێیە؟

ڕەمزی دوای ئەوەی متمانەی بەخۆی کردەوە، گوتی: ڕەنگە لە ماڵ بێت یاخود لە شوێنێکی تردا بێت. بەهەرحاڵ ئەو هێشتا لە هەقم نایەت، وازم لێ ناهێنێ تا یەکمان ئەوی دی دەدا بەزەوییا. بەڵام من لە گرفت ناگەڕێم.

ڕۆستەم سەری لەقاند و سەیرێکی ڕووی قادر و عەباسی کرد و گوتی:

– جارێکی تر دێینەوە سەر ئەم باسە.

هەموو شتەکان لە چاو ئەو سیانەوە سەیر و سەمەرە بوون، مزگەوت بەگوومەز و

مناره بەرزەکەیەوە، بازاڕی قەیسەری، دوکانە پڕ لە خواردەمەنی و قوماشەکان، پینەدۆز سەرقاڵی پێڵاو چاککردن بوو، ئاسنگەر، بنکەی پۆلیس، شەقامە بەردرێژ کراوەکە، ئەو خانووانەی لە قوڕ دروست نەکراون، خەڵکی و جلەکانیان. تاقە شەقامە سەرەکییەکەیان بڕی، ئەوی کۆڵانەکانی لێ دەبێتەوە، پاشان پردەکەیان بڕی و چوونە ئەو بەرەوە، بۆ لای دەروازەی خان جیهانگیر و مەزارە گوومەتدارەکە، ڕەمزی ئاماژەیەکی پێ دا و گوتی:

– ئەمە مەزاری پیرداودە. کاتی خۆی تارماییەکەی بەناو کۆڵانەکاندا پیاسەی دەکرد و چرای کۆ دەکردەوە، تا لە شوێنێکی نادیاردا بیانشارێتەوە.

بەتەنیشت جۆگەکەدا ڕۆیشتن، تا گەیشتنە باخێکی گەورەی پڕ لە دارخورما. قادر بەگێلییەکەی خۆیەوە گوتی: –ڕۆستەم سەیرکە ئەو شتە زەبەلاحانە چین؟

ڕەمزی پێکەنی و گوتی: ئەمە ئەو درەختانەن کە خورما دەگرن.

لەو کاتەی سەریان هەڵبڕیبوو گوتیان: سبحان الله، سبحان الله.

پشتیان دایە دیوارە نزمە لە خشت دروستکراوەکەوە و سەیری ناو باخەکەیان دەکرد. زەوییەکە نزیکەی دوو مەتر لە شەقامەکە نزمتر بوو، ملیان درێژ کردەوە، چون هەموو گیا و درەختەکان بپشکنن. لەپڕ کڵاوەکەی قادر کەوت و بەهەموو دەنگی هاواری کرد:

– کڵاوەکەم کەوت... دەبێ بیهێنمەوە، ناتوانم بەسەر ڕووتی بسووڕێمەوە.

ئەوانیش بێ ویستی خۆیان دەستیان نایە بان سەریانەوە، لە تریقەی پێکەنینیان دا. ڕۆستەم دنەی دا دابەزێتە باخەکەوە، لە شوێنێکی نزم دەگەڕان، هەرچی قادر بوو هەر لەوێوە چووە سەر دیوارەکە و بازی دایە ناو باخەکەوە. کڵاوەکەی هەڵگرتەوە و سەیرێکی سەرەوەی کرد، دیوارەکە زۆر لەوە بەرزتر بوو، کە ئەو وێنای دەکرد، پاشان سەیرێکی ئەملا و ئەولای خۆی کرد، شوێنێکی نزم یا پەیژەیەکی نەبینی، ڕۆستەم بەتۆقینەوە گوتی:

– ئەی ئێستا چی بکەین؟ چۆن لەم بیرە دەردەچیت؟

ڕەمزی لە ترسی ئەوەی نەکو خاوەن باخ بێت، شڵەژا بوو، هەرچی عەباس بوو بەهێمنی لە قادری دەڕوانی، وەک ئەوەی هیچ نەبووبێت. ویستی شتێکی پێ بڵێت،



کەچی قادر خۆی لەودیو دارێکەوە مەڵاس دا و لەوێوە گوتی:

– پێش هەموو شتێ با گووەکەم بکەم.

هەرسێکیان بەشڵەژانەوە سەیری یەکدییان کرد، عەباس گوتی: منیش تەنگاوم.

ڕەمزی کاتێک چاوی لەوان و لە باخەکە بڕیبوو، گوتی: کەمێ چاوەڕێ بکە. ئێستا دەگەڕێینەوە بۆ ماڵ.

قادر لەودیو دارەکەوە بەدەرکەوت: پشتێنێکم بۆ شۆڕ بکەنەوە، دەی.

عەباس تەڕدەستانە پشتێنە ڕەنگاوڕەنگەکەی لە خۆ کردەوە و سەرێکی بۆ قادر شۆڕ کردەوە.

– پشتێنەکە باش بگرن، بکەوم پشتم دەشکێ.

عەباس سەرێکی پشتێنەکەی لە دەستی ئاڵاند و پشتی دایە دیوارەکەوە و نەیهێشت یارمەتیی بدەن، هاواری کرد: دەی قادر.

هەندەی نەبرد قادر لە نێویاندا بوو. چەند لیمۆیەکی لە بەرکی دەرهێنا و بەسەریاندا بەشی کردن، خۆیشی دانەیەکی بەتوێکڵەوە خوارد. ڕەمزی گوتی:

– ئەم بەرە پێنەگەییوە مەیخۆن، پاشان توێکڵەکەی لەگەڵیا ناخورێت.

خەریکی خواردنی بوون و مزرییەکەیان لا خۆش بوو، کە شوێنەواری بەدەموچاویانەوە جێ دەهێڵێت. عەباس پشتێنەکەی دایە دەست قادر و خۆی هەڵدایە باخەکەوە. کاتێ بەهەمان شێوە دەرچوو، بەتەنیشت دیوارەکەدا ڕۆیشتن، تا گەیشتنە کۆتایی باخەکە. دەشتێکی پان و بەرین یەک پارچە لەوەڕگە بوو، لە دوورەوە دەتگوت گومبەزێکی گەورەیە و بەکۆمەڵە ماڵێک دەورە دراوە، لە بەرزاییەوە بڕوانێتە سەر چۆمە پان و بەرینەکە. ڕەمزی بەدەستی ئاماژەی بۆ گوندە دوورەکە کرد و گوتی:

– ئەو گومەزە گەورەیە دەبینن؟ ئەوە نزرگەی ئیمام زەینلعابدینە. لە وەختی حەجدا ئەوی کوێر بێت بۆ ئەوێی دەبەن، چەند شەوێک لە ناوی دەنوون، تا چاویان چاک دەبێتەوە.

ڕۆستەمیش حەزی لێ بوو قسەی خۆی بکات، گوتی: سوبحانەڵڵا. ئەمەم لە باپیرمەوە ژنەوتووە.

– باوەم زۆراب گشت شتێ دەزانێت.

ئەمە قسەی قادر بوو، کە بەشانازییەوە وای گوت و خەریکی لیمۆکەشی بوو.

– هەرچی ئەو قوللەیەی لای چەپیشە، ئەوە ئیمام هەوایە.

ڕۆستەم بەحەپەسانەوە پرسی: ئیمام هەوا؟ شتی وام نەبیستووە، چی چاک دەکاتەوە؟

– چاری ئەوانە دەکات، شتی پیس دەچێتە خوێن و ئێسکیانەوە.

هەرسێکیان بێ ئەوەی شتێک بڵێن سەریان لەقاند و ملی ڕێی ماڵیان گرتە بەر، لەنکاوڕا قادر پڕ بەدەم هاواری کرد و ڕای کرد: جنۆکە، جنۆکە، تماشاکەن، من جنۆکەم بەڕۆژی ڕوون نەبینیوە.

هەر لەخۆوە هەرسێکیان وەستان. کاتێ ڕۆستەم و عەباس سەیری ئەو شوێنەیان کرد، کە قادر ئاماژەی پێ کرد، کەوتنە بیسمیللا کردن. ڕۆستەم بەدەنگی نەبیستراوەوە ئایەتی دەخوێند. ڕەمزی بێ ئەوەی لە مانای ئەم کردارانە تێبگات، گوتی:

– چییە، قەت حوشترتان نەبینیوە؟

ڕۆستەم قاقا پێکەنی و بانگی قادری کرد: ئەمە حوشترە قادر، وەرە مەترسێ.

پاشان ڕووی دەمی لە ڕەمزی کرد: گلەییمان لێ مەکە ڕەمزی، ئێمە حوشترمان بیستووە، وەلێ نەمان بینیوە.

بەر لەوەی بگەنە ماڵەوە، خۆیان بەکۆنە نزرگەیەکی نووتەکدا کرد، بەپاشماوەی گۆڕی داڕماو دەورە درابوو، پێبڵقەیەک بەژێرزەمینێکی قووڵەوەی دەگەیاندن. ڕەمزی تێبینیی ئەو ترسەی کرد، کە بە ڕووی هەرسێ هاوەڵەکانییەوە دیاربوو، ویستی ئازایەتیی خۆی بسەلمێنێ، بەر لەوەی زاری هەڵێنێ کونەپەپوویەک لە شەقەی باڵی دا و دوور کەوتەوە، هەرسێکیان شێت ئاسا بەرەو دەرگاکە ملیان نا. ڕەمزی لە قاقای پێکەنینی دا و هاواری کرد:

– بۆ دەترسن؟ بایەقووشێک بوو لە ترسی ئێمە هێلانەکەی جێ هێشت.

قادر بەتووڕەبوونەوە گوتی: ئەوە ڕووحی ئەو پیاو خاسەیە کە لێرە نوستووە. بەهاتنە ژوورەوەمان بۆ ناو مەزارگەکە قەڵس بوو.



کاتێ گەڕانەوە مەزارگەکە، ڕەمزی گوتی: ئەوەی دەیەوێ بەئاواتی خۆی بگات، یاخود خواستێکی هەبێ، ئەوا دەبێ شەو لێرە بمێنێتەوە. ئێستا کەستان لە خۆی ڕادەبینێ دابەزێتە سارداوەکە؟

بەسەراسیمەیی و نیگای پرسیارئامێزەوە لە یەکتریان ڕوانی، ڕۆستەم باگۆی داوە:

– نەخێر. ناتوانین بچینە شوێنێکەوە، کە هیچی لە بارەوە نازانین. ئەی باشە تۆ دەتوانی؟

بەخۆنازینێکەوە گوتی: ئا، دەتوانم. بەڵکو دەتوانم بەشەویش ئەمە بکەم.

قادر بەسووکایەتیکردنەوە گوتی: ئەگەر دەتوانی و ئەمەندە ئازای ئەی بۆ لەو کوڕە شەڕانییە دەترسیت؟

ڕۆستەم سەرکۆنەی کرد: ئەمە شتێکە پێوەندیی بەوەوە نییە.

عەباس بەبەرەنگاربوونەوەوە گوتی: ئەگەر ڕەزمی دابەزێت ئەوا منیش دادەبەزم.

قادر هیلاک و ماندوو گوتی: وابزانم باشترە ئەم مەسەلەیە بۆ شەو هەڵگرین.

دەمودەست ڕەمزی پشتگیریی کرد: بیرۆکەیەکی باشە. شەو دێین. ئێستا خواردن حازرە و بێگومان چاوەڕێمان دەکەن.

قادر دەستی بەورگە بچووکەکەیدا هێنا و گوتی: وا دەزانم هەموو شتێ لێرە وەک جەژن، یان زەماوەندە. لە هەموو ژیانمدا برنج و گۆشتی وەکو ئەوەی ئەمڕۆم نەخواردووە.

ڕۆستەم سیخوڕمەیەکی لە ورگی دا: ئەگەر چەند ڕۆژێکی تر لێرە بمێنینەوە، ئەوا دەبیتە حوشتر.

قادر بەسنگ دەرپەڕینەوە گوتی: ئەو کات دەرۆستی فیلیش دێم.

ڕەمزی لێی پرسی: فیلت دیوە؟

– من؟ نەء.

– ئەی لە کوێ دەزانی لە وشتر بەهێزترە؟

– بابام زۆراب هەمیشە دەیگوت فیل لە وشتر بەهێزترە.

ڕۆستەم ویستی دەری بخات، هەرچەندە بۆ قوتابخانە ناچێ، کەچی شتێکی لێ دەزانێت:

– (ألم تر كيف فعل ربك بأصحاب الفيل. ألم يجعل كيدهم في تضليل. وأرسل عليهم طيراً أبابيل...).

ڕەمزی پێی بڕی و بەخۆی ئایەتەکەی تەواو کرد: (ترميهم بحجارة من سجيل فجعلهم كعصف مأكول. آمين).

پاشان گوتی: قورئانت خەتم کردووە؟

– جزوو تەبارەکم تەواو کردووە. مەلاکەم زۆر خاوە.

– فێری نووسینیشت دەکات؟

– نەخێر. تەنیا فێری خوێندنەوەم دەکات. ئەو خۆیشی نووسین نازانێت.

ڕەمزی بەزمانێکی یەکلاکەرەوەوە گوتی: وازی لێ بێنە، وەرە لای ئێمە. تۆ دەبێ بچیتە قوتابخانە.

قادر و عەباس بەشێوە ئیرەیی پێ بردنێکەوە تەماشای ڕۆستەمیان کرد:

– خەنی دەبی ڕۆستەم، دەبیتە ئەفەندی.

– مەترسێ، سێ حەفتە جارێک سەرت لێ دەدەین، بەتەنێ ناتهێڵینەوە.

بیرۆکەکە بروسک ئاسا لە کەللەی ڕۆستەمی دا، لە ساتێکدا سەدان وێنە بەمێشکیدا هاتن، لە شتێکدا دەتگوت خەونە نقوم بوو، لە دەنگی ڕەمزی ئاگادار بووەوە، دەیگوت:

– ئەوەتا هات. ئەوە ئیسماعیل لەمپەچییە.

ڕۆژەکە ئاوا بووبوو، تاریکییەکە هەموو کونج و کەلەبەرەکانی شارە بچووکەکەی لە خۆ گرتبوو. کابرا لاوازە خێلەکە پەیژەیەکی دارینی دابوو بەشانیدا و کۆمەڵێ چرای بەدەستەوە بوون. هەرسێکیان بەگرنگیدانەوە چاودێرییان دەکرد، تا بزانن چۆن پەیژەکە بەدیوارەکەوە دەنێ و چراکان پاک دەکاتەوە، چۆن نەوتیان تێ دەکات و دەچێتە سەر چرایەکی تر و ئەم کۆڵان و ئەو کۆڵان دەکات؟ قادر سەرە گەورەکەی خوراند و گوتی: بیرتان نەچێت ئێمە وا ڕێک کەوتین ڕەمزی دابەزێتە سارداوەکەی



مەزارگەکە.

ڕۆستەم باگۆی داوە: ئەوە گاڵتە بوو، تۆ هەموو شتێ بەڕاستی وەردەگریت.

ڕەمزییش یەکسەر وڵامی داوە: نا، ڕۆستەم بەگاڵتەم نەبوو، من بەڕاست ئەو قسەیەم کرد.

ڕۆستەم بەسەرسوڕمانەوە پرسی: ئەی ئێستا؟ لەسەر قسەی خۆت سووری؟

ڕەمزی بەپێداگرتنەوە گوتی: ئەی چۆن ڕۆستەم، هەستە ئێستا با بچین.

قادر و عەباس بەچرپە ڕاوێژیان دەکرد، کاتێ لە پێداگریی ڕەمزی دڵنیا بوون، قادر سەیرێکی کرد و پێی گوت:

– بەر لەوەی بچیتە مەزارگەکە با گرفتەکە چارە بکەین.

– گرفتی چی قادر؟ ڕۆستەم پرسی.

– بچین بۆ گیان ئەو کوڕە شەڕانییەی لە ڕەزمی دەدات، لە ماڵ دەریکەین و تۆبە خواردووی بکەین.

ڕەمزی قسەکەی بەدڵ بوو، کەچی هەستی ترس و تۆقین دایگرت. عەباس دەمودەست پێشنیازەکەی کرد. هەرچی ڕۆستەم بوو بیری دەکردەوە. لە دڵی خۆیدا وای دانا بوو باسکردنی ئەم مەسەلەیە لە لایەن ڕەمزییەوە جۆرە هانا بۆ هێنانێکە، قادر لەم شتانەدا لەو وریاتر بوو، چونکە یەکەم جار مەسەلەکە سەرنجی ئەمی ڕانەکێشا، دەبێ یارمەتی بدرێ. لێ لە سەرەنجامەکەی ترسا. دوای قەیرێک گوتی:

– من لەگەڵ قادردام، دەبێ نەخشەیەک دابنێین و بەهێمنی و بێ هەرا و زەنا تێلاترێنی بکەین.

قادر بەگەرموگوڕییەوە گوتی: مەسەلەکە بۆ من لێ گەڕێن. ڕەزمی تەنیا ئەوەندەی لەسەرە دەرکەی ماڵیانم نیشان بدات.

عەباس نارەزایی دەربڕی: واز بێنە با ڕۆستەم قسە بکات.

ڕۆستەم گوتی: ئازایەتی نییە بەهەموومانەوە لێی دەین. ئێمە نەختێ لە دووری ماڵیانەوە دەوەستین. ڕەزمی بچێ لە دەرکەیان بدات، ئەگەر دەرچووە دەرێ، ئەوا بگرێ بەیەخەیا و داوای زۆرانی لێ بکات، ئێمەش شایەد دەبین.

قادر تەماشای کرد ئەمەی ئەوان دەیڵێن یارییە نەک تەمێکردن. پرسی:

– کێ دەڵێ لە هەقی ڕەزمی نایەت؟

– نا، دەرۆستم نایێ، من لەو بەهێزترم، ئەو بێ برادەرەکانی ناتوانێ لێم نزیک بێتەوە.

دوای بێدەنگییەکی کورت، بەردەوام بوو: من لەگەڵ قسەکەی ڕۆستەمدام.

دوای ڕێکردنێکی کەم چوونە کۆڵانێکی تەنگەوە، کە دەیڕوانییە سەر بازاڕەکە. ڕەمزی لە پێشەوە بوو. دەرگایەکی تەنەکەی ژەنگاوی نیشاندان و گوتی:

– ئەمە ماڵیانە...

بەر لەوەی قسەکەی تەواو بکات، قادر بەبەردی گەورە گەورەوە دەرگاکەی بەردباران کرد. زرمەی بەردەکان بەدەرگاکەدا بێدەنگیی کۆڵانە تاریکەکەی شڵەقاند. دەرگاکە لەسەرخۆ کرایەوە، جیرەیەکی دەرکرد و کوڕەکە دەرچوو. توولازێکی تەمەن حەڤدە ساڵان بوو، قژ گڤێکی ڕەقەڵە، تیشکی چراکە کە ڕاستەوخۆ دەکەوتە سەر ڕووخساری، سیمای ترسی بە ڕوویەوە دەردەخست. ڕەمزی بەدەنگێکی هێمنانەوە گوتی: ئەمشەو هەموو شتەکان یەکلا دەکەینەوە قەحپە دایک، هاتووم زۆرانێت لەگەڵدا بگرم.

کوڕە بەشڵەژانێکەوە، کە لە پاشەکشە خاڵی نەبوو، گوتی: ڕەزمی بۆجمان بەدایکە مردووەکەم دەدەی؟ خوا قبووڵ ناکات جوێن بەمردوو بدەیت.

ڕەمزی تێکچوو، لێ هەر زوو گەڕایەوە دۆخی پێشووی و هەستی کرد نەیارەکەی دەیەوێ سۆزی بجووڵێنێ:

– کەواتە کوڕی سەگ دەرچۆو لە شەودا ئازایەتیی خۆت بنوێنە، وەرە زۆرانی بگرین.

– ئەزانم ڕەزمی هەر خۆت نیت و عەشرەتت هەیە... من نامەوێ دوژمنداریت لەگەڵدا بکەم. ئەگەریش دەتەوێ ئەوا لەم شەوەوە برادەرین.

– کەوابێ ڕات کرد.

کوڕە بەشێنەیی خۆی خزاندە ئەودیو دەرگاکەوە، چون بیەوێ دەرگاکە دەنگ دەرنەکات، لەسەرخۆ پشتکۆڵی کرد، کەچی جیرەیەکی هەر لێوە هات. هەرسێکیان



لە قاقای پێکەنینیان دا، هەرچی ڕەمزی بوو بێ ئەوەی بزانێ، نیشانەی کاریگەری و ئازار بە ڕوویەوە دیاربوون، قادر لەو کاتی سەرگەرمیی سەرکەوتن دایگرتبوو، گوتی:

– لەم گرفتەش بووینەوە، جا با بزانین ڕەزمی چۆن دادەبەزێتە ساردراوی مەزارگەکەوە.

ڕۆستەم بەتوندی بە ڕوویاندا وەستایەوە: نەخێر. مەزارگەی ئەولیا شوێنی گاڵتە و گرەوکردن نییە، لە شوێنی تر بگەڕێن بۆ یاریکردن.

قادر بەقەشمەرییەوە گوتی:

– وا چاکترە دانی پێدا بنێی دەترسێی بەشەوان لە مەزارگەکە نزیک ببیتەوە.

– نا ڕۆستەم، چوونە ناو مەزارگە کفر نییە، مەزارگەکان بەتایبەت بۆ زیارەت بنیات نراون، تاکو خەڵکی لە ڕێیەوە لە خوا نزیک ببنەوە.

قادر بەشانازییەوە هەڵیدایێ: ڕۆستەم بینیت؟ مەلای ڕاستی ڕەزمییە. تۆ پێویستت بەزۆرە تا بگەیت بەمەلا ڕەزمی.

ڕۆستەم بێدەنگ بوو. وای هاتە بەرچاو لە عاست ئەم شەیتانەی پرسیار لە دەستی دەرناچێ، هیچ نازانێت. ناچار ما بڵێ: ئەگەر هەمووتان ڕازین فەرموون با بڕۆین.

بەئاقاری مەزارگەکەدا ڕۆیشتن، تاریکییە ئەنگوستەچاوەکە هەموو شوێنێکی گرتبووەوە. ڕووناکییەکی کز لە ژێرزەمینەکەوە دەهات، هەرسێکیان ڕەق ڕاوەستابوون، بێ ئەوەی کەسیان جورئەتی لە دەرگا چوونە ژوورەوەیان هەبێت. ڕەمزی دوو پلیکان دابەزی و ملی بۆ قووڵایی ژێر زەمینە تەڕەکە درێژ کرد، پاشان بەئاسپایی کشایەوە و بەچرپەوە گوتی:

– ناتوانین ئەمشەو دابەزین، دەروێشێک لە ژوورەوە خەریکی خواپەرستییە.

نەیانتوانی بەسەر لاپرەسەنییەکەیاندا زاڵ بن. هەریەکەیان خێرا سەری کێشایە ژوورەوە و دیقەتی ئەو دەروێشەیان دا، کە بەقژی درێژ و بەردراوییەوە دەتگوت تارماییەکە و مەلە لە گەواڵە هەوری دووکەڵی بوخوردا دەکات و شەپۆلەکانی دەور و خولی پڵیتەی مۆمێک دەدەن، کە ڕووناکیی لە دەلاقەیەکی بچووکی دیواری ژێرزەمینەکەوە دەنارد.

## ٧

سێ ڕۆژ بەسەر مانەوەیان لە ناوەندی سەنجەقدا تێپەڕی، ئەو کاتی لە بازاڕ دەسووڕانەوە شێخۆ بەڕەمەزانی گوت: لەم سێ ڕۆژەدا هەند شت فێر بووم و بیستم و بینیم لە ژیانمدا شتی وا نەبووە.

ڕەمەزان لەگەڵ سەر ڕاوەشاندندا گاسنێکی ورد دروستکراوی بەدەستەوە بوو ئەمدیو و ئەودیوی پێ دەکرد، گوتی: شێخۆ گیان، تەمەنی ڕاستەقینە بەژمارەی ساڵەکان ناپێورێت، بەڵکو بەئەزموون و عاجباتی بینین. تەماشاکە، بەر لە چەند ساڵێک جووتمان بەدار دەکرد، کەچی عەلعان ئاسن وا نەرم دەکەن دەڵێی هەویرە بەدەستیانەوە. زەمانی ئێمە بەسەرچوو. وەلێ دەبێ لە پێناو منداڵ و نەوەکانماندا کار بکەین، تاکو وەکو ئێمە کوێر نەبن.

شێخۆ لەو کاتەی پارەی دوو گاسن و سێ داسی دەدا، گوتی:

– دەبێ قەناعەت بەباوکم بێنم، تا ڕۆستەم لە شار بنێینە بەر خوێندن.

– وابزانم دەبێ بەر لە هەموو شت قەناعەتی پێ بێنین سەردانێکی شار بکات، دوای ئەوە دەتوانین باسی شتەکانی دی بۆ بکەین. چونکە ئەو جارێک بڵێت نا، ئەوا هەرگیز نایکات بەبەڵێ.

شێخۆ بێ ئەوەی هەرا و زەنای بازاڕ کاری لێ بکەن، بەری خەیاڵی بەردابوو، هەستی کرد لەو ڕۆژەوەی قایمقامی بینیوە و لەگەڵیدا هەڵساوە و دانیشتووە، بووەتە کەسێکی تر. بڕوای نەدەکرد ئەو هەموو ڕێز و حورمەتەی لە کەسی قایمقامەوە، کە بەزمانێک قسەی دەکرد نەختێک جیا بوو لەو زمانە دەشتەکییەی ئەوان، بەرامبەر بنوێنرێت. کاتێ لە بارەی بنەچەیەوە پرسیاری لە جیهانگیر کرد، سەیری لەو پرسیارە هات و بەمێشکیدا نەهات پرسیاری وا بکات:

– چی لە بنەچەی بکەم؟ گرنگ ئەوەیە بەباشی لەگەڵماندا دەجووڵێتەوە و ڕێزی زۆرمان لێ دەنێت.

ئەو ڕۆژە بەلای شێخۆوە ڕۆژێکی لە بیر نەکراو بوو. دیوەخانەکەی جیهانگیر



هەموو جۆرە خواردنێکی لێ بوو. قایمقام بەچوارشانەییەکەی و فێستە لارەکەیەوە، کە لەسەرخۆ هێنایە خوار، لای پێشەوەی دیوەخان دانیشت و داوای لە شێخۆ کرد لای ڕاستەوە شوێنی خۆی بگرێت. هەرچی یوزباشی بوو لای چەپی بۆ خۆی گرت. نێرراوی فەرمانگەی خەرج و قۆڵچی و ئەوانی دی، لە دوو ڕیزی بەرامبەرەکەیدا دانیشتن. بەتالاییەک بەتەنیشت شێخۆوە هەبوو، جار جار جیهانگیر لێی دادەنیشت، ئەو لەگەڵ کوڕەکەی و ئەوانی تردا سەرقاڵی خزمەتکردنی میوانەکان بوون. هەر ئەو ڕۆژە شێخۆ فەرمانی لە قایمقام وەرگرت. لە دوای گوڕینەوەی پیرۆزبایی و سوپاس و جەختکردنەوە لەسەر خزمەتی دەوڵەتی عوسمانی، فەرمانەکە پێچرایەوە و خرایە لوولەیەکی کانزاییەوە، کە بۆ ئەم مەبەستە دروست کرابوو. هی تریش هەبوون هەمان فەرمانیان وەرگرت. شێخۆ سەیری لەوە هات چۆن هەندێکیان لە بەرامبەر قایمقامدا دەچەمانەوە و دەستیان ماچ دەکرد و لە بەرامبەریدا خۆیان زۆر بچووک دەکردەوە.

شێخەکان بڕیاریان دا بەسەردانی بەردەوامی یەکتر پێوەندییان توندوتۆڵتر بکەن. کاتێ قایمقام بەڕێی کردن، جەختی لەسەر کردنەوە ڕاستەوخۆ دەستبەکار بن و لەو زەوییانەی وەریان گرتوون، گوندی نوێ بنیات بنێن. لەو کاتەی شێخۆ لە مێشکی خۆیدا سەرقاڵ بوو بەدانانی نەخشە بۆ نۆژەنکردنەوەی زەوییە نوێکانی دەم ڕووباری ڕۆخانە، ڕەمەزان چاوی بەشەکر و چایی هەڵدراوە کەوت، دای بەسەر شانیا و لەو بیرڕۆییەی بەئاگا هێنایەوە: بڕوانە. ئەمە باشترین دیارییە دەتوانین بۆ بابتی بسەنین.

شێخۆ بیرۆکەکەی بەدڵ بوو. هەر لەو دوکانە هەندێک خورما و دۆشاو و چەندین جۆر قوماش و بڕێک مووروی بۆ ئافرەتان کڕی. شێخۆ زانی ئەو دیارییانەی پێشکەشی قایمقام و یوزباشی و ئەوانی دی کردن، زۆر لە دیاریی ئاغا کوردەکانی تر باشتر بوون. لە مەبەستی قایمقامیش باش گەیشت، کە دەیگوت جۆری پەنیر و کەرەی دۆڵی کفران باشترین جۆرن. کەواتە هەر بەتەنێ گەنمیان باشترین جۆر نییە.

دوای ئەوەی یوزباشی پێشنیازی پێویستی خوێندنی ڕۆستەمی لە شاردا کرد،

قایمقامیش جەختی لەسەر کردەوە. هەروەها بەڵێنی ئەوەشی دا دوای تەواوکردنی خوێندنەکەی لە کەرکووک یارمەتی بدا و بینێرێتە ولایەتی مووسڵ بۆ خوێندن لە خانەی مامۆستایانی سەرەتایی. خۆ ئەگەر لەوێش نمرەی باشی بەدەست هێنا، دەکرێ بنێررێتە ئەستەنبووڵ.

– ئەمە زۆرە جەنابی قایمقام. ئەوەندەی بەسە ببێتە مەلایەکی باش. ئێمە عەشایەرین، پێمان بەقەدەر بەرەکەمان ڕادەکێشین.

ئەمە قسەی شێخۆ بوو، لەخۆڕایی دەیویست هەستی شانازیکردن بەرۆستەم بشارێتەوە.

دوای ئەوەی لە کڕینی پێداویستییەکانیان بوونەوە، لایاندایە لای خانی جیهانگیر، کە لەوێ گەنم و جۆ هەڵدرا بوونەوە. ئەمیش لە ژوورەکەی خۆی چاوەڕوانیان بوو، تا بڕۆنەوە ماڵ و نانی نیوەڕۆ بخۆن. جیهانگیر زۆری لەگەڵ هەوڵدان هەر هیچ نەبێ شەوێکی تر بمێننەوە. شێخۆ بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە پێی لەسەر ئەوە داگرت، دەبێ ئەمڕۆ بڕۆنەوە، چونکە زۆر مانەوە، ئێستا باوکی نیگەرانە و خەریکە شێت دەبێ.

ڕەمەزانیش بەدوایدا گوتی: مەترسێ جیهانگیر گیان. ئێمە لەمەودوا دەبینە مەعمیلی هەمیشەییت.

– من هەمیشە لە خزمەتتاندام و ماڵم بۆتان کراوەیە. بەهاتنتان وا دەزانم جارێکی دی لە دایک بوومەتەوە.

هەرچەندە بەرەو ماڵی جیهانگیر دەبوونەوە، قادر بەئاسپایی دایە بان شانی عەباسدا و داوای لێ کرد لەسەرخۆ بڕوات، کاتێ ئاگادار بووەوە، قادر بەگوێیدا چرپاند:

– بڕوانە، ئەمەم دزیوە.

عەباس بەواقوڕماوییەوە گوتی: ئەمە چییە، بۆچی بەکار دێت؟

قادر وەڵامی داوە: نازانم. بەدڵم بوو و دزیم. ئەی تۆ هیچت نەدزی؟

بەزمانێک ناڕازیبوونی پێوە دیار بوو گوتی: تەنیا پێنج شەکرۆکەی نەعنا. خاوەن دوکانەکە بەردەوام چاوی لە من بڕیبوو.



دوو شەکرۆکەی دایە دەستی و پێی گوت: پێم ناڵێی چی لەم شتە دەکەیت؟

– لە ڕەزمی دەپرسین. دەبێ ئەو بزانێ ئەم شتە چییە.

لەم کاتەدا ڕۆستەم دایە سەریانا و بەجۆشخواردنەوە گوتی: ئەمە چییە قادر؟ لە چ دوکانێکت دزی؟

بەر لەوەی قادر قسە بکات، عەباس بەناڕازیبوونەوە دەستپێشکەری کرد:

– ئەم بوختانە چییە ڕۆستەم؟ لە ڕێگە دۆزیمانەوە، چۆن دەبێ یەکێ شتێک بدزێ بێ ئەوەی بزانێ چییە؟

قادر بەویقارێکەوە گوتی: ئاوا دەتەوێ ببیە مەلا بەسەرمانەوە؟

ڕۆستەم تەڵە دارینەکەی گرتە دەست و ئەمدیو و ئەودیوی کرد، سەری لەقاند و بەگومان بوو لەوەی لەسەر ڕێگە دۆزیبێتیانەوە، چونکە لەوەتی لێرەن ئەوان زیاد لە شتێکیان دۆزیوەتەوە، کەچی ئەم هیچ. ڕەنگە ئەوان بەختیان باشتر بووبێت. پای هەڵگرت و لە ڕەمەزان نزیک بووەوە و فاقەکەی پێ نیشان دا:

– مامە ڕەمەزان. ئەم شتەمان لە ڕێگە دۆزییەوە، دەتوانی پێمان بڵێی ئەمە چییە؟

بەر لەوەی ڕەمەزان وەڵام بداتەوە، جیهانگیر پێشی کەوت، شتەکەی بەدەستەوە گرت و گوتی:

– ئەمە تەڵەی مشکە. دەتوانێ لەیەک کاتدا سێ مشک پێکەوە بگرێت، لێرە لەسەر ئەم قولاپە بەز، یاخود هەویری بەرۆن چەورکراوی پێوە دەکرێت و ئەم تێلە ڕادەکێشرێتە خوارەوە، پاشانەکی بەم زمانەوە گیر دەکرێ، کە بەقولاپەکەوە بەستراوە. کاتێ مشکەکە لە پاژە بەزەکە دەخوات، زمانەکە ڕادەکێشرێ و تێلەکە بەتوندی دەچێتە سەرێ، ئەمەش دەبێتە دوا گازی مشکەکە.

منداڵەکان سەریان بۆ ئەم شتە سەیرە لەقاند، ڕەمەزان گوتی: تەنانەت مووشەکانیش لە دەست فێڵ و تەڵەکەی بنیادەم قوتاریان نەبووە!.

جیهانگیر گوتی: هەموو شتێ بەعەقڵ دەبێ ڕەمەزان. خوا عەقڵی پێ داوین تا بەکاری بێنین، تا زۆر بژیت شتی سەیرتر دەبینیت.

دوای لێبوونەوە لە نانخواردن، جیهانگیر جارێکی دییش خوڵقی مانەوەی کردن.

شێخۆ منەتباریی خۆی بۆ ئەو میوانداریییە دەربڕی و جەختی کردەوە دەبێ ئەمڕۆ هەر بڕۆنەوە و ئێستا لە دۆڵی کفران چاوەڕێی هاتنەوەیانن. ڕۆستەم بەزمانێک غەمباریی چوونەوەی پێوە دیاربوو، گوتی:

– مامە جیهانگیر توخوا بیرت نەچێ ڕەمزی لەگەڵ خۆتدا بێنە.

– ئەی چۆن کوڕم، گومانی تێدا نییە دەیهێنم.

ڕاستەوخۆ دوای نیوەڕۆ بارەکانیان هەڵدایە سەر پشتی هێستر و گوێدرێژەکان. جیهانگیر و کوڕەکەی بەئەسپەکانیانەوە هاوشان لەگەڵیاندا وەڕێ کەوتن، تا بیانگەیەنن. ئەمجاریان بەناو شاردا ڕەت نەبوون، بەڵکو لە ڕێگەی پشتەوە ڕۆیشتن، هەرچەندێک شێخۆ و ڕەمەزان هەوڵیاندا بیانگەڕێننەوە، کەچی جیهانگیر مکوڕ بوو لەسەر ئەوەی تا ڕۆخانە لەگەڵیاندا دەبێت. چۆمی ڕۆخانە چەند بەرەو خوار دەڕۆیی فراوانتر دەبووەوە و ئاوەکەی لێخن دەبوو. لە ڕۆژانی هاوینیشدا دەبووە جۆگەلە و بەملا و بەولادا بڵاو دەبووەوە. هەرچی ڕۆژانی زستانیشە ئەوا بڕینی ئاوەکە زۆر ئەستەم دەبوو. بۆیە بۆ گەیشتن بەپردە ئاسنینەکە، کە ڕووبارەکەی لە شوێنێکی تەنگەوە دەبڕی، دەبوو ڕێگەیەکی سەختی شاخاوی ببڕیت. ئیدی لەوێوە دەتوانی لە ڕۆیشتن بەردەوام بیت و ڕێگەی ناوەندی سەنجەق، یاخود کەرکووک بگریتە بەر.

دوای ڕێکردنێکی کەم گەیشتە ڕووبارەکە و دابەزین، یارییان بەئاوە سازگارەکە دەکرد، هێستر و گوێدرێژەکانیش بەشی خۆیان برد. کاتێ جیهانگیر بەڕاستەی ئەو ناوچە تازانەی لای خوارووی نیشان دەدان، کە دەخرێنە سەر دۆڵی کفران، ڕەمەزان ویستی بیسەلمێنێ بست بەبستی دەڤەرەکە شارەزایە، گوتی:

– باشە هۆ لەوێ گوندێکی بچووک هەیە، لە پێنج ماڵان پێکهاتووە، ڕاستەوخۆ دەکەوێتە سەر جۆگەی بنعیز، کە لە ڕۆخانە جیا دەبێتەوە، ئەی چارەنووسی ئەوان چییە؟

جیهانگیر دەمودەست وەڵامی داوە:

– ئەمانە هەموویان خزم و کەسوکارمانن، بەخۆم قسەم لەگەڵدا کردوون، ئەوان حەز دەکەن ببنە بەشێک لە دۆڵی کفران. ئەوان پێویستیان بەیەکێکە پشتی پێوە بدەن.



شێخۆ بەسەراسیمەیییەوە گوتی:

– خاڵە وا دیارە شتەکانت لە هەموو لاوە تاوتوێ کردوون.

ڕەمەزان لەسەری ڕۆیشت:

– خاڵت دەری خست ڕێویی ئەسڵە.

جیهانگیر بەشانازی بەخۆکردنەوە گوتی:

– من هەموو ئەمانەم لە پێناو کوێخا زۆراب و ئێوەدا کردوون، گرنگ ئەوەیە کوێخا زۆراب لێم ڕازی بێت، تەنیا ئەوەندەم لێی دەوێت.

– خاڵە گیان ئێمە ئەم پیاوەتییەی تۆمان بیر ناچێت. هەڵبەت باوکم زۆر خۆشحاڵ دەبێت بەو خزمەتە لە بیر نەکراوەت، کە پێشکەشت کردین.

شێخۆ لەودەمەی باوشی لە جیهانگیر و کوڕەکەی دا، ئەمەی گوت. هەمووان دەستیان لە ملی یەکدی کرد و هیوای پێککەیشتنەوەیان بۆ یەکتر خواست. جیهانگیر و کوڕەکەی لە شوێنی خۆیان وەستان، تاکو چەمەکەیان بڕی و لەودیو گردە قسڵەکانی هاوشانی ڕووبارەکە، ونبوون. ئەوانیش ڕووی ئەسپەکانیان وەرگێڕا و ڕووبارەکەیان لە دوای خۆیانەوە جێ هێشت.

خۆری جۆزەردان بەرەو خوار لێژ دەبووەوە و وردە وردە گەرمییەکەی کەم دەبووەوە، سەرەڕای ئەوەی بەشێک لە کێڵگە زێڕینەکان دووراببوونەوە، ئینجاش پەڵە و سەوزایی پڕ لە گوڵ و گوڵزار مابوونەوە و لێرە و لەوێ بەرچاو دەکەوتن. ڕەوە قەتیییەکان بەئاسمانەوە دەتگوت پەڵە هەوری کۆچەرین، تاوێک بەسەر کێڵگەکاندا دەفڕین، تاوێکیش بەشەپۆلدانی خێراوە بەرز دەبوونەوە، تاکو ئاوێزانی گەواڵە هەورێکی دی ببن و لەودیو ئاسۆگەکەوە ون بن.

بێدەنگی هەردووکیانی داگرتبوو، تەنیا دەنگی سمی ئەسپەکان گۆمی بێدەنگییەکەیان دەشڵەقاند. غەم و خۆشیی تێکەڵ بەیەک ناخی جیهانگیریان داگرتبوو. بەدەم خەیاڵ ڕۆیشتنەوە گوتی:

– ئاخیری توانیمان لەو دۆڵەیان دەربهێنین، کە تێیدا وەکو چەقەڵ پەنایان بۆ بردبوو. دەبینی چۆن بارە گەنم و جۆمان بەسەردا دەبارێن. دەبێ دەفتەرێکی تایبەت

بەدۆڵی کفران ڕێک بخەیت. بەهەرحاڵ خزمێلت پێ چۆن بوون؟

ڕەمزی لە منارە دوورەکە ڕاما بوو و هەستی بەتەنیاییەک دەکرد، هاوەڵە تازەکانی بۆیان جێ هێشتبوو. چەندی حەز دەکرد لەگەڵیاندا بڕۆیشتایا و لەو حیساباتە ڕۆژانەییە قوتار بوایا، کە باوکی ماندوو نابێ هەندەی پێ پڕ دەکاتەوە. ئیرەیی بەهەرسێکیان دەبرد، چونکە باڵندە ئاسا بۆ خۆیان ئازادبوون، نە کۆکردنەوە و لێ دەرکردن و دابەشکردن دەزانن و کەسیش ناچاریان ناکات بەیانیان و ئێواران بەو هاوینە گەرمەی تەواو نابێ، لە خانەکە دابنیشن. چوار مانگی پڕ لە کار لە بەردەمیدا بوون، دوای ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ قوتابخانەکەی لە کەرکووک. ئاواتی ئەوەی دەخواست کەسوکاری ڕۆستەم قایل بن و بۆ قوتابخانەی بنێرن، ئەو کات برادەرێکی دەبێ داخی دڵی خۆی بۆ هەڵڕێژێت. زۆر قسە هەبوون بەڕۆستەمیان بڵێ، وەلێ قادر و عەباس دۆخەکەیان لێخن دەکرد و تێکیان دەدا:

– خۆشحاڵ بووم خزمە تازەکانم ناسین، ئێستاش بەڕۆیشتنیان غەم دەخۆم. بەڵام تەنیا یەک شتی قادرم بەدڵ نەبوو.

– کامیان قادر بوو؟ ڕۆستەمم دەناسی.

– قەڵەوە سەر زلەکەیان.

جیهانگیر سەیرێکی کرد و، بەگوێ پێ نەدانەوە پرسی:

– باشە بۆ قادرت بەدڵ نەبوو؟ من زوو چووە دڵمەوە. ڕووخۆش و ئێسک سووک بوو.

– ئەوی دەیڵێی ڕاستە بابە، بەڵام لە دواڕۆژدا دەبێتە دزێکی گەورە.

جیهانگیر قاقا پێکەنی و هەڵی دایێ:

– هیچ شتێکی لێ دزین؟

– لە ماڵی ئێمە هیچی نەدزی. چرای شارەوانیی دزی. هەروەها ئەو فاقەی کە بینیت و بەخۆت دەستت لێ دا، لە دوکانەکەی ئەحمەد دارتاشی دزی.

جیهانگیر جارێکی دی خەنییەوە و گوتی:

– ئەمە شتێکی ئاساییە کوڕم. هەموو هۆزێک پێویستی بەدزە، پاشان ئێمە



هەموومان دزین. من لە جووتیارەکان دزی دەکەم، قایمقام و دارودەستەکەشی لە من دەدزن، والییش لە هەموومان دەدزێت، ئەو خەلیفەیەی لە بابلعالی دانیشتووە لە والییەکان دەدزێت، ئیتر بەو شێوەیە... تۆ دەدزی تا تۆڵەی ئەوە بکەیتەوە، کە لێت دزراوە.

ڕەمزی بەهێمنییەکەی خۆیەوە گوتی:

– بەڵام لەم بازنەیەدا کەسێک هەیە دزی ناکات.

جیهانگیر دیسانەوە پێکەنی:

– دەزانم، باش دەزانم مەبەستت کێیە. جووتیارەکانیش دزی دەکەن. ئەوان بەشاردنەوەی ڕاستیی بڕی ئەو بەروبوومەی بەرهەمی دێنن، زەکاتی کەمتر دەدەن، کەواتە لە ئێمە خراپترن. چونکە ئەوان ڕاستەوخۆ لە خوا دەدزن، ئەمەش پیسترین جۆری دزیکردنە.

ڕەمزی بێدەنگ بوو. نەیویست وەڵامی باوکی بداتەوە، چونکە لە قسەکردندا لێی نابڕێتەوە. خۆ ئەو باشی دەناسێ. دەزانێ بۆ هێندە ڕێزی لە شێخۆ و ڕەمەزان گرت. تا ئێستاش ئەوەی لە بیرە چۆن بەر لە دوو ساڵ هەندێک لە خزمەکانی داوای چەند فەردە جۆیەکیان لێ کرد، چونکە عەشتەبایان لە ماڵدا نەبوو، کەچی دەستی بەڕوویانەوە نا. خۆ لە شێخۆ و ڕەمەزانیش بۆ ئەو نزیکتر بوون، ئەوە بوو شەوێک لە خانەکە هێشتیانییەوە و بەرامبەر بەو جۆیەی وێی دان، لە دوو قاتر یەکی لێ سەندن. کەسانی باش بوون، دڵی پێیان کرایەوە و ئاواتی خواست جارێکی دی بیانبینێتەوە، بەڵام نەگەڕانەوە. کاتێ خزمەکانی دەیاندایە بەر گوێیا، کە باوکی وەکو جوو سوو لە خەڵک دەسەنێت، بێ دەنگ دەبوو و لە ناخەوە دەهەژا، چونکە دەیزانی سوو حەرامە. نەک هەر ئەمە بەڵکو باوکی لەمەش خراتری دەکرد. باشە چی بکات؟ پێی بڵێت؟ خۆ ئەگەر پێشی بڵێت، ئەوا ئەستەمە لە سروشتی خۆی بگۆڕێت. هەینێ لەگەڵیدا دەچێتە مشتومڕێکی وا درێژەوە، ئەوێکی هێمن و بێدەنگ بەرگەی ناگرێ. ئەو کاتێ لە ژوورە تایبەتەکەی لە خان، دوای ئەوەی لە کاری ژمێریاری دەبووەوە، دەستی دەکرد بەخوێندنەوەی قورئانی پیرۆز و کتێبی تەفسیر. سوێی دەبووەوە کە دەیبینی باوکی دووڕوویی بەرامبەر بەجووتیارەکان دەکات و دزییان لێ دەکات. لە مێشکی

خۆیدا بڕیاری دابوو ناتوانێ لەم کارەدا وێڕای بەشدار بێ و دەبێ کارێک بکات کۆتایی بەو ڕەوشتە بێنێ، کە قورئان ڕەتی دەکاتەوە، ئیدی ئەگەر باوکی ڕازی بێت یان نا.

ڕۆژێکیان تا درەنگانێک لە خانەکەدا مایەوە و لە ژێر تیشکی چرا زەیتییەکەدا دەیخوێند، تا خەو بردییەوە. خەونی بەدیوارێکی بەرزی قوڕەوە بینی لەودیوەوە پیرەمێردێکی ڕیش چەرمووی مێزەر لە سەری سەلار و سەنگین بەدەرکەوت، ئەو لە نێوەڕاستی زبڵدانێک دانیشتبوو، پیرەمێرد پێی گوت: کوڕم ڕەمزی تۆ شەو و ڕۆژ خەریکی قورئان خوێندنیت، کەچی لە نێوەڕاستی زبڵدان ڕۆنیشتووی. دەبێ لەم شوێنە دەرچیت و خۆت پاک بکەیتەوە و لە نێو خەڵکدا داوای یەکسانی بکەیت، ئەگینا واز لە قورئان بێنە و پیسی مەکە.

ڕەمزی بەزەحمەت لە شوێنەکەی خۆیدا وەستا، تا چۆکەکانی لە ناو پیسیدا بوو، سەری هەڵبڕی شتێک بەپیرەمێرد بڵێ، کەچی ئەو نەما بوو. لە ترسا هەستا، گیانی شڵپەی عارەقی دەهات، ئیدی لەو ڕۆژەوە بڕیاری دا شتێک بکات. ساڵێک بەسەر ئەو خەونەدا تێپەڕی بێ ئەوەی شتێک بکات، تەنیا ئەوەندە نەبێ خەونەکەی بۆ هاوەڵێکی قوتابخانەی گێڕایەوە. ئەو برادەرەی خولیای خوێندنەوەی کتێبی قەدەغەکراوی جادوویی و (تفسیر الاحلام)ی ئیبن سیرین بوو، پێی گوت، خەونەکە ڕوونە و پێویستی بەلێکدانەوە نییە، ئامۆژگاریی کرد لای باوکی بمێنێتەوە، تا خوێندنەکەی تەواو دەکات. دوای ئەوە چۆنی دەوێ ئاوا بکات. ئیدی لە دوای ئەو داخی دڵ هەڵڕشتنە، پێوەندییان بەتین بوو.

سائیب لە خێزانێکی دەوڵەمەندی تورکمان بوو، لە شاری کەرکووک دەژیان. زۆر بەباشی زمانی تورکی دەزانی. زۆر جار ڕەمزیی دەبردە ماڵی خۆیان و میوانداری دەکرد و چەندین سەعات لە ژوورەکەی دەمانەوە و گفتوگۆیان دەکرد. لە کاتی قسەکردندا لە نێوان دوو ڕستەدا و دەیگوت:

– عەدالەت یۆق، عەدالەت یۆق.

پاشان دژوێنی بەسوڵتانی ستەمکار دەدا و باسی ئەوەی دەکرد، چۆن کۆمەڵێک هەن دەیانەوێ دەوڵەت بڕووخێنن. جارێکیان ڕەمزی داوای لێ کرد بەو کۆمەڵەیەی





بناسێنێ. سائیب بەزمانێکی یەکلاییکەرەوە وڵامی داوە:

– نا ڕەمزی. وریابە پێوەندی بەهیچ یەک لەوانەوە نەکەیت. مرۆڤ بەسروشتی خۆی نهێنی ناپارێزێت. ئەگەر ناوت بگاتە دەزگاکانی دەوڵەت، ئەوا چارەنووست نادیار دەبێ. چونکە لە زیندان دەستت دەبڕنەوە و چاوت هەڵدەکۆڵن.

ڕەمزی بەگوڕێکەوە گوتی: ئەی چۆن دادپەروەری بڵاو بکەینەوە، لە کاتێکدا لە زیندان دەترسیت؟ سائیب بەچاوە خوارەکانییەوە لە ئاسمان ڕاما و بەزمانێکی پڕ لە بڕوا بەخۆبوونەوە گوتی:

– کتێبێکی دانسقەی جادوییم پەیدا کردووە، زۆر دەگمەنە. دوای جێبەجێکردنی ڕێنوێنی و دوعاکانی ناوی، دەتوانم بگەم بەگەورەی جنۆکان، دوای ئەوەی هەندێک نهێنیم دەداتێ، هەموو تواناکانی خۆیم دەخاتە ژێر دەست... تەنیا ئەوەندەم لەسەرە فەرمانی بدەمێ. دەتوانێ تەنانەت سوڵتانیشم بۆ بێنێ، ئەو کات دەتوانم دادپەروەری لە هەموو شوێنێکدا بڵاو بکەمەوە. بەڵام ئەگەر بگیرێم و بخرێمە زیندانەوە، ئەوا ناتوانم پرۆژەکەم بەئەنجام بگەیەنم.

ڕەمزی بەم قسانە کز بوو، هیچی نەگوت، بەڵکو خەیاڵی گواستەوە بۆ پووچییەکانی ئەم جیهانە بێ کۆتا لە پەنهانە، بۆ جیهانی ڕۆحی جنۆکەی شاراوە لەودیوی ملیۆنان ئەستێرە و تاریکییە جاویدانییەکەوە. ئەو هەستەشی لا دروست بوو سائیب هەموو شت لە بارەی نهێنییەکانی گەردوونەوە دەزانێت. ویستی پرسیارێکی لێ بکات جێ بەخۆی نەگرێت.

وەلێ سائیب بێدەنگییەکەی شێواند و گوتی:

– بۆیە منیش پێویستم بەشوێنێکە دوور بێ لە خەڵکی و کەس نەیگاتێ، باشتریشە ئەگەر ئەشکەوتێک بێت لەو ناو شاخانە چل ڕۆژ خواپەرستیی تێدا بکەم، وابزانم تۆش دەتوانی لەمەیاندا یارمەتیم بدەیت.

ڕەمزی هەستی بەڕۆحزلی و بەخۆنازین کرد، چونکە ئەمە یەکەم جارە کەسێک پێویستی پێ بێت. لەو کاتەی کە بیری لە شوێنی گونجاو بۆ ئەم کارە ناباوە دەکردەوە، بێ ویستی خۆی گوتی:

– سائیب بڕوا بکە دڵم لاتە، دەترسم کارەکان بەو شێوەیەی تۆ دەتەوێت بەڕێوە

نەچن. ئەگەر کارەکە ئاوا ئاسان بێت، ئەوا هەرکەس و بەختی خۆی بۆ گەیشتن بەگەورەی جنۆکان تاقی دەکردەوە.

سائیب بەسووک زانینێکەوە پێکەنی و گوتی:

– گرنگ هەنگاونان و بڕینی لەمپەری ترسە.

– ئەی خوێندنەکەت؟ ناتەوێ تەواوی بکەیت؟

سائیب لەودەمەی لە قۆرییەکی جوانی گڵێنەی چینی چای تێ دەکرد، گوتی:

– لە پشووی هاویندا جێبەجێی دەکەم، ئەوپەڕەکەی چل ڕۆژ و حەفتەیەکم پێویستە، دوای ئەوە ئەو بەستەزمانانە ڕزگار دەکەم، کە لە بەندیخانەکاندا لە پەلوپۆ کەوتوون و بەپێڵاوەکەشم سەری سوڵتانی زۆردار پان دەکەمەوە و دادپەروەری لە هەموو شوێنان بڵاو دەکەمەوە.

پاشان سائیب بەجووڵەیەکی هەستریییەوە لە شوێنی خۆی هەستا و هەوڵی دا ورووژانەکەی بشارێتەوە:

– دەبزانە، چەند مانگێکە برا گەورەکەمیان بردووە و هیچ لە بارەی چارەنووسییەوە نازانین. بەڵام توخوا ڕەمزی با ئەم نهێنییە لە بەینی خۆماندا بێت... دەبێ شتێک هەر بکەین.

لە ڕەمزی نزیک بووەوە و لە تەنیشتییەوە دانیشت، دەستی خستە سەر دەستی و بەچپە گوتی:

– دەتوانم چەند ڕۆژێک لات بمێنمەوە بێ ئەوەی کەسوکارت سەغڵەت بن؟

– بێگومان سائیب. دەتوانیت چەند حەفتەیەک لامان بمێنیتەوە، تۆ برادەرمی.

لە خۆشییان لە شوێن خۆی هەڵبەزییەوە:

– زۆر چاکە ڕەمزی، زۆر چاکە. لە گەورەترین گرفتت ڕزگار کردم.

ڕەمزی بەردەوام بوو: ئەگەر هەر سووریت لەسەر ئەنجامدانی بیرۆکەکەت، ئەوا لەو ماوەیەی لە ماڵمان دەمێنیتەوە، دەتوانین بەشێنەیی شوێنێکی گونجاو لەو شاخانەی دەوروبەر بدۆزینەوە.

سائیب برۆکانی لێک نان، بەدەم چاوبڕینی لە زەوییەکەوە گوتی:



– دوایی وەختی جێبەجێکردنی بیرۆکەکەمت پێ دەڵێم. دەبێ کتێبەکە باش بخوێنمەوە، بەڵام تکای برایانەت لێ دەکەم، با ئەم نهێنییە تەنیا لە نێوان من و تۆدا بێت.

جیهانگیر لەسەر ماینەکەیەوە بەشانازییەوە لە کوڕەکەی دەڕوانی، وای دەهاتە بەرچاو فەرمانبەرێکی گەورەی دەزگاکانی دەوڵەتە. بڕیاری دابوو دوای تەواوکردنی خوێندنەکەی لە قوتابخانەی مزگەوتی ئەوقافی ئاینی لە کەرکووک، بینێرێتە ویلایەتی مووسڵ، کێ دەزانێ، ڕەنگە لەوێ سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست بێنێت و بۆ خوێندنی باڵا ڕەوانەی ئەستەنبوڵی بکات. ویستی کوڕەکەی لەو بیرڕۆیییە قووڵە دەربکات و ئەو دۆخە بێدەنگەی هەردووکیانی گرتووەتەوە بشکێنێت: ڕەمزی وا دوور ڕۆیشتووی دەڵێی کەشتییەکەت لە دەریادا نقوم بووە. غەم لە گەڕانەوەی هاوەڵە تازەکانت دەخۆی؟

بەبێ موبالاتییەکەوە گوتی: بەڵێ بابە.

– گوێی مەدەیێ کوڕم. لە نزیکترین دەرفەتدا سەریان لێ دەدەین. ئەو کات چەندت پێ خۆشە لایان بمێنەرەوە.

ڕەمزی دیسانەوە خەیاڵ بردییەوە، دەبوو ئەم هاوینە سائیب سەری لێ بدا، تاکو شوێنیان دابین بکردایا. لاپرەسەنی ڕەمزیی هەراسان کردبوو، کەچی سائیب سەردانەکەی بۆ کاتێکی دی هەڵگرت. چونکە ئەو شەوەی ڕۆحیان ئامادە دەکرد، سائیب چەندین جار لە ڕووحی ئەولیای پرسی، داخۆ کاتی ئەوە هاتووە کارەکەی ئەنجام بدات؟ هەمیشە وڵامی «نا»ی وەردەگرتەوە، بۆیە بیرۆکەکەی بۆ ساڵی داهاتوو دواخست. ڕەمزی داوای خواستنی کتێبەکەی لێ کرد، سائیب بەبەهانەی ئەوەی خۆی پێویستییەتی نەیدایێ، هەروەها لەوەش دەترسا ڕەمزی لە بەجێ گەیاندنی کارەکە دەستپێشکەری بکات. واتا دەبێ سێ مانگی دی چاوەڕێ بکات. وای وێنا دەکرد ئەمجار لە ژوورە چۆڵەکەیدا لە مزگەوتی ئەوقاف تەنیا نییە و ڕۆستەمی لەگەڵدایە. هەر بۆ ئەم مەبەستە نەخشەی دانا سەردانی دۆڵی کفران بکات.

ئەو کاتی گەیشتنە زێی ئاوەسپی لەوپەڕی خوارووی دۆڵی کفران، ڕۆژەکە ئاوا بووبوو. ڕێگە بەردینەکە تا بڵێی سەخت و لێژ بوو، کورترین مەودای لە نێوان

پێدەشتەکە و دەربەندە تەنگەکەی ڕووبارەکە دروست دەکرد. لەگەڵ ڕووبارەکەدا ڕێیان دەکرد، تا گەیشتنە گوندی بانشاخ، تاریکی خەریکبوو بەسەر دۆڵەکەدا دەکشا.

بێدەنگی و خامۆشی ڕەشماڵەکەی گرتبووەوە. شێخۆ بەسروشتی خۆی هەستی کرد، شتێک ڕووی داوە، هەرچی ڕەمەزان بوو وای دەبینی ئەوان لەسەر ئەوەی ماوەیەکی زۆر لە سەنجەق ماونەتەوە ڕق و خەشم گرتوونی.

لە مێشکی خۆیدا هەندێک قسەی خۆشی هەڵگرتبوو، کەچی هەر ئەوەندەی ئەو دۆخەی بینی هەموو شتی لە بیر کرد. دەمێ لە باوش لێدان بوونەوە، شێخۆ سەیری هات کەریمی برای لە شوێنی خۆی جووڵەی نەکرد. بەڵکو خەیاڵی ڕۆیشتبوو وەک ئەوەی هەر لەوێش نەبێ، جار جار بەتووڕەیی سەری دەجووڵاند، ئیتر زانی جنۆکە دەستی لێ وەشاندووە و تووشی فێ هاتووە. لێی نزیک بووەوە و لە تەنیشتییەوە دانیشت و ماچی کرد. سیمای باوکی هاتە بەرچاو، کە ڕۆژی دوای لەدایکبوونی ڕۆستەم تووشی هەمان حاڵەت بوو. هێشتا قەرەجەکان نەهاتوون، ناشکرێ چاوەڕێیان بکرێ، هیچ نەبێ دوای سێ مانگ دەردەکەون. وا چاکە یا بچن بۆ لای شێخی بەرزنجە، یاخود بۆ لای سەید جەوادی نەوەی پێغەمبەر بچن. مشتومڕ لەسەر ئەوە کرا کامیان باشترن. زۆراب جەختی لەسەر ئەوە کردەوە لەمێژە پایان لە شێخ بڕیوە، سەخڵەتییە دوای ئەم ماوەیە بۆ لای بچن.

پاشان بەراوردێکیان لە نێوان شێخەکەی بەرزنجە و سەیدە عارەبەکەدا کرد. هەموویان لەسەر ئەوە کۆک بوون سەیدە عارەبەکە خودان شتی لە سروشت بەدەر و پەرجووی زۆرە. کوێخا زۆراب سنجانی سەرپشک کرد، کە ڕای ئەو یەکلاییکەرەوە بێت. ئەمیش جەختی لەسەر بایەخی سەید جەواد کردەوە، کە چەندین جار بینراوە بەحەلحەلەی ئاسمانەوە دەفڕێ و عەباکەی بەدوایەوە دەشەکێتەوە و ئەوی چووە بۆ لای بێ ئومێد نەبووە. سەید جەواد چادرێکی لە نزیک گوندی بنعیز هەڵدابوو و لەگەڵ ژنەکەیدا دەژیا. شێخۆ بینی ئەمە دەرفەتێکی باشە بۆ ناسینی دەڤەرەکە و خەڵکی دێیەکە، بڕیاری دا سپێدەی بەیانی ڕۆژی داهاتوو بکەونە ڕێ. شێخۆ و ڕەمەزان چوونە سەر جێگەکەیان، تا خۆیان بۆ ڕۆژی دووەم ئامادە بکەن. میرزا



ویستی شتێ لە بارەی ئەنجامەکانی گەشتەکەیانەوە بۆ سەنجەق بزانێت. وەلێ زۆراب بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ سەرکۆنەی کرد و وتی تەندروستیی کەریم لای ئەو لە پێش هەموو شتێکەوەیە و توانای گوێگرتنی هیچ شتێکی نییە. چونکە ئەو موسیبەتەی بەسەر کەریمدا هاتووە، ئەنجامی دەرگا کردنەوەی دۆڵی کفرانە لە بەرامبەر ئەو تاوانانەی سەنجەق و دەوڵەتە ستەمکارەکەیان.

ئیدی میرزا زانی سبەی بەدرێژایی ڕۆژ بەڕێگەوە باسی سەفەرەکەیان و ئەنجامەکانی دەکەن، بۆیە بڕیاری دا لەگەڵیاندا بڕوات. سنجان وای بینی چوار کەس بۆ گوندێکی بچووکی وا بچن، کەسێکیانیشی لێ نەبێ، کارێکی باش نییە. دوور نییە ناچار بن چەند ڕۆژێکی لێ بمێننەوە، بۆیە پێویستیان بەخواردن و نووستنە، تاکو نەبنە بار بەسەر کەسەوە. پاشان دانیشتووانی ئەو دێیە پێ پەتی و ڕووت و قووتن، چاویان لە یەکێکە تیکەیەک نانیان بداتێ. زۆراب گوێ قوڵاغی قسەکانی ژنەکەی بوو، سەری لەقاند و گوتی:

– ڕاستەکەی سنجان. تۆ بەمێشکێکی ڕوونەوە بیر دەکەیتەوە، هەرچی ئێمەین لە تاو کەریم مێشک لە کەللەماندا نەماوە. پێم بڵێ چی بکەین؟

سنجان پێشنیازی ئەوەی کرد، ڕەشماڵەکە و خواردنی پێویست و چەند سەرمەڕێک و جێ و بان و قاپ و قاچاخ لەگەڵ خۆیاندا بەرن، چونکە کەریم هیچ نەبێ دەبێ حەفتەیەک لای سەید بمێنێتەوە، هەروەها پێشنیازی ئەوەشی کرد خۆشی لەگەڵیاندا بڕوا.

زۆراب مژێکی لە دارجگەرەکەی سەند و سەری ڕاوەشاند:

– ڕاستە سنجان. هەموو ئەوانەی وتنت ڕاستن. پیاوان بێ ژن سەرلێشێواون... چی دەڵێی وا دەکەین.

دوای تاوێک سبیلەکەی خستە لاوە و لە شوێنی خۆی هەستا، داوای لێ کردن هەر لە ئێستاوە پێداویستییەکانی سەفەرەکەیان ئامادە بکەن. میرزا لە شوێنی خۆی ڕاپەڕی و گوتی:

– من وا دەچم ڕەشماڵەکە دەپێچمەوە.

بەر لەوەی بنوون، هەموو شتیان بۆ ڕۆیشتنەکەیان تەیار و ئامادە کرد.

کەریم بەڕوونی شتەکانی دەبیست و تێدەگەیی. ئەوەشی باش دەزانی ئەم هەموو خۆتێکدانە لەبەر ئەوە. حەزی دەکرد پێیان بڵێ بەم حاڵەی ئێستایەوە زۆر بەختەوەر و کامەرانە و نایەوێت بۆ هیچ شوێنێک لەگەڵیاندا بچێت. دەیزانی ئەوان بەم کارەیان دەیانەوێ جنۆکەکە لە گیانی دەربکەن. ئەوی زیاتر بێزاری کردبوو ئەوە بوو بەبان سەرییەوە بوون و چاوەڕوانی ئەوە بوو دەوروبەری چۆڵ بکەن و بەتەنیا بمێنێتەوە، تاکو جنۆکە فەی بێ و بیباتە جیهانە ئەفسووناوییەکەیەوە. بەهەموو هەوڵێکییەوە دەیویست شتێک بڵێت، لێیان بپاڕێتەوە بڕۆن و لێی گەڕێن، بێ سوود بوو. شتەکان بەلایەوە جیا بوون لەگەڵ بەر لەو شەوەی بۆ یەکەمین جار بەفەی و بوونەوەرە عاجباتییەکان بگات. هەموو شتەکان لای ئەو بەپەڕاوێزی پڕشنگدار و ڕەنگی تابانییەوە چون چوڕی شیر ئاوا سپی و دیو دیار بوون. دوای ئەوەی هەموویان ڕۆیشتن و ئەو هەرا و زەنا وەڕسکەرەی نایانەوە نەما، لە نوێنەکەیدا مایەوە، شتەکان وردە وردە دەگۆڕان. جنۆکە فەی بەئاسپایی و بەخەندەوە هات، سەیری ئەملا و ئەولای دەکرد، تا دڵنیا بێ کەسی لێ نییە. بەتەنیشتییەوە دانیشت و قژە زەردە ئاڵتوونییەکەی لەسەر شانی گرمۆڵە کردبوو و لە چاوە ڕەشە کزەکانی ورد بووەوە و بەتوندی باوشی لێ دا. لەو ساتەدا هەستی بەخۆشییەکی ڕەهای وا کرد، کە پێشتر بەخۆیەوەی نەبینیبوو. وای دەزانی لەو بەهەشتەدایە، کە زۆری لەسەر بیستبوو. ئەم خودەش خودی دووەمە، کە لە دوای مردن لە جەستەوە دەردەچێت. دیارە لەو شەوەدا مردووە و ئەمەش ڕووحییەتی وا لەو دنیایەدا بە(فەی)ی پەری گەیشتووە. بەمەش یەکسەر چووە بەهەشتەوە، بێ ئەوەی بەدۆزەخدا تێپەڕێت. چونکە ڕۆژێکیان مامۆستا گوتی: بنیادەم چەندە پاک بێت، هەر دەبێ بەدۆزەخدا ڕەت بێت.

لێ ئەم پێویستییەی بۆ چییە؟ ئەو پێشتر هیچ کارێکی خراپی نەکردووە، ئەو تانهۆ سات بەساتی ئەو شەوەی لە یادە، ئەو لە جیهانە تایبەتەکەی خۆیدا دەژێت، نایەوێت لێی دەرچێ. باشی دەزانی لە دانیشتنەکەیاندا چییان گوت، زانی دەیانەوێت بیبەن بۆ لای یەکێک، تا لەم جیهانە جادووییە دەریهێنێت، دەیویست بڵێ نایەوێ بێ بۆ ئەوێ، ویستی جووڵەیەک بکات تا تێیان بگەیەنێت، وەلێ بەپێچەوانەی بیر تیژی و دڵە گەرمەکەیەوە، نەیدەتوانی و هێزی لەبەر بڕا بوو، مجرۆ و لە پەل و پۆ کەوتبوو.



بەلایەوە فەی هەموو شتێک بوو، چونکە بەبوونی دنیای گرتبووەوە، جارێک دەستی لە مل دەکرد و جارێکیش بەنیمچە ڕووتییەوە سەمای بۆ دەکرد. دواییش خۆی دەخزاندە جێیەکەیەوە و هەستی بەهەناسەی گەرمی دەکرد چۆن قوڵپی بەخوێنەکەی دەدا. ئەوی مایەی سەرسووڕمان بوو هەرکە فەی دەردەکەوت خۆر ئاسا تیشکی داویشت. تاریکی نەدەما و هەموو شتەکان لە تۆپەڵێک ڕووناکیدا نوقوم دەبوون. کاتێک بێدەنگی هەموو شتەکان دەگرێتەوە، خۆی لە زەوی ئازاد دەکا و لە شێوەی تارمایی بەئاسماندا دەچێت و بەدەستە سافە ناسکەکانی ئاماژەی بۆ دەکا دوای بکەوێت. ئەویش بەجووڵەیەک نازانێ چۆن، دەردەپەڕێ تا پێی بگات، لە قووڵایی ئاسمان و لە نێوان ئەستێرەکاندا وێڵ دەبوون. لەو شەوەی کە هەرگیز یادی ناچێتەوە، دیسانەوە هاتە لای و ویستی یارمەتیی بدا و داوای لێ بکات لەوێندەر نەمێنێ، بەڵکو بچێتەوە ماڵ، چونکە ژنەکەی و منداڵەکانی چاوەڕوانین. ئەویش بەپێداگرتنی زۆرەوە دڵنیای کردەوە، نایەوێت بۆ هیچ شوێنێکی دی بچێت. بەڵکو دەیەوێت لەوێ بمێنێتەوە، لەو ئەشکەوتەی دەڕوانێتە سەر ڕووباری ئاوەسپی. کەچی ئەو بەردەوام داوای لێ دەکرد بڕوات، تەنانەت بوونەوەرە عاجباتییەکانی دەوروبەریشی داوای ڕۆیشتنیان لێ دەکرد. هەرچی ژنە خێوە مەمک زلەکە بوو لە چاو ون بوو، چونکە نەیدەتوانی بەسەریدا زاڵ بێت. فەی پێی گوت:

– ئەو ژنە جادووگەرە نەعلەتییە بۆ بەدەستهێنانی ئینکەبەری لەگەڵدا دەکرد. لێ ئەو توانی بیبەزێنێ و بۆ یەکجاری لە دۆڵی کفرانی بڕەتێنێ.

کەریم زۆری لە دڵا بوو پێی بڵێ، لێ زاری هەڵنەدەهات، کەچی چی لە دڵدا بوو فەی پێی دەزانی، دەیزانی ئاواتی ئەوەیە بیخوازێت، تا بیکاتە باشترین ژنی خۆی، تەنانەت ئامادەیی تیادا بوو دەست لە ژنەکەی بەردات، هەرچی فەی بوو دڵنیای کردەوە ئەو داخوازییەی گەلێک زەحمەتە و نایەتە دی. ئەگەرێکو ئەو خواستەی بەدی هات ئەوا بۆ یەکجاری لە جیهانی زەوی گوم دەبێت و تا ناکۆتا وێڵ و سەرگەردان دەخولێتەوە، سەرەڕای ئەمەش کەریم داواکەی دووبارە کردەوە، ئەو ئامادەیە لە پێناویدا بەرگەی هەموو شتێ بگرێت.

– نا کەریم، نا. شتی وا نابێت. من ڕێگەم پێ نەدراوە شوو بەبنیادەمی سەر زەوی

بکەم، لێ بەردەوام سەرت لێ دەدەم.

بەناسکییەوە ئەمەی گوت، پاشان وەکو بڵێسەیەک لە قووڵایی ئاسماندا ون بوو.

کەریم دەیزانی ئەگەر سبەینێ بیبەن بۆ لای ئەو سەیدە، ئیتر لە ژیانیدا کچە جنۆکەکە نابینێتەوە، هەرچی فەی بوو، ئەوی لێی دەترسا سەید جەواد و دارعەسا ئاسنینەکەی بوو، ئەودەمی ڕای دەوەشاند.

ئینجاش ئەرخاینی کردەوە، بەردەوام سەری لێ دەدات، بەو مەرجەی ئەو لە بیری نەکات. هەروەها پێی گوت خەڵکی دۆڵی کفرانی یەک بەیەک خۆش دەوێ. هەرچەندە ئەوان هەر لە ئەزەلەوە ئەو بیروباوەڕە هەڵەیەیان لا ڕواوە، کە ئەو جادووگەرێکی سەر بەگۆبەندە، بۆ ئەوە دێت تاکو ڕۆحی کۆرپەکانیان ببات، کەچی ئەو بۆ ئەوە دێت، تا خۆشنوودی بۆ منداڵەکانیان بخوازێ و دژ بەڕووحە شەڕخوازەکان، ئەوانی لە دۆڵی کفران بڵاو بوونەتەوە، هێزیان پێ ببەخشێت.

– ئێستاکانێش دەبێ بڕۆم کەریم، لە شوێنێک ژنێک لەسەر ڕۆژ و مانگی خۆیەتی، بەدەست ژانەوە دەتلێتەوە، دەبێ بگەم پێی، تا لە ئازارەکانی کەم بکەمەوە و خۆشنوودی بۆ منداڵەکەی بخوازم، بەر لەوەی ڕووحە بەدفەڕەکان بگەن پێی و منداڵەکەی ببەن.

کەریم ویستی بیگرێت تا نەڕوات، لێ ئەو شەبەنگ ئاسا دەرپەڕی و لە تاریکییە ئەنگوستە چاوەکەدا تیشکی پەخش کرد.

دوای ئەوەی تاقێکی تەواو بەڕێگەوە بوون و ناو بەناو پشوویان دەدا، لە کۆختەکانی گوندی بنعیز نزیک دەبوونەوە. چادرە ڕەشەکەی سەید جەواد هێند لە گوندەوە دوور نەبوو، گۆڕێک لە نزیکیانەوە حایلەکەی بەبەرد هەڵچنرا بوو، لە ناوەڕاستییەوە لای سەری گۆڕەکە پارچە پەڕۆیەکی سەوز بەدارێکەوە دەشەکایەوە. ڕۆژەکە لەودیو ڕووباری ڕۆخانەوە، کە تیشکە زێڕینەکانی لەسەر ڕووبارەکە ڕەنگیان دەداوە، بەرەو ئاوابوون دەخزا. خەڵکی گوند ئافرەت و منداڵ و پیاویان، ئەوانەی نیشانەکانی کلۆڵی و نەداری بەسیمایانەوە دیار بوون، بەلاپرەسەنییەوە لەو کاروانە بچووکەیان دەڕوانی، کە بەرەو چادرەکە لای دا. زانییان دەبنە میوانی سەید. لەو کاتی دەنگیان لە سەگەل هەڵبڕی، سێ زەلام بەئاقاری چادرەکە هاتنە پێش،



سەگەکانیش هێور بوونەوە، کلکیان لە ناوگەڵ نا و بەرەو کوختەکان گەڕانەوە. یەکێ لە زەلامەکان کوندەیەک ئاوی بەدەستەوە بوو، هەرکە سەید بینی، بەدەنگی بەرز گوتی:

– خوا دەست بەباڵتەوە بگرێ، کوڕم.

بەپیادەیی بەرەو لای سەید هاتن، دەستیان ماچ کرد، ئەویش سەریانی ماچ دەکرد، لێویشی دەجوولا بێ ئەوەی لێی تێبگەن. هەرچی کەریم بوو بەسەر پشتی ماینەکەیەوە بوو، عانێ شێخۆ ویستی یارمەتی بدات، سەید لەگەڵ نزیکبوونەوەیدا لە کەریم، هاواری کرد:

– لێی گەڕێ، لێی گەڕێ.

هەمووان بێدەنگ بوون. سەید جلێکی سپیی لەبەردا بوو، قوماشێکی سەوزی لەسەری پێچا بوو، مل و گوێیەکانیشی داپۆشیبوو، چرچی و لۆچەکانی دەموچاوە ڕەشتاڵەکەی ئەوەیان دەگەیاند تەمەنی لە سەرووی شەستساڵییەوە بێت. سەرەڕای ئەمانەش دوو چاوی تیژ و بەهێز لە ژێر برۆ چڕ و پڕەکانییەوە بوون، دەتگوت چاوی بازن. بەسەری بەرز و بڵندییەوە بەرامبەر ئەسپەکەی کەریم وەستا. هەمووان بەترسەوە لێیان دەڕوانی، چاوی لە چاوی کەریم بڕی، کەریم لەو کاتی ڕەشماڵەکەی وەکو پنتێکی ڕەش لە ئاسۆدا بینی، لە دڵی خۆیدا هەستی بەگۆڕانی شتەکان کرد. هەر لەودەمەی بانشاخیان جێ هێشت، فەی بەدوایانەوە بوو. کەریمیش بەدرێژایی کات چاوی لێ بوو چۆن بەبان سەریاندا وەکو پەڵە هەورێکی سپی مەلە دەکات و بەبێدەنگی قسەیان دەگۆڕییەوە. وەلێ هەر ئەوەندەی لە دوورەوە چادرەکە بەدەرکەوت، جنۆکەکە جووڵەی عەنتیکەی دەنواند، چون بەدەست وەزەنێکی توندەوە بتلێتەوە، ئاوا پێچی دەخوارد، بێ ئەوەی ماڵئاوایی لێ بکات، لە چاو ون بوو. شتەکان تیشک و ڕەنگە ئەفسووناوییە پەنهانەکانیان لە دەست دەدان. کاتێ سەید دیقەتی چاوانی دا، کەریم لە دوورەوە جنۆکەکەی بەدی کرد، دەیویست شتێکی پێ بڵێت.

سەید هاواری کرد: داوەزە کەریم.

کەریم ئاگای لە خۆی نەبوو، جووڵەی نەکرد. سەید ئاوڕێکی لە چادرەکە دایەوە و

گازی ژنەکەی کرد:

– شەمسە دارعەساکەم بۆ بێنە.

هەر ئەوەندەی ژنەکەی بەجلی ڕەشییەوە بەدارعەساکەوە هات، کەریم لەسەر پشتی ماینەکە بەتەکانێک خۆی گەیاندە لای سەید و بەلەرزینەوە کەوتە دەست ماچکردنی. سەید بەتوندی گرتی و سەری ماچ کرد. هەرچی ژنەکەی سەید بوو دارعەساکەی تووڕ هەڵدا و کەوتە هەڵهەڵە لێدان و داوای لە میوانەکان کرد بچنە ژوورەوە. سێ زەلامەکەی گوندی بنعیزیش بەدەنگی بەرزەوە سەڵاواتیان لێ دەدا و لە بازنەیەکی بەتاڵدا بەدەوری سەیددا دەسووڕانەوە. سەیدیش لەگەڵ کەریمدا بەیەک دەنگ لەگەڵ ئەوانی دیدا: الله حي، الله حي...یان دەگوتەوە. هەندەی نەبرد زۆراب و ڕەمەزان و شێخۆ و میرزاش خۆیان کردە ناو ئەڵقەی زیکرەکەوە. کاتێ خەڵکی گوندیش خۆیان پێدا کرد، سەید دەستی ڕاستی بەرز کردەوە و دەستی چەپیشی خستە ملی کەریم و گوتی:

– بڕۆنە ژوورەوە، ئەمڕۆ هەمووتان میوانی پێغەمبەرن دروودی خوای لەسەر بێ.

شێخۆ چاوەڕوانی ئاماژەی باوکی نەکرد، بەڵکو گرتی بەنزیکترین کاوڕدا و لە ژێر پێی سەیدی دا بەعەردا، بەر لەوەی ڕەمەزان دووەم کاوڕ بەزەویدا بدات، شێخۆ یەکی دییشی سەربڕی. هەرچی میرزا بوو دوای ئەوەی قۆڵی زەلامێکی گرت بۆ یارمەتیدان ڕووی دەمی لە زۆراب کرد و گوتی: من دەبێ بچم ڕەشماڵەکە هەڵدەم، چونکە چادرەکەی سەید بەشی ئەم میللەتە ناکات.

زۆرابیش پشکداریی کرد و تازە بڕوای بەوە کرد کە بینی، گوتی: ڕەشماڵەکە دامەزرێنە میرزا، لە شوێنێ باش دای مەزرێنە، چونکە بۆ هەتا هەتا لێرە دەمێنێتەوە.

ناگەهان شەو داهات و هەموو شتەکان بوون بەتاریکە شەو، خواردن ئامادە کرا، بەر لەوەی دەست بەخواردن بکەن، گوێیان لە سمی ئەسپ بوو نزیک دەبوونەوە. هەندەی پێ نەچوو ڕۆستەم و قادر و عەباس بەدیار کەوتن، شوێنەواری ماندوویەتی و نیگەرانی بەڕوویانەوە دەبینرا، زۆراب و شێخۆ و ڕەمەزان سەیری یەکدییان کرد، زۆراب خۆی شێلوو نەکرد، دەستی بۆ خواردنەکە درێژ کرد و گوتی:



– ئای لەم سێ شەیتانە. بەتەنیا لێمان ناگەڕێن.

بەر لەوەی بچن بۆ لای کەریم، شێخۆ مژدەی چاکبوونەوەی پێ دان، پاشان داوای لێ کردن بەر لەوەی بۆ نک کەریم بچن، بڕۆن دەستی سەید جەواد ڕامووسن. ئەوان هیچیان لە مەسەلەکە نەدەزانی. چونکە دوێنێ ئێواریێ کوێخا زۆراب یەکسەر ناردنی بۆ ئاشخانەکە، بێ ئەوەی بهێڵێت بێنە ڕەشماڵەکەوە. کاتێ ئەمڕۆ درەنگ لە خەو ڕابوون بەمەسەلەکەیان زانی.

زۆراب لە سووچێکی ڕەشماڵەکەوە بەتەنێ لەگەڵ شێخۆ و ڕەمەزاندا دانیشت و پێی گوتن دەبێ کەریم بۆ حەفتەیەک لە ژێر چاودێریی سەیددا بمێنێتەوە و پێویستە شەو و ڕۆژ بەدیارییەوە بێت، چونکە دوور نییە ئەو جنۆکەیە غافڵیان بکا و جارێکی دی بچێتە سەرییەوە.

دڵنیاشی کردنەوە بابەتی جنۆکە فەی ساناترین حاڵەتە، چونکە گەنجەکە جوانیی جنۆکەکەی ناخی دەیبا، کاری ڕزگاربوون لە جنۆکەش هێند ئاڵۆز نییە. بەختیشی یار بووە خێو، یاخود شەیتان خۆی دەستی لێ نەوەشاندووە، ئەمەش وا دەکات دەست و پێی تووشبووەکە بەزنجیر ببەسترێنەوە و دارکارییەکی باش بکرێت. چون فریشتەیەک بێت لە ئاسمانەوە دابەزیبێت، ئاوا بەچاوی ترسەوە لێیان دەڕوانی. زۆراب ئەرخاینی کردەوە دەستپێک بەتەما نەبوو پەڕاگەندەی ئەم شوێنە بن و لەسەر خواستی دەوڵەت لێرە گوند بنیات بنێن، وەلێ ئێستا گەلێ خۆشحاڵە بەوەی دوا دوایی ژیانی لە نزیک نەوەی پێغەمبەر دەگوزەرێنێ. سەید جەواد بڕیارەکەی لە خەڵکی گوندەوە بیست، کە چەندە خۆشحاڵن بە هاتنی کوێخا زۆراب، زۆریشی پێ خۆش بوو ناوچەکە ئاوەدان بووەتەوە، چونکە لە پێشدا چۆڵ و هۆڵ و وشک و برینگ بوو. ئەوەشی گوت جیهانگیری ناڕەسەن هەرماسێکە بۆ خۆی و ئەم بەستەزمانانە وەکو مانگای بەلەنگاز دەدۆشرێن، ئەمانە شەو و ڕۆژ ڕەنج دەدەن، کەچی نانی شێوانیشیان تۆڵەکەیە. ئەوان لەو دوو ڕۆژەی لەوێ بوون لە زۆر شت گەیشتن.

جیهانگیر بەر لە چەند ساڵێک هەندێک گەنم و جۆی بەقەرسیلیی بەقەرز پێ دابوون. دوای ئەوەی چەند ساڵێک بەهۆی بێ بارانییەوە نەیانتوانی لە کاتی خۆیدا قەرزەکان بدەنەوە، ئیدی سوودەکەی سەردەکەوت و زیادی دەکرد، بەدەستی

جیهانگیرەوە بوونە پەند و لەوار و یۆخیان نیشت. لە دەڤەرە سەختەکەی ئەودیو دۆڵی کفرانەوە، کە هیچی لێ ناڕوێ، گواستنییەوە بۆ ئێروکانێ. چونکە ئەمانیش بەپلەی یەکەم شوانکارە بوون و لە بارەی کشتوکاڵەوە کەم شارەزا بوون، نەیانتوانی ئەم زەوییە بەڕێژەوانە، کە چەند جۆگەیەک لە ڕۆخانەش بەناویاندا دێن، بەرهەم بێنن.

ڕەمەزان بەچاپەزێکی چینی چای تێ دەکرد، کاتی خۆی جیهانگیر بەکوێخا زۆرابی بەخشیبوو، بەوردی دیقەتی ئەو شلە سوورە ئاماڵ خەنەیییەی دەدا، زۆراب بەدەستی ئاماژەی بۆ چاپەزەکە کرد و ڕووی قسەی لە دەمسپیی گوندەکە نا، کە بەهاپۆ ناویان دەبرد، دوای ئەوەی لە سەرە گەورەکەی ورد بووەوە، دەتگوت کەللەی بارگیری نامۆیە، گوتی:

– هاپۆ تماشاکە. ئەم قۆرییە دەبینی؟

هاپۆ سەری ڕەزامەندی لەقاند و سینگە کراوە تووکنەکەی خوراند و گوتی:

– بەڵێ.

– ئەمە دیارییە کە لە جیهانگیرەوە، بەر لە سێ ڕۆژ بۆی ناردووم. ئەم شلە شیرینە بەتامەش کە پێی دەڵێن چا، هەر ئەویش لەگەڵ قۆرییەکەدا بۆی هەواڵە کردووم. دەزانی هاپۆ جیهانگیر بەپارەی کێ ئەم شتانەی کڕیون؟

هاپۆ ڕیشە ناقۆڵاکەی خوراند و گوتی:

– هەڵبەت بەپارەی خۆی.

زۆراب پەنجەی دۆشاومژەی بەسووتکەی دارجگەرەکەیدا هێنا و گوتی:

– نا هاپۆ. بەپارەی خۆی نییە. بەپارەی ئێوە و ئەوانەی قازانج و سووی حەرامیان لێ دەسەنێت.

پاشان چاوی لە چاوی ڕەمەزان و شێخۆ و میرزا بڕی و بەسەرکەوتنەوە گوتی:

– ئەمەیە جیهانگیر. ئەم دەماغسزە وا دەزانێت بەپارە و زۆرزانیی دەتوانێ بەڕیشی هەمووان پێبکەنێت. بێ ئاگایە لەوەی فیل لە وشتر بەهێزترە. بەهەرحاڵ هاپۆ، قەدەر لەسەر ئەم پەڵە زەوییە لەگەڵ ئێوەدا کۆی کردینەوە و وێ چێ ئەمە لە



خۆشبەختی ئێوە و ئێمە بێت. لە کۆی حاڵەتەکاندا لە تاڵ باشیی جیهانگیر نییە.

پێوەندی لەمەیان هەردوو لا توند و تۆڵ بوو، ڕێککەوتن چەند و چوویان لێڵ جیهانگیردا هەبێ، لێ بەئاگادارییەوە وێڕای بجووڵێنەوە. کوێخا زۆراب گفتی پێ دان هەموو قەرزەکانیان بداتەوە، تا بۆ یەکجاری لە جیهانگیر ڕزگار بن. خەڵکی دێیەکە کوێخا زۆرابیان بەباوکی رووحی خۆیان دادەنا. لە بەردەم سەید جەواد بەڵێنیاندا لە هەموو شتێکدا یارمەتی بدەن و هاوکاری بکەن.

هەروەها بڕیاریان دا دەست بەبنیاتنانی گوندە تازەکەیان بکەن و دەمودەست زەوییەکانیان وەرد بکەن، تا پایزی داهاتوو تۆوی بکەن. سەید جەواد خۆشحاڵیی خۆی بەو ڕەوشە دەربڕی و مژدەی پێ دان خەونی بەپێغەمبەری باپیرییەوە دیتووە و بەدەستی خۆی دەڤەرەکەی ئاوپڕژێن کردووە. خەونەکەی وا لێکدایەوە کەوا نیشانەی خێر و بەرەکەتە. پاشان دەستی لەسەر سکی دانا و گوتی:

– خوا تەمەنت درێژ بکا کوێخا زۆراب، بەڕاستی تێرت کردین.

سەید جەواد چەند مانگێک بوو گۆشتی بەهەناودا نەچووبوو، دوا جار لە زستاندا بوو پیرەژنێک لە دوورە دێیەکەوە بەکەڵەبابێکەوە هاتبوو، داوای نوشتەی بۆ کچە نەزۆکەکەی لێ کرد. گۆشتاوی کەڵەبابەکە لێڵ مشتێ برنج لەو ڕۆژی زستانەدا جادوو ئاسا لە گەدە بەتاڵەکەیدا ون بوو. ئا ئەوەتا نووکەش خۆی و خەڵکی گوند سێ ڕۆژە لە جێژندان.

– خوا بتپارێزێ کوێخا زۆراب. هەزار جار خوا دەست بەباڵتەوە بگرێ. ئەم هەموو ماوەیە لە کێندەرێ بووی. گۆشتاوی بەرخ، نانی گەرم، برنج، ساوەر، چا، قاوە، تووتن... خوا زیادی بکا و بەرەکەتی تێ بخات.

کاتێ سەید جەواد لەگەڵ کەریمدا چوونە چادرەکەوە و خەڵکی گوندیش بەرەو ماڵ بوونەوە، میرزا لە شوێنەکەی خۆیدا وەنەوزی دەدا، هەرچی کوڕەکان و سنجان بوون لە گۆشەیەکی قامیشبەندی ڕەشماڵەکەوە ڕاکشابوون. زۆراب و ڕەمەزان و شێخۆ مانەوە. ڕەمەزان نیگای پرسیار ئامێزی لە ڕووخساری زۆراب و شێخۆ بڕی، گرژییەوە و بەشێوە گاڵتەجاڕییەکەیەوە گوتی: وا بزانم حەفتەیەکە بۆ یەکەم جارە بەتەنێین، چی دەڵێن بەم بۆنەیەوە چایەک ئامادە بکەم؟

شێخۆ چون پێشبینی ئەو قسەیەی لێ کردبێت، لە شوێن خۆی هەڵستا:

– من چایەکە دەکەم، تۆش دەتوانی تیر و توانجمان تێ بگری، چونکە حەفتەیەکە لێی بێ بەشین.

زۆراب لەودەمی پشتی دایە بالیفەکەوە و جێی خۆی خۆش کرد، هەڵیدایێ:

– بەو جووڵە بێ برانەوەیەی سێ ڕۆژە ڕەشماڵەکەمانی گرتووەتەوە، وا دەزانم لە فەرمانگەی قایمقامم لە ناوەندی سەنجەق. من بەم شێوە ژیانە ڕانەهاتووم.

ڕەمەزان گوتی: هەرچی من و شێخۆ بەگین مینا قەرەجمان لێ هاتووە، لە ماوەی حەفتەیەکدا نیوەی دنیامان بینی.

شێخۆ بێ ئەوەی چاویان لێ بکات، بەچاپەزەکەوە سەرقاڵ بوو، دەیخستە سەر ئاگرەکە، وتی:

– ئەوی ڕیش بهێڵێتەوە، دەبێ شانەشی بۆ هەڵگرێت. ئێمە هەر لە سەرەتاوە بڕیارمان دا فەرمانەکە وەربگرین، منیش نازناوی بەگ هەڵگرم، بمانەوێ و نەمانەوێ بەقایمقام و یوزباشی و جیهانگیری خاڵمانەوە پەیوەست بووین. دەبێ بزانین چۆن لە نێو ئەمانەدا هەڵسوکەوت بکەین.

ڕەمەزان بەتەوسەوە گوتی: ئەدی بۆ قۆڵچی و گەرەبێتە فەندیت بیر چوون؟

شێخۆ بەدەم ڕێکخستنی پیاڵەوە گوتی:

– دنیا گۆڕاوە. بۆیە دەبێ ئێمەش بگۆڕێین.

– بەڵێ کوڕەکەم شێخۆ بەگ، ڕاستە دنیا گۆڕاوە. کێ بڕوای دەکرد ئەم ڕەشماڵە لەودیو چیای مازووخەوە دەگوازرێتەوە بۆ دۆڵی کفران و لەوێشەوە بۆ ئەم پارچە زەوییە؟ ئەی بەعەقڵی کێدا دەچوو ئێمە لەگەڵ جیهانگیردا مامەڵە بکەین و چا بخۆینەوە؟ ئەگەر قەدەر ئێمەی گەیاندبێتە ئێرە، دەبێ وای لێ بکەین لە دۆڵی کفران جوانتر بێت. هەموو شتەکان وەکو خەون دێنە بەرچاوم، چەندم حەز دەکرد نالە گورگەی باپیرە گەورەمان لەم شوێنەدا بمانبینێ.

ڕەمەزان بەلاقرتێوە گوتی: بەڕای تۆ قایل دەبوو ڕەشماڵەکە بگاتە ئێرە؟

زۆراب ئاماژەی بۆ میرزا کرد، کە پرخەی بەرز بووبووەوە:



– لە میرزا ئاغای خودان ڕەشماڵ بپرسە، وەڵام لای ئەوە.

ئەودەمی شێخۆ چای هێنا، ڕەمەزان لە شوێن خۆی ڕاست بووەوە و گوتی:

– واز لە میرزا بێنە زۆر شەکەتە. بەدرێژایی ڕۆژ بەتەنێ گوندەکەی شێخۆ بەگی دروست کرد.

زۆراب لەگەڵ چای هاتندا دانیشت و گوتی:

– قوڕ بەسەر ئەو گوندەی میرزا بنیاتی دەنێ، ئەو تەنیا هەڵدان و هەڵوەشانەوەی ڕەشماڵ فێر بووە.

کاتێک ڕەمەزان چایەکەی هەڵقوڕاند، مێشکی ساف بوو:

– برایان. لەو ڕۆژی هاتووینەتە ئێرە، مەسەلەیەک هەیە مێشکم دەکرۆژێت، ڕێگەم بدەن با بۆتانی ڕوون بکەمەوە، من لە پرسیارەکەمدا شۆخی ناکەم.

شێخۆ باش دەیزانی دەیەوێت دەرگایەک بۆ قەشمەری بخاتە سەر پشت، چونکە ئەوە حەفتەیەکە بۆی ڕێک نەکەوتووە سوعبەتێک بکات، گوتی:

– فەرموو مامە ڕەمەزان. ئێستا هەر خۆمانین و دەتوانین هەموو قسەیەک بکەین.

– دەڵێم ئەم سەید جەوادەی من بڕوام بەتوانا مەزنەکانی هێناوە، بۆ سوود لەم توانایەی وەرناگرێ، تا پێویستییەکانی خۆی پێ دابین بکات؟ ئەوەتا کابرا وا لە برسا دەمرێ و ئاتاجی بەپۆشاک و پێڵاو و نوێنی باشە بۆ نووستن...

زۆراب قسەکەی پێ بڕی:

– ڕەمەزان، وتمان دەتوانین هەموو شتێک بڵێین، لێ سەید جەواد بکەیتە بابەتی گاڵتەجاڕی، ئەوا ڕێگەت پێ نادرێ، غەزەبی پێغەمبەرمان بەسەردا مەبارێنە.

ڕەمەزان ویستی شتێک بڵێت، شێخۆ قسەکەی پێ بڕی:

– کابرا ئەگەر بیەوێت دەتوانێ بەخۆشگوزەرانیی بژێت، لێ ئەو کات ئەو پەرجووەی بەچاوی خۆمان بینیمان، لە دەست دەدات.

٨

تووله ڕێگه سـەخت و دژوارەکە، دەیڕوانیـیـە سـەر هەزار بەهەزارێک ئەوسـەری دیار نەبـوو، دامـێـنـی چیـا بـەرزەکـەی دەبڕی و لـە هـەمـوو لاوە بـەتاریکی دەوره درابـوو. لە هەندێ شـوێن دەبوو بەزگـەخـشـکێ بڕوات. گـەیشـتـە شـوێنێک وایزانـی گـەیشـتـە ئەوسـەری ڕێگەکە و تەنیا هەنگاوێک بنێت دەگاتە پێدەشـتـەکە. ناچار بوو جـارێکی دی بەزگـەخـشـکێ بڕوات و دەست بەدوا تاشـە بەردەوە بگرێت، کەچی هـەر هێندەی دەسـتـی پێـوە گرت لێـژ بووەوە و چەندین بەردی دایە پێش خـۆی، وایزانی خـۆیشـی لەگەڵ بەردەکاندا تلۆر بووەوە، لێ خـۆگرتنی بەدەوەنە بەڕوویەکەوە لە کەوتنـی ڕزگار کرد. دەبوو ئەمجاریان تونێڵێکی درێژی چیاکە ببڕێت. زۆر بەزەحمەت خۆی خشاند، خەریکبوو هەناسەی لەبەر دەبڕا. هەندێک جار تونێڵەکە وا تەنگ دەبووەوە نـەیتوانی بەزگەخشکێش بڕوات. بیری بۆ سەیدە عـارەبەکە و شـێخی بەرزنجـە چوو، هانای بۆ بردن و پڕ بەدەم گـازی کردن، وەڵامیان نەبوو، پاشـان بیری بۆ کچـە جنۆکەکە چوو، ئەویش بەدەرنەکەوت. دوای قەیرێک بەهەموو دەنگییەوە بانگی کرد: شێخی بەرزنجە.

تاوی دایە خـۆی و شوێنە تەنگەکەی بڕی، لەهیکڕا خـۆی لە ئەشکەوتی جنۆکەکەدا بینییـەوە، کە دەیڕوانییە سـەر ئاوەسـپی. هەناسـەیەکی قـووڵی هەڵکێشـا، جنۆکـەکە بەجلە درێژە سـپییـەکەیەوە لەسـەر ڕۆخی ڕووبارەکە وێستـا بـوو، قژە زەردەکـەشی بەسـەر شـانییەوە لە ژێر تـریفەی مانگەکـەدا دەبریسکایەوە، بەغەم و گلەییـیەوە چاوی تێ بڕیبـوو. لە شـوێن خـۆی بەسـەرسـامی ڕەق وەسـتـا بوو، بێدەنگ، بـووبوو بەبەرد، حەپەسـاو، نەیزانی چەندێک ئاوا مایەوە. دەنگێک لە ناخییەوە پێی دەگوت هـەتا هەتا بەم ئاوایە دەمـێنێتەوە و باشـتـرە فزە نەکا و لە حـزووری ئەم جنۆکە ڕیسوا کـراوەدا زار هەڵنەهێنێت. ڕیسـوا؟ لەبـەر چی؟ کێ ڕیسـوای کـردووە؟ دەبێ لـەم جـیـهـانـەدا یەکێک هەبێ بتوانێت ئەم جنۆکەیە ڕیسوا بکات؟ دەتگوت تاپۆیەکە و ڕووناکیی لێ دەبارێت. بـەئاسـپـایی لێی نـزیک بووەوە و بەردەوام لە چاوە شـیـرزەکـانی دەڕوانی. سیمای گاڵتـەجاڕی و گلەیی و پرسـیار بەڕووخسـارە فریشتـەییـیەکەیەوە دیار بوون.



بێ ئەوەی چاو لە چاوی بپرووکێنێت، گوتی:

– کـەریم بۆ؟ بۆچی چوونە کن ئـەو سـەیدەی هـەر ئـەوەندە نەبوو بەدارعـەسـاکـەی بمکوژێت؟

بەزەحمەتییەوە وڵامی داوە: نەمدەویست بچم، بەزۆر بردمیان.

– دەزانم کەریم. ئـەگەر دەتەوێ لەگەڵتدا بمێنم، ئەوا بڕۆ بۆ لای شـێخی بـەرزنجە و ببە دەروێش.

ویسـتـی شـتـێک بڵێت، کەچی ئەو لە چاوترووکانێکدا ون بوو. چاوی گـڕدا بەڵکو شـوێنەواری ببینێ، لێ سـوودی نـەبوو. پەشـیـمـانـی هـەراسـانی کردبوو، بـێ ویسـتـی خۆی بەدەنگێکی بەرزی درێژکراوە هـاواری کرد: فەی ی ی ی...

چیا و دۆڵەکان بەچەندین چینی دەنگ زایەڵەی دەنگەکەیان دایەوە.

لە خـەو ڕاپەڕی، زەندەقی چووبوو، شـڵـپـەی ئارەقـەی دەهات. هێـشـتـا ڕۆژ هەڵنەهاتبـوو، وەلێ ئەو ڕووناکییە قرمـزییەی ئاسـۆی ڕۆژهەڵاتی گرتبـووەوە، لە هـەر چرکـەیەکدا پێشـبـینی هەڵهاتنی دەکرد. چاوی بەنـاو ڕەشـمـاڵەکەدا گێڕا، سـەیدی نەبینی، ژنەکـەیشی لە دەرەوە لە پاڵ کـوانووەکە خـەریکی ئاگر کردنـەوە بوو، لە ناو پێخـەفـەکەی مـایەوە، هێشـتـا لە ژێر کـاریگەریی خـەونەکەیدا بوو. چـادرەکـەی جێ هێـشت و ڕووی لەو تەپپـە بچـووکـە کـرد، کـە دەیڕوانیـیـە سـەر ئەو گـۆمـاوەی لە جـۆبـارەکەی بنـعـیـز جـیـا بووبووەوە. دوای ئەوەی لـەسـەر گردەکـە خـۆی بەتاڵ کـرد، بەدەوریدا بۆ لای جـۆبارەکـە سـووڕایەوە. سـەید لە گـۆلاوەکە خـۆی دەشـوشت، پاش ئەوەی بەبیسـمیللاکردنەوە سێ جاران خۆی بەژێر ئاوەکەدا کرد، بلەز خـۆی گەیاندە جلەکانی و گوتی:

– ئاوەکە قیچەک سـاردە کەریم.

– مامە سـەید، ئاوەکە زۆر ساردە، بۆ پوورە شـەمسـە ئاوت بۆ گەرم ناکات؟

لە ڕاستیدا ئاوەکە بەلای کەریمەوە سـارد نەبوو، لێ لە تەندروستیی سـەید دەترسا، نەخوازەڵا بۆ یەکـەم جـار جـەسـتـە لەڕ و لاوازەکـەی بینـی، دوای ئەوەی سیپاڵەکـانی لەبەرکردن، بەرەو چادرەکە ڕۆیشـتن، گوتی:

– پێستی من عەینی کاژی زەردەمارە، لە مامت مەترسێ.

چوار ڕۆژە وا ڕاهاتوون لەم کاتەدا لە خەو هەستن. سەید پیچەک پێش وی هەڵدەستا. دوای ئەوەی قاوەی تاڵ دەخۆنەوە، کە سەید بەخۆی ئامادەی دەکرد، دەچوونە ڕەشماڵەکەی کوێخا زۆراب، ئیدی قاوەڵتی لە چاوەڕوانییاندا بوو: نانی گەرمی هەورامی، هێلکەی لە ڕۆن کراو، کەرە و ماست. سەید قەناعەتی هێنا بوو لە ماوەی ئەم چوار ڕۆژی لەوەڕینەیدا خوێن زابووە دەموچاوییەوە و گوڕێکی گرتبووەوە. کاتێ لە ڕەشماڵەکە نزیک بوونەوە، هالاوی نانی گەرم چووە لووتییەوە، نەیزانی بۆ لەم کاتەدا جیهانگیری بەبیردا هات، لە مێشکی خۆیدا گوتی:

– هەی جیهانگیری نادان، نەدەکرا ئەم زگبرسییە ڕووتانە وەکو کوێخا زۆراب و تاقمەکەی بژین؟ خۆ لە هەنیەیان نەنووسراوە هەر بەتەنیا بۆ تۆ ڕەنج بدەن؟ لە خوا ناترسی؟

زۆراب و شێخۆ و ڕەمەزان و میرزا و سنجان بەخێرهاتنی هەردووکیان کردن. ڕۆژەکە خەریکبوو تیشکە زێڕینەکانی لەودیو بەرزاییەکانی دۆڵی کفرانەوە دەنارد. زۆراب تێبینیی سیمای تووڕەی سەیدی کرد، ترسا دۆخی کەریم شپرزەی کردبێت. لێ کە چاوی بەڕووخساری ئەم کەوت، دیار بوو دۆخەکەی زۆر سروشتییە و لە هەموو کاتێ باشترە. بۆیە لە سەید نزیک کەوتەوە و بەسیمایەکی پڕ لە ترس و پرسیارەوە گوتی: ئیشاڵڵا خێرە سەید. ئەمڕۆ بێ واز دیاری.

سەید زەردەیەکی بۆ کرد و وەک ئەوەی خەریکی شتێک بێت، گوتی:

– سەلامەتیت کوێخا زۆراب، هیچ نییە.

زۆراب چاودێریی سیما و جووڵانەوەی سەیدی دەکرد، چاوەڕێ بوون دەست ببات. کەچی ئەو دوای بیسمیللاکردنیشی بەخدەی خۆی دەستی بۆ خواردنەکە نەبرد، بەڵکو سەری هەڵبڕی و بەدەنگێکی درێژکراوەوە گوتی:

– خوا تۆڵەت لێ بکاتەوە، جیهانگیر.

دەموچاوەکان مەییبوون و ڕوویان لە ڕووخساری تووڕەی سەید بڕی بوو. زۆراب بەزمانێکی ئاسوودەوە پێی گوت: خەمت نەبێ سەید، خوا تۆڵەی لێ دەستێنێتەوە.



سەید دەستە لەڕ و لاوازەکەی بۆ نانە گەرمەکە برد و لە کەرەکەی هەڵکێشا. دۆخەکە لە کرژییەوە گۆڕا بۆ بێدەنگی و خەریکبوون بەخواردنەوە. خەڵکی گوند هەر لە یەکەم ڕۆژەوە لای سەید خۆشحاڵی خۆیان بۆ داوەتکردنی کوێخا زۆراب و تاقمەکەی بۆ نانی نیوەڕۆ، دەربڕی. لێ خەریک و خەنکان مابوون، چونکە هیچیان نەبوو بیاندەنێ. مەڕەکان جیهانگیر یەک یەک ژماردبوونی، نەدەبوو یەکێکیان لێ کەم بێتەوە. باسی تاقە گۆلکەکە هەر مەکە. تەنیا شتێک لە توانایاندا بوو مریشک بوو، ئەمەش شایان بەپیاوێکی وەکو کوێخا زۆراب نەبوو. ئەمە سەیدی سەرقاڵ کردبوو. دەیزانی زۆراب هیچ لە بارەی ژیانی ئەوانەوە نازانێت، کە لە ڕەشماڵەکەی سەردانی دەکەن. ئەوانیش لە جێی خۆیانەوە متەقیان نەدەکرد و باسی شتێکیان نەدەکرد پێوەندیی بەژیانی تایبەتییانەوە هەبێت.

کاتێک لە قاوەڵتی بوونەوە، سەید خۆی دایە سەر سەرینەکەی و گرِی لەو جگەرە پێچراوە بەردا کە کەریم دای پێی. سەید بەزمانێکی پڕ لە قەناعەت و ڕازیبوونەوە گوتی: ئەلحەمدولیللا. ئەلحەمدولیللا. کوێخا زۆراب من فرە خۆشحاڵم بەبوونتان لێرە. وەلێ زۆر بەباری نالەباری خەڵکی بنعیز دڵتەنگم.

پاشان بەوردی باسی هەموو شتێکی بۆ کردن. کەریمیش هەندێک لە وردەکارییەکانی ئەو چیرۆکەی پێ دەزانی. لێ لەسەر داوای سەید متەقی نەکرد. هەرچی ڕەمەزان بوو بێ ئەوەی زۆراب پێی بزانێت چەند جارێک سەری لێ دابوون. ئەو کاتیش وەکو خزمێک داخی دڵی خۆیان بۆ هەڵڕشتبوو، سوێندیشیان دابوو ئەم باسە لای کوێخا زۆراب نەکات.

زۆراب چاوی بەسەر دانیشتوواندا گێڕا، هێند تووڕە بوو ئاگری لێ دەباری، پاشان بەسەر شێخۆوە وەستا، کە لەو عانەدا چای تێ دەکرد:

– شێخۆ بەگ، تۆ بەو سیفەتەی سەرۆک هۆزی دۆڵی کفرانی. ئایا دەسەڵاتت بەسەر گوندی بنعیز و ئەم ئامۆزایانەماندا هەیە؟

شێخۆ بەهێمنییەکەوە گوتی:

– بەپێی ئەو فەرمانەی لە قایمقامی سەنجەقم وەرگرتووە، دەتوانم بڵێم بەڵێ.

– ئەگەر وڵامەکەت بەڵێیە، دوای ئەوەی هەموو شتەکانت بەگوێی خۆت بیستن،

چۆنی لێک دەدەیتەوە؟ بوونی دوو سەرۆک لە هۆزێکدا؟ یاخود دوو کوێخا لە یەک گونددا؟

بێدەنگی دایگرتن. وا دیار بوو هیچ کات کوێخا زۆرابیان بەو تووڕەییە نەبینیبوو. شێخۆ دیواری بێدەنگییە قورسەکەی شکاند و بەزمانێکی توندەوە گوتی:

– هۆزەکەمان تەنیا یەک سەرۆکی هەس، خۆ ئەگەر براکانمان ئاریشەیەکیان هەبێت، ئەوا بەئامادەبوونی خۆیان چارەی بۆ دادەنێین.

ڕەمەزان وای بینی کاتی ئەوە هاتووە ڕووناکی بخاتە سەر هەندێ لایەنی ژیانی خزمانی، گوتی:

– ڕاستی، من شتێکی سەیرم لێرە لەم گوندی بنعیزە دیتووە، پێشتر لە ژیانمدا نەمبینی بوو، خەڵکینە شتێکتان بیستووە بەناوی «شەقڵ»؟

هەمووان سەیدی لێ دەرچێ بەیەک دەنگ وتیان: شەقڵ؟!

ڕەمەزان بەناڕەزاییەوە سەری لەقاند: بەڵێ، شەقڵ.

سەید بەشانازی و ڕق لێبوونەوەوە گوتی:

– بەڵێ، من دەزانم. ئەوە چەقۆیەکە و نانی هەژاران دەبڕێت.

مانای ڕاستەقینەی شەقڵیان نەزانی، تا ڕەمەزان بەوردی ڕوونی کردەوە:

– مۆرێکی گەورەیە هەندەی کلاشێک دەبێت، لە دار دروست کراوە، نەخشێکی لەسەر هەڵکۆڵراوە، لە هەموو لاوە لە خەرمان دەدرێت، هەڵگری ئەم مۆرەش پێی دەگوترێت دارۆغە. ئەم دارۆغەیە جێزە گەنم و جۆکان یەک یەک مۆر دەکا و لە کوختێکی نزیک بەخەرمانەکە نیشتەجێ دەبێ، تا پاسەوانیی بکات. قوڕ بەسەر ئەو کەسەش دەست بۆ جێزێک لەم جێزانە ببات. خودان جێزەکانیش بەرپرسن لە دابینکردنی ڕۆژانە سێ ژەم خواردنی باش بۆ ئەم دارۆغەیە.

میرزا بەسەرلەقاندنەوە گوتی:

– من هیچ لەم قسانە ناگەم.

زۆرابیش وتی: شتی زیاتر دەبیستین میرزا.

ڕەمەزان درێژەی بەقسەکەی دا: خودان شەقڵەکە جیهانگیرە و ئەو کەسەشی



بەدارۆغە ناو دەبرێ یەکێکە لە پیاوەکانی ئەو. خاوەن دانەوێڵەکەش ناتوانێ دەست بۆ بەروبوومەکەی ببات، تا جیهانگیر بەشی خۆی لێ دەرنەکات.

میرزا بن باڵی خوراند و بەتووڕەییەوە دوا:

– چەند جار پێم گوتن ئەم زەلامە خراپەکارە.

ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی هاپۆی کەللە بارگیر بۆ فراوین بانگهێشت بکەن و چارەسەری یەکجاری بۆ کێشەی شەقڵ و دارۆغە دابنێین. ئەگینا سەرۆکایەتیی شێخۆ تەنیا قسەیە و هیچی تر. ڕۆستەم و قادر و عەباس لێڵ سنجاندا لەودیو قامیشبەندەکەوە قاوەڵتییان دەکرد و گوێیان لە قسەی زەلامەکان ڕادێرا بوو و دیقەتی یەکتریان دەدا، قادر گوتی:

– ئەم ئیشە بۆ من باشە، ڕۆژانە سێ ژەم خواردنی باش بەرامبەر هیچ.

سنجان بەدەم چاتێکردنەوە گوتی:

– کوڕم ئەمە ئیشی زەمتە و زەغەلانە. ئێمە جووتیارین، دەبێ ببیتە جووتیارێکی کارامە.

– من نامەوێ ببمە جووتیار میمی.

ڕۆستەم بەقەشمەرییەوە گوتی: کەواتە ببە یوزباشی یان قۆڵچی.

پاشان ئاماژەی بۆ کردن دوای بکەون. لە لای دواوە لە ڕەشماڵەکەوە چوونە دەر. بڕیاریان دابوو هەموو ناوچەکانی دەوروبەری گوند بپشکنن و ڕوو بکەنە زێی ڕۆخانە و لە ئاوە شیرین و سازگارەکەی بخۆنەوە، چونکە ڕۆستەم تاقی کردبووەوە و لە ئاوی مەیلەو شوێری ئاوەسپیی بەباشتر دادەنا. لێ کاتێ گوێیان لە مشتومڕی پیاوەکان بوو، لاپرەسەنی گرتبوویانی تا بزانن ئەم بەناو شەقڵ و دارۆغەیە چین. لە شوێنێکەوە، تا ڕادەیەک بەرز، منارەکەی سەنجەقیان دەبینی، ئیدی بیری ئەو ڕۆژانەیان دەکرد دەتگوت ڕۆژانی جەژن بوون، هەروەها یادی ڕەمزیی هاوەڵیان دەکردەوە.

– دەبێ ئێستا ڕەمزی چی بکات؟ بێگومان ئێستا برادەرەکەی بەگەڕانەوەمانی زانیوە و تۆڵەی خۆی لێ کردووەتەوە.

قـادر ئەمــەی گــوت، بیــریشی هەر لای ئەو خــواردنە خــۆشــانە بــوون، کــە لەوێ خواردنی. عەباسیش گوتی:

– گرنگ ئەوەیە وەکو میر دەژێیت.

ڕۆستـەم لەو کـاتەی بیری لای دەفـتـەری حـیسـاباتەکە بـوو، کە ڕەمـزی بەپرتە و بۆڵەوە نیشانی دا، گوتی:

– وەلێ ئیرەیی بەئێمە دەبات.

بەتەختـایی خـەرمـانـەکـەدا ڕەتبـوون، تـەبارە گـەنم و جـۆ و کـا هەڵدرابـوونەوە. کـوخـتـێکی بچـووک لە نێـوان سێ تەبارە گـەورەی کـادا دروست کـرابوو، تـا چەند هەنگاوێک نزیکی نەبیتەوە نەتدەبینی. قادر چون شتێکی بەچنگ هێنا بێت، گوتی: – ئەمـە کوخـتی دارۆغـەیە. ئای لەو ڕێوییە فێڵبـازە، خـۆی لە چاو بزر کردووە، تاکو دز نەدەنە سەریا.

ڕۆستەم سەرقاڵ بوو بەو نەخشـانەی بەوردی بەجێزە گەنمەکانەوە نرابوون. قادر و عـەباسـیش بێ ئەوەی هیـچی لـە بارەوە بزانن، لاسـایی سـەرنجـدانە وردەکـەیان دەکردەوە. قادر گوتی:

– هەموویان لەیەک دەچن ڕۆستەم.

عـەباس بەئانیشکی سیـخورمـەیەکی لێ دا: لێی گەڕێ بـا باش بیر بکاتەوە، تاکو گرێی تەلیسمەکەمان بۆ دەکاتەوە.

دوای ئەوەی چەند جارێک بەسەر نەخشەکاندا نوشتایەوە، ڕۆستەم ڕاستەوە بوو و گوتی:

– فێڵەکەیم زانی. دەتوانم پێتان بڵێم چییە.

هەردووکیان بەسەرسامی و لاپرەسەنییەوە بەیەک دەنگ وتیان:

– ڕۆستەم، هەر بەڕاستی بوویتە مەلا.

پاشـان قـادر گـوتی: بـاپیرم زۆراب بەمـە بزانێ، گونی گـەورە دەبێت. دەی پێـمـان بڵێی مانای ئەم نەخشە چییە؟

ڕۆستـەم بەشـانـازی و ڕق لێبـوونەوە گـوتی: ناوی یەزدانـی مـەزن و میـهرەبانـیـان



لەسەر شەقڵەکە هەڵکەندووە.

قادر بەگێلییەکەوە گوتی: شتی وا دەبێ؟ ئەمە کفر نییە؟

ڕۆسـتـەم چاوی بەنەخـشـە مـۆرکـراوەکـاندا خـشـاند چەند بەرێکیی لێ دراون، لەبەرخۆیەوە گوتی:

– بڕوا ناکەم ئەمە کفر بێت. هەڵکۆڵینی ناوی خودا لەسەر شەقڵەکە هۆی زۆرە، وەکو پیت و بەرەکەت خستنە سەر بەروبوومەکە و لە چاوی حەسوود بەدوور گرتنی و ترس خستنە دڵی دزەوە، کاتێ نەخشەکە دەبینێت.

قـادر بەرپەرچی داوە: دز؟ دز ئەگـەر ویسـتی شـتـێک ببـات، ئەوا سڵ لە کـەس ناکاتەوە.

عەباس گوتی: دەمەوێ دارۆغە ببینم. لێڵما دێن، یان لێرە دەمێننەوە؟

– هەڵبـەت ئێمـەش دەمانەوێ ببینین، وەلێ دەبێ زۆر بەچرپە بڕۆین، تـا هەستمان پێ نەکـات. وا بـاشـە بـەدەوری ئەم کـۆمـایەدا بسـووڕێینـەوە و لە دەلاقـەکـەوە سـەیر بکەین.

ڕۆستەم لەو کاتی بەهەنگاوی درێژ و لەسـەرخـۆوە پێشـیان کەوتبوو، بەدەنگی نزم ئەمـەی گوت. ئەودەمی گـەیشـتنە ئەودیوی جێزەکە، ڕاستـەوخۆ لە پشت کوختـەکەوە بوون. دوو دەرگا و دەلاقەی بچووکی لە هەردوو لاوە هەبوو. قادر بەگوێی ڕۆستـەمیدا چرپاند:

– وابزانم ئەم بەرازە نووستووە.

ڕۆستـەم بەپەنجەی سـەرکۆنەی کرد کە وسکت بێت، عـەباس ئەو عانی پشـیلەیەکی مـاڵیی خۆی پێـدا سـوی، هەترەشی چوو و لە شـوێن خـۆی هەڵبـەزییـەوە. پشیلـەکە بەهۆگرییەکـی زۆرەوە کلکی هەڵدەبڕی و خـۆی کرژ دەکردەوە، بەمـە زیاتر شڵـەژان و تا قـەیرێکیش لە شـوێنی خـۆیان تاسـان. هـەر لەگەڵ میـاویندا پرخـەی کـابرا لە ناو کوختەکەوە بەرز بووەوە. قادر جارێکی تر چرپاندییەوە:

– نەمگوت ئەم بەرازە نووستووە؟ بەشـەو ئێشـک دەگرێ و بەڕۆژیش دەنوێ.

بەئاسپایی لە دەلاقـەکەی لای دواوە سـەریان بەژوورێدا کرد. کـابرا تۆپەڵێک بوو لە

گۆشت و بەز، پرخەی پچڕ پچڕ و هاوکات دەنگی جیا جیای لەگەڵ جووڵەی سکە هەڵاوساوەکەی دەردەکرد.

هەندێک جار دەتگوت ئێستا دەخنکێت. دوو مەشکە لەوێ دانرابوون، یەکیان بۆ ڕۆن و ئەوی دییش بۆ دۆ، قۆرییە چا و دەفری خواردن بەڕێکوپێکی ڕیز کرابوون، هەرچی تفەنگ و پشتێن و پێڵاو و کڵاو و مشکێکەی بوون، بەتەنیشت سەرییەوە بەڕێکی دانرابوون.

قادر بێ خواستی خۆی بەهەسپایی دزەی کردە ژوورێ و تفەنگەکەی بەدەستییەوە گرت. ڕۆستەم بەحەپەساوییەوە لێی ڕوانی. عەباسیش بەهێواشی پشتێنە درێژەکەی و مشکی و کڵاو و پێڵاوەکەی پێچانەوە، وەلێ ڕۆستەم لە خەیاڵیدا نەبوو شتێک ببات، کەچی هەرکە چاوی بەپارچە دارە لاکێشەییەکە کەوت بەدەسکەکەیەوە بەدیواری کوختەکەوە هەڵواسرا بوو، یەکسەر هەڵی گرت. هەرسێکیان بەبێ چرپە لە پشت جێزەکانەوە خۆیان مەڵاس دا، پاشان بێ ئەوەی کەس بیانبینێ لەو ناوە دوور کەوتنەوە. بەخێرایی ڕۆیشتن، تا گەیشتنە گردەکانی نزیک بەڕووباری ڕۆخانە، کەسیان متەقیان نەکرد. لە ژێر هەڵدێرێک کە دەیڕوانییە سەر ڕووبارەکە، لێی دانیشتن. ڕۆستەم شپرزە بوو، کەچی قادر و عەباس هەستی بەخۆنازین و خۆشحاڵی گرتبوونییەوە. قادر زانی ڕۆستەم تەواو نییە، لە ژێر هەنگڵی نانێکی دەرکرد و کردییە دوو پارچەوە، نیوەی بۆ خۆی هەڵگرت و نیوەکەی تریشی بەسەریاندا دابەش کرد. عەباس بەشەکەی خۆی خوارد، هەرچی ڕۆستەم بوو بێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە ڕەتی کردەوە. قادر بەلاچاوەوە سەیری ڕۆستەمی کرد و گوتی:

– زیز بوویتە ڕۆستەم؟ ئەمە مانای چییە؟

بەتووڕەیی ئاوڕی لێ دایەوە و پێی گوت: قالە، تۆ هەموو جار کەرێتی وا دەکەیت، تۆم بەم کەرییەت ڕۆژێک بەفەتارەمان دەدەیت. نەتدەتوانی بەر لە بردنی تفەنگەکە پرسێکم پێ بکەیت؟

قادر بێ ئەوەی گوێ بەتووڕەیییەکەی ڕۆستەم بدات گوتی:

– ڕۆستەم تۆ مەلایەکی باشی، دوور نییە ببیتە ئەفەندییەکی گەورەش، لێ برێک جاران وەکو زارۆکان بیر دەکەیتەوە. هەندێ کاتیش بەرگەی پرسیار ناگرێت، وای



دابنێ من لەو ساتی سەخڵەتییەدا پرسم پێ کردی، نەتهێشتایا بیکەم، وا دەزانی گوێم لە قسەت دەگرت؟

عەباس لە کاتی وادا بێدەنگیی هەڵدەبژارد، کەچی ئەمجار ناچاری قسەکردنێ بوو:

– ڕۆستەم، ئێمە نامانەوێ بەقسەت نەکەین، وەلێ ئەمڕۆ باش دیقەتی قسەکانی باپیرەم و مامە شێخۆت دا؟ ئەم شوێنەی ئێمە لێی داین بەشێکە لە دۆڵی کفران، هەر لەبەرئەمەش بوو بۆ سەنجەق چووین. دەزانی بوونی تفەنگ بەدەست زرتە زەلامێکەوە بێ ئەوەی بیناسین، لە ناو هۆزەکەماندا مانای چییە؟

ڕۆستەم دوای ئەوەی هێور بووەوە و قەناعەتی بەقسەکانی عەباس کرد، کە هیچ کات قسەی وای نەکردووە گوتی: باشە کێ دەڵێ باپیرمان لێمان تووڕە نابێت؟

قادر باگۆی داوە: باپیرەمان تووڕە بێ یان تووڕە نەبێ، گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە ئێمە ئەم بەرازەمان چەک کرد. دەبێ لە قسەکانی باپیرە و مامە شێخۆ ئاگادار بین.

ڕۆستەم بەحەپەساوییەوە: ئەی ئێستا؟ چی لەم شتانە بکەین؟

قادر بەزمانی سەرکەوتووەوە بەخەنینەیەکەوە گوتی:

– توخوا ئەمە گرفتە ڕۆستەم؟ لەم شیوە هەزار چاڵ هەیە. لە شوێنێکی بێ ترسی وا تەقەتی دەکەین دەستی هیچ کەسێکی نەگاتێ.

بەشە نانەکەی ڕۆستەم بەدەست قادرەوە بوو، زانی ڕۆستەم باشتر بوو، نیشانەی دڵخۆشی بەڕوویەوە دەبینرا: ڕۆستەم، بەشەکەی خۆت ناوێ؟ ئەگەرنا دەیخۆم.

ڕۆستەم بلەز بێ ئەوەی شتێ بڵێ نانەکەی لێ سەند. پاش ئەوەی ئاویان بەسەردا کرد و سەر و شڵپیان بەدەموچاویاندا کرد و پا و پلیان شت، بەلێواری هەڵدێرەکەدا کەوتنە ڕێ، تا گەیشتنە کەندرێکی قووڵ و درێژ، کەرتە شاخێکی زەبەلاح پاڵی دابووە تەنیشتییەوە. لە بەرامبەری وێستان و لێی وردبوونەوە. بەئاسوودەییەوە لە یەکیان دەڕوانی. لە چەند لایەکی زەحمەتەوە دەکرا بگەنە زارکی کەندڕەکە. هەریەکەیان بیری لە ئاسانترین ڕێگە دەکردەوە، تا بگاتە دەرکی.

دوای ئەوەی بەسەر سێ خاڵدا دابەشبوون، توانییان تفەنگەکە بگەیەننە زارکی

کەندرەکە، عەباس لە ناوەڕاست و ڕۆستەم لە دوایەوە، بەر لەوەی قادر بگاتە شوێنی مەبەست، چەند جارێک غلۆر بووەوە. ئەوسەری کەندرەکە ئەشکەوتێکی بڵند و قووڵ بوو، ئەملا و ئەولای بەقۆرت تەنرا بووەوە، پڕبوون لە کۆنە هێلانە. چەکچەکیلەی گەورە گەورە خۆیان بەقۆرتە بچووکە بڵندەکانی ئەشکەوتەوە شۆڕ کردبووەوە. دوای ئەوەی لە کونجێکی تاریکەوە شتەکانیان شاردنەوە، قادر گوتی:

ئێستا با بیاندۆزنەوە.

دوای وتووێژێکی زۆر، کە کەریم لەبەر داڵغەی زۆر و بیرکردنەوەی لە دۆڵی کفران بەشدار نەبوو، ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی جیهانگیر بەم ئیشە قۆڕانەی کافرە و بەموسڵمان دانانرێت. میرزا زیاد لە جارێک جەختی لەسەر کوشتنی کردەوە، هەرچی زۆراب بوو سەرکۆنەی دەکرد، کە نابێ قسەی وا بکات. چونکە خوا ڕێی بەکەس نەداوە یەکی دی بکوژێت، ئەو لەو دنیای سزای خۆی وەردەگرێت.

ئەو کاتی بێدەنگ بوون، زۆراب بەڕووخۆشییەوە لە کەریمی ڕوانی و گوتی:

– هەموومان قسەمان کرد کەریم نەبێ، حەز دەکەم ڕای ئەویش بزانم.

شوێنەواری تەپوکۆکە بەتەواوی بەرووخسارییەوە نەما بوو، لێ ڕەنگ زەردی و وەڕسی لە سیمایدا دەخوێنرایەوە. لەو کاتی بیری لای وردەکارییەکانی خەونەکەی بوو، گوتی:

– وابزانم زۆرتان لە بارەی جیهانگیرەوە گوت، ئێمە هەموومان باشی دەناسین، دەشزانین چۆن بەم حاڵە گەیشت. کابرا تەماحکارە، ئەوەش غەزەبێکە و خوا بەسەریدا باراندۆتی. ئێمە ناتوانین کابرا لەو چڵێسی و تەماحکارییە ڕزگار بکەین، ئەمە ئیشی ئێمە نییە. ئیشی ئێمە ئەوەیە بەهەر نرخێک بێت ئەم بەستەزمانانە لە چنگی جیهانگیر قوتار بکەین.

حەزی گێڕانەوەی خەونەکەی هەراسانی کردبوو، لێ بینی کاتەکە لەبار نییە، ڕەنگە نارەزایی جنۆکەکە شتێک لای سەید دروست بکات، گوتی:

– ئەگەر مام سەید ڕێگەم بدات، ئەوا حەز دەکەم ئەمڕۆ یان سبەی سەرێک لە شێخی بەرزنجە بدەم.



سەید بەلەخۆبوردووییەوە گوتی:

– بترەژم کوڕی خۆم. شتێکی چاکە بیر لە شێخ بکەیتەوە، وەلێ نابێ بڕۆی تا حەفتە تەواو دەکەیت، دوای ئەوە برۆ خودات لە پشت بێ و سڵاوی زۆریشم بەشێخ بگەیەنە... ئێستا با بگەڕێینەوە سەر مەسەلەی جیهانگیر.

ڕەمەزان پێشنیازی ئەوەی کرد بەدوای هاپۆدا بچێت، تا لە دانیشتنەکە ئامادە بێت، میرزاش ئەوەی خستە سەری، کە دەبێ دارۆغەش بێت. وەلێ هەمووان نارازی بوون، کە دابەزنە ئاستی نۆکەرێکی چاوشۆڕی وا جگە لە پاسەوانیی ماڵی حەرام، هیچ خەمێکی تری نەبێت.

میرزا هەرکە هەستی کرد لە هەموو شتێک دژی دەوەستنەوە و ڕقەبەرایەتی دەکەن، هەڵچوو و بەتووڕەییەوە گوتی:

– هەموو شتەکە ئەوەیە چونکە چەکی هەیە لێی دەترسن. لێم گەڕێن با من بەم کارە هەستم، تفەنگەکەی ئەبرِمە قوزی دایکی.

گش قاقا پێکەنین، تەنیا سەید نەبێ بەقێزێکەوە سەری دانەواند. ڕەمەزان بەچرپەوە گوتی:

– بەدرێژایی تەمەنت بەکەری دەمێنێتەوە میرزا.

هەرچی کوێخا زۆراب بوو بەبزەیەکەوە ئاوڕی لە سەید دایەوە و دەستی ڕاستی خستە سەرشانی:

– سەید ئەمە مام میرزایە، لێی ناگیرێت.

قەیرێک بێدەنگ بوون. ڕەمەزان حازر و ئامادە وەستا بوو، تا بەدووی هاپۆدا بڕوات، لێ سەید پێی گوت دانیشێت، چونکە لە هەموو حاڵەتەکاندا هاپۆ بۆ قاوەی چێشتەنگاو ئامادە دەبێت. هەندەی نەبرد هاپۆ بەسەرە زلەکەیەوە لەگەڵ یەکێک لە خزمەکانی ئامادە بوو، زۆراب و شێخۆ چاویان لێکدی کرد، شێخۆ لە باوکی گەیشت چی دەوێت. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە شێخۆ بیسەلمێنی شایان بەنازناوی سەرۆک هۆزی دۆڵی کفرانە. ئەمەش تاقیکردنەوەی یەکەمە، جەنگەکە لە بەرابەر جیهانگیر و فرت و فێڵەکانی، یاخود بەرابەر بەدەوڵەت، کە بەڕێوەبەرایەتیی سەنجەق نوێنەرێتی،

یەکلا بکاتەوە. یا دەبێ شێخۆ شکۆ و دەسەڵاتی بسەپێنێ، یانیش ببێتە نۆکەرێکی سەرشۆڕی وەکو دارۆغە. ئا لێرەدا دەبێ گەلێ لەمپەر ببڕێت. لەمپەری خزمایەتی و دابونەریت و شەرم و زاد لە نێوان بوون. شێخۆ بەداوی بیرکردنەوەدا شۆڕ بووەوە:

– جیهانگیر چەندان ڕۆژ خزمەتی کردین و لەگەڵ قایمقامدا پێکی گەیاندین. هەر بەهۆی ئەویشەوە بوو فەرمانەکەمان وەرگرت. ئێستاش نرخی هەموو ئەمانەی دەوێتن، دەیەوێ لە حەق بێدەنگ ببین و لە تاوانی دوورینەوەی بەروبوومی سووە لە ڕادەبەدەرەکەی، بەشدار بین. ئەوی لە ئەستۆمانە دەیدەین.

زۆراب دووجاران کۆکی، شێخۆ تێگەیشت کوێخا زۆراب ئارامی لەبەر نەماوە. جگەرەیەکی سیغاری بەهاپۆ دا و گوتی: هاپۆ لە کاتی گونجاودا هاتی، ئەگەر تۆزێک دوا بکەوتیتایا مام ڕەمەزان بەدووتدا دەهات.

هاپۆ لەبەردئەستێ لێدان وەستا، بەدەنگێکەوە چون پێشبینی خراپەیەکی کردبێت، گوتی: خێر ئینشاڵڵا.

شێخۆ بەبڕوا بەخۆبوون و بەدەنگێک گەشبینیی تێدا بێت، گوتی:

– هاپۆ گیان، ئێمە لە خێر زیاتر هیچ ناهێنین. بڕیارمان دا ئەمڕۆ کێشەی جیهانگیر و دارۆغە و شەقڵەکەی ببڕێنینەوە. بەرەمامینە، دەبێ ئێوەش هەڵوێستی خۆتان لە بڕیارەکەمان دیار بکەن.

هاپۆ چون بیەوێ تۆمەتەکە لەسەر خۆی لابەرێت، قسەکەی بڕی:

– شێخۆ بەگ، ئێمە بڕیارمان داوە، تا مردن لەگەڵتاندا بین.

شێخۆ بەتوندییەوە گوتی: لێم گەڕێ با قسەکەم تەواو بکەم هاپۆ. وامانزانی باسی هەموو کێشە و تەگەرەکانی خۆتان بۆ کردووین، کەچی زۆر شتی گرنگتان لێ شاردینەوە، باشە بۆچی باسی حەقایەتی دارۆغە و شەقڵەکەتان بۆ نەکردین؟

هاپۆ بەگێلییەکەوە خەنییەوە و ئاسوودەییەک بەڕووخسارە لاکێشەییەکەیەوە دیار بوو:

– وەلێ ئەم مەسەلەیە تایبەتە بەئێمە و جیهانگیرەوە، ئەو قەرزی لەسەرمانە، قەرزیش قەرزی خودایە، دەبێ بدرێتەوە. شێخۆ بەگ دەتەوێ لە ئاینی خوا



هەڵگەڕێینەوە؟

– ئێوە چارەنووستان بەدۆڵی کفرانەوە بەندە، هەر گرفتێکی ئێوە بەشێکە لە گرفتەکانی دۆڵی کفران لەگەڵ جیهانگیردا.

هاپۆ بەئاسوودەیییەوە مژێکی لە جگەرەکەی دا و بەنائومێدییەوە گوتی:

– ئەمە قسەیەکی شیرینە شێخۆ بەگ، وەلێ سوودی قسەی شیرین چییە؟ هەموو قوڕبەسەرییەکانمان لە بڕواهێنانمانەوە بووە بەقسە شیرینەکانی جیهانگیر. ئەوەتانێ من لە بەردەمتام، فەرموو لە جیهانگیرم ڕزگار بکە.

– جیهانگیر ئەڵقەی خزمایەتیمانە لەگەڵ یەکتر هاپۆ. خزمایەتی خزمایەتییە و ناسڕێتەوە. کابرا وەکو کەریمی برام گوتی تەماحکارە، ئەم تەماحکارییەشی وای لێ کردووە سوو و قازانج لە نزیکترین کەسی خۆی وەربگرێ، ئێمە ناتوانین لەم خووە خراپەی کە خستوویەتییە ڕیزی کافرانەوە، ڕزگاری بکەین. ئەرکی ئێمە ئەوەیە شوێنەوارەکانی جیهانگیر لە دۆڵی کفران بسڕینەوە.

هاپۆ بەتەوسێکەوە پێکەنی و بەنائومێدییەوە سەری لەقاند:

– شێخۆ بەگ، تۆ نازانی دەسەڵاتی جیهانگیر چەندە، سەنجەق هەموو لەگەڵیدان، فەرموو لەم بەڵایەی ناوی دارۆغەیە قوتارم بکە، هاتۆتە سەر تەڕ و وشکی دێیەکە. دەبمە کۆیلەت ئەگەر لێی ڕزگارم بکەیت، وەلێ دەبێ لێی ئاگادارت بکەمەوە شێخۆ بەگ، ئاژاوەگێڕێکە لە شوێنی خۆی نابزوێ، ئەگەر ئەنگوستی وە پەلەپیتکەی تفەنگەوە نەبێت.

شێخۆ سەری ڕاوەشاند و بەکەمزانینێکەوە گوتی:

– هاپۆ ئاژاوەگێڕی زۆرمان ناسیوە، من هیچم لێ ناوێن تەنیا ئەوە نەبێ بەهێمنی و کامەرانی لێڵمان بژین، هەرچی مەسەلەی جیهانگیرە، ئەوا من پێی هەڵدەستم.

هاپۆ دوای ئەوەی گەرم بوو، لە شوێنەکەی ڕاست بووەوە و بەزمانێکی تژی لە بڕوا بەخۆبوونەوە گوتی:

– بانگی دارۆغە بکەم لە دانیشتنەکەمان ئامادە بێت؟ وەلێ ئێستا نوستووە، تا دوای نیوەڕۆ هەڵناسێت.

شێخۆ سەرنجی لە نێوان باوکی و ڕەمەزاندا گێڕا و گوتی:

– پێویست ناکات هاپۆ، گرفتی ئێمە لەگەڵ ئەم زەلامەدا نییە، ئیشەکان خۆ بەخۆ چارەسەر دەبن.

کاتێ دەمی نیوەڕۆ هات، هاپۆ وای نیشان دا هەڵدەستێت:

– دەبێ بڕۆم، قوڕمان بەسەر ئەگەر نانی نیوەڕۆی درەنگ بۆ ببەین.

شێخۆ بەزمانێکی کۆتایی پێهێنەرەوە گوتی:

– خۆت و هاوەڵەکەت نیوەڕۆ لای ئێمە دەمێننەوە، هەرچی دارۆغەشە، لەمڕۆوە دەبێ خۆی خواردن بۆ خۆی ئامادە بکات.

– نا شێخۆ بەگ، من ناتوانم ئاوقەدی ببمەوە، چونکە وەکو گای بەلەسە بەردەبێتە گیانی گوند.

– تۆ لێرە بمێنە. فراوینەکەی لەسەر ئێمە. پێویست بەترس ناکات هاپۆ.

هاپۆ بەخاترجەمییەوە شوێن خۆی خۆش کرد: چارمان لە دەست خودایە.

کاتی نیوەڕۆ سێ کوڕیژگەکە بەدیار کەوتن. شەکەتی و برسێتی بەڕووخساریانەوە دیاربوون. بەر لە چوونە ژوورەوەیان پێشبینیی ڕووداوێکیان دەکرد، لێ کاتێ بینییان زەلامەکان دەستییان لە ناو نانەولاّدایە و پاروو دەگلێنن، زانییان کابرا هێشتا نووستووە. چاویان لێکدی کرد و دەخەنینەوە. بەدەوری لەنگەرییە گەورەکەدا دانیشتن و بەتامەوە دەیانخوارد. چایەکەش دەمی دابوو، هەر هێندەی قاپەکانیان خستنە لاوە، پیاڵە چای شوێنی گرتنەوە.

کوێخا زۆراب ڕووی قسەی لە هاپۆ کرد و بەسەیرێکەوە لێی پرسی:

– ئەرێ هاپۆ لەم دێیە شێتتان هەیە؟

– شێت؟ نەخێر کوێخا زۆراب... بۆ؟

– کەوابێ ئەم شێتە لە کوێوە هات؟

هەمووان بەحەپەساوییەوە چاویان لە دەرکی ڕەشماڵەکە بڕیبوو، زەلامێکی قەڵەوی سەر ڕووت، پای پەتی، بێ پشتێن، بەتەپە تەپ لە ڕەشماڵەکە نزیک دەکەوتەوە، سەید بەچاکبوونەوەوە گوتی:



– ئەمە دارۆغە مەردانە، خودا تۆڵەی لێ سەندەوە و شێتی کرد.

هەرچی هاپۆ بوو زمانی تێکئالاّ و قسەی بۆ نەدەکرا. هەرسێ کوڕەش لە کونجێکەوە چاودێریی ڕەوشەکەیان دەکرد. کابرا سەلامی لە حازری کرد، پاشان بەزمانێکی پڕ لە پاڕانەوە و تکاکردنەوە ڕووی قسەی لە کوێخا زۆراب کرد:

– ئەتکتان کردم و پیاوەتیتان لێ سەندمەوە. من ئێستا وەک ژنێکی دەستەوستان هیچم لە دەست نایەت. تفەنگ و شمەکەکانم بدەنەوە، بەڵێنتان دەدەمێ وەل دەبم و ملی خۆم بۆ شوێنێکی نادیار دەشکێنم و هەرگیز بۆ ئەم دەڤەرە ناگەڕێمەوە.

زەلامەکان بەسەرسوورمانەوە لە یەکتریان ڕوانی، بێ ئەوەی لێکدانەوەیەک بۆ ئەوی بینییان بدۆزنەوە. شێخۆ داوای لێ کرد دانیشێ و بەهێمنی بەسەرهاتەکەی بگێڕێتەوە، بەمەرجێک لەوچەیی نەکا و لەخۆڕا خەڵکی بەدز دانەنێت. چونکە ئەوانی لێرە دانیشتوون هەموو خەڵکی بەشەرەفن. پاشان پێی گوت: یاخود جەنابت دەتەوێ بەڕیشمان پێبکەنیت.

کابرا بەزەبوونی لای پێڵاوەکانەوە دانیشت و گوتی:

– ئەستەغفیرەڵڵا ئەگەر بەڕیشی کەسێک پێبکەنم، بەر لە تۆزێک لە خەو ڕابووم تفەنگ و شمەکەکانم نەمابوون، چووم بەهاپۆ بڵێم، خێزانەکەی پێی گوتم لێرەیە.

ڕەمەزان بەقەشمەرییەوە پێی گوت: ئاوا ئاگات لە تفەنگەکەت دەبێ، هەی تڕن؟

هەمووان پێکەنین. کابرا بەزمانی بەزەیی پێداهاتنەوە و کلۆڵییەوە گوتی:

– بەڵێ گەورەم، تڕاندمیان و قنگیان دڕیم.

هەرسێ کوڕیژگەکان خۆیان لە پشت چیغەکە مەڵاس دا و خەریکبوو لە پێکەنیندا دەتەقین. بەردەوامی بەقسەکانی دا:

–ئەوەندەم بەسە کە پێیان کردم.

شێخۆ بەزمانێکی تیژ گوتی: باشە بۆ وا دەزانی ئێمە ئەم کەتنەمان پێ کردووی؟ دوژمنداریت لەگەڵماندا هەیە؟

– نەخێر گەورەم ئەستەغفیرەڵڵا. وامدەزانی جەنابتان لەم بەڵایە دەستگیرۆییم دەکەن.

شێخۆ دوای ئەوەی بانگی ڕۆستەمی کرد خواردنی بۆ بێنێت، گوتی:

– ئەگەر یەکێک بوویتایا لە ئەندامانی هۆز یارمەتیمان دەدای و دەچووینە ئەوپەڕی دنیا بۆ گەڕاندنەوەی حەقەکەت. وەلێ تۆ لە پیاوانی جیهانگیری خاڵمانی. بۆیە دەبێ ئەو بەو کارە هەستێت.

– دەتەوێ بەم حاڵەوە بۆ لای جیهانگیر بچم؟ دەزانن چم پێ دەکات؟ دەمکوژێ و دەرخواردی سەگم دەدات. گەورەم داوای پاراستنتان لێ دەکەم، پێویستم بەسێبەرتانە، تا بمێنم وەکو نۆکەرێکی گوێڕایەڵتان دەمێنمەوە.

– ئەی جیهانگیر؟ پابەند نیت پێوەی؟

– تەنیا ئەوەندەیە لای کار دەکەم، بەرامبەر پارووە نانێک و جووتێ کڵاش لە هەر وەرزێکدا، تفەنگەکەش هی خۆمە. ئەگەر لە ژێر پارێزگاریی هۆزەکەتاندا بم، ئەوا دەتوانم لەسەر بەرماوەی بەردەستتان بژیم.

ڕۆستەم قاپێک و دوو نان و سەلکە پیازێکی لە بەردەم دانا، چاودێریی دەمەوچاوە پف دراوەکەی و چاوە تەنگەکانی ژێر برۆ پڕەکانی دەکرد. ئەو ئارامگرتنەی بەڕوویەوە دیار بوو، بەزەیی خستە دڵییەوە و خەریکبوو بڵێ: خاترجەم بە مامە. ئەو شتانەی بزرت کردوون لە شوێنێکی ئەمین پارێزراون.

کابرا بەدڵنیاییەکەوە چاوی لە ڕۆستەم کرد و گوتی:

خودا تەمەن درێژت بکات، کوڕم.

شێخۆ بەنازینەوە گوتی: دۆڵی کفران هەمیشە شوێنی لێقەوماوان بووە. ئەگەر هەڵتبژێرم و داوات لێ بکەم ببیتە یەکێک لە ڕۆڵەکانی و لە پێناویدا بمریت، ئەوا دۆڵی کفران ژیانێکی سەربەرزانەت لە پاڵ خۆیدا بۆ دابین دەکات.

هێشتانەکینێ دەستی بۆ خواردنەکە نەبردبوو، چاوەڕوان بوو شێخۆ لە قسەکانی ببێتەوە، هەر ئەوەندەی قسەکانی تەواو کرد و داوای لێ کرد خواردنەکەی بخوات، ئەم لە پرمەی گریانی دا، پاشان ئاهێکی بەبەردا هاتەوە و دەستی بەخواردن کرد. سەید بەدەنگێکی نەبیستراوەوە گوتی: چاوت دەرێ، هەی مانگا.

کشوماتی ڕەشماڵەکەی بەدووکەڵە جگەرە قانگ درابوو داگرتبوو.



## ٩

– لەو ڕۆژەوەی یوزباشی لە بانشاخ دیدەنیی کردین و فەرمانەکە لە سەنجەق وەرگیرا، ڕۆژ نییە گرفتێکمان بۆ دروست نەبێت. ئێستاش ئەوەتانێ لە بەرابەر گرفتێکی تازە داین، کێشەی دارۆغە مەردان و دزینی تفەنگ و تفاقەکانی. چونکە پەنای بۆ دۆڵی کفران هێناوە، دەبێ ئێمەش لەسەر گفتی خۆمان بین. دەترسم ساڵی یوزباشی ساڵی بەدبەختی بێت.

کوێخا زۆراب دوای ئەوەی میوانەکان دەرچوون و لە نان و چا خواردن بوونەوە، وای گوت.

وتوویژ لە نێوان هەریەک لە هاپۆ زۆراب و ڕەمەزان و میرزا و شێخۆ لە لێکدانەوەی حەقایەتی دزییەکە، کە بەشێوەیەکی پەنهان ڕووی دا، توند بووەوە. هەموویان لەسەر ئەوە ڕێککەوتن، دزییەکە لە ڕۆژدا لە کاتی نووستنی مەرداندا ڕووی داوە. چونکە دەرکەوت ئەو بەماوەیەکی کورت بەر لە گزنگ دەرکەوتن دەنوێ، واتا ئەو کاتەی تاریکی بەیەکجاری نامێنێ. وەختی نانی نیوەڕۆش، ئەو کاتی سێبەرەکە ستوونییە، هەڵدەستێت. کەریم بەخدێی خۆی کشومات بوو، سنجانیش لە کونجێکەوە لەگەڵ منداڵەکاندا دانیشتبوو، دەمێ زۆراب داوای لێ کرد بەشدارییان بکات، گوتی سەرتاپای کارەکە بەلایەوە نامۆیە، چونکە لە ژیانیدا نەیبیستووە دزی ڕاستەقینە لە ڕۆژدا دزی بکات، بۆیە ئەمە بەگەمەیەک تێدەگات.

شێخۆ چون مەتەڵێکی قورسی هەڵهێنا بێ هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و گوتی:

– وابزانم قسەکەی سنجان دروستە، دوور نییە خودان گەمەکە جیهانگیر خۆی بێت، تا زیاتر دەست لە بیناقاقای ئەم بەستەزمانانە گیر بکات.

میرزاش هەڵیدایێ: لە خۆی زیاتر کەس نییە، ئەم بەدڕەوشتە دەیەوێ ئێمەش وەکو ئەوان برسی بکات.

زۆراب دوای ئەوەی قسەکانی ژنەکەی بەدڵ بوو، ئاوڕێکی لە کەریم دایەوە و گوتی:

– کەریم، ئەی تۆ چی دەڵێی؟

– من لەگەڵ قسەکانی سنجاندام، لێ ئەگەر دزییەکە گەمە نەبێت، ئەوا دزەکە لە دانیشتووانی گوندەکەی خۆمانە، دەبێ هەموویان بەپیاو و ژن و منداڵەوە کۆ بکەینەوە و یەک یەک لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکەین. ڕۆژێکیان لای یەکێ لە ئاغاکانی بادینان بووم، لە ڕەزێک لە ڕەزەکان دزی کرابوو. ئاغا دەهری بووبوو، هەموو گوندنشینەکانی ژێر دەسەڵاتی کۆ کردنەوە و لە پێشیان تەڵاقی خوارد، هەر دەبێ دزەکە بدۆزێتەوە. ئەگەر دزەکە هاتە پێشەوە و دانی بەدزییەکەیدا نا، ئەوا لێی خۆش دەبێت. هەندەی نەبرد دووان لە ئاپۆراکە دەرچوونە دەرێ و دانیان بەتاوانەکەیاندا نا. ئاغا دوای ئەوەی لە هەردووکیان خۆش بوو، زەرەر و زیانەکەشی لە گیرفانی خۆی بژارد.

زۆراب بەئاسوودەییەوە پاڵی دایە بالیفەکەوە و مژێکی قووڵی لە دارجگەرەکەی دا و گوتی:

– ئەمە دوا چارەسەرە. ئەمڕۆ جێبەجێی دەکەین. مادام هەر خۆمانین و غەوارەمان لە نێودا نییە، حەز دەکەم دوو مەسەلەتان بۆ باس بکەم، چەند ڕۆژێکە مێشکیان داگرتووم.

هەمووان بەلاپرەسەنییەوە ئاوڕیان لێ داوە، ئەویش گەڕایەوە دۆخی پێشووی، دارجگەرەکەی فڕێدایە لاوە و بالیفەکەی لە باوەش دانا. هەمووان دەیانزانی لە کاتی وادا بڕیارە یەکلاییکەرەوەکان دەردەکات:

– وەکو دەبینن ڕووبەری دۆڵی کفران دووجارن زیادی کرد، وابزانم زۆری گرفتەکان لە دەشتی دۆڵی کفرانەوە دێن. گەورەترین گرفتی سەر ڕێمان تۆوکردنی ئەو ڕووبەرە فراوانە و بنیاتنانی گوندە، بۆیە پێم باشە کەریم کاروباری دۆڵی کفرانی شاخاوی بگرێتە ئەستۆ، شێخۆش لێرە بمێنێتەوە و سەرپەرشتیی بنیاتنانی گوندەکە و کێڵانی زەوییەکان بکات. بۆ نیشتەجێبوون و کارکردن لێرە، ئەوا بانگی ئامۆزاکانمان دەکەین، ئەوانی ئەودیوی چیای مازووخ، کە بەخۆڕا زەویی بەیار دەکێڵن.

میرزا لە پاڵدانەوەکەی ڕاستبووەوە و ویستی شتێک بڵێت، لێ زۆراب بواری نەدایێ و ڕووی قسەی لەو کرد: وابزانم میرزا و ڕەمەزان دەتوانن قایلیان بکەن، واز



لە نەوت فرۆشتن و ژیانی ناو بەردی قسڵ و زەویی ڕووتەن بهێنن.

میرزا نەیتوانی خۆی بگرێت، بەپەرۆشییەوە گوتی: ناچاریان دەکەین بێن بۆ ئێرە.

زۆراب بێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە گوتی:

– مام میرزا، ئێمە زۆر لە کەس ناکەین، ئەوان ئەگەر هاتن بەخێربێن. ئەگەریش نەهاتن ئەوا خوا لە پشتیان بێت. خوا نەیبڕێ زەلاممان لە دۆڵی کفران زۆرن.

هەرسێ کوڕەکە لە دەرکی دواوەی ڕەشماڵەکەوە چوونە دەرێ، لە نێوان خۆیاندا کەوتنە ڕاوێژکردن.

ڕۆستەم شڵەژا بوو، هەرچی قادر و عەباس بوون، بێ ئەوەی هۆی شڵەژانەکەی ڕۆستەم بزانن، بەخوێن ساردییەوە چاویان تێ بڕیبوو. قادر پێی گوت هیچ کارێکی خراپیان نەکردووە تا بترسێن، خۆ ئەگەر ئەو دەترسێ باسی بکات، ئەوا ئەم بۆ زەلامەکانی دەگێڕێتەوە. ڕۆستەم دڵنیای کردنەوە ناترسێت و قەناعەتی تەواوی هەیە کارەکەیان ڕاستە. سەرەڕای ئەمانەش دەترسێ بەشێوەیەک لە شێوەکان سزایان بدەن. قادر پێکەنی و سەیری بەسادە و ساکاری ڕۆستەمدا هات، گوتی:

– ئەگەر هەمیشە بیر لە سزا بکەینەوە ئەوا ناتوانین هیچ شتێک بکەین. وای دابنێ سزامان دەدەن، چی دەکەن؟ قابیلە بەهۆی وەک خاڵەم گوتەنی ترنێکی واوە بمانکوژن؟

ڕۆستەم بێدەنگ بوو، عەباس لێوی نوشتاندەوە و گوتی: ئەوان دەبێ لەسەر ئەم ئیشەمان دەستخۆشیمان لێ بکەن، ئێستا چاوەڕێی چیتانە؟ من دەڵێم ئێستاکێ بڕۆین مەسەلەکەیان پێ بڵێین.

سەیری یەکدییان دەکرد، ترس و تۆقین و پرسیار بەسیمایانەوە دیاربوو.. ڕۆستەم پێشیان کەوت، هەستی بەشتێکی قورس بەسەر دڵییەوە دەکرد، کە پێشتر وای بەسەر نەهاتبوو. هەرکە گەیشتنە ناوەڕاستی ڕەشماڵەکە، هەمووان دیقەتیان دان، سنجان بەشانازی پێکردنەوە لێیانی ڕوانی:

– کوڕەل هەندێ کاتیان هەیە تا بەشداری دانیشتنی پیاوان بکەن.

ڕەمەزان گوتی: هەند ئاریشەمان هەن خەریکە لە یادتان دەکەین. چاوتان باش بەدۆڵی کفرانی پێدەشتدا گێڕا؟

قادر وڵامی داوە: نەخێر خاڵە ڕەمەزان، دەڤەرەکە زۆر پان و بەرینە، پێویستمان بەچەند ڕۆژێکی ترە.

هەر بەپێوە بوون، ڕۆستەم چاوی لە باپیری بوو تا ڕێی دانیشتنیان بدات، زۆرابیش بۆ دانیشتن لەگەڵیاندا بەپەرۆش بوو. لێ وای بینی چارەسەری گرفتی دارۆغە لەوە لە پێشترە، بۆیە لەو کاتی لە دڵیدا مابووەوە گوتی:

– ئێوە دەتوانن بەردەوام بن لە چاودێریکردنی ناوچەکە، ئەمجار دەتوانن بەسواری ئەسپەکانتان بسووڕێنەوە، هەرچی ئاخاوتنەکانمانن هەڵیاندەگرین بۆ جارێکی دی، چونکە ئێستا بەهەندێک کێشەوە سەرقاڵین.

ڕۆستەم لە کاتێکدا دەستی دەخوراند، گوتی:

– باوە... ئێمە دەبێ لەگەڵتان دانیشین، دەمانەوێ باسی ئەو گرفتە بکەین، کە ئێوەی پێوە سەرقاڵن.

زەلامەکان چاویان لە یەکتر بڕین، شانازیکردن بەکەریمەوە دیاربوو، زۆرابیش شێلگیرانە چاوی لە ڕووخساری شێواوی ڕۆستەم بڕیبوو، بەسروشتی خۆی هەستی بەبوونی شتێک کرد، لێ ترسێکی خۆڕسک چووە گیانییەوە، گوتی:

– کەواتە دانیشن، ڕۆستەم چیت هەیە بیڵێ.

ڕۆستەم لە مێشکی خۆیدا هەستی کرد لەمپەری ترسی بڕیوە، بەهێمنی گوتی:

– دەمانەوێ قسە لە گرفتەکەی دارۆغە بکەین، ئێمە تفەنگ و تفاقەکەیمان بردووە، بۆیە پێویست ناکات سەرتان بەو کارەوە بیەشێنن.

ڕەمەزان بەشێوەیەک دوور لە ویستی خۆی گوتی:

– کاتی گاڵتە نییە ڕۆستەم، ئێمە بەدەست گرفتێکی گەورەوە دەناڵێنین.

قادر دەمودەست گوتی: خاڵە ڕەمەزان، ئێمە گاڵتە ناکەین، هەموو شتەکانیشمان لە شوێنێکی باش شاردووەتەوە.

حەپەسان بەڕوویانەوە لە نێوان بڕواکردن و بڕوانەکردندا دیاربوو. کشوماتی دای گرتن و بەسەراسیمەییەوە لە یەکتریان دەڕوانی. کوێخا سبیلەکەی هەڵگرت و پرسی:



– ئێوە هەرسێکتان تفەنگ و تڕ و تفاقەکەی دارۆغە مەردانتان برد؟

ڕۆستەم وڵامی داوە: بەڵێ باوە، ئێمە هەرسێکمان.

لە پرسیارکردن بەردەوام بوو، نیشانەی سەرسوڕمان بەڕووخسارییەوە هەر مابوو:

– لەبەر چی واتان کرد؟

– هەموو خەڵکی گوند سەردانیان کردین و پێشوازیی گەرمیان لێ کردین، کەچی ئەم زەلامە هەر سەری لێ نەداین. ئەو کاتی لە ئێوەشەوە گوێمان لێ بوو چۆن مامەڵە لەگەڵ خەڵکی گونددا دەکات، ترساین تفەنگەکەی بۆ گیان ئێمەش بەکار بێنێت.

زۆراب سەری لەقاند، هەرچی شێخۆ و ڕەمەزان بوون سەیری یەکدییان دەکرد و بزە گرتبوونی، کەریمیش لەگەڵیاندا بەشدار بوو. زۆراب سەیرێکی سنجانی کرد، پاشان چاوی بەسەر ئەوانی دیدا گێڕا و لەسەر کەریم وەستا:

– ئەمانەن نەوەکانی نالەگورگە.

پاشان بەشانازییەوە ئاوڕی لە کوڕەل دایەوە و بەردەوام بوو: ئیتر بوونە پیاو و سەرمان بەرز دەکەنەوە، شانازیتان پێوە دەکەم، ڕۆڵەکانم.

شێخۆ دوای ئەوەی سێ چای تێ کرد، هەستا و دای پێیان، پاشان یەک یەک سەری ماچکردن و گوتی:

– لەمەودوا لە کاروباری بچووک و گەورەی هۆز بەشدارتان دەکەین.

ئیدی زۆری لەسەر ڕۆیشتن. هەرچی ئەو سیانە بوون کەوتبوونە ژێر کاریگەریی دۆخێکی سەیرەوە، پێشتر بەسەریاندا نەهاتبوو. یەکەمین شت هەستیان پێ کرد و قەناعەتی تەواویان پێ هێنا ئەوە بوو، گەورە بوونە و بوونە بەپیاوی ڕاستەقینە و لە منداڵی دەرچوونە... سنجان گوتی:

– منداڵینە، ئەمڕۆ خواردنێکتان بۆ لێ دەنێم لە ژیانتاندا نەتان خواردبێت.

قادر سەرە گەورەکەی خوراند و بەناڕەزاییەوە گوتی: میمی ئێمە لە منداڵی دەرچووینە.

ڕەمەزان بەخۆشویستنەوە گوتی: ڕاستە قادر، بەڕاستی بوونە بەپیاو.

زۆراب مژێکی قووڵی لە سبیلەکەی دا، گەشانەوەیەک بەڕووە خۆشەکەیەوە دیار بوو، خەریکبوو لە خۆشییاندا باڵی دەگرت، گوتی:

– پیاوە تازەکانمان گرفتێکی ڕاستەقینەیان بۆ چارەسەر کردین، ئیدی لەم چورتمەش بووینەوە.

لەسەر وردەکارییەکانی بنیاتنانی گوندە تازەکە و چۆنێتی دابەشکردنی زەوی و ئەو چێنراوانەی دەکرێ بەشێوەیەکی باش بڕوێن، گفتوگۆیان کرد. لە ئەنجامدا بەکۆ بڕیاریان دا ناتوانن جۆری زەوییەکە و ڕادەی پێویستیی بەئاودان و باران، دەستنیشان بکەن، ئەگەر ڕاستەوخۆ و بەهاوکاری لەگەڵ خەڵکی گوند زەوییەکە نەپشکنن. کاتێک لە پێوەندییان لەگەڵ سەنجەقدا قسە و باسیان کرد، کەریم لە شتێکی گرنگی ئاگادار کردنەوە، ئەویش پارێزگاریکردنە لەو ورییاییەی بەرامبەر دەسەڵات هەیانە و نابێ بەقسەی شیرین هەڵبخەڵەتێن، ئەگەر لە یوزباشییەوە بێ، یاخود لە قایمقامەوە. هەروەها دەبێ کوڕێل لە دۆڵی کفرانی شاخاوی بمێننەوە. زۆراب پشتگیریی لە قسەکانی کەریم کرد و ئەویش لە شوێن خۆیەوە جەختی لەسەر پێویستیی شاردنەوەی بەپەلەی دانەوێڵە لە چاڵە خەڵەی دوور لە ئاوایی کرد. چونکە دەڤەرەکەیان نزیکە لە ڕێگەی گشتیی نێوان کوردستان و بەغداوە. خۆ ئەگەر پۆلە جەندرمەیەک بێرەدا ڕەتبن ئەوا تەڕ و وشک بەیەکەوە دەبەن. میرزاش وای بینی دوای لێ بوونەوە لە دروستکردنی گوند، دەبێ ڕەشماڵەکە بگەڕێتەوە دۆڵی کفرانی شاخاوی.

ڕەمەزان بەرپەرچی داوە: ڕەشماڵەکە لێرە دەمێنێ میرزا. ئەگەریش بتەوێ بگەڕێیتەوە بانشاخ، ئەوا پێوەندیی بەخۆتەوە هەیە. پاشان بەتەنیا تۆ خاوەن ڕەشماڵەکە نیت، سنجانیش پشکی خۆی تێدایە.

– ڕەمەزان، تۆ هەمیشە قسەکانت تێکەڵ دەکەیت، کەنگێ وتوومە بەتەنیا ئی منە؟ ئەو ڕەشماڵە موڵکی دۆڵی کفرانە.

ڕەمەزان بەنەگریسییەوە بەمەبەستی چوکڵەچزێ کردنییەوە، گوتی:

– تۆ هەمیشە لای خەڵک وا نیشان دەدەی بەخۆت تەنیا خاوەنی ڕەشماڵەکەی.

میرزا هەند شڵەژا بوو بەزەحمەت وشەکان لە زاری دەردەچوون:



– نەحلەت لە درۆزن.

کەریم لە کاتی هەڵساندا گوتی: مامە میرزا، ڕەشماڵەکە هی خۆتە و بەس، ئەوەندە هەیە خاڵە ڕەمەزان ئیرەییت پێ دەبات. دەی، ناتانەوێ سرپیی پاتان دەربکەن؟

پاشان چووە ناوەڕاستیانەوە، دەستی خستە سەرشانی ڕۆستەم و قادر، بەردەوام بوو:

– ئێستا بۆم باس بکەن چۆن ئەم بەرازەتان ڕووت کردەوە؟

قادر بەگوێی ڕۆستەمیدا چرپاند: پێم نەگوتی گونی باپیرەمان زل کرد؟

شێخۆ دارۆغە مەردانی جیا کردەوە و شەو درەنگ لە کوخەکەی خۆی لە نێوان جێزەکاندا شمەکەکانی دایەوە و گوتی: تفەنگەکەت کۆنە مەردان، یەکتیر مۆدێلی کۆنە، تەنانەت مریشکێک ناکوژێت، دەتوانی وەک دار بەکاری بێنیت.

مەردان دەستی شێخۆی ماچ کرد و باوەشی لە تفەنگەکەی دا، چاوی بڕوای نەدەهات، گوتی:

– دەبمە نۆکەری ئەڵقە لە گوێت شێخۆ بەگ، تەنیا ئەوەندەت لەسەرە فەرمان بدەیت، تەنانەت باڵندەت لە ئاسمانێ بۆ دێنمە سەر زەوی.

– نیشانشکێنی باشیت؟

– حەز دەکەی سبەینێ دەچین بۆ ڕاو، بەچاوی خۆت دەبینی، چۆن ئاسکت لەگەڵ غارداندا بۆ دەپێکم.

– بەم تفەنگە؟

بەپەلە پانەکەی بەتوندی کێشای بەقۆناغە تفەنگەکەیدا و گوتی:

– بەم تفەنگە شێخۆ بەگ.

شێخۆ لە کاتی وەرگرتنی پیاڵە چایەکە لە مەردان، گوتی:

– بنۆڕە مەردان. تۆ لەمڕۆوە لە دارۆغەیی دەرچوویت. بەیەکجاری پێوەندیت بەجیهانگیرەوە نەما، من لەو ساتەوەی بینیتم چوویتە دڵمەوە. تفەنگێکی سێ تیری ڕووسیت دەدەمێ، لە درێژەکان. لەمڕۆ بەدواوە دەبیتە یاوەری تایبەتی خۆم، بۆ کوێ بڕۆم لەگەڵما دەبیت، وەکو یەکێک لە خۆمان لە ناوماندا دەژیت.

جـارێکی دی دەسـتی شـێـخـۆی ڕامـووسی و گـوتی: نازانم چۆن پاکـانە بۆ ئەو بڕوایەت بێنمەوە، کە بەمنت داوە بەگم.

شێخۆ لەودەمەی چاوی بڕیبووە چاوە تەنگەکانی، پێی گوت:

– کەست کوشتووە مەردان؟

بەزمانێکی شێلگیرانە و بێ گوناهانە وڵامی داوە:

– نەخێر شێخۆ بەگ، بۆ ئەم پرسیارەم لێ دەکەیت؟

شێخۆ بەدەنگێک بڕوا لە دڵ بڕوێنێت، وڵامی داوە:

– تەنیا بۆ ئەوەی بزانم دوژمنت هەن؟

بەبڕواوە ئەرخاینی کردەوە: نەخێر شێخۆ بەگ، دوور نییە جیهانگیر ببێتە دوژمن بۆم.

– دوژمنداریی جیهانگیر گرفتێک نییە. جگە لە دارۆغەیی شتێکی دی دەزانیت؟

دای لە قاقای پێکەنین، دەتگوت منداڵێکی گەورەیە:

– من بەسروشتی خۆم تەمبەڵم، حەز بەدروێنە و کێڵان ناکەم، لێ ئەگەر ناچار بم دەیکەم. هەروەها دەتوانم هەموو جۆرە تفەنگ و دەمانچەیەک چاک بکەمەوە.

– ئەمە شتێکی چاکە.

پاشان سەری دانەواند و بەشەرمەوە گوتی:

– لێت ناشارمەوە، بەر لە کارکردنم لەگەڵ جیهانگیر، دزێکی کارامە بووم.

شێخۆ بێ ئەوەی ئەمەی بەلاوە نوێ بێت، گوتی: کەواتە تۆ لە پیاوانی شەویت؟

سـەری دانـەواندبووەوە و بەئەرێ و بەخـۆنازینەوە سـەری ڕاوەشـاند. شـێـخـۆ لە ڕووخسـاری ڕامـا، تاکو کاریگەریی پرسـیـارە نوێکەی ببینـێ: ئەی ئێسـتـا؟ ئەگـەر پێویستی کرد دەیکەیت؟

زەردەخـەنەیەکی منداڵانـە بەسـیمـایـەوە بەرجـەسـتە بـوو: خـەونی پێوە دەبینم، ئەوە ئاواتمە.

شـێـخـۆ هەناسـەیەکی قـووڵی هەڵکێـشـا، پـاشـان پشـتی دایە دیوارەکـەوە و جگەرەیەکی سیغاری وێدا، دوای ئەوەی پێی لێ درێژ کرد، گوتی:



– مـەردان ئێمـە تازە بووینە هـاوەڵ، سـوێندی شـەرەفـم بۆ دەخـۆی ناپاکیم لەگەڵدا نەکەیت؟

مەردان لەگەڵ هەوڵی ڕاستبوونەوەی لە شوێنەکەیدا، گوتی:

– ئەگـەر قـورعـانی پـیـرۆزت لە ڕەشـمـاڵەکەدا هەیە، با بڕۆین دەسـتی پێدا دەدەم... خوێنم لە ڕێگەی هەر یەکێکتاندا دەڕێژم.

– پێـویـسـت بەوە ناکـات بڕۆین، چـونکە بڕوام پێـتـە. بڕوانە مـەردان، تۆ کـابرایەکی خـاوەن ئەزموونیت، بەچاوی خۆت بینیت لە کاتی خـەوتندا کوڕەل چییان پێ کردی. ئێـمـە لەم دەشـتـەدا وەکـو زەلامـێکین قـوونی بەدەرەوە بێت، تەنانەت منداڵێکیش دەتوانێ لە دواوە بزمـان پێـوە بکات. ئێـمـە ئاتاجی چەکین، ئەو چەکـەی بەدەستمـانەوەیە بەبەراورد لەگەڵ ئەو زەوییانەی دەوڵەت کردییە مـوڵک بەسـەرمانەوە، زۆر کـەمن. بەقسـەی دەوڵەت بێ گوایا ئەو دەمـانپـارێزێ، وەلێ کێ لەو بمانپـارێزێت، ئەگەر میزاجی گۆڕا و پێویستی بەبەروبووم و زەلام بوو؟

مـەردان بەشـێلگیـری کـەوتە بیـرکـردنەوە، لەگـەڵیـشـیـدا سـەری دەخـوراند، بەسەرلەقاندنەوە گوتی:

– نا شـێـخـۆ بەگ، پشت بەدەوڵەت نابەسـترێت، تەنانەت ئەگـەر خـۆی کـردە پردی ئاڵتـوون بەسـەریا مـەپەڕەوە. دوو ڕێگە هەن بۆ بەدەسـتـهـێنانی چەک، یا بەپارە بیکڕیت، یاخود لە سەربازگەکانی جەندرمە بیدزیت.

دەسـتـە زبرەکـانی بەسـەر تفـەنگەکـەیدا هێنا و بەردەوام بوو: بەڵێ، چـەک بۆ ئەم دەڤـەرە پێـویسـتـە، تۆ ئەگـەر بەتفـەنگ پاسی دەغڵ و دانت نەکـەیت، ئەوا دەبێـتـە لەوەڕگەیەک بۆ مێگەلە مەڕ.

دوای قەیرێک بێدەنگی، شێخۆ گوتی:

– ڕات لەسـەر خەڵکی بنعیـز چییـە؟ داخـۆ بەڕاستی وەکو خـۆیان دەڵێن بەبوونمان لێرە دڵخۆشن؟

مەردان جگەرەکەی کوژاندەوە و چایەکی دی بۆ میوانەکەی تێ کرد و وڵامی داوە:

– شێخۆ بەگ، ئەمـانە تا بڵێی سـادە و سـاکارن. بەبـوونتان لێرە دڵخـۆشن، چونکە

پێویستیان بەیەکێکە خۆیانی بدەنە پاڵ. ئەوان ئێستا زیاتر پێوەستن پێتانەوە، چونکە لە جیهانگیرتان قوتار کردن. لێ بەسروشتی خۆیان بەگومان و دڵکرمێن، زۆر زەحمەتە باوەڕی تەواوی خۆیان بدەنە یەکێک لە دەرەوەی هۆزەکەیان بێت...

شێخۆ قسەکەی پێ بڕی: دەبێ ئێمە بڕوای تەواویان بۆ دابین بکەین.

بەسروشتە منداڵانەییەکەی خەنییەوە و بەشێوە شەرمکردنێکەوە گوتی:

– ئەمە گرفت نییە گەورەم. هاپۆ خوشکێکی بێوەژنی جوانی هەیە، پەنجا ساڵان نابێ، بەر لە چەند ساڵێک مێردەکەی مرد. بۆ یەکێک لە پیرەکانتان داوای بکەن و هەموو شت دەبڕێتەوە.

شێخۆ دەمودەست بیری بۆ ڕەمەزان چوو، چاوی لە ئاسمان بڕیبوو، چون بیر لە شتێک بکاتەوە و چارەسەری بۆ دانابێت، نیشانەی خۆشحاڵی بەڕوویەوە دیار بوو، بەدڵنیایی و هێمنییەوە بزەی هاتێ: مەردان، تۆ کەسێکی دڵگیری. باشی بۆ چوویت. من بەڕاستی پێویستم پێتە.

– تەنیا ئاواتم ئەوەیە ببمە جێگەی باوەڕتان.

کاتێ شێخۆ ویستی بڕوات، مەردان بەشەرمەوە گوتی:

– من بەسروشتی خۆم لاپرەسەن نیم و نامەوێ خۆم لە کارەکانت هەڵقورتێنم، لێ ئەگەر ڕێم بدەیت، پێم خۆشە بزانم کێشەی یەکلاکردنەوەی قەرزەکانی خەڵکی بنعیز لەگەڵ جیهانگیردا چی بەسەر هات؟ چونکە چەند جارێک لێیان پرسیوم، ڕاستییەکەی ئەوان تا نووکەش لە جیهانگیر دەترسن.

شێخۆ لەودەمەی تفەنگەکەی دایە شانیا و لە کوختەکە دەرچوو، بەزمانێکی پڕ لە ئەرخاینەوە گوتی:

– سبحەینێ من و تۆ دەچین بۆ لایان و هەموو شتێکیان بۆ ڕوون دەکەمەوە. دەی مەردان خواحافیز.

مەردان چەند شەقاوێکی ڕەوان کرد، پاشان لە شوێن خۆی چەقی و چون لە خەوندا قسە بکات، گوتی:

– خوا و پێغەمبەرتان لەگەڵ شێخۆ بەگ.



زۆراب جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، باشترین ڕێگە چارەی کێشەکان، پەنا بردنە بۆ ئاوەز، بەکارهێنانی ئاوەزیش مانای ترسان نییە، دەبێ برادەر و خزمان بپارێزرێن، ئەگەر سروشت و ئاکاریان هەرچییەک بێت. من وای دەبینم لە دەستدانی جیهانگیر کارێکی باش نییە، بەپێچەوانەوە، ئەو دەتوانێ زۆر چورتمیان بۆ دروست بکات، دەرمانی جیهانگیر تەنیا پارەیە. ئەوەندە زێڕمان هەیە بەشمان دەکات، سوودی زێڕ چییە ئەگەر لە حاڵەتی وادا بەکار نەهێنرێت؟

ڕەمەزان ئامادەیی خۆی دەربڕی. ئێستا بچێ بۆ لای. پێشنیازی ئەوەیان کرد کەریمیش بۆ هەواگۆڕین لەگەڵیدا بچێت. کەچی کەریم بەتوندی ئەمەی ڕەت کردەوە، بەبەهانەی ئەوەی دەبێ بچێ بۆ لای شێخ. هەنگینێ شێخۆ زۆری لێ کرد، ناچار بوو باسی ئەوە بکات لە خەونەکەیدا بینی.

هەروەها لەسەر ئەوە ڕێککەوتن لەوێ هەل بقۆزێتەوە و دیدارێکی قایمقام بکات، تاکو هەندێک وردەکاری بۆ ڕوون بکاتەوە. کاتێ لەسەر ڕۆژی گەڕانەوە بۆ دۆڵی کفرانی شاخاوی ڕێککەوتن، شتەکان لای میرزا تێکەڵ بوون، بۆیە گوتی: وا ڕێک نەکەوتین یەکجاری لێرە بمێنینەوە؟

ڕەمەزان بەدەلیڤەی زانی بەڕیشی پێبکەنێت: میرزا، وابزانم یا گەورە بوویتە، یان پێویستت بە ژنە، چونکە چەند ڕۆژێکە ئاوەزت ئیش ناکات. چی بکەین تا کەللەت بخەینە گەڕ؟

میرزا بەزمانی پڕ لە غەم و سەرزەنشتەوە گوتی:

– شێخۆ بەگ ئیشی تۆی ڕایی کرد، نووکەش پێم پێدەکەنیت.

شێخۆ بەشێلگیرییەوە هاتە وڵام: مام میرزا ئەگەر بەڕاستی پێویستت بە ژنە، ئەوا بێوەژنێکی دی هەیە. خەڵکی بنعیز بەسینگ فراوانییەوە پێشکەشیان کردین.

ڕەمەزان وتی: ئیتر چیت دەوێ میرزا؟

میرزا لە شوێن خۆیەوە کۆخەیەکی بۆ کرد و بەشڵەژانەوە دەستی بەڕیشەکەیدا هێنا، بەر لەوەی قسە بکات، زۆراب هاتە وڵام:

– بۆی دەرپەڕێ میرزا، وا دیارە خەریکە ڕەشماڵەکە خێر و بەرەکەتت بۆ دێنێت.

– بڕواتان پێ ناکەم، چونکە جگە لە کەتنکردن، هیچ خەمێکتان نییە.

کاتێ شێخۆ تەڵاقی خوارد، بڕوای پێ کرد. وەک منداڵ بەخۆشییەوە گوتی:

– برازاکەم شێخۆ بەگ، ئەی سەرۆک هۆز، بەڕاستی دەرتخست لە دوای باوکت، بابی دووەمی هۆزی.

زۆراب لە شوێن خۆی هەستا، بەرەو دەرەوەی ڕەشماڵەکە ملی نا و گوتی:

– کێشەی ڕەشماڵەکەش چارە کرا، میرزا لەگەڵ بووکەکەی لێرەدا دەمێنێتەوە، تا لەگەڵ ئەوانی دیدا دەگەڕێینەوە. بەمە دەبێتە جێگری شێخۆ بەگ.

ڕەمەزان گوتی: واتا دەبێ بەمیرزا ئاغا گازی بکەین.

کاتێ زۆراب پشتێنەکەی ڕێک خست و خەریکی خۆی بوو، گوتی: ئەی چۆن ڕەمەزان.

شێخۆش بەدەم هەستانەوە گوتی: مادام کارەکان وایان لێ هات، بۆ دوای دەخەن؟ هەستن با بچین بۆ دیوەخانەکەی هاپۆ و خوازبێنی ژنی دووەمی میرزا ئاغا بکەین.

کەریم سەیرێکی سنجانی کرد و بڕیارەکەی بەلاوە ناکاو بوو، بەبزەوە گوتی:

– وا دیارە لێرە کارەکان بەخێراییەکی سەیر بەڕێوە دەچن. ئەگەر بەڕاستیانە ئەوا دەبێ تۆش بێیت.

سنجان بەدڵخۆشییەوە گوتی: شتەکە ڕاستە. منیش دێم.

هەمووان بەرەو کوختەکانی تاقمەکەی هاپۆ کەوتنە ڕێ. هەرچی کەریم بوو، بەخێرایی چوو بۆ چادرەکەی سەید، تا لەگەڵیاندا بۆ دیوەخانەکەی هاپۆ بێت.



١٠

شێخۆ ویستی شەقڵەکە بشکێنێت، یاخود تووڕی هەڵبداتە ڕووبارەکەوە، تا لە پاشماوەکانی جیهانگیر ڕزگاری بێت، کەچی مەردان ئامۆژگاریی کرد، کاری وا نەکات. نەکو ڕۆژێک بێت خۆی پێویستی پێ بێت. چونکە هەر هۆزێک بەشێوەیەک لە شێوەکان پێوەندیی بەدەوڵەتەوە هەبێت دەبێ ئەم شتەی هەبێت. پاشان ناوی پەروەردگاری لەسەر نەخشێنراوە، هەر شتێکیش ناوی خوای لەسەر بێت نابێ بیشکێنیت، یاخود لە ناوی بدەیت. شێخۆ باش دەیزانی مەردان شارەزایی و ناسیاوی زۆری هەن، لە گەڕانەکانی بەناو هۆزەکاندا بەدەستی هێناون. ویستی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لێوەی فێر بێت، ئەمەش بەورووژاندنی ئەو پرسیار و کێشانەی گینگڵیان دەدا. وەڵامە زیرەکانەییەکانی مەردانی بەدڵ بوون. کە جارێکی دی لە بارەی چۆنێتی چەک بەدەستهێنانەوە لێی پرسی، مەردان هەمان وڵامی پێشووی داوە. یان لە ڕێگەی هەڵکوتانە سەر سەربازگەکانی جەندرمە، یاخود بەکڕین. شێخۆ شێوازی یەکەمی ڕەت کردەوە، نەک لە ترسان، بەڵکو ڕەوشی ئێستا یارمەتی ئەوەیان نادات. هەروەها ڕەمەزانیش دامابوو چۆن لە ڕێگەی کڕینەوە چەکی دەست بکەوێت. کوێخا زۆراب بڕێکی باشی لیرەی ئاڵتوون لە ژێر دەستیان دانابوو.

هەر کات مەردان سەری بخوراندایا، مانای وابوو وڵامەکەی بۆ دێ. بەسەرپشتی ئەسپەکانیانەوە بەرەو لای جیهانگیر دەڕۆیشتن. مەردان ئاوڕی لێ دانەوە و گوتی:

– ئەگەر پارە هەبێت، ئەوا چەک بەپای خۆی بۆمان دێت. ئێمە بۆ نموونە دەتوانین لە جەندرمەکان خۆیان بیکڕین، یاخود لە عەرەبەکانی حەویجە، جیهانگیر بەخۆی دەتوانێت چەندتان چەک بوێت دابینی بکات.

شێخۆ و ڕەمەزان بەسەرسوورمانەوە سەیری یەکدییان کرد، شێخۆ پرسی: – جیهانگیریش؟

زەردەخەنەیەکی پان بەڕووخسارە منداڵانەکەیەوە دیاربوو، گوتی:

– شێخۆ بەگ، جیهانگیر بازرگانی بەهەموو شتێکەوە دەکات. دەبێ ئێوە بەهەردوو

دەستتان بیگرن. بیرم چوو بیڵێم، جیهانگیر بەشێوەیەکی سەیر وازی بەئاڵتوونە.

ڕەمەزان سەری لەقاند و وەک قسە لەگەڵ خۆیدا بکات، گوتی: کێ حەزی بەزێڕ نییە؟

پاشان بیری لە زۆراب کردەوە... ئەی ئەو حەزی لە زێڕ نییە؟ مادام بۆ لە کونێی ناوە و دەستی پێوەیەتی؟ مەگەر لە کاتی زۆر پێویستدا، ئەگینا ناهێڵێ ڕووناکی ببینن. ئەو لە بەدەستهێنانی ماندوونەبووە و ئارەقی پێوە نەڕشتووە، بەڵکو لە باوکییەوە و هەڵبەت باوکیشی لە باوکییەوە بۆی ماوەتەوە. ڕەنگە ئەم هەموو میراتییەی لە نالەگورگەوە بۆ مابێتەوە، کە بەقرچۆکی ناسرا بوو.

ڕۆژێکیان ئەو کاتی باوکی زۆراب لە گیانەڵادا بوو، هێشتا زۆراب سی ساڵی تەواو نەکردبوو، پێی گوت:

– زۆراب. لە ژوورەکەی بەرابەر بەژووری دانیشتن، کونێکی شاراوە لە دیوارەکەدایە ڕاست لە پشت لالەکەوەیە، ئا لەوێ لە ناو پریاسکەیەک بڕێ لیرەی زێڕم شاردووەتەوە. لە باوکمان بۆمان ماوەتەوە، ئەوە ئەمانەتێکە بەدەستتەوە، تەنیا لە کاتی پێویستدا خەرجی بکە.

باوکە بەر لەوەی باسی کاتی پێویست بۆ زۆراب بکات، گیانی لە دەست دا. زۆراب چەندین ڕۆژ و مانگ بیری لەم کاتە پێویستانە کردەوە بێ ئەوەی لە ماناکەی بگات... ڕۆژێکیان مەلا پێی گوت حەجکردن حاڵەتێکی پێویستە. زۆراب وڵامی دایەوە، ئەگەر وایە ئەوا بۆ باوکی یاخود باپیری نەچوونە بۆ حەج؟ لێ ڕۆژگار زۆرابی فێر کرد کاتی پێویست چییە. جارێکیان دایکی پێی گوت نازانیت مەبەست لە کاتی پێویست چییە؟ لێ دەزانێ بابی دووجاران دەستی بۆ لیرەکان بردووە و هەر جاری تەنها لیرەیەکی خەرج کردووە. جارێکیان کۆمەڵێ جەندرمەی دڕندە هاتن، لە هەموو شتێک کەوتنە تەقەکردن، پاشان بۆ سەربازی بردنیان، سێ لاویان دەستگیر کرد و بەگوریس قۆڵبەستیان کردن، ئا لەو کاتەدا زۆراب ڕای کردە لای بەرپرسەکەیان و بەدزییەوە لیرەیەکی زێڕی لە مشت نا، هەندەی نەبرد بەرپرسەکە بانگی پیاوەکانی کرد، لاوەکان بەردەن و گوندەکەش چۆڵ بکەن، بەبەهانەی ئەوەی ئەوانەی لێیان دەگەڕێن ئەمان نین. جاری دووەمیش گەنم و جۆی پێ کڕی. ئەوەبوو لەو ساڵەدا



نەیانتوانی تەنانەت دەنکە جۆیەکیان دەست بکەوێت. هەرچی زۆراب خۆیەتی جارێک نەبێ دەستی بۆ لیرەکان درێژ نەکردووە. ئەو کاتەی کە لەسەر گەنجانی دۆڵی کفران هەستی بەمەترسی کرد. چونکە بەلای ئەوەوە سەرلەبەری چیرۆکی فەرمانەکە، پیلانێک بوو بۆ ڕەوانەکردنی لاوان بۆ سەربازی. ئەوەتانێ وا جارێکی دییش دەست بۆ لیرەکان دەباتەوە، تا چەکیان پێ بکڕێت. ئەی سوودی زێڕ چییە ئەگەر قنگی ڕووتی لە دۆڵی کفرانی پێدەشت دانەپۆشێت؟... کێ دەزانێت؟ ڕەنگە لەبەرئەوە ئەم پێدەشتە پان و بەرینەیان پێ دابن، تاکو لە چیا و شیوەکانی دۆڵی کفران، کە لە ئەزەلەوە خۆیانیان تیا پاراستووە، بێ ئەوەی دەستی دەوڵەت بیانگاتێ، وەدەریان بنێن.

ئەودەمی سنجان پێی لەسەر پێویستی خوێندنی ڕۆستەم لە کەرکووک داگرت، زۆراب بەپێویستی نەزانی، لێ جلە سەربازییەکانی یوزباشی سنجانی سەرسام کردبوو، بڕیاری دا لە گیرفانی خۆی خەرجی خوێندنەکەی بدات. شێخۆ و کەریمیش دوای ئەوەی بینییان کەسێکی وەکو جیهانگیر کوڕەکەی ناوەتە بەر خوێندن و خواستیشی ئەوەیە لە خوێندنەکەی بەردەوام بێ و بچێتە مەڵبەندی ولایەت. ئەی ئیتر ئەمان بۆ ڕێ لە کوڕەکەیان بگرن؟! بۆیە ئەمانیش خوێندنی ڕۆستەمیان بەپێویست زانی. بەهانە و هەنجەتی زۆراب خەرجیی خوێندن نەبوو، بەڵکو ئەوە بوو منداڵەکە لە شار بەدڕەوشت دەبێ و ئەوان لە بناغەدا جووتیارن و لە پیشەی جووتیاری و شوانی زیاتر هیچ نازانن، هیچ هەقێکیان بەو شتانەوە نییە، کە پێوەندیی بەشارەوە هەبێت. کەچی شێخۆ قایلی کرد هۆزەکەیان پێویستیی بەمەلایەک هەیە خوێندنەوە و نووسین بزانێ و لە خۆیشیان بێت. دنیا گۆڕاوە و دوای فراوانبوونەوەی زەوییەکانی دۆڵی کفران، ئەم مەسەلەیە بووەتە شتێکی پێویست.

کاتێ شێخۆ بەجیهانگیری ڕاگەیاند، ئەوان هاتوون تاکو قەرزەکانی هاپۆ و تاقمەکەی بدەنەوە و هەندێ ئیشیان لە سەنجەق هەیە بەپەلە تەواوی بکەن. ئەم سەری سوڕما و چەند جارێک دووپاتی کردەوە، ئەستەمە هەر شتێک لە بەرابەر قەرزەکان وەربگرێت. لێ شێخۆ لە دواییدا گوتی، ئەو پارەیەی هێناوییەتی لە هاپۆ خۆی وەریگرتووە، ئەو زۆر هەڵەیە ئەگەر وا تێبگات ئەو پارەیە هی کوێخا زۆرابە. جیهانگیر لە قاقای پێکەنینی دا و گوتی:

– دەتەوێ پێم ڕابوێریت شێخۆ بەگ؟ من خزمەکانی خۆم باش دەناسم. ئەم هاپۆیە ئەسپێیەکیشی نییە.

شێخۆ مشتێ لیرەی زێڕی هەمە قەبارەی دەرهێنا و سێ لیرەی قەبارە جیا جیای لێ دەرکرد و گوتی:

– قەرز قەرزی خودایە خاڵە جیهانگیر. هاپۆ لە بەراییدا ئەسپێیەکی نەبوو، کەچی ئێستاکانێ خوا زێڕی بۆ ناردووە. ئێستاش کابرا دەیەوێت قەرزەکەی بداتەوە. بۆچی پارەی قەرزەکەی وەرناگریت؟

نیشانەی پرسیار بەڕووخساری جیهانگیرەوە دیاربوو، لەولاشەوە چاوی بڕیبووە لیرەکان، گوتی:

– سەیرە. ئەم زێڕەی لە کوێ بوو؟

ڕەمەزان بەلاقرتێوە لەسەری ڕۆیی: خاڵۆ جیهانگیر. هەژارێک شتێ بدۆزێتەوە پێی دەڵێن ئەمەت لە کوێ بوو؟ ئەگەر زەنگینێک دۆزییەوە، ئەوا پێی دەڵێن پیرۆزت بێ فلان... ئەم پارەیەی ژێر دەستت مولْکی تایبەتی هاپۆیە. ئەمە بڕێکی کەمە لەو مارەییەی بەرامبەر خواستنی دوو ئافرەتیان داومانە.

جیهانگیر لە خۆشییاندا لە شوێنەکەی خۆی هەڵبەزییەوە و هەریەک لە ڕەمەزان و شێخۆی لە ئامێز گرت، لەو کاتی لیرەکانی وەردەگرت، گوتی:

– بۆ خواستنی ئەو دوو ئافرەتە کارێکی باشتان کردووە، خزمایەتیمان نزیکتر بووەوە، دوژمن ناتوانێ هێندەی تاڵە پرچێک بێتە نێوانمانەوە و زەفەرمان پێ بەرێت. بەم بۆنەیەوە منیش لیرەکان ڕەت ناکەمەوە.

شێخۆ گوتی: خاڵە، قەرزێک، شتێکت لای مەردان هەیە؟ ئێمە، تۆ و ئێمە براین، وەلێ برامان برایی کیسەمان جیایی. قەرزیش قەرزی خودایە، دەبێ بدرێتەوە.

– نا شێخۆ بەگ، هیچم لای نییە.

شێخۆ سەیری ڕەمەزانی کرد، بەپیاڵەکەیەوە سەرقاڵ بوو، بیری لەو قسانە کردەوە بەسەریا دراون:

– جیهانگیر بینیت چۆن قسەی خۆمان بەجێ گەیاند و سەردانمان کردی؟ بەر لە





چەند ڕۆژێکی کەم لات بووین. بەر لەوەی تۆ بێی ئێمە جارێکی دییش سەرمان لێ دایتەوە...

جیهانگیر بەخۆشییەکی ڕاستەقینەوە قسەکەی پێ بڕی: بڕوا بکەن ئەمە ماڵی خۆتانە، خۆشترین ساتی ژیانم ئەو کاتەیە ئێوەم لەگەڵدان. ئێوە تاجی سەر یمن.

ڕەمەزان بەشێلگیرانەوە گوتی: ئێمە بەڕاستی ئەمجار پێویستمان پێتە. من و کوێخا زۆراب و میرزا و شێخۆ بەگ و کەریم، بەشێوەیەکی باش دەڤەرەکەمان سەح کردەوە. کەوشەنەکەمان بینی و بست بەبستی پێدا ڕۆیشتین. دەشتێکە وەک ناولەپی دەست. سێ هۆزی تورکمان و عەرەب و کوردمان بەدەورەوەن. شتێکی وا لە بارەی کار و سروشتیانەوە نازانین. ئێمە بەحوکمی شوێنەکەمان لە دۆڵی کفرانی شاخاوی هێند لێیان نزیک نەبووینەتەوە. ئەم سێ هۆزەش بەهاوبەشی ئەم دەڤەرەیان بۆ خۆیان قۆرخ کردووە. ئێمە ئەگەر بەیانی ئەم زەوییە بەڕێژەوانەمان ئاوەدانکردنەوە، دەبێ بیانپارێزین، تا نەبنە پاوەنی ئەوان، ئێمە وای تێدەگەین، وابزانم تۆش لەگەڵ ڕایەکەماندایت، پاسەوانیی ئەم هەموو زەوییە بەرفراوانانە تەنیا بەسەگ ناگیرێت.

جیهانگیر بیری لەو هەموو گەنم و جۆیە کردەوە ئەمجار بۆی دێت، چاوی لە عەرزەکە بڕیبوو، نیشانەی بیرکردنەوەی جدی بەڕووخسارییەوە دیاربوو: کەواتە ئێوە پێویستتان بەچەکە.

شێخۆ بەئەرێ سەری لەقاند و گوتی: بێ چەک ناتوانین لەوێ کووختێک دروست بکەین و دەنکە گەنمێکیش بووەشێنین. دەمانەوێ خۆت کارەکە ڕێک بخەیت. بیریش لە پارە مەکەوە، بایی ئەوەندەمان هەیە.

جیهانگیر بەخۆنازینێکەوە گوتی:

– دەبم بەچەک بۆتان، لە ژێر زەوییش بێت بۆتانی پەیدا دەکەم.

شێخۆ و ڕەمەزان و مەردان بەئاسوودەییەوە سەرنجەکانیان گۆڕییەوە.

جیهانگیر لە کاتی چای تێکردندا چون قسە لەگەڵ خۆیدا بکات، گوتی:

– ئای ئەگەر دەزانن چەندم دڵ پێتان دەکرێتەوە.

دوای ئەوەی پیاڵە پڕ چایەکانی، کە بەدەستی خۆی یەک یەک پێشتر شووشتبوونی، دانە دەستەوە، ئاوڕی لە شێخۆ دایەوە و بەدەستی ڕاستی ئاماژەی

بۆ مەردان کرد، گوتی:

– ئەی ئەم کۆنە دزە، قاچاغچی چەک و تووتنە، هیچی پێ نەگوتن؟

شێخۆ گوتی: ڕاستییەکەی ئەو نەبوایا نەدەهاتین بۆ لات.

جیهانگیر بەشانازییەکەوە لە مەردانی ڕوانی و گوتی:

– کوڕی باوکی خۆتی مەردان.

پاش ئەوەی قەیرێک بێدەنگ بوون، بیرۆکەیەک لە مێشکی جیهانگیردا چەخماخەی دا، هۆی ئەمەش شتە شاراوەکانی ناخی بوون، گوتی:

– ڕێگەیەک بۆ دەستکەوتنی چەک بەبێ بەرامبەر هەیە.

ڕەمەزان قسەکەی پێ بڕی و بەگومانەوە لێی پرسی: بەرامبەر بەهیچ؟

– بەڵێ، بەرامبەر بەهیچ. تەنیا ئەوەندەتان لەسەرە ناوی لاوانی گوند وەکو چەتەی سەر بەدەوڵەت تۆمار بکەن، من دەتوانم لای قایمقام ئەم ئەرکە لە ئەستۆ بگرم.

شێخۆ بەناشرین دانانێکەوە پرسی:

– داخۆ ئەو سێ هۆزەی دەوروبەریشمان خۆیان لەم دامەزراوە تۆمار کردوون؟

جیهانگیر وڵامی داوە: نا. نا باوەڕ ناکەم، پاشان دەوڵەت هەموو هۆزێک وەرناگرێت، دەبێ لە دڵسۆزیی تەواوی هۆزەکە دڵنیا بێت.

شێخۆ ڕیشە کورتەکەی خوراند و بەپۆزش هێنانەوە گوتی:

– ڕەنگە پێشنیازەکەت گرنگ بێت، لێ بۆ ئێمە نابێت. چونکە دۆخی ئێمە جیایە و دەبێ لە بەرچاو بگیرێت.

ڕەمەزان دوای ئەوەی خۆی دایە بان بالیفەکەیا و جگەرەیەکی گر دا، بەلۆترەوانییەوە گوتی:

– خاڵۆ جیهانگیر. تۆ زۆر بڕوات بەدەوڵەتە. هەرچی ئێمەین وانین. ئێمە بەهەزار حاڵ توانیمان هەندێک لە جاحێڵەکانی دۆڵی کفران لە چاوی دەوڵەت بشێرینەوە، کەچی ئێستا تۆ دەتەوێت لیستێک بەناوەکانیان بدەینە دەوڵەت، تاکو کەی ویستیان وەکو مێگەلە مەڕ بیاندەنە پێش خۆیان؟

جیهانگیر بەشارەزایی بازرگانێکەوە وڵامی داوە:



– ئێوە بەرژەوەندیی خۆتان لە یەکێکی تر باشتر دەزانن. کەواتە چەک بەپارە دەکڕین.

ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی مەردان بەهاوکاری جیهانگیر سەرپەرشتی کڕینەکەی بکات و بەزووترین کاتیش بیگوازێتەوە. کاتێ لەم قسانە بوونەوە ڕەمزی هات، گەلێ شادمان بوو بەهاتنیان، لێ نەیتوانی بەنەهاتنی ڕۆستەم و قادر و عەباس دڵتەنگییەکەی بشارێتەوە. گوتیشی شوێنیان دیارە و لەو ڕۆژەوەی ئێرەیان جێ هێشتووە، ئەم بیریان دەکات. شێخۆ مژدەی قایلبوونیان لەسەر خوێندنی ڕۆستەم لە کەرکووک پێ ڕاگەیاند، بۆیە دەبێ چاوی لێی بێت. ئەمەش بەلای ڕەمزییەوە هەواڵێکی دڵخۆشکەر بوو. ئیتر دەستی کرد بەباسکردنی گرنگیی خوێندن و سوودەکانی. شێخۆ داوای لە جیهانگیر کرد ڕازی بێت ڕەمزی لەگەڵ خۆیاندا ببەن. چونکە کوڕەل لە دۆڵی کفران زۆری بیر دەکەن و بۆی بەتاسەوەن و هەمیشە ناوی دێنن. ئەگەر ئێستا لەگەڵیاندا بێت زۆریان پێ خۆش دەبێت. هەروەها ڕۆستەم بەر لە خوێندن پێویستیی بەهەندێ زانیاریی سەرەتاییە تا ڕەمزی بیداتێ.

ڕەمزی زۆری پێ خۆش بوو و لە خۆشییاندا گیزە گیزی دەکرد و بەچاوی تکاکردنەوە لە باوکی دەڕوانی. بەم دوا دواییە جیهانگیر تێبینیی ئەوەی کردبوو کوڕەکەی لە ژمارە هەڵە دەکات و لەسەر بچووکترین شت تێکدەچێ. لێی پرسی داخۆ حەزی بە ژنە. ڕەمزی بەیەکجاری ئەوەی ڕەت کردبووەوە لە ئێستاوە خۆی بخاتە ژێر باری ژنهێنانەوە و دڵنیاشی کردبووەوە مگێزی ئەوەی هەیە، کە لە ناوەندی ویلایەتی مووسڵدا درێژە بەخوێندن بدات. کاتێ باوکی هۆی بێ خولقی و ناسروشتێتییەکەی لێ پرسی، وڵامی داوە لە کارکردن لە خان بێزار بووە و بەرگەی بینینی دەفتەری حیساباتەکە ناگرێ و پێویستیی بەپشوو هەیە، ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت. ئیدی ڕەمزی هەوڵی دا قەناعەتیان پێ بێنێ ڕۆستەم ئاتاجی بەهەندێ پرانسیپی گرنگە و ئەو دەتوانێ فێری بکات. ئەگینا وەک ئەو لە سەرەتاوە زەحمەتیی زۆری دێنە پێشێ. جیهانگیر وای دەبینی بیرۆکەی ڕۆیشتنی کوڕەکەی بۆ دۆڵی کفران و لە نزیکەوە ناسینی خزم و خوێشەکانی خراپ نییە.

لە شوێنەکەی خۆیدا گینگڵی دا و گوتی:

– ڕاستییەکەی لە خان پێویستم بەڕەمزییە، چونکە کارەکان زۆرن، سەرەڕای ئەمانەش حەز دەکەم ئامۆزاکانی بناسێت. کوڕی هۆزە دڵی هەر بۆ خزمانی لێ دەدات.

ئەودەمی شێخۆ خۆشحاڵیی خۆی دەربڕی بەپاوە سەرێک لە قایمقام و یوزباشی بدات، جیهانگیر ئاوڕی لە ڕەمزی دایەوە و داوای لێ کرد بچێت خۆی خڕەوە بکات و بۆ سەفەر ئامادە بێت. هەرکە کوڕەکەی چووە دەرێ، لێیان نزیک بووەوە و بەچرپەوە پێی گوتن:

– قایمقام و یوزباشی بۆ ناوەندی ولایەت بانگ کراون، دوو ڕۆژ دەبێ سەفەریان کردووە. دەڵێن پشێوی ئەستەنبووڵ و هەندێ شاری تری وەکو دیاربەکر و شامی گرتووەتەوە. خوا سترمان بکات.

دوای ئەوەی قومێکی لە جگەرەکەی دا، حەسرەتی هەڵکێشا و گوتی:

– توخوا با ئەم قسەیە لە بەینی خۆماندا بێت.

ڕەمەزان لەو کاتی نیشانەی بیرکردنەوەی شێلگیرانەی پێوە دیاربوو، گوتی:

– من دەترسم ئەم فەرمانە جگە لە بەڵا هیچمان بۆ نەهێنێت.

شێخۆ بەگوێ پێ نەدانەوە گوتی: ئەوی تەڕ بێت لە باران ناترسێت، ئێمە عانێ فەرمانەکەمان وەرگرت و ناوی دۆڵی کفران چووە تۆماری دەوڵەتەوە، مەزەندەی هەموو پێشهاتێکمان دەکرد. تەنیا شتێک پێویستمان بێ ئەویش چەکە، ئیدی لە دوای ئەوە چی دەبێت با ببێت.

جیهانگیر بەئەرخاینییەوە گوتی:

– ئینشاڵڵا هیچ شتی خراپ ڕوو نادات. ئێوە وەکو هۆز کارتان ڕایییە. هەندێک جار دەوڵەت خۆی لە شەڕتان دەبوێرێت. بەڵام ئێمە، ئێمەی شاری، ئەگەر ئاژاوە و پشێوی ڕوویدات، ئەوا وەزعمان بەرەو خراپی دەڕوات.

پێداگرتن و خولقکردنەکانی جیهانگیر، بۆ قایلکردنیان، لانی کەم شەوێک بمێننەوە، سوودیان نەبوو. چونکە ئیشی زۆر لە چاوەڕوانییاندا بوون، بۆیە سووربوون لەسەر گەڕانەوە.



## ١١

سەید پیرۆزبایی لە هەریەک لە ڕەمەزان و میرزا کرد و ئاواتی خێر و خۆشی بۆ ئەوان و بۆ هەموو دۆڵی کفران خواست. دڵی خۆشکردن بەوەی پێغەمبەری لە خەوندا بینیوە بەسەر پشتی بۆراقەکەیەوە بووە و باڵەکانی بەسەر دۆڵی کفراندا پەخش کردووەتەوە، چاوی نوقاند و دەیگوت:

– نوقڵانەی خۆشییە، نوقڵانەی خۆشییە.

ئیتر لەو ڕۆژەوە گوندەکە بووە مەیدانی خۆشیی ڕاستەقینە. مەنجەڵی گەورە گەورەیان لەو دەشتە دامەزراندبوو، سنجان داوای کرد ژن و پیاو هەموو دەبێ لە شایی و ڕەشبەڵەکدا بەشدار بن. کوێخا زۆراب لێزانیی خۆی لە گۆرانی گوتن و شایی و دووزەلە لێداندا بەدەرخست. ئەوە دوارۆژی مانەوەیان بوو لەوێ. بەر لە بوولێڵ شێخۆ و زۆراب و ڕەمزی گەیشتن، خەڵکی گوند دەستیان بەتەقەی خۆشی کرد. ڕۆژە سوورەکە نیشتبووە سەر بەرزاییەکەی دەیڕوانییە سەر ڕووباری ڕۆخانە، کە بەرەو خوار دەخزا. ڕەنگی وەنەوشەیی جارێک تێکەڵ بەڕەنگی پرتەقاڵیی گەشاوە، جارێکیش تێکەڵ بەشینی ئاسمانی، بەلێواری ئاسۆگەکە دەبەخشی. هەندەی نەدەبرد دەگۆڕا بۆ ئەرخەوانیی مەیلەو تاریک و بەخێرایی بەئاسۆدا بڵاو دەبووەوە و ئەو خۆرەی ڕووناکییە زێڕینەکەی سەری کوختەکان و شۆڕەبی و ئەو دارتووە کەمە پەرش و بڵاوانەی ئەمبەر و ئەوبەری جۆگەکەیان داپۆشیبوو، لەگەڵ خۆی بردبووی، هەڵلووشی. کاتێ سێبەری ئێوارێ تاریکییەکەی بەسەر گوندەکەدا پەخش دەکردەوە، بڵێسەی ئاگری ژێر مەنجەڵەکان بەتینتر دەیاننواند. کەریم تەنیا کەس بوو نەیتوانی وەک ئەوان دەرپەڕێ و خۆشحاڵیی خۆی دەربڕێت. هەرچەندە زۆر دڵخۆش بوو، ئەگەرەکەشی زەماوەندی ڕەمەزان و میرزا نەبوو، کە ئەو دەیچوواند بەبیابانێکی وشک و برینگ، چەندە ئاو بەردەیتەوە سەری بەر نەگرێت. بەڵکو لەبەرئەوەی لەگەڵ بەیاندا ئێرە جێ دێڵن و بەرەو دۆڵی کفران دەکەونە ڕێ، چونکە بەڕاستی هەند بەتاسە بوو بۆی، دەتگوت لەمێژە لێی دابڕاوە. پشتی دابووەوە

دیواری لۆدەکایەکی جێهێڵراو، چاوی بڕیبووە ئاسۆی ڕۆژاوا، کە بەرگری تاریکییەکەی دەکرد. دەمێک مانگەکە لەولاوە هەڵهات، بەقورسی ڕێگە تاریکەکانی دەبڕین، ئاوەسپیی بیر هاتەوە، قەستی ئەوەی دەکرد نووکە لە بەردەم ئەشکەوتی کچە جنۆکەکە بوایا و خۆشیی لە سیحری جوانییەکەی وەربگرتایا، لەهیکڕا چرپەیەکی گەرمی بەرگوێ کەوت، گوتی: بیر لە چی دەکەیتەوە کەریم؟ ئەم ئاهەنگانە بەس نین تا خۆشی بخەنە دڵتەوە؟

پاشان هەستی بەدەستێک کرد بەئاسپایی دای بەسەر شانیا. دوور لە ویستی خۆی ئاوڕی لە سەرچاوەی چرپەکە دایەوە و گوتی: تۆ کێی؟

ئافرەتێک لەودیو دیوارەکەوە وەستا بوو، دەستی درێژ کرد و بەنەرمی خستییە سەر دەمی و بەگوێیدا چرپاند:

– وسس. دەنگت هەڵمەبڕە کەریم، بێ با لێرە دوور کەوینەوە.

دەنگە گەرمەکە وەکو پەرجوو بەدەمارەکانیدا تەشەنەی کرد. هەرچی گەرمیی دەستە نەرم و شلەکەی بوو بەخوێنیدا بڵاو بووەوە. بێ ئەوەی هیچ جووڵەیەک بکات بەدووی کەوت، کاتێ چووە ئەودیو دیوارەکەوە، ویستی بووەستێت، لێ ئەو بلەز دەستی ڕاکێشا و لەودیو جێژەکانەوە ونبوون. کەریم شتی وای نەبینیبوو، بۆیە قەیرێک سڕ بوو و لە ڕووخسارە لاوەکەی ورد بووەوە، بەبیست ساڵ مەزەندەی کرد. لە ژێر تریفەی مانگەکەدا چاوانی لە چاوە گەورە ڕەشەکانی بڕیبوون، کە بەشپرزەیی و تۆقینەوە دیقەتی کەریمیان دەدا. بەهەردوو دەستی بەتوندی و جۆشەوە دەستی چەپی کەریمیان دەگوشی. ئەویش دەستی ڕاستی بۆ سەری برد و لەچکە سپییە لارەکەی لە سەری کردەوە و کەوتە سەرشانی، قژە ڕەشە درێژە هۆنراوەکەی بەدەرکەوت. لایەکی ملی بریقەی داوە، حەزێکی شێتانە کەریمی داگرت. ویستی دەم بنێتە نێو دەمی و لە ئامێزی بگرێت، لێ شتێک لە ناخییەوە ڕێی پێ نەدا. دوور لە خواستی خۆی لەبری ئەوە دەستی بۆ لێوە پڕەکانی برد و سەری پەنجەکانی بەسەریدا دەهێنان. هەناسە و ئاخ هەڵکێشانی کچە تێکەڵ بەترپەی دڵی دەبوون، کە هێندەی نەمابوو بیبیستێ. نەیزانی چەندێک لەسەر ئەو حاڵە مایەوە، تریفەی مانگەکە زیاتر دەدرەوشایەوە. کەریم دڵنیا بوو ئەم ئافرەتەی لە بەردەمی وەستاوە



جنۆکە فەی نییە، بەدەنگێکی نزم پێی گوت:

– تۆ، تۆ کێی؟ چیت لە من دەوێت؟

بەشەرمەوە بەزمانێکی پڕ لە هەست بەگوناهکردنەوە وڵامی داوە:

– گرنگ نییە من کێم، من ئەو ئافرەتەم حەفتەیەکە چاودێریت دەکەم.

بەزمانێکی تێکەڵ بەترسەوە، هێشتا لێی دەڕوانی و حەپەسا بوو، گوتی:

– پێم بڵێ تۆ کێی؟... دەزانی ئەگەر پێمان بزانن چی ڕوو دەدا؟

بزەیەکی گەشاوەی بۆ کرد، ددانە سپییەکانی دەتگوت بلوورن دەبریسکێنەوە، بەچاوقایمییەکەوە گوتی: ئەوی ئەم ڕووخسارەی هەبێ، ئەستەمە ترسی لە گیاندا بێت.

چاوانی لێک نان، سەری خستە سەر سنگی و بەبێدەنگی گریا. تاریکی هەموو شتەکانی داپۆشیبوو، زیق و زاقی منداڵان تێکەڵ بەئاوازی دووزەلەکە دەبوو، کە هاودەنگ بوو لەگەڵ گۆرانی و هەڵپەڕکێکە. ئەستێرەکانی ئاسمانیش چریسکەی زیاتریان دەداوە. سەری ئەوی خستە ناولەپی دەستییەوە و لەسەرخۆ بەرزی کردەوە و لەسەر کولمە ئاگراوییەکانی توندی کردن و لە چاوە پڕ لە ئەسرینەکانی ورد بووەوە، بەزمانێکی منداڵانە گوتی:

– دڵی تۆ ئافرەتێکی تری دەوێ، لەبەرئەمە هێناتیان بۆ لای سەید. خەتای تۆ نییە ئەگەر دڵت لە بەرد بێت.

لەگەڵ پێکەنینا بەتوندی باوەشی لێ دا و گوتی: دڵم لە بەرد نییە، من خەریکە دەسووتێم، لێ دەبێ بزانم تۆ کێی؟ تۆ کچی هاپۆی؟

بەخۆدانەدەستەوە گوتی: من ژنی هاپۆم.

بەتوندی دەستی گووشی و ڕایکێشا: دەی با بچین بۆ کوختەکەی دارۆغە مەردان. لە بەختی ئێمە باشە ئەمڕۆ لە سەنجەق نەگەڕاوەتەوە.

وەکو حەپەساوێک خۆی دایە دەستییەوە و بەوەڵامەکەی وشک بوو: ژنی هاپۆ..

بەردەوام لە دڵی خۆیدا دەیوتەوە: ژنی هاپۆ؟ هاپۆی کەللە بارگیر، لەمە زیاتری نەدۆزییەوە جوتکەی لێ بدات؟

تریفەی مانگەکە لە دەلاقەکەی دواوە دەڕژایە سەر مەمکە تورتەکانی. کەریم سەری خستە نێوان مەمکۆڵانییەوە، ئەویش بەتوندی لەگەڵ ئاخ و ئۆفدا سەری دەگووشی. کاتێ حەز گڕی تێبەر دا، دانیشت تا پشتێنەکەی بکاتەوە، چاوی بەلاقە سپی و پڕەکانی کەوتن، خۆی دایە بانیا و لێوی خستە سەر لێوانی و قامکەکانی لە گۆشتەکەی دەچەقاندن، هەرچی ئەو بوو چون بیەوێت لە ناو خۆیدا بیشارێتەوە، ئاوا باوشی لێ دا و بەخۆیەوەی گووشی. چەند ساتێک تێپەڕین لە جیهان دابڕان، کاتێ سەرلەنوێ گەڕانەوە، هەموو شتەکان لە ناخیاندا گۆڕابوون، کەچی ئینجاش هەر بەتوندی پێکەوە نووسابوون. هەرچەندە لە باری خامۆشی و کپیدا بوون، هەناسەکانیان تێکەڵ دەبوون، بێ ئەوەی هەست بەکات بکەن، پاشان هەندەی نەبرد دەستیان کردەوە بەماچوموچ و ئامێز لێکدان. کارەکەیان سەرلەنوێ دووبارە کردەوە، لێ ئەمجاریان بەگوڕ و دڕندانەتر بوو، لە ناخیدا هەستی کرد ئەمجاریان بەڕاستی ژنە. هەرچی ئەو بوو هەستی جیا جیا لە مێشک و دڵیدا دەوروژان، بەشێوەیەک لەبەر سووکی کێشیان نەبوو. بەقووڵی هەناسەی داوە، وای هەست کرد لە هەموو خەم و خەفەتێک بەتاڵی دەکاتەوە.

ئەو پێی گوت: بیر لە ژنێکی دی دەکەیتەوە؟

بەگاڵتەجاڕییەوە گوتی: بەڵێ.

– ژنەکەت؟

– نەخێر. قەت خۆشم نەویستووە.

– کەواتە دەنکەکەت.

– نەخێر.

ملی ماچ کرد و پەنجەکانی بەنێو ڕیشە کورتەکەیدا هێنا: ئەی کێیە؟ پێم بڵێ.

چون لە خەوندا قسە بکات: فەی. جنۆکە فەی.

بەدەستی مەمکەکانی لەسەر سنگی توندکردن و پێکەنینەکەی شاردەوە:

– ئاوا . ئەو بەدفەڕەی پیاوەکانمانی تێکداوە، جادووی لە تۆش کرد. لێ قەینا سەید لە مێشکی دەرکردی، با بچێ لە پیاوێکی تر بگەڕێت.



عانێ بەقامکەکانی یاریی بەدەموچاوی دەکرد، گوتی:

– وەڵێ بەر لەوەی بڕوات، جنۆکەیەکی دی شوێنی گرتەوە.

ئای کەریم گەر پێشتر ئەم جنۆکەیەت دەدیت، بەر لەوەی ئەم بارگیرە ئەتکی بکات. ئەم بارگیرە بەهەر چوار سمییەوە لە بەردەم ماڵی باوکی وێستا بوو لیکاو، چون لیکاوی سەگی برسی لە بەردەم پارچە گۆشتێکدا، بەزاریدا دەهاتە خوارێ. دەینەڕاند، کەفی دەکرد و جوتکەی دەوەشاند، یا ئەم کیژە یا مردن. باوکە دڵی نەرم نەبوو، تا هاپۆ پارە و دوێتەی خۆی پێ نیشان نەدا، دەمێ باوکە کچی هاپۆی بینی ئەویش لیکاوی ڕژا، ئیدی ژن بە ژنیان کرد.

– بەلای تۆوە من وەکو جنۆکەکە جوانم؟

– تۆ جوانتری، جنۆکەکە ساردە، پیاو ناتوانێت وەکو تۆ لە ئامێزی بگرێت.

لەودەمی دەستی ڕادەمووسی بەلاپرەسەنییەوە پرسی:

– دەستت لێ دا؟ یاخود وەکو پیاوانی تر لە دەستت ڕایکرد؟

– نازانم دەستم لێ دا یان نا، ئەوی دەیزانم هەمیشە لە بەردەممدا بوو. دۆخی ئەو جیا بوو، ناتوانم وەسفی بکەم، تکایە با لە بیری بکەین. ناوتم پێ بڵێ.

– ناوم فاتمەیە. سبەینێ ئەم حەلە بیرم دەکەیتەوە؟

سەری خستە سەر سنگی، سەری هەڵبڕی و لە ڕووخسارە سەراسیمەکەی ڕوانی و گوتی:

– فاتمە. وەکو تیر دابەزایتە سەر دڵم و زۆر زەحمەتە بتوانم هەڵتکێشم. نووکە با بگەڕێینەوە لای ئاپۆراکە، ئەگینا گومانمان لێ دەکەن.

بەتوندی باوەشی لێ دا: کەریم، جارێکی دی یەکتر دەبینینەوە؟

بەبڕوا بەخۆبوونەوە گوتی: لەو دنیاش بێ هەر یەکتر دەبینینەوە.

هەریەکی بەئاقارێکدا بەرەو شاییەکە گەڕانەوە. ئەو گەڕایەوە ماڵ و باوشێک چیلکەی لەگەڵ خۆیدا برد و هاویشتییە ژێر مەنجەڵەکانەوە. ئەمیش گەڕایەوە شوێنەکەی پێشووی و پاڵی دایە دیواری لۆدەکایە داڕماوەکەوە و لە دوورەوە سەیری شاییەکەی دەکرد.

سنجـان لە خێوەتی هـەردوو بووک دانیشـتـبوو، قسـەی بۆ دەکردن، فـاتمە خۆی بەژووڕێدا کرد، لە خۆشییاندا خەریکبوو باڵ بگرێت. هاتە لای سنجانەوە و پێی گوت پاش قـەیرێک ئاشـەکـە پێ دەگـات. دوای ئەوەی ئەمـیش داوای لێ کـرد لە خـواردن دانان پەلە نەکات، تا هـەموو باش برسی دەبن، لێی پرسی داخۆ هـەمووان دڵخۆشن و شایی دەکەن؟ فاتمە لێی نزیک بووەوە و بەهێواشی پێی گوت:

– تەنیا کەریم نەبێ، وا دیارە لەگەڵ ئەوانی دیدا ناگونجێت.

سنجان دەستی فاتمەی گرت و لە شوێن خۆی هەڵبەزییەوە و گوتی:

– با بچینە گیانی.

بەهەردووکیانەوە بەکێشیان کرد، تا ملی دا، کاتێ گەیشتنە ناوەڕاستی شاییەکە، چەند کیژێک ڕایانکرد و ڕایانکێشایە ناو شـاییـیەکەوە، کەچی فاتمە گورجـتر بوو خۆی گەیاندە دەسـتی و دەستی لە دەست نا، لەولایشییەوە سنجان هاتە شانییەوە و ئەڵقەی هەڵپەڕکێکە گەرمتر و بەجۆشتر بوو. دوای چەند سووڕێک کەریم هەستی کرد جووڵەیان سست و خاو بووەتەوە، وشـەکانی گۆرانییەکەش خاڵی بوون لە ئەوین و جۆش و خرۆش، لەسەرخۆ ناولەپی فاتمەی گووشی و ئاوڕی لێدایەوە، کاتێک ئەویش لێی ڕوانی، بەهێواشییەوە پێی گوت:

– نووکە خۆم گۆرانی دەچڕم، وەلێ تەنیا بۆ تۆیە.

کاتێک گەیشتە لای دووزەلەژەنەکە، گۆرانیبێژەکە ویستی مەیدان چۆڵ بکات، کەریم لێ نەگەڕا، دەستی گرت و ئاماژەی پێ دا لەگەڵیدا گۆرانی بچڕێت. لەگەڵ ڕیتمی شاییەکە، خێرا خێرا چەپڵەی لێ دەدا، تاکو لەگەڵ وشەکانی گۆرانییەکەی هاوئاواز بێت:

نەکەی باڵم بشکێنی
ئەی نازداری ئاوریشم ئاسا
نەکەی باڵم بشکێنی
ئەی شیرینی هەنگوین ئاسا
نەکەی باڵم بشکێنی



گۆرانیبێژەکەی دییش بەهەمان ڕیتم چەپڵەی لێ دەدا و سەمای دەکرد و دەیگوتەوە:

– نەکەی باڵم بشکێنی.

پاشان هەمووان، بەوانی ناو ڕەشماڵەکەشەوە دەیانگوتەوە:

ئەی جوانی وەک مانگ
نەکەی باڵم بشکێنی
ئەی بەرز و بڵندی وەک چیا
نەکەی باڵم بشکێنی
ئەی گەردن کەشی وەک دوند
نەکەی باڵم بشکێنی
ئەی بەژن زراف وەک ئارەوەن
نەکەی باڵم بشکێنی
ئەی ئەو کەسەی مامز ئاسا ڕەوتەکەی
نەکەی باڵم بشکێنی

ئەڵقەکە بەخێرایی دەسووڕا، بەجووڵەیەکی ڕێک، جارێک تەنگ بووەوە و جارێکیش فراوان، ئەودەمی تەنگ دەبووەوە، تەوقی سەریان وا نەوی دەبووەوە دەتگوت ئێستا دەموچاویان لە زەوی دەدات.

ڕەمزی بەتەنیشت زۆرابەوە دانیشتبوو، نیشانەی فەدی و سەرسووڕمان بەسیمایەوە دیاربوون، لێ لە ناخییەوە تا بڵێی دڵخۆش و کامەران بوو، هەستی دڵنیایی و ئاسوودەیی دایگرتبوو. زۆراب لەودەمی بەدڵخۆشییەوە چاودێریی کەریمی کوڕی دەکرد، گوتی:

– بڕوانە ڕەمزی چۆن هەڵدەپەڕن. دەبێ فێر بیت... ئەم شەرمەت لە کێوە وەرگرتووە؟ باوکت هیچ کات مانای شەرم و فەدیی نەزانیوە.

ڕەمزی لەگەڵ ئەوەی هەوڵی زاڵبوونی بەسەر شەرمەکەیدا دەدا، وڵامی داوە:

– من و ڕۆستەم ڕێککەوتین ئەم سوورەی بێتەوە هەڵپەڕین، ئەو کاتی هێور و

لەسەرخۆ دەبێتەوە.

سەید زەوقی تەواو بوو، ئەوی خۆشییەکەی زیاتر کرد، دەرپەڕینی لەناکاوی کەریم بوو:

– بڕۆنە، بڕۆنە کوێخا زۆراب، کەریم چۆن هەڵدەپەڕێت.

پاشان لێی نزیک بووەوە و بەگوێیدا چرپاند: جنۆکەکە بۆ یەکجاری ملی شکاند، ئیتر ناگەڕێتەوە.

کوێخا زۆرابیش بەتکاکردنەوە گوتی: ئینشاڵڵا سەید. کەرامەتت لە کەرامەتی پێغەمبەرەوەیە.

هەموان سەرقاڵی خواردنی شێوان بوون، ماتی و بێدەنگی باڵی بەسەر ئاواییدا کێشا بوو، هەردوو بووک لە گۆمەکە کوڵیان دەکرد، سنجان و فاتیمەشیان لەگەڵدا بوون. فاتیمە لە ناخیدا وای هەست دەکرد بووکی ڕاستەقینە خۆیەتی. خۆی ڕووتەوە کرد و خۆی فڕێدایە گۆماوەکەوە، هانی سنجانیشی دا وا بکات: پوورە سنجان ئەوان خەریکی نانخواردنن، لێرە کەس بێزارمان ناکات، گۆماوەکە پیرۆزە، سەید تەنانەت لە چلەی زستاندا مەلەی تێدا دەکات.

پاشان لە لێواری گۆمەکە دانیشت و بەلفکە پشتی یەکێک لە بووکەکانی شووشت. جەستەی لەبەر تریفەی مانگەشەوەکە، کە بەڕەنگە شیرییەکەی دنیای داگرتبوو، بریقەی دەداوە.

لەودەمەدا سنجان هەستی بەغەمباری کرد، پێی حەیف بوو ئەم ئافرەتە گەنجە ژنی هاپۆی بارگیر بێت. لەبەر عارەقە هەستی بەچووزانەوەی بنباڵ و ناوگەڵی دەکرد، پێویستی بەئاو بوو بیانبووژێنێتەوە. ئەویش خۆی هەڵدایە ئاوەکەوە. بەر لەوەی سنجان بێ و پشتی بشوات، هەستی بەپاشماوەی بینینەکەی لەگەڵ کەریمدا کرد. بەقووڵی هەناسەیەکی هەڵکێشا و بەخەیاڵیی چووە جیهانێکی ترەوە. چون کۆتەڵێک لە مەڕمەڕ، ئاوا لە شوێن خۆی مەیی بوو. سنجان گازی کرد:

– فاتمە، چییە وا داڵغەت لێ داوە؟ چاوەڕێی تۆم.

فاتیمە بەنەرمی پشتی دەشوشت، سنجان چون مێشکی خوێندبێتەوە، بەگوێیدا چرپاند:



– دەبێ سەبرت هەبێ، ئەم بارگیرە تا سەر ناژێت.

فاتیمە باوشی لێ دا و بەفرمێسک ڕشتنەوە دەستی ماچ کرد. دوای لێبوونەوە لە نانخواردن و چاخواردنەوە بەماوەیەکی کەم، سنجان بەزۆرابی ڕاگەیاند هەردوو بووک ئامادەن. زەلامەکان بەرەو گۆمەکە چوون، جگە لە ڕۆستەم و ڕەمزی و قادر و عەباس، کەس لە ڕەشماڵەکەدا نەمایەوە، ئەم دووانەی دواییان ڕێکەوتبوون کارێک بەئەنجام بگەیەنن، ویستیان بەڕۆستەم نەڵێن، چونکە بەڕەمزییەوە سەرقاڵ بوو، لێ قادر بەڕاستی نەزانی بەشدار نەکرێن و لێیان بشارنەوە، هەرچەندە عەباس ڕای وابوو ئەستەمە ڕەمزی بەشدارییان بکات. عانێک قادر بەڕۆستەمی گوت زۆری پێ خۆش بوو، قادر ئەوەشی گوت داخۆ پێی باشە ڕەمزییش بۆ ئەم کارە بانگهێشت بکەن؟ ڕۆستەم وڵامی داوە: ئەی بۆ نا؟ چما ئەو بەشەر نییە.

ڕەمزی ئەو بیرۆکەیەی بەدڵ بوو هەندێک بچنە دەرەوەی گوند و پیاسەیەکی لێ بکەن، نەخوازەڵا ئەو زۆری خواردووە، بێ ئاگا لەو پلانەی هەرسێکیان دایانڕشتبوو. هەینێ لە جۆخینەکان نزیک بوونەوە، ڕۆستەم گوتی: ئێستا دەچینە گەوڕی گوێدرێژەکانی هاپۆوە و هەریەکێکمان بۆ خۆی گوێدرێژێک هەڵدەبژێرێ و خەریکی دەبێت. تۆ دەتوانی بچووکترین جاشک هەڵبژێریت.

ڕۆستەم بەوەڵامەکەی ڕەمزی سەیری نەهات، کەچی قادر و عەباس عەنتیکەیان پێ هات، کاتێک گوێبیستی ڕەمزی بوون بەزەوقەوە گوتی: بەڵام من قەت شتی وام نەکردووە!

قادر دەمودەست بەزمانی شارەزایەک گوتی: فێرت دەکەین ڕەمزی.

پشتیرەکە بریتیبوو لە دیوارێکی نەوی، دەرگایەکی دارینی نزمی پێوە بوو، لە بەرامبەریدا کوختێکی بچووکی لە قوڕ و لقە دار دروست کرابوو و بووبووە درێژکراوەی حەوشە فراوانەکەی هاپۆ.

کاتێ لە دیوارەکە ئاودیو بوون گوێدرێژەکان بۆ لایانەوە هاتن. عەباس ماکەرەکەی بردە گۆشەیەکەوە و بەر لەوەی دەست بۆ تەرکی ببات، گوێدرێژەکە کلکی هەڵبڕی و میزی کرد. ڕۆستەمیش بەدەم ڕاکێشانی جاشکە مایەکەوە گوتی: ڕەمزی ئەمە ببە، بەهێواشی دەست بەدوایەوە بێنە و خۆتی لێ دوور بگرە، نەکو جوتکە بووەشێنێت،

وەلێ لەمە مەترسە ڕاهێنراوە.

هەرسێکیان بێدەنگ بوون. هەریەکەیان بێ ئەوەی گوێ بەهیچ بدات، بۆ کەری خۆی قەپات کردبوو. پاش قەیرێ سەروقلی تریان کرد. بێ چرپە و بەهەنگاوی لەسەرخۆوە بەرەو ڕەشماڵەکە گەڕانەوە.

تریفەی مانگەکە بەتین بوو، شتەکان بەڕوونی دەبینران، وەلێ خۆیان بەسێبەرە تارە چێوە ڕەنگ شیرییەکەی لە مەنگی شەوی پڕ لە ئەستێرەی جریوەداردا زیاد دەکات، پۆشیبوو. هەموو شتەکان سامناک و خامۆش بوون. لە دوورەوە ئەو زەلامانەی لە گۆمەکەوە دەهاتنەوە، دەتگوت تارمایین.



١٢

کازیوە سوورەکە تاریکیی ئاسۆی ڕۆژهەڵاتی شەق کرد، خەریکبوو جووڵە دەکەوتە ڕەشماڵەکەوە. ڕەمەزان بەر لە میرزا گەیشتە گۆماوەکە. بەر لەوەی سێیەمین جار خۆی بکاتە بن ئاوەکەوە و غوسڵی دەربکات، میرزای بینی بەدەر لە خدێی خۆی بەخۆشییەوە دەهات. لە نیوەی گۆماوەکە وەستا، ئاوەکە تا ناوکی هات، دەخەنییەوە و لە سیمای ئەوی دەڕوانی:

– ها کێرزل چەپەکت گرتووە، چەندت کرد؟

بەنازینێکەوە دوو پەنجەی هەڵبڕی: دوو.

ڕەمەزان بەدەم دەرچوونییەوە لە ئاوەکە بەتەوسەوە گوتی: تەنیا دوو؟

میرزا متەقی نەکرد، بەڵکو وەستا، تا ڕەمەزان ڕۆیی، دوای ئەوەی سیپاڵەکانی کردنە بەر، وەک ئەوەی چاوەڕوانی شتێک بێت، لە شوێنەکەی خۆی ڕەق ڕاوەستا بوو. میرزا گوتی:

– چییە ناتەوێ بڕۆیت؟

– نەخێر. دەمەوێ دڵنیا بم تا بزانم کردووتە یان نا؟

– بڕوام پێ ناکەیت؟

– نەخێر. نا بڕوات پێ ناکەم. دەمەوێ بەر لەوەی بچیتە ئاوەکەوە چەکەکەت ببینم، دوای ئەوە دڵنیا دەبم کردووتە یان نا؟ یاخود ئەمڕۆ شەرمم لێ دەکەیت؟ هەموو کات پێکەوە لە ئاوەسپی مەلە ناکەین؟

میرزا بەپەلە جلەکانی داکەندن، لەشە لەڕولاوازەکەی بەدەرکەوت، لە ناوەڕاستەوە چەکە زلەکەی، تا چۆکی شۆڕ بووبووەوە. گوتی: فەرموو بیپشکنە و ئەرخاین بە.

ڕەمەزان وەک هەمیشە ئەو کاتی پێکەوە مەلە دەکەن، لەسەری ڕۆیی:

– سوبحانەڵڵا ئامۆزا میرزا، ئەمە چەکی بنیادەم نییە، ئەمە چەکی کەرە.

میرزا بێ ئەوەی گوێ بەقسەکەی بدات، دابەزییە ئاوەکەوە. جەمەدانییەکەی کە قژە

درێژە بەردراوەکەی لە ژێردا بڵاو بووبووەوە و تا سەرشانی هاتبوو، بیر چووبوو. ڕەمەزان ئاگاداری کردەوە:

– جەمەدانییەکەت میرزا.

جەمەدانییەکەی داکەند و فڕێی دایە ڕۆخی گۆماوەکە و گوتی: پێت نەگوتم. بڕوام پێ دەکەیت یان نا؟

ڕەمەزان لەسەر گردۆڵکەکەی دەم ئاوەکە چوار مشقی لێی دانیشتبوو، سەرقاڵی پێچانەوەی جگەرەکەی بوو. بێ ئەوەی سەر هەڵبڕێت، وڵامی داوە:

– بێگومان بڕوام پێ کردی. وەلێ ناتوانم بڵێم دووانت کردووە، گرنگ ئەوەیە چەکەکەت شەرمەزاری نەکردی.

میرزا لەودەمەی گەڵ و گونی دەشوشت، گوتی: ئەی تۆ؟ وەزعت چۆن بوو؟

– لە تۆ باشتر بووم. سێ جار.

– درۆیە.

– ئەگەر دەتەوێ لێی بپرسە. گەورەیی قەبارەکەی هەموو شتێک نییە لە کردنا.

کاتێ پێکەوە گەڕانەوە ڕەشماڵەکە، بۆ دەیەمین جار لێی پرسی، داخوا مانەوەی ئەو و ڕەشماڵەکە پێویست دەکات؟ کوێخا زۆراب لە کاتی شەتەکدانی باری هێسترێکدا بەهەڵچوونەوە گوتی:

– هەزار جارم پێ گوتی ڕەشماڵەکە لێرە دەمێنێتەوە، ئەگەر دەتەوێ لێڵمان بێی فەرموو.

میرزا لە کاتی ڕۆیشتنندا بەفیزێکەوە، گوتی:

– ڕەشماڵەکە بەتەنێ جێ ناهێڵم، ئەمن لێروکانێ دەمێنمەوە.

کەریم لە توندکردنی باری هێسترەکان بووەوە، کە بەسەریدا درا بوو، کاتێ گوێی لەو قسانەی نێوان باوکی و میرزا بوو، لەمی دواییان نزیک بووەوە و پێی گوت:

– لەبەر بڕیاری چوونم بۆ لای شێخی بەرزنجە نەبوایا، مامە میرزا لات دەمامەوە، بەم زووانە دەگەڕێمەوە لات.

فاتیمە لە ئامادەکردنی نانی بەیانی یاریدەی سنجانی دەدا. گوێی لە دەنگی کەریم



بوو، کە بەئەنقەست بەرزی کردەوە. یەکتریان بینی و قەیرێک لە شوێنی خۆیان وشک بوون، جارێکی دی کەریم بەدەنگی بەرز ئاخاوت. بەخوا قەستەم بەم زووانە دەگەڕێمەوە ئێرە مامە میرزا.

سنجان چوون لەگەڵ خۆیدا بئاخێوێت گوتی: بێگومان کەریم گیان، دەبێ بەردەوام سەردانی سەیدی هاوەڵت بکەیت.

فاتیمە ئاهێکی هەڵکێشا و هەناسەیەکی قووڵی داوە، هەرچی میرزا بوو ڕەشماڵەکەی جێ هێشت، چونکە شتێک نەبوو پێوەی خەریک بێت. زەلامەکان لە شەتەکدانی بارەکان و ئاڵفدانی ئەسپ و هێسترەکان بوونەوە، هاوکات سنجان و فاتیمەش لە نانکردن لەسەر ساج و لێنانی چای بوونەوە. پەڵە هەورێک لە دووکەڵی پڕ لە هاڵاوی نان و بۆنی تەپاڵەی سووتاو، لە ڕەشماڵەکەوە، کە ڕووناکیی کازیوەی سوور و ئەرخەوانی دایگرتبوو، بەرز دەبووەوە. نیشانەی خەم بەڕووخساری سەید و هاپۆ و فاتیمەوە دیار بوو. سەید گوتی:

– ئەمڕۆ لە ڕۆژی جەژن دەکات، ئینشاڵڵا بەخێرێ دەگەڕێنەوە.

بۆ یەکەمین جار دەستەی هاپۆ و دەستەی کوێخا زۆراب پێکەوە نانی بەیانی دەخۆن.

هاپۆ لەو کاتەی تیکە نانە گەرمەکەی لە کەرە نەرم و شلەکە ڕادەکرد، گوتی:

– ئێمە ئیدی خوێنمان تێکەڵ بووە و بووینەتە یەک دەستە.

ئەودەمی لە دوعاخوازی و باوش لێدانی گەرم بوونەوە، کپی دایگرتن، لە شوێنی خۆیان وەستابوون، چاودێریی ئەو کاروانەیان دەکرد، لەسەرخۆ دوور دەکەوتەوە، تا لەودیوی گردە پرتەقاڵییەکەوە، کە دیواری بۆ ئاسۆی ڕۆژهەڵاتی نوقومبوو لە ڕەنگە گەشەکانی کازیوە کرد، ونبوون. هەمووان بێ ئەوەی قسەیەک بکەن بڵاوەیان لێ کرد. فاتیمە لە بەرامبەر تەنوورەکە، کە هێشتا بڵێسەی مابوو ئەسرینەکانی سڕین. ئەودەمی لەسەر چیاکەی ڕاستەوخۆ لێژ دەبووەوە سەر ڕووبارەکە، دۆڵی کفرانیان لێوە دیار بوو. ڕۆژەکە لەسەر چیای قاجر بەرز بووبووەوە. ڕووباری ئاوەسپییش ڕێگە شاخاوییەکەی لە تەمی شینی بەیاندا نوقوم بووبوو، شەق کردبوو و وەکو ئەژدیهای ئەفسانەیی پێچی خواردبووەوە و ئەمسەر و ئەوسەری دۆڵەکەی کردبووە

ڕاگوزار و چەند بەرەو خوار لێژ دەبووەوە فراوانتر دەبوو. ڕەوەکەوو پۆلە مراوییە کێوی، شوێن یەک کەوتبوون و لەسەر ڕۆخەکە باڵە ورشەدارەکانیان لێک دەدا و ئاوازێکی هەمەڕەنگیان دەردەکرد، لە پێچ و پەنا و بەرزی و نزمییەکانی دۆڵەکەدا دەنگیان دەدایەوە.

زنجیرە چیایەکی نووک تیژی بەیەکداچووی ڕووتەن، دەتگوت دیوارێکی هاوتەریبی یەکدین، بەری دۆڵەکەیان گرتبوو، ئەوی نابەڵەد بێت وا دەزانێت گەیشتن پێی ئەستەمە، ڕەمزی بەو دیمەنە گەشایەوە، بەحەپەساوییەوە گوتی:

– دۆڵی کفران چەند دڵڕفێنە، ئەی ئەم دیوارە شاخانە چۆن ببڕین؟

قادر بەشانازیکردنەوە گوتی: لە ڕێگەی تایبەتەوە ئەم شاخانە دەبڕین، لە ئێمە زیاتر کەس پێی نازانێت.

ڕۆستەم درێژەی دایێ: دوای قەیرێک دەگەینە ڕووبارەکە.

ڕەمزی لەو کاتی بەبان پشتی ئەسپەکەیەوە بەشەوقەوە چاوی بەدۆڵەکەدا دەگێڕا، گوتی:

– ڕووبارەکە ماسیی تێدایە؟

ڕۆستەم وڵامی داوە: زۆر، لە ژماردن نایەن. بۆ؟

ڕەمزی بەخۆشحاڵییەوە گوتی: قولابم لەگەڵ خۆم هێناوە. دەچین بۆ ڕاوە ماسی.

قادر و عەباس بەواقوڕماوییەوە لێیان ڕوانی، ڕۆستەم پرسی:

– ماسی لە ئاوەکە دەردەکەیت؟ چی لێ بکەین؟

– دەیبرژێنین و دەیخۆین.

هەرسێکیان لە نێو خۆیاندا سەرنجەکانیان گۆڕییەوە، ئەسپەکەی زۆراب لە نزیکیانەوە لۆقەی دەکرد، گوێی لە قسەکانیان بوو، لە کاتێکدا ئەسپەکەی خەریکبوو پێشیان بکەوێت، وەستاندی و گوتی: زۆر بەتامە. لە هەموو تەمەنمدا جارێکیان لە سەربازی خواردم، وەلێ نەفرەت لە ئێسکەکانی، دەبێ زۆر وریا بێت.

لە ئاوزەنگی دا و ئەسپەکەی پێشیان کەوت.

قادر گوتی: بێگومان باپیرم زۆر شت دەزانێت و لێمان دەشارێتەوە، ئەو هەموو



شتێ دەزانێت.

بەرزە وڵاخەکان یەک لە دوای یەک بەهێڵی درێژی پێچاوپێچ ئەو توولە ڕێیانەیان گرتبووە بەر، کە بۆ قووڵایی شیوەکە لێژ دەبوونەوە.

زۆراب و ڕەمەزان درکیان بەوە کردبوو مەلا هەرچەندە دەیشاردەوە، وەلێ کەیفی بەڕەمزیدا نەدەهاتەوە، ڕۆستەم بەخۆی دانی پێدا نا، مەلا لە چاو ڕەمزییەوە هیچ نییە. زۆراب سەیری پێدا هات پیاوێکی وەک جیهانگیر کوڕێکی زیرەکی وای هەبێت مشتومڕ لەگەڵ مەلادا بکا و لە زۆر شت بەهەڵەیدا ببات. هەموو خەمی سنجان ئەوە بوو ڕۆستەم وەک ڕەمزی لێ دەربچێت. ئەم لاوە هێمنە قۆزەی حەڤدەساڵی تەواو نەکردووە و بەشێوەیەک قسە دەکات بەلایانەوە نامۆ بوو.

لەو ڕۆژەوەی ڕەمزی هاتووەتە دۆڵی کفران، بۆیان دەرکەوتووە ئەو مەلایەی لە دوایەوە نوێژ دەکەن و هەر وشەیەکی دەیڵێت بەیاسای دادەنێن و قابیل بەگۆڕان نییە، چەندە نەزان و دواکەوتووە. ڕەمەزان حەسرەتی بۆ ئەوە خواست میرزا لەوێ نییە، تا جەوی گفتۆگۆکە بەلێدوانە گەمژەکانی خۆش بکات.

وەلێ نووکە میرزا بە ژنەکەیەوە، کە لە ئاسمانەوە بۆی دابەزیوە و گەنجێتی بۆ گەڕاندووەتەوە، سەرقاڵە. ئەوی زیاتر سەرنجی هەمووانی ڕاکێشا و لە بەهای ڕەمزیی بەرز کردەوە، ئەو قسانەی بوون لەسەر ڕابردوو و دواڕۆژی هەر یەکێک لە ڕێگەی ناولەپ خوێندنەوەوە، سەرەڕای پێ لەسەر داگرتنەکانی مەلا لەسەر ئەوەی غەیب لە خوا زیاتر کەس هیچی لێ نازانێت، ئینجاش ڕەمزی پێچەوانەکەی دەسەلماند و دەیگوت:

– یەزدان ئاوەزی پێ بەخشیوین، ئێمەش بۆ گەیشتن بەڕاستییەکان دەبێ بەکاری بێنین.

هەروەها ڕەمزی لە مەلای پرسی داخۆ هیچ لە لێکدانەوەی خەون یاخود شت لە بارەی ڕووح بانگکردنەوە دەزانێت؟ وەڵامی مەلا «نا» بوو: هەموو ئەمانە دەچنە قاڵبی جادووەوە، کە ئاین حەرامی کردووە.

ڕەمەزانیش بەئەنقەست لەگەڵ گەرمبوونی مشتومڕەکە پرسیاری دەوروژاند، یەکێ لە جارەکان پرسی: ئەرێ دوای ئاوابوون خۆر چی لێ دێت؟

مەلا گینگڵی خوارد و بەچاوی شپرزەوە دیقەتی ڕەمزی دا: دەتەوێ خۆت وڵامی بدەیتەوە؟

– نەخێر. دەمەوێ وڵامی تۆ ببیسم.

مەلا وایزانی ئەمجا هیچ گومانی تێدا نییە ڕەمزی پشتگیریی وڵامەکەی دەکات، گوتی:

– نەهەنگێکی گەورە لە دەریای تاریکی لە ژێر زەویدایە، ئەم نەهەنگە هەموو ڕۆژ خۆرەکە هەڵدەلووشێ، پاشان هەڵیدێنێتەوە، تا ڕۆژێکی دی دەست پێ بکات.

هەمووان بەلاپرەسەنییەوە چاوەڕوانی وڵامی ڕەمزی بوون:

– نا مامۆستا، ئەم قسەیە ئاوەز قبووڵی ناکات. زەوی وەکو گۆیەکە بەئاسمانەوە هەڵواسرابێت، بەدەوری خۆردا دەسووڕێتەوە، هەر سووڕانەوەیەکیش ساڵێک دروست دەکات.

مەلا چون وڵامێکی دەمکوتکەر بدۆزێتەوە، بەرپەرچی داوە:

– ڕاستە، زەوی وەکو تۆپ وایە. وەلێ بەئاسمانەوە هەڵنەواسراوە، بەڵکو لەسەر شاخی گایە و ڕۆژەکەش بەدەوریدا دەخولێتەوە.

ڕەمەزان لە زۆراب و شێخۆی ڕوانی، نیشانەی گاڵتەکردن بەڕوویەوە دیار بوو:

– سەرتان لێ شێواندین مەلاییێل، یەکتان دەڵێ زەوی بەدەوری خۆردا دەسووڕێتەوە، ئەوی دییش دەڵێ خۆر بەدەوری زەویدا دەچەرخێت. کامیان بەڕاست دابنێین؟

ڕەمزی تێگەیشت ئەم چەند و چوونە لە بازنەیەکی بەتاڵیان دەخولێنێتەوە و تەواو نابێت، مەلاش قایل نابێت، یاخود نایەوێت قایل بێت. بەڵکو پێوەستە بەقسەکانی خۆیەوە و سەرەنجام ئەو بەزەندیق و گەندەڵ تاوانبار دەکات، ئەو کارەی سووربوونی کوێخا زۆرابی زیاتر دەکرد بۆ پاڵپشتی نەکردنی ڕۆستەم بۆ خوێندن. وەلێ سەرەڕای ئەمەش دەیزانی هەرچەندە حەزی بەخوێندنی ڕۆستەم نییە، کەچی بوونی پیاوێکی زانا لە هۆزەکەیاندا کارێکی پێویستە، نەخوازەلا سنجان و ڕەمەزان و شێخۆ قەناعەتی تەواویان بەوە هێنا بوو، ئەم دۆخە نوێیە پێویست دەکات، چاویان



بەسەر جیهاندا بکەنەوە. لەو ڕۆژەوەی چووبوون بۆ ڕاوەماسی، پرسیارێلێکی زۆر لە مێشکی ڕۆستەمدا گینگڵیان دەدا، ئەو مشتومڕەی نێوان ڕەمزی و مەلا وای کرد بەخۆدا بچێتەوە، بڕوای وابوو ڕەمزی توانای وڵامدانەوەی هەموو پرسیارێکی هەبێت. ئەوەشی زیاتر وای لێ کرد ئەم بڕوا ڕەهایەی پێ هەبێت، دەمکوتکردنی مەلا بوو، تەنانەت ڕەمەزان زۆر بەڕاشکاوی و گاڵتەجاڕانەوە پێی گوتبوو، با جبە و عەمامەکەی لێ فڕێ دا و بچێت جووتیاری یان شوانی بکات.

ئەوی بەردەوام ڕۆستەم بیری لێ دەکردەوە، نهێنیی ئەستێرەکان و مانگ و ڕۆژ و جیهانی ڕووح بوو، کە لە شەودا دەستی پێ دەکرد.

لەو کاتەی شان بەشانی یەکدی هاوتەریب لەگەڵ ڕۆخی ڕووبارەکەدا دەڕۆیشتن، قادر و عەباس چەند هەنگاوێک لە دوایانەوە بوون، لە شوێنێکی قووڵ دەگەڕان بۆ ماسیگرتن. ناگەهان ڕۆستەم وەستا، لەگەڵ ئاماژەکردنی بەئەشکەوتی دەم ڕووبارەکە، گوتی: ئەمە ئەو شوێنەیە باسم بۆ کردی.

ڕەمزییش وەستا، کەوتە بیسمیللاکردن و ئایەت خوێندن. کاتێ عەباس و قادر نزیکیان کەوتنەوە، ئەمی دواییان بەزمانی ترس ئامێزەوە گوتی:

– لەم شوێنەدا بوو جنۆکە دەستی لە مامە کەریم وەشاند.

عەباس بێ ئەوەی ترس بەڕوویەوە ببینرێت، گوتی: با بچینە ئەشکەوتەکەوە.

هەینێ ویستی بەرەو ئەشکەوتەکە بڕوات، قادر گوتی:

– عەبە تۆ شێتی؟ نازانی باپیرم زۆراب ناهێڵێ بچینە ئەشکەوتەوە؟

ڕۆستەم بەو هیوایەی ڕەمزی کێشەکە چارەسەر بکات، گوتی:

– ڕاستە. بەشەو نزیکبوونەوە لە ئەشکەوتی لێ قەدەغە کردووین.

متەقیان ناکرد، چاویان لە چاوی ڕەمزی بڕیبوو، ئەویش بەچرپە بێ ئەوەی کەس گوێی لێ بێت، بەردەوام ئایەتی قورعانی دەوتەوە، پاش قەیرێک لەو کاتی بەرەو ئەشکەوتەکە دەڕۆیی، گوتی: ئایەتەلکورسیم خوێند، ئێستا دەتوانین بچینە ئەشکەوتەکەوە.

ڕۆستەم گوتی: وەلێ من ئەم ئایەتە نازانم.

ڕەمزی بێ ئەوەی چاوی لەسەر ئەشکەوتەکە هەڵبڕێ، گوتی:

– دوایی فێری دەبیت، لە هەموو شەڕێک دەتپارێزێت.

کاتێ لە دەرکی ئەشکەوتەکە بوون، چاویان بەناویدا گێڕا، گۆشەیەکی تاریکی تێدا بوو لە تونێڵێکی قووڵ دەچوو. ڕەمزی ویستی هەنگاوێکی دی بچێتە بەرەوە، شەوقێک چون ئەستێرەیەکی دوور، لە قووڵایی تونێڵە تاریکەکەوەی بەدی کرد. پاشان شەوقەکە بووە چوار ئەستێرە و بەتوندی دەبریسکانەوە. لە شوێن خۆی مەیی، هەردوو باڵی بڵاو کردەوە، تا ئەوانی تر نەیەنە پێشێ. قادر و عەباس بازیان دا و لە ئەشکەوتەکە چوونە دەر، بەتۆقینەوە لە یەکدییان دەڕوانی. قادر لە کاتێکدا بەزەحمەت هەناسەی دەدا بەزمانی تێکەڵ و پێکەڵەوە گوتی:

– دیتت؟

عەباس بێ ئەوەی متەق بکات بەئەرێ سەری لەقاند. هەرچی ڕەمزی و ڕۆستەم بوون بەدەم ئایەت خوێندنەوە، لەگەڵ تەپەی پێیان بەرەو پاش دەکشانەوە و چاویان لەو چوار ئەستێرەیە بڕیبوو، کە لە تاریکیی ئەنگوستەچاوی تونێڵەکەدا زیاتر دەچریسکانەوە. بەپەلە لەو شوێنە دوورکەوتنەوە و جار ناجارێکیش ئاوڕیان لە دواوە دەداوە. لە نزیک تاشە بەردێکەوە نیوەی بەر ئاوەکە دەکەوت، گیای ڕەگ بەڵەک ئابڵووقەی دابوو، دانیشتن دەموچاویان بشۆن و ئاو بخۆنەوە. قادر نانێکی دەرکرد، دوای ئەوەی کردییە چوار پارچەی یەکسانەوە، بەسەریاندا دابەشی کرد. هەریەکە و بەشی خۆی خوارد بێ ئەوەی لێوی هەڵێنێ. هەموویان سەیری ڕەمزییان دەکرد، ئەویش چاوی لە ئاسمان بڕیبوو، چاوەڕوانی بوون شتێک بڵێت.

بەخەیاڵەوە گوتی: ئەگەر سائیبی هاوەڵم لێرە بوایا بەشێوەیەکی دی دەجووڵایەوە.

– سائیب؟ سائیب کێیە؟

– ئەو کاتی بۆ خوێندن چووی بۆ کەرکووک، دەیناسیت.

ڕەمزی بەسووکزانینێکەوە بێ ئەوەی چاوی لەسەر بۆشایی ئاسمان هەڵبڕێت، بزەیەکی کرد و گوتی:

– هە، دەتوانێ بمکاتە گیرفانییەوە.



ڕۆستەم هێشتا واقوڕمانە کە بەری نەدابوو، گوتی: بڕوا دەکەیت بیتوانیایا نهێنیی ئەم تیشکانەمان بۆ لێک بداتەوە؟

– ڕەنگە. بەهەرحاڵ، ئەم ئەشکەوتە جنۆکەی تێدایە، دەبوو بەقسەی باپیرە زۆرابمان بکردایا و نەچووینایەتە ژووریێ. ئاواتەخوازم ئەوانەی ژوورێمان هەراسان نەکردبن.

قادر دوای ئەوەی جەمەدانییەکەی لار کردەوە و بەسەرخوراندنەوە چون لەگەڵ خۆیدا بدوێت، گوتی: باپیرم زۆراب هەموو شت دەزانێت، وەلێ ئێمە هەندێک جاران لێی ناگەین.

عەباس چون بیەوێ پاساو بێنێتەوە، گوتی:

– ئێمە هەرا و زەنامان نەنایەوە، تاکو جنۆکە لێمان وەڕس بن.

ڕۆستەم بەچیلکەیەک بەجووڵەی شێواوەوە هێڵی تەریبی لەسەر لمی ڕۆخەکە دەکێشا، جارێک بلەز و جارێکیش لەسەرخۆ. بێ ئەوەی سەری ڕاستەوە بکات، گوتی:

– ڕەمزی ئەوی من بیزانم و فێری بووبم، کاتێ مرۆڤ بیسمیللا دەکا و ئایەت دەڵێتەوە، ئەوا ڕووحەکان گوم دەبن، کەچی ئەم ڕووحانەی بینیمانن بەڕوومان‌دا وەستابوون، بێ ئەوەی بزر ببن.

ڕەمزی سەری لەقاند و گوتی: منیش وا بیر لەمە دەکەمەوە. سائیبی هاوەڵم دەڵێت جۆرێک جنۆکە هەن بیسمیللا و ئایەتی قورعانیش کاریان لێ ناکەن، بەڵکو دوعای تایبەت هەن تەنیا ئەوانە دەیزانن، کە لە سیحر قووڵبوونەتەوە و لێی شارەزان.

عەباس لەو کاتی چاوەکانی بەبەرەنگاربوونەوە و لاپرەسەنییەوە دەدرەوشانەوە، گوتی:

– چییەبێت ئەگەر بگەڕێینەوە بەخەنجەرەکانمان هێرشیان بکەینە سەر؟

ڕەمزی خەنییەوە و گوتی: ئەگەر کارەکە ئاوا سانا بوایا، ئەوا مرۆڤ بەیەکجاری جنۆکەی لە ناو دەدا و نەیدەهێشتن. سەیری ئەم ئاوە بکە، دەتوانیت بیدەیتە بەر خەنجەر؟ ئەی ئەم هەوایەی هەڵیدەمژین و هەندێک جار دەبێ بەبای هەڵکردوو،

دەتوانی نەک بەخەنجەرەکەت بەڵکو بەئاگری تفەنگ زامداری بکەیت، یاخود لە ناوی بدەیت؟

قادر بەکەم زانینێکەوە گۆمی بێدەنگییەکەی شڵەقاند و گوتی:

– دەی عەبە، برۆ بەخەنجەرەکەت لە ناوی بدە، با دوای ئەوە حاڵت ببینمەوە.

– بەمەزەندەی تۆ چیم لێ دەکەن؟

ڕۆستەم وڵامی داوە: چییان بەمن کرد بەتۆش ئاوا، ئەو کات دەبێ بچین بۆ لای سەید، پاشان کەس دەستی نەگرتووی، فەرموو برۆ ئەوە ئەشکەوتەکەیە لە پێشت.

ڕۆژەکە بەرەو ئاوابوون دەچوو، ڕووناکییە ئاڵتوونییەکەی دۆڵەکەی گرتبووەوە، کز بووبوو. ڕۆستەم چیلکە دارەکەی هاویشتە ڕووبارەکەوە و چون شتێکی گرنگی بیر کەوتبێتەوە، گوتی:

– ڕاوەماسیمان بیر چوو، نەنە سنجان و باپیرە زۆراب، بۆ ئەم نانی شێوانە چاوەڕێی ماسییانە.

ڕەمزی لە شوێن خۆی هەستا و لە گیرفانی چاکەتەکەی قولابێکی دەرکرد دەزوویەکی بەسەرەوە بوو، ڕووی لە قادر کرد و گوتی: پارچەیەک نانم بدەرێ.

قادر لە گیرفان و باخەڵی لە نان دەگەڕا، پاشان بەگێلییەکەوە لە سیمای ڕەمزی ڕاما و گوتی:

– نانەکەمان خوارد.

ڕۆستەم بەلاقرتێوە گوتی: وا دیارە ئەمرۆ تێر ماسی دەبین.

عەباس گوتی: ئەگەر ئەمرۆ بێ ماسی بگەڕێینەوە ماڵ، دەبینە گاڵتەجاڕ. مامەم ڕەمەزان بەپلارەکانی شێتمان دەکات.

ڕەمزی گوتی: ئەی هەویرەکە؟ ئینشاڵڵا خواردووتە؟

قادر تۆپەڵە هەویرێکی دایێ و بەشادییەوە گوتی: نەخێر، بیرم چوو.

– ئەلحەمدولیللا.

ڕەمزی لەودەمی پارچە هەویرەکانی فڕێ دەدایە ئاوەکەوە، ژمارەیەکی زۆری ماسیی گەورە و بچووک بەدەوریا کۆبوونەوە و لەسەر بەدەستهێنانی وردە



هەویرەکان پێشبڕکێ و ململانێیان بوو. هەرسێکیان بەسەرسامی و واقوڕماوییەوە لەو ماسییانەیان دەڕوانی، کە بەشێوەیەکی سەیر بەدەوریدا خڕ بووبوونەوە.

قادر ویستی شتێک بڵێت، لێ ڕەمزی سیخوڕمەیەکی لێ دا و بەچرپەوە پێی گوت:

– وسسسسس بە، ماسییەکان مەتارێنە.

پاشان پارچە هەویرێکی شێلا و بەپەنجەی دۆشاومژە و پەنجە گەورەی خڕی کرد و خستییە سەر قولابەکە، ئینجا تووڕی هەڵدا و فڕێیدایە ناوەڕاستی گۆمەکەوە. سەری دەزووەکەشی بەئەنگوستییەوە لوول دا. چاوی لەو شوێنەی ئاوەکە بڕیبوو، کە دەزووەکەی لێ بوو. قەیرێک لە بێدەنگی تێپەڕی، هەناسەیان لەبەر خۆ بڕیبوو، هەموو چاویان لە دەزووەکە بوو، جووڵایەوە و توند بوو، قادریش لەگەڵیدا توند بووەوە، ڕەمزی لەسەرەخۆ و شارەزایانە دەزووەکەی ڕاکێشا، قورس بوو، بەدەنگی نزمەوە گوتی: ماسییەکی زۆر گەورەیە.

پاشان بەتوندی و بەخێرایی دەزووەکەی ڕاکێشا، واقیان وڕما کاتێک چاویان بەکیسەڵێکی شپرزەی گەورە کەوت، پەلەکانی لە هەوادا ڕادەوەشاندن. ڕەمزی بەخەنینەوە کیسەڵەکەی گرت و هەوڵیدا لە قولابەکەی بکاتەوە: هەمیشە شتی وام بەسەردا دێت.

کاتێ لە قولابەکەی کردەوە و فڕێی دایە ئاوەکەوە، گوتی: ئەگەر ئەمجار بگەڕێتەوە، تا ماوی دەبێ لە وشکانیدا بیت.

کیسەڵەکە بزر بوو. لە ماوەیەکی کەمدا ژمارەیەکی زۆر ماسیی گەورەی گرت، ماسییە وردەکانیشی دەخستەوە ئاوەکەوە، گوتی: ساڵی داهاتوو دەگەڕێینەوە لاتان.

ڕەمزی چەند لقەدارێکی لە شۆڕەبییەکەی نزیکیان کردنەوە، گەڵاکانی داپاچین، چەند گەڵایەکی لە کۆتاییەکەیان هێشتنەوە، پاشان سەری شوراقەکەی لە دەمی ماسییەکەوە ڕەت کرد و لەو دیوەوەی دەرکرد. ماسییەکە خەریکبوو بخزێت، گەڵاکان گرتیان. هەرسێکیان دیقەتی جووڵەی دەستی ڕەمزییان دەدا و سەیری یەکدییان دەکرد، پرسیار و شادی و لاپرەسەنی لە چاویاندا دەخوێنرانەوە. زۆر قسەیان هەبوو بیکەن، لێ بێدەنگییان هەڵبژارد، لە ناخەوە بەخۆڕایی لەو وشانە دەگەڕان، تا ڕێزیان بۆ ڕەمزی دەربخەن. کاتێ ڕەمزی ویستی قولابەکە لە گیرفانی چاکەتەکەی

هەڵبگرێت، ڕۆستەم پێی گوت:

– ڕەمزی ڕێگەم پێ دەدەی سەیری ئەم شتە بکەم، کە پێی دەڵێن قولاب؟

لە ڕێگەی گەڕانەوەدا دوای قەیرێک بەبێدەنگییەوە ڕێکردن، ڕۆستەم گوتی:

– ئێمە ماسییەکانمان سەرنەبڕین ڕەمزی، بەم شێوەیە بەمردوو دادەنرێن، شەریعەت خواردنی گۆشتەکەی حەرام کردووە!

ڕەمزی بەدەم پێکەنینەوە دڵنیای کردەوە: نا ڕۆستەم ئەم یاسایە بەسەر زیندەوەری ناو ئاودا پێڕەو ناکرێت. یەزدانی مەزن لە قورئاندا دەڵێت: «احل لکم صید البحر وطعامه متعا لکم وللسیارە».

ڕۆستەم لەو کاتی هەستی بەنەزانیی خۆی لە بەرامبەر ڕەمزیدا کرد، گوتی:

– ئەگەر بەشێکی کەم لەوەی تۆ دەیزانی فێر ببوایام.

– هەموو شت فێر دەبی ڕۆستەم، دان بەخۆتدا بگرە. ئەو کاتی بەراوردم بکەی لەگەڵ هاوەڵەکانم، ئەوانی لە قوتابخانە پێشمەوەن، دەزانی من هیچ نیم.

قادر گوتی:

– ئەگەر تۆ هیچ نەبیت ڕەمزی، ئەدی ئێمە چیین؟



## ١٣

دوای ئەوەی شێخۆ و ڕەمەزان ڕەمزییان لەگەڵ خۆیاندا برد و گەڕانەوە دۆڵی کفران، مەردان لای جیهانگیر مایەوە. جیهانگیر لە خۆشییاندا خۆی بەپێوە نەدەگرت. مەردان دەیزانی سۆنگەی ئەم خۆشحاڵییەی جیهانگیر ئەو پارچە زێڕانە بوون، کە لە شێخۆی وەرگرتن. پاش ئەوەی ئێوارە نانێکی چەوریان خوارد، تا درەنگانێک قسە و باسیان گۆڕییەوە.

جیهانگیر بۆ چەندین جار شانازیی خۆی بەکوێخا زۆراب و هۆزەکەیەوە دەربڕی و گوتی چی لە توانادا بێت بۆ دەستکەوتنی چەک و تفاقی جۆری باش، دەیخاتە گەڕ. هەروەها زۆر شادومانە بەوەی کوێخا زۆراب، سەرباری ئەو هەموو مەترسییانەی لە لایەن هۆزی بابایییەوە خراونەتە گەڕ و ترس و تۆقینییان لە ناوچەکەدا بڵاو کردووەتەوە، ئینجاش بڕیاری داوە بگوازێتەوە بۆ گوندی بنعیز. جیهانگیر دەیویست بۆی بسەلمێنێ پێوەندیی لەگەڵ هۆزی کفراندا تایبەتمەندی خۆی هەیە و سەرەڕای ئەوەی لە خزمە هەرە نزیکەکانین، خۆی بەهاوەڵی کۆنی کوێخا زۆراب خۆی دەزانێت و یادەوەریی هاوبەشیان پێکەوە هەن، کە دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژانی گەنجییان. ڕۆژگار لێکی کردن و کوێخا زۆراب لەگەڵ ڕۆڵەکانی هۆزەکەی لەو شاخانەدا یاخی بوون و ڕێگە بەهیچ نزیکبوونەوەیەک، یاخود پێوەندییەک لەگەڵ دەوڵەتدا نادەن و تا نووکە تەنیا نەفەرێکیان بۆ سوپا نەناردووە، هەر بۆیەشە هەمیشە ئامانجی شاڵاوەکانی جەندرمە بوونە. لە کاتی تەنگانەشدا هۆزە نزیکەکانی دەوروبەریان ڕێزیان دەگرتن و یارمەتییان دەدان. پاشان جیهانگیر شانازیی بەوەوە دەکرد باوکی یوزباشییش هاوەڵیان بوو. ئینجا باسی ئەوەی کرد خۆی ڕۆڵێکی گەورەی بینی لە قایلکردنی قایمقام و یوزباشی لە مەسەلەی فەرمانەکەدا.

مەردان ئەوەی باش دەزانی. جیهانگیر بۆ ئەم قسانەی بۆ دەکات، گوتی:

– دڵسۆزیم بۆ شێخۆ بەگ لەبەرئەوە نییە منی بەم تفەنگە کڕییەوە، بەڵکو لە کوختەکەم سەری لێ دام و بەشێوەیەک مامەڵەی لەگەڵدا کردم پێشتر بەخۆوەم

نەبینیبوو. هەرچەندە هەڵوێستی من وەک هەڵوێستی ئەو کەسە بوو لەسەر کەرگاین گیرا بێت. هەروەها بێ ئەوەی بزانێت من خزمی تۆم، ئا لەو کاتەدا منیش دامە پاڵی.

جیهانگیر ئاهێکی پێدا هاتەوە: تۆ هەرگیز بێ ئومێدت نەکردووم مەردان، دەزانیت لەگەڵ کێدا هەڵسی و دانیشیت. خاترجەمبە ئەگەر بەڵایەکت بەسەردا هات، ئەمانە گوێیان لێ نییە هۆزەکەیان لە پێناوتدا بەخت بکەن. چونکە بوویتەتە یەکێک لەوان.

مەردان بەشانازییەوە سەری لەقاند و لەگەڵ دەستبردنی بۆ بەڕکی گوتی:

– خاڵە من باش دەزانم لەگەڵ کێ هەڵسوکەوت دەکەم، کەس هەیە لەم ڕۆژەدا پشت بەغەریبەیەک ببەستێ و مشتێ لیرەی ئاڵتوونی بداتە دەست؟

نیشانەی واقوڕمان بەڕووی جیهانگیرەوە دیاربوو، چەپکێ لە قژە بەردراوەکەی سەرشانی گرت و بەشپرزەییەوە بەدەنگێکی نامۆوە گوتی:

– بڕوات هەبێ مەردان، من ئێستا لەبەر تەماحکاری لە ناخەوە هەست بەشەرمەزاری دەکەم، بنیادەم چۆن خۆی پاک بکاتەوە، تا وەک ئەمانی لێ دەرچێت؟ زەمانمان وا ڕاهاتووە ڕۆژانە هەزار جار ناوی خوا و پێغەمبەر بێنین، کەچی ناخمان خاوێن نابێتەوە.

مەردان مژێکی قووڵی لە جگەرەکەی دا و ئەو چایەی مابووەوە هەڵی قوڕاند و گوتی:

– خاڵە جیهانگیر، من بینیومە و زۆریش لەگەڵ شتەکاندا هەڵمکردووە، لێم مەگرە گەر بڵێم بنیادەم وەک کانزا وایە. ئاسن چەندە خەریکی بیت دەبێ ڕۆژێک ژەنگ هەڵێنێ. دوور نەڕۆین من جگە لە دز و نۆکەری ناتوانم ببمە شتی تر، ئەگەر بدزم خوا شایەتە تەنیا لە کەسی زۆردار دەدزم. ئەگەریش ببمە خزمەتکار ئەوا دڵسۆز دەبم، ئەمە گەوهەری منە و خوا وای دروست کردووم. بۆ نموونە تۆش لە کۆکردنەوەی پارەدا تێر نابیت، خوا وای دروست کردوویت.

– قسەکەت زێڕە مەردان. ماوەیەکی زۆرە پێکەوە دانەنیشتووینە و قسەمان لەسەر ئەم شتانە نەکردووە. پێویستمان بەم دانیشتنانە هەیە.

– تاوان تاوانی من نییە. تۆ کاتت نییە، لەبەر سەرقاڵیی بەردەوامت بۆ کۆڕگرتن



لەگەڵ قایمقام و یوزباشی و گەرەبێتە فەندی و قۆڵچی و لەو بابەتە کرمانە.

– بەڕاستی ئەوانە کرمن مەردان. وا دەزانی تێر دەبن؟ ئەوانە بەردەوام دەبێ بکەیتە قوڕگیانەوە و هەر تێریش نابن.

مەردان دوای ئەوەی تفەنگەکەی، کە بەدەستییەوە بوو ڕاست کردەوە، لە شوێنەکەی خۆشی ڕاستبووەوە.

– خاڵە ڕێم دەدەی پرسیارێکت لێ بکەم؟

بەدەم چای تێکردنەوە گوتی: فەرموو بپرسە.

– خوانەخواستە ئەگەر چورتمێکت هاتە سەر ڕێگە و هەموو سامانەکەت لە دەست دا، ئەمان یارمەتیت دەدەن؟

جیهانگیر بەغەمەوە خەنییەوە: یارمەتی لەوانەوە؟ ئەوان ئەو کات پشتم تێ دەکەن، دووریش نییە تێر شەقم بکەن.

– ئەی کەواتە بۆ بەدوویاندا ڕادەکەیت؟ تۆ پێویستت بەوان نییە.

جیهانگیر پشتی دایە سەرینەکەیەوە و پاڵی لێ دایەوە، قسەکانی بەدڵ بوون، گوتی:

– تۆ قەیرێک بەر لە ئێستا گوتت بنیادەم وەکو کانزایە، تۆ چۆن ناتوانی نەبیتە دزێکی باش، یاخود نۆکەرێکی گوێڕایەڵ، منیش وام، ناتوانم نەبمە بازرگانێک سەرقاڵی کڕین و فرۆشتن نەبێت. بۆیە من پێویستم بەوانە، ئەوانە بەلای منەوە کەسانی دیارکراو نین، بەڵکو ئامرازن و خواستی دەسەڵات دەنوێنن. بۆ نموونە ئەگەر قایمقام و یوزباشی گواسترانەوە شوێنێکی دی، ئەوا بەلای منەوە کۆتاییان دێت، دەست دەکەم بەپێوەندیکردن لەگەڵ ئەو دووانەی دێنە شوێنیان. من گۆشتیان دەدەمێ و ئێسقانیش بەتەوێڵیاندا دەکێشم.

مەردان بۆڵەیەکی کرد و سەری ڕاوەشاند: خاڵە گیان وا دیارە کارەکانمان بەدەست خۆمان نین، وا خوڵقاوین.

خەریکبوو نیشانەی خەو هاتن بەڕووخساری جیهانگیرەوە دەردەکەوت، بەباوێشکدانەوە گوتی:

– ڕاستە، ئاوا خولّقاوین مەردان، جلّەوی کارمان بەدەست خۆمانەوە نییە.

هەریەکە و لەسەر پێخەفی خۆی ڕاکشا، کە پێکهاتبوو لە لبادێکی ئەستوور بەپاڵ دیوارەکەوە ڕاخرابوو، بەشێوەیەک بەرابەر بەیەک بوون. مەردان سەرنجی دا هاوەڵەکەی لەسەرخۆ کەوتە هەناسەدان، پاشان خێرا خێرا شەپۆلی هەمەڕەنگی پرخەی دەنارد. مەردان لە سیمای جیهانگیر ورد بووەوە، وای هاتە بەرچاو هەند بەستەزمانە ڕووخساری دەڵێی دەموچاوی منداڵە و دەروێش ئاسا هەند نەبووەیە، جگە لە جلە شڕەکانی هیچی نییە. قژە درێژەکەی بەسەر بالیفە کوردییەکەدا بڵاو بووبووەوە، هەرچی ڕیشە سپییە کورتەکەی بوو، کە دەوری دەمە بەشکراوەکەی دابوو، مایەی بەزەیی پێداهاتنەوە بوو.

ئەو هێشتا بێدار بوو، هەستێکی نامۆ لە سۆز بەرامبەر جیهانگیر دایگرتبوو، ڕووخساری بەشێوەیەک هاتە بەرچاو زۆر جیاواز بوو لەگەڵ کاتی بێداری، لە منداڵییەوە هۆگری جیهانگیر بوو، کاتێک باوکی لە ناکۆکیی عەشایەریدا کوژرا، لەگەڵیا بەگوندەکاندا سووڕایەوە و وردەواڵەی دەفرۆشت، کە جوولەکەیەک بەناوی عزراوە دەیدا پێیان. لەودەمەدا مەردان هەستی کرد خەڵکی ڕقیان لێیانە و بەجوولەکەیان داناون، بۆیە وازی لێ هێنا و لای جووتیارێکی دەوڵەمەند شوانیی کرد، پاشان بووە سەرۆک هۆزی باباییەکان، وەلێ لەم نێوەدا بەردەوام هاتوچۆی جیهانگیری لە کوخەکەیدا، ئەوی لە سەنجەق بنیاتی نابوو، دەکرد. هەرچی دایکیشی بوو، دوای ئەوەی شووی بەپیاوێک کرد لە دەرەوەی هۆزەکەی، ئەم بەیەکجاری لێی دابڕا. کاتێک جیهانگیر وازی لە دێوەرەیی هێنا و کوختەکەی فراوانتر کردەوە و لە سەنجەق جێگیر بوو، مەردان ئامادەیی خۆی بۆ مانەوە و بەشداری لە کارە تازەکەیدا لە خانەکە دەربڕی، کە بەکرێی گرتبوو بۆ ئاڵوێری دانەوێڵە و بەربوومی هاوینەی وەک شووتی و کاڵەگ و تەماتە و خەیار... ئەو کات ڕەمزی منداڵ بوو، بەنێو کۆمای دانەوێڵە و شووتییەکانی خاندا گاگۆڵکێی دەکرد. جووتیارەکانیش دەڕژانە خانەکەوە، کە لە هەموو ناوچەکەدا تاقە شوێنی کڕین و فرۆشتنی دانەوێڵە بوو، نەخوازەڵا ساڵەکەی هات بوایا. جیهانگیر بەئارەزووی خۆی نرخی دادەنا. لەگەڵ خاوەن خاندا ڕێکەوت چەند ژوورێکی بچووک بۆ مانەوەی ئەو



جووتیارانەی لە شوێنی دوورەوە دێن، دروست بکات.

ئیدی بەتێپەڕبوونی کات خانەکە بووە ئوتێل و بازاڕ، نەک بەتەنیا بۆ کڕین و فرۆشتنی دانەوێڵە و میوە، بەڵکو بووە ناوەندێک بۆ بازرگانیکردن بەئەسپ و هێستر و مەڕ و ڕۆن و خورییەوە. جیهانگیر بووە دەوڵەمەندترین کەسی ئەو دەڤەرە. لێ ئەوی سەیر بوو هەر وەکو جاران مایەوە و تووشی بەخۆوەنازین نەهات، هەر ئەمەش بوو وای لە مەردان کرد لای بمێنێتەوە، کەچی تەماعکاری و چاوچنۆکییە بێ ئەندازەکەی و چەوسانەوەی تەنانەت نزیکترین کەسی خۆی، وای لە مەردان کرد چەندان جار لەگەڵیدا تووشی دەمەقاڵێ ببێت، ویستی وازی لێ بێنێ و بچێتە شوێنێکی دوور لەو، وەلێ پێویستیی پێی و پاڕانەوەکانی جیهانگیر دڵیان نەرم دەکرد و ژیوان دەبووەوە، هەر لەبەرئەمەش بوو شێخۆ بۆ بەدەستهێنانی کاتێ داوای لێ کرد لە لای کار بکات، زەحمەتیی نەبینی.

ئا ئەوەتا جیهانگیر، ئەم پیاوە بەستەزمانە یاخود دەروێشە خاکەسەرەی خەڵکی لە بارەی پارە و سامانی خەیاڵییەوە قسە دەکەن. ئەو لە هەموو شوێنێکە. ئەگەر والیی دیاربەکر پێویستیی بەشیرێکی عەرەبی بێت، جیهانگیر لە توانایدایە لە چەند ڕۆژێکی کەمدا بۆی دابین بکات. یان ئەگەر والیی مووسڵ لە هەر ڕۆژێکی ساڵدا بێزووی بەخورمای شیرینی حللاوییەوە کرد، جیهانگیر لە توانایدایە بۆی پەیدا بکات، ئەگەر قایمقام تووتنی خۆشناوەتی یا تووتنی تاواسی بوێت، تەنیا ئەوەندەی لەسەرە ئاماژەیەک بۆ جیهانگیر بکات. جیهانگیر لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا دەستی بۆ هەموو کونج و کەلەبەرێکی ناوچەکە درێژ کردووە، تەنیا کونجێک دەستی پێ نەگەیشتبێ، دۆڵی کفرانە.

مەردان قامکەکانی بەقۆرییە چاکەی تا نیوەی لە خۆڵەمێشەکەدا ئاخنرا بوو و تا نووکەش پشکۆکەی دەگەشایەوە، خشاندن. کاتێ هەستی کرد گەرمە، پیاڵەیەکی بۆ خۆی تێکرد و نیو نانی لەو نانە سپییەی ناو سینییەکەی لەسەر قامیشبەندەکە بوو، هەڵگرت. لەسەرخۆ دەیجاوی و جار جار قومێک چای بەسەردا دەکرد. نەیزانی بۆچی زەردەخەنەیەکی سووک زایە سەر ڕووخساری، لەو کاتی چاوی لە سیمای جیهانگیری بەستەزمان بڕیبوو، چون لەگەڵ جیهانگیری بێداردا بدوێ، گوتی:

– ئیتر چیت دەوێ خاڵە؟ ئەوا دەستت گەیشتە دۆڵی کفرانیش. فێری چاخواردنەوە و دەرهێنانی لیرەی ئاڵتوونت لە کونە تاریکەکاندا کردن، ئەوی بیست ساڵە خەونی پێوە دەبینی هێناتە دی، ئەمڕۆ شێخۆ بەگ و ڕەمەزان بۆ لات هاتن، سبەینێش کوێخا زۆراب بەخۆی سەرت لێ دەدات، داخۆ ئەمە کۆتایی تەماعکاریتە خاڵە؟

دوای ئەوەی نانەکەی خوارد و دوو چای بەبانیدا کرد، هەستی کرد خاو بووەوە، پشتی دایە بالیفەکەوە و چاوی بڕییە بنمیچە لە چرپی دروستکراوەکەی بەدووکەڵی ئاگردانەکە ڕەش هەڵگەڕابوو. کوختەکەی خۆی بیر هاتەوە، پاشان جارێکی تر لە ڕووخساری جیهانگیر ورد بووەوە، هێمان هەر بەستەزمان بوو...

ئەگەر تەماعکار نەبوویتایا خاڵە ئێستا کەسێکی دی بووی. هەمیشە پاساوت ئەوە بوو وا لە ڕەمزی بکەیت بەختەوەر بێت و هەموو شتێکی بۆ دابین بکەیت، تا ببێتە قایمقام، یاخود ئەفسەرێکی پایە بڵند. وەلێ وا دیارە ڕەمزی نایەوێ نە ببێتە ئەم و نەش ئەوی تر. ئەو بەخۆشی نازانێت چی دەوێت. ئەگەر وا بڕوات بەهیچ نابێت، هیچ حەزێکی نییە ببێتە بازرگان، ڕقیشی لە هەموو ئەو شتانەیە پێوەندییان بەبازرگانی و پارەوە هەبێت. وا دەزانێت هەموو ئەو فەرمانبەرانە چەقەڵن.

بەڵێ ڕەمزی ئاوا لەگەڵی دەدوا، ئەو کاتی پێکەوە لە خانەکە ئیشیان دەکرد..

نا، نا خاڵە جیهانگیر ڕەمزی لە قوڕێکی دی دروست کراوە، ئەگەر نەمرین دەبینین بەچی دەبێ..

بیری لە شێخۆ کردەوە، شێخۆی کوڕی کوێخا زۆراب، کە تا ئەم ساتەش دان بەجیهانگیر و دەسەلات و شکۆیدا نانێت. ئەو شێخۆیەی بەلیرە ئاڵتوونەکانی جیهانگیری بەزاند، ئەوێک ناسراو بەبوێرییە بێ کۆتاییەکەی و ڕووبەڕووبوونەوەی وێڕای هەر شتێک کە پێوەست بەهەژموون و دەوڵەتەوە هەبێت، ئەوی تا ئەم ساتەش یەک تاکی هۆزەکەی بۆ ڕیزەکانی سوپا نەناردووە، شێخۆ، سەرۆکی فەرمیی هۆزی دۆڵی کفران، کە قایمقام و دەستوپێوەندەکەی لە دیاری نوقوم کردوون، شێخۆ، ئەوەی کە بەپێچەوانەی سەرۆک هۆزەکانی دی، کڕنۆشی بۆ قایمقام نەبرد. ئەوە بوو پاشان هاتنە لای و لە شەرمان نەیاندەتوانی لە بەرابەر چاوە بازئاساکانی سەر





هەڵبڕن، ئەویش بەسەری بەرزییەوە پێی گوتن:

– چیتانە؟ ئەی ئاغاکانی گەرمیان، تا کەنگێ لە بەرابەر غەوارەی نەناسراودا سەر دادەنوێنن؟

ئەو شێخۆیەی شێر ئاسا پەنای بردە بەر دۆڵی کفران و بێ ویستی خۆی جێی نەهێشت. ئەو شێخۆیەی کەسێک لە هۆزەکانی دی، چ عەرەب چ تورکمان چ کورد نەیتوانی توخنی زەوییەکانی بکەوێت. مەردان، ئەم شێخۆیە بەخواستی خۆی دێتە کوختە ناپوختەکەتەوە و تفەنگێکی سێ تیری نوێت لەگەڵ کۆمەڵێک گوللەدا پێ دەبەخشێ و داوات لێ دەکات دڵسۆزی بی و لە پەیداکردنی چەکدا یارمەتیدەری بیت، تا بەرگری لە هۆزەکەی بکەیت. ئەی مەردان؟... مەردان تۆ کێی تا شێخۆ بەم شێوەیە بێت بۆ لات؟

چون لە خەونێک بێدار بێتەوە لە شوێنەکەی ڕاپەڕی، دانیشت و چاوەکانی هەڵگلۆفتن، بزەیەک گرتی و هەستی بەخۆنازین و شانازی بەشێوەیەک بەخۆوەی نەبینیبوو، دای گرت. چون لەگەڵ یەکێکدا قسە بکات، گوتی:

– شێخۆ بەگ زەویت بەهەژان بۆ دەهەژێنم، هەر بەشێک لە جەستەم دەبێ بەچەک بۆت، براکەم. کارێ وا دەکەم بڕوات بەمن لە جێی خۆیدا بێت، دەبینی لەگەڵ چ پیاوێکدا هاوپەیمانیت.

وا ڕاهاتبوو کونەپەپوو ئاسا بەشەو بێدار بێ و بەڕۆژیش بنوێت. حەزی ئەنجامدانی هەر کارێک لە ژێر باڵی شەودا دنەی دەدا. تفەنگە تازەکەی هانی دەدا سەرکێشییەک بکات. بیری لە چۆنێتی پەیداکردنی چەک بۆ شێخۆ دەکردەوە، ئەو شێخۆیەی پشتی بەتەواوی پێ بەستبوو.

چەندان بیرۆکە و نەخشە بەمێشکیدا هاتن، چۆن بێ کڕین پەیدای بکات؟ کەچی شێخۆ سوور بوو لەسەر ئەوەی دەبێ بەپارە بیکڕێت. لەنکاوڕا بیرێک لە مێشکیدا برووسکەی دا، بێ ویستی خۆی لە شوێنەکەی هەستا. پشتێنەکەی لە پشتی ئاڵاند و مشکیی لە سەری بەست و تفەنگەکەی بەشاندا کرد. قەیرێک لە جیهانگیری نوستوو ڕاما، بەچرپەوە گوتی: خاڵە جیهانگیر.

جیهانگیر لە خەونی قووڵی خۆیدا بوو، هێشتانەکینێ بەتلێکی شەو ڕانەکشا بوو،

مانگیش بەتیشکە زیوینەکەی هەموو شتێکی پۆشیبوو. ئەو دڵنیا بوو لەوەی موراد چاوشی هاوەڵی تا نووکە بێدارە، چ لە بنکەی پۆلیس بێت، یا لە ماڵی خۆی، چونکە وەکو بەرپرسی یەکەمی ئاسایش، نەخوازە لە شەودا دەبێ یەکێکی وەکو ئەو هەر هیچ نەبێت بەدرێژاییی شەو، یاخود بەشی زۆری بێدار بێت، تا بەخۆی ئاگاداری هەموو شتەکان بێت. ئەگینا کێ دەزانێ، ئەو هێرشە بەردەوامانەی دز و ڕۆڵەی هۆزەکان دەیکەنە سەر بنکەکانی پۆلیس، یاخود پاسگەکان و تەنانەت یەکەکانی جەندرمەش، دوور نییە بەڕێکەوتن لەگەڵ پۆلیسەکان، یاخود جەندرمەکان خۆیان ئەنجام بدرێن. چەند جار لە ژێر ئەشکەنجەدا ئەم یان ئەو دز دانیان پێدا ناوە، لەگەڵ ئەم، یاخود ئەو پۆلیس دەستی تێکەڵ کردووە. ئا بەم شێوەیە شتەکان تێکەڵ دەبن و سەری داوەکە بزر دەبێ و بێ تاوان لە تاوانبار جیا ناکرێتەوە.

پاشان ئەگەر کارەکان بەسەرپەرشتیی خۆی بەڕێوە بچن، ئەوا سەری داوەکان بەدەست خۆیەوە دەبن و ئەو کات دەزانێ چۆنیان بسووڕێنێ و سوودیان لێ وەرگرێت. کۆنە ڕێوییە و ڕێناسێکە بیست ساڵە خەریکی ئەم کارەیە و بست بەبستی ناوچەکە شارەزایە.

لەو کاتی لە خانەکە کاری دەکرد دۆستایەتییان خۆش بوو، چونکە موراد چاوش یەکێ بوو لە میوانە هەمیشەیی و نازهەڵگرەکانی دانیشتنەکانی جیهانگیر. چەند جارێک بەمەردانی گوتووە ئەگەر پێویستیی بەچەک بوو بۆ یەکێ لە دۆست و ناسیاوەکانی، ئەوانەی ترس لەسەریان نییە لە حوکمەت هەڵگەڕێنەوە، ئەو دەتوانێ بۆیان پەیدا بکات، چونکە لە شەڕی نێوان هۆزەکاندا دەستیان بەسەر چەکێکی زۆردا گرت، وەلێ دەبێ ئەمە نهێنی بێ و لە بەینیاندا دەرنەچێت.

مەردان بیری لە پەیداکردنی دیارییەکی سووک دەکردەوە بۆ موراد چاوش، چونکە ڕانەهاتبوو بەدەستی بەتاڵەوە سەردانی بکات، لە مێشکی خۆیدا گوتی:

– موراد چاوش ئەمە نهێنییەکە و لە نێوان من و تۆ دایە، تەنانەت ئەو لایەنەی چەکەکەشی دەوێت لێتی دەشارمەوە.

چاوی بەنێو ئەو حەوشە گەورەیەدا گێڕا، کە لە ڕووناکیی مانگەکەدا نقووم بووبوو. پەزەکان وا بەیەکەوە نووسابوون دەتگوت پەڵە هەورێکن و لە ئاسمانڕا دابەزیون،



لەوسەری حەوشەکەشەوە چارەوێکان بەسترابوونەوە. حەسارێکی نزم، حەوشە و دیوەخانەکەی لێک جودا دەکردەوە. کۆمەڵێک مریشک بەسەریەوە هەڵنیشتبوون، چاوی بەمریشکێکی قەڵەو کەوت جێی دوو باڕۆکەی گرتبووەوە. لە پاڵ دیوارەکە خۆی مات دا و بەئاسپاییی دەستی درێژ کرد، گرتی بەملیا و قیڕەبڕی کرد، تا لەم درەنگەشەوەدا هەرا نەنێتەوە. لە مێشکی خۆیدا گوتی:

– ئەمە مەزەیەکی باشە، موردا چاوش بێ مەزە ئیدارە ناکات. هەمیشە دەڵێت:

– عەرەق بێ مەزە قوڕگ دەڕووشێنێت، باشترین مەزەش مامری سوورەوەکراوە، مریشکەکانی جیهانگیر تامێکیان هەن، هیچ مریشکێک لە دنیادا ئەو تامەی نییە.

بەر لەوەی حەسحەسەکان لێی بپرسن بۆ کوێ دەڕوات، ئەو پێشیان کەوت و پرسی داخۆ موراد چاوش لە ماڵە، یاخود لە بنکەیە؟ پێیان ڕاگەیاند وا لە بنکە لەگەڵ گەرەبێتە فەندییە. هەینێ هەردووکیان چاویان پێ کەوت چۆن لە ناقڕگەوە گرتۆتی و ناهێڵێت قیڕە قیڕ بکات، بەسەرخۆشی لە قاقای پێکەنینان دا.

موراد چاوش لە شوێنەکەی خۆی هەستا، تاکو باوش لە مەردان بدات، گوتی:

– مەردان چۆن زانیت مەزەکەمان دوایی هاتووە؟

پاشان ڕووی دەمی لە گەرەبێتە فەندی کرد: ئەمە مەردانە گەرەبێتە فەندی، دزێکە دەتوانێ کل لە چاو ببات، بەڵام دزی ناکات، خۆ ئەگەر دزییش بکات، ئەوا دزییەکی بێ گوناح دەکات، بۆمان دێنێ، تا مەزەی لێ دروست بکەین.

مەردان لە چاوگێڕانی بەقاپە بەتاڵەکاندا تێبینیی ئەوەی کرد بەڕاستی مەزەیان تەواو بووە. مەردان بەر لەوەی خەنجەرەکە لە ناوقەدی بکاتەوە. تا مریشکەکە سەربڕێت، موراد چاوش بەجەستەی زەبەلاحییەوە داچەمییەوە و بەدەستە گەورەکانی مریشکەکەی گرت، کە باڵی لێک دەدا، بەرەڵای کرد و گوتی: هەڵبەت ئیشێکی خراپت کردووە مریشکە پۆپە، ئەگینا مەردان نەیدەگرتی.

گەرەبێت لەو کاتی عارەقی دەکردە دەفرێکی گڵێنەوە و بۆ مەردانی ڕەت کرد، گوتی:

– کارە خراپەکەی ئەوەیە قەڵەوە.

مریشکەکە لەبەر ڕووناکیی چراکە خەریکی چینەکردن بوو... مەردان خەنجەرەکەی بەدەستەوە گرتبوو، گوتی: سەری ببڕم، یا دەتەوێ هەڵی بگریت؟

– بۆنی جیهانگیری لێ دەکەم. پیاو چۆن دەتوانێ شتی وا هەڵگرێت؟

پاش ئەوەی مەردان سەری لە لەشی جیا کردەوە، لە شوێن خۆی کەوتە پەلەقاژە، موراد چاوش ئاماژەی بەو پۆلیسە لاوە دا کە خزمەتی دەکردن، پەلە لە لێنانی مریشکەکە بکات و هەندێکی بۆ مەزە بێنێت. موراد چاوش و گەرەبێت پێکەکانیان هەڵبڕی و لە چاوەڕوانیی مەرداندا بوون، ئەویش پێکی خۆی بەرز بکاتەوە، کەچی ئەم بەشێوە شەرمێکەوە سەیری موراد چاوشی کرد، چون پێی بڵێ لە خواردنەوە بمبەخشە. ماوە ناماوەیەک کاتێ موراد چاوش کەس نابوو لەگەڵیدا بخواتەوە، بەدووی مەردانیدا دەنارد. بەر لەوەی جیهانگیر تووشی ئازاری گەدە ببێت، بەردەوام پێکەوە دەیانخواردەوە.

موراد چاوش بەزمانی فەرمانکردنەوە گوتی:

– بخۆرەوە مەردان. گەرەبێتە فەندییش خۆمانەیە، یەکێ لە خۆشەویستترین هاوەڵەکانمە.

مەردانیش پێکەکەی بڵیند کردەوە و هەڵی قوڕاند، پاشان بۆ چارەسەری ڕووشانی قوڕگیان پاقلەی کوڵاویان بەسەردا کرد. کاتێ گەرەبێتە فەنی ویستی شووشەیەکی دی هەڵپچڕێ، موراد بەچاوی ئاماژەی پێ دا بۆ ئەمشەو ئیتر بەسە. ئەوەشی گوت، کە دەبێ ڕادەی سەرخۆشی لە قۆناغی بەشێربووندا بووەستێ، ئەگینا ئەگەر بگاتە پلەی بەرخی، ئەوا خوێڕیترین دز دەتوانێ ئەوەیان پێ بکا، کە گورگ بەبەرخی دەکات.

ماڵی موراد چاوش ڕاست بەپشتی بنکەکەوە بوو و دیوارێکیان نێوان بوو. دەلاقەیەکی تێدا بوو، لەوێوە قاپ و سینی ڕەوانە دەکران. کاتێ لە خواردنەوە بوونەوە، پۆلیسە لاوەکە لەگەنێکی گەورەی تێگووشیی هێنا، لە ناوەڕاستەوە کەللە بەرخێک و بەدەوریشیدا پێیەکانی دانرابوون، هالاوی بۆن و بەرامەی خۆشی بەهاراتی لێ هەڵدەستا. مەردان هەستی کرد لیکاوی دەمی زمانی تەڕ کرد، گوتی: – بمزانییایا ئەم خواردنە هەیە، مریشکەکەم سەر نەدەبڕی.



موراد چاوش دەستی بۆ گوێچکە بەرخەکە برد و گوتی:

– نا مەردان، بەپێچەوانەوە، مریشک ئەگەر سەر نەبڕدرێ لاواز دەبێ.

کاتێ گەرەبێت ڕۆیشت، موراد چاوش داوای لە پۆلیسەکە کرد، ئەویش بڕواتەوە بۆ ماڵ، بەمەرجێ بەر لە کاتژمێر دەی بەیانی لە بنکە بێت. زانی هاتنی مەردان لەم کاتەدا بێ مەڵامەت نییە، پیاڵەیەک چای لە پێشی دانا و گوتی:

– دەی قسان بکە مەردان، جیهانگیر پێویستیی بەشتێکی دیاریکراو هەیە؟

مەردان پێی ڕاگەیاند سەردانەکەی پێوەست نییە بەجیهانگیرەوە، هاتووە تا بەلای کەمەوە دە تفەنگی لێ بکڕێت و پارەکەشی دەمودەست دەداتێ. موراد چاوش پیاڵە چاکەی لەسەر سینییەکە دانا و گوتی: چییە مەردان شۆخیم لەگەڵدا دەکەیت؟

– نا موراد بەگ، شۆخی نییە، هەر بەڕاستی چەکم دەوێت.

موراد چاوش سەرخۆشییەکەی دەموچاوە هەڵاوساوە سوورەکەی بەر دا و گوتی:

– مەیەکە لە مێشکم فڕی مەردان. پێم بڵێ چییە دەتەوێ بەمەندە چەکەوە پەلێ لە چەتە دروست بکەیت؟ دەتەوێ دژی کێ ڕاپەڕیت؟ دە تفەنگ لە ژێر فەرماندەیی تۆدا بێت؟ مانای وایە هەموو دەڤەرەکە داگیر دەکەیت.

لەسەر کورسییە دارینەکە ڕاست بووەوە، زەردەخەنەیەکی منداڵانە نیشتە سەر ڕووی و گوتی:

– موراد بەگ، من نە دەمەوێ پەل پێک بهێنم و نە هیچ ناوچەیەکیش داگیر بکەم، لەبەرچی ناوچە داگیر دەکەم؟ خوا عالیمە، ئەگەر هەمووی بەناومەوە تۆمار بکەیت ڕەتی دەکەمەوە. چەند جارێک خۆت پێت گوتووم چەکی زیادەی دەستبەسەرا گرتووت هەن و حەزت لێیە بەکوڕی باشێکیان بفرۆشێت. ئەوەتا کوڕە باشەکە لاتە، خۆ ئەگەر کارەکان گەیشتوونەتە ڕادەیەک گومان لە من بکەیت، ئەوا قسەکەم دەکێشمەوە.

– مەردان، من پێم گوتی دەتوانم پارچەیەک، یا دوو پارچەت بدەمێ، بەڵام نەک جبەخانەیەک.

– ئەگەر بەلای تۆوە دە تفەنگ جبەخانە بێت، ئەوا من جبەخانەیەکم دەوێت و دەبێ هەر دەستم بکەوێت، ئیتر لە تۆوە بێت، یاخود لە یەکێکی دییەوە.

موراد چاوش بینی مەردان زۆر بەشێلگیرانەوە قسان دەکات، بەلاپرەسەنییەکەوە پرسی:

– ئەی ئەو پارەیە لە کوێ دێنیت؟

مەردان بەخۆنازینێکەوە گوتی: بەزێڕ دەتدەمێ.

موراد چاوش بزەیەکی هاتێ و لە پاکەتە جوانەکەی دوو جگەرەی دەرهێنا، یەکیانی بەمەردان دا و پاشان بەچەرخەکەی گڕی لێ دان، قومێکی لە جگەرەکەی دا و لاقی لەسەر لاق نان و بەگاڵتەوە گوتی:

– چییە مەردان دەڵێی جوولەکەت کوشتووە؟

مەردانیش بەسوعبەتەوە وڵامی داوە: لە پیاوکوژ دەچم؟

– نا نا مەردان. من دەتوانم چەندت لە چەک و تەقەمەنی بوێت بۆتی پەیدا بکەم، بەڵام دەبێت بزانم ئەم چەکانە بۆ کێن؟

– پێویست دەکات بزانیت؟

موراد چاوش بەسووربوونەوە سەری لەقاند و گوتی:

– زۆر. دەبێ ئەمە هەر بۆ خۆم بزانم.

– بۆ کوێخا زۆرابمە.

بەسەراسیمەییەوە گوتی:

– بۆ لێم دەشاریتەوە؟ من لاریم نییە لەوەی کوێخا زۆراب ئەوەندەی هەبێت، شایانی زیاتریشە. بەخۆی ڕای سپاردووی بەمن بڵێی؟

مەردان بەڕەتکردنەوەی یەکجارییەوە گوتی: ئەعوزوبیللا. لە خوای بان سەرمان زیاتر کەسی دیکە نازانێ باسی ئەمەم لەگەڵ کردوویت.

موراد چاوش ئاهێکی بەبەردا هاتەوە و گوتی:

– ئیش دەبێ وابێت. نهێنیی تەواوەتی ئەوەیە تەنیا لە نێوان دوو کەسدا بێت.

موراد چاوش بەئاسپایی لە شوێنەکەی خۆی ڕابوو و بەهەنگاوی تێکئالاوەوە چووە کونجێکەوە. پاش ئەوەی خۆی بەتاڵ کرد، هاتەوە و بەپێوە وەستا، گوتی:

– مەردان، کوێخا زۆراب بەڕاستی پێویستیی بەچەکە، لە ڕاستیدا من نازانم



قایمقام ئەو زەوییانەی لای بنعیزی پێ دان مەبەستی بەرژەوەندیی ئەوان بوو، یاخود تووشکردنیان؟ پەشێوی کەوتووەتە دیاربەکرەوە، والییش هەریەک لە قایمقام و یوزباشی بانگ کردووە. لە کەرکووکیش هەندێ خەڵکیان گرتووە.

تێبینیی نیشانەی ترس و نیگەرانیی بەڕووی موراد چاوشەوە کرد، بەئەرخاینکردنەوە گوتی:

– ئاگریان داری خۆیان دەخوات. تۆ ئەگەر هەستت بەهەر مەترسییەک کرد، ئەوا دەرگاکانی دۆڵی کفرانت لە بەرامبەردا کراوەن.

– من خۆم لە هیچ ناترسێم، بەڵام پشێوی جگە لە وێرانکردن و دووبەرەکی هیچی لێ نابێتەوە. هەندێک هەن ئەم هەلە دەقۆزنەوە، تا دزی و دەستدرێژی بکەن. هەموو ئەمانەش سەرێشەمان بۆ دروست دەکەن. ئەو کات حەسرەتی خەونی ماڵەوە دەکێشین، یاخود دانیشتنێکی وا. دوور نەڕۆین، لەو ڕۆژەوەی قایمقام و یوزباشی سەفەریان کردووە، دەبێ من لە بنکە بنووم.

هەینێ مەردان گەڕایەوە دیوەخان، جیهانگیر هەر نوستبوو. شوێنی مامرە بزرەکەش مامرێکی دی پڕی کردبووەوە. بەخۆشییەوە لەسەر جێیەکەی هەڵاژا، سەرگەرمیی سەرکەوتنێک دایگرتبوو، پێشتر نەیبینیبوو. ئاواتی دەخواست جووتێ باڵی هەبووایا و بفڕیایا بۆ لای شێخۆ، تا ئەو مژدە خۆشەی بداتێ.

دە تفەنگی ڕووسی و هۆڵەندی و دەمانچەیەکی وێبلی. خەوە نووچکەی بوو، فتیلەی لەمپا زەیتییەکەی داگرت و ئاگرەکەی کز بوو، فوویەکی لێ کرد و لێی خەوت.

١٤

هێشتا ڕۆژەکە ئاوا نەبووبوو، شێخۆ لە دوورەوە دوو پنتکی ڕەشی بینی، یەکیان گەورەتر بوو، بەرەو ئاقاری گوندی باشماخ دەجووڵان. ڕووی دەمی لە کەریم کرد، کە چەند هەنگاوێک لەولایەوە وەستابوو و چاوی بڕیبووە ئەو دوو پنتکەی هێدی هێدی نزیک دەبوونەوە، گوتی:

– کەریم، تۆ چاوت تیژترە، دەتوانی بزانیت ئەو دووانەی ڕووەو ئێمە دێن کێن؟

تیشکی ڕۆژە ئاوابووەکە ڕاست لە چاوی دەدا، بینینی ئەو دووانەی لای ڕاستی ڕۆژە زەردەکەی لە شەپۆلی ڕەنگە قرمزییەکەدا خنکابوو، قورستر دەکرد. کەریم دەستی خستە بەر ئەو شەوقەی لە چاوی دەدا، گوتی: ئەمەیان مەردانە.

– ئەی ئەوی تر؟

– ئەوی تر هێسترە. وا دیارە بارەکەی سەنگینە.

شێخۆ بەسەراسیمەییەوە پرسی: باری سەنگین؟ دەبێ چی بۆ هێنابین؟

کەریم بەتەوسەوە گوتی: لەوە دەچێ تۆپ بێت!

شێخۆ متەقی نەکرد، دەیزانی کەریم لە دەرەوەی هۆز بڕوای بەکەس نییە. دوا توانجیشی لەسەر مەردان ئەوە بوو، ئاگای لە دنیا نییە و جگە لە خواردن و خەوتن هیچ نازانێت. زۆراب و ڕەمەزان سەرقاڵی گیرسانەوەی لاقی شکاوی کاوڕێک بوون، لەو کاتەدا سنجان هەواڵی گەڕانەوەی مەردانی پێ دان. زۆراب لەو کاتی قەفە قامیشە لوولدراوە پڕ لە هەویر و زەردێنەکەی لەسەر شوێنە شکاوەکەی دانا و شەتەکی دا و ڕەمەزانیش توندی گرتبووی، گوتی:

– ئیشاڵڵا خێرە بێ.

ڕەمەزان لە کاتێکدا لاقی کاوڕەکەی گرتبوو، گوتی:

– وا دیارە ئەمەی بەترێن داماننابوو، دەیەوێ پێچەوانەی ئەوەمان بۆ دەربخات.

زۆراب هەرکە لە شەتەکدان بووەوە، بەبان پشت کاوڕەکەیدا کێشا، کە تازە لە



دەستی ڕەمەزان قوتار بووبوو، گوتی: ئەگەر مێ نەبوویتایا چارەنووست بەرەو قەدەر دەڕۆیشت.

پاشان لە شوێنی خۆیان هەستان و بەرەو لای شێخۆ و کەریم چوون. هەموویان لەبەر دەرکە وەستابوون. زەوییەکە ئاوڕشێن کرابوو و بەملا و بەولاشدا بەدوو هێڵی تەریب، لەگەڵ دیوارەکەدا قاڵی و بەڕە ڕاخرابوون. لە ناوەڕاستیشەوە سەماوەرێک دانرابوو. بەلاپرەسەنی و سووسەکردنەوە چاویان لە سیمای کراوەی مەردان بڕیبوو، ئەویش بزە منداڵانەکەی لە دەموچاوە خڕەکەی نەدەبووەوە، لەسەر پشتی ئەسپەکەی کە شەلاڵی عارەق بوو خۆی هەڵدایە خوارێ، سەرەڕای ئەو بایە خۆشەی لە دۆڵەکەوە دەهات، هێشتا کاریگەریی قرچەی گەرمای نیوەڕۆی پێوە دیاربوو.

شێخۆ هاتە پێش و بەخۆتێهەڵقورتانەوە گوتی:

– بارەکەت سەرنجڕاکێشە مەردان.

ئەویش بەخۆنازینێکەوە وەڵامی داوە: ئەوی پێت ڕاسپاردم بۆم هێنای، وەلێ تکام وایە ڕەمزی و منداڵەکان نەزانن چییە.

شێخۆ بەتوندی باوەشی لێ دا و خەریکبوو ئەوی بەگوێی خۆی بیستی بڕوای پێ نەیەت. گوتی: کوڕی باوکم ئاوا دەمودەست؟

– شێخۆ بەگ، شتی وا دەبێ زوو لە کۆڵەوە بکرێت.

شێخۆ لغاوی ئەسپ و هێسترەکەی گرت و بلەز بردیانییە حەوشەکەوە. زۆراب و ڕەمەزان بەواقوڕمانەوە چاویان لێکدی کرد و پاشان پێکەوە ئاوڕیان لە باری هێسترەکە دایەوە، کە لە دەرگاکە چووە ئەودیوەوە. بەگوڕ باوەشیان لە مەردان دا.

دوای ئەوەی کاسە گەورە لێوانلێو لە ماستاوەکەی کەریم بۆی هانی، نا بەسەرەوە و چۆڕبڕی کرد، ئاهێکی پێدا هاتەوە و لەگەڵ لووت گڕدان و بۆنکردندا گوتی:

– لەم گوندە کەستان هەیە ماسیخۆر بێت؟

لە تریقەی پێکەنینیان دا، دوای ئەوەی دەموچاویان دابوو بەیەکدا و نەیاندەزانی بەو بارەی دایچڵەکاندن بڕوا بکەن یان نا. زۆراب زەوقی لە جێی خۆیدا بوو، بەگەمانەوە گوتی:

– جیهانگیر فێرە چاخواردنەوەی کردین. ئەوەتانێ ڕەمزیی کوڕیشی، دەیەوێ فێرە ماسی خواردنمان بکات. بەخۆی وا لەگەڵ منداڵەکاندا خەریکی سوورەوەکردنن.

کەریم دوای ئەوەی ڕای لەسەر مەردان گۆڕی، دۆستانە گوتی:

– مەترسێ مەردان. ئاشی ئاسایی خۆمان لێ ناوە. ئەمڕۆ تامی ماسی دەکەین. جا با بزانین بۆمان قووت دەدرێت؟

– کەواتە من خۆشبەختم، لە کاتی خۆیدا گەیشتم. جیهانگیر لە منداڵییەوە فێرە ماسی خواردنی کردووم.

ڕەمەزان گوتی: نەمرین فێری زۆر شتی تریش دەبین.

ڕەمزی کە لە سوورەوەکردنی دوا ماسی بووەوە، گوتی: ڕۆستەم تۆ بەر لە دەستکردنت بەخوێندن، دەبێ فێری لێنانی هەموو جۆرە شیوێک ببیت، ئەگینا لە برساندا دەمریت.

سنجان بەقێزلێکردنێکەوە لە ماسییەکانی ڕوانی و گوتی:

– ئەمە خواردنی من نییە، ئەوی لە منداڵییەوە فێرە کەوچک بەکارهێنان نەبێت، بۆ تفنکی دەبات.

ڕەمزی وێڕای ئاماژەکردنی بۆ ماسییەکی سوورەوەبووی گەورە، گوتی:

– میمی، هیچ نەبێ جارێک تامی بکە، ئاخر ناوی لە قورئاندا هاتووە.

سەری ناڕەزامەندی لەقاند: نا کوڕم، ئەمە خواردنی من نییە.

بەر لەوەی قاپە ئاش بۆ زەلامەکان ببەن، قادر هاتە سەر دوو ماسی. هەرچی عەباس بوو زۆر ئاگاداری سوقانەکان بوو، هەرچەندە ڕەمزی دڵنیای کردنەوە، کە ماسییەکانی وا سوورەوە کردوون دەتوانن ئێسقانەکانیش داکرمێنن.

مەردان بەتامەوە دەیخوارد، ئەوەشی گوت کە تەنیا فەرمانبەرە گەورە و دەوڵەمەندەکان ماسی دەخۆن. ڕەمزییش گوتی:

– پێغەمبەری عارەب درووی خوای لێ بێت، ماسیی دەخوارد و ڕای دەسپاردن ماسی بخۆن، نەخوازە پیاوەکان.



ڕەمەزان سەری لەقاند و بەوریاییەوە سەیری سەری ماسییەکەی کرد و دووبارەی کردەوە:

– نەخوازە پیاوەکان، گوێیەکت هەیە هێندەی سەلکە پیازێک تیژە.

ڕەمزی ئاگاداری کردەوە ئەگەر ویستی سەرەکەی بخوات، ئەوا دەبێ ئاگای لە کەپووەکەی بێت. ڕەمەزان پرسی داخۆ دەبێ ئەم بەشەی حەرام بێت، وەک چۆن کەمتیار نیوەی دەخورێ و نیوەکەی دیکەی فڕێ دەدرێت؟ بەر لەوەی ڕەمزی وەڵام بداتەوە، زۆراب داوای لە ڕەمەزان کرد بخوا و بێدەنگ بێت، با لە کوڕەکە بگەڕێ، تا ئەویش بێ جاڕسی نانەکەی بخوات. لە سیمای زۆراب و شێخۆ ئەوە بەدی دەکرا خواردنەکەیان بەدڵە. هەرچی کەریم بوو دەیخوارد، وەلێ لە دڵەوە نەبوو. لەسەر قسەکەی کوێخا زۆراب ڕەمزی ئەرخاینی کردن، کە لە پرسیارەکانیان بێزار نابێت، هەروەها سوور بوو لەسەر ئەوەی کەمتیار هەمووی حەرامە و نابێ هیچی لێ بخورێت. ڕەمەزان ورتەی لێوە نەهات. هەرکە لە خواردن بوونەوە و لەسەر قسەی ڕەمزی دەستیان بەسابوون شوشت، چونکە بۆنی ماسی بەسابوون نەبێ ناڕوات.

ڕەمەزان جگەرەیەکی پێ کرد و خۆی دا بەسەر بالیفەکەدا و گوتی:

– کوڕم ڕەمزی، ئەگەر کەمتیار حەڵاڵ بێ یا حەرام، ئێمە ڕۆژگارێکمان بەڕێ کرد لە گۆشتی کەمتیار و ڕێوی زیاترمان نازانی چییە. هەموو جۆرە گۆشتێکمان تاقی کردەوە، تەنیا گۆشتی گورگ نەبێ، دەتوانی لە باوکت بپرسیت.

مەردان چون شتێکی گرنگی یاد هاتبێتەوە، گوتی:

– ئەدی سیخوڕ؟

– گۆشتەکەی دەرمانە. ڕەمەزان وڵامی داوە.

کوێخا زۆرابیش گوتی: من دەبێ ستایشی ڕەمزی بکەم. نەمدەزانی ئاوەسپی هێند ماسیی بەتامی تێدایە. تەنیا جارێک لە ژیانمدا ئەو کاتی گەنجێکی خوار تەمەن بیست ساڵان بووم، خواردنی وام خواردووە. ئەو کات بەڕێگەوە بووم بۆ دەلتاوە، بۆ تووتن فرۆشتن و خورما کڕین.

ئەوە بوو لە ڕێگە خواردنم لێ بڕا و ڕۆژێکی تەواو بێ خواردن مامەوە. ئەو

ڕێوییانەشی لە دوورەوە دەبینران، بەئاسانی نەدەگیران، پاشان لە گوللە خراپەکانم تیژتر بوون.

زۆراب چون بیەوێ بیر لە پاشماوەی سەرهاتەکە بکاتەوە، قەیرێ قسەکەی بڕی و خۆی بەپاککردنەوەی دارجگەرەکەیەوە خەریک کرد و کۆکی. لەم کاتەدا عەباس ویستی بەئیزنی ڕۆستەم قسەیەک بکات، کەچی قادر سیخوڕمەیەکی لێ دا، تا وسکت بێ و گوێ لە چیرۆکەکەی باپیری بگرێت. زۆراب بەردەوام بوو:

– وتم لەو بیابانە بێ کۆتاییەی پێی دەڵێن (قرفة) لە برساندا دەمرم. وەلێ کاتێ چیرۆکی نالە گورگەی باپیرەمانم بیر کەوتەوە، کە چۆن نیوەی ئەو دەڤەرانەی بڕیوە و گوێدرێژەکەشی بەسەرشانییەوە بووە، شەرمم لە خۆم دەهات. لە ڕۆیشتن بەردەوام بووم، دەمویست ئەو برسێتییەی ناو هەناوی دەکوڵیم، لە بیر خۆ بەرمەوە. ئێوە ناتوانن برسێتی ڕاستەقینە بێننە بەرچاوی خۆتان. لە گورگ دڕندەترە. لەو ڕۆژەدا ئامادە بووم هەموو شتێک بخۆم. دەمێ خۆر ئاوابوو ئاهێکم بەبەردا هاتەوە، چونکە زۆربەی ئاژەڵەکان لە شەودا دەردەچن. وەلێ دەبوو وریا بم و بەر لە تاریک داهاتن نێچیرەکەم بەدەست بهێنایا.

لە کاتی چاو گرڕدانمدا بەدەوروبەرما چاوم بەبزنمژەیەکی قەڵەو و گەورە کەوت، هێندەی گوربەیەک دەبوو. چون ئاڵتوونم دۆزیبێتەوە، لەسەر هێسترەکەم خۆم هەڵدایە خوارێ. لە هاوەڵێکی کۆچەریم، کە تووتنی لێ دەکڕیم بیستبووم، عارەب بزنمژۆک دەخۆن و گۆشتەکەی بەتامە و ڕاوکردنیشی ئاسانە.

کوێخا زۆراب وەکو عادەتی پێوە گرتبوو، دەمێ ئەم چیرۆکانەی دەگێڕاوە بێدەنگ دەبوو، جارێکی دی بێدەنگیی هەڵبژارد. چاوەکان ڕوو لەو بوون، تامەزرۆ بوون دوای ئەوە چی دەبێ. ڕەمزی برۆکانی لێک نان، لە چاوە دۆستانەییەکانی زۆرابی دەڕوانی، ئەویش بەردەوام بوو:

– بەوریاییەوە لێی نزیک بوومەوە، بەئاسپایی گرتم بەملیا، بەستەزمانە چرکەی نەکرد، بەخەنجەرەکەم سەریم لە لەشی جیا کردەوە، پاشان کەوڵم کرد و ناو زگە کەمەکەیم فڕێ دا. گۆشتەکەی سووری کاڵ بوو، لە هەندێک شوێن بەبەز داپۆشرابوو. ئەو کاتی لەسەر ئاگرەکە خەریکی برژاندنی بووم، لیک زاییە دەممەوە.



تا نووکەش ئەو بۆنەم لە لووتدایە. وەک یەکێ گۆشتی نەدیبێ، بەربوومە گیانی، بەڕاستی بەتام بوو. وەلێ پیاو حەق بڵێ ماسییەکەی ڕەمزی بەتامتر بوو.

ڕەمزی هەستی خۆشییەک دای گرتبوو، لێ بێدەنگ و حەپەساو بوو لە بەرامبەر ئەوەی لە بارەی گۆشتی ئاژەڵی کێوییەوە بیستی، ئیدی حەڵاڵ و حەرامی لا تێکەڵ بوو. باوکی جارێکیان باسی ئەوەی بۆ کردبوو هەندێک هۆزی کورد گۆشتی ورچ دەخۆن.

لە شوێنی ئەو هۆزانەی پرسی. گوتی لە کونجێکی دووری کوردستاندا دەژین، لە نێوان ئەو چیا سەرکەشانەی تەنانەت دەستی شەیتانیشیان ناگاتێ.

مەردان ڕووی دەمی لە ڕەمزی کرد و گوتی:

– خاڵۆزا بینیت؟ لێروکانێ شتی سەیر و سەمەرە بینیت. چەند جارم پێ گوتی دەبێ سەر لە خزمانت بدەیت لە گوند، خۆیشت لە حیساباتی خانەکە ڕزگار دەکەیت.

کاتێ مەردان چەکەکانی یەک یەک لە بەردەم کوێخا زۆراب و ڕەمەزان و شێخۆ و کەریم تاقی کردنەوە و لە چۆنیەتی بەکارهێنانیان دوا، بە سەرسامییەوە دیقەتی جووڵەی خێرای دەستیان دەدا. هەموو هۆزەکە تەنیا پێنج تفەنگیان هەبوون. یەکیان لای میرزا دانا، وەکو کوێخا زۆراب دەیگوت کۆی ئەوانەی هەیانە هەندەی یەکێ لەمانە نابێ، کە مەردان هێناونی.

مەردان لەو دەمەی دەمانچە وێبڵییەکەی نیشاندان، هەستی بە خۆ نازینێک کرد پێشتر ئەو هەستەی لا دروست نەبووبوو. لە نێوان خۆیاندا ڕێککەوتن شێخۆ دەمانچەکە هەڵگرێت. ئەوی زیاتر تووشی واقوڕمانی کردن ئەوەبوو، ئەو هەموو چەکەی بە نیوەی ئەو بڕە زێڕە کڕی بوو، کە پێیان دابوو. کاتێ ویستی ئەوی لای ماوە بیگەڕێنێتەوە، کوێخا زۆراب داوای لێ کرد هەڵی بگرێ و کەی دەستی کەوت چەکێکی بۆ خۆی پێ بکڕێت، چونکە دەنگوباسی ئەو ئاژاوە و پشێوییانە باش نین. هەروەها بڕیاریان دا مەردان سبەی کوڕەل ببا و فێری چەک بەکار هێنانیان بکات. هەینێ بەرەو چەمەکە لێژبوونەوە بە خۆ نازینێکی واوە چەکەکانیان بەشاندا دابوو، دەتگوت ئەم دنیایە هی ئەوانە. مەردان سەیری ئەملا و ئەملای خۆی دەکرد. پێی گوتن ئەوکاتی منداڵ بوو جارێکی تر لەگەڵ جیهانگیری خاڵیدا هاتووەتە دۆڵی

کفران و ئێستا هەندێک شوێن وەک خەون دەکەونەوە بیری. پاشان گەڕا تا شوێنێکی باش بۆ نیشاندان بدۆزێتەوە. منداڵەکان لە ناو خۆیاندا ڕێککەوتبوون بیبەنە شوێنی ئەشکەوتەکە و باسی ئەو چوار شەوقەی بۆ بکەن. ڕەمزی ئەمەی لە ئەستۆی خۆی گرت. بە لێواری کەنارەکەدا بەرەو ژوور ڕۆیشتن. ڕۆژەکە دوو بست بەسەر چیای بازووخەوە بەرز بووبووەوە. مەردان لەو کاتی لە دوورەوە پۆلە مراوییەک و هەندێک ئاسکی لەو بەرەوە بەدی کرد، گوتی:

– دوێنێ، خواردنی شێوانمان ماسی بوو، ئەمڕۆ بە کۆمەڵێک مراوی، یاخود بە ئاسکێکەوە دەگەڕێینەوە.

ڕەمزی لە چاوەڕوانیی سەرنجەکانی ڕۆستەم و قادر، کە هانی دەستپێشکەرییان لە قسەکردندا دەدان، گوتی: کاکە مەردان. گرفتێکمان هەیە، ئەگەر چارەسەری نەکەین، هیچمان پێ ناکرێت.

مەردان بە شێوەیەک دوور لە خواستی خۆی و بە سەرسامییەوە پرسی: گرفت؟

– دوێنێ بە نوێژی نیوەڕۆ چەند ڕووحێکیان بینی. سەرەڕای خوێندنی ئایەتەلکورسی و ئایەتی تریش هەر نەڕۆیشتن، بەڵکو چاویان تێ بڕیبووین. دەتوانی یارمەتیمان بدەیت جارێکی دی بچینە ئەشکەوتەکەوە؟

مەردان ئەوکاتی لەگەڵ ڕەمزیدا لە خانەکە پێکەوە ئیشیان دەکرد، سەری زمان و بنی زمانی ئەوەبوو: لە ژیانیدا جنۆکە یاخود خێوی نەدیتوون، ئاواتەخوازە ئەم شتە وەبینێ، هەڵمەت بباتە سەری و بەدەستی خۆی بیگرێ.

مەردان وڵامی داوە: ڕووح لە ناو ئەشکەوتەکە؟ ئەی شێوەی چۆن بوو؟

– لە تاریکییەکە بریقەیان دەداوە. چوار شەوق دەتگوت ئەستێرەن.

هەر سێکیان پشتگیریی قسەکەی ڕەمزییان کرد و دووبارەیان کردەوە کە ئەوانیش بینیویانە. دەمێ گەیشتنە ئەشکەوتەکە، کوڕەکان وەستان و بە ترسەوە سەیری تاشەبەردە هەڵکۆڵراوەکەی خوار کەندەڵانە لێژەکەیان کرد. مەردان بە دەستی ئاماژەی کرد:

– لێرە لەم ئەشکەوتە؟



هەموویان گوتیان: ئەرێ.

بە ڕێگە بەردینەکەی دەچووەوە سەر ئەشکەوتەکە هەڵگژا. گوتی:

– ئێوە لێروکانێ بن. بە تەنیا دەچمە ژوورێ.

ڕەمزی بە خۆهەڵکێشان بە برادەرەکەیەوە، گوتی: مەردان شەیتانی ڕاستەقینە خۆیەتی، مانای ترس نازانێت.

قادر لەو کاتەی بە دڵەڕاوکێوە چاوی لە مەردان بوو، گوتی: من سەیرم لە تۆ دێ ڕەمزی، تۆ لە سەنجەق بە شەو چوویتە مەزارەکەوە بێ ئەوەی پێڵووی چاوت بترووکێنی.

– ئەوی ترسی خستە دڵمەوە ئەوەبوو ئایەتەلکورسیشم خوێند سوودی نەبوو، لە کاتێکدا ڕستەیەک لەم ئایەتە، چی دێو و درنج هەن دوور دەخاتەوە.

دوای قەیرێک مەردان دەرچووە دەرێ، تفەنگەکەشی لە ناوەڕاستەوە بە دەستی ڕاستی گرتبوو، بە پێکەنینەوە گوتی: کوڕینە چوار نین، شەشن.

لە شوێن خۆیان ڕەق ڕاوەستابوون و بە واق وڕمانەوە چاویان لە مەردان بڕیبوو، پاشان بەنیگای پرسیار ئامێزەوە لەیەکتریان ڕوانی. مەردان هەندێک دڕک و پووشی کۆ کردەوە، داوای لەوانیش کرد وەک ئەو بکەن و بۆی بێننە دەرکی ئەشکەوتەکە. کاتێ کۆمەڵێ پووش و پەڵاش و چیلکەیان گرد کردەوە، سەیری ئەویان دەکرد، تا بزانن چی دەکات. مەردان چاوە بچووکەکانی لە ژێر برۆ پڕەکانییەوە لە ڕوخسارە شپرزەکانیان بڕی، زەردەخەنە منداڵانەکەشی هێشتا بە دەموچاوە پڕە خڕەکەیەوە دیار بوو، پاشان چاوەکانی لەسەر ڕەمزی ڕاگرت و گوتی:

– با بزانین کێ دەتوانێ ئەم ڕوحانە لە حەشارگەکەیان لە ئەشکەوتەکەوە دەربهێنێت؟ تۆ لای خۆی لای مەلا خوێندووتە و سحر دەزانیت، منیش نەمخوێندووە و وشەیەک چییە نایزانم.

– من دانی پێدا دەنێم کە ئێستا دەستەوستانم، ناتوانم هیچ شتێک بکەم.

– ئەی ئێمە دەیبینین؟

مەردان بە ئەرێ سەری ڕاوەشاند: بێگومان هەمووان دەیبینین.

تەزوویەک بە دڵیاندا ڕۆچوو، هەر یەکە و لە مێشکی خۆیدا وێنەی شتێکی

دیارکراوی کێشابوو، بە بایەخ و دیقەتەوە چاویان لە مەردان بڕیبوو، ئەویش چەرخێکی لە گیرفانی دەرهێنا. دوای ئەوەی دای گیرساند گڕی لە پووش و پەڵاشەکە بەردا، کاتێک ئاگرەکەی بەرز بووەوە، کوژاندییەوە و گوتی:

– من ئاگرەکەم ناوێت، بەڵکو دووکەڵەکەی، قانگیان دەدەم و دەریان دێنم.

ڕەمزی ویستی شتێک بڵێ، لێ بێدەنگیی هەڵبژارد و بیری بۆ سائیبی هاوەڵی چوو، پێی گوتبوو دووکەڵی بوخورێ ئەگەری سەرەکیی سحرە، وا دیارە ئەم مەردانە نەعلەتییەش سحر دەزانێت و بە درێژیی ئەو ماوەیە لێی شاردووەتەوە. عانێک دووکەڵ چڕ بووەوە، مەردان داوای لێ کردن بچنە لاوە، تا ڕووحەکان بێ هەرا و زەنا دەردەپەڕن. ئەشکەوتەکە بە دووکەڵ قانگدرا و هیچ دەرنەچوو. ڕۆستەم پرسی داخۆ چاوەڕوانییەکەیان درێژە دەکێشێت؟ مەردان پەنجەی دۆشاومژەی خستە سەر لێوی و بە چرپەوە وڵامی داوە: وسس.. خەریکە لە ئەشکەوتەکە دەردەچن.

لە هیکڕا سێ بەچکە ڕێوی دەرپەڕینە دەرێ، بە تۆقین و سەر لێ شێواوییەوە بەدوای یەکدا ڕایان دەکرد. مەردان لە قاقای پێکەنینی دا و هاورای کرد: ئەمانە ئەو سێ ڕووحەن، بیانگرن دەی.

پێکەنینەکەی لەگەڵ پێکەنینی ئەوانی دیدا تێکەڵ بوو. بەدوای ڕێوییەکاندا ڕایان کرد، هێشتا باش خۆیان بەسەر پێوە نەدەگرت، غل دەبوونەوە و ڕەتیان دەبرد. بەئاسانی گرتیانن. دوای ئەوەی ئاگرەکەیان کوژاندەوە و دووکەڵەکە نەما، دوانیان گەڕاندەوە شوێنی خۆیان، قادر سوور بوو لەسەر ئەوەیی سێیەمیان بۆ خۆی ببات. مەردان ئامۆژگاریی کرد شیری بداتێ ئەگینا دەمرێت.

لە شوێنێکی نزیک بە ئەشکەوتەکە، مەردان بە وردی چۆنێتی بەکارهێنانی چەک و پاککردنەوەی فێرکردن، پاشان هەریەکە و نیشانێکی بەدووری سی هەنگاو بۆ دانا، ئەو ڕۆژە هەریەکە و تەقەیەکیان کرد و دەبوو لە جاری دووەمدا سەرو دوو تەقە بکەن. ڕۆستەم و قادر بە شێوەیەک لە نیشانیان دا مەردان زۆری بەدڵ بوو. وەلێ ڕەمزی و عەباس نیشانیان نەپێکا، ئەمەش لە سۆنگەی ئەوەوە بوو، هەردووکیان لە کاتی دەست بە پەلەپیتکەناندا هەناسەیان دا. پاشان مەردان وەستا و هەردوو قاچی لێک دوور خستنەوە، بەتوندی قۆناغە تفەنگەکەی نابەشانی ڕاستییەوە و نیشانی لە




شتێک گرت و گوتی:

– لە کاتی وەستاندا دەبێ ئاوا تفەنگ بگیرێت. ئەمەش لەو دۆخی لەسەر زگ ڕاکشانەی ئەمڕۆ ئەنجامتان دا قورستترە. لە جاری داهاتوودا بەم شێوەیە نیشان دەگرن. ئەو قوڵنگەتان بینیوە کە لەوبەر ڕووبارەکەدا نیشتووەتەوە؟

چاویان لەو شوێنەنا کە ئاماژەی پێدا، خاڵێکی سپی بەحاڵ دەبینرا. قادر منگەمنگێکی لێڵ خۆیدا کرد: زۆر دوورە.

– بابزانین دەتوانم بیکەمە خواردنی شێوانی ئەمڕۆمان؟

بەدیقەتەوە تەماشایان دەکرد و پەنجەیان ئاخنیبووە گوێیانەوە، تەنیا قادر نەبێ بە حەپەساوی و لاپرەسەنییەوە دەمی بەش کردبووەوە. پەنجەی بە پەلەپیتکەوە ناو زایەڵەی دەنگێک سەرتاپای دۆڵەکەی تەنییەوە. قوڵنگەکە چەند جارێک لە شەقەی باڵی دا، پاشان بێ جووڵە بەلادا هات. چوونە ئەوبەری ڕووبارەکەوە. پۆلە مراوی و ڕەوە قەتێکان لە ترسی تەقەکە هەترەشیان چووبوو و دوورکەوتنەوە. مەردان دوای ئەوەی سەری بڕی، چەند جارێک بەدەستی کێشای و گوتی: بەشی ئەمڕۆمان دەکات.

ڕۆژەکە کوورەئاسا دەسووتا و تیشەکە گەرمەکەی بۆ سەرانسەری دۆڵەکە دەنارد و گەرماکەی بەگیانیاندا دەچزا. سێبەرەکان دەکشانەوە و تیشکە زێڕینە درەوشاوەکە جێی دەگرتنەوە. بڕیاریان دا لەودیوەوە بە کەندەکەدا سەرکەون و سەردانی گوندەکەی کەریم بکەن. لێ قرچەی گەرماکە وای لێکردن بەرەو ماڵ بگەڕێنەوە. ئەو کەریمەی سوور بوو لەسەر ئەوەی بەتەنێ بۆ لای شێخی بەرزنجە بچێت و لە ڕێگەوە لە بنارگل لەودیو چیای مازووخ سەر لە خزمەکانی بدات، ئینجا داوا لە هەندێک خێزان بکات بۆ دۆڵی کفران بار بکەن. دوای ئەوەی بە چاوی خۆی کارە باشەکانی مەردانی بینی، بڕیاریدا لەگەڵ خۆیدا بیبات. هەینێ شێخۆ مەردانی لە بڕیارەکەیان ئاگادار کردەوە، زۆری پێ خۆش بوو و پێی ڕاگەیاندن ئەویش یەکێکە لە دەروێشە هەرە دڵسۆزەکانی شێخ و ساڵی بەلانی کەمەوە دوو جاران سەردانی دەکات. ئیدی ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی بۆ ڕۆژی دوایی ناوی خوای لێ بێنن و بکەونە ڕێ.

## ١٥

لەگەڵ کازیوەی بەیاندا گوندی بانشاخیان جێ هێشت. دوای ئەوەی باریکەڕێیە چەوینەکەیان گرتە بەر و بەزەحمەت گەیشتنە لوتکەی چیای مازووخ، تاکو ئەسپە شەکەتەکانیانیش تۆزێک بحەسێنەوە، پیادەبوون. ڕۆژەکە هەڵات، دۆڵی تەماوی و سەوزی خۆرنەوەزانی بە تیشکە زێڕینەکانی داپۆشی. لە دووریشەوە لەملا و لەولای قاجرەوە، گوندە بچووکە بڵاوەکان بە حاڵ دیاربوون، کە لێیانەوە کڵافەی ئەستوور ئەستووری دووکەڵی کاڵەوە بوو بەرز دەبوونەوە و لە شینایی ئاسۆگەکەدا نەدەمان. بەزنجیرەی بەسەریەکدا کەوتووی باسکی بڵند بڵند ڕازابووەوە، باسکەکان وەکو هار بەدوای یەکدا ملیان دەنا، تا بەرە بەرە خۆیان بەناو گەڵی چیایەکی دووردا دەکرد، ئەوەندە دوور، کە جگە لە پۆپەڵاکە سپییەکەی، کە لە ژێر تیشکی ڕۆژئاوادا وەکو زیو دەدرەوشایەوە هیچی تری دیار نەبوو.

مەردان جگەرەکەی لە دەست کەریم وەرگرت و بە واق وڕمانەوە لە ئاسۆ دوورەکەی دەڕوانی. بێ ئەوەی جگەرەکەی پێ بکا، بە نارەنار پارچەیەک قەتار و ئەڵڵاوەیسیی گوت، کەریمیش بە ئاهو حەسرەت هەڵکێشانەوە گوێی ڕادێرابوو و بەردەوام قومی لە جگەرەکەی دەدا:

ئازیزم، ئای ی، ئەی بەهاری ژینم<br>
ڕێحان، کاتێ ناوت دێنم<br>
باڵندەکان دەخوێنن و دنیاش بۆنی تۆ دەگرێ<br>
بۆ کۆچت کرد؟<br>
هەر لەبەئەوەی لە پێناوی چاوتدا<br>
قژم بەردایەوە و دارعەسای دێوانەم هەڵگرت؟<br>
یاخود لەگەڵ هەڵاتن و ئاوابووندا دەتگرییێنم؟<br>
ئای، عازیزم، ئای، دڵڕەق مەبە



وەرە، با نیگایەکت بکەم و<br>
پاشانەکینێ ئۆغر بکە...

بە زەردەخەنەکەی خۆیەوە ئاوڕێکی لە کەریم دایەوە، داڵغە گرتبووی، جگەرەکەی گڕ دا و قومێکی توندی لێ دا، گوتی: کەریم ئاغا، لە نیگاکانت ئەوە دەخوێنمەوە تۆ ئەویندارێت، داخی دڵی خۆتم بۆ هەڵڕێژە، من هاوەڵی نزیکی تۆم.

کەریم لە کاتێکدا خەمۆکی ڕوخساری گرتبووەوە، وڵامی داوە: ئەویندارێ ڕاستەقینە ئەو کەسەیە ئەو دەنگە جوانەی هەیە، کە پەنگڕئاسا گڕ لە دڵ بەر دەدات.

شەرم و فەدی بە سیمای مەردانەوە دیار بوو:

– تۆ شایەری کەریم ئاغا، هەروەها بە منیش دەڵێن شایەر، ئەگەر دوو شایەر یەک بگرن، ئەوا بەگڕی ئەوینیان گەردوون دەسووتێنن.

– مەردان تۆ نازانی چەند بە بوونت خۆشحاڵم لەگەڵماندا، لە پێشدا زۆرم ڕق لێ بووی، پێم بڵێ بۆ تا نووکە ژنت نەهێناوە؟ تەمەنت لە پەنجا سەری کردووە.

مەردان لەگەڵ جاکانەوەی گوێچکە نانێکدا خەنییەوە و گوتی:

– من هێشتا چلم تێپەڕ نەکردووە، ڕۆژگار پیری کردم، بۆ ژنم نەهێناوە، ئەوە لە بەدبەختیمە.

مەردان بێدەنگ بوو، لەپڕ نیشانەی خەم و پەژارە، کە لەگەڵ ڕووە خۆشەکەیدا نەدەگونجا، گرتییەوە. گوتی:

– نەڕۆین؟

کەریم خۆی هەڵدایە سەر پشتی ئەسپەکەی و گوتی: با بکەوینە ڕێ، وەلێ حەزم دەکرد هۆی ئەو بەدبەختییەم بزانیبا، دەی پێم بڵێ.

یاپشی یاپشی کەوتنە ڕێ، لە دیوی دووەمی چیاکە لێژبوونەوە:

– کەریم ئاغا باسی چیت بۆ بکەم؟ میری من.. سەرهاتی من زۆر کورتە، حەزم لە کچی جووتیارێکی دەوڵەمەند کرد، شوان بووم لای باوکی. هەموو خۆشی و کامەرانیم لەوەدا بوو تەنیا بیبینم، کاتێ شووی کرد و ماڵی بابی جێ هێشت، من بەیەکجاری وازم لێ هێنان.

– ئەی ئەو؟ حەزی لێت نەبوو؟

– حەز؟ کام حەز کەریم ئاغا؟ هەمیشە بە مامە گازی دەکردم. ئەمە بەدبەختی نییە؟

– خەتای خۆت بووە. دەبوو لێی نزیک بیتەوە و فێری هونەری خۆشەویستیت کردبا.

– نا، کەریم ئاغا، شتی وا بەمن نەدەکرا. تەنیا خواستی من ئەوەبوو بیبینم و بەس. پاشان پیاو ناتوانێ نمەک بەحەرام بێت. ئەمە جگە لەوەی من کەسێکی قەڵبم و بەهیچ ئافرەتێک قووت نادرێم.

– ئەگەر وا بیر بکەیتەوە، ئەوا بەدرێژایی ژیانت خەون بەژنەوە دەبینی، بێ ئەوەی پەنجەت بەری بکەوێت. باشە داخۆ هاپۆی پیرە بارگیر لە تۆ جوانترە؟

مەردان تریقایەوە و گوتی: جیاوازی لە نێوان من و هاپۆدا ئەوەیە، ئەو بارگیرە و منیش بنیادەم. تۆ نازانی چەند بە چەوتی ئەو ئافرەتەی بەچنگ هێنا، هەر دەڵێی مامزە. ئەوەی ئەم کابرا گەمژەیە کردی کفرێکە بۆ خۆی، لەسەر ئەم ئیشە قۆڕەی خوا تۆڵەی لێ دەکاتەوە.

ئەو دەمی باسی فاتمە کرا، کەریم حەسرەتێکی هەڵکێشا و ئاهێکی بەبەردا هاتەوە، بێدەنگییەکی قووڵ دای گرتن، تەنیا دەنگی بەیەکدادانی سمی ئەسپەکان بە تاشەبەردە قسڵەکاندا، کە ڕۆژگار هەڵی کۆڵیبوون، دیواری بێدەنگییەکەی دەبڕی. کەریم گۆمی مەنگی بێدەنگییەکەی شڵەقاند و مەردانی هێنایە قسان، تا لە بارەی فاتمەوە زیاتر بزانێت: وەلێ لە مامەڵەی ژنەکەی دیارە پێکەوە بەختەوەرن، ئافرەت چی دەوێت؟ ئەوەندەی بەسە پیاوی هەبێت، ئیتر هەر پیاوێک بێت.

– نا کەریم ئاغا بەختەوەر نییە، ئەو هەمیشە دەگری و شیوەن بۆ بەدبەختیی خۆی دەکات و وەک مۆم دەتاوێتەوە.

بێدەنگ بوون. دوای ڕێکردنێکی زۆر بەو ڕێچکەڕێیەی هاوشانە لەگەڵ درێژبوونەوەی چیایەکە، بەرەو قووڵاییی دۆڵەکە لێژبوونەوە، کەریم لە نواوە بوو، پاشان بەتوولەڕێیەکی پێچاوپێچدا بەرەو چیایەکی لەوە نزمتر هەڵکشان. کەریم ئاماژەیەکی بەلای چەپی چیاکە کرد و گوتی:



– گوندی خزمەکانمان لەودیوی چیاکەوەن.

هەینێ گەیشتە سەر چیایەکە، دەڤەرەکەیان بەتەواوی لێوە دیار بوو، پێدەشتێکی بەرفراوان دۆڵ و زنجیرە گردۆڵکەی بێشوماری تێدا قوت بووبوونەوە، مەردان پێشتر ئەم ناوچەیەی نەبینیبوو، کەریم لغاوی ئەسپەکەی ڕاکێشا و لەسەر دوندی چیاکە وەستا، بەدەستی ئاماژەی کردو گوتی: ئەو چیایە دەبینیت؟ لەوێ، لەپشت ئەو بەرزاییەی دەڵێی کەپووە، لەوێوە خۆر هەڵدێت، لەودیو ئەو بەرزاییەشەوە چیایەکە لێرەوە نابینرێ، ئاوەسپیی لێوە هەڵدەقوڵێت، لە قەڵشتێکی گەورەی چیاکەوە دەڵێی چوڕی شیرە دێتەخوارێ، تا ماوەیەک دەڕوا ئەو ڕەنگەی هەر دەمێنێت. هەرچی ئەم بەرزی و نزمییەیە، کە لەپێشمانەوە دەکشێ، هەردی زەنگنەی پێ دەڵێن.

مەردان سەری لەقاند و چون لەگەڵ خۆیدا بدوێت، منگەیەکی لێوە هات:

– ئەم دنیایە زۆر فراوانە.

– هۆ لەوێندەرێ، لەپشت ئەو چیاشینە دوورەوە ناوچەی قەرەداغە، پیاو لەوێوە دەتوانێت ئاودیوی ئێران بێت. هەرچی ئەو چیا سەرکەشەیە، کە بە بەفر داپۆشراوە ئەوە چیای پیرەمەگروونە.

– دیارە ئەو چیایە زۆر سەختە، سەیر لەوەدایە لە کوێوە تەماشای دەکەیت دەیبینی.

کەریم لە پێناسەی ناوچەکە بەردەوام بوو، ناوی هەموو چیا و دۆڵێکی هەر لە دوورترین ناوچەوە، تا نزیکترین گردۆڵکەی دەزانی. پاشان ئاماژەی بەو چەمە تەنگە کرد، لە پاڵی چیاکەوە ڕووبارێکی بچووک دەیبڕێت. گوتی: ئەوەش ئاوباریکە.

دوای قەیرێ بەتەنیشت گۆمێکی چکۆڵەدا تێپەڕین، شڵەیەکی ڕەشی تێدا بوو، بەرلەوەی کەریم قسان بکات، مەردان چاوی لە کانییەک بڕیبوو لەو شڵەیەی لێ هەڵدەقوڵا و دەڕژایە گۆمەکەوە، بە واق وڕمانەوە گوتی: ئەدی ئەمە؟ ئەم شتە چییە؟

کەریم بە ئەسپەکەی بەدەوری گۆمەکەدا سووڕایەوە، وەستا و لە کانییەکە ڕاما، گوتی:

– ئەمە نەوتە مەردان، خوای مەزنیش ئیشی سەیری هەیە.

مەردان بە وردی لەو شلە ڕەشەی ئەو دۆشاوەی بیر دەخستەوە، کە لای جیهانگیر دەیخوارد، ڕا مابوو، کە بەهێوری جۆگە پێچاوپێچەکەی نێوان تاشەبەردەکان و زەوییە ڕەقەنە بە چەو داپۆشراوەکەی دەبڕی. مەردان چەند جارێک دووپاتی کردەوە:
– سوبحانەڵڵا، سوبحانەڵڵا.. کەواتە ئەمەیە نەوتی ڕەش!

– خزمەکانم لەم شلەیە دەگرن و وەرزی زستان دەیفرۆشنەوە، ئەمەیە باوکمی پەرێشان کردووە. چەندین جار داوامان لێ کردن، واز لەم کارە بێنن و بێنە لامان بۆ دۆڵی کفران، لێ سوودی نەبوو. بابزانین ئەمجارەیان دەتوانین چەند خێزانێکیان لێ بپچڕینەوە؟

– پیاو چۆن دەتوانێ لە نێو ئەم کوچکانەدا بژی؟ زەوییان بۆ کشتوکاڵ هەیە؟

کەریم ئاماژەی بۆ پەڵەزەویی بچووکی لێرە و لەوێ کرد، کە تاوێر و بەردی لووسی گرانیتان تێدا بوو: بستێ لێرە و بستێ لەوێ، بارگیریش چەند هەنگاوێک لەم زەوییە بکێڵێت، دەپسێ.

گەیشتنە ئەو گوندەی لە چەند ماڵێک پێک هاتبوو، خانووەکانیان نزم و دارتوو و بەڕوو و شۆڕەبییان تیادا بەدی دەکرا، دەیڕوانییە سەر دۆڵێکی قووڵ و دار هەنجیر و هەرمێ بەیەکدا چووبوون، لەمەلا و لەولاشەوە ڕەزی تەنگی ترێ و هەندێ سەوزاییان لێ شین بووبوو.

ماڵێک لە هەموو ماڵەکانی دی گەورەتر، دەرگایەکی زل و بەردەمی، تا دەگەیشتە هەڵەتەکە چۆڵایی بوو. کەریک ئاماژەی بەماڵەکە کرد و گوتی: میرزایی مامم لێرە دەژیا، ڕەشماڵەکەشی لەو چۆڵاییە هەڵدەدا. دەڵێن باووباپیرانمان لە ئەزەلەوە لەم گوندە و ئەو گوندەی ڕاستەوخۆ دەکەوێتە ئەودیوی جەوەڵ قاجرەوە، ژیاون.

– سوبحانەڵڵا، ئەو ڕەشماڵە مەودایەکی زۆری بڕیوە.

بەرلەوەی لە دەرگا گەورەکە نزیک ببنەوە، سەگە زلەکان گردبوونەوە و دەستیان بە وەڕین کرد. ئامۆزاکانی بەجلکی شڕ و جەستە لەڕ و لاوازەکانیانەوە هاتنە دەرێ. خۆرەکە لە نێو جەرگەی ئاسماندا بوو. سەرەڕای تینی گەرمییەکەی، هەواکەی خۆش بوو. لەو دیوەخانەی لە پێشاندا شوێنی هەمیشە دانیشتن بوو، گردبوونەوە. سێ ناو دووبارە دەبوونەوە و لە ئەحواڵیان دەپرسین، ئەویش کوێخا زۆراب و میرزا و سنجان



بوون، جارجارەش ناوی شێخۆ دەبرا، ئەو برایەی لە میرزا بچووکتر بوو سەرگەورەی دێیەکە بوو. دوای ئەوەی بەیەکێ لە کوڕەکانی گوت گیسکێک بدات بە عەرزا، گوتی:

– کوڕە مامەکانمان سەردانمان ناکەن، مەگەر پیاوێک یا ئافرەتێکمان ببەن، شێخۆ هات و سنجانی برد، پاشان کوێخا زۆراب میرزای برامی برد، بابزانین ئەمجارەی کیهە دەبەن؟

ئەم لە دڵی خۆیدا وای دانابوو کەریم بۆ ئەوە هاتووە یەکێ لە کچەکانیان بۆ کوڕێکیان داوا بکات، لێ کەریم زنجیرەی بیری پساند. کە لە بارەی ژنهێنانەوە سەرقاڵ بوو، بە خەنینەوەوە گوتی:

– ئامۆزا ئەمجارەیان هاتووین هەمووتان بە گەورە و بچووکەوە ببەین، ئێوە لەم بەردەڵانە تووشی گەڕ و گولی دێن. گش دۆڵی کفران لە چاوەڕوانیتاندان.

کوڕە مام کە تاڕادەیەکی زۆر لە میرزای برای دەکرد، لە قاقای پێکەنینی دا و وای دەزانی کەریم گاڵتەی لەگەڵدا دەکات. گوتی: هەموومان بۆ دۆڵی کفران دەگوازینەوە، وەلێ بایی ئەوەندە هێسترتان هێناون، تا ماڵ و دار و دیوارەکانیان پێ بگوازینەوە؟

کەریم بەڕاشکاوییەوە گوتی: ئامۆزا حەمەغەریب، باوکم بۆ ئەوەی ناردووم، تا لەم بارەیەوە قسانتان لەگەڵدا بکەم. ئێمە پێویستیمان پێتانە، دەمانەوێ لەم چەرمەسەرییەی تێیدان ڕزگارتان بێت.

حەمەغەریب بەقاقایەک قسەکەی پێ بڕی و چاوی بەوانەی دانیشتبوون، گێڕا:

– چیت گوت؟ نەمگوت ئامۆزاکەم هاتووە تا ببات؟ تەماشا بکەن دەیەوێ هەموویان ببات، تاکو برسییەتی لە دۆڵی کفراندا بڵاو بکاتەوە. نا ئامۆزا، ئێوە لە دۆڵی کفران و ئێمەش لە نێوان بەردەکانماندا دەمێنینەوە، ئێمەش ناتوانین دەستبەرداری لەوەڕگە و بزنەکانمان ببین.

– ئامۆزا حەمەغەریب، دۆڵی کفران جێی پەنجا گوندی تری لێ دەبێتەوە، هەند پاوەنمان هەن بەشی دەیان مێگەل دەکەن، ئیدی بۆچی جووئاسا نەوت دەفرۆشن؟ هەموو هۆزەکانی دی لەسەر ئەم کارەتان گاڵتەمان پێ دەکەن.

کرِبوون. حەمەغەریب جارێک سەیری زەوییەکەی دەکرد و تاوێکیش لەو دوو تفەنگە نوێیەی دەروانی، کە لە زەوییەکە دانرابوون. ئینجا چاوی برییە جلە تازەکانیان و مێزەری رێکی سەریان. بێ ئەوەی بپرسێ ئەم غەوارەیە کێیە، زانی خزمەتکارە، چاوی لە زەوییەکە کرد و گوتی:

– ئەمە هەمووی ئیشی سنجانە، بیرمان دەکات و دەیەوێ هەموومان بۆ ئەوەێ ببات، تاکو بەدەورییەوە بین.

پاشان لەپڕ سەری هەڵبڕی و بەردەوام بوو: ئەی میرزای برام؟ ئەو چی دەڵێت؟

– ئەگەر دەزانیت ئێستا مامم میرزا لە کوێیە.. مانگێک دەبێ هەموو شتەکان گۆڕاون. ئێستا سنووری دۆڵی کفران کەل هەنجیرە، یاخود بەرزاییەکانی خدر وەلی نییە، بەڵکو تاکو رووباری رۆخانە درێژ بووەتەوە. نووکە رەشماڵەکە لە گوندی بنعیز هەڵدراوە و مامم میرزاش لەوێیە.

کەریم قەیرێک بێدەنگ بوو، پاشان بزەیەکی کرد و بەردەوام بوو: بێوەژنێکی باشیشمان لە بنعیز بۆ دۆزییەوە، زۆری دڵ پێ خۆشە.

حەمەغەریب برۆکانی گرژکردنەوە و بەچاوی پرسیارەوە گوتی: ئامۆزا کەریم، گاڵتەم لەگەڵدا دەکەیت؟

– گاڵتەت لەگەڵدا ناکەم، دەتوانی لەگەڵماندا بێیت و بەخۆت هەموو شتێک ببینی.

– ئێستا میرزای برام ژنی هێناوە؟

– هەروەها مامم رەمەزانیش.

– کەواتە ئێوە لە خۆشگوزەرانیدان مامە کەریم.

– بۆیە دەمانەوێ لەگەڵماندا بەشدار بن. ئێوە دەتوانن هەر شوێنێکتان پێ باشە بۆ خۆتانی هەڵبژێرن.

– دەگوازینەوە بۆ لاتان. باشە. وەلێ بەیەکجاری زەوییی باووباپیرانمان چۆڵ ناکەین، دەبێ لێرە بناغەیەک جێ بهێڵین.

کەریم ئەرخاینی کردن، کە ئەوانیش نایانەوێت گوندی باووباپیرانیان چۆڵ بێت، بەڵکو دەبێ چەند ماڵێک لەوێ بمێننەوە. چونکە لەوانەیە رۆژێک بێت پێویستیان بە



نەوت و لەوەڕگاکان ببێت. کەریم پرسی داخۆ ئەمساڵ بەروبوومیان باش بوو؟ دەرکەوت بەهۆی زۆر بارینی تەزرەوە کوتراوەتەوە و لەناو چووە. کاتێ حەمەغەریب گوتی ناچارن بۆ کڕینی دانەوێڵە مەڕ و بزنەکانیان بفرۆشن، کەریم دڵنیای کردنەوە پێویست بەوە ناکات، چونکە لەبەر زۆری چەندین جێزیان لە زەوییەکە هەڵنەگرتووە. پاشان باسی ئەوەی بۆ کردن لەم چەند رۆژەدا دەست بە دروستکردنی گوندێک دەکەن لە نزیک جۆگەی بنعیز و ناوی دەنێن گوندی زۆراب. دەبێ هەموو شتەکان هەر لە پایز بەر لە باران بارین تەواو بن. بۆیە بە هۆی ئەم هەموو ئیشەوە و زۆریی زەوییە تازەکانەوە، کە بوونە موڵکیان، پێویستیان بەمانە.

کەریم دوای ئەوەی هەندێک دیاریی وەکو چا و شەکر و سابوون و قوماشی بەسەردا دابەشکردن، باسی چۆنیەتی ئامادەکردنی چای بۆ کردن و ئەوەی کە دەبێ لە دوای نانخواردن بخورێتەوە، پاشان بە شانازییەوە گوتی:

– ئامۆزا کاتێ کە هاتنە لامان هەموو شت بەچاوی خۆتان دەبینن، ئێستا دۆڵی کفران دوو ناوی هەیە: دۆڵی کفرانی شاخاوی و دۆڵی کفرانی پێدەشت.

حەمەغەریب لەو کاتی چاوی بە تفەنگەکاندا دەگێڕا: تفەنگی واشمان بۆ پەیدا دەکەن؟

– بەڵکو لەمەش باشتر.

حەمەغەریب بە گێلییەکەیەوە لە قاقای پێکەنینی دا و گوتی:

– پێک شاد دەبینەوە، سنجان ئەمەی پێ خۆشە. میرزای برام ژنی هێناوە دەزانن؟... خوا دەست بەباڵتەوە بگرێت کوێخا زۆراب. بەڕاستی شایانی ستایشی، ئەگەر ناڵە گورگە بمایا شانازیی پێوە دەکردی، بێگومان ئێستا لە گۆڕەکەیدا شادە.. ئاخ، ئەگەر دەمتوانی کانییە نەوتەکەم لەگەڵ خۆمدا بۆ دۆڵی کفران دەبرد.

– بەینیان نیو تاقە ئامۆزا حەمەغەریب. ئەسپێک و تفەنگێکت دەدەمێ، ئەوکات کەی ویستت دەتوانی سەردانی کانییەکەت بکەیت.

حەمەغەریب نوقڵێکی هەڵگرت و وەک منداڵ دەستی کردە مژینی، لە کەیف خۆشییاندا پێ دەکەنی و بە قامکە زبرەکانی یاریی بە گەڵا چایە رەشەکە دەکرد و گوتی:

– ئامۆزا کەریم، ئەو بنعیزییانە چۆن گەیشتنە ئەوێ؟

– لەبەرئەوە گەیشتنە ئەوێ، چونکە بۆ کشتوکاڵ لە زەویی باش دەگەڕان.

– کەواتە لەگەڵیان بووینە خزم.

– ئەی چۆن ئامۆزا، خوێنمان تێکەڵ بووە.

حەمەغەریب لە قاقای پێکەنینی دا و لەپڕ بە جووڵەیەکی هەستێرییەوە پاشەڵی بەرز کردەوە و گوتی:

– خەڵکینە، براژنم لە هۆزی بنعیزە، شتی واتان بەخەیاڵدا دەهات؟

لە بیرکردنەوەیەکی قووڵدا نوقوم بووبوو؟ پاشان لە دڵەوە پرسی: ئەرێ لە بنعیزیش شاخ و داخ هەیە؟

– نەخێر. زەوییەکی پێدەشتی پان و بەرینە، ڕاستە وەکو بەری دەست، وەلێ تا بڵێی بەرێژەوە، ئەگەریش باران نەبارێ، دەکرێ سوود لە ئاوی زێیەکە وەربگیرێت.

– سوبحانەڵلا، زەویی دەشتانیی بێ شاخ و داخ و بەئاوی زێ ئاو بدرێت. خوا شتی سەیر و سەمەرە دەخوڵقێنێت. ئێستا میرزای برام لە گوندی بنعیز خۆیەتی؟

– لە بنعیز خۆی.

– ئەی ڕەشماڵەکە؟

– هەر لە بنعیزە.

– سوبحانەڵلا، ئای لەم ڕۆژگارە سەیرە، ڕەشماڵەکە لێرە لە بەردەم ئەم خانووەی تێیدا دانیشتووینە. هەڵدەدرا، ئەی ئێستا کوا؟ لەوسەری دنیایە، کە شاخ و داخ نامێنن.

کەریم و مەردان هاوکات چاویان لەیەک بڕی و بزەیەک کەوتە سەر ڕوخساریان، وەک ئەوەی بڵێن: ئەمە بۆ مەجلیسی هاپۆ باشە.

دوای لێبوونەوە لە فراوین، کەریم و مەردان ڕاوێژیان لەسەر ئەوە بوو، کە هەر ئەمڕۆ بۆ لای شێخ بکەونەڕێ. کەچی حەمەغەریب خۆی تێهەڵقورتاند و بەهیچ شێوەیەک ڕێگەی ڕۆیشتنی نەدان و گوتی سبەی بەخۆم لەگەڵتاندا دێم، چونکە ئەو



خۆی بەیەکێ لە موریدە هەرە دڵسۆزەکانی شێخ دەزانێت. مەردان زانی کەریم زۆر کەیفخۆش بوو بە مەجلیسی ئامۆزا سادە و ساکارەکەی و پێویستی بەم کەشوهەوایەیە، ئاماژەی پێ دا، مانەوەی لەگەڵ ئامۆزاکانیدا پێویستە، بەو مەرجەی دەمەتەقێ و وتووێژی بەردەوام بێ و چیرۆک و حەقایەتیان بۆ بگێڕێتەوە.

بۆ ڕۆژی دوایی لە کاتی خۆ ئامادەکردنیدا بۆ سەفەر، حەمەغەریب سێ شیری بەکالآی چەرمی کۆنەوە و دەفێکی گەورەی هێنا، لەو کاتی قایشە چەرمینەکەی بەشیرەکەوە بوو لە ناوقەدی دەبەست، گوتی: دەروێش بێ شیرکەی دەروێشە.

کەریم پاشی ئەوەی لە بەستنی شیرە قورسەکەی بووەوە، کە بەلایەکیدا شۆڕ بووبووەوە و خەریک بوو لە زەویی دەدا، گوتی:

– ئەدی تفەنگ؟ ئەگەر پێویستی کرد بەکامیان بجەنگم؟

– دەتوانن تفەنگەکانتان لێرە جێ بهێڵن تاکو دێینەوە، پێویستتان پێیان نییە.

مەردان بەزەردەخەنە ناسراوەکەیەوە گوتی: ئەی ئەگەر ڕێگر بەتفەنگەوە بۆمان دەرچوون؟ ئەوا چەکەکانمان لێ دەستێنن!.

حەمەغەریب بەباوەڕێکی ڕەهاوە گوتی:

– ڕێگر لاقەی دەروێشان ناکەن، پاشان ڕووحی شێخ لەم ناوە لە هەموو شوێنێک دەسووڕێتەوە، لە پاڵ هەموو تاشەبەرد و دڕکێکەوە خۆی ماتداوە، هەندێک جار لە شێوەی ڕێوی یاخود کەروێشک بەدەردەکەوێت. زۆر جاران ڕێ دەکەوێت کە ڤرێک دێتە سەر ڕێگەت، کاتێ دەگەڕێیتەوە نەماوە، ئەوە ڕووحی شێخە لێرە هەموو شتان دەپارێزێت. بۆیە تفەنگ هەڵگرتن قسەی قۆڕ و بێ مانایە. شێخ بەخۆیشی حەز بەهیچ ناکات، لە تەکیەکەشی تەنانەت یەکتیرێک بەدی ناکەیت.

خەریک بوو نیشانەی ترس و زنۆقچوون بەسیمای کەریم و مەردانەوە دیار بێت، لەو کاتی بەلاپرەسەنییەوە دیقەتی حەمەغەریبیان دەدا، تفەنگەکانیان بەهێمنی وێدا، کەریم لەگەڵ بەبیردا هاتنەوەی خەونەکەی گوتی: ئێمە ئەم هەموو ماوەیە بۆ سەردانی شێخ دەبڕین، تا دڵی ڕازی بکەین، نەک لە خۆمانی بڕەنجێنین.

کاتێ گوندەکەی شێخ لە دوورە بەدەرکەوت، ڕۆژەکە شەفەقی ڕادەگەیاند، تەکیەکە

به دەرگای گەورە و دیوارە بەرزەکانییەوە دەتگوت قەڵایەکی تۆکمە و قایمە، کەوتبووە سەر بەرزاییەک دەیڕوانییە سەر ئەو ماڵە پێکەوەنووساوانەی دارەکانی بووبوونە دیواریان. لە لای ژوورەوە چیایەکی ڕووتەن. دەیڕوانییە گوندەکە، چەمی زێیەکی بەرین لێکی جیادەکەنەوە، چەندین جۆگەلەی لێ دەبووەوە، هەندەی نابرد بڕێکیان ون دەبوون و لە شوێنێکی دییەوە سەریان هەڵدەدایەوە.

حەمەغەریب سواری پیرە بارگیرێک بووبوو، شەکەتی پێوە دیار بوو، لێ هەر ئەوەندەی چاوی بەگوندەکە کەوت، پای لێ هەڵگرت. لە نزیک دەروازەکە چەند خزمەتکارێک بەپیرییانەوە هاتن و جڵەوی چارەوێکانیان لێ سەندن، لەگەڵ پێ نانە زەوییا حەمەغەریب حاڵ گرتی، شیرەکەی ڕاکێشا و بڵندی کردەوە، لە ئاسماندا ڕای وەشاند و بەدەوری خۆیدا خولایەوە، پاشان بەلای ڕاست و چەپدا لار دەبووەوە و بەئاوازێک وێڕای بزاوە تەکووزەکەی بگونجێت، دەیگوت: لا ااا.. اله ههها الا الله هـ هـ.. لا اله الا الله..

کەریم لە سەرەتادا شڵەژا و بێ جووڵە وەستا، بەسەر سوڕمانەوە چاوی لە حەمەغەریب بڕیبوو کە حاڵ گرتبوو. هەرچی مەردان بوو مێزەرەکەی لێ فڕێدا و بەئاسپایی شیرەکەی دەرهێنا، سەری بەلای ڕاست و چەپدا ڕادەوەشاند. جووڵەکانی لەگەڵ حەمەغەریب ڕێک خستن، لێ ئەو خێراتر بوو، کاتێ ئەم هەستی کرد جووڵەکانی مەردان لەو خێراترن، لەگەڵیدا کەوتە پێشبڕکێ، بەجووڵەیەکی خێرا بەدەستی مێزەرەکەی فڕێدا، یەکدەنگ دەیانگوت: لا اله الا الله.

تەزوویەک ناخی کەریمی گرتەوە، خوێن لە دەمارەکانیدا سەری دەکرد، بلەز چەندین وێنە بەمێشکیدا تێ دەپەڕین، یەک ئەوی دی ڕاو دەنا، جنۆکە فەی بەقژە زەردە بەرداوەکەیەوە، ڕووتوقووت لە ژێر تریفەی مانگەشەودا دەبریقایەوە، سەیدە عارەبەکە و شەمسەی ژنی چۆن بەعەسا ئاسنینەکەی هەڵمەت دێنێتە سەری، فاتیمە چۆن خۆی بەدەستەوە دەدات و لنگی بەرز دەکاتەوە، هاپۆ بەکەللەی بارگیری و سینگی دەرپەڕیوی پڕ لە مووی سپی و چڕیەوە و خەونە سەیرەکەی، کە بۆ ئێرەی بەکێش کرد. گیانی کەوتە لەرزین و سەرتاپای لەخۆوە دەجووڵا، بەبێ ویستی خۆی دەستی بۆ شیرەکەی برد و خۆی کردە ئەو ئەڵقە زیکرەی زۆرێک لە پیاوەکان، کە



نەیدەزانی لە کوێوە هاتوون، خۆیان تێ ئاخنیبوو، ئەڵقەکە وەکو یەک تەن دەبزوا و شەپۆلی دەدا، بەیەکدەنگ دەیانگوتەوە: لا اله الا الله.. لا اله الا الله. تا کابرایەکی پیری قژ درێژ، ڕیشەکەی سنگی داپۆشیبوو، نەهات، لە زیکرکردن نەوەستان، بەدەنگی بەرز دەیانگوت: اللهم صلّ علی محمد وآل محمد. ئەڵقەی زیکرەکە وەستا، هەندێکیان تا نهۆ لە ژێر کاریگەریی زیکرەکەدا بوون و بێهووده دەیانویست خۆیان ڕاگرن. عارەقی هەنیەیان دەسڕییەوە، چاویان لە کابرای پیرە بوو، کاتێ ئەوانی دی ڕۆیشتن، ئەو سێ میوانە تازە هاتووانەی خستنەلاوە و لەگەڵ حەمەغەریبدا کەوتە قسەکردن و بەدەروێش حەمەغەریبی ناو دەبرد، ئینجا کەریم زانی کە ئامۆزاکەی بەڕاستی لە دەروێشە دڵسۆزەکانی شێخە. حەمەغەریبیش بە خەلیفە عەلی گازی کابرای پیرەی دەکرد. ڕێککەوتن ئەمشەو لە تەکیە بەسەر ببەن، چونکە دوور نییە گەڕانەوە لە هەمان ڕۆژدا شووم و بەدبەختی بەدواوە بێت، پاشان مەراسیمی ڕاستەقینەی زکرکردن لە شەودا دەست پێ دەکات، ئەوی ئێستا تەنیا پێشوازییەک بوو بۆ میوانە تازەکان. کەریم تێبینیی ئەوەی کرد حەمەغەریب زۆر شادمانە و لە بەرامبەر ئەوانی دیدا خۆی بەئامۆزاکەیەوە هەڵدەکێشێت. ئەوی زیاتری دڵخۆش کرد ئەوە بوو، لە کاتی نانخواردندا شێخ لە دووی نارد و لەتەک خۆیەوەی دانیشاند. شێخ لە دیوەخانە گەورەکەیدا کە لە هۆڵی درێژی دەکرد، کەریم و خەلیفە عەلی لەملا و لەولای خۆیەوە دانابوون. لەمبەر و ئەوبەریشەوە بەدوو ڕیزی درێژ ژمارەیەکی زۆری دەروێش بەقژە درێژ و ڕیش و شیر و خەنجەریانەوە ڕۆنیشتبوون، ئەویش بیسمیللای دەکرد و بەدەنگی نەبیستراوەوە ئایەتی دەخوێندەوە، بەدەستی ڕاستی دەنکی تەزبێحە درێژەکەی دەژماردن:

– باوکت دەروێشێک بوو لە دەروێشە ناسراوەکانی تەکیەکەمان، مانگێک ڕانابورد سەرێک لە خوالێخۆشبووی باوکم نەدات، ئێستا بۆ پشتی تێ کردووین دەروێش کەریم؟

کەریم بەهانەی زۆری بۆ باوکی هێنایەوە، وەک چوونە ناو تەمەن و بێ تاقەتییەکەی، ئەرخاینیشی کردەوە، کە هەردەم ناوی شێخ لەسەر زمانی باوکێتی، پاشان بەوردی باسی ئەوەی بۆ کرد خۆی چی بەسەر هات، ئینجا خەونەکەی بۆ

گێڕایەوە. دوای ئەوەی سڵاوی باوکی و سەیدە عارەبەکەی پێ گەیاند، پریاسکەیەکی بچووکی پڕ لیرەی زێڕ، کوێخا زۆراب بۆ تەکیە نەزری کردبوو، لە بەرکی دەرهێنا و گوتی: ئەمە دیارییەکی کەمە لە باوکمەوە بۆ تەکیە، گوتیشی ئەگەر تەندروستیی باش بێت بەخۆی سەرتان لێ دەدات.

شێخ بەعادەتی خۆی دەستی بۆ پریاسکەکە درێژ نەکرد، کەریم خستییە ژێر سەرینەکەیەوە، لێ تێبینیی ئەوەی کرد سیمای شێخ دوای ئەو گلە و گازندە زۆرە، کرایەوە و گەش بووەوە. هەروەها کە گوێی لە خەونەکەی کەریم بوو، کەیفخۆش بوو، بەمنگە منگەوە سەیری ئاسمانی کرد و هەندێک جووڵەی کرد، وایاندەگەیاند لە شوێنێکی دیکەی دوور لەوان، لە حەوت تەبەقەی ئاسمان بەتەنیشت عەرشی پەروەردگارەوە دانیشتبوو، بەفریشتە و جنۆکەکان دەورە دراوە، بزەیەکی شکۆمەندانە زاییە سەر ڕوخساری و گوتی:

– تەکیەماڵی خودایە، دەرگاشی بۆ هەموو خێرەومەندێک والآیە، کوێخا زۆراب بتوانێ سەردانی تەکیە بکات یاخود نەتوانێت، ئەوا خوا پشتیوانیەتی. ئاگام لە هەواڵ و باستان هەبوو و بەچاوی خۆم دەمبینی چۆن چاودێریی سەیدت بەسەرەوە بوو، بەباوکت بڵێ شێخ بەخۆی سەردانی دۆڵی کفران دەکات و لەگەڵ هەموو دەروێشەکانمدا چەند ڕۆژێک لاتان دەمێنینەوە و لە هەموو گوندێک کۆڕی زیکر دەبەستین، تاکو خێر و خۆشیتان بۆ بێنین.

کەریم جارێکی دی دەستی شێخی ڕامووسی و گوتی: سەر و ماڵمان لە ڕێی تەکیەی شێخدا دادەنێین.

شێخ دەستی نایە بانسەر کەریم و گوتی: کوڕم بۆ کوێ بڕۆی خودا پشتیوانتە و ئەوی لە دڵتایە بۆت دێنێتە دی.

ئێوارێ نانی شێوانیان خوارد، تاریکی داهات. ئەو چرایانەی بەتەکیەکەدا دابەش کرابوون تەکیەکەیان، کە پڕ بوو لە جووڵە و هەرا، ڕووناک دەکردەوە.

شێخ بە کەریمی گوت: دەروێش کەریم ئەمشەو دەروێشەکانم پەرجووەکانی خۆیانت نیشان دەدەن.



حەمەغەریب یەکێ لە دەروێشە چالاکەکان بوو، لەگەڵ دەفژەنان‌دا بەدەفەکانیان گڕی حەماسەتی دەروێشانیان بەرز دەکردەوە، ئەوەبوو لە دوای هەندێک باڵوەشان دەستیان بەیاریی سحرئامێز کرد. لە بەراییدا سێ زەرگبەدەست هاتنەپێشەوە و بەزەرگ لە گوپیان دەدا، پاڵیان پێوە دەنا، تا لە گوپەکەی دییەوە دەرچوو، بێ ئەوەی تنۆکێک خوێنی لێ بێت. تا ماوەیەک لە ئەڵقەی بێدەنگیی زکرکردندا دەخوولانەوە، تا دەستەیەک لە شمشێربەدەستان جێیان گرتنەوە، شیرەکەیان بەزگی خۆیاندا کرد و بەتوندی پاڵیان دەنا، تا نووکی شیرەکە لە پشتیانەوە دەردەچوو، لەو کاتەدا هاواری «ئەڵڵاهو ئەکبەر» بەرز بووەوە. پاشان ئەڵقەیەک لە دەروێشە بچکۆلەکان دەوریان دەگرتن و لەگەڵ ڕیتمی ڕێکی دەفەکاندا دەجووڵانەوە، یەکدەنگ دەیانگوت: لا اله الا الله.. لا اله الا الله. دوای ئەوان دەستەیەکی دیکە هاتن خێراتر و گورجوگۆڵتربوون، ئەڵقەیەکی تەریب بەوی پێشوویان دروست کرد، ئیدی کۆڕی حاڵگرتن گەرمتر بوو و بەدەنگێکی خێراتر لەوان دەیانگوت: الله حي الله حي.

کاتێک حاڵ لێ هاتووان لە شیر هەڵکێشان بوونەوە و شیرەکانیان ڕادەوەشاندن، بێ ئەوەی ئاسەواری خوێن بەلەشیانەوە دیار بێت، سەرلەنوێ حایوحوویان بەرز بووەوە: الله اكبر.. الله اكبر.

هەینێ کۆمەڵێک دەروێشی دی هاتن و پەنگڕی گەشاوەیان لە چنگدا بوو. لە کۆتاییشدا دەستەیەک بەقوونی ڕووتەوە لەسەر ساجی سوورەوەکراو دانیشتن.

لە ڕۆژی دووەمدا کاتێ بەدەست ڕامووسانی شێخ ماڵئاواییان کرد، شێخ گۆچانێکی لەگەڵ چەند نوشتەیەک بە کەریم بەخشی، داوای لێ کرد لە هەندێ شوێنی دیارکراوی جلەکانیدا بیاندوورێت، هەروەها پێی گوت جاری دییش سەر لە تەکیە بداتەوە، چونکە لە سیمایدا ڕووناکیی محەمەد دروودی خوای لێ بێت، بەدی دەکات، ئەو لەخۆڕا ناوی کەریم نییە.

شێخ وایدەزانی مەردان هەر لای جیهانگیر ماوە، ئەو جیهانگیرەی لەپێشدا بەردەوام سەری لێ دەدا، پێی گوت، ماوەی نێوان تەکیە و سەنجەق کەمترە لە ماوەی نێوان دۆڵی کفران و تەکیە، ئەم وازهێنانەی بۆ؟ پارەکوێری کردووە؟. گەفی ئەوەشی لێ کرد دەکارێت تووڕەیی پێغەمبەری بەسەردا ببارێنێ و ئەگەر بیەوێت دەتوانێ

هەرچی موڵک و ماڵی هەیە لێی بسەنێتەوە.

مەردان وڵامی داوە ئێستاکانێ لای جیهانگیر نەماوە و بووەتە یەکێک لە ئەندامانی هۆزی دۆڵی کفران، لێ دەتوانێ قسەکانی شێخی پێ بگەیەنێت.

شێخ سەری ڕەزامەندیی لەقاند و گوتی: چاکت کرد کوڕم، ماڵی دنیا چڵکی دەستە، جیهانگیر نەگەڕێتەوە سەر ڕێی ڕاست زەرەر دەکات.

پاشان ڕێگەی پێ دان و گوتی: بڕۆن، خوا لە پشتتان بێت.

ئەودەمی بەرەو دۆڵەکە لێژبوونەوە و دەروازەی تەکیەکە کەوتە پشتیانەوە، حەمەغەریب بەکەیفخۆشییەوە هاواری کرد: ئامۆزا دەروێش کەریم، دەزانی بەهای ئەو گۆچانەی شێخ پێی دایت چەندە؟ تەنانەت منیش شتی وام نییە!



## ١٦

میرزا و هاپۆ و سەید چایان دەخواردەوە، ژنەکەی میرزا بەهەڵەداوان و ترسەوە هەناسەبڕکێی پێ کەوتبوو، گوتی: چەتە، چەتە، میرزا ئاغا ژمارەیەک چەتە وا بەرەو گوند دێن.

ڕۆژی کڵپەسەندووی بەیان لە دەرەوەی ڕەشماڵەکە هەموو شتێکی داگرتبوو. ئەویش لە بەر خۆرەکە وەستابوو، چاوی بە زەلامەکان و کەلەپۆ دوورەکەدا دەگێڕا، چون بیەوێ ئەوی بەچاوی خۆی دەیبینێ بڕوای پێ بکات. پیاوەکان قەیرێک بە واق وڕماوی و چاوی پڕ لە ترسەوە لێیان ڕوانی. پیاڵەکان بەدەستیانەوە مەییبوون، پاشان بەنەستەوە (لاشعور) لێکتریان ڕوانی، میرزا دوور لە سروشتی خۆی بە هێمنییەوە هاتە قسە، چونکە دوای یەکەم سەرجێیی بەتەواوی گۆڕابوو، ڕەمەزانیش کاتی خۆی ئەم گەواهییەی دابوو، کە میرزا پیاوێکی ترە و جاران لەسەر بچووکترین شت هەڵی دەتیزاند.

میرزا گوتی: چەتە؟

سەید شڵەژابوو، تەزبێحەکەی بادا و گوتی: یاساتر، یا الله.

هاپۆ متەقی نەکرد، لەسەرخۆ لە شوێنەکەی هەڵسا و چووە دەرەوەی ڕەشماڵەکە.

هەردوو هاوەڵەکەی بەدوایدا دەرچوون، بەبایەخ و لاپرەسەنییەوە لە ئاسۆی ڕۆژهەڵاتیان دەڕوانی. هاپۆ بەبێزارییەوە گوتی: دەک خوا لەناویان بدات، لە سی سوار کەمتر نین.

میرزا پرسی: ئەمانە کێن؟

هاپۆ لەو کاتی ترس بەسیمایەوە دیار بوو، گوتی: باباییەکانن، خوا لە شەڕیان سترمان بکات.

میرزا ڕای کردە ڕەشماڵەکەوە تفەنگەکەی بێنێت، گوتی:

– ئەگەر ئەم کافرباوکانە دەستمان لێ بووەشێنن، ڕەگیان دەردێنم.

هێڵێکی ڕەشیان لە کەلەپۆکە دروست کردبوو، لەسەرخۆ هاتن، سەید دەستی برد، تفەنگەکەی لە میرزا سەند و گوتی: میرزا ئاغا ئەم دارەم بدەیێ، ئەگینا کارەساتمان بۆ دەنێتەوە، تۆ هێشتا نازانی باباییەکان کێن.

سەید بانگی ژنەکەی کرد، کە لەو کاتەدا لە دەرەوە مژووڵی چێشتلێنان بوو، گوتی:

– شەمسە، وەرە ئەم پارچە ئاسنە بشارەوە.

هاپۆش گازی ژنەکەی میرزای کرد، خێرا بگاتە گوند و پێیان ڕابگەیەنێت دوو تفەنگەکە بشارنەوە. میرزا کاس بووبوو، چاوی لە هاپۆ و سەید بڕی:

– ئەی ئەگەر بۆ کاتی وانەبێ ئیتر تفەنگمان بۆچییە؟

– میرزا ئاغا، نابینی وەکو مێروولە بەرەو لامان دەکشێن؟ دەتەوێ بە سێ تفەنگەوە بەرەو ڕووی ئەم سوپایە بووەستیتەوە؟

هاپۆ ئەمەی گوت و بەنائومێدییەوە لە سەیدی ڕوانی، چاوەڕوانی وڵامێک بوو ئەو حەپەسانەی بڕەوێنێتەوە. بەر لە هاتنی کوێخا زۆراب و تاقمەکەی بەچەند هەفتەیەک، ڕێبوارێک بۆی گێڕانەوە ئەمانە بەم دواییە دەستیان بەدەستدرێژی بۆ سەر هۆزەکانی ئەو دەوروبەرە کردووە، تالان و بڕۆ دەکەن و بەسەر هەر گوندێکدا ڕەت بن تەڕ و وشک بەیەکەوە دەسووتێنن، دەڵێن تەنانەت جەندرمەیش خۆیانیان لێ دەبوێرن.

هاپۆ لە ترساندا دەتلایەوە و ئۆقرەی بەخۆی نەدەگرت، بیری لەوە کردەوە ژنەکەی ببا و هەڵبێت، وەلێ بۆ کوێ؟ نەخوازە واگەیشتنە ئاوایی. سەید هەستی بەمە کرد، ویستی هێمنی بکاتەوە، گوتی:

– لێم گەڕێن با من قسان بکەم، وریا بن هەڵنەچن.

هەینێ لە ئاوایی نزیک بوونەوە، دەستەیەک لە سوارەکان جیابوونەوە و دابەش بوون، لە هەموو لاوە ئابڵووقەی گوندیان دا و تەقەیان بەسەر ئاواییدا دەکرد، ئافرەت و منداڵ و پیر بەترس و زەندەقچوونەوە دەرچوون، زارۆکان دەستیان بەگریە و هاوار کرد. سەید داوای لە ئافرەتەکان کرد بگەڕێنەوە ماڵێن خۆ، هەنگینێ میرزا و هاپۆ و هەندێک پیاوی بەساڵاچوو بەرەو پێشوازیی کۆمەڵە چەتەکە چوون، لە مەیدانە نزیک



بەرەشماڵەکە سوارەکان ئەسپە خرۆشاوەکانیان وەستاندن، زەلامێلێک تا بڵێی بەهێزبوون، قژیان بەردابووەوە و سمێڵی درێژ و پانیان کۆتاییەکەیان باریک بوو و وەکو کلکی دووپشک چەماندبوویانەوە، بەرز دەبووەوە و دادەبەزی، مێزەریان ڕەش و سووربوون، پیاوێکی کامڵی چاوسەوزی ڕێکپۆش بەئەسپە ئاڵوواڵاکەیەوە پێشەوایی دەکردن، دوو لاوی قۆز یەکیان سوورفلێکی چاوشین بوو. بەرقەوە چاویان لە میرزا و هاپۆ و سەید بڕیبوون. بێدەنگی ئەو ناوەی گرتبووەوە. دەستە سوارەکان پاش ئەوەی هەریەکە و شوێنی خۆی گرت، لە تەقەکردن وەستان. سەید گوتی:

– ئەم میوانانە بەخێر هاتن، فەرموون گەورەمان بکەن.

کابرای سەرۆک بەشێوەزارێک دەدوا میرزا لێی نەدەگەیشت، هەرچی هاپۆ بوو باش لێی گەیشت، گوتی:

– دووە قالا و ڕەشکە یەکشان گرت و دە ستشان کەردە ڕیقنە واردەی یەک. شوێنی ترتان نەدییەوە چی شوێنە زیاتر، سپە پیرەکان؟

هاپۆ شڵەژا و تووڕەیی دایگرت، هەر ئەوەندەی زاری هەڵێنا شتێک بڵێت، لە چوارەم سوارەوە، بەتەنیشت سوورفلەکەوە وێستابوو، قامچییەکی بەرکەوت، ئاگری لە سینگە ڕووتەکەی هەڵساند و هێڵێکی درێژی لە دوای خۆی بەجێ هێشت و خوێنی لێ دەتکایەوە، پاشان لوولەی تفەنگەکەی ئاراستە کرد و گوتی: یەک قسە بکەی وەک سەگ سەرت دێنمە خوارێ، هەی گازل.

میرزا خۆی ڕانەگرت، بەتووڕەییەوە گوتی: شەیتانزادانە، لەسەر ئەم کارەتان ژیوان دەبنەوە.

کابرا ویستی قەمچییەکی بۆ ڕەوانە بکات، لێ سوورفلەکە بلەز دەستی گرت. کابرای سەرۆک بەهەمان شێوەزاری دۆڵی کفران و بەسووکایەتییەوە گوتی:

– کەواتە تۆ ئەو زەلامەی ناوی کوێخا زۆرابە و سەرۆک هۆزی دۆڵی کفرانە؟

– نەخێر، من ئامۆزای ئەوم.

– کوا لە کوێیە؟ دەمانەوێ قسەی لەگەڵا بکەین.

میرزا ئاماژەی بەلای ڕۆژهەڵات دا و بە چاوقایمییەکەوە گوتی:

– هۆ لەوێیە، لە دۆڵی کفران، لە گوندی بانشاخە، ئەگەر پیاون بڕۆن قسان لەگەڵ خۆیدا بکەن، دەستدرێژیکردنە سەر پیرەمێردێکی بێ چەک ئیشی پیاو نییە.

کابرا جارێکی تر ویستی قەمچییەکەی ڕاکێشێتەوە، لێ گەنجە سوورفلەکە لێ نەگەڕا، کابرای سەرۆک بزەیەکی کرد و گوتی: کابرا زمانت وەک هەر بەتەمەنێکی هۆزە گواوییەکەت درێژە، ئێوە زەلامتان کە دەچێتە تەمەنەوە، دەخرەفێ. ئەگینا بۆ هاتن بۆ ئەم شوێنە؟ هاتوون لە مردن دەگەڕین یاخود لە مار؟

میرزا لە حەیبەتدا دەلەرزی، گوتی: ئێمە کە هاتووینە ئێرە، فەرمانمان پێیە، ئەم دەڤەرە پاژێکە لە دۆڵی کفران.

کابرای سەرۆک بەتیلی چاوی لە قەمچی بەدەستەکەی ڕوانی و بێ ئەوەی سەری بلەقێنێ، بە هێمنییەوە گوتی: گوو بە ڕیش و بە هۆز و بە فەرمانت و ئەوی فەرمانیشی پێ داویت، وا دیارە بەڕاستی تۆ کەری.

کابرا شالاوی بۆ برد و ئازای بەدەنی بەقەمچی سوورەوە کرد، بەئەسپە بەلەسەکەشی دابوویە بەر سمکۆلان و بەدەوریدا دەخوولایەوە. میرزا جمانی دەدا و هەڕەشەی دەکرد:

– هەی لە شەیتان بووانە، کافرینە، ئەی ئەوانی سواری خوشک و داکی خۆتان دەبن، داکی یەک بەیەکتان بگێم.

هاوار و قیژەی منداڵ و ژن بەرزبووەوە، سەید لە کابرای سەرۆک پاڕایەوە ئیتر لە میرزا نەدەن. کابرای سەرۆک لە کاتێکدا بەخوێن ساردییەوە چاوی لە جووڵەی قەمچییەکە بڕیبوو، بە دەستسووکی بێ هەڵە سەرتاپای گیانی میرزای داگرتبوو، گوتی:

– سەید، تۆ حەقت نەبێت. ئێمە کوردین، حەرامزادەین، گرفتی نێوان خۆمان بەخۆمان چاری دەکەین.

کابرا دەستی لە لێدانی میرزا هەڵنەگرت، تا لە هۆش خۆی چوو. پاشان کابرای سەرۆک ڕووی لە هاپۆ کرد و گوتی: بە زۆرابی هاوەڵت بڵێ شوێنی ئێرە نییە. ئەم ناوچانە پاوەنی هاوبەشی ئێمەن. ئەگەر یەک خانوو لێرە دروست بکات بە سەریا دەیڕووخێنین، تێگەیشتی؟



بێ ئەوەی چاوەڕوانی وڵام بکات، جڵەوی ئەسپەکەی شل کردەوە و خۆی هەڵدایە سەر پشتی، گەڕانەوە بۆ ئەو شوێنەی لێوەی هاتبوون.

هاپۆ سەیری پێدا هات بەوەندە وازیان لێ هێنان، ئەو وای دانابوو جوێن بە چاک و خراپی گوند بدەن و سیاسەتیان بکەن و دەست بەسەر چی ئازووخەدا هەیە بگرن، عانێک ژنەکەی میرزا لە خۆی دەدا و دەکڕووزایەوە، ئەم لەسەر سینگی میرزای مێردی لای دا و پێی گوت:

– خەجێ بەسە، شوکری خوا بکە گوللەیەکیان بەسەریەوە نەنا و دەستیان بۆ ژن و ماڵمان درێژ نەکرد.

میرزایان بۆ ڕەشماڵەکە گواستەوە، خوێنی لێ دەچۆڕاوە. سەید ئاوی بە دەموچاویا پرژاند و بەو دەرمانانەی ژنەکەی هێنانی کەوتە تیمارکردنی، پاشان ئەملا و ئەولا و پەراسووەکانی پشکنین، میرزا چاوی هەڵێنا و کەوتە چاوگێڕان، بێ هوودە دەیویست سەری بجووڵێنێ، سەید بالیفێکی دیکەشی خستە ژێرسەری و گوتی:

– مەجووڵێ میرزا ئاغا، خوا کەریمە.

هاپۆ زەلامێکی ڕەوانەی بانشاخ کرد، تا کوێخا زۆراب لە ڕووداوەکە ئاگادار بکاتەوە. کەریم و مەردان تازە لە سەردانی شێخی بەرزنجە گەڕابوونەوە، چەند خێزانێکیان لە خزمەکانیان لەگەڵ خۆیاندا هێنابوون، لە سەرووی هەموویانەوە حەمەغەریبی ئامۆزایان بوو. هەینێ کابرا بەوردی ڕووداوەکەی بۆ گێڕانەوە، ئاگریان لێ دەباری، وەلێ کوێخا زۆراب هێوری کردنەوە و دڵنیای کردن هەموو شتەکان ئاسایی دەبنەوە، لێ بەهێمنی و بیرکردنەوە دەبێ. ئێوارە لە دیوەخان بەئامادەبوونی کوڕەکانی و پیاوانی هۆز گفتوگۆی دوورودرێژ دەستی پێ کرد. هەمووان ناڕەزاییان دەربڕی و داوای خاپوورکردن و لە ناودانی هۆزی باباییان دەکرد. چەندین پێشنیازیان بۆ لەناودان و دەست بەسەردا گرتنیان خستە ڕوو. مەردان بەدرێژاییی ئەوکاتە بێدەنگ بوو، هەرچی شێخۆ و ڕەمەزان بوون، تەنیا پرسیاریان دەکرد و بە وەڵام و پێشنیاز بەرپەرچ دەدرانەوە. لە هەموویان شێلگیرتر بۆ لە ناودانیان حەمەغەریب بوو، کە بەکافری ناو دەبردن.

کوێخا زۆراب هستی کرد چییان پێ بوو لە تووڕەیی و پێشنیاز هەڵیان ڕشت. مژێکی توندی لە دارجگەرەکەی دا و پاڵی دایە دیوارەکەوە و گوتی:

– ڕۆڵەکانم زۆرتان قسان کرد، قسەی زۆریش باجی لەسەر نییە، نەخوازەڵا پیاو ئاوا وەکو من پشتی دابێتە دیوارەوە. ئێوە بەقسەکانتان ئەو ناوچەیەی نێوان دۆڵی کفران و باباییەکانتان کردە گۆڕستانێک سەدان کوژراوی تێدا ڕاکشاوە. داخۆ مەسەلەکە ئەوەندە دێنێت، تا ئەم قەسابخانەیە دروست بکەین؟ ئەم کارانە پێویستیان بەهێمنییە، ئێستا دەتوانن بگەڕێنەوە ماڵەکانتان.

لە سیمای دیار بوو ئەو گفتوگۆیانەی بەدڵ نەبوو. ڕەمەزان و شێخۆ و کەریم مانەوە، کاتێ مەردان ویستی هەڵبسێت، داوای لێ کرد بمێنێتەوە. گوتی: دەمەوێ بێ هەڵچوون باسی فەرمان و دەڤەری بنعیز بکەین.

شێخۆ پرسی داخۆ دەتوانێ گازی حەمەغەریبی ئامۆشیان بکات، تا لەم گفتوگۆیەدا بەشدار بێت؟ وڵامی داوە ئەم کەرە تەنیا بۆش و بەتاڵ هەرا دەنێتەوە و هیچ، ئەگەریش کاروبار بکەوێتە دەست ئەمانەوە ئەوا دەست لە هۆز بشۆ. پاشان گوتی:

– من نامەوێ بەرگری لە باباییەکان بکەم، چونکە بەڕاستی خەریکن دەستدرێژی دەکەنە سەر هۆزەکانی تریش، دەتوانین بەشێوازی تایبەتی خۆمان چارەیەکی بۆ دابنێین. وەلێ من دڵنیام ئەگەر میرزا زمانی خۆی بگرتایا و بیزانیایا چۆن قسەی لەگەڵ بکردنایا، ئاوایان دارکاری نەدەکرد، بەهەرحاڵ تۆڵەی دەکەینەوە، لێ حەز دەکەم ئەوەش بێژم، کە لەسەر ئەو فەرمانە چیم بەمێشکدا دێت.

من گومانیان لێ دەکەم و بڕوام وایە ئەمە تەڵەکەیەکە و بۆمان نراوەتەوە، تاکو هۆزەکان لە ناو خۆیاندا بە شەڕ و کوشتار سەرقاڵ بن و دەسەڵاتیش سەیرمان بکا و بەرخ ئاسا مامەڵەمان لەگەڵدا بکات.

شێخ بێ ئەوەی پێوەی دیار بێت، لە تووڕەییانەدا دەکوڵا، گوتی:

– مرۆڤ ئەگەر تفێکی ڕۆکرد، ناتوانێ بیگەڕێنێتەوە شوێنی خۆی، وەکو گوللە ئەگەر لە لوولەکەی دەرپەڕی ئیدی هەرگیز ناگەڕێتەوە. ئێمە کاتێ فەرمانمان وەرگرت، بەنهێنی لە قایمقاممان وەرنەگرت، بەڕێکەوتنی تایبەتیش نەبوو لە نێوان



ئێمە و دەوڵەتدا، هەموو سەرۆک هۆزەکان لەوێ بوون، هەر کەسە و فەرمانی تایبەت بەخۆی وەرگرت. تەنانەت قایمقام یەک یەک لێی پرسین داخۆ ڕای جیاوازیان هەن، کەس ناڕەزایی دەرنەبڕی بەسەرۆکی باباییەکانیشەوە. ئێستا مەسەلەکە بووە مەسەلەی کەرامەت نەک مەسەلەی زەوی، ئێمە خوا نەیبڕی زەوییەکی زۆر و زەبەندمان هەس، بۆیە لە سبەینێوە بۆ بنیاتنانی گوندە نوێیەکە دەستبەکار دەبین. دەبێ شوێنی بەرگری و قوللەی چاودێریی بۆ دروست بکرێ و پلانێکیش بۆ دەمکوتکردنی ئەوانە بەشێوەیەک دابنرێت هەرگیز بەرامبەرمان بیر لە خراپەکردن نەکەنەوە. دەبێ تێیان بگەیەنین کوێخا زۆراب کێیە و هۆزی دۆڵی کفران کێیە؟

کوێخا زۆراب قسەکانی شێخۆی بەدڵ بوون، لە مێشکی خۆیدا گوتی کوڕەکەی سەرشۆڕی ناکات و چارەنووسی هۆز بەدەستی پاکەوەیە. ئیدی بەلایەوە گرنگ نییە ئێستا بمرێت، چونکە بێ ئەو هۆز ترسی لەسەر نییە. ئەوی زیاتر دڵخۆشی کرد، شێخۆ پێشنیازی ئەوەی کرد گوندە تازەکە بەناوی ئەوەوە بنرێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت بۆ هاتا هەتا ناوی بەهۆزەکەیەوە دەلکێنرێت. کوێخا زۆراب سەیرێکی ڕەمەزانی کرد، تا ڕای خۆی بدات، ئەمیش سەیری کەریمی کرد، دوای ئەوەی لە سەرنجەکانی ڕەمەزان گەیشت، گوتی:

– من لەگەڵ هەموو ئەو قسانەدام، کە برای گەورەم شێخۆ فەرمووی، تەنیا ئەوەندەمان لەسەرە دەستبەکار بین.

بێدەنگی دای گرتن، دوای قەیرێک، کوێخا زۆراب ئاوڕی لە ڕەمەزان دایەوە و گوتی:

– ڕەمەزان وادیارە ئەمڕۆ ناتەوێ قسان بکەیت.

بۆ یەکەمین جار ڕەمەزان ئاسەواری جدیەت و غەمباری بەڕووخسارییەوە دەبینران، منگە منگێکی کرد و بە ئاخ هەڵکێشانەوە گوتی: قسە هەزارە و یەکی بەکارە. دۆڵی کفرانی پێدەشت بۆ ئەوەبوو تا بمێنێ، ئەگەر نەتوانین پارێزگاریی بکەین، ئەوا دۆڵی کفرانی شاخاویشمان لەکیس دەچێت.

کوێخا زۆراب سەیرێکی مەردانی کرد، زۆر بەوردییەوە گوێی ڕادێرابوو، وا دیار

بوو بیری لە گرفتێکی ئاڵۆز دەکردەوە، پێی گوت: مەردان، تۆ ئیتر یەکێکی لە ئێمە، قسە بکە.

مەردان هەستی شانازیی بەخۆکردن دای گرت، هەند کەیخۆش بوو خەریک بوو لە پرمەی گریان بدات، بەدەنگێکی نووساوەوە گوتی: ئەمانە دەبێ کەتنێکیان پێ بکەین هەروەک چۆن ڕۆستەم و قادر و عەباس بەمنیان کرد، چۆن لەپێشیان بە پێی پەتی و سەری ڕووتەوە دەرکەوتم و چون ترکەنێک لە ناو مەجلیسدا بای لێ بێتەوە.

ڕەمەزان گوتی: ئەمەیە قسەی پیاوانە.

کوێخا زۆراب لە شوێنی خۆی هەستا و گوتی: من ئەگەر ئەمشەو نەچم بۆ لای میرزا، دەتەقم. مەردانیش بۆ ڕێزلێنان لە کوێخا زۆراب دەمودەست لە شوێن خۆی هەستا و گوتی:

– من تەنیا نۆکەرێکی گوێڕایەڵتانم، نامەوێ دەست لە کارتان وەردەم، لێ ئەگەر ئەمشەو کارێک نەکەم، ئەوا منیش شەق دەبەم.

هەمووان هەستان. بڕیاریاندا هەر ئەو شەوە بڕۆن، بەمەرجێک بۆ ڕۆژی دوایی چەند خێزانێک لەوانەی حەزی نیشتەجێبوونی خۆیان لەوێ ڕاگەیاند بگەن پێیان. سنجان ئەرکی دابینکردن و خڕکردنەوەی شتی پێویستی لە ئەستۆ گرت، ژنەکانی شێخۆ و ڕەمەزانیش بڕیاریاندا لەگەڵیاندا بچن، لێ ژنەکەی کەریم دەبێ لەگەڵ منداڵەکاندا بمێنێتەوە و ئاگای لە ماڵەکەی کوێخا زۆراب بێت. کاتێ کوێخا زۆراب خواحافیزی لە کوڕەکان کرد پێی گوتن، دەبێ وەک پیاو بجووڵێنەوە و ئاگایان لە تفەنگەکانیان بێت و تا بەیانی بەنۆرە ئێشک بگرن. هەروەها لەسەریانە بەئامۆزا و خزمەکانیان لە ئاواییەکانی تر ڕابگەیەنن بەدرێژاییی ڕۆژ ئاگادار بن و چاویان لە هەر غەوارەیەک بێت، کە دێتە ناو زەویی هۆزەوە، بشزانن ئەو کەسە ڕێبوارە، یاخود لە ڕزق دەگەڕێت، یان شۆفارە و هاتووە زانیاریی کۆ بکاتەوە. لەو کاتەدا دەتوانن بە وریاییەوە بەتفەنگەکانیانەوە خۆیان نیشانی بدەن و پێی ڕابگەیەنن، هەر یەکێک لە هۆز بەچاوپۆشی لە تەمەنی، تفەنگێکی وای هەیە.

دانەوێڵەیەکی زۆری پاریان مابووەوە، کوێخا زۆراب بڕیاری دا بە جیهانگیری بفرۆشێت و مەردانیش بەنرخەکەی تفەنگ بکڕێت. ئەوکاتی زۆراب بەتەنێ لەگەڵ



ڕەمەزاندا دانیشتبوو، بە داخ و کەسەرەوە پێی گوت: زەمانەی نەعلەتی وای لێ کردین منداڵەکانمان فێرە درۆ بکەین و بەروبوومان بە جیهانگیر بفرۆشین. وەلێ بەیەزدانی مەزن، ئەگەرێکو درۆکەم نەهێنمەدی و نەیکەمە ڕاست، ئەوا من زۆراب نەبم.

ڕەمەزانیش بەئاسوودەییەوە وڵامی داوە، ئابڕوو و چارەنووسی هۆز لە سەرووی هەموو شتێکەوەن.

## ١٧

له نیوەشەوێکی درەنگدا، دوای ئەوەی کشوماتی گوندەکەی لە ئامێز گرتبوو، شێخۆ و مەردان چوون لە کوخەکە دانیشتن، بەدەم چا خواردنەوە و جگەرەکێشانەوە چەندین پلانیان بۆ تۆڵەسەندنەوە لە بابابییەکان دانا، چونکە بەم کارەیان ویستبوویان چاوی هەموو هۆزەکانی ناوچەکە بشکێنن. مەردان زوو تەمبێکردنیانی بەر لە بڵاوبوونەوەی هەواڵی دارکاریکردنی میرزا بەپێویست دەزانی، کە لە ڕاستیدا ئەوە بەلای هۆزەکانی دییەوە دەستدرێژیکردنە سەر هەموو هۆزی کفران بوو، ئەگینا دۆڵی کفران شکۆمەندیی خۆی لە دەست دەدا و دەبێتە دیوارێکی نزم و هەرچی سەگی خوێڕی هەیە میزی پێدا دەکەن. مەردان چەندان پێشنیازی خستە ڕوو.

دوای ئەوەی لە هەموو لایەنێکەوە گفتوگۆ لەسەر هەر پێشنیازێک دەکرا، دەچوونە سەر پێشنیازێکی دی، تاکو زۆر لەسەر دووانیان وەستان، یەکەمیان هێرشێکی سەرکەوتوو بکرێتە سەر بنکەی پۆلیسی سەنجەق و بەتەواوی دەست بەسەر جبەخانەکەیدا بگیرێت و شتەکە وا دەرخرێت، کە بابابییەکان ئەمەیان کردبێت، نەخوازە ئێستا حکوومەت خۆی لێیان بەبەهانەیە. پاشان دەسەڵات دژیان بجووڵێنرێت. دووەمیشیان ئەوەیە بچنە بەردەرکی شێخی بابابییەکان و تەمێیەکی باش بکرێن. پێشنیازی یەکەم لە لایەن شێخۆوە بەگەن نەکرا، بەو بەهانەیەی کوڕانی هۆز دەبێ گرفتی نێوانیان دوور لە دەستێوەردانی دەسەڵات چارەسەر بکەن. هێنانە ناوەوەی دەسەڵات لەم ئیشانەدا، کارێکی ترسنۆکانەیە و کەسانی بێ دەسەڵات پەنای بۆ دەبەن. هەروەها ئەگەر دەوڵەت خۆی تێ هەڵقورتێنێ، ئەوا خوێن دەڕژێت. بۆیە چەندە نەیاری یەک بن و کێشەیان لە نێواندا بێت، دەبێت خۆیان لە خوێن ڕشتن بپارێزن، چونکە ئەنجامی خراپ دەبێ و بابابییەکانیش خۆیان لەمە بەدوور دەگرن. سەرەنجام لەسەر پێشنیازی دووەم هەڵوەستەیان کرد، هەر چەندە شێخۆ جێبەجێکردنی بەلاوە زەحمەت بوو. مەردان کە ئەمەی بیست پێکەنینی هاتێ و گوتی پیادەکردنی ئەم پلانە لەوانی دی ئاسانترە و ئەنجامدانیشی تەنیا زەلامێکی پێ



دەوێت پاسەوانیی لای دواوە بکات، ئەگەریش کەسێکی وا هەبێ ئامادەیە ئێستا دەست بەکار بێت. لەو ڕۆژەوەی مەردان چەککانی هێنان، تەنیا هەر جێگەی متمانەی شێخۆ نەبوو، بەڵکو هەموو پیاوانی هۆزیش. بۆیە هەر قسەیەکی بکردایا شێخۆ یەکسەر وەری دەگرت و بڕوای پێ دەهێنا. ئەودەمی شێخۆ پەرۆشی و ئامادەیی خۆی بۆ پشکداریکردن لە بەجێگەیاندنی بیرۆکەکە لەگەڵیدا دەربڕی، بەو مەرجەی هەموو وردەکارییەکان بزانێت، تاکو پلانەکە سەد لە سەد مسۆگەر بێت، مەردان لە خۆشییاندا شاگەشکە بوو، دەیگوت بەلای ئەوەوە ئەم کارە خۆشترین شتی تەمەنی دەبێ و هەرگیز لە بیری ناکات. بۆ ئەوەی شێخۆ ئەرخاین بکات، پێی گوت هەرگیز دەستی بۆ کارێک نابات ئەگەر لە سەدا سەدی سەرکەوتنی دڵنیا نەبێت:

من ورد و درشت نەک هەر لەسەر بابابییەکان، بەڵکو لەسەر هەموو هۆزەکانی دەوروبەر دەزانم. کاتی خۆی لەگەڵ جیهانگیریدا کۆڵان و ماڵ نەما سەریان پێدا نەکەین، هەروەها هەموو کونج و کەلەبەرەکانی ماڵی گەورەی بابابییەکان دەزانم. ئەودەمی لای جیهانگیر دەرچووم، ماوەی ساڵێک شوان بووم لای. ئەو کابرایەی کە لە میرزای دا، بابایی نییە، بەڵکو کابرایەکی نارەسەنی ناوزڕاوە. نۆکەرێک لە ماڵی شێخەکەیان نەما لەگەڵ ژنەکەیدا دەست تێکەڵاو نەکات. هەرچی بابابییەکان خۆیانن ئەوا بیروباوەڕی تایبەت بەخۆیان هەیە، کوشتن و لێدان حەرام دەکات. خۆ ئەگەر لێدان یا کوشتنی یەکێک پێویست بێت، ئەوا لە ڕێگەی گەوادێکی وەک ئەوەوە جێبەجێی دەکەن.

شێخۆ سەیری پێ هات مەردان ئەم هەموو زانیارییەی هەن. چون تازە بیناسێت، پێی گوت:

– پێم ناڵێی مەردان لە کوێوە خوا تۆی بۆ ئێمە نارد؟

بەکەیفخۆشییەوە وەڵامی داوە: خۆشبەختیم هێنامییە لاتان.

شێخۆ لە شوێنەکەی ڕاپەڕی و پشتێنەکەی بەتوندی بەست و گوتی:

– من ئەمشەو و خەو ناچێتە چاوم ئەگەر تۆڵە نەکەمەوە، ئامادەیت؟

– من ئامادەم. لێ پێویستمان بە ئەسکەنە و هەندێک هەویر هەیە. من ئەسکەنەم

هەیە، هەویریش دەبێ تۆ پەیدای بکەیت.

سەرلەبەری گوند لە خەونێکی قووڵدابوون و بێدەنگی دای گرتبوون. مانگ ئاوا بووبوو و تاریکییەکی ئەنگوستەچاو بوو. وایان خەملاند بەر لە گزنگ دەگەڕێنەوە گوند. هەینێ زێی ڕۆخانەیان بڕی بۆ ئەوبەر، گەیشتنە نزیک دێیەکە. دوای پشووودانێکی کەم بە پلانەکەدا چوونەوە، مەردان دڵنیای کردەوە، دێیەکە هیچ پاسەوانییەکی نییە، لووتبەرزییان وای لێ کردوون وا بزانن هیچ کەس لە دنیادا ناوێرێت توخنی دێیەکەیان بکەوێت.

دوای ڕۆیشتنێکی کەم گەیشتنە بەردەم ماڵێکی گەورە، دەروازە و دیوارەکانی بەرزبوون، مەردان گوتی:

– من بەخۆم لە بنیاتنانی ئەم خانووەدا ئیشم کردووە، تۆ دەبێ خانوویەک لەمە باشتر بنیات بنێیت.

پاشان بۆ ئەودیوی دیوارەکە شۆڕبوونەوە، لە شوێنێکی دیارکراودا مەردان وەستا و لەسەر ئەسپەکەیەوە خۆی هەڵدایە خوارێ و گوتی: دەرچەی ئاوەڕۆکە ئالێرەدایە.

شێخۆش بەئاسپایی لە ئەسپەکەی دابەزی. مەردان خەریکی دەرچەکە بوو و بەدەستی تاقی دەکردەوە. شێخۆ گوتی: من، وەکو ڕێکەوتین لێرە دەمێنمەوە و لە شوێنی خۆم ناجووڵێم، ئەگەر هەر هێرشێکی لەناکاو ڕووی دا، تەقە دەکەم، تەنیا بۆ ترساندنیان.

مەردان سەری لە دەرچەکە دەرهێنا و گوتی: وەک مردوو لێی خەوتوونە. نە هێرش و نە هیچ.. دەبێ دەرچەکە گەورەتر بکەم، نازانم چۆن سەرم لە هەرامەکەی دایکم دەرهات؟

شێخۆ نەیتوانی بەری پێکەنینەکەی بگرێت، تۆزێک ترسیشی هەبوو، لێ کاتێ هەستی کرد مەردان زۆر بەخوێن ساردییەوە دەجووڵێتەوە، ترسەکەی نەما. مەردان بە ئەسکەنەکەی شارەزایانە لێی دەدا و هیچ دەنگی دەرناکرد. بەچرپەوە گوتی:

– وا چاکە هەویرەکە ئامادە بکەیت و بن باڵتی پێ بسڕیتەوە، ئەگەر لەناکاو سەگ بەدەرکەوت، پارچەیەک هەویری بۆ هەڵدە.



– خاترجەم بە، هەویرەکە بەدەستمەوەیە.

مەردان بزەیەکی کرد و بەگاڵتەوە گوتی: وا دیارە شێخۆ بەگ تۆ لە پیاوانی شەوی...

– ئەی واتدەزانی چیم؟ وریابە هێند قسە مەکە، پیاو دەتوانێ لەودیوەوە دەنگت ببیستێ. ماوەیەک تێپەڕی و ئەو هەر خەریکی گەورەکردنی دەرچەکە بوو، شێخۆ ویستی یارمەتیی بدات، نەیهێشت، بەو بەهانەیەی چاڵ هەڵکەندن بێدەنگ دەرکردن، هونەرێکە تەنیا دزی ڕاستەقینە پەی پێ دەبات.

هەینێ دڵنیا بوو دەتوانێ لە دەرچەکەوە بچێتە ژوورێ، وەستا و گوتی:

– لەودیو دیوارەکەوە ڕاستەوخۆ بەدووری بیست هەنگاو خزمەتکارە گەوادەکە لەسەر زەوییەکە نوستووە. هەرچی سەرۆکەکەیەتی ئەوا لەسەر سەکۆکە بەدووری چوار هەنگاو لەوەوە دەنوێت.

شوێنەکە هەمووی دیوارێک لە ماڵەکەی جیا دەکردەوە. ئەگەر بتەوێ لە دەروازەکەوە پێی بگەیت، ئەوا دەبێ بەدەوری باخچەیەکی گەورەدا بسووڕێیتەوە.

چی دەڵێی؟ ئەمە دوا هەلە، پاسەوانەکە ناچار بکەم لە دەرچەکەوە دەرچێت، تا لە شوێنێکی دوور تێلاترێنی بکەین و پاشان بەپێی پەتی بیگەڕێنینەوە لای کەسوکاری؟

– مەردان ئێستا لێمان گەڕێ و لەو کارە مندالانەیە بەدوورمان بخە، دەی، دەست پێ بکە، ئەگینا کات دەمانبڕێت. لەسەر هەموو شتەکان ڕێککەوتین و تەواو.

مەردان بەزگەخشکێ لە دەرچەکەوە چووە ژوورێ، کاتێ گەیشتە ئەودیو، دەستی درێژ کرد و تفەنگەکەی لە دەستی شێخۆ وەرگرت، پاشان چوارمشقی لێی دانیشت و چاوی بەهەموو لایەکدا گێڕا، هەموو شتەکان وەکو پێشوبوون، نەگۆڕابوون. تەنیا ئەوەندە نەبێ لە لای ڕاستەوە تەویلەیەکیان لە پاڵ دیوارەکە دروست کردبوو جێی ئەسپێکی تێدا دەبووەوە، ئەویش ئەسپەکەی شێخ بوو، کە چەندین جار مەردان ئالیکی داوەتێ و بردوویەتییە سەر ئاو. ئەسپەکە حیلکەیەکی هۆگری کورتی کرد، مەردانی تۆقاند، لێ لە حیلکەکەی زانی هەر ئەو ئەسپەی پێشووە، لێی نزیک بووەوە و باسکی لە ملی ئالاند، پاشان سەری ماچ کرد، هێور بووەوە، بەگوێیدا چرپاند:

– گەر بمزانیایا تۆ لەودیو دیوارەکەوەی، کونێکی وام لێ دەدا پیادا بچوویتایا.

لەسەر زەوییەکە درێژ بوو و بەزگەخشکێ بۆ لای پاسەوانەکەوە چوو، لە خەوێکی قووڵدا بوو و دەیپرخاند، تفەنگ و ڕەختەکەی بەتەنیشتەوە بوون. پێی لەسەر ملی دانا و لوولەی تفەنگەکەشی برییە دەمییەوە، پێی زیاتر لەسەر سینگی گیر کرد، چاوی کردەوە و مردوو ئاسا لێی ڕوانی، ویستی قسان بکات، لێ جگە لە خنکە خنکی نائومێدی هیچی لێوە نەبیسترا، مەردان لەو کاتەدا جەستەی لەڕ و لاوازی میرزای بیر هاتەوە، چۆن جێ قەمچییەکان هەویان کردوون، کوێخا زۆرابیش لەولاوە سەرقاڵی گرتنەوەی پەراسوو و قۆڵی چەپیەتی.

دیسانەوە زیاتر پێی لەسەر ملی گیر کرد و بەدەستێکی تفەنگەکەی بەرز کردەوە، بەقۆنداغەکەی تا توانی کێشای بەسەریدا. فیشەکێکی لە پشتێنەکەی دەرهێنا، دوای ئەوەی تفەنگی پاسەوانەکە و ڕەختەکەی لە شان کردن. بەرەو لای شێخ جوولا، لەتەک سەکۆکەیدا کە بەقاڵی ڕاخرابوو وەستا، سەیری لەو هەموو سەرینە هات بەدەورییەوە بوون، لەسەر لای چەپی ڕاکشابوو، باسکی ڕاستی لەسەری ئالاندبوو بەرێکی هەناسەی دەدا، دەمانچەیەکی وێبلی لە هەمان ئەو دەمانچەیەی شێخۆ هەڵی دەگێت، لە بەردەمیدا بوو. دەمانچەکەی هەڵگرت و فیشەکەکانی لێ دەرهێنا و گەڕاندییەوە شوێنی خۆی و گولله تفەنگێکی بەقیتی لەبان دانا، پاشان دەستی برد و فیشەکلغە باریکەکەی، کە بەزیو نەخشێنرابوو و لە بەر تروسکەی ئەستێرەکان بریقەی دەداوە، لەسەرخۆ ڕای کێشا و خستییە سەرشانی و ڕۆیشت. بەرلەوەی هەردوو تفەنگەکان و ڕەختەکان لە کونەکەوە ڕەت بکات، بەتوندی دەستی لە ملی ئەسپەکە کرد. پاشان بێ چرپە کەوتە زگەخشکێ، ئەو هەستەی لا ڕووابوو دنیای داگیر کردبێت. کاتێ لە دەرچەکەوە دەرچوو، شێخۆ بەتوندی ڕایکێشت و باوەشی لێ دا، هەموو دەموچاوی ماچ کرد و پێی دەگوت: کوڕی باوکمی مەردان.. تۆ کوڕی باوکمی.

مەردانیش باوەشی لێ دا و دەموچاوی ماچ کرد، کاتێ لە ئاوێزانی یەکتر بوونەوە، خۆیان هەڵدایە سەر پشتی ئەسپەکانیان، مەردان بەکەیفخۆشییەوە گوتی:

– شێخۆ بەگ ئەمشەو لە دایک بووم، دەزانی چیم پێ کردن؟ بەو دەردەم بردن، کە



کوڕێل بە منیان کرد.

شێخۆ چون هێشتا بڕوا بەچاوی خۆی نەکات، دەنگێکی لێوە هات وەک ئەوەی خەون ببینێت، گوتی:

– مەردان تۆ سەری هۆزەکەمانت بەرز کردەوە، تۆ تاجی هۆزیت.

– من خزمەتکاری هۆزم شێخۆ بەگ، تاجی ڕاستەقینە خۆتی، چونکە دەستت لە خۆت شوشت و لەگەڵ نۆکەرێکی وەک مندا هاتی، کە تەنیا ئەوەندەی لەسەرە گەورەکەی چی پێ بڵێت بەقسەی بکات.

شێخۆ بەر لە ڕۆیشتنیان بۆ تۆڵە سەندنەوە لە باباییەکان. کاتێ چووە دەوارەکەوە تا هەویر بێنێت، هەموو نوستبوون، تەنیا کەریم نەبێ بەتەنیشت جێیەکەی میرزاوە، کە بەدەم ئازارەوە نووست، هەڵکورمابوو. شێخۆ پێی ڕاگەیاند، لەگەڵ مەردان دەچنە سەنجەق سەردانی هاوەڵێکی دەکات و بەر لە گزنگ دەگەڕێنەوە، بۆیە دڵتان لامان نەبێت.

کەریم و فاتمە سێ ڕۆژە بێ هوودە دەیانەوێت هەلێک بۆ ژوان بەستن بێتە بەر، ڕێک ناکەوێت. سەبریان لەبەر بڕا. بۆیە دوای ئەو پێک گەیشتنە بەرێکەوتە لای پەرێزەکە لەو چۆڵاییە دوور لە چاوی خەڵکی یەکتریان بینی، بڕیاریاندا ئێشک بگرن تا هەمووان دەنوون، پاشان لای لۆدەکایە کۆنەکەی بووە یەکەمین ژوانگەیان، پێک بگەن. هەر هێندەی شێخۆ ڕۆیشت، کەریم بەئاسپایی ڕاپەڕی، بەپەلە کەوتەڕێ، ئەو لەوێ بوو، دەتگوت لەسەر ئاگرە، دەمێ کەریم لێی نزیک بووەوە، فاتمە دەستەکانی لە ملی ئالاند و بەشێتییەوە کەوتە ماچکردنی لامل و ناودەمی و هەموو شوێنێکی دەموچاوی، بەفرمێسک ڕشتنەوە گوتی: بەردەوام بیرم لێ دەکردیتەوە، وام دەزانی ناگەڕێیتەوە بۆ لامان، بەختەوەریم بێ سنووری ڕووناکیی دیدەم، ئەی خۆرەکەی من. ئەویش سەری خستە چالاییی لامله نەرم و شلەکەیەوە، بۆنی مێخەک مەستی کرد، فاتمە کەوتە ڕامووسانی دەستی و لستنەوەی یەک بەدوای یەکی پەنجەکانی. کەریم لەگەڵ هەڵمژینی بۆنیدا، گوتی:

– ئەی هاپۆ، ئەگەر ئێستا بەخەبەر هات و تۆی لە جێیەکەتدا نەبینییەوە؟

– پێم گوت لای پووره سنجان دەنووم، ئەوەتا لێفەکەم پێیە.

ئەوکاتی بەهێمنی قامکی بەسەر مەمکە قیتەکانیدا هێنان، گوتی:

– کەواتە تۆ ئێستا لای سنجانی، بیرێکی باشە، ئەی ئەو بەمە دەزانێت؟

– پێم گوت نەختێ درەنگ دێم، گرنگ ئەوەیە ئەگەر سبەی لە خەو ڕابوو، پێی سەیر نەبێ من لە تەنیشتییەوە نوستوومە. کە گەڕایتەوە ژنەکەت پێی خۆش بوو؟

کەریم لە پرسیارەکەی گەیشت، بەخۆشییەکەوە پرسی:

چییە جارِی لێ دەکێشی و ئیرەیی پێ دەبەی؟

بەتوندی مەمکەکانی گووشی و کەوتە مژینیان، ئەویش وڵامی داوە:

– من جارِ لە هەموو شت دەکێشم، تەنانەت لە ڕۆژیش، کە بەتیشکەکانی ماچت دەکات. تەنیا دڵنەواییم مامە میرزا بوو، چەندین سەعات لە ڕەشماڵەکە دادەنیشتم و بەو بایە دەژیام کە لای تۆوە دەهات، ئەگەر دەزانی کەریم چ ئاگرێک لە دڵمدایە.

کەریم قامکەکانی بەناو قژیدا هێنان، ئەویش سەری نابووە سەر شانی و لێوی لەسەر ملی دانابوو، کەریم لە ناوەوەی هەمان موچوڕکی شێتانە، ئەوکاتی جنۆکە (فەی)ی دەدیت دەیگرت، دای گرتبوو. دوور نییە جنۆکە کە خۆی لە جیهانە نەبینراوەکەی دزیبێتەوە و خۆی کردبێتە فاتمە، ئەگینا ئەم هەموو سۆزە جۆشخواردووە چییە لە دەمارەکانییەوە ئاگرئاسا کڵپەی دەکرد؟ کە پێشتر بەخۆوەی نەبینیوە، ئەوەتا دڵە کوتێکەی زۆر توندترە لەو کاتەی جنۆکەکەی بینی، ئیدی لەو کاتەوەی فاتمەی ناسیوە گۆڕی گوم بووە و ئاسەواری نەماوە:

– فاتمە، لە دوای هەر گاشەبەردێکی دۆڵی کفران و لە پشتی هەموو ئەستێرەکانی ئاسمانەوە بوویت. ئێستا دەزانم عیشقی ڕاستەقینە چییە. تەنانەت لە تەکیەکەی شێخیش لە بیرم بووی، لەو کاتەی لە ئەڵقەی زیکر کردنەکەشدا حاڵ گرتبوومی، زمانم نێوی خوا و تۆی دەهێنا. تۆ ئاوەز و دڵت بردووم.

نەیانزانی لە کەنگێوە پێکەوە نووساون، هەموو شتەکان وەکو خەون و لە دەرەوەی کات دەهاتنە بەرچاویان. ئاخو ئۆهیان بەرز دەبووەوە و خەریک بوو یەکتر قووت بدەن. کاتێ کەریم چەناگەی دەلستەوە و دەیمژی و پاشان نەرمە گازی لێ دەدا، فاتمە حەزێکی بێ پایانی لە سەرجێیی بوو، هەینێ لێفەکەی لەسەر دیوارە نزمەکە ڕاکێشا، گوتی:





– دەی کەریم. بابچینە دەرەوەی ئاوایی، ئیتر بەرگە ناگرم.

– دەچینە کوختەکەی مەردان، یەکەمین ژوانمان لەوێ بوو، تا بەر لە گزنگ لەوێ دەبین، تا تینوێتیم لێت دەشکێت. بەر لەوەی شێخۆی برام و مەردان بگەڕێنەوە، لە دەرکەی پشتی ڕەشماڵەکەوە دزە دەکەیتە پاڵ سنجان. ئەوکات منیش دەتوانم بەئاسوودەیی بنووم. هەر لەوێوە دەتوانی دوو هەنگاو خۆت تلۆر بکەیتەوە و لەودیوی ڕەشماڵەکەوە بێیتە باوشم.

گڕەی مانگی خەرمانان گەرم و هیشک بوو، جارجار شەپۆلێکی دەدا هەندێک شێی زێی ڕۆخانەی لەگەڵ خۆدا دەهێنا. هەستی بەگەرمی کرد، جلەکانی داکەندن، بیری لە ژنەکەی کردەوە، کە هیچ کات خۆی بۆ ڕووت نەدەکردەوە، گوتی:

– فاتمە، پێم خۆشە بەڕووتوقووتی بتبینم، ڕازیت؟

دەمودەست جلەکانی فڕێدان و گوتی:

– ڕازیت مانای چییە؟ ئەگەر داوام لێ بکەی دڵمت بۆ دەردەهێنم.

کەریم لە هەموو ژیانیدا ژنی بەڕووتوقووتی نەبینیبوو، تەنیا جنۆکە فەی نەبێت، هەندێک جاران بەڕووتی دەهاتە لای، بێ ئەوەی بتوانێ دەستی بەری بکەوێت. کاتێ سەرجێیی لەگەڵ ژنەکەی، یاخود هەر ئافرەتێکی تر لە دەنکەکانی، دەکرد، لەوانەی لە نیوەی شەودا دزەی دەکردە لایان، یاخود لە شوێنێکی دوور لە ئاوایی، بیری لەوە نەدەکردەوە بەڕووتیی بیانبینێت. خۆیشی نەیدەزانی چۆن ئەمەی بەمێشکدا نەهاتبوو. هەینێ چووە حەوت تەبەقەی ئاسمان و لەگەڵ پەرییەک لە پەرییەکانی بەهەشت تەنیا بووەوە، جوانترین ئەستێرە لە ئەستێرەکانی گەردوون، بۆی دابەزی. ئەو خۆی ویستی سەر بکەوێتە خوارێ، تا جنۆکەیەکی دی بدۆزێتەوە لەگەڵیدا بچێتە ئاسمانێکی تر. تینوێتیی نەشکا، ئەویش بەهەمان شێوە، تینوێتیی زیاتر دەبوو، هەستیان بەکات نەکرد، دەنگی سمی ئەسپەکانی شێخۆ و مەردانیان نەبیست، کە بەر زەوییە ڕەقەنەکە دەکەوتن و گۆمی مەنگی بێ دەنگیی شەویان دەشڵەقاند. بەچرپەوە و ئاسپایی چون هیچ نەبوو بێت، ڕوویان لە ڕەشماڵەکە کرد، لێ دڵیان وەکو دوو باڵندەی سەرلێشێواو لە فڕینیان دابوو، لە تاریکییە ئەنگوستەچاوەکەدا لە هێلانەکەیان ئاوارەبوون.

## ١٨

هەواڵی دەستدرێژی کردنە سەر میرزا چون ئاگر لە پووش بەربدەیت، ئاوا بڵاو بووەوە، واش لێک درایەوە دەستدرێژییەکی تاوانکارانەیە بۆ سەر هەموو هۆزی کفرانی بێ زیان و ناسراو بە هێمنی و چاکەکارییان. هەمووان بەتووڕەیی پێشوازییان لە هەواڵەکە کرد. لە ناوەندی سەنجەق جیهانگیر تەلاقی خوارد دەبێ لە حیسابی خۆی چەکی هەمەجۆر بداتە دۆڵی کفران. موراد چاوشیش ناڕەزایی خۆی بەرامبەر باباییەکان دەربڕی و بڕیاریدا دەرسێکیان بداتێ هەرگیز لە بیریان نەچێتەوە، چونکە خەریکە هەرچی دابونەریت و هاوپەیمانییەک هەیە بخەنە ژێر پێوە.

شێخی بەرزنجەیش تووڕەبوونی خۆی دەربڕی، بەرامبەر بەوانەی بەبێ ئیمان ناودێریکردن و وتی دەبێ سزای خۆیان وەربگرن. هەرچی سەرۆک هۆزەکانی دەوروبەر بوون نێرراوی خۆیان بۆ لای کوێخا زۆراب نارد، ناڕەزایی و ئامادەیی خۆیان بۆ پاڵپشتیی دۆڵی کفران دەربڕی. لێ هەواڵی تۆڵەسەندنەوەکە لەوی پێشوو زووتر بڵاو بووەوە، تەنانەت هەندێکیان لەیەک کاتدا هەواڵەکەیان بیست، هەندێکیشیان هەواڵی تۆڵەسەندنەوەکەیان بیست بێ ئەوەی هەواڵی یەکەم ببیستن. چونکە تۆڵەسەندنەوەکە وەکو بروسکەی بەهار خێرا و دەستوبرد بوو، بۆ یەکەمین جار لە ژیانی دۆڵی کفراندا سەرنجی هەمووانی بۆ خۆی ڕاکێشا، ئیدی وایان لێ هات ئەفسانەیان لە بارەوە دەچنی و لە هەموو دانیشتنێکدا باسیان دەکرد.

چیرۆکی تۆڵەسەندنەوەکەیش بەچەندین شێوەی جیاجیا گێڕرایەوە، خەڵکی لە ناوەندی سەنجەق لە ناو هۆزەکانی دیدا، پێشبینیی زۆر شتیان لە باباییەکانەوە دەکرد، هەروەها لەو پێشهاتانەی لە نێوان ئەو دوو هۆزەدا دێنە پێشێ، تەنانەت هەندێ کەس لە نێوان خۆیاندا گرەویان لەسەر ئەوە دەکرد، ژانی ڕۆژانی داهاتوو چی لێ دەکەوێتەوە. هەندێکیان پێشبینیی ئەوەیان دەکرد، ئەو ململانێیەی نێوانیان ئاگری خوێنڕشتنێکی لێ دەبێتەوە بەهیچ ناکوژێتەوە، هەندێکیش دەیانگوت باباییەکان کفرانێکان خاشەبڕ دەکەن و ئەو تۆڵەسەندنەوەیەی پەنایان بۆ برد،



گەورەترین هەڵەی ژیانیان بوو. دەستەیەکی تریش وایاندەبینی ئەوی کفرانێکان کردیان باشترین ئیشیان بوو و ئەم کارەیان تا هەتا هەتا باس دەکرێت. ئەم هۆزە لە بیرکراوە خۆمەڵاسداوەی ناو شاخەکان، کە نە بەباش و نە بەخراپ ناویان نەدەهێنرا، بەم کارەیان مێژوویەکیان بۆ خۆیان تۆمار کرد.

هەرچی هۆزی باباییەکان خۆیان بوون، هەواڵەکە وەک هەورەتریشقەبوو بۆیان، سەرەڕای ئەوەی ماڵی شێخ ویستیان هەواڵەکە بشارنەوە و پەردەپۆشی بکەن، کەچی بەهەموو ماڵەکاندا بڵاو بووەوە. چونکە هۆزی باباییەکان پێشتر گورزی وایان نەخواردبوو، ئەبڵەق و ڕووگرژ و زمانیان بەسترابوو. نەیاندەزانی چۆنی لێک بدەنەوە و چی بڵێن. ئەمە کارەساتێکی گەورە بوو لە ژیانی باباییەکاندا. ئەوەی لەبەر دەرکەی سەرۆکەکەیان ئەم کارە ئەنجام بدات، دەتوانێت لەمەش خراپتر بکات. ئەو کەسە دەیتوانی لە نوێنەکەیدا بیکوژێ و لاشەکەشی ئەتک بکات، دەیشیتوانی سەری ببڕێ و سەرەکەی ببات، دیارە کەسێکە بووە بیر و باوەڕی خۆی هەبووە و تەنیا بە کوشتنی پاسەوانەکە وازی هێناوە. باشە ڕیسوایی و تۆڵەسەندنەوە لەمە زیاتر دەبێ چی بێت؟ بچێ دەمانچەکەی لە فیشەکەکانی بەتاڵ بکاتەوە و لەو تاریکییە ئەنگوستەچاوەدا فیشەکێک بەقیتی دابنێت؟ تۆڵەسەندنەوە ئاوا نەبێت بۆچی باشە؟ سەرلەبەری هۆز چاوەڕوانیی کاردانەوەی شێخ و قسە و پلانەکانی بوون.

هەرچی شێخ بابا خۆی بوو، بەعادەتی خۆی بەر لە گزنگ هەستا، بیری لەو خەونە سەیرە دەکردەوە، کە لەو شەوەدا بینیبووی، هێشتا لە ناو جێیەکەیدا بوو، لێ هەرکە چاوی بە فیشەکە قیتەکە کەوت بەسەر دەمانچەکەیەوە بوو، لە جێیەکەی وەک شێت ڕاستەپێ هەستا و بێهوودە گازی پاسەوانەکەی کرد، بەپێی پەتی بەهەڵەداوان پەنای بۆ برد، لەپڕ لە بەرامبەر دیمەنێکی ترسناکدا وەستا، لە شوێن خۆی مەیی، دیقەتی سەری دەدا لە خوێندا نوقوم بووبوو، بەهەنگاوی قورسەوە پاشەوپاش کشایەوە، بەتێکشکاوی گەڕایەوە سەر جێیەکەی، چۆکەکانی شل بووبوون، هەر هێندەی لەسەر جێیەکەی دانیشت، وێنەی میرزای لە بەرامبەردا قوت بووەوە، چۆن لە بەرامبەر لێدانی قەمچێکە و سمکۆڵانی ئەسپەکەدا بەلادا دەهات، لەو کاتەی سەری داگرتبوو

سەیری پێیە ڕووتەکانی دەکرد، لە مێشکی خۆیدا گوتی: تۆڵەسەندنەوە ئاوا نەبێ هیچە. جارێکی دی خەونەکەی بیر کەوتەوە:

– میرزا و کوێخا زۆراب و ئەوانی تر لە هۆزی کفران، لە شوێنێک لە دەرەوەی زەوییەکانی هۆزەکەی، لە خەونەکەیدا سەر بەدۆڵی کفران بوون، بەگەرمی باوەشیان لێ دەدا، پاشان لە هیکرا خۆی لەگەڵ پاسەوانەکەیدا بینییەوە، لە لێواری شیوێکی هەزار بەهەزاردا وەستابوون. زەوییەکەی ژێر پێیان فشۆڵ بوو، هەنگینێ ویستی لە لێوارەکە لاچێت، بۆ خۆی ڕای کێشان و کەوتنە شیوەکەوە. لەپڕ شێخۆ لە بەرامبەریدا بەدەرکەوت و بەهەردوو دەستی گرتی و جارێکی دی گەڕاندییەوە ئەو شوێنەی یەکەمین جار لە دۆڵی کفران پێک گەیشتن، هەرچی پاسەوانەکەی بوو کەوتە شیوەکەوە و زرمەیەکی وای هات، زایەڵەی گەیشتە شیوەکانی تریش. بەرلەوەی ڕووداوەکە بۆ کەس بگێڕێتەوە، لەگەڵ مام براحەقدا کۆ بووەوە و پێی ڕاگەیاند، کە خەونی بینیوە و دەیەوێت بۆی بگێڕێتەوە و کارەساتێکی دڵتەزێنی پێ ڕابگەیەنێت. مام داوای لێ کرد هیچی پێ نەڵێت، بەڵکو بەر لە هەر شتێ بچێت خۆی پاک بشوات، ئینجا چەند ئایەتێک لە کتێبی پیرۆزی یارستان بخوێنێت. دوای ئەوەی داواکەی بەجێ گەیاند، بەوردی خەونەکەی بۆ گێڕایەوە، پاشان سەید داوای لێ کرد جارێکی دیش خەونەکەی بۆ بگێڕێتەوە، لەو کاتەدا کاغەزی دەستنووسێکی گەورەی کۆنی هەڵدەدایەوە، دوایی لێی پرسی داخۆ هەواڵی ئەو ڕووداوە دڵتەزێنەی بۆ کەس گێڕاوەتەوە؟ بەرسڤی داوە، بەر لەو کەسی نەدیتووە و ئەو تا نووکە تەنیا کەسە بەو کارەساتە دەزانێت. سەید لەو کاتەی بەئاگاداریيەوە بەهەردوو دەستی دەستنووسەکەی لەسەر تەپڵەکە بچووکەکەدا دانا، گوتی: ڕووداوەکەت بۆ من گێڕایەوە؟

– نەخێر براحەق، ئێستا بۆت دەگێڕمەوە.

سەید دەستە چرچەکەی بەرز کردەوە و ئاماژەی بەوەستانی دا، لە کاتێکدا دەستی چەپی بەڕیشە درێژە چەرمووەکەیدا دەهێنا، گوتی:

– نەخێر، شێخ بابا، من خۆم بۆتی باس دەکەم، چەندین جار لەو هەڵسوکەوتانەی مەزهەبی ئەهلی حەق قبووڵیان ناکات ئاگادارم کردوویتەوە، ئا ئەوەتا



تۆڵەسەندنەوەکە لە شوێن خۆیدا هات. دەبوو ئێستا ڕووحت لە حەوت تەبەقەی ئاسمان بوایا و تەرمەکەت بەپارچە پارچەکراوی لە بەردەستمان بوایا، دەزانی ئەوکات چ کارەساتێک ڕووی لە هۆزەکەمان دەکرد؟ من تەنیا ئەوەندەم پێ دەکرێت مەمنوونی خواکەی ئەهلی حەق بم، کە بەزەیی خستە دڵی ئەو کەسەوە و پاسەوانەکەتی کردە قوربانی بۆ تۆ.

– لە قسەکەت وا تێ دەگەم تۆ لەگەڵ تۆڵەسەندنەوە دا نیت براحەق.

– هەر هەوڵێک لە تۆوە بۆ تۆڵەسەندنەوە، ئەمجارەیان دەبێتە هۆی جگەر سووتانت، واتا کوشتنی کوڕەکانت، پاشان ئەوانەی لە خەوندا بینییانت بەپێی سرووتی مەزهەبەکەمان بوونە برای تۆ، چۆن دەتەوێ دژی براکانت بجەنگیت؟ یاخود دەتەوێت لە خۆتەوە شەریعەتێکی تازەمان بۆ دابهێنیت؟!.

– نەخێر براحەق، خزمەتکاری مەزهەب و نۆکەری ئەهلی حەقم.

دوای لێبوونەوە لە قاوەڵتی، شێخ دەمی پێوە نەدا، تەنیا چەند فنجانێک قاوەی هەڵقوڕاند، ئەنجوومەنی پیرانی هۆز کۆ بوونەوە، دوای گفتوگۆی درێژ و قسە لەسەر کردن و وەرگرتنی ڕای سەید براحەق، بڕیاریاندا ژن و ژنخوازی لەگەڵ هۆزی دۆڵی کفراندا بکەن و پێوەندیی خوێن لە بەینیاندا دروست بێت، هەروەها گەڕانەوە بۆ کتێبی پیرۆز و لێکدانەوەکانی براحەق دەربارەی هەموو ئەو شتانەی پێوەندییان بە دنیاوە هەیە.

موراد چاوش لە کەرکووکەوە فەرمانی پێ گەیشت، تیایدا داوای لێ کراوە سنوورێک بۆ هەڵسوکەتی بابایییەکان دابنێت، چونکە بەم دواییە گلە و گازندەیان لە دژ زۆر بووە، یەکەیەکی لە هەرە باشترین جەنگاوەران ڕێکخست، کە بەباشترین جۆری چەک تەیار کرابوون و تۆپیشیان تێدا بوو، کاتێک یەکە سەربازییەکە بەرەو ئاوایی بابایییەکان بەڕێ کەوت، لە پێشدا گەیشتە گوندی زۆراب، کوێخا زۆراب بەهەموو شێوەیەک ئەوەی ڕەت کردەوە دەوڵەت دەست بخاتە کاروباری هۆزەکانەوە، داوای لێکردن بە کوێدا هاتوون بەوێدا بگەڕێنەوە، ئەگینا هۆزی دۆڵی کفران ناچار دەبێت بەرگری لە بابایییەکان بکات. موراد چاوش سەیری لەو هەڵوێستەی کوێخا زۆراب هات و بەبێ ئەقڵانەی دانا، چونکە پێی لەسەر ئەوە دادەگرت بۆ ئەوە هاتووە

تاکو کفرانییەکان لە دەستدرێژی بابانییەکان بپارێزێت، تاکو بتوانن گوندەکەیان دوور لە هەراسانکردنی ئەوان بنیات بنێن. کوێخا زۆراب سوپاسی ئەو هەستە پڕ لە نیاز پاکییەی کرد، لێ پێی ڕاگەیاند مەسەلەی تەمبێکردنی نەیاران کار و ئەرکی هۆزەکانە، پاشان هۆزەکان لەسەریانە بەخۆیان گرفتی یەکتر چارە بکەن.

بۆ یەکەمین جار کەریم چوو بۆ ناوەندی سەنجەق و ئەو جیهانگیرەی دەیانگوت کابرایەکی سەیرە، ناسی. خۆی و مەردان شەو درەنگانێک گەڕانەوە، بڕێکی زۆر چەک و تەقەمەنییان لە قاچاغە ڕێوە هێنابوون، کە جیهانگیر پێی بەخشیبوون. لە ئاواییش لە قوولەیەکی بەرزی دوو نهۆمی بوونەوە، دەکرا لە ڕێگەیەوە چاودێریی هەموولایەک بکرایا، هەروەها چەندین لەمپەر و سەنگەریان چێ کرد، نەخوازە لەو لایەی کە دەچووەوە سەر دەڤەری بابانییەکان. شێخۆ ئەوەی ڕەت کردەوە ماڵێکی تایبەت بەخۆی، یاخود کۆشکێک وەکو سەرۆک هۆزەکانی دی بنیات بنێت، بەڵکو ئەوەی بەلاوە گرنگ بوو، حەوشێکی گەورەی هەبێت دیوارەکانی پان و بەرز بن، هەروەها دەروازەیەکی گەورە و لە بانیشییەوە ژوورێکی بۆ چاودێری و ئێشک گرتن هەبێت، جۆگەیەکیش لە زێی بنعیزەوە بەناو حەوشەکەدا بێت، تاکو ئاوەکە لەبەر دەستیان بێت.

چەند هەفتەیەک شەو و ڕۆژ سەرقاڵی پاسەوانیی بوون، چونکە لە هەر ئان و ساتێکدا پێشبینیی هێرشیان دەکرد.

ڕۆژێکیان پاسەوانەکەی سەر قوللەی چاودێری سێ ئەسپ سواری بینی لای بابانییەکانەوە دەهاتن، بەپڕتاو ڕای کردە ڕەشماڵەکەوە، تا پێیان بڵێت، شێخۆ لەگەڵ زۆرێکدا سەرقاڵی بیناکردن بوو. بەخۆی سەرپەرشتی قوڕکاری و کاتێکردنی دەکرد، نەیدەهێشت تا بەلای کەمەوە دوای دوو ڕۆژ قوڕەکە بەکار بێنن، تاکو تەواو دەترشێ و دەبێ بەقوڕەشیلە، چونکە بەرگریی بۆ باران و گۆڕینی کەش زیاتر دەبوو. ئەوکاتی پاسەوانەکە خۆی بەژوورەکەدا کرد، کوێخا زۆراب و سەید و ڕەمەزان و هاپۆ و میرزا قاوەی بەیانییان دەخواردەوە، شکاوی و برینەکانی میرزا ساڕێژ بووبوون، عانێ پاسەوانەکە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە هەر سێکیان لە هۆزی بابانییەکانن، بێ ویستی خۆیان دەستیان بۆ تفەنگەکانیان برد و بەپڕتاو ڕایان کردە



دەرەوەی ڕەشماڵەکە، تا بەخۆیان دڵنیا بن. سەید تاقە کەس بوو لە گوند چەکی هەڵنەدەگرت، هەرچەندە چەکیان پێ دا، کەچی بە سوپاسەوە ڕەتی کردەوە و پێی گوتن چەکی ئەو ئیمانییەتی و نابێنەوەی پێغەمبەر چەک هەڵبگرێت. ئەگەرچی سیمای سوارەکان ڕوون نەبوون، ئەرخاین بوون لەوەی کە بابانییەکانن، لێ بەوە ناکەن بۆ تۆڵەسەندنەوە هاتبن، ئەوی بەو نیازەوە هاتبێ ئەستەمە تەنیا بەسێ سوارەوە بێت. پاشان بەشێوەیەک چەکەکانیان لە شان کردبوون، ئاشتییان پێوە دیار بوون: لوولەکانیان سەر بەرەو خوارەوە، قۆناغەکانیش بەرەو سەرێ. لێ هەموو ئەم نیشانانە قەناعەتی تەواویان بەکوێخا زۆراب نەهێنا، دوور نییە ئەمە فێڵ و تەڵەکە بێت دەیکەن، یاخود دوور نییە بۆ سەیری ناوچەکە و زانیاری کۆکردنەوە هاتبن، تاکو بۆ هێرشی چاوەڕوانکراو خۆیان ئامادە بکەن، هەر لەبەرئەمەش بوو داوای لە پاسەوانەکە و ڕەمەزان کرد خۆیان لەودیو ڕەشماڵەکەوە مات بدەن و ئامادەی هەر پێشهاتێک بن، تاکو لە مەرامیان دەگەن. پەشۆکان و نیگەرانیی بەڕووی میرزا و هاپۆوە بینی، داوای لێکردن دان بەخۆیاندا بگرن و لە بەرامبەر ئەو غەریبانە قسەی نەشیاو نەکەن. لەو کاتەدا سنجان هاتە ژوورێ و بە کوێخای ڕاگەیاند بەدووی شێخۆ و کەریمیدا ناردووە، تاکو بۆ ئێرە بێن. پاشان بەپاڵ زۆرابەوە وەستاو سەیری تاپۆی ئەو سیانەی دەکرد لەسەرخۆ نزیک دەبوونەوە و بەرەبەرە دەردەکەوتن. پاش قەیرێک گەیشتنە خاڵی پشکنینی سەر ئەو ڕێگەیەی بەرەو زەویی بابانییەکان دەچوو، کاتێ پاسەوانەکان بەرەو ڕوویان وەستان، یەکیان بەدەنگێکی دۆستانەوە گوتی: –ئێمە میوانی کوێخا زۆرابین.

هەنگینێ زۆراب ئەمەی بیست زەردەخەنەیەکی پان بەڕوویدا کرایەوە، لە چاوەگەشەکانی سنجانی ڕوانی، پاشان سەیرێکی ئەوانی دی کرد و داوای لێکردن هەر کەسە و شوێنی خۆی لە ڕەشماڵەکەدا بگرێت. هەرچی پاسەوانەکە و ڕەمەزان بوون لەو شوێنە بوون، کە بۆیان دیار کرابوو. هەر هێندەی سێ سوارەکە گەیشتنە بەر دەرکی ڕەشماڵەکە، شێخۆ و کەریمیش گەیشتن، بەرەو پیریان چوون و پێشوازییان لێکردن. لە ئەسپەکانیان هاتنەخوارێ، تفەنگ و جڵەوی ئەسپەکانیان دانەدەستیانەوە، وا تێگەیشتن ئەم دووانە خزمەتکارن، چونکە تەنیا دەستیان

شوشتبوون، جلەکانیان قوڕاوی بوون. لەم کاتەدا کوێخا زۆراب و ئەوانی دییش بۆ پێشوازییان دەرچوون. نێراوی باباییەکان لە براحەقی کەلامخوان و کوڕە گەورەکەی شێخ بابا و یەکێکی تر پێک هاتبوو. کەلامخوان بەدووچاوی تیژەوە لە زۆرابی ڕوانی، بەدەنگێکی قووڵی دۆستانەوە گوتی: وا بزانم جەنابت کوێخا زۆرابیت.

زۆراب بەئەرێ سەری لە قاند، بزەیەکی دۆستانە بەڕوویەوە دەرکەوت، گوتی:

– بەڵێ براحەق.

براحەق بەخەنینەوە باوەشی لە کوێخا زۆراب دا و گوتی:

– بەر لەوەی پێشتر بمبینی ناسیمت، ئیرەیی بەهۆزی دۆڵی کفران دەبەم، کە تۆیان هاس.

دوای باوەش لەیەکدان و سلاوگۆڕینەوە، کوێخا زۆراب بۆ ڕەشماڵەکەی بردن، بۆ ڕێزگرتن لە میوانەکانی وەستابوو، چەند جارێک بەخێرهاتنی کردن، پاشان براحەق تکای لێ کرد لە تەنیشتییەوە دانیشێت، ئینجا چاوی بەناویاندا گێڕا و گوتی:

– شێخۆ بەگ لە نێوتاندا نابینم.

– شێخۆ ئەو کەسەبوو جڵەوی ئەسپەکانی لێ وەرگرتن براحەق، ئێستا دێتە خزمەتت، لەگەڵ کەریمی برایدا چوون جلەکانیان بگۆڕن. لێرە کار شەو و ڕۆژ بەردەوامە، دەبێ بەر لە باران بارین لێبینەوە.

براحەق دەستی چەپی بەڕیشیدا هێنا و گوتی:

– خوا ئەو هۆزە تەمەن درێژ بکات، جیاوازی ناکات لە نێوان سەرۆک و کارەکەریدا، هۆزەکەتان ئەگەر وا بمێنێ، کەس ناکارێت زەفەری پێ ببات.

پاشان سەیری زەوییەکەی کرد و سەری خستەناو هەردوو لەپییەوە، چون چاوەڕێی سرووش لە هێزێکی بەدەر لە سروشت بکات، قەیرێک ئاوا ڕاما، بێدەنگی هەمووانی داگرتبوو، لەپڕ سەری هەڵبڕی و بەجووڵەیەکی نمایشکارانەوە گوتی:

– هێشتا کاتێکی زۆرتان لە بەردەمدا ماوە کوێخا زۆراب، لە خۆشبەختیتان ئەمساڵ باران دوا دەکەوێت، لێ هەر هێندەی ببارێت ناوەستێتەوە، تا گوڵ و گوڵزار هەموو شت دادەپۆشن. وا دێتە بەرچاوم بەهاتنتان بۆ ئێرە خێر و بەرەکەتتان لەگەڵ



خۆتاندا بۆ هەموو دەڤەرەکە هێنا بێت. ئێمە ئەوە سێ ساڵە بەدەست قاتی و بێ ئاوییەوە دەناڵێنین.

کوێخا زۆراب لە مێشکی خۆیدا ئەوەی دەژمارد، کە چەند ڕۆژە بەسەر دەستدرێژیکردنە سەر میرزادا تێپەڕیوە، بەراوردی دەکرد لەگەڵ ئەو چەند ڕۆژەی بەسەر مردنی پاسەوانەکەی شێخ بابادا ڕەتبووە، گەیشتە چل، دوای ئەوەی چاوی لە زەوییەکە بڕیبوو، سەری هەڵبڕی، گوتی:

– هەموو ئەوەی لە یەزدانی مەزنی دەخوازین، ئەوەیە خێروفەڕ بەربڵاو بێت و بەزەیی بخاتە دڵمانەوە و هەمیشە حەق باڵادەست بێت.

– ئەمە باشترین دووعایە بنیادەم لە پەروەردگاری داوا بکات. هەڵبەت هەر حەق ئێمەی بۆ لای ئێوە بەکێش کرد. شێخ بابا زۆری حەز لێ بوو بەخۆی سەردانیتان بکات. لێ مخابن لەبەر ئازاری چۆکەکانی نەیتوانی سەرتان لێ بدات.

کوێخا زۆراب لە نێوان گومان و دڵنیاییدا لە نییەتی ئەمانە تیا مابوو. داخۆ دوای ئەو تۆڵەسەندنە لەناکاوە، بانگهێشتێکی ڕاستەقینەی ئاشتییە؟ یاخود داوێکە بۆ تۆڵەسەندنەوەیەکی دڕندانەتر؟ خۆ ئەگەر ئەوان بەڕاست دەیانەوێت تۆڵە بستێننەوە، ئەوا لە توانایاندایە بەبێ ترس و دوودڵی شەڕ ڕابگەیەنن، ئەوان پێویستیان بەم فرتوفێڵانە نییە، پاشان هاتنی سەیدەکەیان بەخۆی، جگە لە ڕەنگدانەوەی نیەت باشییان بۆ ئاشتی و هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی نوێ لە نێوان هەردوو هۆزەکەدا، هیچی دی ناگەیەنێت. لێ ئەوەش هەیە ڕەنگە براحەق بەو تەڵەیە نەزانێت، کە شێخ بابا ناویەتییەوە و براحەقی وەکو ئامرازێک بەکار هێنابێت، تاکو بڕوای پێ بکەن، ئینجا لەپڕ گورزی خۆی بووەشێنێ و بنجبڕیان بکات، بەهەرحاڵ هەر چۆنێک بێت، شتەکان بەم ئاوایە ڕێڕەوی خۆیان وەرگرت، ئەوەتا لە بەرچاون و پێشتر خەونی پێوە نەبینیون. ئەوەتانێ دوای چل ڕۆژی ڕەبەق لە کوشتنی خزمەتکارەکەیان دێن و تفەنگەکانیان ڕوو لە خوارەو و لەگەڵ جڵەوی ئەسپەکانیاندا دایانە دەستی شێخۆ و کەریمەوە. هەر چۆنێک بێت ئەندێشەیەکی پەنهان لە غەریزەیەوە پێی ڕادەگەیەنێت ئەمانە هاتوون داوای ئاشتی بکەن. قسەکانیان لە باسی شتە گشتییەکانی وەک کەشوهەوا و کشتوکاڵ دەرنەچوو.

براحەق تا لە خواردنی نانی نیوەڕۆ نەبوونەوە، نەچووە ناو ئەو بابەتەی بۆی هاتبوون، چرپاندی بەگوێی کوێخا زۆرابدا، کە ئەوان بۆ پرسێکی گرنگی پێوەندیدار بەهەرتک هۆزەکەیانەوە هاتوون. بۆیە دەیانەوێ تەنیا لە پێش ئەو یاخود ئەوانی ئەو مافی بەشداریکردنیان دەداتێ باسی بکەن، کوێخا زۆراب پێی ڕاگەیاند کەسی غەوارەیان لە نێواندا نییە، ئەو پێی باشە قسەکان لە بەردەم ئامادەبووواندا بە ئاشکرایی بکرێن، چونکە لە هەموو حاڵەتەکاندا ناتوانن هیچ شتێک، کە پێوەندیی بەچارەنووسی هۆزەکەیانەوە هەبێت، بشارنەوە. نە لە پیرەکانی، نە لە پیاوەکانیشی، هەرچی سەیدە عارەبەکەیە، ئەوا دەبێتە شایەدی پێغەمبەر لە بەرامبەر هەموو ئەو شتانەی ئەگەر خوا بیەوێ لەسەری ڕێک بکەون. براحەق پێی باش بوو قسەکان تەنیا لەگەڵ کوێخا زۆراب و هەردوو کوڕەکەیدا بکرێن. لەگەڵ ئەوەشدا مەسەلەکەی بۆ کوێخا زۆراب هێشتەوە، چونکە ئەو دابونەریتی هۆزەکەی لەوانە باشتر دەزانێت کە لە دەرەوەین، ئینجا گوتی:

– ئەوەی ڕووی دا بەدەستی ڕووحە شەڕانگێزەکان ڕووی دا، لێ لە خۆشبەختیی هەردوولا، فریشتەی خێر لە کاتی شیاودا هاتە ناوەوە، من بەناوی ئەو باباییيانەی بڕوایان بە حەق هەیە و چی شک دەبەن لە پێناویدا بەختی دەکەن، ڕادەگەیەنم، کوێخا زۆراب و شێخۆ بەگ و کەریم و میرزا و ڕەمەزان، بەپێی ڕێنوێنییەکانی ئەهلی حەق بوونە برای شێخ بابا، ئیدی نابێ هیچ خراپەکارییەک لە نێوان هەردوولادا ڕوو بدات، هەروەها ڕووحە خێرخوازەکان فەرمانیان داوە خوێنمان تێکەڵ ببێت، بۆیە ئێمە کیژی یەکێ لە پیاوماقووڵانی خۆمانتان پێشکەش دەکەین، تاکو ببێتە ئەڵقەی پێوەندی و بۆ هەتا هەتا ئەم دووماڵە پێکەوە کۆ بکاتەوە، من چاوەڕوانی وەڵامی یەکجارەکیتانم.

بێدەنگی هەموویانی داگرتبوو، بەوپەڕی وریاییيەوە سەرنجیان دابووە قسەکانی براحەق، کە بەگەرمی و تژی لە بڕوا و دڵنیاییيەوە دەیکردن، بەو دیمەنە پڕ لە شکۆیەوە دەتگوت پەیامبەرێکە نیوەی لە زەوییە و نیوەکەی دیشی لە ئاسمان.

کوێخا زۆراب خاترجەم بوو، کە مەسەلەکە جدییە و هیچ پیلانێک بۆ تۆڵەسەندنەوە لە گۆڕێدا نییە و ئێستا ئەوەندەی لەسەرە کەند و کۆسپەکانی ئەو بڕوایە ببڕێت،



چونکە ئەمان لەگەڵ هیچ هۆزێکدا ژن و ژنخوازییان نەکردووە و تێکەڵ نەبوونە، هیچ هۆزێکیش بیریان نەکردۆتەوە و نایکەنەوە ژن و ژنخوازییان لەگەڵدا بکەن. هەستی بەخۆشییەکی پەنهان کرد سەرتاپای گیانی گرتەوە، کە پێشتر ئەمەی بەخۆیەوە نەدیتبوو. خوێن بەدەمارەکانیدا دەگەڕا و تین و گوڕێکی سەیری دەدایێ.

هەمووان چاوەڕێی وەڵامی ئەو بوون. ئەو تەنیا کەس بوو دەیتوانی وڵامی یەکلاکەرەوە بە ئا یاخود بە نا بداتەوە. تەنیا وشەیەکە و ئیدی بڕیار لەسەر هەموو شتەکان دەدرێت. پیاوی ڕاستەقینەش ئەوەیە وەڵامی پیاوەتی بەپیاوەتی بداتەوە. هەر لە ئەزەلەوە وابوونە. ئەو وەسیەتەش پشتاوپشت هاتووە و چون جەوەڵ قاجر و مازووخ ئاوا چەسپیوە، لە سەرووی هەموو شتەکانەوە بووە و هیچ لەمپەرێک لەپێش پیادەکردنیدا نەبووە.

بەڵێ پیاوی پیاوانە هەر ئەوە نییە زەبرێک بە دوو زەبر وڵام بداتەوە، بەڵکو بەرامبەر پیاوەتییش پیاوەتی بداتەوە. ترسنۆکیش ئەوەیە لە گەوهەری ئەم ڕاستییە ناگات، پەیمان دەشکێنێ و لە دواوە خەنجەر دەوەشێنێت و ناپاکی لەگەڵ ئەوەدا دەکات کە نابێ لێی بکرێت. ئەگەر پیاوەتیی ئەوان نەبوایا، کاردانەوەی ئەمان بەم شێوەیە نەدەبوو. دوای قەیرێک لە بێدەنگییەکی قووڵ و هەژێنەر، هزرەکان لە مێشکی کوێخا زۆرابدا گینگڵیان دەدا، با گۆی داوە: براحەق، ئەوی ئێمە خوازیارین ئەوەیە خودا بەزەیی بخاتە دڵمانەوە، ئەوەتا نزاکەمانی هێنایەدی، ئێمە بەوپەڕی دڵفراوانی و شانازییەوە، ئەوی پێشکەشتان کردووین قبووڵی دەکەین، منیش لە بەرامبەردا کیژێک لە نەوەکانی خۆمتان پێشکەش دەکەم.

دوای ئەوەی ڕاستەپێ لە شوێن خۆیان هەستان تا باوەش بەیەکدا بکەن، ئەوانی دییش بۆ ڕێزگرتن لێیان لەگەڵیاندا هەستان. هەموو ئەمانە چون خەون بن ئاوا ڕابرد.

هۆزەکانی دی و دەسەڵات لە ناوەندی سەنجەق و ئەنجوومەنە تایبەت و گشتییەکان حیسابی هەموو شتێکی نێوان ئەو دوو هۆزەیان کردبوو، لێ ڕۆژێک چەند زەلامێک لە لایەن باباییيەکانەوە بۆ لای کفرانییەکان بچن و شتەکان بەم شێوەیە کۆتاییيان پێ بێت، لە حیسابیاندا نەبوو. ئەوی لە هەموویان زیاتر سەیری بەم ئەنجامە هات،

موراد چاوش بوو، بە سەرسامییەوە سەری لەقاند بەرامبەر بەو پێوەندییە سەیرەی لە نێوان هۆزەکاندا هەیە و کەس تێی ناگات. وێ دەچێت بۆ یەکەمین جار بۆی دەرکەوتبێت، بۆچی دەسەڵات خۆی لە ناکۆکیی نێوان هۆزەکان بەدوور دەگرێت و لێی دەگەڕێ، تا بەخۆیان چارەسەری بکەن، هەروەها هەستی بەترسناکی ئەو پێوەندییە کرد، کە دوور نییە مەترسی بخاتە سەر هەموو دەڤەرەکە.

جیهانگیر بە شانازیکردنێکەوە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە ئەو سروشتی خزمەکانی لە هۆزی دۆڵی کفران باش دەناسێت، ئەوان هەرگیز پەنایان بۆ دەستدرێژیکردنە سەر کەس نەبردووە و نایشی بەن. بەڵام سەرەڕای ئەوەی وا دەنوێن سادە و ساکار و لاواز بن، ئەوی غەدریان لێ بکات هەرگیز لێی خۆش نابن، تۆڵەشیان تا بلێی گورچکبڕە، بە سینگ دەرپەڕاندنەوە گوتی:

– بزانە مورادە فەندی، ئەوانە نزیکترین کەسی منن، ئینجاش بەبەهانەی ئەوەی، کە من لەگەڵ جوودا سەودا دەکەم و سوو دەخۆم، زێتر لە بیست ساڵ قسەیان لەگەڵدا نەکردم.

شێخ بابا پێی زانی کە گرفتی کوێخا زۆراب کەمیی دارە بۆ دارەڕای سەر خانووەکانی گوندەکەی، بڕێکی زۆری لە داری ئارەوەن و چەندین جۆر خەڵفی دار خورمای بۆ نارد و گاسنێکی سێ سەری پێ بەخشی، کوێخا زۆراب پێشتر شتی وای نەدیتبوون.

هەرچی کوێخا زۆراب بوو لە هەمبەردا تفەنگێکی نوێی پێ بەخشی، شێخ بابا زۆری بەدڵ بوو. زۆراب زانی بابا شێخ بەدەست ئازاری چۆکییەوە دەناڵێنێ، ئەمەش بەهانەیەک نەبوو بۆ نەهاتنی وەکو ئەم بۆی چووبوو، بۆیە بڕیاری دا سەردانی بکا و بەخۆی چارەی بکات، ئەو تاقە سەرۆک هۆزی ناوچەکە بوو سەردانی شێخ بابا لە کۆشکەکەیدا بکات، ئەو کۆشکەی کاتێ چاوی پێ کەوت، پێی گەشایەوە و بەکۆشکی میرەکانی فارس، یاخود میرەکانی بابانی چوواند.

لە بەرامبەردا دەروازە گەورەکە بەخۆی پێشوازیی لێ کرد، بەلایەکی خۆی دابووە بان دارشەقەکەیدا و بەلایەکەی تریش خۆی دابووە سەر شانی یەکێک لە کوڕەکانی. شێخۆ و کەریم و ڕەمەزانیش لەگەڵ کوێخا زۆرابدا هاتبوون، شەنگترین جلکی



خۆیان لەبەر کردبوون و ئەسپەکانیان بەزینی لە زیو نەخشێنراو ڕازاندبوونەوە. ژمارەیەکی زۆری چەکدار بەملا و بەولای دەروازەکەدا دابەش بووبوون. هەر هێندەی شێخ بابا و میوانەکانی لە دەروازەکە تێپەڕین، هەموو پێکەوە لە یەک کاتدا بۆ ڕێزگرتن لە میوانەکان تەقەیان بە ئاسماندا دەکرد. ڕێگەیەکی بەردڕێژکراویان بڕی کە هەردوولای یەکپارچە کەپری مێو بوو، لە دار هەنار و هەنجیر و ترنجەکان بڵندتر بوون، لەوسەری ڕاڕەوەکەشەوە ڕاڕەوێکی دی هەبوو دوو لقی لێ دەبۆوە، لە هەردوولاوە دوو ڕیز دەوەنی ژاڵە و یاسەمین و گوڵ دەوریان دابوون.

شێخۆ بیری لە دیواری ماڵەکەی خۆی دەکردەوە تانهۆ باڵای ڕەت نەدەدا، پاشان چاوی لە چاوە وێڵ و کراوەکانی ڕەمەزان بڕی، ئەوکاتی چاوی لە شێخۆ بڕیبوو، ئەویش لە هەموو ماناکانی گەیشت.

هەرچی کەریم بوو هزری لای فاتمە بوو، خەونی بەو دەرختانەوە دەبینی، کە لە گوندە تازەکەیان سەوز دەبن و بە سێبەرەکانیان بەری ڕۆژەکە دەگرن. شێخۆ و کەریم و ڕەمەزان سەیریان بەو پێوەندییە گەرمەدا دەهات، بەشێوەیەک دەستی پێ کرد بە عەقڵدا نەدەچوو، ئیدی لە مابەینی کوێخا زۆراب و شێخ بابا لە لایەکەوە و لە نێوان ئەوان خۆیان و کوڕەکان و خزمانی شێخ باباش لە لایەکی دییەوە. خۆیان وا دەبینی چون سەر بەم خێزانە بن و لەم ماڵەی زوو هۆگری بوون و مایەی ئاسوودەییان بوو، گەشەیان کردبێ و پێگەیی بن. لە دیوەخانە گەورە نایابەکەیدا، کە زەوییەکەی قاڵی ڕێژ کرابوو و دیوارەکانی بەمافووری ئێرانیی جوان ڕازێنرابوونەوە. شێخ بابا بەوردی خەونەکەی بۆ گێڕانەوە، پاشان بەو ئامێرە سحرییە عاجباتییەی ناوی گرامافۆنە، چەند گۆرانییەکی تورکی بۆ لێدان، دواییش کاتژمێرێکی چاڵمەی قەد دیواری نیشاندان و چۆنێتیی خوێندنەوەی کاتی بۆ ڕاڤەکردن. کوێخا زۆراب و تاقمەکەی بەچاوی ئەبڵەق و بەسەرسووڕمانەوە، کە لە خۆڕا دەیانویست بیشارنەوە، لە شتەکانیان دەڕوانی.

ڕەمەزان توانی هەلی دەست بکەوێ و بەگوێی شێخۆدا بچرپێنێ: وامدەزانی جیهانگیر هەموو شتی هەس، لێ بەبەراورد لەگەڵ ئەم فیلەدا جگە لە کەروێشکێکی گەڕ زیاتر هیچ نییە.

شێخۆ گوتی: ئەگەرەکو نووکە میرزا لەگەڵمان با بەپرسیارە بێ ماناکانی ئابڕووی دەبردین.

شێخ بابا زۆری قسان کرد، ڕووی قسانیشی هەر لە کوێخا زۆراب بوو، بە براکەم ناوی دێنا، زۆراب توانی هەڵوێستەیەکی بچووک لە قسەکانیدا بقۆزێتەوە و پێی بڵێت:

– بیرت نەچێت شێخ بابا من ئەمجار تایبەت بۆ ئەوە هاتووم، تاکو چارەسەری ئەژنۆکانت بکەم، با ناوی خوای لێ بێنین.

شێخ بابا گوتی: کوێخای برام قسان لەگەڵتا خۆشە، بۆیە تەنانەت ئازاری چۆکیشم لەبیر چووەوە.

کوێخا زۆراب داوای کرد هەندێک ئارد و ڕۆن و ئاوی گەرمی بۆ بێنن. دوای ئەوەی هەویرەکەی ئامادە کرد، بە پارچە پەڕۆیەک پێچای و خستییە لاوە، پاشان لە خورجەکەی شووشەیەکی بچووکی دەرهێنا و چۆکی هاوەڵەکەی پێ شێلا، گوتی:

– ئەم نەوتە بنەچەی ئاگرە شێخ بابا، ئەژنۆکانت چاک دەکاتەوە و عەلەمت تیا نامێنێت. شێخ بابا خەریکبوو چۆکی سڕ دەبوو، گوتی:

– ئاگر هەموو شتێکە، هەر بەخۆی ژیان دەبەخشێ و دەیشی سێنێتەوە، سروودی باباگوڕگوڕ[٢]ت بیستووە براکەم؟

کوێخا زۆراب لەگەڵ سەرقاڵبوونی بەشێلانی هەردوو چۆکی بەنەوتی ڕەش، بەدەنگێکی خۆش سروودەکەی دەوتەوە:

| | |
|---|---|
| باوەگوڕگوڕ، باوەگوڕگوڕ | جێگەی نیازی بۆ کچ و کوڕ |
| بەنیازی تۆ هاتووم لە دوور | هاتوومە لات بۆ جووتێ کوڕ |
| باوەگوڕگوڕ، باوەگوڕگوڕ | گڕی نوورت دایم بەگوڕ |
| هاتوومە لات بەشەرمەوە | کۆرپە بخەیتە باوەشمەوە |

شێخ بابا خەنییەوە و گوتی:

(٢) لە گواستنەوەی ئەم سروودەدا پشتمان بە یادەوەریی هاوڕێی نووسەرم فەلەکەدین کاکەیی بەستووە (نووسەر).



– دەمخۆش کوێخا زۆرابی برام، هەڵبەت لەگەڵ ژنێل چوویتە بۆ باوەگوڕگوڕ؟

– ئەوی لە یادم بێت بەر لە پەنجا ساڵ، بۆ یەکەمین جار چادرێکمان لە نزیک ئاگرە هەمیشەییەکەوە هەڵدا، بەدرێژاییی شەو چاوم بڕیبووە ئەو ئاگرە شینە بێ کوژانەوەیەی لە زەوییەکەوە بڵیند دەبۆوە، ژنانی نەزۆکیش ئەم سروودەیان دەگوتەوە، هەندیان دووبارە دەکردەوە منیش ئەزبەرم کرد، دەبینی تا نووکە لە بیرگەم ماوەتەوە.

دوای شێلانی هەردوو چۆکی بەنەوت، بەپەڕۆیەک جوان سڕینییەوە، پاشان هەویری گەرمی لێدان و بەخوری دای پۆشین، ئینجا بەتوندی پێچانی و گوتی:

– ئیتر شێخ بابای برام، لەم شوێنەدا بنیشە و بۆ کاری پێویست نەبوو هەڵنەستی، هەوڵ بدە تا سێ ڕۆژان ڕێ نەکەیت، چۆکەکانت پێویستییان بەئیسراحەتە.

کوێخا زۆراب ویستی لە هەمان ڕۆژدا بگەڕێتەوە، شێخ بابا بە هیچ شێوەیەک ڕێگەی نەدا و گوتی: برا یەکەمین جار سەردانی براکەی بکات، هیچ نەبێت دەبێ بەلای کەمەوە سێ ڕۆژانی لا بمێنێتەوە، ئەگینا ئەو پێوەندییە برایەتییەیان توندوتۆڵ نابێت.

دەمێ کوێخا زۆراب پاساوی هێنایەوە، کە زۆری ئیش هەیە و دەبێ لە بنیاتنانی گوندەکە ببنەوە، بەڵێنی پێ دا ژمارەیەکی زۆر زەلامی بەهێز و توانای لەگەڵدا بنێرێت. بۆ ئەوەی کە سوکاریشی لە بنعیز ئەرخاین بن، بە شێخۆ و کەریمی گوت با ئەوان بگەڕێنەوە و دوای سێ ڕۆژ خۆی و ڕەمەزان دەگەڕێنەوە. شێخ بابا جگە لە ژمارەیەکی زۆری کرێکار، وەستایەکی ناوداری خەڵکی کەرکووکی لەگەڵدا ناردن. ئەو وەستایە هەر لە کۆشکەکەی شێخ بابا دەژیا و سەرپەرشتی چاککردنەوە و ڕێکخستنی باغچەکەی دەکرد. بەر لەوەی وەستاکە لەگەڵ شێخۆدا بڕوات، کۆبوونەوەیەکی درێژخایەنیان کرد، هەریەک لە شێخ بابا و حوسێن عەلیی بەننا و کوێخا زۆراب و شێخۆ بەشدارییان تێدا کرد.

هەرچی ئەوانی دی بوون ئەوا لە نزیکەوە چاودێریی گفتوگۆکان بوون. وەستاکە نەخشەیەکی گەورەی لەسەر زەوییەکەدا ئاوەڵا کردەوە، کە پێک هاتبوو لە نەخشەی کۆشکەکەی شێخ بابا، ئەندازیارێکی تورکی کە لە ئەڵمانیا خوێندبووی نەخشەکەی

کێشابوو. کوێخا زۆراب چاوی لە نێوان کاغزەکە و رەمەزاندا دەهێنا و دەبرد. کاتێ ئەم بەتەماشایەک بزەیەکی پەنهانی تێدا بوو وڵامی داوە، چاوی بڕییە ئەو هێڵە تەلیسمییە وێنەکێشراوانەی زۆر بەوردی کێشرابوون، وای نیشاندا ئاگادارە، کەریم و شێخۆش ملیان درێژ کردەوە، بێهوودە دەیانویست گێژ و وێژییەکەی ڕووخساریان بشارنەوە. شێخ بابا دەستی بۆ نەخشەکە درێژ کرد و گوتی:

– بنیادەم ئەگەر ویستی ماڵ بکات، ئەوا دەبێ بۆ یەکجار بیکات. دەمەوێ ماڵی براکەم و شێخۆی برازام دەقاندەق وەک ماڵەکەی خۆم بن.

ماڵەکەی شێخ بابا لە سێ بەش پێک هاتبوو، بەدیوارێک دەورە درابوو، بەرزییەکەی پێنج مەتران دەبوو، پانییەکەی لە زەوییەوە دوو مەتران بوو، چەندیش بەرز بێتەوە باریک دەبێتەوە، تا کۆتاییەکەی دەبێتە لێوارێکی تیژ. دیوارەکەش لە شێوەی گەندەپەس دروست کرابوو، واتا تۆپەڵەقوڕ تێکەڵ بە کا دەکرێ و لەسەریەک دادەنرێن، بێ ئەوەی خشت، یاخود بەرد بکار بێنن.

لە شوێنێکەوە کۆمەڵە قوڕیان دادەنا، ئەودەمی لە چینی یەکەم دەبوونەوە دوای ئەوەی دەگەیشتنەوە خاڵی سەرەتا، سێ لەسەر چواری دیوارەکە بەتەواوی وشک دەبۆوە، بەشێوەیەک بەرگەی چینی دووەمی بگرتایا. دروستکردنی دیوارەکە هاوکات لەگەڵ ژوورەکاندا بەرز دەبووەوە، بەپێچەوانەی شێخۆوە، دەیویست لە پێشدا لە دیوارەکان ببێتەوە، ئەوجا دەست بەژوورەکان بکات.

ڕاڕەوی باغچەکەی دەبڕی و دەگەیشتە ئەو دیوەخانەی تایبەت بوو بەدانیشتنی ڕۆژانەی شێخ بابا لەگەڵ گەورەی هەمووان و شێخی هۆزەکان و جووتیاران. هەرچی دوو بەشەکەی ترن، یەکەمیان دەکەوێتە لای ڕاستی دیوەخانەکە و پێی دەگوترێت ئەندەروون. کەسانی پلە یەک لە خزمانی شێخ نەبێت چوونەژوورەوەی قەدەغەیە. ئەم ئەندەروونە دەرگای سەرەکیی تایبەت و حەوشە و باغچەی خۆی هەن. هەر سێ ژنەکەی و منداڵەکانی لەوێ دەژین. هەروەها ئەم بەشە ناندێنی تێدایە و بەقەد حەرەمسەراکەوەیە، کە ئەویش دەبێتە سێ بەشەوە، لەسەر شێوازی کۆنی ڕۆژهەڵات بنیات نراوە. بەسەر حەوشەکەدا دەڕوانن، کە هەمیشە لە بەشەکانی دی نزمتر دەبێت. گەورەترین بەشیش، ئەو بەشەی ناوەندە کە بەسێ پێ لە بەشەکانی دی





بەرزتر دەبێت و لە هەردوولاشەوە بە دوو سەکۆی لە مەڕمەڕی سپی دروستکراوی نەقش و نیگار لەسەر هەڵکۆڵراوی ورد، دەورە دراوە. ساپیتەکەی بڵندە لە شێوەی گومبەز دروست کراوە. بەتەنیشت هەر دوو دیوارە بەرامبەر یەکدییەکەوە چەندین دەلاقە و ڕەفی ئاڵوواڵا درێژ بووبوونەوە، چەندین قاپ و فەخفوورییان بەسەرەوە بوون. لەوسەری ئەو ژوورەی لە هۆڵی دەکرد تاقێکی تێدا بوو بەبەرزیی باڵێک دەبوو، بەقوماشێکی ڕەنگاوڕەنگ کە وێنەی ڕاوچی بەسەرەوە بوو ئاسکیان ڕاو دەنا، ئەو شوقەلەتە درێژەی دوو دیوارەکەی پێکەوە دەبەستەوە، سێ سندووقی لە دارگوێز دروستکراوی بەسەرەوەبوون. هەر سنووقە و وێنەی سەرەتایی لەسەر دروستکرابوون. سنووقی یەکەم بەپێی زنجیرە، وێنەی تاوسێکی بەسەرەوە بوو وەکو هێمای شا سلێمان، لە وێنەی دووەمیشدا شا سلێمان لەگەڵ ئاژەڵەکاندا کۆ ببووەوە، وێنەی سێیەمیش بۆراقی پێغەمبەر لە شەقەی باڵی دابوو، هەرچی وێنەکانی دی سەر دوو سندووقەکەی تر بوون، ئیمام عەلی و ئەهلی بەیتیان کاتی جەنگ لەگەڵ یەزید و هاوڕێیانیدا دەنواند. لەوسەری چەپەوە وێنەی ئیمام عەلی شیری زولفوقاری بەدەستەوەیە و ڕووناکی بەدەوری سەریدا خەرمانەی بەستووە، لە شێوەی ئەو وێنە و پەیکەرانەی وێنەی عیسا پێغەمبەریان کێشاوە، تەواو دەبێت. ئەو وێنانەی ئیمام عەلی و ئەهلی بەیتیان تێدا کێشراون بەپێچەوانەی دوژمنە دزێو و ناشرینەکانەوە، تا بڵێی جوانن. ئەم ژوورە جێی دانیشتنی خێزان بوو. پێشتر ئەوکاتی شێخ بابا کاتێکی درێژتری لەگەڵ ژنەکانی و منداڵە بچووکەکانی دەبردەسەر، بەدرێژی باسی چیرۆکی ئەم وێنانەی بۆ دەکردن. لە پێغەمبەر نووحەوە دەستی پێ دەکرد و ئاماژەی بەلای باکووردا دەدا: لێرە لەسەر دوندی جەوەڵ قاجر کەشتییەکەی نووح سڵاوی خوای لێ بێت، لەنگەری گرت.

تا بە ئیبراهیم خەلیل کۆتایی پێ دەهێنا. لە دانیشتنی دووەمیشدا بە ئیبراهیم خەلیل دەستی پێ دەکرد و بە محەمەد پێغەمبەر، بێ ئەوەی بڵێ دروودی خوای لێ بێت، دوماهی پێ دەهێنا. بە ئاه هەڵکێشانەوە قەیرێک دەوەستا و پاشان دەیگوت:

– ئا لێرە ئەو هەڵەیە ڕوویدا، کە زۆر کەس پێی نازانن، یاخود دەیزانن و خۆیانی لێ دەبوێرن. هەڵەکە لە ئاسماندا لە نێوان یەزدان و جوبریلدا هاتەکایەوە، کەسیش

نازانێت کێیان هەڵەکە لە ئەستۆ دەگرێت، دوور نییە جوبریل بەهەڵە لە فەرموودەکەی یەزدان گەیشتبێ و پەیامەکەی بۆ محەمەد داگرتبێت. لە کاتێکدا دەبوو بۆ عەلیی ئامۆزای دابگرێت.

ڕۆژێکیان یەکێک لە کوڕەکانی پرسیارێکی لێ کرد، وڕی کرد:

– ئایا خوا لەگەڵ جوبریلدا بەکوردی دەئاخاوت؟

بە نەخێر وەڵامی دایەوە. لێ ئەو خۆشی دەیویست بزانێت بە چ زمانێک پێکەوە قسەیان دەکرد. پەنای بۆ سەید برد، ئەویش ئەو پرسیارە لەعنەتییە سەری پێ لەقاند و خۆی لێ قوتار کرد و گوتی: پرسیاری وا تووشی کفر و لە ئاین دەرچوون و دەستوەردان لە کاری پەروەردگارت دەکات. ئەویش پێی ڕاگەیاندن لەمەودوا خۆیان لەم جۆرە پرسیارە بەدوور بگرن. هەینێ لە گێڕانەوەی چیرۆکەکان دەبووەوە، تاوێک پشووی دەدا و دەستی دەکرد بەقسەی خۆی لەسەری، کە بە پەنهانی دەمایەوە و بابایی ڕەسەن دەیپاراست و پێوەی بەند دەبوو، ئەگەر سەریشی لە ڕێگەیدا دابنایا:

– کوڕم ئێمە ئەهلی هەقین، لەپێناو وتنی ڕاستی سڵ لە هیچ ناکەینەوە.

پاشان دەستی دەکرد بەگێڕانەوەی چیرۆکی ئادەم، کە یەزدان لە قوڕ دروستی کرد و ڕۆحی خستەبەر:

– وەلێ دەزانن کێ لەسەر عەرش بەبەژنی بەرزییەوە لە خوای دەڕوانی، چەند سەرقاڵە بەدروستکردنی ئادەمەوە؟

منداڵەکانیش قسەکەیان دەبڕی و وڵامیان دەداوە: ئیمام عەلی سڵاوی خوای لێ بێت.

شێخ بابا بەشایی بەخۆبوونەوە سەری دەلەقاند و قەناعەتی دەهێنا منداڵەکان لە ڕاستی گەیشتوونە. هەرچی ژوورەکەی ئەوسەری لای ڕاست بوو، لە دوو نهۆمی تاریک پێک هاتبوو، پەیژەیەکی دار لەوپەڕی حەوشەکەدا دەچووە سەر نهۆمی سەرەوە، ئەو نەردەوانە تەنیا لە لایەن شێخ باباوە بەکار دەبرا، دەمێ سەردەکەوتە بان، نەردەوانەکەی ڕادەکێشایە سەرێ، دوای دابەزینیش ڕای دەکێشا و بەقفڵێکی ئاسنین بەئەڵقەی دیوارەکەوەی دەبەست، تا کەس نەتوانێت بەکاری بهێنێت. لەوسەری نهۆمی سەرەوە حەشارگەیەکی نهێنی هەبوو کۆمەڵێک دەستنووسی تێدا



بوو، لەگەڵ سنووقێکی لە دار گوێز دروستکراو، دوو کلیلی ئاسنینی هەبوو، تژی بوو لە گەنجینەی هۆز کە لە باووباپیرانەوە بۆیان مابوونەوە. هەرچی ئەو فەرمانانەبوون باوکی لە والیی بەغدا، یاخود لە والیی مووسڵ وەری گرتبوون، لە ناو لوولەی کانزایی پاراستبوونی، ئینجاش لە ناو قاسە پارێزرابوون. وا دیارە کاتی خۆی والیی بەغدا بەئەنقەست کاتێ زەویی پێ داون لە نێوان ولایەتی بەغدا و مووسڵ، هەر یەکە و لە شوێنێک بووە، تا لە مەترسییان کەم بکاتەوە. سەرەڕای ئەوەی شێخ بابا دەیزانی زەوییەکانی دۆڵی کفرانی پێدەشت بەرەڵابوون، لە پێش قایمقام لە سەنجەق، بەر لە تۆمارکردنی بەناوی شێخۆ بەگەوە، سووربوو لەسەر ئەوەی بەشێکە لە موڵکی خۆیان. عانێ قایمقام داوای لێ کرد با ئەمە بەفەرمانێک بسەلمێنێ، چوو قایمقام و دەستە و دایەرەی بۆ داوەتێکی گەورە لە ماڵی خۆی داوەتکردن، بەڵکو بتوانێت قایلیان بکات. قایمقام حەزی لێ بوو زەوییەکان بەناوی شێخ باباوە تۆمار بکات، کەچی یوزباشی لەولاوە بیری خستەوە، فەرمانی توندوتیژ لە والیی مووسڵەوە دەرچووە بەنیشانەکردنی زەویی باباییەکان. مەبەستی شێخ باباش ڕوون و ئاشکرا بوو، ئەویش کۆنترۆڵکردنی ڕێگەی نێوان کەرکووک و بەغدا بوو، قایمقام ترسی لێ نیشت، بەئەدەبەوە بە شێخ بابای گوت:

– شێخ بابا بەڕێشت ڕەوایە ملم بخەمە ژێر بەزەییی شیری میرغەزەبی والییەوە؟ تۆ لە ئەهلی هەقی، ویژدانت ئەمە قەبووڵ دەکات؟

شیخ بابا بۆ خۆ ڕۆزگارکردن لەو بەگیرهێنانەوەی تێی کەوتبوو، گوتی:

– من لە بوونی فەرمانەکە دڵنیام، وەلێ ناتوانم بیدۆزمەوە، بەهەرحاڵ، ئەگەر لە دوو ڕۆژی دادێ نەمدۆزییەوە، ئەوا دەتوانی زەوییەکان بەناوی هۆزی دۆڵی کفرانەوە تۆمار بکەیت. ئەمەی گوت و باوەڕی وابوو هەر بەخۆی دەبێتە موڵکداری ڕاستەقینەی ئەو زەوییانە، دوای ئەوەی ئەو کڵۆڵانەی بە کفرانییەکانیان ناودەبردن و داس و کەوانەی مانگیان لێک جودا نەدەکردەوە، باش بتۆقێنێت.

هەرچی بەشەکەی ترە دەکەوێتە چەپی دیوەخانەوە. پێک هاتووە لە بینایەکی دوو نهۆمی گەورەی سەربەخۆ، هەر نهۆمە و هۆڵێکی گەورەی پێشوازیی تێدا بووە، بەقەنەفەی فەڕەنسی ڕازابووەوە، زیاد لە پەنجا میوانی دەگرت، لەگەڵ دوو بانیژە، کە

بەردەمەکەیان شووشە بوون.

هەر نهۆمێکیش دەژووری هەمەجۆری تێدایە. جگە لەوەی باغچەی تایبەت بەم بەشە و ناوەڕاستی باغچەکەش ئەستێڵکێکی خڕی هەبوو. شێخ بابا ئەم کۆشکەی لە باوکییەوە بۆ مابووەوە، باوکی لەگەڵ والییەکانی بەغدا ئەوانەی ساڵێک دوو ساڵ دەسەلاتیان لەیەک وەردەگرت، سەروساخت و تێکەڵیی هەبوو و فەرمانی زەوییە جیاجیاکانی لە والی محەمەد ڕەووف پاشا خۆی وەردەگرت و ناوبەناو لە خانووەکەی کاری دەکرد، تاکو ساڵی ١٨٩٩ لە سەردەمی والی عەتائەڵڵا پاشادا لە خزمەت دوورخرایەوە، تەواوی کرد. لەبەرئەوەی ماڵەکەی لە ڕێگەی گشتیی بەغداوە نزیک بوو، بۆیە زۆربەی ئەو والییانە لای وی لایان دەدا و ماوەیەک دەمانەوە، ئیدی لە کاتی دامەزراندنیاندا یا لە کاتی خزمەت تەواوکردنیاندا بێت، چونکە ئەوان لە هەردوو حاڵەتەکەدا لە چوون و هاتنەوەدا بۆ بابلعالی لە ئەستەمبوڵ، هەمان ڕێگە دەگرنە بەر. لە پاش مردنی، دۆخەکە بەتەواوی گۆڕا، پێوەندیی ڕاستەوخۆ بە والییەکانەوە نەما، بۆیە پێوەندیی کوڕەکەی بە موتەسەڕیف لە کەرکووک و قایمقام لە سەنجەقەوە بوو. ئەمانە و دارودەستەکەی کاتێ لایاندەدایە لای، لەو بەشەی بەقایە و گەچ لەسەر شێوەی ئەندەلوسی بنیات نرابوو، پێشوازیی لێ دەکردن. بەپێچەوانەی ئەو دوو بەشەی تر، کە لە بنیاتنانیاندا قوڕ و خشت بەکار هێنرابوون. هەرچی دیوارەکانی ناوەوەی بوون سواخ درابوون. وەستا حوسێن عەلی کەرکووکلی دەستی چەپی لەسەر لای چەپی نەخشەکە دانا و گوتی:

– یا شێخ، تەواوکردنی ئەم خانووە چەند ساڵێکی پێ دەوێت. کوێخا زۆرابیش دەیهەوێ بەر لە باران بارین لە خانووەکەی و گوندەکەش ببێتەوە، واتا سێ مانگمان بەدەستەوە هەن. بەم حاڵەبێ ئاتاجی گۆچانەکەی پێغەمبەر مووساین سلاوی خوای لێ بێت.

کوێخا زۆراب دوای ئەوەی هاتنەدی بیرۆکەکەی بەئەستەم زانی، بەشۆخییەوە گوتی:

– ئەم هەویرە ئاوی زۆر دەکێشێت شێخ بابا، ئەوی بە منداڵی فێری کەوچک بەکارهێنان نەبێ، بەگەورەیی بۆ لووتی دەبات. کوختەکانمان وەکو پەرەسێلکە



بەدەستی خۆمان دروست دەکەین، دەتەوێ لاسایی خەڵکی شار بکەینەوە، ئێمە تا نووکە پێیەکمان لە ڕەشماڵە و ئەوی تریشمان لە کوختە؟

شێخ بابا بە شپرزەییەوە گوتی:

– کوێخا زۆراب گیان، ئێستا زەمان گۆڕاوە، ئێوە ئیتر لەمەودوا لە حوکمەتەوە میوانتان دێن، وەکو قایمقام و موتەسەڕیف و چەندین فەرمانبەر و یاوەریان لەگەڵدایە، دەتەوێ لە کوخت دایان نیشێنی؟ شتی وا چۆن دەبێت؟

کوێخا زۆراب سەیرێکی شێخۆی کرد و گوتی: ئەوەی پێوەندیی بەو میوانانەوە بێت لە دەوڵەتەوە دێن ئیشی تۆیە. بڕیار لای تۆیە چی دەکەیت.

شێخۆ گوتی، ئێمە کاتێ فەرمانمان وەرگرت، قایمقام بەخۆی فەرمانی پێ داین خانوییێلێک چێ بکەین شایان بەسەرۆک هۆزەکان بێت، لێ دروستکردنی کۆشکێکی وا بەم توانا دیاریکراوەی ئێمەوە، کارێکی هێند سانا نییە.

وەستا حوسێن عەلی کەرکووکلی خۆی تێ هەڵقورتاند و کارەکەی یەکلا کردەوە، گوتی:

– وا باشترە لەگەڵ شێخۆ بەگدا بچم، لەوێ لەسەر زەوییەکە دەتوانین بەوردی لە بارەی وردەکارییەکانی خانووەکەوە قسە بکەین.

چەک کڕینەکەی ئەم دواییەیان لەبنی هێنابوون، سەرەڕای ئەوەی لیرە ئاڵتوونەکانی پشتاوپشت بۆیان مابووەوە خەرجیانکردن، هاتنە سەر ئەو گەنم و جۆ یەدەگەی هەڵیان گرتبوو، جگە لەو دانەوێڵەیەش کە بۆ تۆوکردنیان دانابوو، هیچیان بەدەستەوە نەمابوو. ئەمەش بەشی ساڵی داهاتوویان بوو. خۆ ئەگەر پێشبینییەکەی براحەق دەربارەی زۆر باران بارین نەیەتەدی، ئەوا حاڵیان زۆر شڕ دەبێت.

شێخۆ و کەریم کۆشکەکەیان جێ هێشت و بەو ناز و نیعمەتەی بابا شێخ تێدا دەژێت، سەراسیمە بوون. دوای ئەوەی قسەیەکی زۆر لە نێوان شێخۆ و حوسێن عەلیی بەننادا کران، شێخۆ بۆی دەرکەوت ئەم کابرایەی لە شارەوە هاتووە تەلەسمی نەخشەکە دەخوێنێتەوە و شی دەکاتەوە، چون بەناو ژوورەکانتدا بگەڕێنێ و بتسووڕێنێ و درێژی و پانی و بڕی ئەو قایە و گەچ و کاتەی پێویستنی بەوردی دەتداتێ. دەبێ زۆرێک لە بارەی ئەو شتانەوە بزانێت، کە بەلای ئەمەوە پەنهانن،

نەخوازەڵا ئەو پێوەندیی بەتوانای شێخ بابا و سەرچاوەی ئەو سامانە چک نەهاتووەی پشتیان پێ بەستووە، هەبێت، هەروەها چۆنێتی بەدەستهێنانی قایە و گەچ... هتد، لەو پرسیارە زۆرانەی دەیانورووژاند، گرنگترین شتێک کە مێشکی جەنجاڵ کردبوو، دۆزینەوەی سەرچاوەیەکی هەمیشەیی پارەبوو، یەکەمین جار بوو لە ژیانیدا دڵەڕاوکێی پێ بکات، بەتایبەت لەو کاتەی باوکی لە دوا مامەڵەی چەک کڕینیدا پێی گوت: ئەمە دوا لیرەیە شکی دەبەم.

شێخۆ دوای ئەوەی بەچاوی خۆی ئەو ناز و نیعمەتەی بینی، کە شێخ بابا تێیدا دەژێت، لە ناخەوە هەستی کرد بووە مرۆڤێکی تر، ئەو ئیتر ئەو کەسە نییە جگە لە جەوەڵ قاجر و مازووخ هیچ نەزانێت، کە ڕۆژانە خۆر لە نێوانیانەوە هەڵدێت، پاشان ئێوارێ لەودیو کەل هەنجیرەوە ئاوا دەبێت، یاخود لەم بەرەوە بچێتە ئەوبەری زێیەکە. ئێستا شتگەلی نوێ بەبەرچاویدا وەکو خەون دێن و دەچن، ولایەتی مووسڵ، موتەسەڕیفیەتی کەرکووک، ولایەتی بەغدا، ئەی ئەو ئامێزە سحرییەی فوو بەکەڕەنایەکی گەورەی گۆرانی تورکیدا دەکات، ناوەکەی بیر چووەوە.

شێخ بابا سەرۆک هۆزە و ئەمیش سەرۆک هۆزە و لەو بەر قرچەی گەرمایەدا تا ئەژنۆی نوقمی قوڕە. کۆمەڵێک پرسیار کە لە مێشکیدا گینگڵیان دەدا و هەراسانیان کربوو، ئاراستەی وەستا حوسێن عەلی کەرکووکلی کردن. خەونی بەوەوە دەبینی چۆن مەردانی بۆخۆی کێش کرد، ئەمیش ئاوا بێتە پاڵی. ئەگەر مەردان بوێر و ئازایە تا ڕادەی هەڵەشەیی و گەوجێتی، ئەوا ئەم هەند زیرەکە تا ڕادەی ژیری و دانایی. باووباپیرانی شێخ بابا لە باووباپیری ئەم باشتر نەبوونە. هەروەها هۆزەکەی لە هۆزی ئەم چاکتر نییە، ئەی چۆن توانییان ئەم کۆشک و تەلارە بنیات بنێن؟ هەر دەڵێی پارچەیەکە لە بەهەشت. یەکەمین شت بۆ نیشاندانی دۆستایەتی بەرامبەر بە وەستا حوسێن نواندی، فەرمانی دا کاوڕێک لەبەر پێی سەر بڕن. ئەمە زۆر سەرنجی وەستا حوسێنی ڕاکێشا و بە سەرسووڕمانەوە گوتی: بە چیم تێ دەگەی شێخۆ بەگ؟ من تەنیا خزمەتکارێکم لای شێخ بابا.

شێخۆ بە زەردەخەنەیەکی لێوانلێو لە بڕوا بەخۆبوون و هۆگرییەوە گوتی:

– وەستا حوسێن، ئێمە لێرە جیاوازی لە نێوان خزمەتکار و سەرۆکدا ناکەین، تۆ



لای من وەستای، خوا ئاوەزێکی نایابی پێ بەخشیویت، پێویستە بەچاوێکی تایبەتت تماشا بکەم، من دەمەهەوێ لە تۆوە شت فێر بم.

وەستا حوسێن تەمەنی نزیکەی شەست ساڵ دەبوو. نیوەی تەمەنی لەگەڵ شێخ بابادا بەسەر بردبوو. بەخۆی لە دوا قۆناغی چێ بوونی کۆشکەکەیدا بەشدار بوو. لە تەرەفی دایکییەوە خۆی بەخزمی باباییەکان دەزانی، کەچی لە کەسیان لەم قسانەی نەژنەفتبوو، هەرگیز خەونی بەوەوە نەدیتبوو کاوڕ لە بەر پێی بەعەرددا بدەن، ئەوەتانێ ئەم خەڵکە خاکی و ساکارە مافی خۆی دەدەنێ و تواناکانی بەرز ڕادەگرن. هەستی بەدڵنیایی و بڕوا بەخۆبوونێکی ڕەها کرد، کە پێشتر شتی وای بەخۆوە نەدیتبوو. هەر یەک لە میرزا و هاپۆ و سەید بە ویقار و شکۆوە گوێبیستی قسەکانی بوون، چون سەرۆک هۆزی باباییەکان بێت. لەو کاتەی هەردووکیان بەناو قوڕە گیراوەکان و کوختە نیوە تەواو بووەکاندا ڕەت دەبوون و هەمووانیش وەکو شانەی هەنگ لە کاردا بوون.

شێخۆ گۆتی: ئەگەر ڕاستت دەوێ وەستا حوسێن، من دەمەوێ کۆشکێک بنیات بنێم لەوەی شێخ بابا باشتر بێت، وەلێ پێم ناڵێی ئەو پارەیە لە کوێ بێنم؟ تۆ لەگەڵیان ژیاوی و لە بارەیانەوە زۆر دەزانیت، پێم ناڵێی بۆ تەواوکردنی ئەم سەڵتەنەتە، ئەم هەموو پارەیەیان لە کوێ هێنا؟

وەستا حوسێن دابینابوو پرسیاری لەو بابەتەی ئاراستە بکرێت، لە باوکیشییەوە زۆری لە بارەی مێژووی باباکانەوە بیستبوو. زەردەخەنەیەکی کرد و لە چاوانی شێخۆی ڕوانی، گوتی:

– ئەو پارەیەی دەتەوێ لە ژێر دەستتدایە شێخۆ بەگ، پارە و سامانت لە شێخ بابا زیاترە، وەلێ نایانبینیت. ئێوە نووکە لە دۆڵی کفرانی شاخاوی نین، بەڵکو لە دۆڵی کفرانی پێدەشتن. ئێوە لەسەر زەوییەکن لە ئەزەلەوە درێژەی دۆڵی کفرانە، لێ ئێوە پێتان نەدەزانی، سەرەڕای ئەوەی وەکو لەوەڕگە بۆ مەڕ و مالاتەکانتان بەکارتان دەهێنا. ئەوا ئێستا بەفەرمی بووە موڵکتان. دەبێ ئێوەش دوای بەدەستهێنانی فەرمان شێوە ژیانی خۆتان بگۆڕن. وا دەزانی ئەگەر بەخۆت ئیش بکەیت ماڵەکەت زووتر تەواو دەبێت؟ کارکردن شوورەیی نییە، لێ ناشرینە بۆ هۆزێک لە سەرۆکەکەی

بگەڕێ، تا چۆکی لە قوڕدا بچەقێنێت. ئەگەر موتەسەڕیف و قایمقام لە ناکاو بدەنە سەرتا و سەردانت بکەن چیت پێ دەڵێن؟ دەگونجێت موتەسەڕیف و قایمقام لە ماڵەکانی خۆیاندا قوڕکاری بکەن؟ تۆ لەچاو ڕۆڵەکانی هۆزەکەتەوە موتەسەڕفیت، چۆن میللەت و پۆلیس و جەندرمە و فەرمانبەران دڵسۆزیی بۆ موتەسەڕیف دەنوێنن، دەبێ ڕۆڵەکانی هۆزەکەتیش دڵسۆزیی ڕەهات پێشکەش بکەن. تۆ فەرمانڕەوای تاق و تەنیایانیت. باوکی شێخ بابا فلسێکی لە گیرفانی خۆی خەرج نەکرد، جووتیارەکان لە گزنگەوە تا خۆرئاوا ئیشیان دەکرد، تەنانەت ئەو خواردنەی لە لای دەیانخوارد، بێ ئەوەی هەستی پێ بکەن لێیانی دەپچڕییەوە. بۆ قایە و گەچەکەش لە خۆی ئاسانتر نییە، ئێوە شاخی قسڵیتان هەند زۆرە بەشی دنیا دەکات. دە جووتیارم بدەرێ، بەماوەی سێ ڕۆژان باشترین کوورەی گەچت بۆ دروست دەکەم. هەر چی باروتە بۆ تەقاندنەوەی تاشەبەردەکان، ئەوا دەتوانی بەفەرمی لە مەڵبەندی موتەسەڕفییە، یاخود لە سەنجەق بەدەستی بهێنیت. خەڵووزی بەردین و کبریتیش ئەوا لە کفرییەوە دەیانهێنین.

شێخۆ تا چەند ڕۆژێک لە ژێر هێدمەی ئەوەدا بوو لای شێخ بابا بینی و لە وەستا حوسێن کەرکووکلییەوەی بیست. بیری لەو هەموو شتانە دەکردەوە، کە بەیەک جار چوونە مێشکە ئاسوودە و بەتاڵەکەیەوە، لەو غەمانەی ئێستا خەویان لە چاوی تۆراندووە، بۆ یەکەمین جار لە ژیانیدا دوای ئەوەی چەندین جار ئەمدیو و ئەودیو دەکات لە خەو بێدار دەبێتەوە، یاخود خەوێکی پچڕ پچڕ دەنوێنێت، لە خەونیدا شتێلێک دەبینێت پێشتر نەیبینیبوون. خەونی بەکۆشکێکی گەورە وە بینی کە چەندین دەروازەی هەبوو، لە ژووروو دالانە زۆر و ئەو بانیژانەی دەیانڕوانییە سەر ئەو باغچە جوانانەی پڕبوون لە گوڵ و گوڵزاری هەمەڕەنگ، بزر دەبوو.

پاشان خۆی بینییەوە سواری پشتی ئەسپێکی سپی تیژڕەو بووە، لە دۆڵی کفرانی شاخاوییەوە بۆ دۆڵی کفرانی پێدەشت دەچێ. بۆ یەکەمین جار خەونی بەئافرەتێکی شۆخ و شەنگەوە بینی بەگیانی نیوە ڕووتەوە هاتە ژوورەکەیەوە، کە بەفەرشی ئێرانی و مۆزلین ڕازێنرابووەوە.

– شێخۆ بەگ. وەستا حوسێن کەرکووکلی بەزمانێکی وا دەیگوت کە پڕ بوو لە



سووربوون و قەناعەت: تۆ کەسێکی بۆ سەرکردایەتی خوڵقاویت و شایان بەخۆتە. بنیادەم لەوانی دیت جیا دەکاتەوە، تەنانەت ئەگەر جلی شڕیشت لە بەردا بێت. بڕوا بکە من کە یەکەمین جار بەسەر پشتی ئەسپە ئاڵووالاکەتەوە بینیتم، وامزانی میرێکی لە میرەکان.

دوای قسە لەسەر کردنێکی زۆر لە نێوانیاندا، چارەیەکی دییان دۆزییەوە، ئەویش خانوویەک بەپەلە دروست بکەن پێنج ژووری تێدا بێت لەگەڵ تەویلە و عەماری دانەوێڵە، پێش باران بارین لێی ببنەوە، بەو مەرجەی سەرەتای بەهار دەست بەپڕۆژە گەورەکەیان بکەن، چونکە پەلەکردن لە شەیتانەوەیە و سەبریش لە یەزدانەوە، وەک چۆن حوسێن کەرکووکلی گوتی: پاشان باوکی شێخ باباش کاتی خۆی، کە کۆشکەکەیان دروست کرد، بەهەمان شێوەی دەست پێ کرد.

شێخۆ ویستی کەریمی برای بەبیرۆکەی کۆشکەکە قایل بکا و پێکەوە تیایدا بژین، وەلێ ئەو ئەمەی ڕەت کردەوە، کە بتوانێ لە کەشوهەوایەکی ئاوادا بژین. لە ناوخۆیاندا ڕێکەوتن ئەو لە دۆڵی کفرانی شاخاویدا بژی و بەردەوام سەریان لێ بدات. هەرچی بنیاتنانی کۆشکەکەشە وەکو بیرۆکە ئەو بەپێویستی دەزانێت. خۆ باباییەکان لەوان باشتر نین. کاتێ ڕای خۆی بە مەردان گوت زۆری پێ خۆش بوو و گوتی، ئەو خەونی بەشتی واوە دەبینی و بەهەموو توانایەکییەوە یارمەتی دەدات. بەڵێنیشی پێ دا کوورەکە بۆ سووتەنی چەندی پێویست بە خەڵووز هەبێت، ئەوا ئەو لە کفرییەوە بۆی دەگوازێتەوە.

میرزا سوور بوو لەسەر ئەوەی دەبێ تاقمەکەی خانووەکانیان تۆزێک دوور لە ناوجەرگەی گوندەکەی زۆرابەوە دروست بکەن، بەشێوەیەک وا دیار بێت ئاواییەکی سەربەخۆیە. کەس چەند و چوونی لەگەڵدا نەکرد، ئەوەندە نەبێ بەگاڵتە پێکردنەوە پێی گوت: ئاخر یەکێکە لە کەرایەتییەکانت، ئەگینا چۆن پیاو ماڵی دوور لە سەرچاوەی ئاو دروست دەکات؟ ئەی تاوانی ئافرەت چییە لەو دوورەوە ئاو بکێشنەوە؟

میرزا بەزمانێکی نهێنی ئامێزەوە گوتی: تۆ بیر لە شتێک دەکەیتەوە و، منیش لە شتێکی تر.

سەردانەکانی کوێخا زۆراب بۆ لای بابا بەردەوام بوو، تەنانەت سەیدیش جارێکیان گوتی:

– دوای دوژمنداری شیرنییە.

چۆکی شێخ بابا بەتەواوی چاک بووەوە، ئەمەش وای لە شێخ بابا و سەید براحەق کرد دان بەوەدا بنێن، کە بەڕاستی حەکیمە.

هەموو جارێک لە نێوان خۆیاندا باسی ئەو ژن و ژنخوازییەیان دەکرد، کە هەر دەبێ ببێ، چونکە کوێخا زۆراب و ئەوان لە لایەکەوە مژوولی دروستکردنی خانوو بوون، لە لایەکی دیشەوە بەکێڵانی زەوییە تازەکانەوە خەریک بوون، وایان بەباش زانی ئەو مەسەلەیەیان بۆ دەرفەتێکی دی هەڵگرن.



١٩

ڕۆژی بەڕێکردنی ڕۆستەم بوو، ڕۆژێک بوو پێشتر هۆزی دۆڵی کفران ئەمەی بەخۆیەوە نەبینیبوو. بۆ یەکەمین جارە لە مێژووی هۆزدا مێردمنداڵێک هێشتا شانزەساڵەی ڕەت نەکردبوو، بۆ تەواوکردنی خوێندن و دابڕان لە خێزانی و هۆزەکەی، تا ماوەیەکی دیارنەکراو، کە ڕەنگە بگاتە چوار ساڵ یاخود زیاتر، کێ دەزانێ؟ لە گوند دەربچێت. کوێخا زۆراب بیرۆکەکەی زۆر بەدڵ نەبوو، لێ لە ژێر کاریگەریی سنجان و شێخۆدا، کە وایان دەبینی بوونی خوێندەوارێک لە هۆزەکەیاندا کارێکی زۆر پێویستە، ڕەزامەندی دەربڕی، بەمەرجێک دوای تەواوکردنی خوێندنەکەی لە گوندەکەی زۆراب ببێتە مەلا. هەرچی کەریم و ژنەکەی بوون کاری ڕۆستەم و هەرچی پێوەندیی بەوەوە هەبوو، دابوویانە دەستی زۆراب و شێخۆوە، لەبەرئەوەی لە منداڵییەوە لای ئەوان بووە. هەرچەندە ڕەمەزان و میرزا قەناعەتیان بەخوێندن و فێربوون نەبوو، ئینجاش لەگەڵ بیرۆکەکەدا بوون، چونکە هۆزەکەیان پێویستی بەپیاوێکی لە چەشنی یوزباشی و قایمقام بوو. کێ دەزانێ، ڕەنگە خێرێک بەناوچەوانییەوە بێت و بگاتە پایەیەکی بڵند لە دەوڵەت.

لە ئان و ساتی بەڕێکردنیدا کوێخا زۆراب بۆ یەکەمین جار لە ژیانیدا دوو دڵۆپ فرمێسکی ڕشت. وای هەست دەکرد ئەو دوو دڵۆپە دوو ساڵ لە تەمەنی دەمژن. سنجانیش گریا، هەروەها ڕەمەزان و میرزا و عەباس و قادریش لە پڕمەی گریانیان دا، لێ هەر کەسە و بە کێپی بە شێوازێک. هەرچی دایکی بوو هەستی بەجۆرە شانازییەک کرد و فرمێسکی نەهات، کەچی دوای دوو ڕۆژان هەستی بەبۆشاییەکی گەورە کرد و لە هاڕژنی گریانێی دا.

شێخۆ و کەریم و مەردان بۆ سەنجەقیان ڕەوان کرد، دوای ئەوەی شەویان لای جیهانگیر ڕۆژ کردەوە، ڕەمزییش وێڕایان بەرەو کەرکووک کەوتە ڕێ، سەیریان پێهات کاتێ بینییان زۆر بەئاسایی و بێ قڕە و بڕە و گریان جیهانگیر و ژنەکەی ڕەمزییان بەڕێ کرد.

جیهانگیر گوتی پێویست بە شێخۆ و کەریم ناکات لەگەڵیاندا برۆن، تەنیا مەردانیان بەسە. لێ ئەوان پێیان لەسەر ئەوە داگرت مەبەستیانە شوێنەکەی بزانن و ئەو جێگەیە ببینن، کە لێی دەژێ و تیایدا دەخوێنێ و پێویستییەکانی چین، هەروەها کوێخا زۆراب پێی گوتوون تا دوا شوێن لەگەڵیاندا بن. سەرەڕای دڵنیاییکردنەوەیان لە لایەن مەردانەوە، کە ماوەی نێوان سەنجەق و کەرکووک کەمە، کەچی شێخۆ و کەریم وایاندەزانی گەلێک دوورە و لەوسەری دنیایە. گەلێک سەیریان پێدا هات، کاتێ بینییان ماوەی نێوان ئەم دوو شارە کەمترە لە دووریی نێوان دۆڵی کفران و سەنجەق. جگە لەوەی ڕێگەکەی ئاسانتر و خۆشتریشە. بەپێچەوانەی ئەو ڕێگە سەختەی دەتباتەوە بۆ دۆڵی کفران. سەرەڕای ئەو قەرەباڵغییە هەمیشەییە، چەندین کاروان و عەرەبانە، کە ئەسپ ڕای دەکێشان هەرا و زەنایان لەو ڕێگەیەدا بەرپا دەکرد، ئەمەش لە سۆنگەی ئەو زەنگولانەی بە ملی هێستر و گوێدرێژەکانەوە کرابوون، کەشوهەوایەکی ئاسوودەیان دروست کردبوو. ماوە ناماوەیەک کەپرۆکەیەکیان دەهاتە ڕێ، پێیان دەگوت «سەبیل»، بریتی بوو لە کوپەیەکی پڕ لە ئاوی سارد ڕێبواران تینوێتییان لێ دەشکاند. لاپرەسەنی و سەراسیمەیی شێخۆ و کەریم کەمتر نەبوون لە هەمان ئەو هەستانەی ڕۆستەمیان داگرتبوو، گەلێ پرسیار لە مێشکیاندا گینگڵیان دەدا، بە کپی و واقوڕمانەوە چاودێریی شتەکانیان دەکردن، لێ شتێک شانازی بەخۆوەکردن و خۆ دەرخستن وەک کەسێکی سادە و ساکار، ناچاری بێدەنگیی دەکردن. چونکە بەتێپەڕبوونی کات شتەکان خۆیان دەردەکەوتن. لە کاتی وەرگرتنی فەرمانەکەوە، زۆریان بینی و لەگەڵیا ژیان و گەلێک شت بەسەریاندا تێپەڕین، تەنانەت لە خەونیشدا نەیانبینیبوو، دنیا بەهەموو سەیر و سەمەرەکانییەوە، گەلێ گەورەترە لە دۆڵی کفران، زێی ئاوەسپییش تەنیا ڕووبار نییە، ئا ئەوەتانێ بەچاوی خۆیان شاخێلێک دەبینن گەلێک لە جەوەڵ قاجر و مازووخ سەرکەشترن. هەرچەندە گەلێک دوورن، لێ دوندە بە بەفر داپۆشراوەکانیان وادەنوێنن، جەوەڵ قاجر و مازووخ لەچاویانەوە دوو گردۆڵکەی بچووکن.

کاتێ گەیشتنە کەرکووک بەقەڵا و گوومەت و منارە و بازاڕ و جووڵەی پڕ لە هەرا و زەنایەوە، وایان هاتە بەرچاو سەنجەق لەچاو ئەمەوە گوندە، عانێ مەردان نیشانەی



سەرسووڕمان و واقوڕمانی بەروخساری شێخۆ و کەریم و ڕۆستەمەوە بینی، چۆن سەریان بەڕاست و چەپدا دەسووڕێ، پێی ڕاگەیاندن شاری مووسڵ لەمەش گەورەتر و لە ناوەڕاستەوە ڕووبارێکی گەورەی تیژڕەو، کە ترس دەخاتە دڵەوە، دەیکات بەدوولەتەوە. مەردان سەرەڕای ئەوەی چەندین جار هاوەڵی ڕێگەی ڕەمزی بووە، دەمێ گەیشتنە ناو شار، داوای لە ڕەمزی کرد ئەو چاو ساغیان بێت. چونکە کۆڵان و ڕێگە و ماڵە لێکچووەکان شتەکانیان لێ تێکەڵ دەکرد و سەری لێ دەشێوا، کەریم دوا بەدوای مەردان گوتی: من دەتوانم چاو بچووقێنم و هەموو کونج و کەلەبەرێکی دۆڵی کفران بدۆزمەوە. هەرچی ئەم کۆڵانانەن هەزار جاری تریش پێیاندا تێپەڕ ببم سەریان لێ دەرناکەم.

ڕەمزی بەو هێمنییەی کە پێی دەناسرایەوە بۆی ڕوونکردنەوە، چۆن بگەنە ئەو شوێنەی مەبەستیانە، مرۆڤیش هەرگیز لەم شارەدا ون نابێت، گوتی:

– نابێ دوو شت لە بیر بچێت، وەک چۆن خاڵە مەردان هەمیشە لە بیریان دەکات، یەکەم: ئەوقاف جادەسی[٤]، دووەم: ئەوقاف جامعی[٥]. یەکەمیان تاقە شەقامی سەرەکییە، کە شارەکە دەبڕێ و دەگاتەوە سەر هەموو ڕێگەکان. هەرچی دووەمیانە گەورەترین مزگەوتی شارە و دەکەوێتە سەر ئەم شەقامە. هەر منداڵێک ئەم دوو شتە دەزانێت. مزگەوتەکەش جێگەی خوێندن و گوزەرانمانە.

مەردان بەناڕەزاییەوە گوتی: جاری پێشوو مەلا ڕەمزی حەیاتەکەم لە شوێنێکی ترەوە هاوردمانتە شارەوە، پێشتریش لە شوێنێکی دییەوە هاتین، نازانم ئێستا لە کوێین؟ هەر جارە و بەبەهانەی سەردانی هاوەڵێکت ڕێگەکەت دەگۆڕی، ئیتر چۆن دەتەوێ ئەم هەموو ڕێگەیەی شەیتانیش تێیاندا ون دەبێ، فێر ببم؟

شێخۆ بەپێکەنینەوە گوتی: ئیتر لەمەودوا لەم ڕێگەیەوە دێین، شارەزای بووی؟

مەردان بە دوودڵیەوە گوتی: ئەگەر لە هەمان ڕێگەوە بگەڕێینەوە، هەڵبەت لە بیرم ناچێت.

(٤) ئەوقاف جادەسی: بە تورکییە. واتا: جادەی ئەوقاف. (وەرگێڕ)

(٥) ئەوقاف جامعی: مزگەوتی ئەوقاف. (وەرگێڕ)

ڕەمزی بە شۆخییەوە گوتی: جاری پێشوویش هەمان قسەت کرد.

دەمەو عەسر گەیشتنە مزگەوتەکە. دوای ئەوەی چاویان بەو ژوورەدا گێڕا، کە ڕەمزیی تیا نیشتەجێیە و کلیلی ئەو ژوورەیشیان لە ڕەمزی سەند، کە بۆ ڕۆستەمی گرتبوو، شتومەکەکانیان تیا دانا و بۆ نانخواردن چوون. مەردان دوای ئەوەی ڕەمزیی دەگەیاند، شەوێ لەو خانەدا دەمایەوە، کە نزیک پردە بەردینەکەیە و کەوتۆتە ژێر قەڵاوە لەوبەری ئاوی خاسەوە. ڕۆژی دواییش لەگەڵ یەکەم کاروانی بچووکدا کە دەچوو بۆ سەنجەق، دەگەڕایەوە. هەموو ئەمانەی دەکرد نەک لەبەر مەترسیی ڕێگە، بەڵکو بتوانێ لە ڕێگەکانی شار دەرباز بێت. هەرکە کاروانەکە دەگەیشتە دەرەوەی شار، جڵەوی ئەسپە تیژڕەوەکەی خاو دەکردەوە و پەڵەهەورێکی تەپوتۆزی لە دوای خۆیەوە جێ دەهێشت. بڕیاری دا شەوێ لە هەمان خاندا بەسەر بەرن و لەو کەبابخانەیەی تەنیشتیشییەوە نانەکەیان بخۆن.

دوای ئەوەی ئەوقاف جادەسییان بڕی و گەیشتنە پردە بەردینەکە، ئەسپەکان لە شوێن خۆیان چەقین، تەنیا ئەسپەکەی مەردان نەبێت، ئەویش بەدەوری خۆیدا ماخۆلانی بوو و نەدەپەڕییەوە، مەردان چەندە هەوڵی دا سوودی نەبوو، هەندێک لە ڕێبوارەکان وێستان و چاویان تێ بڕین. یایلییەک دوو ئەسپ ڕایان دەکێشا، وەستابوو، چاوەڕوانی گالیسکەوانەکە بوون ڕێگەیان بدەن تا بپەڕنەوە. پاشان کابرایەک هات و عەرەبانەیەکی قورسی پاڵ دەنا. پردەکەیان گرت و بێ ئەوەی پێ بزانن قەرەباڵغییان دروست کرد. کابرایەکی پیر فێستێکی بەلاری لەسەر کربوو، دارەکەی دەستی ڕاوەشاند و بەسەریاندا هاواری کرد، بێ ئەوەی لێی بگەن. شێخۆ وایزانی کاربەدەستێکی گەورەیە، یاخود بەرپرسی پردەکەیە، لای لە ڕەمزی کردەوە و گوتی:

– ڕەمزی پێم ناڵێی ئەم ئەفەندییە تورکە چی دەوێت؟

ڕەمزی لەوبەرەوە سەرقاڵی ئەسپە بەلەسەکەی بوو، گوێی لە قسەکەی کابرا نەبوو، دوای ئەوەی ناچار بوو لە ئەسپەکەی دابەزێت، بەئەدەبەوە بەتورکی لە کابرای پرسی داخۆ چی دەوێت، کابرا بەتووڕەیییەوە گوتی:

– أشبو كورد ييشكلرنه سويله بياده أولسونلر.



ڕەمزی بەر لەوەی قسەکانی وەرگێڕێت، پیادە بووبوون و جڵەوی ئەسپەکانیان بەدەستەوە بوون. هەینێ لە پردەکە پەڕینەوە ئاهێکیان پێدا هاتەوە. دوای ئەوەی ئەسپەکان و جروجامشتیان بەخاوەنی خانەکە سپارد، مەردان بۆ کەباب خواردنی هەڵپێچان، بۆنی گۆشتی برژاو ئیشتیای دەکردنەوە و ڕیخۆڵە خاڵییەکانیانی هێنابووە هەلەکە سەما. پێشتر مەردان باسی کەبابی بۆ کردبوون، کە لە دنیادا هاوتای نییە. ئەوەتانێ کەباب و پیوازی پاککراو و تەڕە لە بەردەمیانە. لیکاویان هات، مەردان بۆی ڕوون دەکردنەوە چۆن پاروو بکەن و تورشی و پیوازی پاککراوی تێ بکەن.

دوای ئەوەی بابۆڵەیەکی کرد و لە سەرێکییەوە بەرقەپی دا، کاتێ ئەوان ویستیان لاسایی بکەنەوە، ڕەمزی هەر بۆ تووڕەکردنی مەردان خەنییەوە، لەودەمی پارچەیەکی لە نانەکە کردەوە و نەختێک کەبابی نایە ناو، گوتی: خاڵە مەردان کەباب تەنیا بەو شێوەیە ناخورێت. ئەوی لە کەبابخانە دانیشێت ئاوای ناخوات.

مەردان وڵامی نەداوە، چونکە ئەوکاتێک سەرقاڵی نانخواردن بێت هیچ نابیستێ و قسەش ناکات. داوای هی تریان کرد. چەند پیاڵەیەک چایان خواردەوە و جگەرەیان بەبایادا و چاویان بڕیبووە هاموشۆکەران، کە بادینی و دەشتەکی و ئەفەندییان تێدا بوون. کەریم ویستی لە هۆی بوونی ئەم هەموو خەڵکە لە ناو شاردا بپرسێ، کەچی ڕۆستەم پێشی کەوت و گوتی:

– ڕەمزی چییە دەڵێی ئەمڕۆ خەڵکی شار جەژنیانە؟

– نەخێر. هەمیشە ئاوا قەرەباڵغە. زۆربەی خەڵکی لە گوندەکانەوە بۆ کڕین و فرۆشتن دێن.

شێخۆ دوای ئەوەی ئەفەندییەکەی بیرهاتەوە، گوتی:

– ڕەمزی پێت نەگوتم ئەو پیرە ئەفەندییە تورکە چی گوت؟ وا بزانم جوێنی پێ داین.

ڕەمزی پێکەنی و گوتی: وتی بەم کوردە کەرانە بڵێ با بە پا بڕۆن.

کەریم بە پێ ناخۆشبوونەوە گوتی:

– ئەو کابرا پیرە بۆ بە کەری ناو بردین؟ خراپەمان بۆی بوو؟

– هەندێک تورکان هەن خراپ بین بۆیان، یان نا، ئەوا ناوی کەریان بەسەر کورددا بڕیوە.

مەردان ویستی جەوەکە خۆش بکات، گوتی:

– لەبەرئەوەیە کورد کەریان هەیە.

کەریم بەشێلگیرییەوە پرسی: بە عارەبیش وا دەڵێن؟

ڕەمزی وڵامی داوە: نەخێر. بە عارەب دەڵێن پیس عەرەب.

شێخۆ پێکەنی، سەری لەقاند و گوتی: کەواتە عارەب پیسن و ئێمەش کەر؟ ئەی تورک؟ جوێنی تایبەت بە ئەوان نییە؟

مەردان بە خۆ هەڵکێشانەوە گوتی: چۆن نییە؟ تەنانەت منیش دەیزانم... کوردەکانی دانیشتووی سەنجەق و لێرەش لە کەرکووک پێیان دەڵێن: تورکمانی بێ ئیمان.

کەریم لەسەری ڕۆیی: کەر، پیس باشترن لە بنیادەمی پاکی بێ دین.

شێخۆ بەزەردەخەوە ئاوڕی لە ڕۆستەم دایەوە و پێی گوت:

– ئەگەر دەتەوێ لە شاردا بەردەوامی بەخوێندنەکەت بدەیت، دەبێ ئەم قسانەت لا ئاسایی بن.

ڕەمزی بەتوندییەوە گوتی: مامە، لە مەکتەب ڕێ بەم جۆرە قسانە نادرێت. سزای فەلاقەدانە.

قسەکەی دوایی ڕوون نەبوو بۆیان، شێخۆ وایزانی مەردان لە ئەنجامی تێکەڵبوونیدا لەگەڵ ڕەمزی ماناکەی دەزانێت، سەیری پێ هات بینی بەگێژییەکەوە دەڕوانێت، گوتی:

– ئەرێ ڕەمزی پێمان ناڵێیت ئەم سزایە چییە؟ دەبێ بزانین لەوێ چی چاوەڕێی کوڕەکەمان دەکات.

– سزایەکی توندە، بەڵام تا چەند جارێک قوتابییەکە لەسەر ڕەوشتی خراپی ئاگادار نەکرێتەوە فەلاقە ناکرێت. دوای ئەوەی پێڵاوەکانی پێ فڕێ دەدەن، پێیە





پەتییەکانی سەرپێچیکار دەبەستنەوە و لەسەر گازی پشتی پاڵدەخەن و لاقی هەڵدەبڕن ، بەشوڕاق لە بن پێیەکانی دەدرێت.

شێخۆ گوتی: ئەمە لە خەساندنی بارگیرن خراپترە.

مەردان بە قێز لێکردنێکەوە سەیری ڕەمزیی کرد و گوتی:

– لەوە ناچێت تۆ سزای وا درابێت.

– نەخێر، ئەلحەمدولیللا، بڕواش ناکەم سزای وا بدرێم.

– هەڵبەت بەچاوی خۆتت بینیوە.

– موسیبەتەکە لەوەدایە بە بەرچاو قوتابییەکانەوە دەیکەن.

– جا ئەو بەستەزمانە ناترێ؟

– هەزار تڕ بەعانەیەک، هەندێک جار شتی وا ڕوو دەدات، تڕ لە چاوییەوە نیعمەتە.

تیشکی کزی ڕۆژەپرتەقاڵییەکە نیمچە پایزێکی بەشتەکان دەبەخشی، خانووە کۆنە داڕووخاوەکان، تەختە و سەکۆ دارینە داڕزاوە ڕیزکراوەکانی سەر شۆستەکە، مێگەلە مەڕ و وڵاخەکان کە بۆ فرۆشتن بوون، ئەو جلە شڕانەی زۆربەی خەڵک لەبەریان دەکرد، دەرۆزەکەران بە ناتەواوی و جووڵە بەگومانەکانیان، پیسی و شووشەی بەتاڵ لێرە و لەوێ، ئاوەڕۆی وشکی خاسەسوو، کە ژێرەکەی بووەتە کەندڕی جۆگەی چڵپاو، هەروەها داڵدەیەک بۆ سەگە بەرەڵاکان، کووچە و کۆڵانە تەنگەکان. هەموو شتەکان بەلایانەوە تازە و نامۆ بوون. ئەوی بەلایانەوە مایەی سەرسوڕمان بوو ئەوەبوو کەس دیقەتی نەدەدان، بەپێچەوانەی گوندەوە. لەسەر ئەمە مەردان گوتی:

– خەڵک لێرە بەخۆیان و کاروباریانەوە سەرقاڵن، هەر کەسە و دەیەوێ دوو عانەی چنگ بکەوێت، ئەگەر مرۆڤ مقەیەتی خۆی نەبێت ئەوا قوڵی دەبڕن.

ئیدی دەستی بە گێڕانەوەی یادەوەرییەکانی خۆی کرد، ئەوکاتی یاوەری جیهانگیری شارەزا لە بواری بازرگانی و نرخدا بوو، لە مامەڵەکردندا موویەک دانابەزی، پاشان ڕێی بازرگانێکی نیشاندان خوریی بەنرخی باش دەکڕی، بەو مەرجەی خورییەکە خاوێن بێت، پیاوێکی لە خواترس بوو، کەشیدەیەکی سپی

بەنەخشی پرتەقاڵی چنراوی لەسەردا بوو، کاتێک لە خانەکە چوونە ژوورەکەی لە شوێن خۆی هەستا و بەخێرهاتنی کردن، دانەنیشت تا لەسەر تەختە فەرشکراوەکە دانشتن. بێ ئەوەی پرسیان پێ بکات، گازی شاگردەکەی کرد بچێت حەوت نەفەر کەبابیان لەگەڵ پیاز و سەوزەی زۆر بۆ بێنێت. هەرچەند وتیان پێش نەختێک نانمان خواردووە و پێمان ناخورێت، کابرا مکوڕ بوو لەسەر ڕای خۆی و دڵنیای کردنەوە، کە ئەویش نانی خواردووە، بەڵام کەباب هەمیشە دەخورێ و پیاو لێی تێر نابێت، پاشان دەستی کرد بە ستایشکردنی ئەو کەبابەی خاوەن کەبابخانەکە دەیکات، دەبێ پیاو بەر لەوەی شتێک بکڕێت ئیتر هەر چییەک بێت، لە فرۆشیارەکە دڵنیا بێ بەر لەوەی لەو شتە دڵنیا بێ کە لێی دەکڕێت. لەم ڕۆژگارەدا خەڵک بێ ئەوەی لە خوا بترسن لە هەموو شتێک فێڵ دەکەن، ئەو قازانجەیش لە حەرامەوە دێت جگە لە بەدبەختی و ماڵوێرانی هیچی تری لێ نابێتەوە. پیاو وا باشترە چەند قرووشێک زیان بکات نەک قرووشێک حەرام قازانج بکات.

جامخانەیەک ئەو شوێنەی لە ژوورەکانی تری خانەکە جیا دەکردەوە، کە پڕ بوو لە خوری و تا بنمیچەکە هەڵدرابووەوە. کەریم پشتی دابووە جامخانەکەوە و پەنجەی بەجامەکەدا دەهێنا و لەو هەموو خورییە ورد بووبووەوە و بەشەوقەوە سەرنجی دابووە ئەو شێوە زمانە ئاشنایەی کابرا قسەی پێ دەکرد. ئیدی زانی کابرا خەڵکی سلێمانییە. لە بارەیانەوە بیستبووی کە ململانێ تەنانەت لەگەڵ بازرگانەکانی بەغدا و مووسڵیشدا دەکەن. خورییەکەیانی بیر کەوتەوە چۆن لبادی لێ دروست دەکەن، یاخود بەنرخێکی هەرزان بە کڕیارە گەڕۆکەکانی دەفرۆشن. گوتی: مامە وا بزانم تۆ تەنیا خەریکی بازرگانیی خوریت؟

کابرا کە چاوەڕێی قسەکردنی یەکێکیانی بوو، بەکەیفخۆشییەوە وڵامی داوە:

– بەڵێ، من تەنیا بازرگانی بە خورییەوە دەکەم.

شێخۆ دەستی بۆ لای جامخانەکەوە درێژ کرد و گوتی:

– باشە کێ ئەم خەرمانە خورییە دەکڕێت؟

کابرا بەهۆگرییەکەوە پێکەنی، ددانە زێڕەکانی لە ژێر سمێڵە سپییە پڕەکەیەوە بەدەرکەوتن، گوتی:



– خوری وەکو ئاڵتوونە، بۆ هەموو مرۆڤێک پێویستە، بەبێ خوری مرۆڤ ڕووتوقووتە، من خورییەکانم تەنیا بەو کارگانە دەفرۆشم، کە لە مووسڵ و بەغدا قوماش بەرهەم دێنن.

شێخۆ و کەریم سەیری یەکدییان کرد و بەتەوسەوە بزەیەکیان بۆ کرد، شێخۆ ئاوڕی لە کابرا دایەوە و گوتی: ڕاستییەکەی مامە حاجی، ئێمە کوێرین و پێویستمان بە چاوساغێکی وەک تۆیە. خورییەکانی ئێمە بەدەستی ئەو کڕیارە گەڕۆکانەوە بەهەدەر دەڕوات.

– بەتەنیا ئێوە نین بەدەست ئەم گرفتەوە دەناڵێنن. ئێوە هەمووتان لە شار دەترسێن، کە بەڕاستی بۆ ئەوانەی کەس ناناسن، ترسێنەرە. ئێوە ئەلحەمدولیللا ئیتر ڕێگەکەتان زانی، دوای نانخواردن منیش بەهەندێک کەستان دەناسێنم، دەتوانن پشتیان پێ ببەستن، چونکە فێڵکردن نازانن. دەتوانن پێڵاو لەو پێڵاوفرۆشە تورکمانەی تەنیشتمەوە بکڕن. قوماشیش لەو قوماشفرۆشە جوولەکەیەی فرت و فێڵ نازانێت، بکڕن. هەرچی ئازووقە و خواردەمەنییە دەتوانن لەو عارەبە حەویجەیییەی بسەنن، چونکە نرخەکانی باشن و جۆری باشی فاسولیا و پاقلە و لەتکە نۆک و قەیسیی هەن.

قسەکانی قسەی دییان لێ بوونەوە، کابرا جەختی لەسەر مامەڵەی بازرگانی دەکردەوە، دوو جار ناوی جیهانگیری برد، لێ بەشێوەی ڕق لێ بوونەوە، هەرچەندە بۆی نەشاردرایەوە. خوێندنی ڕۆستەمی زۆر بەدڵ بوو، بەشتێکی گرنکی دانا، داوای لەو و ڕەمزی کرد هەمیشە سەردانی بکەن و هەر شتێکیان تووش بوو، پەنای بۆ ببەن، پاشان گلەیی لە ڕەمزی کرد کە سەردانی ناکات. ڕەمزی پاساوی هێنایەوە بەوەی کاتیان کەمە و خوێندنیان زۆرە، بەڵێنی دایێ ئیدی لەمەودوا سەری لێ بدات.

بەناو شارەکەدا کەوتنە پیاسەکردن، دیقەتی دوکان و کۆگا و خەڵکیان دەدا، هەندێ پێداویستییان کڕی، ڕۆستەم حەپەسابوو، بێدەنگی دای گرتبوو، هەموو شتەکانی بەلاوە سەیر بوون، دەتگوت خەونێکە و دەترسێت لە دەستی بدات، بڕوای نەدەکرد بەتەنێ لێرە لەگەڵ ڕەمزیدا بمێنێتەوە و نەگەڕێتەوە دۆڵی کفران. هەستەکانی بووبوونە دوو بەشەوە، بەشێکی لە دۆڵی کفران بوو، بێدەنگیی ڕەها و

گەرموگوڕی ماڵ و قادر و عەباسی ئامۆزای و دەرچوونی ڕۆژانە بۆ سەر ڕۆخی ئاوەسپی و ڕاوە ماسی و پێشبڕکێی کولاژدم و سواریی ئەسپ و چوونە ئەم دێ و ئەو دێ و خۆشەویستیی باوە زۆراب و سنجان و گاڵتەکانی مامە ڕەمەزان، کە کەس ڕاستی و گاڵتەی لێک جودا نەدەکردەوە، هەموو ئەمانە وایان نیشان دەدا ڕووداوێکە تێپەڕیوە و ناگەڕێتەوە. خەیاڵی ئەوەی کرد، کە چەندە ماوەی زەمەنی لە نێوان دۆڵی کفران و ئەم شارە پڕ لە هەراوزەنایەدا هەیە، دەڵێی هەزارساڵە. بڕگەی هەزار ساڵ چەندە جوانە کاتێ زۆرابی باپیری ماوە نا ماوەیەک دەیگوت:

– باپیرانمان بەر لە هەزار ساڵ لێرەدا ژیاون، ئەم زەوییە هەزار ساڵە موڵکی ئێمەیە، زێی ئاوەسپی هەزار ساڵە بێرەدا لێژ دەبێتەوە، نووح پێغەمبەر سلاوی خوای لێ بێت هەزار ساڵ لێرە ژیا. هەرچی بەشی دووەمە، لێرە لەم شارەی بەر لە چەند سەعاتێک بووە حەقیقەتێکی بەرچاو، هەرچەندە پێشتر ڕەمزی بۆی باس کردبوو، دەربارەی شەقامەکانی، کۆڵانەکانی، بازاڕ و چایخانە و مزگەوتەکانی، بەلای ئەوەوە بوونیان نەبوو. لای ئەو دنیا لە دۆڵی کفرانەوە دەست پێ دەکات و لەوێش کۆتایی پێ دێت. دۆڵی کفران ناوەڕاستی دنیایە، ڕۆژ لەوێوە هەڵدێ و هەر لەوێشەوە ئاوا دەبێت، ئیدی وای لێهات هەریەک لە ناوەندی سەنجەق و گوندی زۆراب دوورترین شوێنی دنیابوون، ئەو دنیایەی کەوتۆتە سەر زێی ئاوەسپی، لای ڕۆژهەلاتی جەوەڵ قاجر و مازوخە و لای ڕۆژئاواشی کەل هەنجیرەیە، ئێستا ئەو جیهانە نە بۆ یەکجاری نەما، جگە لە پەڵەیەکی بچووک لەم جیهانە گەورەیەی ئەوسەری نییە، هیچی تر نەبوو.

لێرە لەم شارە پڕ لە بازاڕ و کۆڵان و زبڵدانەش ڕۆژ ئاوا دەبێت و تاریکی دای دەگرێت، وەک سەنجەق چراش دادەگیرسێت، لێ لێرە زۆرترن و ڕووناکتریشن.

سەرەڕای ئەو هەموو چرایەی بەدیوارەوە هەڵواسرابوون نەخوازەلا لە گۆڕەپانەکە، ئینجاش ئەو تاریکییەی شاری داگرتووە لەوی دۆڵی کفران زیاترە. ئەو دێو و درنجانەی لەو کۆلانە چۆڵوهۆلانە دەردەکەون زۆرتر ترسناکترن لەوانی دۆڵی کفران. بۆیە خەڵکی هەر هێندەی دنیا تاریک دەبێ و شەو دادێت، لە شەقامەکاندا نامێنن و خۆیان دەپەستنە ماڵەکانیانەوە. شان بەشانیان دەڕۆیی و گوێی لە قسەکانیان



دەگرت و لە هەموو شت لەگەڵیاندا بوو، دەتگوت لە خەوندایە. چەند جارێک لێیان پرسی پێویستی بە هیچ نییە؟ ئاگای لێیان نەبوو، بیری لای قادر و عەباس و ئەسپەکەی و تفەنگەکەی بوو. فرمێسک بەچاوی قادردا هاتەخوارێ و پێی گوت: – ناهێڵم کەس سواری پشتی ئەسپەکەت بێت، تا دێیتەوە.

هەرچی عەباس بوو قسەکەی پێ تەواو نەکرا، دای لە پرمەی گریان و بەتوندی باوەشی لێدا. شێخۆ دای بەسەر شانیا و گوتی: ڕۆستەم، لە کوێی؟

بەهۆش هاتەوە، خۆی لە دووکانی بەرگدروویەک بینییەوە، بەڵێ، بەقاتێکی نوێی کەواوچاکەت هەیە، دوای ئەوەی بەرگدوورەکە قەدەری گرت، پێی وت دوای حەفتەیەک بێت وەری بگرێتەوە.

کاتێ خۆر ئاوا بوو گەڕانەوە خانەکە، لە نزیک پردە بەردینەکە، ڕەمزی و ڕۆستەم خواحافیزییان لێکردن، بەو هیوایەی سبەی سەرێکی بازاڕ بدەن، تا نرخەکان بزانن و هەندێک پێویستیی تر بکڕن. لە خان لەسەر چوارپایە دارەکانیان پاڵکەوتن و باسی ئەو شتانەیان کرد، کە لە ناو شار دیبوویان. شێخۆ چەند جارێک چوونەدڵەوەی کەسایەتیی حاجی ئەمینی بازرگانی باس کرد. بڕیاری دا پێوەندیی لەگەڵدا توندوتۆڵ بکا و بەردەوام سەر لە کەرکووک بدەن. مەردانیش لەوە دوا چۆن دەستپێک پێوەندیی نێوان حاجی ئەمین و جیهانگیر خۆش بوو، لێ تەماحی جیهانگیر و چاوچنۆکییەکەی، وایان لە حاجی ئەمین کرد بڕوای پێی نەمێنێت. کەریم وایدەبینی بێ عەقڵییە پیاو خۆی بە بازاڕی سەنجەق ببەستێتەوە، ئەو نەیدەزانی هێندە دوورە، لە سەنجەق لە جیهانگیر زیاتر نییە، بە کەیفی دڵی خۆی نرخ دادەنێت. هەرچی ئێروکانێیە دەتوانیت کوتاڵەکەت بەدەیان بازرگان نیشان بدەیت، پاشان بەو نرخەی خۆت دەتەوێ بیفرۆشیت.

مەردان لە کاتێکدا کەیفخۆش بوو بە سەرکەوتنی لە دروستکردنی پێوەندی لە نێوان شێخۆ و حاجی ئەمیندا، گوتی:

– سەیرتان پێدا نەیەت، نووکە جیهانگیر گەنم بە نرخی زۆر گران نەبێت نافرۆشێت، ئەمەش لە سۆنگەی دواکەوتنی بارانەکەوەیە، کەچی لێرە نرخەکان ئاساین، سەرەڕای ئەوەی بەرەو سەرێش هەڵدەکشێن. شێخۆ لەسەری ڕۆیی: باوکم

لەسەر حەقە کاتێ پێ لەسەر چاوچنۆکیی جیهانگیر دادەگرێت.

قەیرێک بێدەنگ بوون، هەنگینێ هەر یەکەیان بیری لە شتێلێک دەکردەوە پێشتر بەلایدا نەچووبوو. کەریم گوتی: شارێکی جوان و پڕ لە ژاوەژاوە، حەز دەکەم ماوە نامەوەیەک سەری لێ بدەم، تیایدا بژیم، لێ ئەوە شتێکە نازانم چۆنە؟

مەردان گوتی: من ئەگەر خانوو و گوزەرانم دابین بێت، دەتوانم لێی بژیم، بەمەرجێک بەیناو بەین سەر لە گوند بدەم.

شێخۆ گوتی: ئێمە ناتوانین لەم کەشوهەوا خنکێنەرەدا بژین، لێ بەپێویستی دەزانم شوێن پێیەکمان لێرەدا هەبێ و لە سەردانەکانی داهاتوومان‌دا پەنای بۆ بەرین.

مەردان چون شتێکی دۆزیبێتەوە، لە شوێنەکەی خۆی هەڵبەزییەوە و گوتی:

– شێخۆ بەگ تۆ دەتوانی هزر بخوێنیتەوە، هەمیشە ئەمەم بە جیهانگیر دەگوت، کاکە ئێمە پێویستمان بە خانێکی بچووکە هەمانبێت، لێرە موڵک هەرزانە، دەتوانینماڵێک بە حەوشەیەکی گەورەوە بەنرخی تەنیا چوار تفەنگان بکڕیت.

کەریم بەپێکەنینەوە سەری لە قاند و بەسووک تەماشاکردنێکەوە گوتی:

– باشە بۆ سەرا و دەبۆکە ناکڕن؟ ئەگەر ئێمە بەم خەیاڵ پڵاوەوە بگەڕێینەوە دۆڵی کفران، ئەوا کوێخا زۆراب بەیەکجاری ڕێی سەفەرکردنمان لێ دەگرێت.

شێخۆ گوتی: باوکم دەناسم، ئەو دژی ئەم خەیاڵپڵاوانەیە، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستمان بەوەیە جێ پێمان لەم شارە سەیرەدا هەبێت.

ژوورەکەیان لە خانەکە بریتی بوو لە گوومەزێکی بێ پەنجەرە، سێ قەرەوێڵەی تەختەی تێدا بوون بەزۆر پەسترابوونە ژوورەوە و بەتەنیشت سێ دیوارەکەوە بوون، چرایەکی گەرچەک کە بەدیوارەکەوە هەڵواسرابوو، ڕووناکی دەکردەوە. سەرەڕای جەختکردنەوەی خاوەن ئۆتێلەکە، کە هەموو خانەکە پاسەوان ئێشکی دەگرن، کەچی ئەوان بڕیاریان دا بە نۆرە ئێشک بگرن، کێ دەزانێ؟ دوور نییە خودان خانەکە خۆی دز بێت و دەبێ لێی ئاگادار بن؟

یەکەمین ڕۆژ و حەفتەکان بەلای ڕۆستەمەوە قورس بوون، بەر لە گزنگی خۆر لە



خەو هەستان، دەستنوێژ و پێنج جار نوێژ لە ڕۆژێکدا، خۆشتن بەئاوی سارد، بەنۆرە پشکداری لە پاککردنەوەی ژوور و حەوشەکە، بەردەوام خوێندن، فێربوونی زمانی تورکی و عەرەبی، وانەی زۆر و هەمەڕەنگ. هەرچەندە هەندێ زەحمەتی دەهاتنە ڕێ، کەس بۆڵەی لێوە نەهات، ڕەمزی ئامۆژگاریی کرد بەرگە بگرێت، چونکە لە سەرەتاوە ناخۆشی دێنە ڕێی، ئەوی توانای خوێندنی نەبێ هەڵدێت و وازی لێ دێنێت، ئەم مەیدانە بۆ کەسانی خاو و تەمبەڵ دەست نادات. قوتابییەکان دەکرانە دوو بەشەوە، بەشێکیان پێیان دەگوتن فەقێ، ئەمانە ماوەی ساڵێک یا دوو ساڵ سەرەتاکانی ئاین و فیقە و قورئانیان دەخوێند. پاشان وەکو مەلا، یاخود پێشنوێژی مزگەوت دادەمەزران. هەرچی بەشی دووەم بوو، پێیان دەگوتن قوتابییانی ئامادەکردن، ئەمانیش بەراییەکانی هەردوو زمانی عەرەبی و تورکی و ئاین و ماتماتیک و زانستەکانی ژیان و تەندروستیی گشتییان دەخوێند.

دوای ماوەیەکی دیارنەکراو، ڕەنگە ساڵێک، یاخود دوو ساڵ بخایەنێت، بەپێی توانای قوتابی، تاقیکردنەوەیەکی گشتی دەکرێن و دواڕۆژیان دیار دەکرێت، ئەوی بڕوانامەی ئامادەبوون بەدەست بهێنێت، ئەوا قوتابییەکە بەپێی توانا و گرنگی پێ دان، دەتوانێ لە پەیمانگە بخوێنێت، وەکو خانەی مامۆستایانی سەرەتایی و قوتابخانەی جەنگی و قوتابخانەی پۆلیس، یاخود قوتابخانەی پزیشکی، زۆربەی ئەم پەیمانگانەیش لە مووسڵ بوون.

ڕۆژێکیان ڕەمزی لە پشووی وانەی سێیەمدا بەهەڵەداوان بۆ لای ڕۆستەم هات، ڕۆستەم لە کونجێکی گۆڕەپانە گەورەکە خۆی دابووە بەر خۆرەکە، سەیری بەو شڵەژانەی ڕەمزیدا هات، چونکە هەرگیز بەو شێوەیە نەیبینیبوو، خورمایەکی دایێ و هێمنانە پێی گوت:

– ئەمە دوا قلە خورمایە، بیخۆ و پێم بڵێ بۆ وا تێک چوویتە؟

– من بەهۆی تۆوە شڵەژاوم، گۆبەنت نەناوەتەوە؟

ڕۆستەم بەحەپەسانەوە گوتی: گۆبەند؟ نەخێر... بۆ؟

– بەڕێوەبەر تۆی دەوێت، چاودێری گشتییش لێت دەگەڕێت!

– لە من؟ هەڵبەتە تێکەڵکردنێک هەیە.

هەرچەند ڕۆستەم دڵنیای دەکردەوە، هیچ سەرپێچییەکی سیستەمی قوتابخانەی نەکردووە، ئینجایش خەرمانەی ترسێک دای گرتبوو. لەو کاتەدا چاودێری گشتی لەگەڵ سێ قوتابیدا هاتن، چاودێرەکە بە فیزێکەوە پێی گوت: تۆ ڕۆستەم کەریم زۆرابیت؟

– بەڵێ.

– وا دەزانی بە خۆ شاردنەوەت لەم کونجە لە دەستی بەڕێوەبەر قوتار دەبیت؟ دەی فەرموو بۆ ژووری بەڕێوەبەر.

ڕۆستەم بە خۆ ئامادەکردنەوە گوتی: من لە گۆڕەپانی قوتابخانە دەرنەچوومە، پێویست بە خۆ شاردنەوە ناکات.

یەکێک لە قوتابییەکان گوتی: سێ مانگە قوتابخانەکەمان فەلاقەی بەخۆوە نەبینیوە.

چاودێرەکە بەتوندی بەرپەرچی دایەوە: نامەوێ گوێم لە قسەی قۆڕ بێت.

ڕۆستەم ئەمە یەکەم جاری بوو بچێتە ژووری بەڕێوەبەرەوە، خەرمانەی ترسەکە ڕەویبوەوە، کاتێکیش ڕووبەڕووی بەڕێوەبەر بووەوە بەیەکجاری نەما. چونکە سەرنجەکانی شەڕانی نەبوون، لە چاوتروکانێکدا توانی چاو بەناو ژوورەکەدا بگێڕێت، مێزێکی جوانی لە تەختە دروستکراو، مەرەکەبدان ، پێنووس و دەفتەری لەسەر دانرابوون، دۆلابێک لە گۆشەیەکەوە هەندێ کتێبی تێدا بوو، تۆپێکی خڕ، کە نەخشەی گۆی زەویی لەسەر نەخشێنرابوو بەسەر دۆلابەکەوە بوو، چەند کورسییەکی لە دار خەیزەران درستکراو، داری سزادان، پەردە، وێنەی سوڵتان عەبدولحەمید، وێنەی کۆمەڵێک شاعیر و فەیلەسووف تورکی و بیانی، نەخشەیەکی گەورەی وڵاتی عوسمانی، سەبەتەی زبڵ، هەروەها ڕۆژژمێرێک بەدیوارەکەوە هەڵواسرابوو، بەخەتێکی درشت لەسەری نووسرابوو ١٣٢٦ ک و ١٩٠٨ز.

بەڕێوەبەر زەلامێکی چوارشانەی تێکسمڕاوبوو، قاتێکی لەبەربوو و فێستێکی بەسەرەوە نابوو. خۆی دابووە قەد مێزەکەیا، دەستی چەپی لە لێواری دانابوو، بەزمانێکی دۆستانەوە، کە ڕۆستەم چاوەڕوانی نەبوو، گوتی:

– ناوت؟



ڕۆستەم بە وەستانێکی نیمچە سەربازییەوە وەستابوو و بەزمانێکی توندەوە وڵامی دایەوە:

– ڕۆستەم کەریم زۆراب.

– مەزهەبت؟

– موسڵمانی شافعی.

– نەتەوەت؟

– کورد.

– هۆزت؟

– دۆڵی کفران.

– ناوی ئەو ڕووبارە چییە دۆڵی کفران دەبڕێت؟

– ڕووباری ئاوەسپی.

– ئەمە ناوە بازاڕییەکەیەتی، دەمەوێ ئەو ناوە فەرمییەم پێ بڵێیت، کە لەسەر نەخشەدا هەیە.

– ئاق صو.

بەڕێوەبەر قەیرێک بێدەنگ بوو، بەناو ژوورەکەدا کەوتە هاتوچۆ، بێ ئەوەی تەماشای بکات پێی گوت: لای مەلات خوێندووە ڕۆستەم؟

– بەڵێ.

– ماوەی چەنێک؟

– دوو ساڵان.

– فێری نووسینی کردیت؟

– نەخێر ئەفەندم، چونکە ئەو خۆی نووسین نازانێت.

– بەپێی پرسیارەکەم وەڵام بدەرەوە ڕۆستەم. من لێم نەپرسیت داخۆ نووسین دەزانێت یان نا.

– بەڵێ ئەفەندم.

– بۆ فێری نووسینی نەکردیت؟

– چونکە ئەو خۆی نووسین نازانێت.

– دڵنیایت نووسین نازانێت؟

– بەڵێ ئەفەندم. بابام زۆراب داوای لێ کرد فێری نووسینیشم بکات، گوتی: نووسین نازانم.

– گوتم بەپێی پرسیارەکەم وەڵام بدەرەوە ڕۆستەم. من پرسیاری بەهانەم بۆ قسەکانت لێ نەکردی.

– بەڵێ ئەفەندم.

بەڕێوەبەر قەیرێکی دی بێدەنگ بوو، پاشان بزەیەکی هاتێ و گوتی: پێم بڵێ چۆن ئەمەت زانی؟

– بابام زۆراب داوای لێ کرد نووسینیشم فێر بکات، گوتی: نووسین نازانم.

– بەر لەوەی بێیتە قوتابخانەکەمان زمانی تورکیت دەزانی؟

– نەخێر ئەفەندم.

بەڕێوەبەر لەودیو مێزەکەوە دانیشت، سەری پەنجەکانی بەمێزەکەدا دەدان:

– بزانە ڕۆستەم، دەستەی مامۆستایان بڕیاریان دا بتخەنە قوتابخانەی ئامادەییەوە، ئەمەش مانای وایە حەوت مانگی دی لە قوتابخانەکەماندا دەمێنیتەوە، دوای ئەوە دەبێ چوار ساڵ لە یەکێک لە پەیمانگاکانی مووسڵدا بخوێنیت و لە فەرمانگەیەک دابمەزرێیت، یاخود دوو ساڵ لامان دەخوێنی و دەبی بە پێشنوێژی یەکێک لە مزگەوتەکانی، کامیان هەڵدەبژێریت؟ ڕۆستەم لەو چاوپێکەوتنە سەیر و چاوەڕوان نەکراوەدا پێشبینی هەموو شتێکی دەکرد، تەنیا ئەوە نەبێ لە بەرامبەر ئەم دوو هەڵبژاردنە یەکلاکەرەوەدا سەرپشک بکرێت، بێ سێ و دوو کردن گوتی: – ئەفەندم، دەمەوێت لە مووسڵ بەردەوامی بەخوێندنەکەم بدەم. بەڕێوەبەر بەخۆشحاڵییەوە سەری ڕاوەشاند:

– کوڕم، جورئەت لە بڕیارداندا شتێکی باشە، ئەگەر بوێریی ماجەلان[٦] نەبوایا کیشوەری ئەمەریکا نەدەدۆزرایەوە، بەڵام بەتەنها بڕیاری تۆ بەس نییە، دەبێ لە

(٦) بێگومان ئەمە هەڵەیە، چونکە کریستۆفەر کۆلۆمبس کیشوەری ئەمەریکای دۆزییەوە نەک ماجەلان (وەرگێڕ).



پشووی نیوەی ساڵدا مەزبەتەیەکی موختار و پشتگیرییەک باوکت واژۆی کردبێت، بهێنیت، کە ئەو دوا خوێندنەت لە مووسڵ دەبێت و بەشێکی لەسەر حیسابی خۆی بێت.

– بەڵێ، ئەفەندم.

– بڕوا دەکەیت ڕەزامەندییان لەسەر بێت؟

– بەڵێ، ئەفەندم.

– دەتەوێت لە دوارۆژدا ببی بەچی؟ مامۆستا؟ ئەفسەر؟ فەرمانبەری تەندروستی یاخود کارگێڕی؟

– دەخوازم ببم بە مامۆستا، ئەفەندم.

– هەڵبژاردنێکی باشە کوڕم، ئێمە پێویستمان بە مامۆستایە، نەزانی سەرتاپای وڵاتەکەمانی گرتووەتەوە.

بەڕێوەبەر لەسەرخۆ لە شوێن خۆی هەستا، پاشان لە ڕۆستەم نزیک بووەوە و دەستی خستە سەر شانی، پێی گوت: کوڕم هەوڵ بدە هەر چۆنێک بێت ماڵەوەتان لە بارەی خوێندنەکەتەوە قایل بکە. ئەم هەلە دووبارە نابێتەوە، مانگی شوباتی داهاتوو دوا کاتە بۆ وەرگرتنی مەزبەتەکە.

– بەڵێ، ئەفەندم.

– تەنیا ئامۆژگاریم ئەوەیە لەسەر خۆماندووکردن و ڕەوشت باشییەکەت بەردەوام بیت، ئێستا دەتوانیت بگەڕێیتەوە پۆلەکەت.

ڕۆستەم دەستی هەڵبڕی و سڵاوێکی سەربازی کرد و بە بڕوابەخۆبوونێکەوە گوتی:

– زۆر سوپاس ئەفەندم.

ڕەمزی بەپەرۆشەوە چاوەڕوانی ئەنجامی چاوپێکەوتنەکەی دەکرد، هێشتانەکینێ ترس و شڵەژانەکەی نەڕەوییبوونەوە. لەو ماوەیەدا هەزار حیسابی کرد، دەتگوت سەد ساڵە لە ژوورەوەیە، ئەو لە بەرامبەر ژیان و چارەنووسی ڕۆستەمدا خۆی بەبەرپرسی یەکەم دەزانی، چونکە ئەوان دابوویانە دەست ئەوەوە و بەویان سپاردبوو، ئەگەر ئەو نەبوایا کەس لەسەر خوێندنەکەی ڕازی نەدەبوو، ئەوەیشی زیاتر ترساندبووی

دیارنەمانی چەند قوتابی و مامۆستایەک بوون، دەیانگوت ئەوانە سەر بەگرووپێکن بەنهێنی بە نێوی (ئیتحاد و تەرەقی)یەوە کار دەکەن. هەروەها ناوی سائیبی هاوەڵیشی کەوتە بەرگوێ، کە لە سەرەتای خوێندنەوە دیار نەبوو.

کاتێ ڕۆستەمی بینی بەڕووی خۆشەوە بەرێوەبەری جێ هێڵا، ئاهێکی بەبەردا هاتەوە، ڕای کرد بۆ لای و پرسیاری ناردنە دوای لە لایەن بەرێوەبەرەوە لێ کرد. ڕۆستەم بەدڵخۆشی و خەنینەوەوە گوتی:

– شتێک کە هەرگیز بەمێشکمدا ناهات ڕەمزی، بزانە دوای حەوت مانگ شایانی خوێندنم لە مووسڵ.

ڕەمزی بەسەرسامییەوە وڵامی داوە: قەت شتی وا نابێ ڕۆستەم، دەترسم لە بەڕێوەبەر نەگەیشتبیت.

– نا ڕەمزی، باشتر لە تێگەیشتنم لە هاپۆی کەللەبارگیر لێی گەیشتم، گرفتەکە لەوەدایە مەزبەتەیەک پەیدا بکەین لە موختاری سەنجەقەوە واژۆ کرابێت و تیایدا باوکم ڕەزامەندی خۆی بۆ خوێندنم لە مووسڵ دەربڕێت.

– ئەمە ئەوە دەگەیەنێت تۆ ساڵێکی تەواوی خوێندنت کورت کردبێتەوە، ڕۆستەم.

ڕۆستەم ئاگای لە قسەکانی ڕەمزی نەبوو، بەڵکو بیری لای چۆنێتیی تەواوکردنی مەزبەتەکە و ڕازی کردنی باپیرەی زۆراب، یاخود شێخۆی مامی بوو واژۆی لەسەر بکەن. موچوڕکی ترس بەگیانیدا هات، ئەوکاتی ناخی پێی دەگوت لەسەر خوێندنەکەت لە مووسڵ قایل نابن. بەحەپەساوییەوە گوتی: ڕەمزی دەترسم کەسوکارم ناوی مووسڵ ببیستن گرفتم بۆ بنێنەوە.

– ئەمە گرفتێک نییە. بەڵام دەزانی هەردووکمان پێکەوە بۆ ئەوێ دەچین؟

ڕۆستەم پێشتر ڕەمزیی بەو کەیفخۆشی و کراوییە نەبینیبوو، بەناو گۆڕەپانی قوتابخانەکەدا دەتگوت منداڵە ڕای دەکرد. هەندەی نەبرد چەند قوتابییەک، کە لە پەنجەکانی دەست تێپەڕیان نەدەکرد لە گۆشەیەکدا خڕبوونەوە، شاییان دەکرد و گۆرانییان دەگوت. ڕۆستەم زانی ئەمانیش وەک ئەو ناویان بۆ خوێندن لە قوتابخانە باڵاکان دەرچووە.



ئەوە لە دوا پێنجشەمی مانگی ڕێبەنداندا بوو، هەر هێندەی چوارەمین وانە تەواو بوو، ڕۆستەم و ڕەمزی ڕایان کردە ژوورەکەیان و چەمەدانەکانیان فڕێ دایە کونجێکەوە و بێ ئەوەی پارووو نانێک بخۆن، کە ئەو ڕۆژە خواردنەکەیان نیسکێنە بوو لەگەڵ نانێکدا. کاتێ بەرپرسی ئاشبەزخانەکە لێی پرسین داخۆ بۆ نانی شێوان دەگەڕێنەوە، گوتیان چاوەڕێیان نەکات.

بەرەو بازاڕ کەوتنەڕێ. ڕۆستەم ئاواتی دەخواست دوو باڵی بوایا و لە شەقەقەی باڵی بدابایا بۆ دۆڵی کفران، تا ئەو هەواڵە خۆشە یەکە یەکە بە کەسوکار و ئەندامانی هۆزەکەی بگەیەنێت، تا بەچاوی خۆی ئاسەواری ئەو خۆشییە بەڕوخساریانەوە ببینێت. داخۆ دەبێ مامی ڕەمەزان چی بڵێت؟ ئەدی بابای؟ ئەی باوکی چ دەڵێت؟ مامی شێخۆ، مامە میرزا، داپیرە سنجان؟ بێگومان ئەو لە هەموویان زیاتر پێی خۆش دەبێت. ئەی قادر و عەباس چی دەڵێن؟ هەرچی مەردانە پێ خۆشبوونەکەی دوو قاتە، ئەمجار دەکارێت تا مووسڵ لەگەڵیدا بڕوات، ئیدی دوای ئەوە دەتوانێت تا چەند حەفتەیەک، بەڵکو چەند مانگێک لە بارەی سیماکانی ئەم شارە ئەفسانەیییەوە، کە وێنەیەکی بچووکە لە ئەستەمبۆڵ، قسان بکات. هەڵبەت هاپۆش قسەی خۆی دەکات، لێ ئەو دوا کەسە بتوانێت لە مێشکی خۆیدا وێنەیەکی ڕوون دروست بکات، کە ئەو لە کەرکووک چی دەکات. هەرچی خزم و ئامۆزاکانی ئەوانی گواستیانەوە دۆڵی کفران، لە پێشیانەوە حەمەغەریبە گێل، پڕ دەداتە دەف و شیرەکەی، تا بەتەنێ ئەڵقەی زیکر بەهۆیەکەوە بێ یاخود بێ هۆ، دروست دەکات. بێگومان ئەو هەر نازانێ کەرکووک یاخود مووسڵ چین. ڕێک کەوتن تا خۆرئاوا لە شاردا بمێننەوە و سەردانی جاجی ئەمین بکەن، ڕۆستەم بەردەوام پێی لەسەر سەردانی کردنی برادەرەکەی ڕەمزی دادەگرت. سائیب، ئەو کوڕەی هێشتا نەیناسیوە، ڕەمزییش بەهەمان شێوە تامەزرۆی بینینی بوو، ئەو پڕوپاگەندانەی بەم دواییە بڵاو بوونەوە، دەربارەی ئەوانەی بە ئیتیحادچییەکان ناویان دەبرێن و دەیانەوێ سوڵتان بخەن، ڕێی لێ دەگرتن. بۆیە هەمیشە لە بەرامبەر ڕۆستەمدا پاساوی دەهێنایەوە، ئەم سەردانانە جێی مەترسین و دوور نییە ئاکامەکەی خراپ بێت. ڕەمزی کە پرسیاری ئەوەی لە هەندێ قوتابی لە بارەی دەوام نەکردنی

سائیبەوە کرد، هەندێکیان دەیانگوت لە خێزانێکی زەنگینە و پێویستی بە خوێندن نییە. هەندێکیشیان بە تەوسەوە دەیانگوت ئەو کەسێکی لەخۆباییە و دان بە خوێندنی ئێرەدا نانێت، بەڵکو دەیەوێت خوێندنەکەی لە ئەستەمبوڵ تەواو بکات. قوتابییەک کە زۆر لە سائیبەوە نزیک بوو بەخەمناکییەوە گوتی عەقڵی تەواو نییە، یەکێکی دییش گوتی ئەویش وەک براکەی خرایە بەندیخانەوە. ڕۆستەم لەم قسانەی دەبیستن و بە چاوی پرسیارەوە لە ڕووخساری حەپەساوی ڕەمزیی دەڕوانی، لاپرەسەنییەکەشی بەرامبەر بەم کەسە زیاتر دەبوو، کە بەر لەوەی ناوی شار ببیستێت ناوی ئەوی ژنەفتبوو، سائیب لای ئەو بووە پەنهانێکی ئاڵۆز، ورووژێنەر و سەرنجڕاکێش، گەیشتن بەو جێگەیەی مەترسی بوو. نانی نیوەڕۆیان لەو کەبابخانەیە خوارد، کە دوا جار لەگەڵ شێخۆ و کەریم و مەردان لێی دانیشتن. خاوەنی کەبابخانەکە پرسیاری خوێندنەوەکەی و کەسوکار و کشتوکاڵی لێکردن، وڵامیان داوە کە هەموو شتێک باشە، تەنیا ئەوە نەبێ کە باران نەبارین دیاردەیەکی ترسناکە. کابراش لەسەر قسەکە ڕۆیشت و گوتی، خەریکە نرخی دانەوێڵە بەرز دەبێتەوە. کابرا نەیدەویست پارەیان لێ وەربگرێت، بەحەنجەتی ئەوەی ئەمجارەیان میوانن لای، لێ ڕۆستەم بەهیچ شێوەیەک قەبووڵی نەکرد و گوتی، بەبۆنەی هەڵبژاردنییەوە بۆ خوێندن لە مووسڵ، برادەرەکەی داوەت کردووە. لە کۆتاییدا ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی چایەکە لەسەر حیسابی ئەو بێت. بەناو بازاڕدا پیاسەیان دەکرد و چاویان بە کۆگا و کوتاڵی هەمەجۆردا دەگێڕا و نرخەکانیان لەگەڵ دووکانەکانی دیدا بەراورد دەکرد. چوونە دووکانی جلدوورینی ئەفەندییەکانەوە. خاوەن دووکان کابرایەکی ڕێکپۆش بوو، قاتێکی مەیلەو ڕەشی لەبەردا بوو، بەسووکییەوە لێی دەنواڕین، چونکە وایزانی بەهەڵە هاتوونەتە دووکانەکەیەوە. کاتێک ڕەمزی پێی گوت پێویستیمان بە دوو قاتە، کابرا بەزمانی خۆ بەزلزانییەوە گوتی: وەکو دەبینن ئێمە تەنیا قاتی ئەوروپی دەدوورین نەک قاتی مەلایانە و باشبوزوغ.

ڕەمزی بە زمانێک بڕوابەخۆبوون و نەرمی تێدا بوو، گوتی:

– بەڵێ بینیمان، بۆیە هاتینە دووکانەکەتانەوە.

کابرا بە سەرسامییەوە پرسی: قات بۆ خۆتانە؟



– بێگومان بۆ خۆمانە.

– ئەتوانم بپرسم بۆ دەخوازن جلکی ئەفەندی لەبەر بکەن؟

ڕەمزی هەستی بە سەخڵەتی کرد، بێ ویستی خۆی ئاوڕێکی لە ڕۆستەم دایەوە و گوتی:

– ئێمە قوتابیی قوتابخانەی ئامادەیین، هەڵبژێردراوین لە مووسڵ بخوێنین، بۆیە دەمانەوێ بەدیمەنی قوتابیی قوتابخانەی باڵاوە دەربکەوین.

سیمای کابرا گۆڕا و بەڕوویەکی خۆش و بەڕێزەوە گوتی:

– یاخوا بەخێربێن، فەرموون جارێ دانیشن.

– زۆر سوپاس. دەمانەوێ تەنیا نرخەکان بزانین، هەروەها دوورینی قاتێک چەندی پێ دەچێت؟

– من ئەتوانم ئەو قاتەتان بۆ بدوورم، کە خۆتان ئەتانەوێت. بەڵام ناتوانن لە قوتابخانە لەبەری بکەن. چونکم ئەو قاتانەی لەوێ لەبەری ئەکەن، فەرمییە و ڕەنگی دیار کراوە و قوتابخانە بەخۆی بەسەرتاندا دابەشی دەکات.

بەسەرسووڕمانەوە لە یەکیان ڕوانی، ڕەمزی سەری لەقاند و گوتی:

– ببوورە بێزارمان کردی، سوپاس بۆ ئەو زانیارییانە، ڕاستییەکەی ئەمەمان نەدەزانی.

ڕۆستەم چاوی بەوێنە لە چوارچێوەگیراوەکانی قەد دیوارەکەدا گێڕا، وێنەی چەند زەلامێکی ڕێکپۆش بوون، قاتیان لەبەردا بوو و لە دۆخی جیاجیادا وەستابوون، خۆی هاتە بەرچاو یەکێک لەم قاتانەی لەبەردایە و فێستێکی بەلاری لە سەر ناوە، بەئاواییەکانی دۆڵی کفراندا دەسووڕایەوە، یاخود لە دیوەخانەکەی باپیرە زۆرابی دانیشتبوو، لە مێشکی خۆیدا ئەو نیشانە سەیرانەی دەهاتنە بەرچاو، کە بەڕووی داپیرە سنجان و ڕەمەزان و میرزاوە دەبینران... ئەمجاریان بە مەلا ڕۆستەمی گاز ناکەن، بەڵکو بە ڕۆستەمە فەندی. لە خەیاڵپڵاوکردنەکەی بەئاگا هاتەوە، دەمێ ڕەمزی خوداحافیزی لە کابرا کرد و ئەویش دای بەسەر شانیدا. کاتێک لە دەرەوەی دووکانەکە بوون، بەخۆیان پێکەنین چۆن لە خۆیانەوە چوونە ژوورەوە. بازاڕ جمەی

دەهات لە خەڵک و ولاخ و فریشقە و هەرا و زەنایەک بوو ئەوسەری دیار نەبوو. هاواری فرۆشیارەکان تێکەڵ بەدەنگی گەمەکەرانی دۆمینە و تاوڵی لە چایخانەکانی ئەمبەر و ئەوبەر جادەکە دەبوون. ڕۆستەم پێشنیازی کرد لە چایخانەیەک دانیشن، چایەک بخۆنەوە و پشوویەک بدەن. هێشتا نەچووبوونە هیچ چایخانەیەکەوە، چونکە قسە زۆر بوو لەسەر ئەوانەی هاتوچۆی چایخانە دەکەن. تەنیا هەندێک چایخانە نەبێت، هەندێک لە فەرمانبەران و بەساڵاچووان هاموشۆیان دەکرد و ناوبانگێکی باشیان پەیدا کردبوو. ڕەمزی بەخەیاڵیدا نەدەهات ڕۆژێک خۆی لە چایخانەدا ببینێتەوە، عانێ ڕۆستەم وای گوت، قسەکەی بەدڵ بوو بێ ئەوەی ترسەکەی بڕەوێتەوە.

ڕەمزی گوتی: دانیشتن لە چایخانە بۆ ئێمە قەدەغە نییە. مامۆستاکانمان ئەمە بەخوویەکی خراپ دادەنێن، لە چوونە شوێنی وادا هەمیشە ئاگادارمان دەکەنەوە.

ڕۆستەم لەو ڕۆژەدا لە مێشکی خۆیدا بڕیاری دوو شتی دابوون، کە هەر چۆنێک بێت ڕەمزی قایل بکات، یەکەم سەردانی سائیب بکەن و دووەمیش، لە چایخانەدا دانیشن و لە نزیکەوە چێژ لە بیستن و تەماشاکردنی گرامافۆن وەرگرن. بەتووڕەییەوە گوتی:

– ڕەمزی تۆ هەندێک جار وەک منداڵ ڕەفتار دەکەیت، ئێمە بووینەتە پیاو، دەمەوێ لە چایخانەیەکی ماقووڵ دانیشین و چایەک بخۆینەوە. هەروەها حەزم لێیە لە نزیکەوە ئامێری گرامافۆن ببینم.

لە قەرەباڵغییەکەدا دەستیان بەپیاسەکردن کردەوە، جارناجارێک لە بەردەم چایخانەکانی سەر شۆستەکە دەوەستان و دیقەتی ئەوانی ناو چایخانەکەیان دەدا، چۆن سەرقاڵی نێرگەلەکێشان و تاوڵی و دۆمینە و چا خواردنەوە بوون. ڕۆستەم لە بەرامبەر جامخانەی چایخانەیەک وێستا و گوتی:

– بۆ ئەم چایخانەیە چی دەڵێی؟

ڕەمزی پێکەنی و گوتی: خوا نەکا بچینە ئەم چایخانەیەوە. ئەوانی هاموشۆی دەکەن حەشیشەخۆر و هەتیوبازەکانن. یەڵڵا، دەچین بۆ گازینۆی شارەوانی. سائیب هەمیشە لەگەڵ هاوەڵەکانی لەوێ دادەنیشێت.



بەر لەوەی بگەنە ئەوێندەر، قەرەجێک لێیان پاڕایەوە تاوێک بووەستن و تەماشای یاری و جووڵەی مەیموونەکەی بکەن. مەیموونەکە لاسایی نوێژکەرانی دەکردەوە، کاتێ کڕنووشی بۆ سوجدە برد، تڕێکی بەر دا، تەماشاکەران لە تریقەی پێکەنینان دا، مەیموونەکە بازێکی دا و بەجووڵەیەک دوور لە ویستی خۆی بەشەرمەزارییەوە هات چاوی لە خەڵکەکە کرد. کاتێ قەرەجەکە ویستی بیگەڕێنێتەوە سەر نمایشکردنەکەی، نەگریسێک لێی نزیک بووەوە و جڕتێکی توندی بەدەموچاویا دا، مەیموونەکە ورووژا، تفێکی کردە دەموچاوی و چووکی بۆ دەرکرد. ئەمەش پێکەنینی خەڵکەکەی زیاتر کرد و بەدەستبڵاوییەوە پارەیان بەسەریدا باراند.

ئاوێنە و وێنەی سوڵتانە مێزەر گەورە لە سەرەکان، بەدیوارە تەختەییەکانی چایخانەکەوە هەڵواسرابوون، لەسەر تەختەکەی نزیک گرامافۆنەکە، کە ڕۆستەم بۆ یەکەم جار لە نزیکەوە بینی، دانیشت. شاگردەکە لێی پرسین داخۆ چای یاخود قاوە یا شەربەتی مێوژ دەخۆنەوە؟ داوای شەربەتی مێوژیان کرد. ڕۆستەم لە هەموو ژیانیدا دووجاران ئەم شەربەتەی خواردبووەوە، ئەمەش لەو دەرچوونە خێرایانەی بەناو شاردا دەیانکرد.

کاتێ دووەمین جار پاقلاوەیان لەگەڵ شەربەت خواردبوو، ئەوا ناوی ئەم شیرینییە بەتامە لای ڕۆستەم لەگەڵ شەربەتدا دەهات. بەبێ ئاگایی پرسی داخۆ پاقلاوەیان هەیە؟

شاگردەکە بەقەشمەرییەوە گوتی: ئەمە چایخانەیە، پاقلاوەخانە نییە.

ڕۆستەم پاش ئەوەی شاگردەکە ڕۆیی، ویستی بەسەر تەریقبوونەوەکەیدا زاڵ بێت، گوتی:

– بینیت؟ ئەگەر لەگەڵ سائیبی هاوەڵتدا لەم چایخانەیە دابنیشتمایا، بەدەست ئەم چایچییەوە تووشی سووکایەتی نەدەهاتین.

ڕەمزی بەکەمتەرخەمییەوە گوتی: ئیتر لەمەودوا بەردەوام ئەم شتانەت تووش دێن، مادام لە دۆڵی کفران نیت. گرنگ ئەوەیە ئەم شتانە بەهەند وەرنەگریت، ئەگینا دەبێ شار جێ بهێڵیت.

– دەمەوێ لە چایچییەکە بپرسم داخۆ دەکرێ گرامافۆنەکە ئیش پێ بکات؟

– دەترسێم جارێکی تریش ڕەزیل بکرێینەوە، ڕۆستەم.

– کەواتە بۆ لێرە دایان ناوە؟ وا لێی دەپرسم، تەڕ بوو لە باران دەترسێت؟

کاتێ شاگردەکە دوو پەرداخ شەربەتی بۆ هێنان، ڕۆستەم گوتی:

– ئەرێ برا دەکرێ ئەم گرامافۆنە بخەیتە گەڕ؟

شاگردەکە بەلۆترەوانییەوە گوتی: دیارە زەوقتان تەواوە، یا پاقلاوە یا مۆسیقا.. گرامافۆنەکە تەنیا خاوەن چایخانەکە بەخۆی لە ئێوارناندا پێی دەکات، ئەگەر شەیدای گۆرانین ئەوا شەو وەرن.

ڕۆستەم سەیرێکی ڕەمزیی کرد و بزەیەکی کرد، شەربەتەکەی هەڵقوڕاند و گوتی:

– لەسەرمان نووسراوە ئەمجار بێ پاقلاوە شەربەت بخۆینەوە و دوو جار بشۆڕێینەوە، با بزانین کەنگێ بۆ سێیەم جار ڕەزیل دەکرێین.

ڕەمزی ویستی پارەکە بدات، ڕۆستەم دەستی گرت و گوتی:

– پێم گوتی ئەمڕۆ لەسەر حیسابی من دەلەوەڕێیت، پێویست بەپێداگری ناکات.

هەینێ جارێکی دی ڕۆستەم بابەتی سەردانەکەی سائیبی نوێ کردەوە، ئەوکاتی بۆ لای حاجی ئەمین بەڕێوەبوون، ڕەمزی بەعادەتی خۆی ترسا. سەیری لە سروشتی ئەو ترسە متبووەی ناخی ڕەمزی هات، لە دڵەوە بیری لە چارەنووسی ئەو پێوەندییەیان دەکردەوە، قسەکانی باپیرەی لە بارەی چەمکی برادەرییەوە بیر هاتنەوە، کە برادەر ئەو کەسەیە لە تەنگانەدا لەگەڵتا بووەستێت و برادەریی دەبێ بەقوربانیدانەوە ببەسترێتەوە، ئەمە چ قوربانییەکە ڕەمزی دەیدات، کە هیچ لەو برادەرەی هەمیشە ناوی لەسەر زمانی بوو، ناپرسێتەوە؟ مەسەلەکە لای ڕۆستەم بووە مەسەلەی ڕەوشت و هەڵوێست، خۆ ئەگەر پێویست بکات ڕەمزی گوێی لێ نییە پشت لەویش بکات، بۆ نا، کوڕی جیهانگیر نییە؟ کە چەندین جار باپیرەی دەیگوت جگە لە بەرژەوەندیی خۆپەرستانەی خۆی بەولاوە هیچ ڕەوشتێکی نییە. ناگەهان زەوقی تێکچوو و هەستی بە دڵتەنگی کرد و هەموو ئەمانە بەڕوویەوە دیاربوون، ئیدی گوێی پێ نادا ڕەمزی چی دەڵێت.

ڕەمزی دەمودەست هەستی بەو گۆڕانە لە ناکاوەی سیمای ڕۆستەم کرد، دوای



قەیرێک لە بێدەنگی پرسی داخۆ بیری ماڵەوە دەکات؟ ڕۆستەم بە شڵەژانەوە گوتی:

– ڕەمزی، بەڕاستی پێم بڵێ، سائیب برادەری ڕاستەقینەت بوو، یاخود وەکو هاوپۆلێک کاریگەریی بەسەرتەوە هەبوو؟

– بێگومان، برادەری ڕاستەقینەم بوو.

– ئەگەر وایە ئەوا وەکو سادەترین بنەماکانی ڕەوشتبەرزی دەبێ پرسیاری بکەی.

– بەخۆت بینیت هەواڵیم لە هەمووان پرسی، من گوێم لێ نییە لە ماڵەوە سەری لێ بدەم، بەڵام دەترسم کەسوکاری پێیان ناخۆش بێت.

ڕۆستەم بەزمانێکی یەکلاکەرەوە گوتی:

– بزانە ڕەمزی، یەک شتت پێ دەڵێم. من چارەنووسی برادەریمان دەبەستمەوە بەهەڵوێستت بەرامبەر بە سائیب.

ڕەمزی بێ ئەوەی لە مەبەستی ڕۆستەم بگات، بە واق وڕمانەوە گوتی:

– چیتە ڕۆستەم؟ پێوەندیی سائیب بە برادەریی من و تۆوە چییە؟

ڕۆستەم بە تووڕەییەوە گوتی: ئەگەر تۆ پشت لەو برادەرە خۆشەویستەت بکەیت، گوێت لێ نییە پشت لەمنیش بکەیت:

– ڕۆستەم تۆ وابیر دەکەیتەوە وەک ئەوەی لە دیوەخانی کوێخا زۆرابی باپیرت دانیشتبی و مام ڕەمەزان و مام میرزاش بەدەورتەوە بن، ئێمە لێرە تا نووکە لەم شارە پڕ لە پەنهانەدا غەریبەین، ئەگەر فرێمان بدەنە بەندیخانەوە چی بکەین؟ بەر لەوەی هەواڵەکە بگاتە کەسوکارمان ئەوا پێستمان دەبەنە دەباغخانە.

– هەموو ئەمانە بەهانەی بێ سەروبەرن ڕەمزی. ئەی ئەوکاتی هاتوچۆت دەکردن بۆ نەیانگرتیت؟

ڕەمزی بە چاوقایمییەکەوە گوتی: باشە. ئەمڕۆ دەڕۆین. دوای ئەوەی سەرێک لە حاجی ئەمین دەدەین. چییە بێ با ببێ. من لە تۆ دەترسام بۆیە ناڕۆیشتم.

ڕۆستەم ئاهێکی پێدا هاتەوە و ڕووخۆشییەکەی بۆ گەڕاوە و هەستی بەسەرگەرمی و سەرکەوتن کرد. لە کاتێکدا ئاماژەی بەفرۆشیارێکی گەڕۆک کرد، گوتی: ئێستا کاتی پاقلاوە خواردنە.

ڕەمزی بە بەدییەکەوە سەری لەقاند:

– نا ڕۆستەم. پاقلاوە دوایی. ئێمە هەر هێندەی سڵاو لە حاجی ئەمین بکەین، شاگردەکەی دەنێرێت کەبابمان بۆ بێنێت. جا باشە بۆ گەدەی خۆمان لە بەرامبەر ئەم خواردنە خۆشە بێبەش بکەین؟

– باشە، با دوایی بێت.

دوای ئەوەی ژەمە کەبابێکی باشیان خوارد و چایان بەسەردا کرد و لەگەڵ حاجی ئەمین قسە و باسیان کرد، خواحافیزییان لێ کرد بەو نیازەی هەینیی داهاتووتر سەری لێ بدەنەوە، چونکە بڕیاری دا بەبۆنەی هەڵبژاردنی ڕۆستەم بۆ خوێندن لە مووسڵ نیوەڕۆکەی لە ماڵەوە داوەتیان بکات.

بە ئاقاری پردەکەدا ڕۆیشتن، تا بپەڕێنەوە ئەوبەرەوە و لە گەڕەکی ساری کەهیە سەردانی سائیب لە ماڵەکەی خۆیدا بکەن. ڕۆستەم جگە لەوەی زۆری دڵ بە دیتنی ڕاستەوخۆی ماڵی ناو شاردا دەکەوت، ئەم سەردانەشی پێ پڕ لە پەنهان و شتی نوێ بوو.



## ٢٠

سەرەڕای پێشبینییەکەی براحەق بە دواکەوتنی باران، ترس و بێ ئومێدییەکی گەورە نەک تەنیا لە گوندەکەی زۆراب، بەڵکو بەسەر هەموو ناوچەکەدا تەشەنەیان کرد، دەروێشەکانی تەکیەی بەرزنجە لە حەڵقەی حاڵ و زیکردا شەو و ڕۆژ لە خودا دەپاڕانەوە، کە دەرگای ئاسمانیان بۆ بکاتەوە و زەوییە تینووەکانی بەباران ئاوڕشێن بکات. کۆمەڵی دوعاخوێنان تەپڵ و دەفیان لێ دەدا و لە هەموو گوندەکان دەرگای ماڵانیان دەکوتی. لە ناوەندی سەنجەق زیاد لە کۆمەڵێک پێکهات. لە گوندی زۆراب هەریەک لە کەریم و براکەی میرزا و مەردان حەڵقەی زیکریان پێک هێنا. ساباتێکیان دروست کرد و کردیان بە تەکیەیەکی هاکەزایی، لە خوا دەپاڕانەوە ڕێ بە باران بدات ببارێت. کاتێ کەس بەئاگایانەوە نەهات، مەردان بڕیاری دا خۆی بکات بە بووکەبەبارانە. جلی لەبەر کرد و بە هیسی بن مەنجەڵ دەموچاویان ڕەش کرد، پاشان ئاردیان پێیداپژاند، چەند زەنگێکیش کە لە ملی مەڕەکانیان کردبوونەوە بە جلەکانییەوە بەستیان. بەدەستێکی ئەسکوێیەکی گەورەی تەختەی هەڵگرت و بەدەستەکەی دییشی دەفێک. لە تەکیەکەوە بەگۆرانی گوتن دەرچوون و مەردانیش بە هەڵقوند هەڵقوندەوە سەمای دەکرد:

هەیاران و مەیاران
یاخوا داکاتە باران
بۆ فەقیر و هەژاران

هەندەی نەبرد چی کوڕوکاڵ و منداڵی ئاواییەکە بوو بەڵخۆشییەوە دەیانوتەوە. ئافرەتانیش قاپوقاچاغی پڕ لە ئاویان ئامادە دەکرد، تا بەسەریاندا بیڕژێن. ئەودەمی بەتەنیشت چادرەکەی سەیدا تێپەڕین، دەستی بۆ ئاسمان بەرز کردەوە و هاواری کرد: الله أکبر، الله أکبر. شەمسەی ژنیشی بە بیسمیللاکردنەوە دەرچوو و ئاوی بەسەرداکردن، کاتێکیش بە بەردەم ڕەشماڵەکەی میرزادا تێپەڕین، کوێخا زۆراب و ڕەمەزان تاوێک بەدیمەنی مەردان پێکەنین. کەریم و حەمەغەریبیش ئەملا و

ئەملایان گرتبوو، ئافرەتەکان ئاویان بەسەردا دەکردن و زیاتر دەیانویست بەسەر مەردانیدا بکەن، کە شڵپەی ئاوی دەهات. فاتمە ئەمەی بە هەل زانی و مەنجەڵە ئاوەکەی بەسەر کەریمدا کرد و بە دەنگی بڵند گوتی:

– لەو چاوە جوانانەت بارانم دەوێت.

کەژاوەکە بەرەبەرە زۆر بوو و کوڕگەلی ئاوایی زۆرابی بە هەر سێ بەشەکەیەوە گرتەخۆ، یاخود گەڕەکەکانی بەپێی ناوە تازەکانیان. کە لە مانگەکانی ئیشکردنی زۆردا بڵاو بووەوە: گەڕەکی بنعیز و گەڕەکی شێخۆ بەگ و گەڕەکی میرزا.

بڕیاریان دا لە پاڕانەوە و جوولانەوەی ڕۆژانەی بە کۆمەڵ نەوەستن، تا یەکەم پشکی باران دەبارێت. ڕۆژانە تیروپشکیان دەکرد و هەر ڕۆژەی زەلامێک ڕۆڵی بووکەبەبارانەی دەبینی. ڕۆژێکیان کوێخا زۆراب پێشنیازی کرد با ڕۆڵەکە بدەنە کوڕە منداڵەکان، چونکە فریشتەی هەور باشتر و زووتر داوای ئەو منداڵە پاک و بێگەردانە وەڵام دەداتەوە، وەک لە داوای گەورەکان، کە بە گوناح لەوتێنراون.

لە کۆڵانەکانی سەنجەق زیاد لە کۆمەڵێک دەرچوون، یەکێ لە کەژاوەکان بە تورکمانی دەیانوتەوە:

الله بر یاغیش أیله

دام دواری یاش أیله

عمیم ئوغلی کیجندە

قوندراسن یاش أیله[٧]

پاڕانەوەی بە گۆرانییەوەی تێکەڵ بە خەم و خۆشی و نائومێدی و دڵخۆشی، بەرەو ناخی ئاسمان بەرز دەبووەوە، دەگەیشتە پەڵەهەورە کرکەوتووەکانی ئێرە و ئەوێ، لەبری کۆ و چڕ ببنەوە، بڵاوەیان لێ دەکرد و پرژ و بڵاو دەبوونەوە و نەدەمان. سەرما و سۆڵە لەپڕ بەدەرکەوت، زۆربەی ئەوانەی ڕۆڵی بووکەبەبارانەیان بینیبوو نەخۆش کەوتن. خەڵکی بێزاربوون لە بەشداربوون لەو بە کۆمەڵ سووڕانەوەیەی بووە

(٧) (خودایە بارانێ ببارێنە، سەربان و دیوارەکان تەڕ بکە، کاتێک کوڕە مامم تێ دەپەڕی، پێڵاوەکانی تەڕ بکە.) (وەرگێڕ).



ڕابواردنێکی ڕۆژانەی منداڵان. سەرەڕای نوێژی باران لە مزگەوتەکاندا، ئاسمان لەسەر قرچۆکی لە باران باریندا مکوڕ بوو. قسەوباسی سەرەکی لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا باران نەبارین و ئاکامەکانی بوون. لەگەڵ سەرما و سۆڵە و کشانەوەی خەڵک بۆ ناو ماڵەکانیان، کە بەدەوری ئاگردانەکانیانەوە ڕامابوون، سەرهاتی گرانی و برسییەتی کە دەماودەم لە باووباپیرانەوە بۆیان مابووەوە، بووبووە سەرتۆپی باسەکانی شەوانی زستان. تەنانەت لە دۆڵی کفرانی شاخاوییشدا، کە بەردەوام بەڕێکی بارانی لێ دەباری، تاقە دڵۆپێک چییە نەباری.

کوێخا زۆراب و شێخۆ بەشێوەیەک هەراسان بووبوون، پێشتر شتی وایان نەبینیبوو. هەرچەندە جیهانگیر بەخۆی سەردانیکردن و ئەرخاینیکردن، کە دەتوانێ تا دوو ساڵان لە دوای یەک گەنم و جۆیان بداتێ، کەچی ئەوان بەوپەڕی خەم و پەژارەوە بیریان لە دوارۆژی هۆزەکەیان دەکردەوە و پلانی ئەوەیان دادەڕشت ئەگەر باران نەبارێت چی بکەن؟ قاتوقڕیی بێ بەزەیی ڕووی تێکردن.

لە بەرامبەر ئاگردانەکەی ژێر ساباتی دیوەخانەکەدا، کە لەگەڵ ماڵە گەورەکەدا بنیات نرابوو، ئەو ماڵە کرابوو بە دوو بەشی سەرەکییەوە، هەر بەشە و دوو ژووری تێدابوون، کە دەیانڕوانییە سەر حەوشەکە، بەشێکیان هی کوێخا زۆراب و ئەوی دیشیان هی شێخۆیە. وەستا حوسێن سەرپەرشتیی کرد و کردیە بچووککراوەی لەندەرونی کۆشکەکەی شێخ بابا.

دوای ئەوەی لە بانگرتنی خانوو و کوختەکان بوونەوە، سێ گەڕەک تەواوبوون و سەرماش زیادی کرد، بوونە خاوەنی سێ دیوەخان، دیوەخانی کوێخا زۆراب و دیوەخانی میرزا و دیوەخانی هاپۆ، لێ سەرەکییەکەیان دیوەخانەکەی کوێخا زۆراب بوو و زۆرترین خەڵکی گوندی لەخۆ دەگرت، بەردەوام چای و قاوەی تێدا پێشکەش دەکران. دیوەخانەکە لە کوێخا زۆراب و شێخۆ و ڕەمەزان پێک دەهات، کەپرۆکەیەکیان بۆ کردبوو و کردبوویان بە دوو بەشەوە، مەردانیش لە قوللەی چاودێرییەکەی بان دەروازەکە نیشتەجێ بوو.

کەریم چونکە گەڕۆک بوو و لە نێوان شاخ و دەشتەکەدا دەهات و دەچوو، هەرکە دەگەیشتە گوند دەچووە ماڵی باوکی و ئەسپەکەشی لەوێ جێ دەهێشت، دوای

ئەوەی پشوویەکی دەدا و نانی دەخوارد، سەری لە دیوەخانەکانی میرزا و هاپۆ دەدا و لە دوا دیوەخاندا کە دیوەخانی هاپۆ بوو خۆی دەکردەوە و دەمایەوە.

دوای ئەوەی کەریم بە شێوە زمانی بنعیز هاپۆی دەدواند، هۆگری بووبوو و داوای دەکرد لای بمێنێتەوە. کاتێک سنجان و ژنەکەی ڕەمەزان لە ئیشی دەبوونەوە، دەچوونە دیوەخانی پیاوان و هەندێک دادەنیشتن، پاشان دەگەڕانەوە مەجلیسی تایبەتی خۆیان، کە پێک هاتبوو لە ژنەکەی شێخۆ و فاتمە و چەند ژنێکی گوند. هەرچی سەید بوو ئەوا بە خەدێی خۆی هاموشۆی هەر سێ دیوەخانەکی دەکرد، لێ زۆربەی کاتی لای کوێخا زۆراب دەبردە سەر. لە سەرەتادا هاپۆ بیری لە مەجلیسی تایبەت بەخۆی نەکردەوە، لێ لەسەر پێداگریی ژنەکەی، کە لەگەڵ کەریم ڕێک کەوتبوو دەبێ دیوەخانێکیان هەبێ، ئەگینا یەکتر بینینیان ئەستەم دەبێت، دیوەخانێکی بنیات نا.

کوێخا زۆراب و شێخۆ چاوەڕوانی هاتنی ڕەمەزان و مەردانیان دەکرد، تا پێکەوە نانی شیوان بخۆن. چونکە لەو دەمەوەی لە ماڵە تازەکەیان دانیشتن، نانیان پێکەوە دەخوارد، لە سەرەتادا مەردان نەیدەویست لەگەڵیاندا نان بخوات، بەو هەنجەتەی ئەو لە خزمەتکارێکی گوێڕایەڵ زیاتر هیچی دی نییە و نابێت لە بەرامبەر گەورەکەیدا نان بخوات. لێ ئەوان دڵنیایان کردەوە ئەو وەکو ئەوانە و جیاوازیی نییە و خۆی خاوەن ماڵە و لەو باران نەبارینەش بەشداری خەمیانە.

کوێخا زۆراب هەمیشە دەیگوت خوا غەزەبی لێ گرتوون و هۆیەکەشی ئەو فەرمانە نەعلەتییەیە، کە دەبوو لە سەرەتاوە وەری نەگرێت. بێ ئومێدی و ترس لە چارەنووسی هۆزەکەی، وایان لێ کردبوو چەندین جار بیر لەوە بکاتەوە فەرمانەکە بۆ خاوەنی خۆی بگەڕێنێتەوە و بگەڕێتەوە دۆڵی کفرانی شاخاوی. بۆ یەکەمین جار ئەم باسەی کە شەو و ڕۆژ گێنگڵی دەدا، بۆ شێخۆی کوڕی باس کرد. لەودەمی پشکۆکانی دەگەشاندەوە و بە چیلکەیەک ئەمدیو و ئەودیوی دەکردن، گوتی: ئێستا هەر خۆمانین شێخۆ، دەمەوێ بەڕاستی پێت بڵێم، بۆ یەکەم جار لە ژیانمدا هەست بەترسێکی ڕاستەقینە دەکەم و دڵم بۆ چارەنووسی هۆزەکەمان دەگووشرێت، تۆ نازانی برسێتی چی دەگەیەنێت. هەرچی زێڕ و گەنم و جۆمان هەبوو دامان بەو



تفەنگانەی لە کاتی برسێتیدا نانێک ناکەن. خوا غەزەبی لێ گرتووین، دەبێ شتێک بکەین لێمان ڕازی بێت.

– دەتەوێ چی بکەین؟

زۆراب فەروەکەی لەسەر شانی توند کرد و گوتی:

– وا بزانم هۆی ئەم هەموو بەڵایە ئەو فەرمانە نەعلەتییەیە. بۆیە وای بە باش دەزانم باشترین ڕێگە بۆ بڕواهێنانی خودا بە ئێمە و دامرکاندنەوەی تووڕەییەکەی، دانەوەیەتی بە حکوومەت و گەڕانەوەمانە بۆ بانشاخ.

شێخۆ قسەکانی باوکی بەهەند وەرنەگرت، هەستی کرد لە ئەنجامی ئەو کارە بەردەوامەی لە بنیاتنانی گوند و زۆر جووڵانەوەی و سەردانە بەردەوامەکانی بۆ لای شێخ بابا لە لایەکەوە، چوونیشی بۆ دۆڵی کفرانی شاخاوی لە لایەکی دییەوە، شەکەتی کردووە و ئەمەش زۆرە بۆ ئەو، ئەو لەسەر ژیانی ئاسوودە و بێدەنگ ڕاهاتووە، هەوڵی دا دڵنیای بکاتەوە و دڵەڕاوکێکەی بڕەوێنێتەوە. زەردەخەنەیەکی پڕ لە بڕوابەخۆبوون گرتییەوە و گوتی:

– باوە، حاڵمان وەک حاڵی عالەم. ئەگەر خوا برسێتی دابەزێنێت، ئەوا بەتەنیا بەسەر ئێمەیدا دانابەزێنێت، هەمووان دەگرێتەوە، شینیش لەگەڵ خەڵکیدا شایییە. بەخۆت دەزانیت سێ ساڵە ئەم دەڤەرە بەدەست قاتوقڕییەوە دەناڵێنێت، بەخوا کەسیش لە برساندا نەمردووە. خوا چۆنی خەڵق کردووین ئاواش ڕزقمان دابین دەکات.

زۆراب ویستی شتێک بڵێت، لێ هاتنی ڕەمەزان و مەردان بیرکردنەوەیان بەرەو لایەکی دی برد. پرسی: ئەرێ مەردان لە قوڵلەکەتەوە باش دیقەتی ئاسمانت دا؟

مەردان بە گەشبینی و ڕوویەکی خۆشەوە وڵامی داوە:

– وا بزانم سبەینێ تێر گۆشت دەبین، دەبێت لە ئێستاوە کاوڕەکە حازر بکەین.

بەر لەوەی قسەکەی تەواو بکات، ڕەمەزان بەچاوی ڕەخنەوە لێی ڕوانی، هێشتا بەپێوە وەستابوو، بەقەشمەری پێکردنەوە گوتی:

– یا ئەڵڵا، یا ستار، پێمان ناڵێی بۆ کاوڕ ئامادە بکەین؟

– بۆنی بارانم کرد، هەروەها چاودێریی جووڵەی بام کرد، بای باکوورە. دەتوانم گرەوتان لەگەڵدا بکەم، وا ئێستا خەریکە باران لە دۆڵی کفرانی شاخاوی دەبارێت.

ڕەمەزان وەستابوو، سێبەری پلیتەی چراکەی بەدیوارەکەی تەنیشتەوە هەڵواسرابوو، دەکەوتە سەر دەموچاوی، کە سەرسووڕمانی پێوە دیار بوو. هەرچی زۆراب و شێخۆ بوون بێ ویستی خۆیان لە جێیەکەیان هەڵبەزینەوە، ڕوویان لە دەرەوەی دیوەخان کرد، ڕەمەزان و مەردانیش بە دوویدا. دوای ئەوەی کوێخا زۆراب قەیرێ وەستا، هەوای شێداری باکووری پڕ بە سییەکانی هەڵمژی، ڕای کردە لای قاڵدرمەی قوڵلەکە و بە پەلە سەرکەوت، ئەو سیانەی دییش بەدوایەوە، لەوێوە بە چواردەورا دەیانڕوانی.

زەردەپەڕە ئەرخەوانییە کزەکە لە ئاسۆی ڕۆژئاواوە لە بەرامبەر سوپای تاریکیدا بەزی، هەرچی ئاسۆی ژووروو بوو ڕەش هەڵگەڕابوو و لە تاریکییەکی ئەنگوستەچاودا نوقوم بووبوو. بایەکی شێداری هەستپێکراوی لێوە دەهات. زۆراب دەستی بە ڕووی بایەکەدا کردەوە چون شتێک بپێوێ، بە دەنگێکی پڕ لە بڕوابەخۆبوونەوە وتی:

– ڕاستت کرد مەردان، وا باران لە دۆڵی کفران دەبارێت، حەتمەن ئەمشەو دەمانگاتێ.

بە تامەوە خواردنەکەیان دەخوارد، بڕیاریان دا تا نەبارێت تەقە بە ئاسماندا نەکەن، دەبێ زۆر ئاگادار بن، تاکو ببنە یەکەم کەس و لە ناکاوڕا بە یەکەم گوللە هەواڵ بە گوندەکە بدەن. لە دوای هێلکە و ڕۆن و نانی گەرم و تەڕەپیاز، چای هێند بە تام دەبێت هیچی ناگاتێ. پشتێنەکانیان لێ شل کردەوە و هەلاژان، تا لەسەر شتێک دەست بە قسان بکەن، دوور بێت لە برسێتی و ماڵوێرانییەکان. ڕەمەزان بە زمانێکی بێ ئومێدانەوە گوتی:

– من هەوڵدەدەم قەناعەت بە قسەکانتان بێنم، وەلێ ئەگەر باران بەچاوی خۆم نەبینم... بەر لەوەی قسەکەی تەواو بکات زرمەیەک بێدەنگیی گوندەکەی شەق کرد، مەردان لە دوای ئەوە گوتی: ئەم فیشەکە لە یەکتیرەکەی حەمەغەریبەوە بوو.

بەرەو قاپییەکە ملیان نا، باران بەخوڕ دەباری. تەقەکانیان تێکەڵ بە ویزەی ئەو



گوللانە دەبوون، کە لە هەموو لاوە دەهاتن. تەماشای بارانەکەیان دەکرد، هێندەی نەبرد جۆگەلەی پێک هێنا و چاڵی دروست کرد، لێزمە بارانەکانیان دەکرد بە بڵقی گەورە و هێندەی نابرد لە شوێنی خۆیان دەتەقین، یاخود چاڵێکیان دەدۆزییەوە بەر لەوەی بتەقن تیایدا دەمانەوە، کوێخا زۆراب بە پەسندبوونەوە گوتی: کڵاولەسەرەیە.

ڕەمەزانیش بە کەیفخۆشییەوە گوتی: پەڵەیە.

شێخۆش گوتی: بە توانجەکانمان غەدرمان لە براحەق کرد.

ڕەمەزان لە کاتێکدا واق وڕمان بە ڕوویەوە دیار بوو، سەری لەقاند و گوتی:

– بەڵێ، سەلماندی سیحربازە و لە غەیب دەزانێت.

بەر لەوەی لە دیوەخان هەر کەس لە شوێنی خۆی دابنیشێت، گوێیان لە دەنگی سەید بوو تاریکییە ئەنگوستەچاوەکەی دەبڕی: الله أكبر، الله أكبر، خير و بركە.

پاشان لە پێشیاندا وەکو تارمایی بەدەرکەوت، جەواڵێکی دابوو بە سەریا و جەواڵەکە تا قاچەکانی هاتبوو، مەجلیسەکە بە هاتنی هەر یەک لە میرزا و حەمەغەریب و هاپۆ و ئەوانی لەگەڵیاندابوون تەواو بوو، سەر و جەواڵێکیان بەسەریاندا دابوو، دەتگوت تارمایین و لە دنیایەکی ترەوە هاتوون. دەمێ پەڵەهەورە ئاوسەکان لە ئاسۆگەی باکوورەوە لە بان جەوەڵ قاجر و مازووخ کۆ بوونەوە، ڕۆژەکە بەرەو ئاوابوون ملی دەنا. کەریم لە دیوەخانەکەی باوکی لە بانشاخ لەگەڵ هەر یەک لە قادر و عەباس دانیشتبوو، کە تا نووکە خەمیان بۆ سەفەری ڕۆستەم بۆ خوێندن لە شار دەخوارد. کەریم دڵنیای کردنەوە، کە ڕۆژێک بەسەردان دەیانبات بۆ لای، لەم شەوەی موژدەی باران بارینی پێیە، دەبێ بۆ گوندی زۆراب بچێت، زۆریان لێ کرد هیچ نەبێ بهێڵێت بۆ سەردانی باپیرە زۆراب بڕۆن، ڕازی نەبوو، بەو بەهانەیەی کە بەرپرسیارێتییەکی زۆریان بەرامبەر بە ماڵ و هۆز لەسەرە و با بزانن منداڵ نین و گەورەبوونە، باشترین نموونەش ئەوەیە لە شوانکارەیی لێیان خۆشبوونە و کارێکیان پێ سپاردوون بە پیاو نەبێ ناکرێت. ئەرخاینیشیکردنەوە لە شەوێک زیاتر لەوێ نامێنێتەوە و سبەی ئێوارێ ئەم کاتە لەگەڵیاندا دەبێت.

هەندە لە نێوان هەردوو کفرانەکەدا هاموشۆی دەکرد، ئەسپەکەی بەڵەدی ڕێگاکە بووبوو، بە غەریزە دەیزانی، بێ ئەوەی خاوەنەکەی چرکەی لەگەڵدا بکات.

ساقۆ لبادە کڵاودارەکەی و شەرواڵە خورییەکەی لەبەرکردن و خۆی هەڵدایە سەر پشتی ئەسپەکەی و وەکو تیر لەگەڵ ڕەشەباکە پێشبڕکێی دەکرد، دەتگوت دەخوازێت بەمە تۆڵەی ڕۆژانی درێژی پشوو بکاتەوە، کە پەکی جووڵەکردنی خستبوو. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پەڵەهەورانەی لە باکوورەوە دەهاتن خێراتربوون. لە نزیک ئاواییەکەی زۆراب، بە ماوەیەکی کەم بەر لەوەی بیگاتێ باران هەڵی کرد. جڵەوی ئەسپەکەی شل کرد و لەسەرخۆ کەوتە نەرمەغاز، بە بۆنی باران کە دەوروبەرەکەی گرتبۆوە بووژایەوە، کەریم وازی ئامێزگرتنی فاتمە دای گرتبوو. کە دەنگی تەقەکانی ژنە فت، بە حەسرەتەوە ئاهێکی هەڵکێشا و زانی باران تەڕی کردووە.

هەرکە گەیشتە ئاوایی، سووڕێکی بەدەوریدا خوارد و ڕووی ئەسپەکەی بەرەو ماڵی هاپۆ وەرچەرخاند. ئەسپەکەی لە پشتیری کەراندا بەستەوە، لە بان دیوارە نزمەکەوە بازی دا. سەگەکە جارێک وەڕی، کە ناسییەوە لە خۆشی هاتنەکەی بۆی کەوتە کلکە لەقێ، وا ڕێک کەوتبوون جارێک بە ئاسپایی بەدیوارەکەدا بکێشێت، لەو شوێنەی فاتمە لەودیو دیوارەکەوەیە. لە تاریکیی دیوەخانەکە تێگەیشت زەلامەکان بۆ دیوەخانەکەی باوکی چوونە، ترسا فاتمەش ڕۆیشتبێ بۆ لای سنجان و ڕەنج بەخەسار بێ، بیری لە شێوازێک کردەوە بە مسۆگەری بگاتە لای. لێ تروسکاییەکی لە درزی دەرگادارەکەوە بینی. لە دەرگاکە نزیک بووەوە و بە هێواشی و بە هێوری لە کونی دەرگاکەوە بینی وا بەتەنێ دانیشتووە و جلەکانی پینە دەکات. لە دەرگای دا و چرپاندی: فاتمە.

لە جێی خۆی وەکو پشیلە دەمودەست ڕاپەڕی. بەر لەوەی دەرگاکە بکاتەوە، ئەم فەرەنجییەکەی لەبەری داکەند و فڕێی دایە لایەکەوە، باوەشیان لەیەک دا.

لەو کاتی بە لچکی جەمەدانییەکەی دەموچاوی تەڕی دەسڕی، گوتی: ترسام لە ماڵ نەتبینمەوە.

– پێش پای تۆ بەنەختێک وێڕای باران بارینەکە بۆ دیوەخانەکەی باوکت چوون. هەڵبەت تا درەنگانێک لەوێی بەسەر دەبەن، یاخود شەوێ لەوێ دەمێننەوە.

لەودەمەی ملی ماچ دەکرد و هەڵاوی گەرمی هەناسەی ئاگری تێ بەردەدا، گوتی:

– فاتمە، پێڵووەکانم خەویان لێ تاراوە، خەریکە بۆت شێت دەبم.



– ئەی من؟ چەند جارێک خەریک بوو ئاگر لە ماڵ بەردەم، من شەو و ڕۆژ جگە لە وێنەی تۆ لە بەرچاوم هیچ نابینم. با ئاگرەکە نوێ بکەمەوە نەکو نەخۆش بکەویت، نان و چایشت بۆ ئامادە دەکەم، دوای ئەوە چیت دەوێ لەگەڵما بیکە.

بۆ ئەو کونجەی بەرامبەر ئاگردانەکە، کە لبادەکەی لێ ڕاخرابوو بەکێشی کرد و گوتی:

– نا، یەکەمین جار تۆ دەتوانی چیتە وێ لەگەڵما بیکەی، پاشان شتەکانی دی ئامادە بکە.

لە ژێر ڕووناکیی ئەو چرا نزیکەی بە دیوارەکەوە هەڵواسرابوو، چاوەکانی بە حەزێکی شێتانەوە دەبریسکانەوە و بە شەوق و ئالوودەییەوە لە چاوەکانی ئەوی بڕیبوون. بە ئاسپایی پەنجەکانی بە دەموچاویدا هێنان، لە جاران جوانتر و قەشەنگتر دەهاتە بەرچاو، پاشان مەمکەکانی بەرەڵاکردن، کە لە جاران پڕتر و قیتتر بوون، تاوێکی ماچ دەکرد و تاوێکی دییش دەموچاوی لە نێوانیاندا دەشاردنەوە، تا لە بان سکی جێگیر بوو، ئەویش هەستی بە گرێکی بەتینی ناوگەڵی کرد، لەسەر پشت لێی کەوت و لە ناوقەدەوە بە توندی بەخۆیەوەی گرت، هەرچی ئەو بوو لینگی بەرز کردەوە و خستییە سەر شانی، هەستی پێ کرد خەریکە لە ژێریدا دەسووتێت، چون یەکەم جاری بێت لەگەڵ پیاودا بنوێت. کاتێک ئاگری ناو دەمارەکانی کوژاندەوە، لە شوێن خۆی کپ بۆوە و بە توندی دەستەکانی گووشی. برۆی ڕەش و چاوەکانی ماچکردن، دەمێ لێوی لەسەر لێوە توندەکانی هەڵگرتن، پێی گوت:

– فاتمە، دەڵێی لە جاران جوانتر بوویتە، چییە ناکا زگت هەبێ؟

زەردەخەنەی خۆشی ڕووی گرتبۆوە، بە دەنگێکی گەرم گوتی:

– بەڵێ، دەترسیت؟ ئەمە گرفتی منە و هەرگیز دڵگران مەبە.

هەستی کرد ئەو موڵکێتی، شتێکی سەیر دای گرت، باوەشی لێ دا و گوتی:

– فاتمە گیان پێویستم پێتە، ناتوانم بێ تۆ بژیم، دەبێ شتێک بکەم.

لە شوێنی خۆی هەستا و بە دڵی شکاوەوە گوتی: هێندە بەسە دەتبینم و جار نا جارێک پێک دەگەین، مادام ئەم بارگیرە لە ژیاندایە تۆ هیچت پێ ناکرێت.

– لەو ماوەیەدا هیچ لەگەڵتا خەوت؟

دوای ئەوەی هەندێک دڕکی لە گۆشەکەی تر هێنا، کە دیوارێکی بۆ کرابوو، گوتی:

– لە هەموو ژیانیدا یەک جارم لەگەڵدا خەوتووە، ئەویش بە زۆر و لە شەوی بووکێنیدا بوو، بەر لە ساڵێک... یەکەمین پیاو لە ژیانمدا تۆی.

ئەم قسەیە هەژاندی و تێکی دا، گوتی:

– دەزانیت فاتمە ئێمە ئێستا لە بەرامبەر بەڵایەکی گەورە داین؟

ئەو لە بەرامبەر کوانووەکەدا بوو، کە بریتی بوو لە چاڵێک لە ناوەڕاستی هۆدەکەدا و بە چەند بەردێک دەورە درابوو، دوای ئەوەی فاتمە هەندێک دڕکی فڕێدایە ناوییەوە، خەریک بوو بڵێسەی ئاگرەکە بەرزتر دەبووەوە و ڕووناکی و گەرمیی بەناویدا پەخش دەکردەوە.

زەویی دەوروبەر ئاگردانەکە بە حەسیر و گڵێم و لباد ڕاخرابوو. ئۆدەکە لە دوو بەش پێک هاتبوو، بەشێکی دەکەوتە لای ڕاستەوە، ئەمیش لە سێ گۆشەی جیا جیا بە هۆی دیواری نزم نزمەوە، کە فاتمە بە خۆی دروستی کردبوو، لێک جودا دەکرانەوە. زەخیرەی وەکو ساوەر و کەشک و ترخێنە و دار و دڕک و قشپل و تەپاڵەیان تێدا دانرابوون. هەروەها کەندوویەکی پڕ لە ئارد باڵازەلامێک نزمتر بوو لە گۆشەیەکەوە دانرابوو. ئاردی تێ کرابوو. کاتێک بیانویستبا ئاردی لێ دەربهێنن، کونێکی هێندەی لەپی دەستێکدا تێدا بوو، لەوێوە دەریان دەهێنا، لای چەپی کەندووەکە سندووقێکی لاکێشەیی لە قوڕ دروستکراوی سەر دانەپۆشراو، کرابوو بە هیزەڕۆن.

فاتمە بەگورجی لە نێوان ئەم دوو بەشەدا دەهات و دەچوو، ئەویش بە سەرنجە خەماوییەکانی تەماشای جووڵە شۆخ و شەنگەکەی دەکرد. قاپەکەی لە بەردەمی دانا و بەبزەیەکی فریودەرانەوە گوتی: مەبەستت لە بەڵای گەورە چییە؟ پێم نەگوتی ئەمە کێشەی خۆمە؟

بەتوندی بەرپەرچی داوە: نەخێر، تەنیا کێشەی تۆ نییە، گرفتی هەردووکمانە، من ناتوانم دەستەوستان بەرامبەر بەم بارگیرە لێت بگەڕێم، لەوانەیە کەرایەتییەک بکا و تۆ ببیتە قوربانی.



– ئەو زۆر لەوە ترسنۆکترە کەرایەتیی وا بکات، پاشان ئەو ناتوانێ لە بەرامبەر خەڵکی حاشای لێ بکات، کە باوکی کۆرپەکە نییە، چونکە ئەو هەمیشە وا خۆی نیشان دەدات پیاوی ناو پیاوانە و هەرامەیەکی زلی پێوەیە ژنە گەنجەکەی پێ تێر دەکات. هەڵبەت ئەو دڵی بەو منداڵە زۆر خۆش دەبێت و دەیکاتە ئامرازێک بۆ پیاوەتی و فشەفشکردن.

کەریم چووە ناو بیرکردنەوەیەکی قووڵەوە، زنجیرەیەک بیرۆکە بەخێرایی بە مێشکیدا تێپەڕین. مەترسییەک بەتوندی لە دەرگای دڵی دا و ئاگاداری کردەوە، لە بەرامبەر ساتێکی سەخڵەت و یەکلاکەرەوەدایە، دوور نییە بۆ یەکجاری فاتمە لە دەست بدات، هێشتاش بەبەریەوە ماوە بەخۆیدا بگات.

فاتمە لە خورما و ڕۆنەکە بووەوە و کتلییە ڕەشەکەی لەسەر ئاگر نا، بەتەنیشتییەوە دانیشت، دەستی خستە سەر قاچی و گوتی:

– دەی نان بخۆ و بیر لە شتێ مەکەرەوە، کە شایانی بیرکردنەوە نەبێت. لە من مەترسە، دەتوانم بەرگری لە خۆم بکەم، تەنانەت فێری تفەنگ تەقاندنیش بوومە، دەی دەست پێ بکە و دڵم بریندار مەکە.

– فاتمە گیان ئەوی بیری لێ دەکەمەوە ئەوەیە ڕێگەیەک بدۆزمەوە بە شەرعی و دوور لە ئابڕووچوون و بێ عەقڵی بتخوازم. پێم گوتی من ئیتر ناتوانم بێ تۆ بژیم، بەڕاستی پێویستم پێتە.

باوشی لێ دا و سەری خستە سەر شانی، بێ ئەوەی هەست بە فرمێسکی چاوانی بکات، دڵۆپ دڵۆپ دەوەرین، بەکزییەوە گوتی: هێشتا خەونم بەشتی واوە نەبینیوە. خەونێکە هەرگیز نایەتەدی، کەریمی کوێخا زۆرابی سەرەک هۆزی دۆڵی کفران ژنە تەلاقدراوەکەی هاپۆ بخوازێت؟

بێدەنگی دای گرتن. لە دەرێ باران بەخوڕ دەباری، دەیدا بەسەربانەکەدا و ئاوازێکی خەماویی تێکەڵ بە هاژەی ڕەشەباکەی جار جار بەتوندی دەهات دەردەکرد و دیوار و سەربانەکەی بەلێزمەی بەگوژمی بارانەکە ئاوپرژێن دەکرد، کەریم لە خەیاڵکردنەکەی بەردەوام بوو، لە ناکاوڕا چون چارەسەری دۆزیبێتەوە، بەهۆش خۆی هاتەوە، دەستی بە ماچکردنی کرد، پاشان بەتامەوە نانەکەی خوارد.

دوای ماوەیەکی کەم لە چا خواردنەوە و کێشانی دوو جگەرە، باوشیان لەیەک دایەوە، لێ ئەمجاریان لە جاری یەکەم توندتر و گەرم و گوڕتر بوو، نەخوازەڵا ئەمجارەیان پرۆسەکە لای ئەم زۆری درێژە کیشا.

کەریم بە سروشتی خۆی دەیزانی کەنگێ لە دیوەخانێ بڵاوەی لێ دەکەن. لێ ئەمشەو دۆخەکە جیایە، دوور نییە بەدرێژاییی شەو خەریکی چا خواردنەوە ، جگەرەکێشان بن، تا دڵنیا بن چەندێک شەستە بارانەکە دەبارێ و بەردەوام دەبێت، بۆ ئەوەی ببنە شایەدحاڵی هێزی یەکەمین باران، چونکە بۆ بەروبووم یەکلاکەرەوەیە. ئیدی یانساڵی پیت و فەڕ دەبێت، یانیش ساڵی بێ ئاوی. لەم شەودا چارەنووسی نرخی گەنم و جۆکەی جیهانگیر، کە زیاد لە دوو مانگە لە فرۆشتن وەستاوە، دیار دەکرێت. ئەو بەیەکەمین کەس دادەنرێت، بەرژەوەندیی ڕاستەوخۆی لە هەموو دەڤەرەکەدا لەگەڵ بێ بارانیدا هەیە. بەجووتە دەرگاکەیان کردەوە و سەیری ئەو بارانەیان کرد، کە ساڵانێکە بەو شێوەیە نەیانبینیوە. فاتمە گوتی:

– بیرتە چۆن قازانە ئاوەکەم بەسەرتدا کرد؟

– وا دەزانی شتی وام لە بیر دەچێت؟ ئێستاش هەست بە بەرکەوتنی ئاوەکە بەگیانمدا دەکەم، چۆن لە دڵی دام و ئاگرەکەی دانەمرکاندمەوە.

ئەی ئێستا؟... هەر دانەمرکایەوە؟

دەستی گرت و بۆ سەردڵی بەرز کردەوە، کە بە توندی لێی دەدا، گوتی:

– ئێستا هەستی پێ دەکەیت وەکو گڕی ئاگردانەکەت کڵپە بدات؟

ئەویش بە ئاسپایی دەستی ڕاکێشا و لەسەر مەمکی چەپی دانا و بەدەوریدا دەهێنا و گوتی:

– لە دڵی من بپرسە... بووەتە خۆڵەمێش.

باوەشیان لەیەک دا، پریشکە بارانە هەڵاتووەکان دەموچاوە گەشاوەکانیانی تەڕ کرد، لە کاتێکدا کە جێی دەهیشت پێی گوت:

– فاتمە گیان من دەبێ شتێک بکەم، قەناعەتی تەواوم هێناوە ناتوانم بێ تۆ بژیم، تۆش ئەو نهێنییە بە کەس مەڵێ.





هەستی بەخۆی کرد پەڕئاسا سووک بووە، خۆشییەکەی سنووری نەبوو، خۆیشی نەیزانی چۆن گەیشتە دیوەخانەکەی باوکی. ئەسپەکەی لە تەویلە گەورەکەدا بەستەوە، کە لای ڕاستەوەی ئەو دەرگایەی لە دوای ڕۆیشتنی میوانەکان کلۆم دەدرا، دروست کرابوو. بەر لەوەی ڕوو لە دیوەخان بکات، بۆ لای سنجان چوو، بەگەرمی باوشی بۆ کردەوە، پاشان هەریەک لە ژنەکەی شێخۆ و ژنەکەی میرزا و ژنەکەی ڕەمەزان باوەشیان لێ دا، شەمسەش چاوەڕێی نۆرەی خۆی دەکرد هەڵهەڵەی لێ دا، لە باوشی گرت و ڕوخساری ڕامووسی، پاشان گوتی:

– های وینک یا حبیبی یا کرومی؟

دەستی ماچ کرد و گوتی: والله یاخاله أنا طول عمری ماینسی أنت والسید، کل الوکت أنا یم فکرج.

سنجان سەرسامیی خۆی بە قسەکانی کەریم دەربڕی و گوتی: وەڵڵاهی ئێمەمانان قەت فێری ئەم زمانە نابین، کەچی کەریم بە حەفتەیەک فێر بوو.

بەخێرهاتنەکەی ماوەیەکی خایاند، دەبوو یەک یەک باوشی لێ بدەن و پرسیاری تەندروستی و ئەحواڵی و سۆراخی منداڵەکانی و ژنەکەی بپرسن، هەروەها پرسیاری ئەوەی داخوا لای ئەوانیش باران باریوە؟ داخوا زۆر بووە؟ سەرلەنوێ ئەو پرسیارەی لێ دەکرایەوە، وەلێ ئەمجاریان پرسیاری مەڕ و ماڵات و گاوگۆتاڵ و لەوەڕیان لێ پرسی. هەمان پرسیار لە هەندێکیانەوە دووبارە دەبووەوە، نەخوازە لە باوکی و ڕەمەزان و میرزاوە بۆ سێیەمین جار و چوارەم جار لێی دەکرایەوە، ئەوەشی بۆ زیاد دەکرا داخۆ خزمان ئەوانەی بۆ ئەوێ گواستیانەوە چۆنن و دەبێ ڕاهاتبن. یاخود تاسەی گوندەکەی ئەودیو جەوەڵ مازووخ نین؟

کەریمیش بە سینگی فراوان و بێ وەڕسبوون بەدرێژی وڵامی هەریەک لە پرسیارەکانی دانەوە و هەندێک جاریش زانیاری لە بارەی هەندێک شتەوە دەدانێ، کە بە مێشکیاندا نەهاتووە پرسیاری لە بارەوە بکەن. دوای قەیرێک لێبوونەوە لە ئەحواڵ پرسین یەکێکیان سەرلەنوێ بەخێرهاتنی دەکاتەوە و ڕێژنەیەک پرسیاری ئاراستە دەکات، کە پێشتر زیاد لە جارێک لێی کرابوون، ئەویش سەرلەنوێ و بە شێوازێکی دی وڵامی دەدایەوە، بەشێوەیەک دووبارەبوونەوە و بێزاریی پێوە دیار

نەبێت. سەرەڕای ئەوەی دەنگی باران بارینەکەیان لە سەربان و دیوارەکان دەبیست، جار جار یەکێکیان سەری دەردەکرد و سەیرێکی ئاسمانی دەکرد، چون بیەوێت بارانەکە بگرێت دەستی پان دەکردەوە، لە دەرەوەی دیوەخانەوە بانگی دەکرد:

– قەومێل تا نووکە کلاولەسەرەیە، خێر و بەرەکەتە.

ئیدی گفتوگۆ لەسەر چۆنێتی و چەندێتیی بەروبوومی مەزەندەکراو دەکرا. کەریم بۆ بە تەنیا قسەکردن لەگەڵ مەردانندا و دانانی چارەسەری یەکجاری بۆ کێشەی پێوەندییەکەی لەگەڵ فاتمەدا دەتگوت لەسەر ئاگرە. عانێک بینی بارانەکە لەسەر هەمان کوتینەوە و هێز بەردەوام بوو و وەستانی پێوە دیار نەبوو، دیوەخانیش تازە گەرم دەبێ، چرپاندی بە گوێی مەردانندا تاکو دیوەخان جێ بێڵێ و بچێ بۆ قوللەکەی. مەردان لە سەرەتاوە تێبینیی ئەوەی کردبوو کەریم بەدەست شتێکەوە دەناڵێنێ و هەوڵ دەدات بیچەپێنێ. هەینێ لە ژووره بچووکەکە دانیشتن، مەردان پێی گوت: – ئەمجا دەبێ بە ڕاستی قسەم بۆ بکەیت، دیارە تۆ بەدەست گرفتێکەوە دەناڵێنیت، قسە بکە، من ئامادەم سەرم لە ڕێتدا دابنێم.

کەریم قومی لە جگەرەکەی دەدا و بە شڵەژان و دەمارگیرییەوە دەنکەکانی تەسبێحەکەی دەژماردن، لە کاتێکدا بە زۆر ویستی بزەیەک بخاتە سەر ڕوخسارە مەییوەکەی، گوتی:

– مەردان، ئەمجا هیچت لێ ناشارمەوە، من پێویستم بەڕای یەکلاکەرەوەی تۆ هەیە.

تەنیا کەسێک، کەریم داخی دڵی خۆی بۆ هەڵڕێژێت، مەردان بوو، کە بە پەرۆشییەوە گوێی بۆ سەرچڵییە سۆزدارەکانی ڕادەدێرا. چونکە زیاد لە مانگێک لێیان دوورکەوتەوە، بۆیە مەردان زانی ئەمشەو قسە و باسیان گەرم دەبێت. وای بە مێشکدا هات و لەوە ترسا لەگەڵ دڵبەرەکەیدا، کە هەمیشە وەسفی جوانییەکەی دەکرد خانەبگیر کرابێت. هەموو خەمی مەردان ئەوە بوو ئەو ژنە ببینێت، کە کەریم بە پەریی بەهەشتی دەچوواند. هەموو جارێک لە گێڕانەوەی سەرچڵییەکەی دەبووەوە، مەردان ئامادەبوونی خۆی بۆ ڕفاندنی ئەو ئافرەتە دەردەبڕی، پاشان بردنی بۆ دۆڵی کفرانی شاخاوی، یاخود بۆ هەر شوێنێکی دی و هێنانی مەلا و دوو شایەد و



مارەبڕینی بە شێوەیەکی شەرعی، تاکو ئاگری خۆشەویستی لە دڵە برینداره‌کەی دامرکێتەوە. هەموو جاریش وڵامی کەریم ئەوە بوو ناکرێ ئەم ژنە بڕفێندرێ، بەڵکو مەحاڵیشە. بەمە مەردان دەهری دەبوو و لێی دەپاڕایەوە تەنیا ناوی، یاخود شوێنەکەی پێ بڵێ، ئەوکات دەبینێ ئەگەر لە حەوت تەبەقەی ئاسمانیش بێت، چۆنی دەڕفێنێت. کەریم بزەیەکی دەکرد، بەمە ئەوی زیاتر شێتگیر دەکرد و جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە ڕفاندنی ئەم ئافرەتە ئەستەمە.

ئەمشەو مەردان دەزانێت ئەم پەرییە کێیە. لاپرەسەنییەکەی پەلەی لێ دەکرد و دەترسا کەریم لە دوا ساتدا لە وتنی ناو و شوێنی ژیوان ببێتەوە. کەریم گوتی:

– چاوەکەم مەردان، مەسەلە ڕفاندن نییە، خۆزگە وا بوایا، مەسەلەکە ئەوەیە ئێمە دارێکمان بەدەستەوەیە هەردوو سەری گووە. دەبێت بۆ گرتنی دارەکە بیر لە ڕێگەیەک بکەینەوە، تاکو دەستمان پیس نەبێت. ئەو پەرییەی باسم بۆ کردی، فاتمەی ژنی هاپۆیە...

مەردان قسەکەی بڕی و گەمژانە دەمی بەش کردەوە:

– فاتمە؟ باوکەڕۆ، بەڕاستی پەرییە.

– هەوکە لێم بگەڕێ با قسەکانم تەواو بکەم و باش گوێ بگرە. بەتەواوی قەناعەتم هێناوە، من بێ ئەو ئافرەتە ناتوانم بژیم، ئەگینا ئەمجار بەڕاستی شێت دەبم، ئەوکات سەید و ئەژدادی سەیدیش ناتوانن چارم بکەن. جا ئەم کەرە چۆن لەم قوڕە دەربێنین؟ ئەمە مەسەلەی شەرەفەکەم نییە.

مەردان بە هێمنی قومێکی لە جگەرەکەی دا، هێشتا ئاسەواری سەرسامییەکەی نەڕەوییبۆوە، کە خەریک بوو دەگەڕایەوە دۆخی ڕووخۆشییە سروشتییەکەی خۆی. دوای قەیرێک لە بێدەنگی، مەردان بە دوو چاوی تیژییەوە، کە کەریم پێشتر ئاوای نەبینیبوون، لێی ڕوانی، بەشێلگیرییەوە پرسی:

– تۆ قەناعەتی تەواوت هەیە، کە ئەمە حەزێکی سەرشێتانە نییە؟

– نا مەردان. من بەڕاستی پێویستیم پێیەتی و لە ڕای خۆم پەشیمان نابمەوە، لێ دەمەوێت گرفتەکە بەڕێگەیەکی ئاشتییانە چارەسەر بکەین.

به زمانێک بڕوابەخۆبوون و سووک تەماشاکردنی بەرامبەرەکەی پێوە دیار بوو، گوتی:

– بڕوات وایە ئەمە گرفتێکی هێند گەورە بێت؟

– تۆ چۆنی دەبینیت؟

زەردەخەنەیەکی منداڵانە دەموچاوە خڕوپڕەکەی گرتەوە و گوتی:

– لەوە ئاسانتر نییە. دەتەوێ ئەمشەو ناوی خوای لێ بێنین؟

کەریم وایزانی مەبەستی ڕفاندنەکەیە، گوتی:

– ئەگەر مەبەستت ڕفاندنەکەیە، ئەوا پێویستم پێی نییە ڕوحەکەم، ئەمە چاری کێشەکە ناکات.

– قسەکەم بۆ وا لێک دەدەیتەوە حەیاتەکەم کەریم؟ چەندێک کەر بم هۆقەیەک عەقڵ لە کەللەمدا هەیە.

– ئەستەغفیروڵڵا مەردان، ئەگەر لە زیرەکیت دڵنیا نەبم نهێنیی وات لا نادرکێنم، کەواتە ڕای خۆتم پێ بڵێ.

– بەخۆت دەزانیت ئەو ژن و ژنخوازییەی لە نێوان هاپۆ و باوکی فاتمەدا ڕووی دا، ئەوە ژن بە ژنە و مارەبڕین نییە بە پارە، باوکی فاتمە هەر لە سەرەتاوە نەیدەویست ئەمە بکات، وەلێ بەهۆی فشار خستنە سەر و بەپارە هەڵخەڵەتاندن بەناچاری ڕازی بوو. ئێمە دەتوانین بچین بۆ لای و بەڕاشکاوی شتەکەی بۆ باس بکەین و بە تەماح بێت، یاخود بە هەڕەشەکردن، کێشەیەک لەگەڵ ژنەکەیدا بدۆزێتەوە و تەڵاقی بدات، ئەوکات هاپۆش بەپێی یاسای ژن بە ژن ناچار دەبێت پەنا بۆ تەڵاقدان ببات.

کەریم کەیفێکی پێدا هاتەوە و ئاهێکی هەڵکێشا. بە ئەرخاینییەوە مژێکی لە جگەرەکەی دا و گوتی:

– کەواتە لە خۆڕا پرسم پێ نەکردی چاوەکەم مەردان، وەلێ گرفتێکی دیکەش هەیە دەبێ پێتی بڵێم... فاتمە سکی پڕە.

مەردان نەیتوانی ئەو واق وڕماوییەی بەڕوویەوە بوو بشارێتەوە. ویستی هێور بێتەوە گوتی: ئەمە ئەنجامێکی سروشتیی گەمەی خۆشەویستییە، وەلێ لە هەموو



حاڵەتەکاندا دەبێ پرس بە باوکت، یاخود شێخۆ بەگ بکەین، وا بزانم باشترین ڕێگەش پەنابردنە بەر سنجانە، چونکە ئەو بەئاسانی دەتوانێت قەناعەتیان پێ بێنێت. پاشان لە هەموو حاڵەتەکاندا ئەوان هیچ خواستێکی تۆ ڕەت ناکەنەوە.

کەریم بە دڵسافی و پاکێتیی منداڵێکەوە گوتی:

– ماوەیەکە بیرم لەوە کردۆتەوە بە سنجان بڵێم، چونکە فاتمەی خۆش دەوێت، وا بزانم بەپێوەندییەکەی نێوانیشمان دەزانێت.

باران چۆن دەستی پێ کرد ئاوا بەردەوام بوو، لە بەرامبەر بایەکەشدا جار جار بەخوڕ دای دەکرد و وەکو کوندەی سەر بەرەوخوار دەباری، جاروباریش بەو توندییەوە لەبەر هێرشی سوڵتانی با خۆی بۆ نەدەگیرا و شڵپوهۆڕ خۆی بە بورجەکەدا دەدا و بەقەدیا دەهاتە خوارێ، تا بەسەر ڕووی زەمیندا وەکو مار دەکشا. کەریم حەزێکی شێتانە گرتی بچێ سەرێ لە فاتمە بدات، لە شوێنەکەی خۆی ڕاستبۆوە و ویستی بزانێ مەردان چی دەڵێت، گوتی:

– بڕوات وایە ئەمشەو دانیشتنەکەیان درێژە بکێشێت؟

– لە نێو خۆیاندا بڕیاریان داوە هەڵنەستن، تا بارانەکە دەوەستێتەوە.

– بەڕای تۆ لە بڕیارەکەیان پاشگەز نابنەوە؟

– ئەوان لە بارگین چەمووشترن، هەڵبەت ئەمشەو تا بەیانی دادەنیشتن.

– ئەدی بارانەکە هەروا دەبارێت؟

– مادامەکی ڕەشەبایە، پەڵەهەورەکان نابڕێنەوە، دەزانم بەم پرسیارانەت چیت دەوێت!

هەڵبەت دەتوانیت جارێکی دییش سەر لە دەنکەکەت بدەیتەوە. منیش لە تەویلەکەدا پاسەوانی دەکەم، لێ دەبێ زۆرت پێ نەچێت، چونکە بەڵێنمان پێ دان دوانەکەوین.

کاتێک لە دەروازەکە ئاودیوبوون. کەریم گوتی:

– وا باشتر نییە دیوی دەرەوەی دەروازەکە بۆ دڵنیایی دابخەین؟

– پێویست ناکات دڵنیابە ئێمشەو لامان دەمێننەوە.

سێلاوەکە بەهێز قوڕەکەی ڕادەماڵی و زەوییە ڕەقەنەکەی لە هەندێک شوێن

بەدەرکەوت. سەرەڕای ئەوەی تاریکییەکی ئەنگوستەچاو بوو و چاو نەیدەبینی. ئینجاش بە سروشتی خۆیان ڕێگەکەیان دۆزییەوە. هەینێ گەیشتنە لای ماڵی هاپۆ، تاکو فاتمە دەرگاکەی نەکردەوە، مەردان لە بەردەم دەرگای تەویلەکە چاوەڕوانیی کرد، پاشان چووە ژوورەوە.

بۆنی تەویلەکەی بە لووتدا هات، کە تێکەڵ بوو بە بۆنی بارانەکە، کەشەکەش گەرم و تەڕ بوو. ماکەرەکە بە هۆگرییەوە پاشووی بە گیانیدا خشاند، هەستی حەزێکی خەفەکراو لە ناخیدا دەهات و دەچوو. شەرواڵەکەی داکەند و دای بەسەر شانی ماکەرەکەدا، پاشان لە تاریکییەکە دەستی بەبان پشتیدا هێنا و کاتێک ختووکەی لێوارەکانی زێی دا، کلکی هەڵبڕی، هەستی کرد هەرامەکەی چادری لێ هەڵداوە و توند بووە، زانی کە تانووکە هێزی تێدا ماوە. نەیزانی کەنگێ بوو دوا جار پیاوەتیی خۆی سەلماند. دەمێ خەستییە ناو گەرمییەکەوە، چاوی نووقاند. دیمەنی خۆشەویستەکەی بەرووتی هاتە بەرچاو. بەتوندی و بەخێرایی هەناسەی هەڵدەکێشا و تەرکی ماکەرەکەی دەگووشی، وایدەزانی ناوقەدی خۆشەویستەکەیەتی، کە هەرگیز بە ئەوینداریيەکەی نەزانی.

لە دەرێشەوە بارانەکە بەهێزتر و بەخوڕتر دەباری.



## ٢١

سائیب لەو کاتی ڕەمزیی بینیبوو ماڵی جێ نەهێشتبوو، دایکیشی لەو کاتەوەی پیاوەکەی بەدڵ وەستان مردبوو، حەقی بەسەرەوە نەبوو. تەنیا ئەوەندە نەبێ جلی ڕەشی لەبەر کرد و لە ماڵەوە دەرنەدەچوو، بێ ئەوەی یەکێک لەو هەموو خزمانەیان لە شار و لە دێ سەردانیان بکەن. ئەوان لەو ڕۆژەوەی فەوزیی کوڕە گەورەیان دەستگیر کرا، پێوەندییان لەگەڵیاندا بڕی، لە ترسی ئەوەی نەکو چارەنووسیان بەدەردی چارەنووسی ئەو بچێت، کە تا نووکە بێ سەروشوێنە.

تەنیا دڵدانەوەی لە ماڵەوەدا عومەر بوو، برا لاڵەکەی. باوکی سائیب ئەفسەرێکی پایەبەرزی سوپای عوسمانی بوو، بۆ زۆر شوێن گواسترایەوە و لە چەندین شەڕدا پشکدار بوو، هەروەها لە سەرکوتکردنی بزووتنەوەی قوتابییانیشدا لە ئەستەنبووڵ دژ بە سوڵتان عەبدولحەمید بەشدار بوو. هەینێ گەیشتە پەنجا ساڵی، خانەنشین کرا. سەرەڕای موڵک و ماڵی لە شار، پارچە زەوییەکیشی هەبوو، کە سەعاتەڕێیەک لە دەرەوەی شار دوور بوو. کۆمەڵێک خێزانی نەداری تورکمانی تێدا نیشتەجێ بووبوون، کە خەریکی کشتوکاڵ بوون، بەرامبەر بە دەیەکی بەروبوومەکەی.

بەر لە تەواوبوونی ماڵە هاوینییەکەی، دەیویست دوا ڕۆژەکانی ژیانی لەگەڵ ژنەکەی و دوو کوڕەکەی و لاڵەدا بەسەر بەرێت. کوڕەکەی بە تۆمەتێک، کە هەرگیز قەناعەتی پێ نەبوو، گیرا. ئەویش دەست تێکەڵکردنی فەوزیی کوڕی بوو لەگەڵ ئیتیحادییەکاندا، ئەوانەی بەخۆی زیاد لە جارێک لە سەرکوتکردنی جووڵانەوەکەیاندا بەشدار بووە. ئیدی وەکو شێت بە فەرمانگە حکومییەکاندا دەسووڕایەوە، زیاد لە جارێک بۆ موسڵ چوو و بڕیاری دا تەنانەت بۆ ئەستەنبووڵیش بچێت. وەلێ پێیان گوت ڕۆیشتنەکەی بێ سوود دەبێت و دەتوانێت بەزەیی پێدا هاتنەوە و لێخۆشبوونێک بۆ سوڵتان خۆی بنووسێت، ئەمەشی کرد بێ ئەوەی هیچ وەڵامێک وەرگرێتەوە.

لە هەموو جارێکیشدا هەوڵەکانی بەبادا دەچوون، بێ ئەوەی تروسکەی

ڕووناکییەک لە بارەی چارەنووسی فەوزییەوە بەدەست بهێنێت، ئیدی بەتێکشکاوی دەگەڕایەوە ماڵ و تا ڕادەی سەرخۆشی عارەقی دەخواردەوە و نەعلەتی بۆ سوڵتان دەنارد و پەشیمانی لە هەموو ئەو شتانەی بۆ ئەم دەوڵەتە قەحپەیە کردوونی دەردەبڕی. بەردەوام دەیگوت: لە هەر قەحپەخانەیەکی دنیادا چارەکە سەدەیەک گەوادیم بکردایا، زۆر شەریفتر بوو لە خزمەتکردنی ئەم منداڵباز و غیرەتسزانە..

ئەوی غەمی زیاتر دەدایێ، ئەو خزمانەی بوون، کە ئەو بەخومی ناو دەبردن. جارێکیان کە گلەیییەکەی بە چاویاندا دا، یەکێکیان گوتی:

– ئەگەر ئەو بەم هەموو میدال و نیشانانەی لە ئەنجامی دڵسۆزی و قوربانیدانی لە خزمەتی سوڵتاندا بەدەستی هێناوە، نەتوانێ تەنیا هەواڵێک لەسەر چارەنووسی کوڕەکەی بەدەست بهێنێت، ئەدی دەبێ چارەنووسی ئێمە چی بێت ئەگەر گومانمان لێ بکەن؟

وەختێ ئەم قسەیەی پێ گەیییەوە، سەری ڕەزامەندی لەقاند و لە وەزعەکە تێگەیشت، وەلێ لە ترسانەکەیان خۆش نەبوو. لەو ڕۆژەدا زۆری خواردەوە، بوتڵێکی تەواوی عەرەق کە ٧٠٪ی ئەلکهووڵە، بێ ئاو خواردییەوە و میدال و نیشانەکانی، کە بە خۆشەویستترین شتی خۆی دادەنان، کۆ کردنەوە و دوای ئەوەی دوا سەرنجی تێگرتن، هەمووی لە ئاودەستەکە لەسەر یەک دانان و بە سائیبی گوت میزیان بەسەردا بکات. پاشان بێ ئەوەی غەمیان لێ بخوات، بە نووکی پێڵاوەکەی خستنیە کونی ئاودەستەکەوە، هەروەها داوای لە سائیب کرد واز لە قوتابخانە بهێنێ و لە دواڕۆژدا لە هیچ دەزگایەکی حکوومیدا کار نەکات. هەر لەو ڕۆژەدا، لە دوا حەفتەی مانگی گەلاوێژدا دڵی لە لێدان کەوت. ڕۆژێکی تابلێی گەرم بوو، هەڵگرتنی تەرمەکە بۆ ڕۆژێکی تر دەبووە هۆی بۆگەنیی. کەس لە خزمان و هاوەڵانی ئامادەی ناشتنەکەی نەبوون، لە دووەمین ڕۆژی پرسەکەیدا هەندێک لە هاوەڵە سەربازەکانی ئامادەبوون، دەستیان کرد بە جگەرەکێشان و قاوەی تاڵ خواردنەوە و گێڕانەوەی کارە باشەکان و ئازایەتیی خوالێخۆشبوو لەو شەڕانەی بۆ بەرگری لە شەرەفی دەوڵەتی عوسمانی گێڕای.

سائیب تا چەند حەفتەیەک بڕوای نەدەکرد باوکی بۆ یەکجاری جێی هێشتبن،



بڕوای وا بوو دەبێ ڕۆژێک بێتەوە لایان. هەرچەندە دایکی لەگەڵ ئەوەدا بوو لە خوێندنەکەی بەردەوام بێت، وەلێ بڕیاری دا لەسەر وەسیەتەکەی باوکی بڕوات. سەرەڕای ئەوەی بەڕێوەبەری قوتابخانەکەی بە خۆی زیاد لە جارێک هات، ئینجاش نەیتوانی قەناعەتی گەڕانەوەی پێ بێنێت، بە ئەدەبەوە داوای لێبووردنی لە بەڕێوەبەرەکەی کرد و پێی گوت، کە دایکی بۆ بەڕێوەبردنی کاری کشتوکاڵی پێویستی پێیەتی و تا فەوزی برای بەر نەبێت، نا توانێت بگەڕێتەوە سەر خوێندنەکەی.

دوای سێ حەفتە لە مردنی باوکی، بەدایکی ڕاگەیاند بڕیاری ئەوەی داوە تۆڵەی براکەی و باوکی بسێنێتەوە، کە بوونە قوربانیی دەستی ئەم دەوڵەتە ستەمکارە، بۆیە نابێ کەس لە خەڵوەتەکەی لە ژێر زەمینەکە بێزاری بکات، تاکو پرۆژە کۆنەکەی لە گەیشتن بە گەورەی جنۆکان، کە چی بوێ و بخوازێت لە چاوترووکانێکدا بۆی دێنێتە دی، بەئەنجام بگەیەنێت. پاڕانەوە و ئامۆژگارییەکانی لاڵە بۆ گەڕانەوەی بۆ قوتابخانەی و وازهێنان لە بیرکردنەوە لەو پڕوپووچانەی سوودێکیان نییە، بێ ئەنجام بوو. سائیب ڕیشێکی درێژی دانابوو، کەم دەدوا و بە هێمنی و بڕوابەخۆبوونەوە وەڵامی دەداوە، دڵنیا بوو لە سەرکەوتنی بەسەر هێزی شەڕدا، کە دنیای داگرتووە و ئەو نەک هەر دادپەروەری دەگەڕێنێتەوە، بەڵکو چارەسەری عومەری خاڵیشی دەکات و دەیهێنێتە زمان. دەبێ ئەو ڕۆژە هەر بێت، کە دەنگی ببیستێ. کتێبخانەکەی ماڵەوە چەندین جۆر کتێب و بەرگە کتێب و دەستنووسی تۆز لەسەر نیشتووی زەمانەی لە خۆ گرتبوو. چەندین ڕۆژ و هەفتە بەناویاندا دەگەڕا و تۆزی لەسەر دەسڕینەوە و بەپێی بابەت و تایبەتمەندی ڕێکی دەخستن. لەوەتی باپیری مردبوو پشتگوێ خرابوو. باوکی دەگمەن نەبێت کتێبی نەدەخوێندەوە، ئینجاش هەمیشە شانازیی بەوەوە دەکرد، کە باوکی زانایەکی مەزن بوو و شارەزایی لە هەموو بوارەکانی زانستدا هەبوو. چونکە باشترین زانایانی شار لەسەر دەستی ئەو پێگەییبوون.

هەندێ سنووقی دار هەبوون لەوەتی باپیری مردبوو کەس نەیکردبوونەوە، جگە لە ژمارەیەکی زۆری دۆڵابی پڕ لە کتێب، لەو ژوورە گەورەیەدا بوو، کە بە ژووری

باپیرەیان ناو دەبرد. لەوەتی باپیری مردبوو ئەو ژوورە وەکو خۆی مابووەوە و کەس نەدەچووە ژوورێ. تاقە کەسێک جارجار خۆی پێدا بکردایا باوکی بوو. ئێستا دوای سێ حەفتە لە مردنی، سائیب کلیلەکەی هەڵگرت و ئەو دەرگایەی لە ئەزەلەوە داخرابوو، واز کرد. بیری هاتەوە دوا جار لەگەڵ باپیریدا بەر لە مردنی بە ماوەیەکی کەم چووە ژوورێ، ئەوکات تەمەنی حەوت ساڵ زێتر نەبوو. تا هەوکەش دوا ڕستە لە مێشکیدا دەزرنگێتەوە:

– کوڕم ئەگەر باش فێری خوێندنە و نووسین بوویت، ئەوا ئەم هەموو کتێبانە بخوێنەرەوە. باوکت هیچ ناخوێنێتەوە، ئەمەش نا ئومێدی کردم.

ئەو کتێبانەی لە دۆڵابەکەدابوون لە بارەی مێژوو و جوگرافیا و زانستەکانی ژیان و کۆزمۆگرافیا و ئەدەبەوە بوون، هەرچی ئەو کتێبانەی دەربارەی گەردوون و ئەستێرەناسی و ڕوحانیات و سحر بوون، باپیرە لە سنووقی کلۆمکراو لە ژێر زەمینەکەدا پاراستبوونی. دوای هەوڵ و ماندوبوونێکی زۆر، توانی دەستنووسێکی بێ بەرگ بدۆزێتەوە، لە گۆشە داڕزاوەکانیدا دیار بوو زۆر بەکار هێنرابوو. کاغەزێکی تێدا دانرابوو بە دەست لەسەری نووسرابوو «خەتەکە زەمانێک دەمێنێ و خاوەنی خەتەکەش لە ژێر گڵدایە: خوێنەری خۆشەویست، ئەگەر ویستت ئەم دەستنووسە بەنرخە بخوێنیتەوە و ئەوی تێیدایە پێڕەوی بکەیت، دەبێ بوێریی شێرت هەبێت...». هەموو کتێب و دەستنووسەکانی دیکەی خستنە لاوە و بە خێرایی، چون بیەوێت بەیەکجا ناواخنی ئەو دەستنووسە گەورەیە وەربگرێت، چاوی بەلاپەڕەکانیدا خشاند. دەرگای یەکەمی بیرۆکەیەکی بناغەیی لەسەر ناوەڕۆکەکەی پێ دەدایت، کە لە حەوت قۆناغ پێک هاتبوو. ئەوی بیەوێت لە جیهانی مادەوە بچێتە جیهانی ڕوحەوە، دەبێ تێیان بپەڕێنێت. ئەگەر مرۆڤ بیەوێت هەر حەوت قۆناغەکە بە سەرکەوتوویی ببڕێت، دەتوانێت بگاتە لای گەورەی جنۆکان. دوای چاوپێکەوتن چیی خزمەت و توانای هەیە دەیخاتە خزمەتییەوە و ئەوکات تەنیا لە سەریەتی فەرمان بدا و لەسەر گەورەی جنۆکانیشە داواکانیان بەجێ بێنێت. بەمەرجێک ڕەوا بن و غەدر لێکردنیان تێدا نەبێت. لە پێناوی بەجێگەیاندنی کارەکە، پیاو پێویستی بە شوێنێکی هێمن و بێ ژاوەژاو دەبێت، تا بچێتە خەڵوەتەوە. تەنیا مۆمێکی تێدا پێ دەکا و



بخوڕی تێدا دەسووتێنێ. ئەوەیشی بەم کارە هەڵدەستێت دەبێت ڕۆژانە بادەمێک، یاخود گوێزێک بخوات، زیاتر نا، تاکو جەستەی بەپیسایی گڵاو نەبێت. پرۆسەی خەڵوەتەکەش چل ڕۆژ دەخایەنێت، دەبێ ئەو کەسە هەر دەقێک هەزار و یەک جار بڵێتەوە. دەقەکانیش لە هێمای نارۆشن پێکهاتوونە و ناو و پایەی جنۆکەکانی لە خۆ گرتوون. حەوت قۆناغەکەش لە دوایەمین حەفتەوە دەست پێ دەکات، واتا لە سی و سێیەمین ڕۆژەوە. ئەوکات دەبێ بە درێژاییی شەو کەسەکە جادووی دیارکراو بخوێنێتەوە و نابێت بە هیچ شێوەیەک سەری لەسەر دەقەکان هەڵبڕێت و ئاوڕ لەو شتانە بداتەوە، کە لە دەوروبەری ڕوو دەدەن. نەشهێڵێ ترس زەفەری پێ ببات، هەروەها دەبێ لە هەموو ئەو شتانەی شەهوەتی دەورووژێنن خۆی بپارێزێت، ئەگینا هەموو ئیشەکەی بەخۆڕا دەڕوا و بە تاڵ دەبێتەوە، دووریش نییە تووشی شێتی ببێت. لە شەوی یەکەمدا دەنگی تۆقێنەر دەبیستیت، لە دووەمدا لە قاقای پێکەنین دەچێت، پاشان بەردبارانکردنی بەدوادا دێت. لە سێیەمیندا دەست و پێی بڕوای تێدەگرن. لە چوارەمدا ئاژەڵی دڕندەی شێوە ئەفسانەیی شاڵاوی بۆ دێنن. لە پێنجەمدا ئافرەتی ڕووتی بە دەوردا دێن و هەوڵدەدەن فریوی بدەن.

ئیدی بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت، تاکو لە شەوی حەوتەمدا ئەگەر ئەو کەسە هەموو خاڵەکانی بە تەواوی جێبەجێ کردبێت، گەورەی جنۆکان دێت و کڕنۆش بۆ ئەو کەسە دەبا و دەڵێت:

– سەرم لە ڕێتە گەورەم، فەرمان بدە چ کەشتییەک دەڵێی نوقمی بکەم؟... چ سوڵتانێکت دەوێ بۆتی پەلکێش بکەم؟... دڵت بۆ چ کچە میرێک لێ دەدات؟

سائیب بەزەردەخەنە و بە دەنگێکی بیستراوەوە دوای ئەوەی دەستنووسەکەی فڕێدایە لاوە، گوتی:

– لە دووشت زیاترم ناوێت، سوڵتان تا بیدەمە عەرزا و بەلەقەوە بچمە بان سەری. هەروەها کیژێکی جوان، لەو جوانتر لەسەر زەویدا نەبێت، تا ببێتە هاوبەشی ژینم.

پاش ئەوەی هەموو شتە پێویستەکانی ئامادە کرد، داوای لە دایکی و لە لاڵە کرد لە خەڵوەتەکەی لە ژێرزەمینەکە، کەس وەڕسی نەکات. چونکە لەسەر وەسیەتی باپیری، دەیەوێت هەموو کتێبەکانی بخوێنێتەوە. هەرچی شەوان بوو بە دزییەوە بێ

ئەوەی پێ بزانن دەچووە ژێرزەمینەکەوە و لەبەر ڕووناکی مۆمێک و لەگەڵ بۆنی بوخوردا دەق و جادووەکانی دەخوێندەوە. ئەوی زیاتر سەرنجی ڕاکێشاو تووشی سەرسووڕمانی کرد، ڕووداوی شتگەڵی بوون کە لە دەستنووسەکدا نەهاتوونەوە لەگەڵیدا نایەنەوە. دوای حەفتەیەک، ژێر زەمینەکە لەگەڵ ئەو ڕاڕەوو بەشە تاریکانەی تێیدان، بوونە گۆڕەپانێکی ڕووناک، تیشک لە هەموو کونج و کەلەبەرەکانییەوە دەدرەشاوە، گەورەی جنۆکان لە ناوەندی پەڵە ڕووناکییەکەوە دەرچوو، بەباڵا درێژ و شێوە سەیرەکەیەوە لەبەردەمیدا نووشتایەوە، بەدەنگێکی قووڵ دەتگوت لە بیرێکی واز لێ هێنراوەوە دێت، گوتی:

– سەرم لە ڕێتدایە گەورەم، ئەو قۆناغانەی لەسەرت بوون، بڕیتن. چیت لە دڵدایە داوا بکە، من نۆکەری گوێڕایەڵتم.

ئاوا بە خێرایی؟ بێ ئەوەی چل ڕۆژەکە تێپەڕێت؟ زمانی بەهانایا نەدەگەیشت، کەچی بیری لەو ئافرەتە ڕووتانە دەکردەوە، کە دەیانەویست بە لەنجەولاریان فریوی بدەن. گەورەی جنۆکان دوای ئەوەی هزری خوێندەوە سەری ڕاوەشاند و گوتی:

– کەواتە گەورەم قەیرێک چاوت بنووقێنە و پاشان بیکەوە، جوانترین خەڵقەندەی خوا لە ئافرەت دەبینی، گەورەم بۆ خۆت کەیفیان لەگەڵدا بکە.

چاوی نووقاند، بۆنی بخۆرِ گێژی کردبوو، هەنگینی چاوی هەڵهێنا، بینی کۆمەڵێک ئافرەتی ڕووت بە جووڵەی سحریی خەواڵووەوە دەوریان داوە، لەگەڵ پەڵە دووکەڵە سەماکەرەکانی بخورەکە، کە لە ڕووناکی کونج و کە لەبەرەکانەوە دەهاتن، شەپۆلیان دەدا. لە جێی خۆی ڕەق بوو، چاوی بە نێو مەمکۆڵان و دارستانی قژی درێژی تا سەر شاندا ساوی. پاشان چاوی بە دووی گەورەی جنۆکاندا دەگێڕا، وەلێ چەندێک چاوی گێڕا، جگە لە چاوی خەواڵوو و مەمک و شان زیاتر هیچ بەدی نەدەکران. چاوی نووقاند و هەستی بە گوناح کرد، بیری لە گەورەی ئەوانگەلدا دەکردەوە، بەر لەوەی داوای ئامادەکردنی سوڵتانی زۆرداری لێ بکات، خۆی گوم کرد. نەیزانی چەندێک لە دۆخی سڕبوونی بەتام و ئاوێتە بە سۆزێکی سەیری خاڵی لە شەهوەتدا، کە جاران هەراسانی کردبوو، تێپەڕی.

لە چاوتروکانێکدا هەموو شتەکان لەچاو ونبوون. جارێکی دی تاریکی



ژێرزەمینەکەی گرتەوە. تروسکەی کزی مۆمەکە بێ هوودە دەیویست کەلەبەرە تاریکەکان ڕووناک بکاتەوە. بەردەوام بەشێوەیەکی ناهەموار ئەو دۆخە دووبارە دەبووەوە، تا ئەو ڕادەیەی لە ژێرزمینەکەدا شەو و ڕۆژی لێ تێک دەچوو.

ڕۆژێکیان باپیری هاتە بەرچاو، بەشکۆ و ڕیشە چەرمووەکەی و مێزەرەکەیەوە، کراسێکی سپیی لەبەردا و دەستنووسێکی بەدەستەوە بوو، پێی گوت؛ ئەوان وا دەزانن ئەم مردووە، نەخێر. بەڵکو زیندووە و دەژێت، ڕۆژێک دێت لەگەڵ فەوزیدا دەگەڕێنەوە ماڵ، فەوزی تا نووکە لە تاریکستاندا دەژێت، تا ئەستێرەی لە تاریکی دەرنەچێت، ناتوانێ ئەو شوێنە جێهێڵێت. سائیب ویستی قسە لەگەڵ باپیریدا بکا و پرسیارێلێکی لێ بکات کە لە مێشکیدا گینگڵیان دەخوارد. لێ باپیری وەکو تارمایی لەگەڵ خۆبزرکردنیدا گوتی:

– جارێکی دی دەگەڕێمەوە لات سائیب، هەرچی ئیستایە دەبێ بڕۆم. لە هەمان ڕۆژدا فەوزیی برای هاتە بەرچاو، تا بڵێی شەکەت و ئاسەواری ئەشکەنجەدانی پێوە دیار بوو، سائیب ویستی خۆی هەڵدا و لە ئامێزی بگرێت، کەچی فەوزی دەستە لاواز و لەرزۆکەکانی هەڵبڕین تا بەری لێ بگرێ، گوتی: نا براکەم لێم نزیک نەبیتەوە. هاتم پێت بڵێم من لە ژیاندام و دەگەڕێمەوە لاتان، بەڵام دەبێ ئەم شوێنە جێهێڵێت، بڕۆ بۆ لای دایە پێویستی پێتە.

مۆمە گەورەکەی دووبستان درێژ بوو کوژاندەوە، ئەو ڕۆژە بۆ یەکەمین جار بەر لەوەی ژێرزەمینەکە جێهێڵێت، ئاوڕی لە بخوردانەکە دایەوە، تا ئەوکاتە دووکەڵی لێ بەرز دەبووەوە، قەیرێک لە سکڵەکان ڕاما، بەئاسپایی دەستی بۆ جامە ئاوەکە برد و بەهێواشی کردی بەسەر پشکۆکاندا، چزەیەکی لێوەهات و دووکەڵێکی تێکەڵ بەخۆڵەمێشی لێ هەستا و خامۆش بوو. لە ژێرزەمینەکە هاتەدەرەوە. کاتی نیوەڕۆ بوو، دایکی لە بانیژەکەوە ڕوانییە سەر باغچەکە و سائیی بەدی کرد، سەیری هات لەم کاتەدا سارداوەکە جێدێڵێت. بەر لەوەی بۆ لای بچێت، ئەو خۆی هات.

لاوازی و بێ هێزی بەشێوەیەکی بەرچاو پێیەوە دیار بوو، دایکی بەپرزە لێبڕاوییەوە پێی گوت:

– تۆ ئەگەر وا بمێنی، ئەوا من زوو یا درەنگ بە باوکت دەگەم، پێت خۆشە سائیب

من بمرم؟

به زمانێک پێشتر نەیبیستبوو، زمانێک گەشبینی و بڕوابەخۆبوونی تێدا بوو، دەموچاوە زەردهەڵگەڕاوەکەی و چاوە بریقەدارە درەوشاوەکەی داگرت و بەتەواوی گۆڕا، گوتی:

– دایە، بڕیارم دا ئیتر نەگەڕێمەوە سارداوەکە، دڵنیا بە.

باوشی لێ دا و بڕوای بە گوێی خۆی نەکرد، گوتی:

– بەڕاستیتە سائیب؟ ئیتر من بەرگەی ئەم وەزعە ناگرم.

– پێم گوتی ئیتر ناگەڕێمەوە سارداوەکە. دەیبینی.

دایکی لەو ڕۆژەوەی سائیب دۆخە سروشتییەکەی خۆی لە دەست دابوو، بەردەوام هاتوچۆی مەلا سادقی دەکرد، کە ناوی وەکو لێزانێک ئەودیوی شتەکان ببینێ و لە ڕێگەی ناو لەپ و ئێسقان و لەوە، دوارۆژ بخوێنێتەوە، ناوی دەرکردبوو. هەروەها بۆ ئەویندارە کلۆڵ و لێقەوماوەکان و ئەو ئافرەتە ناشرینانە دووعای دەنووسی، کە لەسەر قسەی ئەو دەڕۆیشتن و نوشتەکانیان هەڵدەگرت، لە چاو پیاوەکانیشەوە دەبوونە جوانترین ئافرەت. ئەویش قسووری لەگەڵ مەلادا نەدەکرد، دیاریی بۆ دەبرد و چەند قات لە خەڵک زیاتری دەدایێ، لەو ڕۆژەوەی فەوزیی کوڕیان بردووە، پێی لێ نابڕێ، بەر لە دوو ڕۆژ جووتیارانی گوندەکەیان سەردانیان کرد و لەگەڵ دەستیاندا بەرخێک و هێزەیەک ڕۆن و هەندێک ساوەر و قەرەخەرمانیان بۆ هێنا، دوای ئەوەی نانی نیوەڕۆیان لای خوارد و ڕۆیشتن. بەرخەکەی بۆ مەلا سادق برد و داوای لێ کرد ئەمجاریان بەوردی و بەڕاشکاوی دەربارەی هەردوو کوڕەکەی فەوزی و سائیب قسانی بۆ بکات. مەلا سادق لە خەونیشدا دیاریی وای نەدیتبوو، ئەوی لەوانی تری دەست دەکەوێت، لەسەلکە سابوونێک، مریشکە ڕەشەیەک، عەلەشیشێک، مشتێک کشمیش، هۆقەیەک مێوژ، یا خورمای تێپەڕ نەدەکرد. بەدەگمەن چەند قرووشێک یا مەجیدییەک دەچوونە گیرفانییەوە، لە کاتێکدا دایکی سائیب بەڵێنی پێ دابوو نەزرەکەی لیرەیەکی ڕەشادییە، ئەگەرێکو فەوزی گەڕایەوە و سائیبیش لەو شێتیەی ڕزگاری ببێت. مەلا سادق داوای لە ژنەکەی کرد دەرگاکە کلۆم بکات و لە کەسی نەکاتەوە، چونکە دەیەوێت ئەمڕۆ چ توانا و زانیارییەکی هەن بۆ دۆزینەوەی



چارەنووسی فەوزی و سائیب بیانخاتە گەڕ.

ژمارەی پیتەکانی ناوی دایکە و کوڕەکانی بە جیاجیا کۆکردنەوە و دابەشی ژمارە ١٢ی کردن، بەوە گەیشتە کەلووی هەردوو کوڕەکەی، ئیدی کەوتە بەراوردکردنی هەردوو کەلووەکە لەگەڵ ئەستێرەی بەختیان لە ئاسماندا. ئینجا کەوتە دابەشکردنی پارچە سوقان و بەرد بەسەر تەختەیەکدا، کە لمی بەسەردا هەڵخرابوو. لاپەڕەی کتێبە قەبارە گەورەکەی کە لە زۆریی بەکارهێناندا کۆن بووبوو، هەڵدایەوە.. دایکی سائیب بە دووچاوی پڕ لە شڵەژانەوە چاودێریی ڕوخساری دەکرد وترپەی دڵی بەپێی ئەوەی لە سیمای مەلاوە دەیبینی، بەرز و نزم دەبۆوە.

لە کۆتاییدا نیشانەی گەشبینی بە ڕوخساری مەلاوە، کە ئاوڵە کۆمەڵێک چاڵی بچووکی پێوە جێهێشتبوو، شەوقی دەداوە. ئەویش بەمە گەشایەوە.

– .... ئەستێرەی فەوزی و سائیب تا نووکە لە تاریکیدان، بەڵام بەخێرایی بەرەو ڕووناکی دەجمێن. فەوزی لە شوێنێکی تەنگ و تاریکە، بەڵام تەندروستیی باشە و لەم زووانەدا بە سەربڵندی و بە ڕێزەوە دەگەڕێتەوە ناو کەسوکارەکەی، ئەو سوڵتانەشی تووشی ئەم خراپییەی کرد، غەزەبی خوا دەیگرێتەوە و لای دەدات، تاکو سوڵتانێکی تر بخاتە شوێنی. زۆر لەسەر کورسییەکەی نامێنێتەوە. خوا ئەم بەرخەی نارد، تاکو سائیب لە شەڕێکی گەورە بپارێزێت، وەکو ئەو بەرخەی بۆ ئیبراهیم خەلیلی نارد، تا ئیسحاقی کوڕی پێ ڕزگار بکات. ئەو دەرگایەی شەیتان دای خست بەم زووانە بۆ دوو میوان دەکرێتەوە، سائیب زۆری دڵ پێ خۆش دەبێت. یەکێک لەم دوو میوانانە دەبێتە هۆی شفای سائیب و لە وڕێنەکردنەکەی، کە لە سۆنگەی بزربوونی فەوزیی برایەوە تووشی بوو، قوتاری دەکات... خوا دەزانێت...

کات دەمەو ئێوارە بوو، تیشکی لاوازی خۆری کۆتایی ڕێبەندان، باغچە چۆڵەکەی گرتبۆوە، لەوەتی باوکە مردبوو پشتگوێ خرابوو. نیشانەی کەیفخۆشی و دڵشادی سیمای دایکەی داگرتبوو، دایکی قاپێکی شۆربای برنج بە مریشکەوەی تێکرد و گوتی:

– گەدەت وشک بووە کوڕم، ئەم شۆربایە نەرمی دەکاتەوە. دەبێ هێواش هێواش گەدەت بەخواردن ڕابهێنیت.

لاڵە لە خۆشییاندا جێی بەخۆی نەدەگرت. گۆنای ماچ کرد و دەستی ڕادەوەشاند و دەموچاو و هەموو شوێنێکی جەستەی دەجووڵاند. لێی تێگەیشتن دەڵێت:

– سائیب تۆ کەسێکی ژیری. ئەوی ژیر بێت دەبێ تووشی ئاریشە و بەڵا ببێت و بەدڵێکی بتەو و بڕوایەکی بەتینەوە بەرەنگاریی ببێتەوە. تۆ دەبێ لە جێی باوکت بیت بۆمان، باوکتمان خوا لێی خۆش بێت لە دەست دا، ئەو ئیتر ناگەڕێتەوە، بەڵام فەوزیی برات بەم زووانە دەگەڕێتەوە لامان. بۆیە دەبێ بگەڕێیتەوە سەر خوێندنەکەت، بەڵکو وەکو باپیرت ببی بە زانا.

سائیب بێ گوێدان بە قسەکانی لاڵە، بەبێدەنگی نانی دەخوارد. هەرچی دایکی بوو داوای لێ کرد بێدەنگ بێت، تاکو سائیب بێ جاڕسبوون بتوانێت نانەکەی بخوات. لاڵە زانی ناتوانێ دەم خۆی بگرێت، بە ئاماژە تێی گەیاندن دەڕوات لە دەرێ پیاسەیەک بکات.

کاتێ سائیب چووە سەرقاپی دووەم، دەستی لەسەر سکی دانا و گوتی: تێر بووم.

پاش قەیرێک دوای ئەوەی لە چاوە شەکەتەکانی دایکی نۆڕی، گوتی:

– دایە، ئەوی مەلا سادق فەرمووی دووبارەی بکەوە.

دایکی ئەوی مەلا سادق پێی گوتبوو، وەک خۆی گێڕایەوە.

سائیب سەری لەقاند و سەیرێکی بۆشاییەکەی کرد و گوتی:

– من بەخۆم فەوزیم بینی، گوتی بەم زووانە دێمەوە.

دایکی لەسەر ئەم قسانە ڕاهاتبوو، کە بووبووە خوویەکی ناو خێزانەکەیان، باوکە و باپیرەش لەم وڕێنانەیان هەبوو، کە جارجار زۆر و کەم دەیانی گرت، باپیرەش لە سارداوەکە بزر دەبوو و چەند حەفتەیەک خواپەرستیی دەکرد، پاشان لە خۆوە دەردەچوو و لە حاڵەتێکی تەندروستیی زۆر خراپدا بوو. هەرچی باوکە بوو، دوو هاوەڵی هەبوون ئێواران لە ژوورەکەی باپیرە لێی دەمانەوەو  سەرقاڵی ڕوح بانگکردن بوون. لە ئێوارەی ڕۆژی دووەمدا مەیان دەخواردەوە و قسەیان لەسەر سەرەنجامی دانیشتنەکەی دوێنێ دەکرد. دایکە دانیشتنەکانی ڕوح بانگکردنی زۆر پێ باشتر بوو لە سۆفێتی و خواپەرستی لە سارداوەکەدا. هەرچی فەوزی بوو کۆی ئەم شتانەی





بە پڕوپووچ و درۆ و دەلەسە دادەنا. ئەوی دایکی دەهری دەکرد هەندێک جار پەنابردنی بوو بۆ کفرکردن. بڕوای وا بوو هۆی دەستگیرکردنەکەی و بزربوونی دەگەڕێتەوە بۆ تووڕەیی یەزدان لێی. دەبوو دایکی بەرگەی هەموو ئەم شتانەی بگرتبا و دەستیش نەخاتە کاریانەوە. ئا ئەوەتانێ شادترین بوونەوەری سەر ڕووی زەوییە، دوای ئەوەی سائیب لە خۆیەوە ژێرزەمینەکەی جێهێشت و بڕیاری دا جارێکی دی پای تێ نەنێت، ئیدی دوای ئەوە بەلایەوە گرنگ نییە قسەکانی ماقووڵ بن، یاخود وڕێنە.

جارێکیان باپیری نەیگوت لە عەرشەکەی لە بان حەوت تەبەقەی ئاسمانەوە خوای بینیوە؟ کاتێ فەوزی لە بارەی شێوەی خواوە پرسیاری لێ کرد، گوتی؛ تۆپەڵێکە لە تیشکی بڵێسەدار؟ کەواتە ئیدی سەیر و سەمەرەیی لە کوێدایە ئەگەر کوڕەکەی پێداگری بکات براکەی بینیوە؟ کێ دەزانێ ڕەنگە بەڕاستی بینیبێتی...

ئەودەمی لە چای لێنان بووەوە، دەرگای دارینە گەورەکەی ماڵ کرایەوە و لاڵە خۆی بەژووریدا کرد و خەریک بوو لە خۆشییاندا وەهەلەکەسەما دەکەوت، بەدەنگێکی ناڕۆشن گازی سائیبی کرد، سائیب کاتێ ڕەمزیی لەگەڵ هاوەڵەکەیدا بینی واقی وڕما. دایکە دوای ئەوەی شەپۆلی خۆشییەکی سەیر دای گرتبوو، گوتی:

– مەلا سادق ڕاستی فەرمووە، ئەوەتا ئەو دەرگایەی شەیتان دای خستبوو، خرایە سەر پشت. دوای ئەوەی دایکی بەخێرهاتنی ئەو دوو میوانەی کرد، کە سائیب بەتوندی باوشی لێدان، وەکو حەپاسابێت لێیانی دەڕوانی، بیری لەو قسەیەی مەلا سادق دەکردەوە، کە گوتی: یەکێ لەم دوو میوانانە دەبێتە هۆی شفای سائیب و لە وڕێنەکانی قوتاری دەکات.

سەردانەکەی ڕەمزی و ڕۆستەم نەک هەر بۆ سائیب، بەڵکو بۆ دایە و لاڵەش ڕووداوێکی گرنگ بوو، چونکە پێوەندییەکانی ناو خێزانی گەڕاندەوە دۆخە سروشتییەکەی جارانی و کردنەوەی پەنجەرە داخراوەکەی ماڵە بەڕووی جیهانی دەرەوەدا. لە ماوەی چاخواردنەوەکەیاندا لەو بانیژەیەی کە دەیڕوانییە سەر باغچەکە، قسەیەکی زۆر کرا، سائیب ئەو سەرکەوتنانەی ڕۆستەمی لە قوتابخانەدا زۆر پێ خۆش بوو، بڕیاری دا خۆیشی بگەڕێتەوە، بەڵام لە دوای بەربوونی فەوزیی

برای. گوتی خۆیشی پاڵێوراوە بۆ خوێندن لە ناوەندی ولایەتی مووسڵ و دەیەوێت یاسا بخوێنێت.

ڕۆستەم بە وریاییەوە گوێی ڕادێرابوو، تا داوایان نەکردایا زاری هەڵنەدەهێنا. هەینێ ڕەمزی بە سەرسامبوونەوە باسی سەردانەکەی بۆ لای کە سوکاری ڕۆستەم لە دۆڵی کفران بۆ کرد، سائیب گوتی زۆری حەز بە گشتی وا هەیە. ڕۆستەم لە دۆڵی کفراندا بۆ کرد، سائیب گوتی زۆری حەز بەگەشتی وا هەیە. ڕۆستەم بیرۆکەکەی بەدڵ بوو، پێشنیازی کرد لە پشووی بەهاردا، کە نزیک بووەتەوەوە، لەگەڵیا بێن. دایکە تێبینیی ئەوەی کرد سائیب بە شێوەیەکی زۆر ئاسایی دەدوێت و لە کاتی قسەکردنیشدا قسە هەڵنابزڕکێنێت، هەروەها سیمای دەموچاو و جووڵەی چاوەکانی زۆر سروشتین.

کاتێک چوونە ژوورەکەی سائیبەوە، قسەی لەسەر کۆتاییهاتنی سوڵتانی ستەمکار بۆ دەکردن، هەروەها لە بارەی ئەو هەوڵە ناکامانەی باوکی لە پێناوی فەوزیدا دای و تا نووکە شتێک لە بارەی چارەنووسییەوە نازانن. هەر لەبەرئەوەش بوو بابی لە پڕ سەری نایەوە، پاشان بە تێروتەسەلی باسی چوونە خەڵوەتی خۆی بۆ کردن، جەختیشی لەسەر ئەوە کردەوە، کە دەبێ لە هەندێک شوێندا هەڵەی کردبێت، چونکە سەرەنجامی کارەکەی پێچەوانەی ئەوی لە کتێبەکەدا هاتووە ڕووی دا، لە بری ئەوەی گەورەی جنۆکان دوای چل ڕۆژ ئامادەبێت، دوای حەفتەیەک هات و خزمەتەکانی خۆی پێشکەش کرد، ئەوی مایەی سەرسوڕمان بوو هیچ یەکێک لە داواکانی جێبەجێ نەکرد. ئەویش لەو ژیانە قورس و برسییەتی و ماندوویی لە تاریکیی سارداوەکەدا بێزار بوو. ئیدی ئامادە نەبوو جارێکی دی ئەم کارە ئەنجام بدات و نەیدەویست بچێتەوە ناوی.

ڕۆستەم بەلاپرەسەنییەکی سەیرەوە گوێی لە سائیب دەگرت. سەرنجەکانی و هەندێک لە سیماکانی دەموچاوی لە باوکی دەکرد، ئەوکاتی ئەوانگەل دەستیان لێ وەشاندبوو. تەنیا جیاوازی لە نێوانیاندا ئەوە بوو، باوکی بێدەنگ بوو و فزەی لێوە ناهات، کەچی سائیب لە قسەکردن ناوەستێت. ڕۆستەم پێشتر لە شار نەچووبووە هیچ ماڵێکەوە، ئەو لە کاتێکدا گوێی بۆ قسەکانی سائیب ڕادەدێرا و وێنای جیهانە



تایبەتەکەی لە سارداوەکەدا دەکرد، چاویشی لە هەموو شتێکی ماڵەکە دەبڕی، کە پێچەوانەی ئەو وێنەیەوە بوو کە لە مێشکیدا دای نابوو، پێوەرەکەشی ماڵی جیهانگیر بوو. جیاوازیی زۆر بوو لە نێوان ئەم ماڵە و ماڵی جیهانگیردا. یەکەمین شتێک سەرنجی ڕاکێشا شەقامە خاوێنە بەردڕێژکراوەکە بوو، سەرەڕای ئەو زبڵانەی لە بەر دەرگاکان بوون، ئینجاش زۆر پاکتربوون لەو کۆڵانانەی لە پیسی و چڵکاودا نوقوم بووبوون. دەرگا گەورەکەی لە ناوەڕاستەوە مشتە ئاسنینەکەی دەتگوت مشتی دەستە پێوە بوو، لە هەردوولاوە دووسەکۆی دانیشتنی لێ بوو، لەو سەریشەوە کەوانێک دەستەکانی وا شۆڕبوونەتەوە و باوشی لێ داوە، بوونی شتی پەنهان لەودیو دەرگا کلۆمکراوەکەوە بەمێشکی مرۆڤدا دێت. کاتێکیش دەرگا واز دەبێت، هۆڵ و وەتاغێک لەلاوە پێشوازیت لێ دەکەن و بەحەوشەی ماڵە بەخشت هەڵچنراوەکەت دەگەیەنن. باغچە بەرینەکەش پەرژینێکی دارین لە گۆڕەپانەکەی جیا دەکردەوە و بانیژەیەکی لە شووشە دروستکراو دەیڕوانییە سەری، کە درێژەی ئۆدەیەکی گەورەی بە کەلوپەلی ڕۆژئاوا ڕازێنراو بوو. هەرچەندە هۆدەکە ژمارەیەکی زۆری کورسی و قەنەفەی تێدابوون، کەچی ئینجاش دایکی سائیب لەسەر زەوییە مافوور ڕێژکراوەکە دادەنیشت. پەنجەرە بچووکەکەی دەیڕوانییە سەرگۆڕەپانەکە، ئەو ڕاڕەوەی ڕووناک دەکردەوە، کە دەگەیشتە ژوورەکەی سائیب، کە بە ئالی وەتاغەکەی باپیرەوە بوو، ئەم دوو ژوورەش لە هەموویان بەرزتربوون و لەو دیوەوە دەیانڕوانییە سەر هۆڵەکەی بەسەر گۆڕەپانە بچووکەکەوە بوو. ئەمیش دوو ژووری دی لێ دەبووەوە، بەمە ژوورەکان دەبوونە شەش ژوور، ژێریشیان ژێرزەمینێکی نووتەک بوو، چەندین دالانی لێ دەبۆوە.

لە ناوەڕاستی باغچەکەدا شۆڕەبییەکی بڵیند لق و پۆپی بەهەموو لایەکدا بڵاو بووبووەوە. ئەوە ژوورەکەی سائیبە، ژوورێکە لە خۆی زیاتر کەس سەری پێدا ناکات، بە ئارەزووی دڵی خۆی چی دەوێت دەیکات، کەس حەقی بەسەرەوە نییە. دەخوێنێ و دەنووسێ و خوێندنەوەی خۆی دەکات، بێ ئەوەی کەسێک جاڕسی بکات، لە پێشوازیی میوانەکانی خۆیدایە. داخۆ ئەگەر ویستی لە بانشاغ ژوورێکی تایبەتی هەبێت، ئەوا باوکی، یاخود زۆرابی باپیری، یا ڕەمەزان چی پێ دەڵێن؟

ژوورێک بەتەنێ بۆ خۆت؟ هەڵبەت هەموو جۆرە لاقرتێیەکی پێ دەکەن، نەخاسمە لە ڕەمەزانی مامییەوە. ژوورێک بۆ تۆ و ژوورێکیش بۆ قادر و ژوورێکیش بۆ عەباس. ڕۆستەم ئەمڕۆ داوای ژوورمان لێ دەکەیت، دوور نییە سبەی داوامان لێ بکەیت ئاودەست و گەرماویشت بۆ دروست بکەین. چوزانم لەوانەیە داوای چایخانەشمان لێ بکەیت... بێ خواستی خۆی زەردەخەنەیەک ڕوخساری داپۆشی، ئەوکاتی سیمای مامە و ئامۆزاکانی بیرهاتنەوە، کە بێگومان ئێستا بەتەواوی بەهۆی دواکەوتنی بارانەوەبێت. سائیب لە بیرڕۆییەکەی ڕۆستەم ئاگادار بووەوە، بەبزەیەکی دۆستانەوە گوتی: ڕۆستەم، لە کوێی ڕۆستەم؟

ڕەمزی گوتی: وا بزانم بیر لە خوێندنەکەی لە مووسڵ و چۆنیەتی قایلکردنی باپیرەزۆرابی دەکاتەوە.

سائیب بەسەرسووڕمانەوە پرسی: بڕوا دەکەیت هەلی بەنرخی وا ڕەت بکاتەوە؟

ڕۆستەم بەبزەیەکەوە وڵامی داوە: کاکە سائیب، ئەوان بۆیە ڕازی بوون لە کەرکووک بخوێنم، تاکو وەکو مەلایەک بگەڕێمەوە، نەک ئەفەندییەکی فێست لە سەر.

سائیب وەکو پیشەی هەمیشەییی خۆی، مشتێکی دایە بان مێزەکەدا و بەپێکەنینەوە گوتی:

– لەسەر ئەمە دڵتەنگی ڕۆستەم؟ ڕەمزی قەناعەت بە باوکی دێنێت وەک مشوور خۆرێکت مۆرێک لەسەر مەزبەتەکە بدات.

– ئەدی خەرجی؟

ڕەمزی بە قەناعەتەوە گوتی: ئەمە گرفتێک نییە ڕۆستەم، ئەو خەرجییەی لە بابمی وەردەگرم بەنیوەیی دابەشی دەکەین.

سائیبیش گوتی: منیش یارمەتیت دەدەم، تۆ دەبێت خوێندنەکەت تەواو بکەیت، تۆ تاقە کەسی دەخوێنی و لە نەزانیی هۆزێکی گەورە دەردەچیت.

ڕۆستەم بەزەردەخەنەکەی خۆیەوە گوتی:

– من سوپاستان دەکەم بۆ بایەخدانتان بەخوێندنەکەم، ڕاستە گرفتی سەرەکی پارە نییە، وەلێ دەبێ باپیرم زۆراب لەسەر خوێندنەکەم قایل ببێت. ناتوانم بەئاسانی



دەستبەرداری دابونەریتی هۆزەکەمان ببم. کێشە نییە، کەسێک هەیە قایلی بکات.

سائیب بەجۆشەوە گوتی: گرنگ ئەوەیە بەهەر نرخێک بێت لە خوێندنەکەت دانەبڕێیت... ڕاستە ئێمە یەکسەر ناتوانین لە هەموو شتەکان هەڵگەڕێینەوە، بەڵام هەندێک جار خۆ دەبێ بەڕوویاندا بووەستینەوە و کەسوکارمان لەسەریان ڕابێنین.

دایکی سائیب و لاڵە بەهاتنی ئەو دوو میوانە گەلێک دڵخۆشبوون، ئەمەش لە کاتێکدا بوو سائیب زۆری پێویست بەوە بوو لە دەرد و خەمی کەم بکەنەوە و لەو تەنیاییەی دەربێنن، کە هەڵبەت بووەتە ئەگەری جووڵانەوەکانی.

شامی بۆ ئامادەکردن و زۆری لێکردن شەو لایان بمێننەوە، سائیبیش پشتگیری قسەکەی کرد و دڵنیای کردەوە دەرگای حەوشەیان لێ دەگرێ و ناهێڵێت بڕۆن. ڕەمزی دوودڵ بوو، کەچی ڕۆستەم بیرۆکەکەی پەسند کرد بەمەرجێک سائیب لە بەرامبەر دایکیدا بەڵێن بدات ئەویش سەردانی دۆڵی کفران دەکات. دایکی سائیب بەگلەییکردنەوە ڕووی قسەی لە ڕۆستەم کرد و گوتی:

– رەمزی وەکو کوڕی خۆمانە، چەندین جار لێی پاڕاوینەتەوە لامان بمێنێتەوە، بەڵام هەموو جارێک دەست بەڕوومانەوە دەنێت و وەکو کچ شەرم دەکات.

سائیب بڕیاری دا ئەمشەویان لەگەڵدا بەخۆشی بەسەر ببات و تا نیوەی شەو بمێننەوە، چونکە دوای ئەوەی بەدیقەتەوە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی پرۆسەکەی خوێندووە، نووکە لە ڕوح ئامادەکردن شارەزایە.

ڕۆستەم بەلاپرەسەنی و بایەخەوە چاودێریی جووڵانەوەکانی سائیبی دەکرد، کاتێک دەیویست کە شەکە بۆ ڕوح بانگکردن بگونجێنێت، لە مێشکی خۆیدا وێنای ڕوودانی گەلێ شتی دەکرد.

سائیب پەردەی سەرمێزە خڕەکەی لادا، بازنەیەک لە پیتی ئەبجەدی کە بەخەتێکی جوان نووسرابوون، بەدەرکەوت، دەوری هەردوو وشەی «نا» و «بەڵێ»یان دابوو.

دوو مۆمی پێکرد و لە مۆمدانە زیوینەکەی دانان، دوای ئەوەی چراکەی کوژاندەوە، یەکێک لە مۆمەکان و پیاڵە چایە بەتاڵەکەی هەڵگرت و چووە ژوورەکەی ئەودیو. بێدەنگی باڵی بەسەر ژوورە کەم ڕووناکییە سامناکەکەدا کێشابوو، ڕۆستەم ئاوڕی

له ڕەمزی دایەوە، وای هاتە بەرچاو تارماییەکی بێ سیمایە. بەدەنگێکی نەبیستراوەوە چون نەیەوێت ڕوحەکان جاڕس بکات، گوتی: ڕوحەکان بە چاوی خۆمان دەبینین؟

ڕەمزی بە واق وڕماوییەوە سەری لەقاند و گوتی: نازانم.

– دەتوانین هەر ڕوحێکمان بوێت بانگی بکەین؟

– نازانم.

– پێشتر لەم کارانەدا هیچ بەشداریت لەگەڵیدا نەکردووە؟

– نەخێر.

سائیب هاتەژووریێ و بەزمانێکی پڕ لە کەیفخۆشییەوە گوتی:

– بیرتان لە بانگکردنی ڕوحی کەسێکی نزیکتان کردەوە؟

ڕۆستەم لە خۆوە گوتی: من دەمەوێ لەگەڵ نالەگورگەی باپیرەگەورەمدا بدوێم.

ڕەمزی ویستی شتێک بڵێت، وەلێ سائیب پێشی کەوت و پیاڵەچایەکی دایەدەستی ڕۆستەمەوە:

– ئەم پیاڵەیە بگرە و لە ژوورەکەی تەنیشتەوە ئەم دەقە بەزمانی عەرەبی بخوێنەرەوە:

«بسم الله الرحمن الرحيم، يا روح جدى الأكبر نالەگورگە، أرجو من كل الأولياء الصالحين أن يفسحوا لى المجال بمكالمتك».

– گوێم لە دەنگی دەبێت؟

– نەخێر، دوایی دێیتە ئێرە و دەست پێ دەکەین.

– وەلێ نالەگورگەی باپیرم زمانی عارەبی نازانێت.

– هەموو ڕوحەکان لە ئاسمان بەزمانی عەرەبی قسە دەکەن، چونکە لەوێندەر، زمانی فەرمییە.

ڕۆستەم بەرەو ژوورەکەی ئەودیو ڕۆیشت، بیری لە سەید دەکردەوە ئەوکاتی بابی چارە دەکرد، بەزمانی عارەبی پرتەپرتی بوو. عانێ گەڕایەوە سائیب بەدەم هەڵگرتنی پیاڵەکە و نزیککردنەوەی دەمەکەی لە ئاگری مۆمەکەوە گوتی:



– ئێستا بەڕوحی خوالێخۆشبوو نالەگورگەی باپیرت دەست پێ دەکەین.

پیاڵەکەی سەراوقلێپ دانا، پاشان لێ گەڕا سەری قامکی دۆشاومژەی بەر بنی پیاڵەکە بکەوێت و داوای لە ڕۆستەم کرد وەک ئەو بکات. ئەویش سەری پەنجەی لەسەر بنی پیاڵەکە توند کرد. سائیب گوتی: ڕۆستەم ئاوا نابێ، دەبێ بەنەرمی لێواری پیاڵەکە بگریت، تاکو بوار بە جووڵانی پیاڵەکە بدەیت. چونکە لە خۆیەوە بەناو پیتەکاندا دەسووڕێتەوە، ئیدی دوای کۆکردنەوەی پیتەکان وەڵامەکەمان دەست دەکەوێت.

هەردووکیان، خۆی و ڕەمزی تا ئەو ساتەش وایاندەزانی ڕووحەکە دەبینن، یاخود هەر بەلای کەمەوە دەنگی دەبیستن، بۆیە جۆرە بێ ئومێدییەک دای گرتن، لێ جووڵەی لەخۆوەی پیاڵەکە و سووڕانەوە لە ناکاوی بەناو پیتەکاندا، بڕوایانی بەکارەکە پتەو کردەوە.

سائیب خۆی بەبان مێزەکەدا چەماندبۆوە، بەبڕوا بەخۆبوونەوە گوتی:

– ئێستا بپرسە ڕۆستەم.

– چی بپرسم؟

– چی لێ دەپرسی بپرسە، دەربارەی شوێنی، داخۆ لە بەهەشتە یاخود لە دۆزەخ؟

ڕۆستەم وای هەست کرد بۆ شوێنە نەزانراوەکانی گەردوونی دەبات، بەدەنگێکی شێلگیرانەوە گوتی:

– باپیرە نالەگورگە، من ڕۆستەمم، یەکێکم لە نەوەکانت، واتم لە بارەی خۆتەوە قسەم بۆ بکەیت، لەو دنیا بەختەوەری، یاخود بەدەست مەینەتییەوە دەناڵێنیت؟

پیاڵەکە بەئاراستەی چوار پیت جووڵا «ج ب ع ی». کاتێک پیاڵەکە وەستا، سائیب پەنچەی کێشایەوە و گوتی: با بزانین ئەم پیتانە چیمان پێ دەڵێن!

ڕەمزی گوتی: پیتەکان دەڵێن جبعی، وشەیەکە هیچ مانای نییە، وا بزانم دەبێ دووبارەی بکەنەوە.

سائیب بەزمانی شارەزاوە گوتی: نا ڕەمزی، شیمانەی خوێندنەوەی ئەم پیتانە زۆرن، ئەوی تۆ خوێندتەوە شیمانەی یەکەمە. شیمانەی دووەم لە چەپەوە بۆ ڕاستە و

دەڵێت: یعبج، ئەمیش وشەیەکە مانای نییە.

سائیب پیتەکانی لەسەر کاغەزێک نووسین، وشەیەلێکی زۆری نووسین، تا گەیشتە وشەی «عجیب». ئاوڕی لە ڕۆستەم دایەوە و بەسەرسوڕمانەوە گوتی:

– ڕوحی باپیری خوالێخۆشبووت بەوشەی «عجیب» وڵامی دایەوە. دەبێ ئەم بەرسڤەشی بکەینەوە و بگەینە ئەنجامێک.

ڕەمزی گوتی: بۆ دووبارەی ناکەنەوە؟ ڕەنگە ئەمجار وڵامەکە ڕوونتر بداتە دەست.

سائیب بە «نا» سەری هێنا و برد: نا ڕەمزی، خۆی وڵامی یەکەم گرنگە، دەبێ بزانین مەبەست لە وشەی «عجیب» چییە. مانای زۆر لە پشتی ئەم وشەیەوە هەن.

ڕۆستەم برۆکانی لێک نان و گوتی: من دەزانم مەبەست لەم وشەیە چییە، وا دیارە ڕوحی خوالێخۆشبووی باپیرم لە وەرگرتنی فەرمان لە دەوڵەت ڕازی نییە، هەروەها باپیرم زۆرابیش ڕازی نییە، وەلێ چار چییە؟ ناچاری ئەمەیان کردین.

ڕەمزی گوتی: شیمانەیەکی دی هەیە، بوونی تۆ لەم شارەدا و لەم ماڵەش، هەروەها قسەکردنت بەم شێوەیە لەگەڵیدا هەر لای ئەو بە عەجایەب دادەنرێت.

سائیب پرسی: شتی وا لە هۆزەکەتاندا ڕووی داوە عەجایەب بێت؟

– بەڵێ. باوکم بەر لە چەند مانگێک ئەوانگەڵ لە شەودا دەستی لێ وەشاند و تووشی شێتی هات. بردمان بۆ لای سەیدێکی عارەب و لە حەفتەیەکدا چاکی کردەوە، ئێستاش تەندروستیی زۆر باشە.

سائیب بە واق وڕمانەوە پرسی: ئەجندە دەستی لێ وەشاند؟

– بەڵێ، ئەجنە. چەند ڕۆژێک زمانی بەسترا و لایەکی دەموچاوی شەپڵە لێی دا.

سائیب بێ ئاگا گوتی: عەجیب.

ڕەمزی گوتی: سوبحانەڵڵا. بینیت؟ بێ ئاگا قسەکەی ڕوحی خوالێخۆشبوو نالەگورگەت دووبارە کردەوە.

سائیب ئاهێکی پێدا هاتەوە و گوتی: ڕاستە. بەخوا ڕاستە. ئێشەکە سەری گرت، ئێستا پرسیارێکی تری لێ بکە.

بەسەری پەنجەیان بەئاسپایی لێواری بنی پیاڵەکەیان گرت، ڕۆستەم گوتی:



– ڕوحە ئازیزەکەی باپیرەم، تۆ ئاگات لە هەموو ڕووداوێکی ناو هۆزەکەمان هەیە، وەلێ حەز دەکەم ئەوەش بزانم داخۆ لە ئاسمان ئاسوودەیت؟

پیاڵەکە بەئاسپایی جووڵەیەکی کرد و بەدەوری خۆیدا سووڕانەوەیەکی بچووکی کرد، بێ ئەوەی بەسەر پیتێکدا تێپەڕێت. ڕۆستەم بەچاوی پڕ لە پرسیارەوە لە سائیبی ڕوانی، ئەویش بە جووڵە سەیرەکەی پیاڵەکە سەراسیمە بووبوو، ڕەمزی گوتی:

– وا بزانم ڕوحی خوالێخۆشبووی باپیرت شەکەتە و حەزی بەخەوە ڕۆستەم.

سائیب گوتی: ڕوحەکان هیلاکی نازانن، پرسیارێکی بەرچاوی لێ بپرسە، تا وڵامەکە بە ئا یاخود بە نا بداتەوە. پێی بڵێ: تۆ باشی؟

پیاڵەکە بەهێوری جووڵایەوە و لەسەر پیتی نا وەستا. قامکی ڕاکێشا و گوتی:

– وا دیارە ڕوحی خوالێخۆشبوو لە باشیدا نییە، کەی مرد؟

– نازانم، ڕەنگە بەر لە سەد ساڵ زیاتر.

– دەتەوێ پرسیارێکی دیکەشی لێ بکەین؟

سائیب بەر لەوەی چاوەڕێی وڵامی ڕۆستەم بکات، پیاڵەکەی هەڵبڕی و دەمەکەی لە ئاگری مۆمەکە نزیک خستەوە، پاشان گەڕاندییەوە شوێنی خۆی و دەستی نایە سەر لێوارەکەی و گوتی: دەی ڕۆستەم بپرسە.

– ئەی ڕوحە ئازیزەکەی باپیرم، تۆ لەسەر خوێندنەکەم لە ویلایەتی مووسڵ ڕازیت؟

پیاڵەکە لەسەرخۆ جووڵایەوە، پاشان خێرا بوو، دوای ئەوەی بەسەر هەردوو پیتی «أ» و «ی»دا تێپەڕی. لەسەر وشەی «ئا» جێگیر بوو. ڕۆستەم بەخۆشییەکی منداڵانەوە لە شوێن خۆی هەڵبەزییەوە و هاواری کرد: باپیرم لەسەر خوێندنەکەم ڕازییە، ئیدی کەس ڕێگرم نییە.

ڕەمزی گوتی: ڕۆستەم، لە دیوەخانەکەی باپیرت زۆراب دەبێ باسی ئەم شتە بکەیت.

سائیب بەکەیفخۆشییەوە گوتی: بەختت هەیە ڕۆستەم. باپیرت دوو جار لەسەر خوێندنەکەت ڕازی بوو. جارێکیان بە «ئا» و جارێکیشیان بە «بەڵێ» ئیتر چیت دەوێت؟

کاتێک نۆرەی ڕەمزی هات، دەیوت ئیللان و بیللان لەگەڵ ڕوحی ئیمام خدری وەلی قسان دەکەم. پرسیاری هاتنی ڕۆژی حەشری لێ کرد. وەڵامەکەی: «تر» بوو. سائیب و ڕۆستەم خەنینەوە. پاشان سائیب گوتی:

– وەڵامی پرسیاری وا تەنیا لای خودایە ڕەمزی، پرسیارێکی بەجێ بکە.

– باشە. پرسیارێک دەکەم بەلای باوکمەوە گرنگە. ئەی ڕوحی خوالێخۆشبوو باپیرە ئەحمەد، تکایە چارەنووسی بەروبوومی لە ساڵی داهاتوومم پێ بڵێ.

پیاڵەکە نەجووڵا، بێ هوودە قەیرێ چاوەڕوانییان کرد، ڕۆستەم گوتی:

– وا بزانم ڕوحی باپیرت نووستووە ڕەمزی.

– خوالێخۆشبوو لە ژیانیدا زۆر دەنووست.

سائیب گوتی: ڕوحەکان نازانن مانای خەو چییە. وا بزانم ڕەمزی تۆ بەتوندی پەنجەت ناوەتە سەر پیاڵەکە.

ڕەمزی قامکی کێشایەوە، پاشان بەئاسپایی نایە سەر پیاڵەکە، دەستی بە جووڵە کرد، ڕۆستەم گوتی:

– سوبحانەڵڵا، ڕوحی باپیرت لە خەوەکەی بێدار بووەوە.

پیاڵەکە بەسەر پیتەکانی «أ ب ج د»دا تێپەڕ بوو، دوای ئەوەی ئەنگوستیان کێشایەوە، سائیب بە سەرسامییەوە سەری لەقاند و گوتی:

– ڕوحی خوالێخۆشبووی باپیرت لە بەرامبەر مەتەڵێکدا دایناوین.

– هەموو قسەکانی لە ژیاندا بریتیبوون لە مەتەڵ.

– پرسیارێکی دی لێ بکە و قوتارمان بکە لەم باپیرە ئاڵۆزەت.

– باپیرە ئێستا لەو دنیا ئاسوودەیت؟

پیاڵەکە چووە سەر هەردوو پیتی «ب أ».

سائیب بەناڕەزاییەوە گوتی:

– مەتەڵێکی دی ڕەمزی، ڕزگارمان ناکەیت لە باپیرت؟ وا بزانم شۆخیمان لەگەڵدا دەکات.

ڕۆستەم بەشایی بەخۆبوونەوە گوتی: بەکوردی بە با وەڵامی دایەوە. واتە بەڵێ.



سائیب مشتێکی دا بە بان مێزەکەدا، تروسکەی مۆمەکە لەگەڵیدا لەرییەوە، گوتی:

– ئێستا تێگەیشتم باپیری خوالێخۆشبووت مەبەستی لە پیتەکانی چی بوو؟ ویستی پێمان بڵێت ئەو لە ئەبجەدیی زمانی عەرەبی نازانێت.

بەر لەوەی ڕووحی باپیری بانگ بکات و پرسیاری ئاراستە بکات، ڕۆستەم لە شوێنەکەی خۆی هەستا، گوتی پێویستی بە چوونە سەرئاوە. سائیب ڕەوانی کرد و داوای لێ کرد ئارەزووی خۆیەتی ج کونجێک هەڵبژێرێت. تاریکییەکی ئەنگوستەچاو بوو، ئاسمان هەور بوو، ڕۆستەم قەیرێک وەستا، بەقووڵی هەوا ساردە شێدارەکەی هەڵدەمژی، چون بیەوێ شتێ بگرێت دەستی لە بۆشاییەکەدا گڕ دەدا.

سائیب بە سەرسامییەوە گوتی:

– سەرمات دەبێ، ناتەوێ میز بکەیت؟

ڕۆستەم بەکەیفخۆشییەکی سەیرەوە گوتی:

– بڕوانە سائیب، هەست بە شێی هەواکە ناکەیت؟ ئەمشەو دەبارێت؟

سائیب بە کەم زانینێکەوە گوتی: ئینجا چییە؟

دەنگی ڕۆستەم لە تاریکییەکەوە هات و تێکەڵ بەخشەی لقە دارتووە لەرزیوەکەی بەر ڕەشەباکە بوو، گوتی: هەموو دنیا چاوەڕوانی بارانن سائیب، کەچی تۆش دەڵێی ئینجا چییە؟ ئاوا لە ماڵی میللەت دەپرسیت؟

ڕەمزییش ژوورەکەی جێهێشت و بەتەنیشت سائیبەوە وەستا و لە ئاسمانی دەڕوانی، گوێی لە قسەکانی ڕۆستەم بوو، گوتی:

– سائیب، باران لای جووتیار لە کەوتنی سوڵتانی ستەمکار گرنگترە، ئەوان لە دنیای خۆیاندا لە باران زیاتر ناناسن، چونکە نەبارێت، ئەوا برسییەتی هەڕەشەیان لێ دەکات.

سائیب چون خۆی بدوێنێت، گوتی: ئێمەی شاری چەند کورتبینین، بۆ نموونە من حەز دەکەم هیچ باران نەبارێت، چونکە کۆڵان و شەقامەکان دەبنە زەلکاو و قوڕ و ناتوانیت پێیاندا بڕۆیت.

ڕۆستەم دوای ئەوەی دەستی بە ئاو گەیاند، لە تەنیشتیانەوە وەستا، کە سەیری

ئاسمانە ئەنگوستەچاوەکەی کرد، گوتی: وا بزانم ئێستا لە دۆڵی کفران بەهەردوو بەشەکەیەوە، شاخاوی و پێدەشت، باران شەست دەبارێت و گەیشتۆتە ناوەندی سەنجەق.

سائیب گوتی: چۆن دەزانێت؟

– بۆنی دەکەم و بەدەستم هەستی پێ دەکەم.

– ئەی تۆ ڕەمزی، هەمان هەستت هەیە؟

– تا ڕادەیەک. بەڵام نەک وەک ڕۆستەم.

– بەڕاستی سەیرە، من هەر دەبێ ڕۆژێک بێم سەر لە گوندەکەتان بدەم، بەباوەڕی تۆ ئەمشەو باران دەبارێت؟

ڕۆستەم بەبڕوایەکی ڕەهاوە گوتی: من تەواو دڵنیام ئێستا وا دەبارێت و خەڵکی گوندیش ئەمشەو لە دیوەخانەکەی باپیرم ڕۆژ دەکەنەوە، خۆشترین جەژنە خەڵکی ئاهەنگی بۆ بگێڕن، سائیب.

– ئەگەر وایە با ئێمەش ئاهەنگ بگێڕین و بمێنینەوە تا باران دەبارێت. بەڵام ئەگەر ئەمشەو باران نەبارێت چی دەکەیت ڕۆستەم؟

– ئەوکات سبەی تۆ و ڕەمزی لە گرانترین کەبابخانەی شار داوەت دەکەم.

بەر لەوەی سائیب لە جەنگ و ململانێیەکانی دژ بە سوڵتانی زۆردار لەسەر خوانی خڕی ڕوح بانگکردن، ببێتەوە. کە دانیشتنە ڕوحییەکانی باووباپیرانی بینی. گڤە و هاژەی بایەکە لە دەرەوە لەگەڵ ئاوازی لێزمەی بارانەکەی دەیدا بە دیوار و سەربانەکاندا، بەشێوەیەک بەرز دەبووەوە هەر دەتگوت ئاوپرژێنە و ئاسمانی پێدا تەقیوەتەوە. ڕۆستەم بێ ویستی خۆی لە شوێنەکەی ڕاپەڕی و بەرەو دەرگاکە ڕای کرد. ئەو چاڵە بچووکانەی دڵۆپەکان دروستیان کردبوون و ئاویان تێدا کۆ دەبووەوە، هەرکە لێزمە بارانەکەیان بەر دەکەوت، یەک بەیەک دەبوونە بڵقی سەر ئاو. ڕۆستەم بیری چوو ئەو هەموو ماوەیە بە تورکی لەگەڵ سائیب قسانی دەکرد، بەکوردی هاواری کرد:

– ڕەمزی، ڕەمزی، کڵاولەسەرەیە، کڵاولەسەرەیە...



## ٢٢

کاتێک کەریم باسی پێوەندیی خۆی لەگەڵ فاتمەدا کرد، بەلای سنجانەوە شتێکی چاوەڕواننەکراو نەبوو، چونکە بە سروشتی خۆی لە ڕۆژی ژنهێنانەکەی ڕەمەزان و میرزاوە هەستی بەم پێوەندییە کردبوو، وەلێ فاتمە سکی لێی پڕ بێت، ئەمەی بەخەیاڵدا نەدەهات. بە خدێی خۆی لە دۆخی چاوەڕواننەکراوی وادا بێدەنگ دەبوو، لە ڕوخساری ڕاما، لە برۆ ڕەشە بەیەکداهاتووەکانی، چاوە بریسکەدارەکانی، ڕیشە تەنکەکەی، کە هێشتانەکینێ گەنگەمووی تێدا دەبینران، جووڵەی شپرزەی دەستەکانی و هەر سەرنجێک لە دەموچاوی و هەر جووڵەیەک لە جووڵەکانی، بابی دەخستەوە بیر، خۆی هاتە بەرچاو تەمەنی پازدە ساڵانە، لەگەڵ بابی دانیشتووە، کە ئەوکات لە تەمەنی کەریمدا بوو، دەتگوت ئەوە و لە گەشتێکی دوور گەڕاوەتەوە، یاخود کفنەکەی هەڵجڕیوە و گۆڕی جێهێشتووە، تا لە کەسایەتیی کەریمدا سەردانیان بکات. ئەو کەریمەی خودا دایەوە، ئەگەر پەرجووی سەیدە عارەبەکە نەبوایە بۆ چاککردنەوەی، ئەوا دەچووە خانەی مردووان، یاخود خانەی شێتانەوە. عانێ کەریم لەسەر قسەکەی پێی دادەگرت و دەیگوت:

– میمی من ئەم ژنەم هەر دەوێت، ئەگینا ئەمجار بەڕاستی شێت دەبم و ئەژدادی سەیدیش ناتوانن چاکم بکەنەوە.

وەک منداڵێکی کۆرپەی هاتە بەرچاو، ئەوەی باش دەزانی هەمیشە کەریم بەلای هەمووانەوە منداڵێکی بچووک بوو، ئا ئەوەتا پاش ئەوەی چەند ڕۆژێک بە شێتییەکەی ئازاری دان، ڕووبەڕووی گرفتێکی نوێی ئاڵۆزیان دەکاتەوە، دوور نییە درزێک بخاتە نێو هۆزەکەیانەوە، کە لەگەڵ بنعیزییەکاندا یەکیان گرتبوو. پاشان ئەمە پرسی نامووسە، مەگەر هەر خوا بزانێ سەرەنجامەکەی بە کوێ دەگات. لەگەڵ ئەوەشدا کەریم ئەو مافەشی هەیە ئەو ژنەی بەدڵێتی هەڵی بژێرێت.

ئەو لەو ڕۆژەی بە حەزی باوکی ژنی هێنا، تا نووکەش لە ماڵەکەی خۆیدا وەکو میوان دەجووڵێتەوە، بە ئەسپەکەی ئەم دێ و ئەو دێ دەکات و ئۆقرە ناگرێت.

ئەوەتانێ ئێستاش دوای ئەوەی لە داوی کچە جنۆکەکە ڕزگاری بوو، دەکەوێتە داوی جنۆکەیەکی ڕاستەقینەوە، دوور نییە دەستی لێ بوەشێنێت، جنۆکەیەک ئاوەز و دڵی بردووە و بە گوریسێک شەتەکی داوە ناکرێت لێی ڕزگار بێت، دەبێ هەموو شتەکان لە پێناو کەریمدا ئەهوەن بن. ئەگەر هەردووکیان یەکتریان بوێت، دەبێ هاپۆ لە ڕێگەیان لا ببرێت، وەلێ بەشێوەیەک بۆنی ئابرووچوونی لێ نەیەت، هەروەک پەندە کوردییەکە دەڵێت: قوز گایین بە چەپڵەڕێزان نابێت.

بۆیە دەبێ پلانێکی توندوتۆڵ دابنێن، تا ئیشەکە بە ئاسایی بەڕێوە بچێت. ڕۆژهەڵاتبوو، ئاسمانە شینەکە سامالّ بوو، دەتگوت بەدرێژاییی شەوی ڕابردوو دڵۆپێک باران نەباریوە. سەرەڕای ئەو درەنگ مانەوەیەی دوێنێیان. ئینجاش هەمووان بەر لە گزنگ هەستابوون، دوای فراوین.

زۆراب و شێخۆ و ڕەمەزان بەرەو کێڵگەکان ڕۆیشتن، تا بزانن چەند باران باریوە. کاتێ کەریم دڵنیا بوو ماڵ چۆڵە، سنجانی ڕاکێشایە کونجێکەوە، تا بابەتەکەی بۆ باس بکات.

هەرچی مەردان بوو لە قوللەکەیدا مانی گرتبوو و دانابەزی، تا فراوینیان لەگەڵدا بکات. چاوەڕێی ئاماژەی کەریم بوو. سنجان پاش ئەوەی لە مەشکە ژەنین وەستا، بە چرپەوە گوتی:

– کەریم تۆ دڵنیای منداڵەکەی لە تۆیە؟

– بێگومان میمی.

– چی بکەین ئەگەر دوای هاتنە دنیایەوە دەرکەوت لە هاپۆیە؟

کەریم بە یەکلاییکردنەوەوە گوتی:

– فیشەکێک دەنێم بەسەریەوە و منداڵەکەشی سەر دەبڕم.

– خوا نەکا کوڕم تاوانی وا بکەیت.

سنجان قەیرێ بێدەنگ بوو و سەیری بۆشاییەکەی کرد، هەینێ گوتی:

– نامەوێ باری باوکت بەم مەسەلەیەوە قورس بکەم و خۆشیی باران بارینەکەی لێ تێک بدەم، وەلێ بەخراپی نازانم لەگەڵ مەرداندا بڕۆی بۆ لای باوک فاتمە و بۆن



دەمی بکەن، تا  بزانن چی دەڵێت. با بچم نانتان بۆ ئامادە بکەم.

کەریم لە شوێن خۆی هەڵبەزییەوە و بە هەموو دەنگی شیڕاندی: مەردان.... مەردان.

مەردان لە قوللەکە هاتەدەر، بێ ئەوەی دەموچاوی بەخەوەوە بێت. سنجان وایدەزانی تا نووکە نووستووە. هەندێک سەرتوێژی لەگەڵ چەند کولێرەی گەرمدا هاورد، کە ژنەکەی شێخۆ کردبوونی، خستییە بەردەمیان. هەرچی ئەو چوار هێلکەیەی پێش تۆزێک لە قشپلی ئاگردانەکەی نابوون، داوای لێکردن بەخۆیان دەری بێنن و سەیر بکەن بزانن برژاوە یان نا. دوای ئەوەی مەردان بە ئاوی ناو مەسینە گڵێنەکە دەستی شت و شەپێک ئاوی بە دەموچاویدا دا، لە دیوەخانەکە بە تەنیشت کەریمەوە دانیشت و بە لچکی جەمەدانییەکەی دەموچاوی سڕییەوە. چاوێکی نووقاند و سەیری ڕووی گەشی کەریمی کرد، بە جووڵەی سەری بێ ئەوەی ورتە لە دەمییەوە بێتە دەر، پرسیاری ئەنجامی قسەکانی لەگەڵ سنجاندا لێ کرد، کەریمیش بە ئاماژەی دەستی وڵامی داوە، هەموو شتێک تەواوە.

بە ئیشتیاوە نانیان دەخوارد، پاش ئەوەی مەردان دڵنیا بوو سنجان لە دیوەخانەکەوە دوورە، گوتی:

– دوای سەرگرتنی ئیشەکەمان، دەچین بۆ شار بۆ لای مەلا ڕۆستەم، ئەمجار دەبێت بە یەکجار سێ نەفەر کەباب بخۆم.

کەریم لە وەختی چای تێکردندا گوتی: خەون بە کەبابەوە مەبینە، ئەمڕۆ لە دیوەخانی بابی دولبەرەکەم پڵاوساوەر دەخۆین. باش بخۆ ڕێگەمان دوورە.

مەردان بە زمانی شارەزا لە هەموو شتێک، گوتی: نا عەزیزەکەم، زانیارییەکانت ناتەواون، دەتوانم لە قوللەکەوە گوندەکەیانت پێ نیشان بدەم.

کوێخا زۆراب لە کێڵگەکە بە چەقۆکەی نزیک بە دوو بستی هەڵقەنی، ژێری تەڕیی مابوو، لە کاتی هەڵساندا گوتی: ئەلحەمدولیللا، پەڵەی وام نەدیوە، تا نەورۆز بەش دەکات. ڕەمەزان گوتی: ئەگەر کیسەڵە لێی نەدات، ئەوا بەروبوومەکەمان نایاب دەبێت.

سەعاتە ڕێیەک لە ئاوایی دوور کەوتبوونەوە، قەراغی کێڵگەکە جووت نەکرابوو،

ڕەق، ڕێگەیەکی ئاسانی لە نێوان کێڵگە ڕاکشاوەکانی ژێر تیشکی خۆری مانگی ڕێبەنداندا، دروست کردبوو. بایە سارده شێدارەکە ڕێی لەو گەرمییە دەگرت، کە ڕۆژەکە پەخشی دەکرد. کاتێ بەرەو گوندەکە دەڕۆیشتن، لە دوورەوە کەریم و مەردانیان بینی بەبان پشت ئەسپەکانیانەوە بەرەوژوور بە ئاقاری زێی ڕۆخانەدا دەڕۆیشتن. کوێخا زۆراب گوتی:

– کەریم مەردان بۆ کوێ بەکێش دەکات؟

ڕەمەزان بێ ئەوەی گوێیان بداتێ، گوتی:

– چۆن نەشعەی باران بارین ئێمەی هاورد، ئەوانیش بۆ چی زەویی خوا هەیە بەکێش دەکات، هەڵبەت ئەوانیش وەک ئێمە دەیانەوێت ڕادەی باران بارین لە شوێنێکی دی بزانن.

لە ڕێکردن بەردەوام بوون، هێشتانەکینێ نەشئەی باران بارینەکە بەری نەدابوون.

پێوەندیی فەتاح بە هاپۆی خەزوورییەوە باش نەبوو، چونکە ئەو ژن بەژنە گرفتی زۆری لەگەڵ خزم و کەسوکارەکەی بۆ دروست کرد. تەنانەت لەسەر ئەوەی لە دەرەوەی هۆز ژنی هێناوە قسەیان لەگەڵدا نەدەکرد. کچەکەی هاپۆ خۆیشی لە مێردەکەی نارازی بوو، کاتێک لە زەماوەندی مێمکی و کچی پووری باوکی بۆ ڕەمەزان و میرزا سەردانی ماڵی باوکی کرد، ویستی نەگەڕێتەوە، گلەیی و گازندەی بەرامبەر بە ڕەفتاری دڵڕەقانەی مێردەکەی و کەسوکارەکەی نواند، تەنانەت فاتمەش پشتگیری لێ کرد، پاشان ڕای کێشایە گۆشەیەکەوە و داخی دڵی خۆی بۆ هەڵڕشت و جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە هەرگیز بەم شێوەیە ژیان ناچێتە سەر، ئەوان لەم تەمەنەدا پێویستیان بە دوو پیاوی ڕاستەقینەیە تێریان بکەن و ئاڵۆشییەکەیان دابمرکێننەوە، نەک دوو پیاوی قۆتڕ بە درێژاییی شەو کۆخە کۆخیانە و شەقەی تڕیان سەعاتە ڕێیەک دەڕوا و دیوارەکانی ماڵەوەیان بە تف و بەڵغەم سواخ داون. حەبیبەی ژنی فەتاح، کە بە حەبەیان نێو دەبرد، سەیری هات فاتمە لە ژێرەوە پێوەندیی نییە، وایدەزانی فاتمە لە ترسی ئابڕووچوون لێی دەشارێتەوە، بۆیە باسی پێوەندیی خۆشەویستی خۆی بە شوانەکەیانەوە بۆ کرد، کە شەوانە لە ناندێنەکە دەچێتە لای، تاکو ئەویش باسی ئەوی خۆی بۆ بکات، هەینێ دڵنیا بوو کە شتی وای



نییە، هانی دا وەکو ئەو بکات، ئەگینا تێکدەشکێ و چێژی ژیانی ڕاستەقینە لە دەست دەدات. فاتمە بڕوای بە قسەکانی حەبە نەدەهات. بڕوای وابوو دەیەوێت تووشی بکا و ئابڕووی بەرێت، وەلێ کاتێک ناوی دۆستەکەی خۆی پێ گوت و بەدووروودرێژی باسی سەرجێیی و هونەر نواندنی شوانەی لە کاتی کردندا بۆ کرد، فاتمە وروژا و کەوتە حەسرەت هەڵکێشان و لە خەیاڵی خۆیدا لاوی نەناسراوی خەونەکانی وێنا دەکرد. بەسەرسامییەوە پرسیاری کرد ئەو لاوە چۆن بەچنگ بێنێت و دەستپێشکەری قسەکردنی لەگەڵدا بکات و پێی بڵێت؟ بە کورتییەکەی وەکو خۆی گوتی: «لەم لایەنانەوە کۆڵەوار بوو». حەبە بە سادە و ساکارییەکەی پێکەنی. هەردووکیان بەدیار مەنجەڵێکی گەورەوە دانیشتبوون، خۆیان بە ئاگرەکەیەوە خەریک کردبوو و چاویان لە جحێڵانی گوند بڕیبوو، کە بە بۆنەی زەماوەندی ڕەمەزان و میرزاوە سەمایان دەکرد و هەڵدەپەڕین. کەریم بە تەنێ وەستابوو و پشتی دابووە لۆدەکایەکەوە. حەبە پرسیاری ئەو لاوە قۆزەی لێ کرد، کە بەتەنێ لە دوورەوە وەستابوو. فاتمە سەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە؛ ئەوە کوڕی بچووک و گوڵەجەرگەی کوێخا زۆرابە و بۆ لای سەید هاتوون، تا جنۆکە لە سەری دەرهێنێت..

حەبە بەزمانێک بەزەیی تێدا بوو، گوتی:

– فاتمە تۆ بەڕاستی لەم ئێشانەدا منداڵی، دەبێ بەر لە هەموو شتێک ئەوە بزانیت، تۆ جوانیت و هەر چ پیاوێکت بوێت دەتوانیت بە ئاسانی بەدەستی بهێنیت. تۆ پیاوان ناناسیت، وەکو سەگ وان، بۆ هەموو ئافرەتێک لیکاو بەزاریاندا دێت، نەخوازەڵا بۆ جوانێکی وەک تۆ. دۆخی ئەو گەنجە قۆزەی لەوێ وەستاوە پێویست بە بیرکردنەوە ناکات، بێ ئەوەی بەخۆی بزانێت عاشقە، چاوت لە چاوی ببڕە و زەردەخەنەیەکی بۆ بکە، هەموو پیاوەکانی دی پشتگوێ بخە، هەڵسە خێرا بڕۆ بۆ لای، پێش ئەوەی کیژێکی دی بچێتە لایەوە.

قسەکانی حەبەی وەک خەیاڵ دەهاتنە بەر چاو. ئەو بوێریی تێدابوو و زۆریش چووبووە دڵیەوە، وەلێ دەترسێت تەریقی بکاتەوە، دوور نییە کابرایەکی کەللەڕەق بێت، لەو جۆرەی نامووسی خێزانیان بەلاوە گرنگە و نایەوێ تووشی سەرئێشە بێ و ئابڕووچوون و ئاریشەی بەدواوە بێت. کەوتە پاساو هێنانەوە، حەبەش گوێی لە هۆی

ترسانەکەی گرتبوو. حەبە بەهێمنی و بەدەنگێک بڕوابەخۆبوون و بەزەیی تێدا بوو گوتی:

– دەتەوێ گرەو بکەین؟ بچم بۆ لای وەک بەرخ دەستی ڕاکێشم و بیبەم بۆ پەرێزەکە و لەگەڵیا ڕابوێرم و بێمەوە؟ چی دەڵێی ترسنۆک.

فاتمە بزەیەکی کرد و بیرۆکەکەی بەدڵ بوو و حەزی لێ بوو لەگەڵ کەریمدا ڕابوێرێت. هێزێکی ناوەکیی سەیر هانی جووڵە و یاخیبوونی دەدا، بە نازونووزەوە گوتی: ئەی ئەگەر نەیهێشت؟

حەبە بە پێداگرتنەوە گوتی:

– بڕوا بکە، ئەگەر ئێستا تۆ نەڕۆیت، ئەوا خۆم دەڕۆم.

لە شوێن خۆی هەستا و گوتی: چی دەڵێی؟

بەدەنگێکی گەرمی پڕ لە حەزەرەوە گوتی: وا دەڕۆم.

حەبە لەگەڵ گەیاندنی بۆ چادرەکە، گوتی: لێفەیەکی تەنک لەگەڵ خۆتدا بەرە، نەترسی، ئەگەر نەیهێشت ئەوا پلانێکی تری بۆ دادەنێین.

تا بەدەوری لۆدەکەدا سووڕایەوە حەبە هەر چاوی لێ بوو. هەینێ بینییانی لە تاریکییەکەدا لە چاو ون بوون. ئاهێکی بەبەردا هاتەوە، قەیرێک چاوی لێک نان و بێ ویستی خۆی دەستی بۆ ناوگەڵی برد، هەستی چێژێکی سەیر بەگیانیدا دەکشا، دەتگوت شەیتانیی بووە، وەلێ قیژە و هاواری منداڵەکانی دەوروبەری بەئاگایان هێنایەوە.

کاتێ کەریم و مەردان گەیشتنە گوندەکەی فەتاح، ڕۆژەکە نەگەیشتبووە ناو جەرگەی ئاسمان، لافاوی زێی ڕۆخانە بەخوڕایی شەپۆلە بۆرە کاڵەکانی بەتوندی دەدان بەلاپاڵی هەڵدێرەکەی گوندەکەی بەسەرەوە قوت بووبۆوە، چون بیەوێت لە بندا هەڵی بکێشێت و دەرخواردی شەپۆلە پڕ لە لیتە و قەدی درەخت و ئاومالکی بدات. مەردان ئاماژەی بۆ ماڵێکی ئەوسەری ئاواییەکە کرد، بەکۆمەڵێک شۆڕەبی و گورزی قامیشەزەردە دەورە درابوو، گوتی: دلبەرەکەت ئا لەم ماڵەدا پێگەییوە.

کەریم بەهەناسە هەڵکێشانەوە گوتی:



– مەردان، لێم گەڕێ با تۆزێک لێرە بووەستین، لەم شوێنەی فاتمە ڕووناکیی بینی، توخوا جوانترین شوێنی دنیا نییە؟

مەردان لە کاتێکدا لە هاژەی شەپۆلەکانی زێیەکە ڕامابوو، گوتی:

– بێگومان، جوانترین شوێنی دنیایە عەزیزم.

کەریم چون شتێکی بیر کەوتبێتەوە، ملی ئەسپەکەی سووڕاند و گوتی:

– مەردان ئێمە لەسەر هیچ ڕێک نەکەوتین، چییان پێ بڵێین؟

– هیچیان پێ ناڵێین... وا ڕێک نەکەوتین؟ دەتەوێ چییان پێ بڵێین؟ ئەم سەردانە تەنیا بۆ یەکترناسین و بۆن دەم کردنە، دەچووین بۆ تەکیەی بەرزنجی، من پێشنیازم کرد سەرێک لە فەتاحی خزممان بدەین و لە ئەحواڵی بپرسین... ئەمە هەموو شتەکەیە، یاخود پێشنیازی دیکەت هەیە؟

– چۆنی بەباش دەزانیت وا بکە، شتەکان بۆ تۆ لێ دەگەڕێم.

زانی ئەم سەردانە سەرەڕێی و هەڵکەوت نییە وەکو مەردان وێنای دەکرد، هەروەها بەسروشتی خۆڕسکی خۆی زانی کەریم دڵبەند و شەیدای فاتمە بووە، کارەکەش لە چێژ و ڕابواردن دەرچووە، بە نەگریسی ناوی فاتمەی دەهێنا و لە ئەحواڵی دەپرسی، پرسیاری ئەوەشی دەکرد داخۆ ئاسوودەیە؟ چاوی لە کاریگەریی قسەکانی بوو بە ڕوخسار و چاوە سەرگەردانەکانییەوە. تەنیا خۆیان لە ماڵ بوون. ئەو تەندووری دادەخست و ئەمیش پاڵی دابووە سەرینێکەوە و جگەری بەبا دەدا.

بەخۆشییەوە بەرەو پیری مەردان هاتن، کاتێک مەردان جڵەوی ئەسپەکەی ڕادەکێشا، سەگەکەی پاس دەکرد و نەیدەهێشت بێتە پێشەوە، بڕوایان نەدەکرد. هەینێ مەردان پێی گوتن میوانەکەیان کەریم ئاغای کوڕی کوێخا زۆرابی سەرۆک هۆزی دۆڵی کفرانە لە بەر دەرکەیان وەستاوە. لە خۆیانەوە شڵەژان. ئەو ڕای کرد بۆ قاپی و ئەمیش بۆ ژوورێ، شاڵە چڵکنە کۆنەکەی داکەند و شاڵێکی سپیی خاوێنی لەبەر کرد و چووە دیوەخانەکەوە. بەڕەی ڕاخست و بالیفی دانان. شتەکان بەلای کەریمەوە وەکو خەون دەهاتنە پێش چاو، ڕووخۆشی و باشیی فەتاح ئاوێتە بەکەیفی گەشاوە. لەمپەرەکانی نێوانیان تێک دەشکێنن و ڕۆحی باوکایەتی، کە ئاسوودەیی لێ دەبێتەوە، پێ دەبەخشێت.

بەپێی ئەو پلانەی لەسەری ڕێک کەوتبوون، مەردان دەستی بەقسان کرد و گوتی ئەوان بەڕێوەبوون بۆ سەردانی شێخ، ڕاستییەکەی تەنیا ویستیان بەدەم ڕێگەوە سلاو لە خزمەکەیان بکەن و لە ئەحواڵی بپرسن، پاشان بکەونەڕێ.

فەتاح بەبێ ئومێدییەکەوە چاوی لە حەبەی ژنی کرد و گوتی:

– چی دەڵێی حەبە؟ ئەمە ئەو خزمانەتن، کە مێشکی سەرت بردبووم پێیان، هاتوون جگەرەیەک بپێچنەوە بیکێشن و بڕۆن!.

حەبە بە لەنجەولارەوە گوتی: بەخوا ئەسپەکانیان لە شوێنێکی باش دەشارمەوە، ئیدی ئەگەر توانای ڕێکردنیان بە پێ هەیە، ئەوا ئێستا با بڕۆن.

مەردان بە نەگریسییەوە گوتی:

– ڕاستییەکەی کەریم ئاغا پەلەی نییە، وەلێ من خۆم دەمەوێ بەپەلە سەرێک لە شێخ بدەم.

فەتاح لە شوێنی خۆی هەستا و گوتی:

– مەردان، بڕیار لای تۆ نییە. میوانێکی وەکو کەریم ئاغا ئەگەر هاتە ماڵم و گەورەی کردم، ئەوا ناتوانێت بەم ئاسانییە لێی دەربچێت. نووکە لەز بەرخێک دەدەم بەعەرزا و دوایی قسەی خۆمان دەکەین.

کەریم سەیرێکی مەردانی کرد و جووڵەیەکی کرد، مەردان تێگەیشت نەهێڵێت بڕوا بەرخ سەر بڕێت. مەردانیش لە شوێن خۆیەوە ئاماژەی بۆ کرد بێدەنگ بێ و خۆی لەو شتانە هەڵنەقورتێنێت. یەکسەر هەڵساو گوتی:

– مادامەکی سووری لەسەر سەربڕینی بەرخەکە، ئەوا من ڕای خۆم دەگۆڕم، وەلێ مام فەتاح دەبێ بێم یارمەتیت بدەم.

فەتاح بەدڵخۆشییەوە گوتی:

– قسەی وام بەدڵە مەردان.

بەر لەوەی دیوەخان جێبهێڵن. گوتی:

– حەبە تۆ لای ئاغای ئامۆزات بمێنەرەوە، واز لە تەنوورەکە بهێنە، ئێستا بانگی خوارزاکەم دەکەم بێت یارمەتیت بدات.



پاش ئەوەی فەتاح بەرخەکەی سەر بڕی، لە بەر ڕۆژەکە بەسەرەوخواری بەدیوارەکەوەی هەڵواسی. بەلێزانی شەقی کرد و بێ ئەوەی ئاوڕ لە هاوەڵەکەی بداتەوە، گوتی:

– مەردان، تۆ نازانی چەندم دڵ بە هاتنەکەی کەریم ئاغا خۆشە، وەلێ چەندێک تێدەفکرم دەبینم ئەم سەردانەتان بێ مەلامەت نییە. هاتنی کەریم ئاغا لەگەڵ تۆدا لەخۆڕا نییە.

مەردان ئاهێکی بەبەردا هاتەوە، بینی کاتەکە لەبارە بۆ ئەوەی سەری بابەتەکە بکاتەوە، باشترین چارەسەریش ئەوەیە لەخۆوە بێ و پلانی بۆ دانەڕێژرابێت. مەردان لە کاتی یارمەتیدانی بۆ داماڵینی پێستەی شۆڕەوەبووی ورگی بەرخە سەربڕاوەکە، گوتی:

– مام فەتاح، ئێمە دوو دۆستی لەمێژینەی یەکترین، چەندین جار من و جیهانگیر کاتێک پێکەوە کارمان دەکرد سەرمان لێ داویت، هەمیشە لەگەڵ یەکدا ڕاستگۆ بووینە و فێڵ و درۆمان لەگەڵ یەکتردا نەکردووە. ڕاستە یان نا؟

– ئەمە ڕاستە و خوا خۆیشی ئاگادارە.

– تۆ ئێستاکێ پرسیارێکی ژیرانەت لێ کردم، وڵامی ڕاستیشت لە من دەوێت، دەتەوێ بەڕاشکاوی قسەت لەگەڵدا بکەم، یاخود دەتەوێ پێچ و پەنای بۆ بێنمەوە؟

– دەمەوێ بەڕاستگۆیی پیاوان پێم بڵێیت، مەردان. ئیتر پێچ و پەنای بۆچییە؟

– وا بزانم هێشتان کاتی نەهاتووە، دەترسم وڵامەکەی بریندارت بکات.

فەتاح لە پێستە داماڵین وەستا و بە واق وڕمانەوە سەیری مەردانی کرد و گوتی:

– لە قسەکانت حاڵی نابم مەردان، ئێوە دوو میوانی عەزیزی منن، داوای سەرم بکەن، بیبەن. فاک و فیکی ناوێت.

مەردان جگەرەیەکی سیغاری داگیرساند و وێی دا، گوتی:

– باشە مام فەتاح ئەگەر ئەمە ڕای تۆ بێت، ئەوا من باسیت بۆ دەکەم، وەلێ تکایەکم لێت هەیە، ئەویش ئەوەیە ئەمە لە بەینی خۆماندا بێت، ئیتر ئەگەر بە «نا» بێت یا بە «ئا».

– ئەگەر لە توانامدا بێت ناڵێم نا. داوای پیاوێکی وەکو کەریم ئاغای کوڕی کوێخا زۆرابی سەرۆک هۆزی دۆڵی کفران، ڕەت ناکرێتەوە.

مەردان دەستی درێژ کرد و دەستە خوێناوییەکەی فەتاحی گرت و ماچی کرد. فەتاح بەشانازی بەخۆکردنەوە بەئاسپایی دەستی کێشایەوە و گوتی:

– واز بێنە مەردان، من قسەی خۆم کرد و تەواو.

– مام فەتاح، ئەم قسەیەی پێتی دەڵێم تەنانەت کوێخا زۆرابیش پێی نازانێت، سنجانی خێزانی ئێمەی بۆ لات نارد، ئەگەر تۆ ڕازی بیت ئەوا هەموو شتەکان پێک دێن.

فەتاح وەک یەکێک سەبری لێ بڕابێت، گوتی:

– مەردان دەتەوێ لەسەر شتێک ڕازی ببم، نازانم چییە؟ چی لە دڵتایە بیڵێ.

– مەسەلەیەکە ڕەنگە بەلای تۆوە نەختێک قورس بێت، چارەیشی تەنیا لای تۆ نییە، لێ مادام گەیشتینە ئێرە، دەبێ بەڕاشکاوی پێت بڵێم، مام فەتاح کەریم ئاغا داوای دەستی فاتمەی کچت دەکات.

فەتاح چاوەڕوانی هەموو شتێک بوو، وەلێ یەکێک بێ و داخوازی کچە بەشووەکەی بکات، بەمێشکیدا نەهاتووە، چون بروسکە لێی دابێت دەستی لە کارەکەی کێشایەوە، بە واق وڕماوییەوە لە مەردانی ڕوانی. دوای تاوێک لە بێدەنگی بەخۆیدا هاتەوە، بەدەنگێکی کەوتوو هاتەگفتوگۆ، دوایی بەرە بەرە دەنگی نێرتر بوو، گوتی:

– مەردان، دۆخی من و حەبەی ژنم وەک دۆخی باوک و کچ وایە، ناتوانم تەنانەت پەنجەم بەری بکەوێت. زیاد لە جارێک بۆ ماڵە باوانیم ناردەوە، وەلێ چی بکەم ئەگەر هاپۆ لە کەری شەیتان نەیەتە خوارێ، فەرموو بیبەنەوە لەگەڵ خۆتان و قایلی بکەن، من شانازی دەکەم کەسێکی وەکو کەریم ئاغای کوڕی کوێخا زۆراب زاوام بێت.

حەبە چایکردنەکەی دوا دەخست و پرسیاری زۆری لە بارەی خزموخوێشەوە دەکرد، نەخوازە فاتمە، ئەوەیشی دا بەبەر گوێیدا، کە ئەویش وەک ئەم بەدبەختە، دەستپێکی ئەم هەڵەیەش لە هاپۆی باوکییەوە بووە، بۆیە دەبێت ڕاست بکرێتەوە، داواشی لێ کرد بەباوکی بڵێت بێت بیباتەوە، ئەگینا بەتەنێ بەخۆی دێتەوە و چی



دەبێت با ببێت، دڵنیاشی کردەوە کە سوورە لەسەر تەڵاقدان، تەنانەت فەتاح خۆیشی لاری نییە ئەگەر باوکی ڕازی بێت.

کەریم بەبایەخەوە گوێی دابووە هەر قسەیەک لە زاری حەبەوە دەردەهات، نەیدەزانی بەپێچەوانەی باوکە چارەڕەشەکەیەوە، هێندە وریا و سەرنجڕاکێشە. هەر لە میانەی قسەکانیشییەوە زانی ئەو هۆی هاتنەکەیان پی دەزانێت، هەڵبەت فاتمە باسی پێوەندییەکەیانی کردووە، چونکە ئافرەت شێوازی تایبەتی لێکگەیشتن و نهێنی گۆڕینەوەیان هەیە، ئەگینا چۆن گرفتەکەی خۆک وەک لەمێژ بێ یەکتر بناسن بۆ باس دەکات؟ کەریم بەشەرمەوە سەری لەقاند و گوتی:

– خوا کەریمە خوشکێ، خوا هەمیشە لەگەڵ زوڵم لێکراواندایە.

دوای لەتوپەتکردنی گۆشتەکە، فەتاح بانگی کچەی خوارزای کرد، کە خەریکی تەنوورەکە بوو، سی و جگەرەکەی پێ دا و داوای لێ کرد لە تەنوورەکە بۆ میوانەکانی ببرژێنێت، هەرچی حەبە بوو، دوای چا لێنان چوو قاپ و قازان بۆ چێشت لێنان ئامادە بکات.

هەر سێ زەلامەکان تەنیا خۆیان لە دیوەخان مانەوە، بێدەنگییەکی قووڵی پڕ لە پەنهان و سەخڵەتی و سەرسوڕمان دای گرتبوون. فەتاح کە خۆی بەپیاڵەکانەوە خەریک کردبوو، دوو هەستی دژبەیەک دای گرتبوون. هەستی خۆشیی بەخزمایەتیی پیاوێکی بەڕێز و بەناوبانگ و پایەدار، هەروەها هەستی جێهێشتنی یەکجاریی ژنەکەی. وەلێ هەستی دووەمی لەگەڵ غەمی قووڵدا جووت نەبوو. ئەوی پێی دەڵێن خێزانەکەی، جگە لە ئەسپێکی بەلەسەی لە یەکەمین ڕۆژەوە دەستەمۆ و جڵەونەکراو زیاتر هیچی دی نییە. لەو ڕۆژەوە بووەتە ئەسپێکی ڕازاوەی جوانی خۆبەدەستەوە نەداو، ئیدی بۆچی لای خۆی بیهێڵێتەوە؟

پاش ئەوەی لە چای تێکردن بووەوە، بەخۆنازینێکەوە سەری هەڵبڕی و لە چاوە قووڵەکانی کەریمی ڕوانی و گوتی:

– ڕاستییەکەی من ئەمڕۆ زۆر بەختەوەرم، هاتننتان بۆ لام خێر و بەرەکەتە، سەرتان بەرز کردمەوە و گەورەتان کردم. هەموو شتێ قسمەت و نسیبە. ئەوی خوا نووسیبێتی دەبێ ببێ. کەریم دوای ئەوەی لە ئاماژەکانی مەردان تێگەیشت کارەکان

باش بەڕێوە دەڕۆن، گوتی:

– ڕاستە مام فەتاح، هەموو شتێ قسمەت و نسیبە، ئێمەش هەموومان لە لایەن خواوە ئاراستە دەکرێین.

پاش ئەوەی سی و جگەریان بەنانی گەرمی تەندوورەوە خوارد و چایان بەسەردا کرد، فەتاح داوای لێکردن هەلاژێن و پشتێنی لێ بکەنەوە و ئەمڕۆ بیر لە سەفەر نەکەنەوە. ئینجا چون بییەوێت داوای لێبووردن لە هەڵەیەک بکات، کە کراوە، درێژەی پێ دا:

– لە سەرەتاوە من دژی ئەم ژن بە ژنە بووم، کە بەسەرمدا سەپێنرا، مامۆستا چەند جارێک ئاگاداری کردمەوە ژنهێنانی وا ڕەوا نییە و ستەمێکە دژ بە ئافرەتان، وەلێ شەیتان ئیرادەی خۆی بەسەرماندا هەر سەپاند.

مەردان گوتی: قسمەت و نسیبە مام فەتاح.

سنجان بەدرێژایی ڕۆژ لە فکرڕا چووبوو، وەک شێت لەخۆیەوە ڕەفتاری دەکرد، تەنیا دوو تارمایی دەبینی، نەیاندەهێشت شتەکانی دی ببینێت، ئەویش کەریم و فاتمە بوون، دەترسا ئەمجار ئەو پیاوە بەیەکجار تێک بچێت. زۆرابیش کە لە خۆشی باران بارین شوێنی بەخۆی نەدەگرت، ئەو خەیاڵ بردنەوەی لێ بەدی کردبوو، چونکە دوور لە خدێی خۆی پیاڵەیەکی شکاند و شیرەکە لە دەستی ڕژاو پێی نایە بان تەشتە هەویرەکەوە و بەردەوام شەیتانی بەنەحلەت دەکرد.

کاتێک لە دیوەخان لەگەڵ زۆراب و ڕەمەزاندا دانیشتبوو، تا چایان لەگەڵدا بخواتەوە، دوای لێبوونەوەیان لە نانخواردن، زۆراب گوتی:

– وا بزانم باران تاسەی بینینتی بۆ بانشاخ هەستاندووە سنجان، ئەمڕۆ بێدەنگی و لە فکر ڕاچوویتە، چییە خەونی خراپت بینیوە؟

سنجان لە مێشکی خۆیدا چەندین نەخشەی بۆ قایلکردنی زۆراب لە بارەی ژنهێنانەکەی کەریمەوە دانابوو، دوای تێفکرینێکی قووڵ گەیشتە ئەو قەناعەتەی دەبێ ڕاستەوخۆ مەسەلەکەی لەگەڵدا باس بکات، چونکە چارەسەری گرفتی ئاڵۆزی وا بێ زانین و بەسەرپەرشتی ئەو نەبێت سەرناگرێت. ئەگەر هەست بکات شتەکان لە پشت ئەوەوە دەکرێن، ئەوا سەرەنجامەکەی باش نابێت . تەنانەت ئەگەر کێشەکەی



بەهەموو وردەکارییەکانەوە پێ نەڵێت، وەکو مەسەلەی زگپڕبوونی فاتمە لە کەریم، ئەوا خراپ نییە بەشێوازی قایلکردن مەسەلەی پێویستیی هێنانی فاتمە لە لایەن کەریمەوە بخاتە بەرچاو، ئەوەش بڵێت، کە فاتمە خۆیشی ڕازییە.

لە سەرەتادا بڕیاری دا دوای گەڕانەوەی کەریم و مەردان لای فەتاح، ئینجا قسەی لەگەڵدا بکات، وەلێ دڵی خەبەریدا هەر ئێستا پێی بڵێت و هەر دواکەوتنێکیش دەبێتە هۆی دۆڕاندنی مەسەلەکە، ئەوەتا دەرفەت لەبارە، نەخوازە ئەو پێشی کەوت و هۆی داڵغە لێدانەکەی لێ پرسی، دوور نییە ڕەمەزان کەشەکە بۆ گفتوگۆی بێ هەڵچوون خۆش بکات.

وای بەباش زانی بەشێوەیەک باسی بکات، لە هەستەوەرترین ژێ بدات، وڵامی داوە:

– نەخێر زۆراب، خەونی خراپم نەبینیوە، من زۆر دڵم پێتان دەکرێتەوە، ئەگەر لێرە بم یاخود لە بانشاخ، وەلێ بیر لە کارێکی زۆر ئاڵۆز دەکەمەوە، دڵم لایەتی و دەترسم.

زۆراب و ڕەمەزان بەسەرسامییەوە کەوتنە سەرنج گۆڕینەوە، ڕەمەزان گوتی:

– سنجان تۆ نیگەران و ترساو دیاریت، ئینجاش لێمانی دەشاریتەوە؟

زۆرابیش گوتی: دەترسی لەوەی خەمەکانتمان بۆ باس بکەیت؟

– بەڵێ، دەترسم. چونکە ئێوەی پیاو لە هەندێک شت ناگەن، بۆیە دوودڵم لە باسکردنی. دەترسم هەرایەک بنێنەوە و لەبری چارەکردنی، قورەکە خەستتر بکەنەوە.

شێوەی دانیشتنەکەیان گۆڕی و بەشپرزەییەوە سەیری یەکدییان کرد، زۆراب بەترس لێ نیشتنەوە گوتی: سنجان، چی بووە؟ قسە بکە.

– دڵم لای کەریمە، ئێوە هەمووتان وا دەزانن چاک بووەتەوە و هیچی نەماوە، وەلێ دوور نییە نەخۆشییەکەی بۆ بگەڕێتەوە.

ڕەمەزان گوتی: یا ستار، یا ئەڵڵا، هەر ئەمەمان نەقوستان بوو.

زۆراب گوتی: سنجان تۆ هەستت بەشتێک کردووە؟ دوێنی شەو لە دیوەخان وەزعی زۆر سروشتی بوو. چی وای لێ کردی ئەمە بڵێی؟

– من تەواو بڕوام بەوە هەیە، کە دەیڵێم، بەڕاشکاویش پێتانی دەڵێم، با ئەم ڕۆژە گەواهی قسەکانم بێت، ئەگەرێکو ئەمجار خووەکەی بگەڕێتەوە بۆی، ئەوا نە سەیدی عارەب و نە شێخی بەرزنجە و نە خدری زیندە چاری ناکەن، ئەمجار بۆ یەکجاری کەریم لە دەست دەدەین.

زۆراب لە کاتێکدا ترس و سەرسامی دایگرت، گوتی:

– سنجان، من ئیتر بەرگە ناگرم، خەریکە دڵم لە ترساندا دەتەقێت، پێم بڵێ چی بووە و چیمان پێ دەکرێت بۆی بکەین؟

بەدەنگێک نارەزایی تێدا بوو گوتی:

– چارە لای ئێوەی پیاوانە، بەڕاستییش پێتان دەڵێم ئەگەر کەریم شتێکی لێ بێت، ئەوا من خۆم دەسووتێنم.

ڕەمەزان ویستی ئەو کەشە ئاڵۆزە نەهێڵێ، بەهێمنییەوە گوتی:

– ئامۆزا سنجان، ئێمە بانشاخمان جێهێشت و هاتینە ئەم چۆڵەوانییە، تاکو لە سەیدە عارەبەکەی نەوەی پێغەمبەرەوە نزیک بین، ئەمەش لەپێناو چاوی کەریم، ئیدی لەوە زیاتر دەتەوێ چی بکەین؟ ئەگەر لە توانامـاندا بێت شتێکی بۆ بکەین، ئەوا بێ دوودڵی سڵی لێ ناکەینەوە.

زۆراب گوتی:

– ڕەحمەت لە دایک و باوکت ئامۆزا ڕەمەزان، دەمویست ئەمە بڵێم. ئەگەر چارەی بەدەست من بێت. خوا دەستم ببڕێتەوە ئەگەر بۆی جێبەجێ نەکەم.

سنجان گوتی: خوا نەکات دەستت بەبڕین بچێ ئامۆزا، لێ ئەگەر ئێوەی پیاوان ڕازی بن و کەمێک هەوڵی بۆ بدەن، ئەوا کەریم دەبێتە بەختەوەرترین کەسی سەر ڕووی زەوی و بۆ یەکجاریش خووەکەی نامێنێت.

زۆراب گوتی: ئێمەی پیاوان هەموو هەوڵمان دەخەینە گەڕ سنجان، ئێستا پێمان بڵێ چت دەوێت؟

– کەریم ژنی دەوێت، ئەگەر بەدەستی نەهێنێت ئەوا حاڵی خراپ دەبێت.

ڕەمەزان دوای ئەوەی ترسەکەی ڕەوییەوە، گوتی:



– هەر لەبەر ئەمە بوو ئەوەندە شێر و ڕێویت بۆ هێنایینەوە؟

زۆراب لە کاتێکدا ئاهێکی پێدا هاتەوە، گوتی:

– سبەینێ ئەگەر لەوپەڕی دنیادا بێت بووکی بۆ دەگوازینەوە.

– گرفتەکە ئەوە نییە هەر ئافرەتێک بێ و بەس، ئەو ئافرەتێکی دیارکراوی دەوێت، دەترسم بەدەستهێنانی مەحاڵ بێت.

ڕەمەزان بەبڕوا بەخۆبوونەوە گوتی:

– ئەگەر زۆرابی ئامۆزام پای بداتە زەوییا هیچ شتێک لە بەرامبەری مەحاڵ نابێت.

سنجان لە ناخی خۆیدا هەستی بەسەرکەوتن بەسەر دەوڵەتی پیاواندا کرد، لێ بینی هێشتا مەسەلەکە یەکلا نەبووەتەوە و ئەم مەسەلەیەش خاڵی سەرەتایە بۆ خولقاندنی کۆمەڵێک گرفت و ئاڵۆزی، ئەگەرێکو کەریم بیویستایا کچێک بخوازێت ئاسان بوو، بەڵام لەوەدایە دەیەوێت ژنێک بخوازێت، سەرەڕای ئەو ژیانە ناهەموارەی دەیگوزەرێنێت، هێشتانەکینێ لای مێردەکەیەتی. ئەمە لە لایەک، لە لایەکی دییەوە پیاوەکەی، کە هاپۆیە پێوەندیی خێزانی و کۆمەڵایەتیی پتەوی لەگەڵ خێزانەکەی کوێخا زۆرابدا هەیە. ئینجاش کەریم پێوەندیی لەگەڵ ژنەکەی ئەمدا هەیە. ئەم پێوەندییەش بووە هۆی نەگبەتییەک، ئەویش ئەوەیە فاتمە سکی لە کەریم پڕە. ئابڕووچوونێکە سنجان لەو جۆرەی نەبینیبوو. ئەگەر بیرۆکەکە سەربگرێ و زۆراب ڕازی بێت، بەکۆمەڵێک قۆناغی ئاڵۆزدا تێدەپەڕێت، دەبێ هاپۆ و فەتاح لەسەر تەڵاقدان ڕازی بن، باشە ئەگەر تەڵاقیش درا، خۆ دەبێ باوکی فاتمە لەسەر شووکردنی کچەکەی بە کەریم قایل بێت. هەروەها بەر لە خوازبێنیکردنی فاتمە دەبێ پرسێک بە هاپۆش هەر بکرێت، لە هەموو حاڵەتەکاندا دەبێ قەناعەتی تەواو بەوە بێنێت، کە هۆی شووکردنی فاتمە بە کەریم ئەوەیە، کە سنجان بەدڵێتی و داوای کردووە و پێویستی بە ئافرەتێکە لە ماڵەوە یارمەتی بدات، نەکو هاپۆ گومان بکا و بەپێوەندیی نێوان ژنە تەڵاقدراوەکەی و کەریم بزانێت، چونکە دەبێتە هۆی دڵشکان و درز دەخاتە نێوان ئەو دوو خێزانەوە، نەخوازەڵا لە وەختێکی ئاستەنگدا پێوەندییەکی توندوتۆڵ لە نێوانیاندا دروست بووە.

زۆراب دوای ئەوەی هەستی کرد هیچ گۆڕانێک بەڕوخساری سنجانەوە بەدی

ناکرێت، گوتی:

– بۆ لە فکر ڕاچوویتە سنجان، قەناعەتت بەقسەکانی ڕەمەزانی ئامۆزات نییە؟

سنجان هاتەوە خۆی و بەزەردەخەنەیەکەوە گوتی:

– با، قەناعەتم پێیەتی.

– کەواتە قسان بکە، پێمان بڵێ ئەم شانسیارە کێیە مێشکی کەریمی کوڕمی تێک داوە؟

– فاتمە، ژنەکەی هاپۆ.

زۆراب بە واق وڕمانەوە چون قسە لەگەڵ ئاپۆرایەکدا بکات، گوتی:

– توخوا خەڵکینە، ئەمە کارەسات نییە؟

ڕەمەزان دوای قەیرێک لە بێدەنگی، گوتی:

– کارەساتی لەوەش گەورەتر هەیە کوێخا زۆاب، ئەویش ئەوەیە خوانەخواستە کەریم لە دەست بدەین.

زۆراب بەتووڕەییەوە ئاوڕی لە سنجان دایەوە و گوتی:

– دەترسم شتێک هەبێت لە بەینیانا!!

سنجان بەجووڵەیەکی نمایشکارانەوە گوتی: ئەستەغفیرەڵڵا زۆراب، ئەم قسەیە چییە دەیکەیت؟

کوێخا زۆراب بەتووڕەییەوە گوتی:

– باشە چۆن دەتەوێت دەست بۆ نامووسی خەڵکی درێژ بکەین سنجان، دەبێ بچین بۆ لای هاپۆ و پێی بێژین هاتووینە داوای دەستی ژنەکەت بۆ کوڕەکەمان بکەین؟ شتی وا تەنانەت لە شەریعەتی کافرانیشدا نییە!!.

سنجان هەستی کرد ئەو خاڵە مەترسییەی پێشبینی دەکرد وا لە پێشی قوتبۆوە، بۆیە دەبێت زۆر ئاگادار بێت و هەموو چەکێک بۆ برینی ئەم خاڵە بەکار بهێنێت، وەکو ڕاکێشانی ڕەمەزان بۆ پشتگیریکردن لە بیرۆکەکەی، سەیرێکی کرد و گوتی:

– ڕەمەزانی ئامۆزان قسەیەکی جوانی کرد، دەبێ چارەنووسی کەریم لەپێش هەموو شتێکەوە دابنێین، ویژدانت قەبووڵ دەکات کەریم ڕیش بەرداتەوە و بەسەری



ڕووتەوە دێ بە دێ بگەڕێ و منداڵ گاڵتەی پێ بکەن؟ ئەوکات ڕۆستەم چی دەڵێت کە باوکی بەو شێوەیە ببینێت؟ بەهەزار ئەلحەمد و قولو وەڵڵا لە چنگی شێتی ڕزگارمان نەکرد؟ هەر لە پێناوی چاوی کەریم نەبوو مامە میرزامان بەخۆی و ڕەشماڵییەوە بۆ ئەم چۆڵەوانییە بەکێش نەکرد؟ حاشا ئەگەر من و تۆ و ڕەمەزان و مامە میرزا لە پێناوی فەرماندا هاتبینە ئێرە، بەخۆت نەتگوت لێرە بەتەنیشت سەیدە عارەبەکەی نەوەی پێغەمبەرەوە دەمێنیتەوە؟

لەپڕمەی گریانی دا و بەزەحمەت قسەی پێ دەکرا:

– بەو خودایە، هەر شتێک بەسەر کەریمدا بێت، من خۆم دەسووتێنم.

زۆراب بەئازارەوە گوتی:

أعوذ بالله من الشیطان الرجیم، وا دیارە هەموو ئەم شتانە لە ناوچەوانمان نووسرابوون.

ڕەمەزان بەهێمنییەکەی خۆیەوە، سیمای بیرکردنەوەی قووڵ و گەشبینی پێوە دیار بوو گوتی: بڕوانە کوێخا زۆراب، ئامۆزا، هەموو شتێک لە پێناو کەریمدا ئەهوەن دەبێتەوە، ئێستا قسەی زیاد سوودی نییە، دەبێ بیر لەوە بکەینەوە چۆن ئەم گرفتە چارەسەر بکەین، ئەم هاپۆ تڕکنە کەللەبارگیرە عانەیەک ناهێنێ، ئەم منداڵەی چون منداڵێک پاسارییەکی گرتبێت، ئاوا بەند کردووە. بەخوا زوو بێ یا درەنگ ئەمەی پێی دەڵێن ژنهێنان هەڵدەوەشێتەوە، مام فەتاح بەخۆیشی نارازییە، خۆ خۆت گوێت لێ بوو هاپۆ دەیگوت کچەکەی نایەوێت لای پیاوەکەی بمێنێتەوە. بڕوا دەکەی ئەم دۆخە بەردەوام بێت؟

باری دەروونیی کوێخا زۆراب گۆڕا، کاتێک گوێی لە قسەکانی سنجان و ڕەمەزان دەگرت، چەندین وێنەی بەخەیاڵدا هاتن، ئەوشەوەی بیر هاتەوە، کە خەونی بە جنۆکەکەوە بینی و لەگەڵیدا ڕای بوارد، ئینجا بۆ بەیانی تووشی لاڵی و دەست لێ وەشان هات، پاشان پێشنیازی پیرە قەرەجەکە بۆ ژنهێنانی، دوایی سیمای کرژبووەوەی کەریمی، دوای ئەوەی ئەوانگەل دەستیان لێ وەشاند هاتە بەرچاو، قومێکی لە دار جگەرەکەی دا و گوتی:

– بێگومان بەرژەوەندیی کەریم لای من لە سەرووی هەموو شتێکەوەیە، وەلێ

نامەوێت گرفت دروست ببێت و ببێتە هۆی دڵشکان و دابڕانی هاپۆ. خوێنمان لەگەڵ ئەماندا تێکەڵ بووە و لەگەڵیاندا بووینەتە یەک ماڵ.

شەوی بارانەکە لە دیوەخانەکەی کوێخا زۆراب درەنگ هەستان، هەرچەندە بڕیاریان دابوو تا بارانەکە لێی نەکاتەوە دیوەخان جێ نەهێڵن، وەلێ نەیانتوانی لەسەر قسەی خۆیان بمێننەوە، چونکە بارانەکە لە توانای ئەوان بەهێزتر بوو، بۆیە خۆیان دایە دەستی خەوەنووتکەوە، پاشان قەناعەتیان هێنا، کە باران ئەرکی خۆی بەجێ گەیاندووە و زیاد لە پێویست بەناخی زەویدا ڕۆچووەتەخوار، بەپێچەوانەی ئەوانی دییەوە، هاپۆ بێدار بوو و تاقەتی تێدا مابوو.

وا دیار بوو ئەو خورما بەکونجییەی بە بۆنەی باران بارینەوە دابەشیان کرد وزەی پێ بەخشی و زەوقی هەستاند، بڕیاری دا ئەمجار بەخۆشی بێت یا بەناخۆشی ژنەکەی بداتە عەرزاو سواری بێت. لێ گرفتەکە لەوەدا بوو، ئەو نەعلەتییە بەڕۆژەوە چەندین جار کوندە ئاو لە زێیەکەوە دەگوازێتەوە و بەدرێژاییی ڕۆژ بارگیرئاسا کار دەکات، گەلێک لەو بەتواناترە، جارێکیان هەوڵی دا بەزۆر دەرپێکەی لە پێ داکەنێت، کەچی لە ئەنجامدا دەستی بادا و بەکەوگیرە دارینەکەشی دەیدا بەسەریا، هەڕەشەشی لێ کرد جارێکی دی لێی نزیک بێتەوە دەیکوژێت.

کلیلە دارینەکەی خستە کونە چوارگۆشەکەی دەرگاکەوە، لەسەرخۆ و بێ چرپە کردییەوە. هەریەکەیان بەتەنێ لەسەر زەوییەکە دوور لەیەک دەنووستن، کوانووەکە لە نێوانیاندا بوو. یەکەمین شەوی لێ دەرچێت، کە وەکو مۆتەکەیەک تێپەڕی و لێی نابێتەوە، ئەگینا لە یەک نوێندا پێکەوە نەنووستوونە. شەوێک بوو خوێن تێکەڵ بە کێم و خەوزڕان و مۆتەکە بووبوو، ئەوە یەکەمین و دوا جار بوو زەفەری پێ برد و لاقەی کرد، ئیدی لە دووەمین ڕۆژەوە بڕیاری دا بەتەنێ بنوێ و نەهێڵێت توخنی بکەوێت.

لە سەرەتاوە چەکی ئەو نینۆکە تیژەکانی بوون، مەگەر هەر هاپۆ بزانێت چەند بەئێش بوون، پاشان بەتێپەڕبوونی کات چەکەکەیشی بەرەوپێش چوون، تاکو ئەسکوێ قورسە لە دار بەڕوو دروستکراوەکەی دۆزییەوە، ئیدی ئەوە باشترین چەک بوو هاپۆ سڵی لێ بکاتەوە. جارێکیان هاپۆ دەستی لێ دایە خەنجەر و هەڕەشەی لێ



کرد، هەر هێندەی زانی لە ناکاو شتێک بەر دەستی کەوت و حەفتەیەکی لەکار خست، هەر جارێکیش لێی بدایا لەگەڵیدا دەیگوت: پیرەکەمتیار.

لە تاریکییەکەدا بەلەپەکوتێ و بەهەنگاوی گەورەوە خۆی گەیاندە جێگەکەی، هەناسە یەک بەدوای یەک و قووڵەکانی مارەکانی حەزیان بەئاگا هێنانەوە، ئەو لە خەوێکی قووڵدا بوو، ئەوە بەمێشکیدا هات لە خەودا پەلاماری بدا و سواری بێت، لە تاریکییەکەدا دەستی بۆ پزووی دەرپێکەی برد، ڕای کێشا گرێکەی کردەوە و فڕێی دایە لاوە، پاشان بەئاسپایی دزەی کردە نوێنەکەیەوە. فاتمە هەر بەهەمان جلەکانی ڕۆژییەوە دەنووست و دەرپێیەکی درێژی لە پێ دەکرد. بەتەنیشتییەوە ڕاکشا و خەیاڵی قاچ و ڕان و سکی دەکرد. بەئاسپایی دەستی بۆ ژێر لێفەکەی برد، لە هەموو ساتێکدا چاوەڕوانی لێدانێکی لە ناکاوی دەکرد، لەسەر پشت ڕاکشابوو، بیری کردەوە، ئەگەر ئەم دەرپێ نەعلەتییە بەنەخوێنداره نەبوایا، کە مەگەر هەر خوا بزانێت گرێکەی لە کوێیە، کارەکە ئاسان دەبوو، نەخوازەڵا لەسەر پشتیش لێی کەوتووە، قاچەکانی لێک دوور کردوونەتەوە، دەکرا خۆی ئامادە بکا و لێفەکە لا بدا و لە چاوتروکانێکدا چەکەکەی لە زێی بچەقێنێت، ئەوکات دەتوانێت دەست لە ناوقەدی گیر بکات و بەری نەدات، تاکو ئاگری شەهوەتی لەناودا بەتاڵ دەکاتەوە. ئیدی دوای ئەوە چی دەبێت با ببێت. وەلێ چۆن شتی وا دەکرێت، لە کاتێکدا ئەم دەرپێ نەفرەت لێ کراوە بووەتە لەمپەرێک لە نێوانیاندا؟

دەستی ڕاستی بەنەرمی بەبان سکە لووسەکەیدا بەرەو خوارەوە بۆ ناوەڕاستی خشاند، هەینێ گەیشتە دەرپێ توند شەتەک دراوەکەی، وەستا، بەقامکەکانی لەگەڵ بەنەکەدا ڕۆیی، بەڵکو گرێکەی بدۆزێتەوە. نەرمیی هەناسەی تێکەڵ بە هاژەی بایەکە و لێزمەی بارانەکە دەبوو، کە بەدیوار و سەربانەکەیدا دەکێشا. قامکەکانی گەیشتنە ئەوسەری ناوقەدی لای چەپی، بێ ئەوەی گرێکە بدۆزێتەوە. بەئاسپایی چووە سەر لای ڕاستی، لەوسەرەوە قامکی بەری کەوت، لە گۆشەی نێوان کەمەر و جێگە ڕەقەکەبوو. لە خۆشیی دۆزینەوەی گرێکە دڵەکوتێی پێ کەوت، کەچی بە بزربوونی دڵتەنگ بوو، ویستی بەنەکە ڕاکێشێت، کەچی لەم کاتەدا پرخەیەکی کورتی کرد و هەڵگەڕایەوە سەر لای ڕاستی، ئیدی گرێکە ڕاست کەوتە ژێرییەوە، هەر هێندەی

لەسەر لاتەنیشت جێگیر بوو، وەکو پێشوو بەڕێکوپێکی کەوتە هەناسەدان. ئاخی بۆ ئەو هەلە هەڵکێشت، کە لە دەستی دا، بیری لە ڕێگەیەکی دی کردەوە.

هەوکە وا لە بەردەمێتی، خۆی گرمۆڵە کردبوو، ئەژنۆکانی نووشتاندبوونەوە و گەیشتبوونە مەمکەکانی.

بەبانیدا تێپەڕی و چووە ئەودیوییەوە، ناولەپی بەدواوەیدا، کە لێفەکەی بەسەرەوە نەبوو، هێنا. گەرم بوو، هەستی کرد چووکی وا هەڵساوە، چەندین مانگە وا نەیبینیوە، بیری لەوە کردەوە بەقەڵەمبڕەکەی بەنەخوێنەکەی ببڕێ و دەرپێکەشی بدڕێنێ، لە کاتێکدا بە وریاییەوە سەری پەنجەی بە دواوە ساف و لووسەکەیدا دەهێنا، سەری پەنجەی بەر کونێک کەوت، کە لە ناوەڕاستی دواوەیدا بوو، ئاهێکی بەبەردا هاتەوە، هەوڵی دا کونەکە گەورە بکاتەوە، چەندێکیش سەری پەنجەی بەر گۆشتە نەرمەکەی دەکەوت، زیاتر گڕی دەگرت و وریایی کەمتر دەبووەوە، بەشێوەیەک بێ ئەوەی ئاگای لەخۆ بێت کونەکەی هەڵجڕی و لەسەر چۆک وەستا، ویستی چووکی بکاتە ئەو شەقەی تا زێی درێژەی هەبوو، خۆی لە بیر کرد و وای زانی لە ئیشەکەیدا سەرکەوتنی بەدەست هێنا. بەهەردوو دەستی فاتمەی گرت و خوارەوەی ڕووەو نیشان، کە لە پێکانی هەڵەی کرد، پاڵنا، هەینێ ویستی دووبارەی بکاتەوە، فاتمە چون پشیلەی بریندار لە شوێن خۆی ڕاپەڕی، بێ ئاگا بەهەردوو دەستی پاڵی پێوە نا، بەر لەوەی بەناوی خۆیەوە گازی بکات، گوێی لە زرمەی سەری هاپۆ بوو دای بە زەوییەکەدا، لە تاریکییەکەدا بەناڵینەوە گوتی:

– فاتمە، سەرت شکاندم، بۆوا ئازارم دەدەیت؟

ددانی جیڕ کردەوە و بەتووڕەییەوە گوتی:

– بەحەقی ئەمشەوە، ئەگەر جارێکی دی پەنجەت بەرم بکەوێت، دەستت دەبڕم، هەی پیرەکەمتیار.

دەنگی هاپۆ لە تاریکیەکەوە دەهات دەلالایەوە:

– فاتمە، حەیاتەکەم، دەست و قاچت ڕادەمووسم، بهێڵە بەس قلێک بکەم، تەنیا ئەمجار.

فاتمە بلەز ڕاستەپێ هەستا و دەرگاکەی کردەوە، ڕاست بەرامبەری میزی کرد،



خوششەی میزەکەی تێکەڵ بەدەنگی بارانەکەی سەربانی دەکوتایەوە، بوو. هاپۆ زیاتر خرۆشا، لەودەمەی گرێی بەنەخوێنەکەی توندتر دەکردەوە گوتی:

– هەزار جارم پێ گوتی تامی ناکەیت، ئیتر بۆ واز ناهێنیت؟

لە کاتێکدا دەسی بە چووکە دامرکاوەکەیەوە گرتبوو، بەلالانەوەوە گوتی:

– فاتمە، تەنیا جارێک، چیت دەوێ دەتدەمێ، لیرەیەکی ڕەشادیم لە باوکمەوە بۆ ماوەتەوە دەتدەمێ. تەنیا یەک جار زیاتر نا، دەستت ماچ دەکەم.

خۆی پەستایە جێیەکەیەوە و گوتی:

– لیرەکە بۆ خۆت هەڵگرە، بۆ دوا جار ئاگادارت دەکەمەوە، ئەسکوێکە وا بەتەنیشتمەوەیە، ئەمجار پەنجەت بەرم بکەوێت دەست لەخۆت بشۆرە، هەی بێ شەرم.

– فاتە تۆ ژنی شەرعی منی، لەو دنیا لە خوا ناترسیت؟

– لێم گەڕێ بابنووم، هیلاکم.

هاپۆ دوای ئەوەی خۆیدایە دەستەوە، وایزانی ئیرەیی دەجووڵێنێ، گوتی:

– قەبووڵ دەکەیت ئێستا بچم لەگەڵ ماکەرەکەدا ڕابوێرم؟

ئەویش بەدەنگێکی هیلاک و گوێ پێ نەداوە، گوتی:

– برۆ، حەز دەکەیت لەگەڵ سەگدا ڕابوێرە، گرنگ ئەوەیە بەلای مندا نەیەیت.

– شۆخیت لەگەڵدا ناکەم فاتمە، بەڕاستی دەیکەم.

بارانەکەی بەر سەربانەکە دەکەوت کەریمی بیر دەخستەوە، ناولەپی بەسەرسکیدا دەهێنا، چون هەست بەپاشماوەکانی بکات، بۆ ئەوەی شتێکی لە جەستەیدا هەڵگرێت، بەر لە چوونی بۆ ناو جێ خۆی نەشوشت، کاتێک دوا قسەکانی بیرهاتنەوە، حەسرەتی هەڵکێشا:

– دەبێ شتێک بکەم.

پێوەی دیار بوو شتێک هەر دەکات، هێز و سووربوونی زیاتر بوو، گوتی:

– هاپۆ چیت لە دەست دێت بیکە، گرنک ئەوەیە توخنی من نەکەویت.

ویستی بۆ تەویلەی گوێدرێژەکان بچێت، زۆر شەکەت بوو، کێشانی سەری

بەزەوییەکەدا ژانەسەرێکی لای چەپییەوە دروست کرد. هەرچی چووکی بوو سەرەڕای گەرمیی دەستی بووە پارچە پەڕۆیەک، بەر لەوەی ئەو خۆی بداتە دەست خەوەوە، پرخەی ئەم تاریکییەکەی دەبڕی.

کەریم و مەردان دوای نانی نیوەڕۆ لای فەتاح یەکسەر گەڕانەوە گوندی زۆراب. چونکە داوای لێبووردنیان کرد، کە لەبەر زۆری ئیشیان ناتوانن بمێننەوە. فەتاح تکای لە مەردان کرد سڵاوی بە هاپۆ بگەیەنێ و پێی بڵێت حەبەی کچی بۆ دوا جار بۆ دێنێتەوە و فاتمەش لەگەڵ خۆیدا دەباتەوە. بۆیە با خۆی بۆ تەڵاق تەیار و ئامادە بکات و هیچ گرفتێک نەنێتەوە. هەروەها پێشی باشترە جیابوونەوەکە بەئاشتییانە و برایانە بێت.

هەردووکیان لە خۆشییاندا بەئەسپەکانیان پێشبڕکێیان دەکرد. لە ڕێ ڕەوە ئاسکێکیان بەدی کرد، ڕێگەیان لێ برین و لەودیو گردێکەوە خۆیان مات دا. مەردان توانی ئاسکێک بپێکێ و لەسەری بدات. کە گەڕانەوە نانی شێوانی گشت خێزانەکەیان دابین کردبوو. بەر لەوەی ڕۆژەکە لەودیو ئاسۆگەکەوە ئاوا بێت، پەڵەهەورەکان بەخێرایی بەری ئاسمانیان گرت، سەرلەنوێ بارانەکە دای کردەوە. کوێخا زۆراب بە مەردانی ڕاگەیاند بەدوای هەریەک لە میرزا و سەید و هاپۆدا بچێت، بێن نانی شێوان لای ئەو بخۆن. دوای ئەوەی مەردان بۆ لای میرزا و سەید چوو، لای دایە لای هاپۆ، تا پێی ڕابگەیەنێت. مەردان هەستی کرد ڕەوشی ماڵەوە سروشتی نییە، هاپۆ لە دۆخێکی دەروونی زۆر خراپدا بوو، دەتگوت گۆڕاوە و چووەتە ناوتەمەنەوە، هەینێ پێی ڕاگەیاند لای کوێخا زۆراب داوەتی گۆشتی ئاسکە، مگێزی کرایەوە. جگەرەیەکی دایێ، فاتمە لە بەرامبەر ئاگردانەکەدا کڕ و هێمن دانیشتبوو جلەکانی پینە دەکردن، مەردان پێی باش بوو ئەوی مام فەتاح پێی گوتووە پێی ڕابگەیەنێت باشترە، چونکە ڕەنگە بارە خراپە دەروونییەکەی ببێتە هۆی قایلبوون بە تەڵاقدانی. ڕووی لە فاتمە کرد و پێی گوت:

– ئەمڕۆ چووم بۆ ڕاو، گەیشتمە دێیەکەتان و سەرێکم لە باوکت دا.

فاتمە گەشایەوە و سیما خەمۆکییەکەی گۆڕا و گوتی:

– توخوا سەرت لە باوکم دا؟ چاکت کرد، دەنگوباسی چییە؟ چی گوت؟ حەبە



چۆنە، چییە گوت؟

مەردان سەیرێکی هاپۆی کرد، بینی بێ خوڵقتر بوو، ویستی وەک یەکێک بیەوێت لە بازنەی خەمۆکییەکەی دەربچێت، یاخود وا نیشان بدات گرنگییان پێ دەدات، پرسی:

– وەزعیان چۆنە؟ داخۆ ئاسوودەن؟

– ئەوان باشن. زۆر سڵاوتان لێ دەکەن و لە ئەحواڵتان دەپرسن، حەبەش سڵاوی لێ دەکردی و گوتی؛ دەستی باوکم ماچ دەکەم و داوای کرد بچی بیبەیتەوە، چونکە ئیتر بەرگە ناگرێت. مام فەتاح گوتی بەخۆی دەیهێنێتەوە و فاتمەش دەباتەوە. تکاشی دەکرد با تەڵاقدانەکە بە ئاشی و برایانە و بێ سەرئێشە بێت.

فاتمە لە کاتێکدا گەشبینی هەموو گیانی داگرت، گوتی: منیش ئەمەم دەوێت، بەهیوام بگەڕێمەوە ماڵی باوکم.

– دەمت داخە، قسە بۆ تۆ نەهاتووە.

هاپۆ وای گوتی، پاشان ئاوڕی لە مەردان دایەوە و بەردەوام بوو:

– با بێ و کچەکەی بباتەوە، وەلێ دەبێ تفەنگەکەم بۆ بگەڕێنێتەوە، ئەگینا تەڵاقی نادەم.

هەرچەندە مام فەتاح ناوی تفەنگی لا نەهێنابوو، مەردان زانی ئەمە لەبان مارەییەکەیەوەیەتی. بۆ ئەوەی بەهانەی ببڕێت، گوتی:

– بێگومان مام هاپۆ تفەنگەکەت بۆ دەگەڕێنێتەوە، وەکو پێم گوتی، ئەو دەیەوێت هەموو شتەکان بەئاشتییانە و بێ قرەقڕ تەواو بن.

بێدەنگی دای گرتن. لە دەرێ بارانێکی بەخوڕ دەباری، وەکو دوێنێ شەو سەربانی دەکوتییەوە و دەیدا بەدیوارەکاندا، بەمە دڵی هەموویانی خۆش دەکرد، وەلێ ئەو نەشئەیەی فاتمە گرتبووی هاوتای نەبوو.

مەردان دۆخی بێدەنگییەکەی بڕی و گوتی:

– مام هاپۆ، با ئێمە بڕۆین، ئەوان لە دیوەخانەکەی کوێخا زۆراب چاوەڕوانمانن.

سنجان لە بۆنەی وادا هەمیشە بەدووی فاتمەیدا دەنارد، کەچی بۆ

دوورخستنەوەی لە بەدگومانی ئەمجاریان بەدوویدا نەنارد، فاتمە بە زرنگیی خۆی درکی بەوە کرد، بانگ نەکردن و هاتنی مەردان بۆ لایان دوای ئەوەی چۆتە لای باوکی و وتنی ئەوەی باوکی بۆ هاپۆی ناردبوو، ئەمانە هەمووی ڕێکەوت نین، هەڵبەت هەندێ شت لە پەنهان ڕوو دەدەن، ئەو بەوردەکارییەکانیان نازانێت، حەسرەتی هەڵکێشا و ڕوخساری کەریمی هاتە بەرچاو، دوا قسەکانی لە مێشکیدا دەزرنگانەوە:

– دەبێت شتێک هەر بکەم.

بیری کردەوە، ئەوەی وەک ئەون ئەگەر بڕیار لەسەر شتێک بدەن، هەر بەڕاستی دەیکەن. ئاهێکی پێدا هاتەوە و وای هەستکرد بەسەر پشتی پەڵەهەورێکی بەهارییەوەیە.

مەردان بەدەم ڕێگەوە گوتی:

– ئەرێ مام هاپۆ، توخوا تۆ و ئەم کچە ساویلکە منداڵەیان گوتووە؟ بینێرەوە بۆ ماڵی باوکی و با سەرت ڕەحەت بێت.

– خۆزگە هەر ساویلکە بوایا، شێتۆکە و مەکربازیشە، وەکو دەڵەسەگێک سیکتری دەکەم، وەلێ تا باوکی تفەنگەکەم بۆ نەگەڕێنێتەوە دەستی لێ بەرنادەم.



## ٢٣

دوو مانگ زیاتر بەسەر دامەزراندنی قایمقامی نوێدا تێپەڕیبوو، بێ ئەوەی کۆبوونەوەیەک بە ئەنجوومەنی کارگێڕیی سەنجەق بکات. هەرچەندە جیهانگیر و پیاوماقووڵانی دیکەی شار پێیان لەسەر ئەوە داگرت داوەتێک لەسەر شەرەفی دامەزراندنەکەی بکەن، کەچی ئەو بەهەموو شێوەیەک ڕەتی کردەوە، بەبەهانەی ئەوەی ئەم داوەت و بانگهێشتنانە لەگەڵ سیاسەتی نوێی ئەودا ناگونجێن. لە لایەن فەرمانبەرەکانەوە چەندین لێکدانەوە بۆ «سیاسەتی نوێ» کران، کە نادیاری و ترس و چاوەڕوانیی لەخۆ گرتبوو. ئەوی زیاتر خەڵکەکەی ترساند، دامەزراندنی قومەندانی نوێ بوو لەبری یوزباشی، کە بەوە ناسرابوو هەوڵی زۆر بۆ سەربازگیری دەدات.

ئەوەشی لە شار و لە نێوان هۆزەکاندا مایەی تێڕامان بوو، هاتنی سەربازی نوێی جەندرمە بوون، دەیانگوت بەتازەترین چەکی وەکو تفەنگ و ڕەشاش و تۆپ تەیار کراون. هەروەها دەیانگوت ئەو سەربازانە هەمیشە یاوەری قومەندان بوون، کە ناسرابوون بە ئازایی و هێرشە تۆڵەستێنەکانیان دژ بەو هۆزانەی باجیان نەدەدا و کوڕەکانیان بۆ سوپا نەدەناردن. ئەی باشە قایمقام و یوزباشیی پێشوو بۆ کوێ گواسترانەوە؟ ئەمە نهێنییەک بوو کەس هەڵی نەهێنا.

جیهانگیر کەوتە گومانەوە، بۆ یەکەمین جار هەستی بە ترس و دڵەڕاوکێ بەرامبەر بەچارەنووسی خۆی و موڵک و ماڵی کرد. ئەوی زیاتر هەراسانی کردبوو، ئەو دۆخی ترسەی فەرمانبەرەکان بوو، کە یەکسەر پێوەندییان لەگەڵ خەڵکەکەدا بڕی. تەنیا کەسێک قایمقام تێکەڵی دەبوو و ڕێزی لێ دەگرت ئەفسەرێکی خانەنشینی دەوڵەمەندی خودان مەزرا و خانووبەرەی تورکمان بوو، خاوەنی ئەو خانە بوو کە جیهانگیر بەکرێ لێی گرتبوو.

چونکە ژنی چوارەمی کوردبوو، دڵی بە جیهانگیر دەکرایەوە، ئەمیش بەر لەوەی بەهۆی ئازاری گەدەیەوە واز لە خواردنەوە بهێنێت، هاوڕێیەتی کۆڕی مەی و خواردنەوەی دەکرد، موراد چاوشیشیان لەگەڵدا بوو. کاتێک هەوڵەکانی جیهانگیر

بۆ پێوەندیکردن بە موراد چاوش، یاخود بە بەڕێوەبەری گەیاندن یا بە هەر فەرمانبەرێکی دییەوە بەخۆڕا ڕۆیی، وای بەباش زانی سەردانی عاسم بەگی هاوەڵی دێرینی بکات. ئەم بیرۆکەیەی وەکو سرووشێک بۆی هاتبێت خستییە هەلەکەسەما. بۆ ئەوەی سەردانەکەی دروستکراو نەیەتە بەرچاو بڕیاری دا کرێبەندەکە (عقد الإیجار) لەگەڵ خۆیدا ببا و پارەکەش بدات، کوڕە گەورەکەی نارد تا هاتنەکەی پێ ڕابگەیەنێت، داخۆ کاتی هەیە بۆ پێشوازیکردن. عاسم بەگ زۆری بەدڵ بوو و گوتی بۆ نانی شێوان لە ماڵێ چاوەڕوانی دەکات. پێشی باشە بەتەنێ بێت، چونکە قسەی خۆی لەگەڵیدا هەیە. جیهانگیر هەستی شەشەمی، کە بەدەگمەن هەڵەی دەکرد، پێی گوت ئەم قسە تایبەتانە مایەی دڵخۆشی نین. وا دیارە ئەو کاتژمێری شوومییەی کە لە سەرەتای دەوڵەمەندبوونیدا چاوەڕوانی بوو، هات. بۆیە دەبێ بەخۆیدا بگا و ژیرانە بجووڵێتەوە و ئاگاداری هەر وشەیەک بێت لە زاری عاسم بەگەوە دەردەچێت، کە بەیەکێ لە کۆنترین ئەندامانی ئەنجوومەنی کارگێڕی دادەنرێت. سەرەڕای کەمدووییەکەی، ئەگەر قسەی بکردایا، هەمووان گوێبیستی دەبوون و کەس نەیدەتوانی قسەی پێ ببڕێت. کاتێکیش لە هەر دانیشتنێکدا ئامادە دەبوو، هەموو لەبەری هەڵدەستان بەقایمقامیشەوە. ئەویش بەخاکەڕاییەوە دەیگوت: — ئەستەغفیروڵڵا، دانیشن.

هەرچەندە لە دانیشتنەکاندا لە ژیانی تایبەتی خۆی نەدەدوا، کەچی هەمووان دەیانزانی لە چەندین شەڕدا بەشدار بووە و بەرزترین میدالیشی پێ دراوە، ئەوەشیان لە بارەوە دەگوت مامەڵەی لەگەڵ دیل و ناموسڵمانەکاندا مرۆڤانە بووە و هەموو جۆرە دەستدرێژیکردن و تالان و بڕۆیەکی ڕەت کردووەتەوە. بوونیشی لە ئەنجوومەنی کارگێڕیی سەنجەقدا هۆکارێکی گرنگ بوو بۆ زەبر و زەنگ نەنواندن بەرامبەر بەهۆزەکان، یاخود هەڵمەتی تەمێکردن دژیان.

سەرەڕای ئەوەی بەردەوام دەیخواردەوە، ڕۆژانە مەنجەڵێک نیسکێنە، یاخود فاسۆلیا، یا هەریسەی بۆ مزگەوتیش دەنارد. هەژارەکان سوپاسی خوا و ئینجا عاسم بەگیان دەکرد و لە خوای دەپاڕانەوە هێندەی تری بداتێ و لە وێنەی زۆر بکات.



جیهانگیر وای بەباش زانی باشترین دیاری لەگەڵ دەستیدا بیبات بوتڵێک شەرابی کۆنی چەند ساڵەیە. ماوەیەکی کەم نییە لای خۆی هەڵی گرتبوو. لەسەر ئاگر چاوەڕوانی خۆر ئاوابوونی دەکرد و زۆر شتی بەمێشکدا هاتن. کاتی خۆی بڕیاری دابوو سەردانی کوێخا زۆراب بکا و لە خۆشییاندا بەشدار بێ و چێژ لە بەها، وەرگرێت. دەیانگوت دەڤەرەکە بووژاوەتەوە و بەروبووم تا ڕادەی تەقینەوە زیادی کردووە. ئەوەتا بەهارەکەی تێپەڕی و گەلێک ڕووداویش لە دۆڵی کفران ڕوویان دا، بێ ئەوەی کاتی هەبێت لەگەڵیاندا ڕابوێرێت. شێخۆ کچە گەورەکەی شێخ بابای خواست، کوڕە گەورەکەی شێخ باباش خوشکی شێخۆی خواست. دە ڕۆژ زەماوەندیان گێڕا، میرزا و تاقمەکەی هاوبەشییان نەکرد، میرزا ویستی هۆزەکەیان جێ بهێڵێ و بۆ شوێنێکی دی بڕوات. وەلێ دوای ئەوەی کچێکیان پێشکەش بەحەمە غەریبی برای کرد، ئیدی ژیوان بووەوە.

هاپۆ و مام فەتاح ژن بەژنەکەیان هەڵوەشاندەوە، کچی هەریەکیان گەڕایەوە ماڵە باوانی. کوێخا زۆراب زوو بێوەژنێکی لە خزمانی خۆی بۆ دۆزییەوە، مەردان لە دوا سەردانەکەیدا بۆ لای جیهانگیر گوتی؛ هاپۆ دوای ژنهێنانەکەی زۆر گۆڕاوە، بووەتە مرۆڤێکی میهرەبان و خۆش مەحشەر. سنجان پێی دابوو بەزەویدا کە دەبێ کەریم فاتمەی کچی مام فەتاح بخوازێت.

حەسرەتی بۆ ئەوە هەڵکێشا کە هێندە کاتی نییە بەشداریی ئەو ڕووداوانە بکات، بۆ یەکەمین جار لە ژیانیدا هەستی کرد، خانەکە و ئەو شتانەی تێیدان بوونەتە بار بەسەریەوە. هەموو جارێک بڕیاری یەکجاری سەفەرکردنی دەدا، کۆمەڵێک جووتیار بەبەروبووم و بارەوە دەهاتن، پێیانەوە سەرقاڵ دەبوو و سەفەرەکەی تا کاتێکی نادیار دوا دەخست. دوا جاریش دەبوو ڕەمزیی کوڕی و سائیبی برادەریشی لێڵ خۆیدا ببات، کە بەتایبەت لە کەرکووکەوە هاتبوو تا سەردانی ڕۆستەم لە دۆڵی کفراندا بکات. وەلێ گەیشتنی کاروانێکی بارکراو لە دانەوێڵە بۆ فرۆشتن، نەیهێشت بیرۆکەکەیان سەر بگرێت. ڕەمزی و سائیب بەتەنێ ڕۆیشتن، تا نووکەش وا لەوێن. وای مەزندە کرد ڕەمزیی کوڕی بەیەکجاری نایەوێ هاوکاری بکات. ئەو دوای توندوتۆڵبوونی پێوەندیی لەگەڵ ڕۆستەم و سائیبدا ناخوازێ تەنانەت واژەی خانیشی

بەرگوێ بکەوێت، بێ ئەوەی لە هۆیەکەی بگات هەستی بەتەنیاییەکی کوشندە و بێ ئومێدییەک کرد مایەپووچی و نائومێدی لە ناخدا چاند. هەموو هیوای لە ژیاندا ئەوە بوو ڕەمزی بەختەوەر بکات و خۆشیی بخاتە دڵییەوە و ئامادەی بکات تا ئیشەکانی خان وەربگرێت.

کەچی ئەوەتا نایەوێ هیچ شتێک لە بارەی خان و پارەوە بزانێت... زیاد لە شەش مانگ بەسەر قایمقامی پێشوو و یوزباشیدا تێپەڕیوە. ئیدی لەو ڕۆژەوە، بەتایبەت دوای گەیشتنی قایمقامی نوێ و قوماندانی هاوەڵی، هەست بەدوورەپەرێزی و تەنیایی دەکات، هیچ فەرمانبەرێک نەک سەری لێ نادەن، بەڵکو پرسیاریشی ناکەن. ئەوان ئەو کات لەوێن مەگەر داوەتیان بکات، ئەگینا بەلای ئەوانەوە بوونی نییە، درکی بەوە کرد گرنگییەکەی لەوەوە نییە بەجیهانگیری بانگ دەکەن، بەڵکو لەبەرئەوەیە هاوەڵی نزیکی قایمقام و یوزباشییە. تەنیا کەسێک لەو هاوەڵە دێرینانەی کە بەردەوام تا گەیشتنی قایمقامی نوێ سەری لێ دەدا، موراد چاوش بوو، کەچی ئەمیش وەک جیوەی لێ هاتووە و نابینرێت. دەبێ ئەمڕۆ هەموو شتەکان لای عاسم بەگ ڕوون بکرێنەوە، ئەمیش ئەگەر شتی لێ نەشارێتەوە و ئەوی لە دڵیایەتی پێی بڵێت.

گەرمای کۆتایی مانگی جۆزەردان سیمای بەهاری نەهێشت. لەپڕ دای بەسەر خەڵکیدا، دەیانگوت ئەم بەهارە جوانەی ئەم ساڵ ناوچەکە بەخۆوەی بینی هاوینێکی گەرمی بەدواوە دێت، دووریش نییە شتی چاوەڕواننەکراوی خراپ بەدووی خۆیدا بێنێت. بۆیە دەبێ دانەوێڵەکەیان لە شوێنێکی باش بشارنەوە، چونکە لای خەڵکی وا باوە هەر شتێک لە سنووری خۆی تێپەڕاند، دەبێتە هۆی بەدیۆمی و شوومی، ئەگەر بارە کەڵەشێر بەر لە گەورەبوونی قووقاندی ئەوا دەبێ سەر ببڕدرێت، خۆ منداڵی زیرەکیش زۆر ناژێت و تەمەن کورتە. وا بەهاریش ڕابورد بێ ئەوەی خۆشی لە جوانییە دڵگیرەکەی وەرگریت. خزمەکانت جوانترین ڕۆژانی خۆیان ژیان و کەیفیان کرد، بێ ئەوەی لەگەڵیاندا بەشداری بکەیت و ڕۆژانی ڕابردوو بەسەر بکەیتەوە. خەمی ئەوان لەوێ تەنیا باران بارینە و خواش لە شێوەی لافاوی بەهێز خێر و فەڕێکی وای بۆ ناردن پێشتر بارانی وایان بەخۆیانەوە نەدیتبوو. ئەوان لەوێ لە



خێزانێکی گەورەدا پێکەوە دەژین و گیانیان بەبان یەکترەوە دەردەچێت و کەسیان هەست بەوەڕسی و بێزاری ناکات. ئەگینا بۆ ڕەمزیی کوڕت چون خۆی لەوێدا ببینێتەوە، بەکەیفخۆشییەوە بۆ لایان ڕادەکات؟ ئەی خۆت؟ ئەوەتانێ پارە و سامانت لە سروشت بەدەرە و خەریکە لە ژێر باڵیدا دەناڵێنیت و لە جووڵەت دەخات. نەیهێشت بچی سەردانی تەکیەی شێخی بەرزنجە بکەیت، کە یەکێک بوویت لە دەروێشە دڵسۆزەکانی، ڕێگریی لێ کردی بچی سەردانی هاوەڵە دێرینەکەت کوێخا زۆراب بکەیت، لە کاتێکدا ئەو تەنیا کەسە بەڕابردووەوەت ببەستێتەوە. هەروەها نەیهێشت بۆ حەج بچیت، تەنانەت ڕێی بیرکردنەوەی سروشتییشی لێ گرتی و لە خەونەکانیشتدا بەدواتەوە بوو. گرفتی لە نێوان خۆت و نزیکترین کەستدا بۆ خوڵقاندی، بۆیان خراپ بوویت، هەستیانت بریندار کرد و ئەوانیش بۆ یەکجاری لێت دابڕان و قسەیان لەگەڵدا نەکردیت. بەم کارەت تەنانەت هەستی ڕەمزیی کوڕیشت زامدار کرد. پارە و سامانەکەت جگە لە ڕق و ئیرەیی خەڵکی هیچی پێ نەدایت، چ سوودێکی هەیە ئەگەر بەڕاستی پێویستیت پێی نییە؟ باشە ئەوە نییە خەڵکی بێ ئەو سامانە زۆرەش ژیانێکی ئاسایی دەژین؟ ئەوەتا لەم شارۆچکەیەدا سەرەڕای ئەو هەموو ساڵە، ئینجاش خۆت بەغەریب دەزانیت. ئەوەتانێ لە دیوەخانەکەت تاق و تەنیا هەر خۆتی. باشە دەبێ کوێخا زۆراب و ڕەمەزان و میرزا و هاپۆش وابن؟ قەت وا نین.

هەزاران ڕەگ و داو پێکیانەوە دەبەستێت. قەتێ ناتوانێت لە ڕەوەکەی جیا بێتەوە و بەتەنێ بژێت. هەروەها مێرووله و کوللەش. کێ لە پۆل و کۆمەڵەکەی جیا بێتەوە لە ئەنجامدا تێ دەچێت. ئەی تۆ چیتە جیهانگیر، دەتەوێت لە دەرەوەی ڕەوەکەت بژیت، تۆیەک ڕەوێکت لە پاش خۆت جێ نەهێشتووە؟

جیهانگیر هەرگیز دڵەڕاوکێی چاوەڕوانی و چاودێری هەندەی ئەمڕۆ هەراسانیان نەکردبوو. کات نایەوێت بجووڵێت، کوڕەکەی ئەو شپرزەیییەی بەڕوخسارییەوە بەدی کرد، چونکە ماوەیەکە قسان کەم دەکات و جگەرەش زۆر دەکێشێ و خواردنی کەم بووەتەوە، تەنانەت کەمتریش سەر لە خان دەدا. ڕۆژێکیان نەیویست ئەو گەنم و جۆیەی جووتیارانی قادرکەرەم هێنابوویان لێیان بکڕێت. لێ پێداگرتنیان لەسەر

ئەوەی پێـویسـتـیـان بەپارەیە، ژیوانـی کـردەوە. کـوڕەکـەی لە کـاتی چای تێکردندا ویستی دەرگای قسانی لەگەڵدا بخاتە سەرپشت، گوتی:

– بابە، جگەرە زۆر دەکێشیت، بەهۆی ئەمەشـەوە بەشەوان هێند دەکۆکی ناهێڵێت بنوویت، ناتوانیت واز لە جگەرەکێشان بهێنیت؟

– نا کوڕم ناتوانم وازی لێ بێنم، چونکە تەنیا شتە دڵم دەداتەوە.

– باوە تۆ بیر لە شتێک دەکەیتەوە دەبێ لە بیریان بکەیت، سوودی چییە سەردانی قایمقام بکەیت، یاخود ئەو بێت بۆ لات؟ ئایا ناتوانین بەبێ ئەوان بژین؟

دوای ئەوەی پشـتی دابووە سـەرینـەکـەوە، لە شـوێن خـۆی هەسـتـا و بەدەسـتی ئاماژەی کرد و گوتی:

– ئەمەیە ماوەیەکە بیری لێ دەکەمەوە، کوڕم. وادیارە من زیاد لە پێویست پێم لێ درێژ کردبوو، ڕەمەزان و شێخۆ بەگ ڕاستیان کرد، کاتێک گوتیان دەسەڵات بوو بەپرد بەسەریدا مەپەڕێوە. قایمقام و قومەندان ئاوا پشتیان لێ کردووین دەبێ شتێکیان لە دژمان لێنابێت. کابرایەکی وەک من ناتوانێت بەئارەزووی دڵی خۆی بکات. من دەمەوێت بەبێ ئەمانە بژیم، بەڵام نابێت، چونکە بەئاسانی وازمان لێ ناهێنن.

– باشە لەسەرمان نووسراوە هەتا هەتا لەم شارۆچکەیەدا بژین؟ بیری خزمان و هۆزەکەت ناکەیت؟ با ئێرە جێبهێڵین و بگەڕێینەوە زێدی خۆمان.

– با جارێ بزانین سەردانەکەی ئەمڕۆم بۆ لای عاسم بەگ چی لێ دەبێتەوە؟

عاسم بەگ کراسێکی درێژی سپیی لەبەردا بوو و فێستیشی لەسەر نابوو، بەڕوویەکی خۆشەوە لە ماڵەکەی خۆیدا پێشوازی لێ کرد، حەوشەی ماڵەکەی بەخشتی سوور داپۆشرا بوو، ئاوڕشێن کرابوو. لە بەرامبەر باغچەکەدا لبادێکی ئەستوور لە ژێریشەوە حەسیرێک کە لە عەردەکەی جیا دەکردەوە، ڕاخرابوو. سینییەکی گەورە لەسەر زەوییەکە دانرا بوو، دوو پەرداخی خاڵی و چەندین جۆر مەزەی وەک زەیتوون و پاقلە و نۆکی کوڵاو و ماست بەسیر و گۆشتی برژاو و لە ناوەڕاستیشەوە شووشەیەک عەرەق دانرابوو.



دوای هەواڵپرسین، جیهانگیر بوتڵێکی پێ دا و گوتی:

– هیوادارم ئەم خواردنەوەیە بەگەن بکەیت، عاسم بەگ. ئەمە هی چەندین ساڵە، بەتایبەت لە ئەلقووشەوە بۆیان هێناوم.

عاسم لە کاتێکدا بوتڵەکەی ئەمدیو و ئەودیو دەکرد، گوتی:

– لە ڕەنگی خوێنە مام جیهانگیر، دەرمانێک چی نەخۆشی هەیە نایهێڵێت، زۆر سوپاس.

هەینێ ویستی عەرەقی بۆ تێبکات، جیهانگیر دەستی درێژ کرد و نەیهێشت:

– گەدەم عاسم بەگ، دەتەقێت ئەگەر عەرەق بخۆمەوە.

– ئاوی زیادت بۆ تێدەکەم مام جیهانگیر، یەکجار وا نییە، تا ئێستا عەرەق کەسی نەکوشتووە، لە جگەرەکێشان باشترە.

بەبۆنەی ئەوەی دوای ماوەیەکی زۆر یەکتریان بینییەوە، پێکیان هەڵ دا. عاسم بەگ سەرزەنشتی کرد، کە کەوتووەتە دوای پارە کۆکردنەوە و برادەرەکانی لە بیر کردووە. ئەمەش ئاماژەیەک بوو بۆ چوونە ناو بابەتەوە، جیهانگیر گوتی:

– ڕاستە عاسم بەگ، من خۆم هەستم بەمە کردووە، ئێستا دوای ئەوەی چیم ویست بەدەستم هێنا، دەبینم زوڵمم لە خۆم و زۆرێک لە برادەران و خزمانم کردووە، لە پێناوی هیچیش. ڕەفتاری ڕەمزیی کوڕم هزر و بۆچوونەکانمی گۆڕی. ئەو پارەیەی لە پێناو کۆکردنەوەی خۆم بۆ کوشتبوو هەر گوێشی پێ نادات. یەکەمین جاریشە لە ژیانی خۆی و خۆمدا بەڕوومدا دەوەستێتەوە و لە خان یارمەتیم نادات. دەبزانە عاسم بەگ لە چ ڕۆژگارێکداین!

عاسم بەگ لەو کاتەی پارچە گۆشتێکی برژاوی دەجاوی، گوتی:

– مام جیهانگیر، پەندێکی جوانی کوردیتان هەیە دەڵێت «قسە هەزارە یەکی بەکارە». تۆ ناتوانی لەسەر ئەم ڕەفتارانە سەرزەنشتی ڕەمزیی کوڕت بکەیت، ئەو شتەکان بەچاوی خۆی دەبینێت نەک بەچاوی تۆ. من ئەگەر بەقسەی باوکم بکردایا، نەمدەتوانی خوێندن تەواو بکەم و ببمە ئەفسەر. هەروەها نەشمدەتوانی ئافرەتێکی کورد بخوازم، ڕۆژگار دەمانجوولێنێت نەک ئێمە بیجوولێنین. بەڵام ئێستا

گۆڕانکاری تازە هەن مام جیهانگیر، زۆرزانتر و تاڵترن لەو ڕەفتارانەی ڕەمزیی کوڕت، کە من زۆر بەڕاستیان دەزانم. چەند ڕۆژێکە دەمەوێ بتبینم هەندێ شتت پێ بڵێم، کە لەوپەڕی مەترسیدان.

ئەم ڕستەیەی دوایی، دەتگوت کەستەکێکە و دڵی جیهانگیری پێکا. بێ ویستی خۆی دەستی بۆ پێکەکەی برد، عاسم بەگ درێژەی پێ دا:

– بخۆرەوە مام جیهانگیر بخۆرەوە. دنیا هیچ نییە. گرنگ ئەوەیە مرۆڤ شەرافەتمەندانە بژی و ئیشی بەنامەرد نەکەوێت. ئێمە گەورە بووینە، دووری نێوان ئێمە و مردن زۆر نییە، بەڵام وا دیارە بەر لەوەی سەر بنێینەوە شتی سەیروسەمەرە دەبینین. من ئەمڕۆ باسی هەندێک شتت بۆ دەکەم، بەڵام توخوا با لە نێوماندا دەرنەچێت... لە ئەرزەڕۆم و سامسۆن و تبلیس و دیاربەکر پشێوی و جووڵانەوەی چەکداری دژ بەبابلعالی بەڕێوەیە. جووتیار و دەرەبەگەکان لە هەموو لاوە ڕازی نین باج و سەرانە بەدەوڵەت بدەن. دەڵێن گوایا دەسەڵات یەکەی سەربازی بۆ تەمێکردنی هۆزەکان ناردووە. کەچی لە بری ئەوەی سەرکوتیان بکەن داویانەتە پاڵیان، هەروەها وتی وتی هەیە ژمارەیەکی زۆر لە هۆزە کوردەکان هەڵگەڕاونەتەوە، دەوڵەتیش دەترسێت ئەم یاخیبوونانە بگەنە ناوچەکەمان، وا دیارە قایمقامی پێشوو و یوزباشی دراونەتە دادگە، بەتۆمەتی نەرمی نواندن لەگەڵ هۆزەکاندا و ناچارنەکردنیان بۆ ناردنی ڕۆڵەکانیان بۆ سوپا. دەرکەوت لە ڕۆژی دامەزراندنیانەوە تاقە کەسێکیان بۆ سوپا ڕەوانە نەکردووە. بۆیە دەوڵەت بڕیارێکی دەرکردووە، تورکی چاوقایم و ئەوانی ڕقیان لە کورد و عەرەبە دابمەزرێنێت.

عاسم بەگ لە جیهانگیر نزیک بووەوە و بەگوێیدا چرپاند:

– پلانێک دارێژراوە بۆ دەستبەسەراگرتنی هەموو موڵک و ماڵەکەت و خانەکەش بکرێت بەقشڵە، بەبیانووی ئەوەی یارمەتیی هۆزە کوردەکان دەدەیت و ناهێڵیت باج و سەرانە بدەن. هەروەها پیلانێکی ناپاکانەی دییش بەڕێوەیە مەگەر تەنیا قووندەرێکی وەکو قایمقامی نوێ و قوومەندان پێی هەستن. ئەویش ئەوەیە بانگی هەموو هۆزەکان بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ قایمقامدا بکەن، تیایدا قوومەندان دەماریان بگرێ و چوکڵەچزێ و ڕیسوایان بکات، تاکو تووڕە بن و هەڵە بکەن و بەهانە بدەنە



دەستیانەوە بۆ گرتنیان. لە هەمان کاتدا یەکەی سەربازی بۆ تاڵان و بڕۆی سامانی هۆزەکان ڕەوانە بکرێن. داوایان لێ کردم لەم پرۆژەیەیاندا یارمەتییان بدەم، بەڵام من بەیەکجاری ڕەتم کردەوە و ئاگادارم کردنەوە زوڵم لە خەڵک نەکەن.

بۆیە مام جیهانگیر، عەزیزم، چیت هەیە زوو دەری بکە و خۆتیش بگوازەوە بۆ شوێنێکی ئەمین لەو گوندانە.

جیهانگیر بەبێ ئاگا گوتی: ئەی ڕەمزیی کوڕم، خوێندنەکەی چۆن؟

– ڕەمزیی کوڕت لەو شتانەوە دوورە، ئەو لە کەرکووک دەخوێنێت نەک لە سەنجەق. دەوڵەت بووەتە خان جغان[٨].

مام جیهانگیر. هەر شار و فەرمانگەیەک بەئارەزووی خۆی فەرمانڕەوایی دەکات. یاخیبوون لە ناو سوپادا دەستی پێ کردووە، خەڵکیش بەئاشکرا جمان بەسوڵتان عەبدولحەمید دەدەن، ئێمە لێرە نووستووین و ئاگامان لە هیچ نییە. ئێستا ئاشووب فەرمانڕەوایی دەکات. ئەوی خۆی نەپارێزێت دەبێتە تڕی بن گۆم. هەوکە هەر فەرمانبەر و بەرپرسێک بەفرسەتی دادەنێت بۆ دەوڵەمەندبوون. گرووپێک بەناوی ئیتیحادچییەکانەوە پەیدا بوونە بەئاشکرا هەڕەشە لە سوڵتان دەکەن. شتەکان وا تێکەڵ و پێکەڵ بوونە سەگ ساحێبی خۆی ناناسێتەوە.

جیهانگیر بەخەمبارییەوە گوتی:

– ئەو کاتە هات کە من پێشبینیم دەکرد، دەمزانی ئەم نیعمەتە تا سەر نییە، من مەمنوونی تۆم عاسم بەگ، لە دڵەوە سوپاست دەکەم، ئەم پیاوەتییەتم لە بیر ناچێت، من دەبێ بەخۆما بگەم و بەماڵ و منداڵەوە ئەم شارۆچکەیە جێ بهێڵم.

– ئەمە باشترین چارەسەرە مام جیهانگیر، ئەم دوو زەلامە تا بڵێی ئەخلاقسزن، تۆ نایانناسیت، من باشیان دەناسم. بەیەک وشە هەردووکیان قووندەرن. وادیارە لەم ڕۆژانەدا دەوڵەت پێویستی بەنامەردی وەک ئەمانەیە. تۆ هەوڵ بدە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەو ئاغا کوردانەی دەیانناسیت بێژیت ئاگایان لە خۆیان بێت و با قسەیان یەک بێت.

(٨) خان جغان: خانێکی گەورە بووە لە بەغدا، بەناوی جغانەوە، کە کابرایەکی بەڕەگەز تورک بووە، سەرپەرشتی خانەکەی کردووە، ناو نراوە. (وەرگێڕ)

قەیرێک بێدەنگ بوون، لەو نێوەدا ژنەکەی بەچەند قاپێکەوە وەژوور کەوت، بەخێرهاتنی جیهانگیری کرد و ئەم لێی پرسی داخۆ فێری تورکمانی بووە؟ ئەویش وڵامی داوە، کە هەردووکیان بەشێوەیەکی هاوتەریب فێری هەردوو زمانەکە دەبن. ئەم فێری کوردی دەکات و ئەویش فێری تورکمانی. هەرچی گوڵە باخی کچیانە ئەوا بەهەردوو زمانەکە دەدوێت.

عاسم بەگ گوتی:

– مام جیهانگیر، باشترین شوێن بۆ فێربوونی زمان ناو جێگەیە. وا نییە دایکی گوڵەباخ؟

دەستیان کردە پێکەنین، کەچی ئەو بەشەرمێکەوە ئەمەی گوت و ڕۆیشت:

– ئێوەی پیاو چەند گەورە بن، ئاوەزتان لە ئاوەزی منداڵ نزیکتر دەبێتەوە.

عاسم بەگ بەدوایدا بەپێکەنینەوە گوتی:

– خۆزگە هەموو شتەکانمان منداڵ دەبوونەوە.

جیهانگیر بەحەسرەت هەڵکێشانەوە گوتی:

– نە گەنجی و نە منداڵی ناگەڕێنەوە عاسم بەگ، هیچ شتێک نامێنێت.

خواردنەوەکە کاری خۆی لە عاسم کردبوو، بەلارە لارەوە دەستی بۆ پەرداخەکەی برد و گوتی:

– کەواتە با پێکی ئەم ساتە جوانەی پێکەوە کۆی کردووینەتەوە هەڵدەین، مام جیهانگیر. من ئێوەی کوردم خۆش دەوێت. گوێی مەدەرێ. ئەگەر هەموو شتەکان نەمێنن بایەخی پارە و سامان چییە؟ ئێستاش دڵت لای پارە و سامانەکەت ماوە؟

جیهانگیریش خەریک بوو سەرخۆش دەبوو، هەستی کرد گەدەی بەخواردنەوەکە دەبووژێتەوە، بەزمانێکی پڕ لە قەناعەت و ڕاستییەوە گوتی:

– بەو خوایە قەسەم عاسم بەگ، ئەم ساتەی وا لەگەڵتدام بەلای منەوە هەموو ماڵی دنیا دێنێت. من لەم شەوەوە ژیانێکی نوێ دەست پێ دەکەم. دەیبینی... بەڕاست ئەمشەو موراد چاوش و گەرەبێتە فەندیمان نەقوستانن. بەڵام نەمزانی بۆ موراد چاوش پشتی لێ کردم؟ بەم دوا دواییە ویستم پێوەندیی پێوە بکەم، سوودی نەبوو.



– مام جیهانگیر، تۆ نازانی لە پشتەوە چی ڕوودەدات، فەرمانی توندوتیژ بۆ فەرمانبەرەکان نەخوازەڵا پۆلیس و جەندرمە دەرچووە، کە تێکەڵ بەخەڵک نەبن. کابرا خۆشی دەوێن، ئەویش لە مەترسیدایە. لێی بگەڕێ و وازی لێ بێنە. هەرچی گەرەبێتە فەندییە، وابزانم یا بۆ شوێنێکی دیکەی دەگوازنەوە، یانیش خانەنشینی دەکەن.

– وا دیارە دنیا قڵپ بووەتەوە و بەخۆمان نازانین.

– زوڵم و زۆرداری لە سنوور بەدەرە، سوڵتان عەبدولحەمید تەنیا خەمی کێرێتی، ئەم ڕێوشوێنەشی دەیگرنە بەر تەمەنی فەرمانڕەوایی درێژتر ناکات. بەڵکو بەپێچەوانەوە، لە کۆتاییە حەتمییەکەی نزیکی دەکاتەوە. زوو یا درەنگ ئیتیحادچییەکان دەیخەن.

جیهانگیر بەبووژانەوەوە جەمەدانییەکەی داکەند و بەکەیفخۆشییەوە گوتی:

– عاسم بەگ ئەمڕۆ دەم لە سیاسەت دەکوتیت، قسەکانتم زۆر بەدڵن.

فێستەکەی داکەند و پاشانەکینێ زەیتوونێکی هەڵگرت و گوتی:

– دیواریش گوێی هەیە مام جیهانگیر، تۆ حەزی قسەکردنم لا دەبزوێنیت، بەڵام دەترسم زیاد قسەکردنم سەرم بەفەتارەت بدات.

دەستی چەپی بەسنگیدا کوتا و گوتی:

– ترست لە من نەبێت عاسم بەگ، ئەم سینگە پڕە لە نهێنی.

عاسم بەگ بەسروشتی خۆی حەزی نەدەکرد باس لە سیاسەت بکات، یاخود خۆی تێهەڵقورتێنێت. ئەویش وەکو هەر ئەفسەرێکی دیکەی سوپای عوسمانی، لەوانەی مەشقیان کرد و وانەیان لەسەر دەستی سەربازە برووسییەکاندا خوێند، حەزی لە دیسپلین و گوێڕایەڵیی سەربازی و پێوەندبوونە بەبێلایەنیی تەواوەوە، بەرامبەر بەململانێ سیاسییەکان لە هەر ڕەنگێک بێت. کەچی ئێنجاش وەکو هاوەڵە نزیکەکانی، ئەوانەی لە ژێر کاریگەریی کنایزەناو وشارن هۆرستدا بوون، وای دەبینی ناکرێت سەربازی بەشەرەف ببێتە ئامێرێکی قورمیشکراو و حکوومەتەکان بەپێی ویستی خۆیان بیانجووڵێنن. نەخوازە کارەکە پێوەندیی بەڕژانی هێزە

چەکدارەکانەوە بۆ ناو شەقامەکان هەبێت، بەمەبەستی سەرکوتکردنی جووڵانەوە میللییەکان. بەڕای ئەو و ڕای تاقمەکەشی، ئەمە کاری سوپا نییە، تەنیا ئەرکی سوپا ئەوەیە پارێزگاری لە سنووری دەوڵەت بکات و دژ بەهێرشی دوژمنان بەرگری لێ بکات. لە هەموو دۆخەکاندا نابێ سوپا ببێتە سەگی پاسەوانی حکوومەت، تەنانەت ئەگەر میللەتیش لێی ڕازی نەبوون.

ئەوەتا وا سوڵتان عەبدولحەمید و حکوومەتە ستەمکارەکەی دەیانەوێت سوپا بکەنە ئامرازێک بۆ داپڵۆسینی جووڵانەوە میللییەکان لە هەر شوێنێک بن. هەر بەڕاستییش وابوو، دژ بەجەماوەری ناو ئەستەنبووڵ خۆی خستییە گەڕ، ئەمەش ناکرێت بەئاسانی بەسەریدا تێپەڕێت. بەر لە خانەنشینکردنی بەپێنج ساڵ هەندێ شتی لە یەکێ لە ئیتیحادچییەکانەوە بیست و چەند بڵاوکراوەیەکیانی بەبێ پەرۆشی خوێندەوە، کەچی بەر لە چەند ڕۆژێک، لە کاتی سەردانی بۆ لای برادەرێکی لە کەرکووک، لەوانەی لە دەزگای هەواڵگریی ئۆردووی شار کار دەکەن، دەربارەی گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییە زۆری لێ بیست، برادەرەکەی بەیەک وشە پێی گوتبوو، کۆتایی سوڵتان نزیک بووەتەوە و ڕووخانی حەتمییە، مەسەلەکە تەنیا کاتە... دەبێ ئەفسەرە بەشەرەفەکان دەربارەی دەست خستنە ناو کاروباری سوپاوە دڕدۆنگ و دۆش دانەمێنن و ڕۆڵی بینەر نەگێڕن. هەروەها پێی گوت ئەفسەر و فەرمانبەرە بەشەرەفەکان یا خانەنشین دەکرێن، یانیش بۆ شوێنە دوورە دەستەکان دەگوازرێنەوە و سەرباز و فەرمانبەری بەدڕەوشت لە شوێنیان دادەنرێن، ناوی قایمقام و قوماندانی نوێی هێنان، کە لایان لە سەنجەق دامەزراون. ئەوەشی گوت، کە پەروەندی هەردووکیانی لایە و ئەگەریش بڕوا ناکات، ئەوا دەتوانێت بەخۆی سەیریان بکات. لە پەروەندی هەریەکیاندا ڕاپۆرتی پزیشکی تێدایە و گەواهی ئەوە دەدەن، کە هەردووکیان قووندەرن و لە منداڵییەوە ئەم بەدڕەوشتییەیان لەگەڵدایە.
عاسم بەسووکایەتی پێکردنەوە سەری لەقاند و بەردەوام بوو:

– کۆتاییەکی شەرەفمەندانەیە بۆ دەوڵەتی بالای عوسمانی، نا... نا... نابێ بێدەنگی لێ بکرێت.

ویستی شتێکی لەو بابەتە بەجیهانگیر بڵێت، بەڵام سەلیقەی دیسپلینی سەربازی





ڕێی نەدا، تەنیا گوتی: من باوەڕی ڕەهام پێتە مام جیهانگیر، دڵنیاشم ئەم نەهامەتییە دەبڕێت، نا بەڵکو هەموومان دەیبڕین... خوا کەریمە.

جیهانگیریش لە دوایەوە وتییەوە: خوا کەریمە... خوا کەریمە.

جیهانگیر بەر لەوەی دیوەخان جێ بهێڵێت، دوو سێ فنجان قاوەی تاڵی هەڵقوڕاند، دوای ئەوەی ئەم هەواڵە ناخۆشانەی بیست، بڕیاری دا دەبێ ئەمشەو تێی بقووچێنێت.

چرای قەد دیوارەکە ڕووناکییەکی کزی دەنارد، دەیویست لەمپەری تاریکییەکە ببڕێت، هەر لە ژێر تیشکی چرا کەم ڕووناکییەکەدا بەتوندی و بێدەنگی یەکتریان لە ئامێز گرت، لەولاوە دەنگی ژنەکەی عاسم بەگ هات:

– خوات لەگەڵ مامە جیهانگیر.

بەتەنیشت جۆگەکەی هاوشان ڕێگەکەدا ڕۆیشت. ئەو دەوروبەرە تاریک بوو، لەملا و لەولاوە ڕووناکیی چرا کزەکانی شارەوانی بەرچاو دەکەوتن. ئەستێرە درەوشاوەکانی ئاسمان خۆشییەکی منداڵانەی وایان پێ دەبەخشی، دەیبردە شوێنێکی دوور، کە دڵی بۆی لێی دەدا. بەخانەکەدا تێپەڕی، بەسەرنجی غەریبەیەک یەکەمین جاری بێت بێرەدا تێپەڕێت، چاوی بڕییە دەروازە داخراوەکە، پای هەڵگرت چون نەیەوێت خۆشییەکەی بەو دەروازە قورسەوە لێڵ بکات، کە دەڵێی دەروازەی قەڵایەکە تازە لە بەندیخانەکەی دەرچووبێت. بەر لەوەی بەلای ڕاستدا لابدات چاوی بەدەروازەی بازاڕی قەیسەرییە بان گیراوەکە کەوت، کە دوو چرای هەڵواسراو بەملا و بەولایدا ڕووناکییان دەکردەوە. ئەو دەروازەیەی دووکانی جووەکانی لە دزان دەپاراست، گەلێک توندوتۆڵ و مەحکەمتر بوو لە دەروازەکەی ئەو. لە قاقای پێکەنینی دا و لە دڵی خۆیدا گوتی:

– چی تۆی بۆ ئێرە هێنا هەی دەماغسز؟

زۆر غایەڵە بەمێشکیدا هاتن، بۆ یەکەم جار لە ژیانیدا هەستی کرد کارێکی گرنگی لە بەردەمدایە، پێوەندیی بەبەرژەوەندیی تایبەتییەوە نییە، بەهەر نرخێک بێت دەبێت بەجێی بگەیەنێت، بۆیە دەبێ لەم ساتەوە بۆی بجووڵێت. ئەگینا هەر دواکەوتنێک کارەساتی گەورەی لێ دەبێتەوە.

کاتێ هاتەوە ماڵ، بینی کوڕەکەی وا لە حەوشە بەرامبەر دیوەخانەکە بەتەنیا چای دەخواتەوە. کە بینی زانی لای عاسم بەگی هاوەڵی خواردوویەتییەوە. لەبەر باوکی هەستا، چاوەڕێ بوو قسەیەک بکات، جیهانگیر بەئاماژەیەک بەدەستە لەرزیوەکەی گوتی:

– دانیشە کوڕم، دانیشە.

پاش قەیرێک لە بێدەنگییەکی کورت، چایەکی هەڵقوڕاند، دوای ئەوەی مژێکی قووڵی لە جگەرەکەی دا، بەردەوام بوو: لە بیرمە کاتێک یەکەمین جار بەر لە بیست ساڵ هاتینە ئەم شارە، شەو بوو گەیشتین، ئێستاش، وابزانم هەر بەشەو جێی دەهێڵین.

– ئەگەر خوا ئەمەی لە چارە نووسیبین، ئەوا ناتوانین بیگۆڕین.

– ئەم قسەیە زۆر ڕاستە کوڕم، ئیرادەی خوا وایە بۆ یەکجاری ئەم شارە جێ بهێڵین، بەتایبەتییش لەم شەوەدا.

کوڕەکەی چون پێشبینی ئەم وەڵامەی کردبێت، گوتی:

– ئەو شوێنەت هەڵبژاردووە کە لێی نیشتەجێ دەبین؟

– باشترین شوێنێک لێی بمێنینەوە دۆڵی کفرانە، خۆمان دەدەینە پاڵ سێبەری کوێخا زۆراب، چونکە لای ئەو ئاسوودەیی و حەوانەوە دەبینینەوە.

– باوە بەڕای تۆ دەتوانین ئەمشەو هەرچی کەلوپەل و دانەوێڵەمان هەن بیانگوازینەوە؟

جیهانگیر بەسووربوونەوە گوتی:

– ئەوی پێمان بکرێت دەیگوازینەوە، ئەویشی پێمان نەکرا وازی لێ دێنین، گرنگ ئەوەیە بەر لە خۆر هەڵاتن ئێرە جێ بهێڵین.

گواستنەوەی لەناکاوی جیهانگیر بۆ دۆڵی کفران و مانەوەی لە گوندی بانشاخ و بارکردنی خەڵکی لە گوندی نوێی زۆرابەوە بۆ ئەوێ، کە بەخێراییەکی کەموێنە ڕوویان دا، هەموو ئەمانە سەرنجی ئەو هۆزانەیان جووڵاند، کە وریاکردنەوەکانی شێخۆیان بەهەند وەرنەگرتبوو، وەلێ کاتێک ئەرخاین بوون گوندیان لە خەڵکەکەی چۆڵ کردووە و دانەوێڵەکانیان لە شوێنێکی باش تەقەت کردووە و میرزا و هاپۆ و



تاقمەکەی لێ دەرچێت کەس لەوێ نەماوەتەوە، زانییان شتەکە ڕاستە.

تەنیا هۆزێک قایمکاری بۆ بەرگریکردن کردبێت و دانەوێڵەکەیان شاردبێتەوە، هۆزی باباییەکان بوو، کە کوێخا زۆراب بەخۆی ئاگاداری کردبوونەوە. تەنیا گرفتێک لە دوای سەرلەنوێ جێگیربوون لە گوندی بانشاخ بیریان لێ دەکردەوە، فریاکەوتنی سامانەکەی جیهانگیر بوو لە ناو خانەکەدا، سەرەڕای ئەوەی جیهانگیر چەند جارێک دووپاتی کردەوە، کە ماڵ و سامان گرنگ نییە و وازی لێ بێنن، ئینجاش کاروانێکیان بەڕابەریی شێخۆ بەگ و مەردانیش لەگەڵیدا لە هێستر و کۆمەڵێک چەکدار ئامادە کرد. کاتێک کوڕەکەی جیهانگیر ویستی لەگەڵیان بکەوێتە ڕێ، باوکی نەیهێشت و پێی گوت، ئەو نایەوێ هیچ بەشێکی لەو پارە و سامانە هەبێ و هەر ناشیەوێت بیبینێت. لە نیوەی شەودا لە لای باکوورەوە دزەیان کردە سەنجەقەوە، بۆ لای خانەکە. مەردان داوای لە شێخۆ کرد هەندێک لە دەرەوەی شار لای کاروانەکە بووەستێت، تا ئەو یەکێک لەگەڵ خۆیدا ببات و سەیری ئەو ڕێگەیە بکەن، کە بەرەو شار دەچێت. ئەو دەوروبەرەی پڕ لە چرا بوو، مەردان ئاوڕێکی لە هاوەڵەکەی دایەوە و بەچرپەوە پێی گوت:

– ئەم شارۆچکەیە کووچە و کۆڵانێکی تێدا نییە کاتی خۆی دزیم لە ماڵێکی نەکردبێت، ئەو کات ئەم چرا نەعلەتییانە نەبوون، ئەمانە دوژمنی دزانن.

لەسەر یەکەم چرا وەستا، دوای ئەوەی چوارمشقی دانیشت داوای لە هاوەڵەکەی کرد بچێتە سەرشانی. بەم شێوەیە هەموو چراکانیان کۆکردنەوە و کوژاندنیاننەوە. ئەو ناوە یەکپارچە بوو بەتاریکی. کلیلەکەی لە تاریکییەکەدا دەرکرد و قفڵە گەورەکەی پێ کردەوە، کاتێک ویستی باڵێکی دەروازەکە بکاتەوە، هەستی بەلەمپەرێک کرد بەری گرتووە، نووکی پەنجەی بەناویا گڕ دا، پەنجەی بەر تەلێکی مۆرکراو کەوت، بەتوندی ڕایکێشا و دەرگاکە کرایەوە. دووریی نێوانیان لەگەڵ کاروانەکەدا دوو سەد هەنگاوی تێناپەڕاند. کاتێک هێسترەکان یەک لە دوای یەک چوونە خانەکەوە، دوو حەسحەس بەدیار کەوتن، یەکیان بەلادا دەهات، بەکوردییەکی تێکشکاو گوتی:

– ئێوە کێن، چی دەکەن لێرە؟

مەردان لەگەڵ هاوەڵەکەیدا دەرگاکەیان گرتبوو، بەهێمنی و بەزمانێکی تورکمانی تێکشکاوەوە گوتی:

– ئێمە جووتیارین، ئەمەش بارەکانمانە وەک دەیبینی، هاتووین لە شار بیفرۆشین.

– بەڵام قاپییەکە مۆری سووری لێ دراوە، کێ بۆی کردنەوە؟

– کورە برا قاپییەکە خۆی کرابووەوە، دەڵێی شەش بێش قسە دەکەیت، چییە سەرخۆشیت؟

کابرای سەرخۆش ئاورێکی لە هاوکارەکەی دایەوە، دەستی خستە سەرشانی و گوتی:

– مووسا دەتوانیت ئەمەم پێ بڵێیت چۆن ڕوویدا؟

مووسا بەدەنگێکی درێژکراوەی پچڕ پچڕەوە گوتی:

– من لەو کاتەوە بیر لە چراکان دەکەمەوە، بەر لە سەعاتێک بێرەدا هاتین چراکان پێ بووبوون.

مەردان بەگوێی هاوەڵەکەیدا چرپاند، کە بچێت بۆ لای شێخۆ بەگ و پێی ڕابگەیەنێت با بەبێ چرپە کاری خۆیان بکەن و ئەویش خەریکی ئەم دوو حەسحەسە سەرخۆشانە دەبێت.

حەسحەسەکەی بەلادا دەهات، گوتی: ئێمە دەبێ بچین بۆ پۆلیسخانە و پێیان ڕابگەیەنین.

ئەوی دیکەش گوتی: ئێ دەبێ دووان لەم جووتیارانەش لەگەڵ خۆماندا ببەین، تاکو شایەدی بدەن کە دەرگاکە کرابووەوە.

مەردان پرسی: عەریفی ئێشکگری ئەمشەو کێیە؟

حەسحەسی بەلاداهاتوو وڵامی داوە:

– لە موراد چاوش زیاتر هەیە؟... ئەو تەنیا کەسە بۆ ئاسایشی شار هەمیشە بێدارە.

– ناترسن بەپشتێنە چەرمییە پانەکەی ئاگر لە بان پشتتان هەڵبسێنێت؟

هەردووکیان پێکەوە بەدەنگی سەرخۆشانەوە، گوتیان:



– ئاگر لە بان پشتمان هەڵسێنێت؟ بۆ لەبەرچی؟

حەسحەسە سەرخۆشەکە گوتی: خۆ کەری قازیمان نەگاوە تا ئاگر لە بان پشتمان هەڵسێنێت؟

مەردان بەتووڕەییەکی دروستکراوەوە گوتی:

– ئێوە سەرخۆشن، دەبێ لە کاتی دەوامدا سەرخۆش بن؟

حەسحەسەکەی دی گوتی: کورە هەی جووتیاری گەمژە، دەتەوێ لێپرسینەوەمان لەگەڵدا بکەیت؟ موراد چاوش خۆی گشت شەوێک لەگەڵ قوومەندانی تازەدا سەرخۆش دەبێت.

– ئێمە پێش ئەوەی بچین بۆ لای موراد چاوش و قوومەندان، دەبێ بزانین کێ قاپییەکەی کردووەتەوە و چراکانی بردووە، وابزانم وەلی پیرداود لە نزرگەکەی ڕاپەڕیوە و چراکانی بردوون، چونکە هەراسانی دەکەن.

بەتەنیشت خانەکەوە نزرگەیەک هەبوو، خەڵکی هاتوچۆی لایان دەکرد و شەوانی هەینی مۆمیان دادەگیرساند، جاران بەر لە هەڵواسینی چراکان بەدیوارەوە، نزرگەکەی جێ دەهێشت و شەوانە بەناو کۆڵانەکانی شاردا دەسووڕایەوە، زیاد لە جارێک بەجلە سپییەکەیەوە بینراوە، کە وەکو بلوور لە تاریکییە ئەنگوستەچاوەکەدا دەبریسکایەوە، وەکو تارمایی تێپەڕ دەبوو.

لە سەرەتای سەردەمی هەڵواسینی چراکاندا، سەرەڕای پاسەوانیی، ئینجاش زۆربەیان ون دەبوون. جارێکیان یەکێک دوو چرای لە نزرگەکەی پیرداوددا دۆزییەوە. کاتی خۆی زیاد لە کەسێک بەچاوی خۆیان پیرداودیان بینیوە، وەکو پەڕی باڵندە لە زەوی بەرز بووەتەوە و دەستی بۆ چراکان بردووە، هەرکە لە شوێنەکەی هەڵی دەقەنێت، ترووسکەکەی دەکوژێتەوە. ئیدی لەگەڵ خۆیدا بۆ نزرگەکەی دەیبات، وا دیارە ئەو شەوە بیری چووە دوو چرای بردووەتە لای خۆی. کەچی شارەوانی لە بەرامبەر دەستبەسەراگرتنی چراکان لە لایەن پیرداودەوە خۆڕاگربوون، بۆیە سوور بوو لەسەر چرا دانان لە سەنجەق بەهەر نرخێک بێت. یاسا یاسایە، دەبێ هەموو شارۆچکەکان شەوان ڕووناک بن، ئەگینا دەبنە پاوەنێکی بەرێژەوی دزێل.

لەو کاتەوەی بەزمی چرا بەدیوار هەڵواسینەوە داکەوتووە، تارمایی پیرداود لە

کۆڵانەکاندا نابینرێت. ئیدی خەڵکی بۆیان دەرکەوت ڕووناکی هەراسانی دەکات، خۆ ئەگەر جار جاریش دەرکەوت ئەوا لە شوێنێکی زۆر تاریک، یاخود لە ناو کەلاوە دوور لە چراکانەوە دەردەکەوێت.

حەسحەسەکەی بەلایا دەهات گوتی: ئەی جووتیاری داماو، پیرداود بۆ یەکجاری جێی هێشتین، بۆیە گەندەڵی هەموو سەنجەقی گرتووەتەوە.

مەردان لە کاتێکدا لە قاقای پێکەنینی دا، بەگاڵتەپێکردنەوە گوتی:

– کلـۆڵ ئەو کەسەیە کە ناتوانێت تارمایی پیرداود ببینێت، من و هاوەڵەکەم بەچاوی خۆمان بینیمان چرای کۆ دەکردەوە و بۆ مەزارگەکەی دەبردن.

– تۆ بەچاوی خۆت بینیت؟ تۆ؟

– بەڵێ بەچاوی خۆم بینیم، با بڕۆین بۆ مەزارگەکە بەڵکو دیتمان.

کابرای سەرخۆش بەزەندەقچوونەوە گوتی:

– ئێمە بەشەو نایەینە مەزارگەوە... تۆ خۆت دەتوانیت؟

– من بەخۆم دەچمە ژوورەوە، بەڵام قەیرێ بووەستن با گازی هاوەڵەکەم بکەم.

مەردان لە تاریکی حەوشەی خانەکەدا ونبوو، شێخۆ لەودەمەی دوا باری لەسەر پشتی هێسترەکە شەتەک دەدا، گوتی:

– چاک لە شتومەک بارکردن ڕزگارت بوو، ئێستا ئەو دوو برادەرە سەرخۆشانەت چی لێ بکەین؟ دەبێ لەگەڵ خۆماندا بیانبەین، ئەگینا تووشی چورتمێکمان دەکەن.

– بیرم لەمە کردووەتەوە، وەلێ پێویستم بەکراسێکی سپی و گوریسێکە، هەروەها یەکێک لەگەڵما بێتە ناو مەزارگەی پیرداودەوە.

شێخۆ گوتی: کراسەکەی من سپییە، ئەگەر ویستت دەرپێکەشمت دەدەمێ، پێم بڵێ چیت لە ژێر سەردایە؟

– شێخۆ بەگ پێم باشترە بەخۆمان بەکارەکە هەستین، تاکو بەنهێنی بمێنێتەوە. تۆ چرایەک دەبەیت و لە مەزارگەکە دادەنیشیت، ئەو کاتی دەمەوێت بێمە ژوورێ، تۆ بەچرایەکەوە دەردەچیت و داوا لە هەرسێکمان دەکەیت تا دەرەوەی سەنجەق دووت بکەوین.



شێخۆ بەگاڵتەپێکردنەوە گوتی:

– تۆ چیت لەم گەمەیە داوە؟

– زۆر پێویستە، دەیبینی، ئەمە لە هەموو شوێن پێ هەڵگرتنێک و ڕاونانێکمان ڕزگار دەکات.

شێخۆ بەئاسپایی بێ ئەوەی کەسێک هەستی پێ بکات خۆی بەمەزارگەکەدا کرد. هەینێ هەرسێکیان گەیشتنە بەردەرکە، مەردان گوتی:

– ئێوە دەچنە ژوورێ، یاخود من بچم؟

ئەوی بەلادا دەهات گوتی: وا ڕێکەوتین تۆ بچیتە ژوورێ، بۆ دوودڵیت؟

مەردان لە بەردەرکەکە وەستا و گوتی:

– بسم الله الرحمن الرحیم، ئەی ڕووحی پیرداودی پیاوچاک، ئەم دوو حەسحەسە بڕوا بەبوونت ناکەن لێرە، توخوا بۆیان بسەلمێنە کە تۆ لێرەیت.

تارماییە سپییەکە بەچرایەکەوە دەرکەوت و گوتی:

– ئەی کافر و مونافق و سەرخۆشینە، بکەونە دوام دەی، ئەگینا ڕووحتان هەڵدەکێشم.

شێخۆ چراکەی کوژاندەوە، لە کاتێکدا هەردووکیان زمانیان بەسترابوون و لە جووڵە کەوتبوون، بەخۆی و مەردانەوە دەستیان بەستنەوە و بەدوای کاروانەکەدا بەکێشیان کردن... دوای ماوەیەک لە ڕێکردن، سەرخۆشییەکە بەریدان، ئیدی هەنگاوی سروشتییان دەنا، کاتێک مەردان هەستی پێ کردن، بەلالانەوەوە گوتی:

– باشە گەورەم پیرداود تاوانی من چییە، بۆ لێم ناگەڕێیت بڕۆم؟

– کاتێک زێی ڕۆخانەمان بڕی، ڕێگەتان دەدەم بڕۆن، لەوێ خۆم ون دەکەم و ناگەڕێمەوە بۆ سەنجەق، چونکە پڕ بووە لە گومڕا و خوانەناس... بەخەڵکی سەنجەق بڵێن پیرداود دڵی لێتان شکاوە و ئیدی لە کووچە و کۆڵانەکانتان بەدەرناکەوێ و دەست بۆ چرا نەفرەت لێکراوەکانتان نابات.

کوێخا زۆراب شانازی دەکرد و کەیفخۆش بوو بەوەی جیهانگیر سەنجەقی جێهێشتووە و پەنای بۆ ئەو بردووە. بینی هاوەڵەکەی کە ڕۆژگار نزیکەی سی ساڵ

لێکی دوور خستنەوە، هەر وەکو خۆیەتی، جگە لە هەندێک شوێنەواری چوونە ناو ساڵەوە نەبێ، هیچ نەگۆڕاوە. هەرچی جیهانگیر بوو، هەموو شتەکان بەلای ژیانە نوێیەکەیەوە، دەتگوت لەو ساتەوە دەست پێ دەکات، کە پێوەندیی لەگەڵ کوێخا زۆرابدا بڕی. چون ئەو ماوە درێژە لە نێوانیاندا هەر نەبووبێت. کاتێک شێخۆ پێی گوت:

– مامە جیهانگیر، ئەوەتا هەموو موڵک و ماڵەکەتمان بێ ناتەواوی هێنا.

بەشڵەژاوییەوە وڵامی داوە، ئەو پێشتریش گوتوویەتی پێوەندیی بەو موڵک و ماڵەوە نییە:

– چی لێ دەکەن بکەن، لە نێوان خۆتاندا دابەشی بکەن، یاخود بیبەن بۆ شێخی بەرزنجە.

ڕێککەوتن وەکو دیارییەک لە جیهانگیرەوە، بۆ تەکیەی شێخی ببەن.

هەواڵی دەرکەوتنەوەی پیرداودی پیاوخاس و بردنی دوو حەسحەسەکە و چراکان، لە ڕۆژی دواییدا وەکو ئاگر لە پووش بەردەبێت، ئاوا زوو بڵاو بووەوە.

خەڵکەکە ئاپۆرایان بەستبوو تا دوو حەسحەسەکەی پیرداود دەستی پیرۆزی بەریان کەوتبوو، ببینن، یاخود دەستیان پێدا بهێنن. هەرچی جلەکانیان بوون، ئەوا جڕو وڕ بووبوون، تاکو هەر خێزانە و کوتە پەڕۆیەکی بۆ متفەڕک دەست بکەوێت. واش بڵاو بووەوە، کە ئەو دووانەش دەبنە دوو پیاوچاک، چونکە پیرداود لەخۆڕا هەڵی نەبژاردوون، تا پەیامەکەی بەخەڵک بگەیەنن. هەر یەکێک لە خەڵکی سەنجەق بەم ڕووداوە سەرسووڕهێنەرە دۆش دامابوو، چونکە ئەمە بەڵگەی ئەوەیە، کە گەندەڵی بەتەواوی شارۆچکەکەی گرتووەتەوە، زۆریش دەیانگوت ئەم نیشانانە پێوەندییان بەقایمقامی نوێ و قوومەندانەوە هەن، کە ناوبانگیان زڕابوو.

ئەو دوو کەسەی بڕوایان بەم گەمەیە نەبوو، موراد چاوش و عاسم بەگ بوون. بەر لە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون لەگەڵ ئەو دووانەدا، موراد چاوش بەهەڵەداوان چووە لای عاسم بەگ و لێی پرسی، داخۆ بڕوای بەو گەمەیە هەیە؟

عاسم بەگ بەخۆشییەوە وڵامی داوە: چاوش گیان، ئەم دنیایە پڕە لە مەتەڵ و نهێنی. ئەگەر ئیشمان بەدەست قووندەر و خوێڕییەوە بێت، پێت سەیر نەبێت سبەی



جەجاڵیش هەڵبسێت.

موراد چاوش ویستی دڵنیا بێت داخۆ عاسم بەگ بەڕاستی بڕوای بەم گەمەیە هەیە، کە هەڵبەت جیهانگیر و مەردانی هاوەڵی لە پشتەوەیەتی، ئەگینا چیرۆکی بردنی چراکان لە لایەن پیرداودی پیاوخاسەوە شتێکی تازە نییە، بەڵکو کۆنە و جگە لە نەوەی پێشوو کەس ناوی ناهێنێت.

لە قۆناغەکەی عاسم بەگ دانیشتبوون. ئەم فنجانێک قاوەی تاڵی، کە سبحەینان پاش قاوەڵتی دەیخواردەوە، دا بەموراد چاوش و گوتی:

– موراد چاوش تۆ زۆر پێ لەسەر شتەکان دادەگریت، دەتەوێ هاوکاری ئەم دوو هیچوپیچە گەندەڵانە بکەیت؟

– ئەستەغفیروڵڵا لە شتی وا عاسم بەگ، ئەمانە دێن و دەڕۆن، ئێمەی خەڵکی ڕەسەنی سەنجەق دەمێنینەوە، وا دەزانیت من لە پێناو ئەمانەدا پێوەندیی خۆم لەگەڵ خەڵکی شارەکەم و هۆزەکاندا تێک دەدەم؟ شتی وا محاڵە... محاڵە.

– کەواتە هێندەی بەدوادا مەچۆ و بڕوا بەقسەی هەردوو حەسحەسە سەرخۆشەکان بێنە.

موراد چاوش سەری لەقاند و بەخەنینەوەوە گوتی:

– دەزانیت قایمقام و قوومەندان لەو ڕووداوە زراویان چووە؟

– هەوڵ بدە زیاتر بیانتۆقێنیت، لە بارەی دێو و درنج و قایشباڵدەرەوە قسەیان بۆ بکە، کە چۆن لە ڕابردوودا بەناو کووچە و کۆڵانەکانی سەنجەقدا دەهاتن و دەچوون و کەیفیان دەکرد.

ڕێنوێنی نوێ لە والییەوە دەرچوو، جەخت دەکاتەوە سەر پەلەکردن لە بەدەستهێنانی باج و سەرانە لە هۆزەکان و بەستنیان بەو ڕاکردووانەی لە خزمەتی سەربازی هەڵاتوون و ناویان تۆمار نەکراوە و تازە ناویان هاتووەتەوە، بەدەستی پۆلایینیش لەوانە بدرێت، کە لە جێبەجێکردنیدا کەمتەرخەمی دەکەن.

لە ژوورەکەی قایمقام بەئامادەبوونی جەنابی قوومەندان و ئەفسەری سەربازگری و بەڕێوەبەری دارایی و قۆڵچیی بەرخۆر و قۆڵچیی گومرگ و فەرماندەی نوێی

سەربازگەکە و موراد چاوش، کۆبوونەوەیەکی درێژخایەنیان بەست. دەبوو دوای کۆبوونەوەکە، لەو ڕۆژەدا هەریەک لە قایمقام و قوومەندان لەگەڵ سەرۆکی هەر حەوت هۆزەکە، کە بریتیبوون لە حەوت هۆزی کورد و هۆزێکی عەرەب و هۆزێکی تورکمان، دابنیشن. کەچی نەهاتنی پێنج هۆزی کورد و هاتنی تەنیا دوو هۆزی چکۆڵە، پلانەکەی قایمقام و قوومەندانیان هەڵوەشاندەوە. ئەوی زیاتر ڕقی لا دروستکردن و ترساندنی، ئامادە نەبوونی هەردوو سەرۆک هۆزە عەرەب و تورکمانەکە بوون. لە کاتێکدا قایمقام و قوومەندان دەیانویست لە پیادەکردنی زۆرێک لە پیلانەکانیاندا پشتیان پێ ببەستن.

موراد چاوش دەیزانی ناحەزیی لە نێوان ئەو دوو هۆزە و هۆزە کوردەکانی دیدا هەیە، بۆیە هەوڵی دا زوو بەڕێیان بکات و پاڵیان پێوە بنێت، تاکو قایمقام سوودیان لێ نەبینێت. کەچی ئەوان سووربوون لەسەر دیتنی قایمقام، یاخود قوومەندان. موراد چاوش چەندێک ویستی لەمپەر لەبەر دیدارەکەیاندا دابنێت، قوومەندانی ئاگادار کردەوە، کە ئەم دوو هۆزە بایەخیان نییە و سەرۆکەکانیان بۆ کێ بێت خزمەتکاری دەکەن و پشت بەستن بەمانە لە ئەنجامدا لەگەڵ پێنج هۆزە سەرەکییەکاندا گرفت و ئاریشەی لێ دەبێتەوە.

هەوڵەکانی موراد چاوش بێ سوود بوون و سەریان نەگرت، چونکە پێیان دادەگرت، کە هەر دەبێ لەگەڵ بەرپرسێکدا قسە بکەن، لەبەرئەوەی زانیاریی گرنگیان پێیە و تایبەتە بەئەمن و ئاسایشی دەوڵەتەوە. ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی قوومەندان پێشوازییان لێ بکات و گوێیان لێ بگرێت. زەویی ئەم دوو هۆزە دەشتایی بوو و سەخت نەبوو. بۆیە سنووری دەسەڵاتی ئەو دوو سەرۆک هۆزە چیا سەرکەشەکانی نەدەگرتەوە. ئەوە بوو کاتی خۆی سەرۆک هۆزە ڕەسەنەکان فەرمانەکەیان ڕەت کردەوە و تا نووکەش ئەم دووانە نە لە لایەن هۆزەکانیانەوە، نەش لە لایەن پێنج هۆزەکەی ترەوە دانیان پێدانەنراون. ئەم دووانەش کە بەبێ ڕەزامەندی سەرۆکە ڕەسەکانیان فەرمانەکەیان وەرگرتووە و ئێستا خۆیان بەسەرۆکی فەرمی هۆزەکانیان دادەنێن، کەچی لە ڕاستیدا تەنیا فەرمانڕەوایی دوو گوندیان بەدەستەوەیە. کاتێکیش سەرۆک هۆزەکان لە کۆشکەکەی سەرۆکی هۆزی



بابایییەکان کۆبوونەوە، هەردوو سەرۆکی ڕەسەنی ئەم دوو هۆزەشیان لەگەڵدا بوون، بۆیە زوو ئەمان هانایان بۆ سەنجەق برد و بڕیاریان دا خۆیان لە خزمەتی دۆخە تازەکەدا دابنێن. قوومەندان بەسروشتی خۆی دەیزانی کەسانی لەم بابەتە ئامادەن بەهەر نرخێک بێت خۆیان بۆ هاوکاری لەگەڵ دەسەڵاتدا بەکوشت بدەن، هەرگیز لە ناو هۆزەکانیاندا مایەی دڵخۆشی و پشت پێ بەستن نین و ناتوانن شتەکان بەبەرژەوەندی حکوومەت چارەسەر بکەن، دووریش نییە زیانیان لە سوودیان زۆرتر بێت، بۆیە بەهەندی وەرنەگرتن و هێندەش ڕێزی بەرامبەر نەنواندن. وەلێ لەسەر هاوکاریکردن و ناونووسکردنی ئەندامانی هۆزەکەیان وەکو ئەندامی چەکدار لە یەکەی چەتەی نیمچە نیزامی، قایل بوو.

لە میانەی ئەو وتووێژە کورتەی لە نێوانیاندا ئەنجام درا، قوومەندان بەو کۆبوونەوەیەی زانی، کە لە کۆشکی سەرۆک هۆزی باباییەکاندا بەسترا، وەلێ بێ ئەوەی هیچ لە بارەی وردەکارییەکانی کۆبوونەوەکە بزانێت، ئەمەش بووە هۆی توورەبوونی، ناردی بەشوێن موراد چاوشدا و پرسیاری لێ کرد داخوا ئاگای لێیە چی لە بەینی هۆزەکاندا ڕوودەدات؟ قوومەندان شڵەژابوو و ترسیشی لێ نیشتبوو، چونکە ئەو زانیارییانەی بەر لە ماوەیەکی کەم پێی گەیشتبوون، ئەوەی دەسەلماند، کە ناکۆکی و ناتەبایی لە نێوان هۆزەکاندا هەیە و دوور نییە لە هەر سەعاتێکدا لێک بدەن. کەچی هەواڵە تازەکە پێچەوانەی ئەمە دەسەلمێنێت، داخۆ کامیان ڕاست بێت؟ موراد چاوش کاتێ عارەقەی هەنیەی دەسڕییەوە، گوتی:

– ئەم هۆزانە زۆر سەیرن جەنابی قوومەندان، هەر دەستێوەردانێک لە لایەن دەوڵەتەوە دەبێتە هۆی یەکگرتنیان و ناکۆکییەکانیان لە بیر دەکەن، بەڵام هەرکە دەوڵەت پشتگوێیان دەخا و لە بیریان دەکات، لە ناو خۆیاندا دەکەونە سەر و گوێلاکی یەکتری، بۆیە باشترین چارە ئەوەیە پشتگوێ بخرێن.

– بەڵام فەرمان فەرمانە موراد چاوش، وا دەزانیت دەوڵەت لەخۆڕا قایمقامی پێشوو و یوزباشیی گواستەوە؟ من و قایمقامی نوێ بەتایبەت لێرە دامەزراین، تاکو فەرمانەکانی دەوڵەت سەبارەت بەهۆزەکان و ناچارکردنیان بەملکەچکردن و گوێڕایەڵی بۆ بڕیارەکان و پابەندبوونیان پێوەیان، پیادە بکەین. هەر هۆزێک لەم

دەڤەرەدا چون حکوومەتی ناوەندی بوونی نەبێت، حکوومەتێکە بۆ خۆی. ئێمە دەبێ بەهەر نرخێک بێت بانگی هەر حەوت سەرۆک هۆزەکە بکەین و دانیشتنێکیان لەگەڵدا بکەین.

– جەنابی قوومەندان، هەموویان یەک یەک پێیان ڕاگەیەنراوە و ڕۆژی دیارکراومان بۆ دانان، کەچی دەبینیت ئامادە نەبوون، وابزانم سەرلەنوێ پێ وتنەوەیان هیچ سوودێکی نییە، نەخوازەڵا ئەگەر هەواڵی دانیشتنەکەیان لە کۆشکی شێخ بابا ڕاست بێت.

– ئەی چار؟

– من وای دەبینم سیاسەتی نەرمی و قایلکردن بەکار بهێنین.

قوومەندان لە شوێنی خۆی لەودیو مێزەکەیەوە هەستا، کێشای بەسەر مێزەکەدا و بەتووڕەییەوە گوتی:

– من هۆزێلێکی دڕندەترم لەم جرجانە تەمێ کردوون، فێریان دەکەم نیزام و دەوڵەت چین.

هەر حەوت سەرۆک هۆزەکان لە نێو خۆیاندا ڕێکەوتن پێوەندیی بەردەوامیان لەگەڵ یەکدا هەبێت و هیچ سەرۆکێک بێ گەڕانەوە بۆ ئەو ئەنجوومەنەی بەناو هۆزەکانەوە پێکیان هێنا، لە خۆیانەوە بڕیار وەرنەگرن.

شێخ بابا پێشنیازی کرد کوێخا زۆراب بکرێتە سەرۆکی ئەنجوومەنەکە. چونکە لە هەموویان بەتەمەنترە، ئیدی بەکۆمەڵ دەنگی بۆ درا. پاش گفتوگۆ و ڕاوێژکردنی زۆر و پێوەندیی نهێنی لەگەڵ عاسم بەگ و موراد چاوش، ئەنجوومەن بڕیاری دا پێکدادانی ڕاستەوخۆ لەگەڵ هێزەکانی جەندرمەدا نەکەن، ئەو هێزانەی خەریکبوون بەسەر ناوچەی هۆزەکاندا دابەش دەبوون، فەرمانبەرەکانی باج و قۆڵچی و ئەفسەری سەربازگرییان لەگەڵدا بوون. قوومەندان ماڵی کوێخا زۆرابی لە گوندی بەنعیز کردە بارەگای سەرکردایەتی کردنەکەی، دێیەکە کە چۆڵ کرابوو و کەسی تێدا نەبوو، بۆیە بەبێ قرە داگیر کرا. کاتێک داوای کرد لەگەڵ پیاوماقووڵانی ئاوایی کۆ بێتەوە، سەید جەواد و میرزا و هاپۆ هاتن. لە قسەکانی گەیشتن، دەیەوێت ڕۆژانە بۆ خۆی و یەکە سەربازییەکەی بەلای کەمەوە کاوڕێک بدرێتە عەرزا و ڕۆژانە سێ



ژەم خواردنیان بۆ ئامادە بکەن. موراد چاوشیش لەو دانیشتنەدا ئامادە بوو، سەید بەقەشمەری پێکردنەوە گوتی:

– شنی هی بویە، انغلاب؟

قوومەندان لە قسەکانی سەید تێنەگەیشت، سەیری موراد چاوشی کرد، بەجووڵەیەکی سەری پرسیاری کرد، موراد چاوش وڵامی داوە:

– جەنابی قووماندان، نانێک چییە لە ماڵیاندا نییە، ئەوان وادەزانن ئێمە خواردنیان بۆ دابین دەکەین.

– ئێمە تەکیەمان نییە تاکو خواردنیان بدەینێ، ئەی کوا خەرمانەکانیان؟

قوومەندان بەشێوە تورکییەک دەدوا، تەنانەت موراد چاوشیش بەزەحمەت تێدەگەیشت، وەلێ هەر چۆنێک بوو کردیە کوردی. میرزا بەشڵەژانەوە وڵامی داوە:

– پێی بڵێ خەرمانەکان فڕین بۆ ئەوێ، بۆ شاخەکانی دۆڵی کفران، دەبا خۆی و سەربازەکانی بچن بۆ ئەوێ.

موراد چاوش قوومەندانی قایل کرد، کە قسەکردن لەگەڵ ئەمانەدا تەنیا کات بەفیڕۆدانە، هەروەها دانەوێڵەکەشیان گواستراوەتەوە بۆ ناو شاخەکان. فەرمانی دا بەوردی گوندەکە و دەوروبەری بپشکنن، جەندرمەکان بەناو کۆڵانەکانی گونددا بڵاو بوونەوە، بەوریاییەوە دەچوونە ناو ماڵەکانەوە، چەکەکانیان وا بەرز کردبووەوە دەتگوت لە دۆخی جەنگدان. هەموو کونج و کەلەبەری ماڵەکانیان بەوردی و ئاگادارییەوە پشکنی، جگە لە پشیلە و سەگی بەرەڵا ڕێکەوتی هیچیان نەکرد. لە یەکەکانی دییەوە، کە بەسەر هۆزەکانی تردا دابەش بووبوون، وا زانیاری گەیشت، کە گوندەکانی دیکەش چۆڵ کراون و دانەوێڵەکەشیان شاردووەتەوە و جەندرمەکان زۆر ئاتاجی نانن.

قوومەندان پێوەندیی بەقایمقامەوە لە سەنجەق و بەسەرکردایەتییەوە لە کەرکووک کرد و دوا پێشهاتەکانی پێ ڕاگەیاندن:

* دانەوێڵە و ئاژەڵەکان شاردراونەتەوە و دانیشتووانی گوند لە شاخ و دۆڵەکان خۆیان شاردووەتەوە، زۆر بەدوایاندا گەڕاین بێهوودە بوو.

* لە سۆنگەی گەرمای زۆر و کەمی ئازووقەوە ورەی جەندرمەکان تا بڵێی خراپە.
* کۆمەڵێک هۆزی چەکدار بەدەرویشەکانی تەکیەی بەرزنجەیشەوە لە دۆڵی کفران کۆبوونەتەوە، بۆ داگیرکردنی پێویست بەتۆپی قورس و تەقەمەنیی زۆر دەکات.
* هەردوو هۆزە عەرەب و تورکمانەکە لەسەر زەویی هۆزی بابایی کۆبوونەتەوە و بەدرێژاییی کەناری ڕۆژئاوای زێی ڕۆخانە، خەریکی خۆ قایمکردنن بۆ بەرگری.
* ئەو دوو سەرۆکە کوردەی لەگەڵ حکوومەتدا هاوکارن، لە شاخ لەگەڵ هۆزەکەیاندا تووشی پێکدادان هاتن، سەرەنجام تاقمەکەی بەچەکەکانیانەوە پێوەندییان بەهەردوو سەرۆکە ڕەسەنەکەوە کرد. جگە لە چەند کەسێک، کە لە پەنجەکانی هەردوو دەست تێناپەڕن، کەسیان لەگەڵدا نەمایەوە.
* یەکە سەربازییەکان پێویستییەکی زۆریان بەتفاق و ئازووقەیە، بۆمان بنێرن، لە دۆخێکی زۆر خراپداین...

وەختی نیوەڕۆ بوو، گەرماکە هەراسانی کردبوون، ئا لەو کاتەدا قوومەندان بەئامادەبوونی موراد چاوش لە دیوەخانەکەی کوێخا زۆراب، کە چواردەوری بەپاسەوان گیرا بوو، ڕاپۆرتە کورتەکەی بۆ عەریفی تەلەگراف خوێندەوە. ئەو قوللەیەی مەردان تێیدا نیشتەجێ بوو، سێ جەندرمە بەشەستیرەکانیانەوە کردبوویانە بارەگای خۆیان. قوومەندان چای دەخواردەوە و جگەرەی زۆر دەکێشا، ئاوڕێکی لە موراد چاوش دایەوە و گوتی:

– پێشبینی هەموو شتێکم دەکرد، بەڵام ئەوەی کە خواردن ببێتە گرفتی ڕاستەقینە لە بەرامبەر یەکەکانمدا، هەرگیز بەخەیاڵمدا نەدەهات، دواکەوتنی فەرمان لە بارەگای سەرکردایەتییەوە بەم ئەنجامەی گەیاندین.

موراد چاوش گوتی:

– بەڵام جەنابی قوومەندان، باشە دەوڵەت ئەم ژمارە زۆرە لە جەندرمەی نیزامی دەنێرێت، ئەی بیر لە خواردنیان ناکاتەوە؟

– گوتیان ئەمساڵ بەروبووم لە عەقڵ بەدەرە. پاشان ئێمە پشتمان بەو بڕە زۆرەی لە خانەکەی داواکراو جیهانگیردا هەبوو، بەستبوو.



– دەبێ دەوڵەت چارەسەرێکی گونجاو بدۆزێتەوە، ئەگینا ئەگەر ئازووقەی یەدەگ تەواو بێت، ئەوا تووشی کارەسات دێین، پاشان ئێمە ناتوانین پشت بەخەڵکی سەنجەق ببەستین، چونکە ئەوان خۆیان پشتیان بەجیهانگیری بازرگان بەستبوو.

قوومەندان بەزمانی یەکێک کە حکوومەت باش بناسێت، گوتی:

– دەوڵەت قلە گەنمێک چییە بۆمان نانێرێت، ئێمە چ بەنەرمی بێت یا بە هێز، دەبێ خواردنی خۆمان لە جووتیارەکانەوە دابین بکەین، دۆخی ئێستاش لە بەرامبەر دوو ڕێگەدا سەرپشکمان دەکات، یان هێرشێکی توند و بەرفراوان بکەین، یانیش یەکەکانمان بۆ بارەگا بنەڕەتییەکانیان بگەڕێنینەوە.

– بەڵام جەنابی قوومەندان، بڕوا دەکەیت بەڕاگەیاندنی شەڕ بەسەر حەوت هۆزدا، بتوانین مەرامەکانمان بەدی بێنین؟

– پێویست ناکات جەنگ بەسەر هەموویاندا ڕابگەیەنین، هەوڵ دەدەین فشار بخەینە سەر تەنیا هۆزێک. ئەگەر توانیمان بەشێوەیەکی باش تەمبێی بکەین، ئەو کات هۆزەکانی دی دێنە ژێر بار و خۆ بەدەستەوە دەدەن. گرنگ ئەوەیە فەرمانمان پێ بدرێت.

– ئەم مەسەلەیە لە دەستی ئێمەدا نییە جەنابی قوومەندان، ئێمە هەر جووڵەیەک بکەین، ئەوا هەر حەوت هۆزەکە شەڕ ڕادەگەیەنن. ئەوان دووبەرەکی نێوانی خۆیان لە بیر کردووە و ئەنجوومەنیان پێکهێناوە.

قوومەندان بەسووک تەماشاکردنێکەوە گوتی:

– بۆچوونەکانت بەرامبەر هێزی ئەمانە ناتەواون موراد چاوش. پەند لە ژمارەدا نییە. هەموو ئەو چەکانەی هەیانن سەعاتێک بەردەوام نابن، ئێمە بەتازەترین چەکی کوشندەوە ڕووبەڕوویان دەبینەوە، فێریان دەکەین نیزام و گوێڕایەڵی چییە.

موراد چاوش ویستی بڵێ من لەگەڵ ئەم جۆرە چارەسەرانەدا نیم، وەلێ قەیرێک بێدەنگ بوو، پاشان گوتی:

– وابزانم کارەکە بەم ئاسانییە نییە جەنابی قوومەندان، ئەوانیش چەکی باشیان هەیە، هەروەها لە ئەنجامی ململانێی نێوان خۆیاندا، فێری هونەری جەنگ بوونە،

باشە تۆ پێشبینیی ئەوەت دەکرد دێیەکانیان چۆڵ بکەن و دانەوێڵەیان بەم شێوەیە بشارنەوە؟

قوومەندان بیری لە شتێک دەکردەوە و چاوی بڕیبووە بۆشاییەکە، گوتی:

– ڕەگەزی کتوپڕ و لەناکاو لە جەنگدا زۆر گرنگە، وابزانم زانیاریی تەواومان لەسەر حەوت هۆزەکە نییە، ئەرێ بەڕاست، ئەمانە خۆیان حەوت هۆزن یاخود تەنیا نازناوە؟

نیشانەی دڵکرانەوە بەڕووی موراد چاوشەوە دیار بوو، بەکاریگەریی قسەکەی بەسەر قوومەنداندا ئاهێکی پێدا هاتەوە. گوتی:

– لە ڕاستیدا ئەمانە زیاد لە حەوت هۆزن، جەنابی قوومەندان. بۆ نموونە دەروێشەکانی تەکیەی بەرزنجە، کە ژمارەیان دەگاتە سەدان کەس، هەروەها گوندەکانی دەوروبەری هۆزی دۆڵی کفران، سەرجەمیان لەگەڵ حەوت هۆزەکەدا دامان نەناون. هەمان شتیش بۆ هەموو هۆزەکانی دی. هەر هۆزە تیرە و بەرە باب و پاشکۆی زۆری لێ دەبێتەوە، کە لێرە و لەوێ دابەش بوونە. هەر هێندەی هەست بەشەڕ بکەن، بەهەڵەداوان دەگەنە فریای هۆزە دایکەکە، بۆیە گرفتی تووشبوون بەشەڕ لەگەڵ ئەم هۆزانەدا کارەساتی گەورەی لێ دەکەوێتەوە.

قوومەندان چون لەگەڵ خۆیدا بدوێت، گوتی:

– مەلعوونانە دابەش بوونەتە سەر دوو بەرەی ستراتیژییەوە، چون لە قوتابخانەی سەربازی هونەری شەڕکردنیان خوێندبێت، ئاوا سوودیان لە لەمپەر و کۆسپە سروشتییەکان وەرگرتووە!!.

– جەنابی قوومەندان ئەگەر باباییەک لە کاتی شەڕدا چۆکی لە زەوی گیر بکات، ئەوا هەنگاوێک بەرەو دوا ناکشێتەوە و گوللەشی بەخۆڕایی ناڕوات و لە گۆشت گیر دەبێت، تا هێزی لەبەر دەبڕێت بەرگری دەکات، ئیدی ئەگەر بەئەسپ هێرشی بکرێتە سەر، یاخود تۆپباران بکرێت، ئەمەت لە ڕێگەی ئەزموونەوە پێ دەڵێم. هەرچی زەلامەکانی هۆزی دۆڵی کفرانن ئەوە گورگێکن بۆ خۆیان.

کاتێک دەچیتە ناو دەڤەرە سەختەکەیانەوە هەست بەهیچ بوونەوەرێک ناکەیت، هەر هێندەی دەگەیتە شوێنێکی دیارکراو، دەبینیت لە هەموو لایەکەوە دەورە دراویت،



ئیدی یان دەبێ خۆت بدەیتە دەستەوە، یانیش بکشێیتەوە و وازیان لێ بێنیت.

کەواتە جەنابی قوومەندان خەتاکە لە قایمقامی پێشوو و یوزباشییەوە نەبوو، کە گواسترانەوە و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا کرا. خەتاکە لەو هۆزانەوەیە، کە بەئاسانی دەستیان بەسەردا ناگیرێت. تەنیا چارەش بۆ ئەو کاتە مامەڵەکردن بوو بەشێوەیەکی ئاشتییانە و قەناعەت پێکردنیان، ئەویش دابەشکردنی فەرمانەکان بوو بەسەریاندا بەمەبەستی ڕاکێشان و لە دەوڵەت نزیک کردنەوەیان. ئەمانە وەکو ئەسپی هار و بەلەسەن بەسەبر و پشووی درێژ ڕام و دەستەمۆ دەکرێن.

قوومەندان لە ناخەوە هەستی بەترس و تۆقین کرد، چونکە زانیاریی تەواوی لەسەر ژمارەی چەکدار و جۆری چەک و سروشتی ئەو زەوییەی شەڕی لەسەر دەکرێت نەبوو. هەروەها لەسەر ئەو پێشهاتانەی لەناکاو لە کاتی هێرشبردندا ڕوو دەدەن، ئینجاش داخۆ سەربازەکانی چەندە بڕوایان پێتەوە و ئامادەییان بۆ شەڕێک، کە لەمێژە نەیانکردووە، هەیە؟ ئەوەی زیاتر شڵەژاندی و تووشی دڵەڕاوکێی کرد، وڵامی بارەگای سەرکردایەتی بوو، کە عەریفی تەلەگرافەکە لە بەردەمی دانا و بەوردی لەگەڵ موراد چاوشدا تەماشایان دەکرد و سەرنجیان دابوویێ:

«بۆ قوومەندانی سەنجەق و دەوروبەری– برووسکەکەتان: بەنعیز /بەپەلە... بکشێنەوە بۆ ناوەندی سەنجەق و شتەکان ئاڵۆز مەکەن/ئێوە لە ونبوونی خەڵکەکە و دانەوێڵەیان بەرپرسیارن. گرفتی ئازووقە لەگەڵ پیاوماقووڵانی سەنجەق و هۆزەکاندا چارەسەر بکەن/چاوەڕێی وەڵامتانین...

فەرماندەی بارەگای سەرکردایەتی

قوومەندان دوای ئەوەی بۆ بیستەم جار بروسکەکەی خوێندەوە، گوتی:

– موراد چاوش ڕات چییە؟

ئەویش بەزمانی سەرکوتوویەک کە بڕوای بەخۆی بێت، وڵامی داوە:

– من پێشبینیی ئەم وەڵامەم لە بارەگای سەرکردایەتی دەکرد، بەڕاستی حەکیمانەیە.

قوومەندان بەسەرسامییەوە گوتی:

– وابزانم گۆڕانکاری و کێشەیێلێک لە ناو بارەگای سەرکردایەتیدا هەن، ئەوان کاتێک بۆ ئێرە ناردیانین، زمانیان ئەم زمانە نەبوو... جەختیان لەسەر تەمێکردنی هۆزەکان و ناچارکردنیان بۆ ملکەچی و گوێڕایەڵی و باجدانی دوو قات و زۆر شتی دی دەکردەوە. کەچی ئێستا من بەلێپرسراوی بزربوونی خەڵکەکە و دانەوێڵەکەیان، دادەنێن. توخوا ئەمە ڕەوشتە؟

– ئەمە بوو پێم لەسەر دادەگرت جەنابی قوومەندان، ئێمە وەکو بەرپرس چەندە پلەمان بەرز بێت هەر دەبێ ئاگامان لە خۆمان بێت، ئەگینا زۆر لەسەرمان دەکەوێت؟ بزانە چی ڕووی دەدا ئەگەر لەگەڵ هۆزەکاندا دەستەویەخە ببووینایەتەوە؟

– دەبێ دەمودەست بۆ ناوەندی سەنجەق بکشێینەوە، بەڵام ئەم پیاوماقووڵانەی شار کێن؟ من تەنیا پیاوماقووڵێک دەناسم ئەویش عاسم بەگە.

– جەنابی قوومەندان ئەگەرێکو پشت بەعاسم بەگ ببەستیت، ئەوا زۆر گرفتت بۆ یەکلا دەکاتەوە. ئەم دەڤەرە زۆر هەستەوەرە، جگە لە هێمنی و بەعاقڵی جووڵانەوە هیچی دی سوودی نییە. تەنانەت ساڵی پار وەک ئەم ڕۆژە، هەموو خۆیان بزر کردبوو و جگە لە چەند پیرەمێردێکی بەتەمەن کەست نەدەبینی، ئیدی بەپشتیوانیی دەوڵەت و بەو فەرمانانە توانیمان لە تاریکی دەریان بهێنین و لە دەوڵەتیان نزیک بخەینەوە. جەنابی قوومەندان ئێمە پێویستمان بەسەبری زۆر هەیە لەگەڵیاندا.

قوومەندان بۆ کۆکردنەوەی هێزەکەی ڕێوشوێنی پێویستی گرتە بەر و فەرمانی بەو یەکە سەربازییانە دا کە بەسەر ناوچەکاندا دابەش بووبوون، یەکسەر بۆ ناوەندی سەنجەق بگەڕێنەوە. داواشی لە عەریفی تەلەگراف کرد، بارەگای سەرکردایەتی ئاگادار بکاتەوە، کە ڕێوشوێنی دەستبەجێ گیراوەتە بەر و فەرمانەکان بەتەواوی پیادە کراون. هەرا و هوریا کەوتە ناو ڕیزەکانی سوپای جەندرمەوە، ئەوانی دەترسان پێکدادانی چەکداری لەگەڵ هۆزەکاندا ڕوو بدات. ئەمانە بەخێرایی و بەوپەڕی خۆشییەوە تفاقەکانیان پێچایەوە. لەو کاتی قوومەندان سەرقاڵی فەرمان دەرکردن بۆ یاریدەدەرەکانی بوو، موراد چاوش خۆی بەڕەشماڵەکەی میرزادا کرد، ڕۆژەکە بەرەو ئاوابوون دەخزا، هاپۆ و سەید و میرزا و حەمە غەریب نانی شێوانیان دەخوارد، هەرکە بینییان، دەستیان لە خواردن کێشایەوە و بەواقوڕمانەوە سەیریان



دەکرد، سەید گوتی:

– یا اللە، یا ستار...

هەرچی ئەو بوو بزەیەک دەموچاوی گرتەوە. بەدەستی ئاماژەی کرد لە خواردن بەردەوام بن. بەتەنیشتیانەوە دانیشت و قۆڵی لێ هەڵماڵی و لە خواردنەکە نیشت، گوتی:

– لەسەرخۆ بخۆن، مژدەی خۆشم پێیە بۆتان.

کاتێک میرزا بینی زۆری برسییە، داوای لە حەمە غەریب کرد لەگەنێکی دی تێگووشی بێنێت. تا لە خواردنەکەی نەبووەوە زاری هەڵنەهێنا . هەینێ دەستی بەچاخواردنەوە و جگەرەکێشان کرد، بەدەنگی نزمەوە گوتی:

– بروسکەیەک لە کەرکووکەوە گەیشت، دەبێ ئێمە هەر ئێستا بەرەو ناوەندی سەنجەق بکشێینەوە، قوومەندانیش لەسەر ئەو ڕەفتارە ناشیرینانەی لێپرسینەوەی توندی لەگەڵدا دەکرێت. هەر ئێستا ئەمە بەکوێخا زۆراب و شێخ بابا ڕابگەیەنن، بەڵام بەهێمنی و بێ گەڕەلاوژە.

میرزا لەودەمی بەشڵەژانەوە بن هەنگڵی دەخوراند، گوتی:

– بەڕای تۆ موراد چاوش، دەتوانن بگەڕێنەوە ماڵەکانیان؟

موراد چاوش بەزمانێکی تیژەوە گوتی:

– ئەی چۆن میرزا ئاغا، ئەمە گوندی خۆیانە، دەبێ دەمودەست بگەڕێنەوە.

سەیدیش گوتی: دەترسم ئەمە تەڵەیەکی نوێ بێت موراد چاوش.

– نا، سەید. بەخۆم بروسکەکەم بینی.

– لە بروسکەکەدا هاتووە با کوێخا زۆراب بگەڕێتەوە ئاواییەکەی؟

موراد چاوش بەدوورودرێژی بۆی ڕوون کردنەوە، حکوومەت لە کەرکووک ئاگای لێ نییە، کە کوێخا زۆراب و تاقمەکەی گوندیان جێهێشتووە.

سەید بەشانازی بەخۆکردن و شکۆوە، چون لەگەڵ خۆیدا بدوێت، گوتی:

– عەفارم کوێخا زۆراب، عەفارم بۆ تۆ، کوێخا زۆراب تەنانەت لە ویلایەتیش ناسراوە.

هاپۆ خورتە و بۆڵەیەکی کرد:

– نەعلەتی خوا لە ستەمکار، بەو خوایە ژیان بێ کوێخا زۆراب حەرامە.

– وەڵڵاهی وایە... خوا بتپارێزێت کوێخا زۆراب.

بەر لەوەی تاریک دابێت، دوا جەندرمە گوندی جێهێشت، هەریەک لە هاپۆ و سەید و میرزا و حەمە غەریب و ژنەکانیان لە بەرامبەر ڕەشماڵەکە وەستابوون و دیقەتی ئەو دەستە و تاقمە جەندرمانەیان دەدان، کە ڕێی ناوەندی سەنجەقیان گرتبووە بەر. بڕوایان بەچاوی خۆیان نەدەکرد، بەخۆشی و شادی و چاوی پڕ لە پرسیارەوە لە یەکتریان دەنۆڕی.



## ٢٤

هەواڵی کشانەوەی هێزێن جەندرمەی نیزامی بۆ ناوەندی سەنجەق چون درابێتە دەم باوە ئاوا بڵاو بووەوە، هەمووان وایان دانا ئەوە تێکشکانێکی گەورە و ملکەچی بوو بۆ هێزەکانی دەوڵەت لە بەرابەر ویستی هۆزەکاندا، هەندێک بەساڵاچوو نەبێت، حیکمەت و عاقڵییان لەو هەڵوێستەی دەسەڵاتداراندا بینییەوە. ئەو هەواڵانەی بەخێرایی و بەپەنهانی بڵاو بوونەوە، وایان لە قایمقام و قوومەندان کرد ڕۆژانی مانگی پووشپەڕ جگە لەوەی بەسستی دەرۆیشت ئینجاش لە چاوەڕوانی و ترسدا ببەنە سەر. هەروەها لە زۆرێک لەو واتە وات و قسانەی لە چاخانەکان و ئەنجوومەنەکانی سەنجەقدا دەکران، بێدەنگییان دەکرد. بەدزییەوە جوێن بەسوڵتان عەبدولحەمید نەدەدرا، بەڵکو بەئاشکرا و بەبەرچاو و گوێی خەڵکەوە جمانیان ڕەوانەی دەکرد، ئەو ڕێبوارانەی لە کەرکووکەوە دەهاتن دەیانگوت پشێوی شارەکەی گرتووەتەوە و هەندێک توندڕەو هێرشیان کردووەتە سەر چاخانەکان و وێنەی سوڵتانیان دڕاندووە و لە ناو جادەکاندا ناویانەتە ژێر پێوە، هوتافیان دژی گوتووە و داوای ڕووخانیان کردووە. پۆلیسیش تەنیا ڕۆڵی تەماشاکەریان دەبینی و حەقیان نەبوو. یەکێک لە ڕێبوارەکان تەلاقی خوارد چۆن بەچاوی خۆی بینیویەتی بەئاشکرا جوێن بەسوڵتان دەدەن و قسە لەسەر ژنەکانی و باس لە مێبازییەکانی و جەور و ستەمی دەکەن، هەروەها چۆن کەسانی بێ تاوان لە ناو دەبات. بێهوودە قوومەندان دەیویست شتێک لە وردەکارییەکان و ڕاستیی ئەو واتە واتانەوە بزانێت، کە لە پرسیارکردنەکانییەوە لە ڕێگەی عەریفی تەلەگرافەوە دەیناردن. هەموو جارێک هەمان وەڵامی دەگەیشتێ:

– دەست لە کاری خەڵکی وەرمەدەن و گوێ بەواتە وات مەدەن، هیچ کارێکی سەرەڕۆییانە مەکەن. تەنانەت زمانی بروسکەکان، کە لە بارەگای سەرکردایەتییەوە دەهاتن گۆڕا بوو، مەبەست لە «کاری سەرەڕۆیی» چییە؟ قوومەندان دەیگوت لە وەتەی لە سوپادام برگەی وا بێ مانام نەبیستووە. تەنیا کەسێک کە ماناکەی بۆ

لێکدرایەوە عاسم بەگ بوو، کە بەنەگریسییەکەوە گوتی:

– کاری سەرەڕۆیی جەنابی قوومەندان واتا کۆکردنەوە و جووڵاندنی یەکە چەکدارەکانە دژ بەهۆزەکان، وەک ئەوەی جەنگ دژ بەوڵاتێکی بیانی بەرپا بکەیت.

قوومەندان هەوڵی دا لە ڕێگەی هەندێک لە بەکرێگیراوەکانییەوە پڕوپاگەندەی وا بڵاو بکاتەوە چاوپۆشی لەو وتی وتییانە بکات، کە بەبەردەوامی لە شارەوە دەهاتن، دەمگۆی وایان بڵاو کردەوە، گوایا پلانێک لە لایەن هۆزەکانەوە بەڕێوەیە، هێرش بێننە سەر سەنجەق و ماڵ و سامانی خەڵکی فەرهوود و تاڵان و بڕۆ بکەن.

وەلێ عاسم هەر چۆنێک بوو توانی زوو بەزوو خەڵکی دڵنیا و ئەرخاین بکات، هەموو ئەم پڕوپاگەندانە لە هۆنینەوەی قوومەندانە، کە پشتگیریی سوڵتان دەکات. لەسەر بنەمای ئەو جەخت کردنەوانەی لە بارەگای سەرکردایەتییەوە دێن و دانیشتن و گفتوگۆ لەگەڵ سەرۆک هۆزەکان و دروستکردنی کەشوهەوایەکی دۆستانە بەپێویست دەزانن. بۆ ئەم مەبەستە قایمقام و قوومەندان هەوڵەکانیان بۆ بەستنی ئەو کۆبوونەوەیە خستە گەڕ. تەنانەت ئامادەبوونی خۆیان دەربڕی، با کۆبوونەوەکە لە ماڵی هەر یەکێک بێت، ئەوان بیانەوێت.

وەڵامەکەیشی هەمیشە ڕەتکردنەوە بوو. عاسم بەگیش لە جێی خۆیەوە ئەوەی ڕەت کردەوە، کە ڕۆڵی ناوبژیکەر ببینێت، ئەو بەخۆی دژی ئەو دانیشتنە بوو، چونکە بەدیهێنانی دەبووە هۆی گەڕانەوەی ڕێز و بایەخ بەرابەر بەو دوو فەرمانبەرەی کەس حەزی لێ نەدەکردن. لەو دانیشتنەی ئەنجوومەنی هۆزەکان لە ماڵی سەرۆک هۆزی باباییەکان بەستی، باس لە گۆڕانکارییە مەترسیدارەکان کران، کە ئەم سەرۆک هۆزانە پێشتر نەیانبیستبوو، سەرۆک هۆزی عجێل پێی گوتن پێشوازی لە نێردراوێکی هۆزەکانی شممەر و عوبێد و جبوور کردووە و نامەیەکی پێ داوە باس لەوە دەکات، ئەو هۆزە ناوبراوانە یاخیبوونە و بەنیاز نین باج بدەن.

شێخ عەواد قۆجەی سەرۆک هۆزی تورکمانەکانیش گوتی، هۆزەکانی تەلەعفەریش یاخی بوونە، هەرچی کوێخا زۆراب و شێخ بابا بوون، باسی ئەو دانیشتنەیان کرد، کە لە نێوان ئەوان و نوێنەرانی هۆزەکانی جاف و بابان و بادینان و دەڤەرێن دیاربەکر، کرا. هەموویان یاخی بوونە و هەڵگەڕاونەتەوە، باسی ئەوەشیان کرد، کە



بەشێکی زۆری ئەو یەکە سەربازییانەی بۆ سەرکوتکردن و دامرکاندنەوەی نێرراون، ئەوانیش هەڵگەڕاونەتەوە و داویانەتە پاڵ هۆزەکان. بەر لەوەی کۆتایی بەدانیشتنەکە بێن، بەکۆمەڵ بڕیاریان دا دان بەقایمقام و قوومەنداندا نەنێن و ئیدی باج و سەرانە نەدەن و کەسیش بۆ سەربازی نەنێرن، مەگەر تەنیا ئەو کاتەی لەسەر بنەمایەکی دادپەروەرانە، لەگەڵ قایمقامێکی دیکەی نوێدا، کە ڕێز لە ویستی هۆزەکان بگرێت، پێکەوە لەسەریان ڕێک بکەون. هەرچەندە کوێخا زۆراب و شێخۆ دڵنیابوون کە مەحاڵە هێرشی لەناکاو لە لایەن هێزە جێگیرەکانی جەندرمە لە ناوەندی سەنجەق، بکرێت، ئینجاش بڕیاریان دا  شەو و ڕۆژ بەردەوام لە هەموو کونج و کەلەبەرێکی دۆڵی کفراندا، پاسەوانیی بکرێت. هەروەها ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی هەندێک لە خێزانەکان بگەڕێنەوە گوندی زۆراب، لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی دانەوێڵەکان لە عەمبارە نهێنییەکانیاندا لە ژێر زەوی بمێننەوە و نەفرۆشرێن.

ڕۆستەم و ڕەمزی و سائیب و قادر و عەباس ڕۆژەکەیان لە دەربەندی خۆرنەوەزان، کە سائیب بەبەهەشتی وەسف کرد، بردە سەر. لەو کاتەی بەرگەی گەرما نەدەگیرا و ڕۆژە سووتێنەرەکە گڕی لە هەموو شت بەردەدا. هەستیان بەسەرما دەکرد. ئەو تاڤگە بچووکانەی دەڕژانە خوارێ، ڕووەک و دەوەنەکانی بەملا و بەولای لاپاڵە تیژەکەوە بوون دەشووشتنەوە، پاشان دەبوونە جۆگەلە و بەو کەندڕانەی بەدیواری کەندەڵانە تاشە بەردینەکەوە بوون، دەهاتنە خوارێ، یاخود دەبوونە پریشکی پرژ و بڵاو و هەواکەیان شێدار دەکرد و بۆنی خۆشی پونگە و ڕێحانەی دەگرت. ئەسپەکانیان بەتەنیشت تاشە بەردە زلەکەی دەم ڕووبارەکەوە بەستەوە، تفەنگەکانیشیان دایە پاڵ کەندەڵانەکە. ئەو ئاگرەی ماسییەکانیان لەسەری برژاند، هێشتا گەرمیی مابوو، بۆنی ماسیی برژاوی لێ بەرز دەبووەوە. ڕۆژانە دوای گزنگ بەنەختێک بانشاخیان جێ دەهێشت.

لە ڕۆیشتندا بەگوندەکانی لای ڕاستی زێی ئاوەسپیدا ڕەتدەبوون، لە گەڕانەوەشدا بەگوندەکانی لای چەپیدا تێدەپەڕین. تۆزێک لای ئەشکەوتێک ڕادەوەستان، یاخود دەچوونە ناوییەوە، بێ ئەوەی شوێنەواری جنۆکە یاخود دێو و درنج ببینن.

جارێکیان دەربەندەکەیان بۆ بەری ئەو بەرەوە بڕی، چونکە تەنیا لە لایەکییەوە ڕێی

رۆیشتن هەبوو، سائیب پێشنیازی کرد لە رۆیشتن بەردەوام بن، تاکو دەگەنە سەرچاوەکەی، کەچی رۆستەم نەیهێشت، چونکە سنووری هۆزەکەیان لەوسەری دەربەندەکە کۆتایی دەهات و چەند رۆژێکیش دەبات. کاتێک رۆژەکە بەرەو ئاوابوون کشا، خۆیان کۆ کردەوە، بەر لەوەی سواری پشتی ئەسپەکانیان ببن، قادر چون بیەوێ گوێ لە شتێک بگرێت دەستی راستی هەڵبڕی و ملی درێژ کردەوە، گوتی:

– مقەیەت بن، ئەسپ و کەرێل هاتنە دەربەندەکەوە.

لە شوێنی خۆیاندا مەیین، بەگوێیان چاودێریی شتێکیان دەکرد. دوای قەیرێک لە بێدەنگی، دەنگە دەنگ بەرز بووەوە و تێکەڵ بەبەرکەوتنی سمی ئەسپ و گوێدرێژەکان بەپلووکە بەردەکاندا، دەبوو. سەرەڕای ئەوەی ئەوان هیچ شوێنەوارێکیان نەدەبینی، کەچی دەنگی پیاو و ژن و منداڵ بەڕوونی بەر گوێیان دەکەوتن، وەلێ بەزمانێکی نادیار، هەریەکەیان خۆی ئامادە کرد و هەوڵی دا بۆ شوێنە بێ ترسەکان بۆ ئەودیو تاشە بەردەکانی دەم زێیەکە بکشێتەوە، چون خۆیان بۆ جەنگ ئامادە بکەن.

هەرچی رۆستەم بوو، بەگاڵتەپێکردنەوە تەماشای دەکردن، بەخەنینەوە گوتی:

– پێویست بەم هەمووو خۆ ئامادەکردنە ناکات، ئەوانە قەرەجەکانن، دەی با بکەوینە خۆمان، ئەگینا پرسیار و داواکردنەکانیان بێزارمان دەکەن.

سائیب بەسەرسووڕمانەوە گوتی:

– قەرەج؟ رۆستەم دەبێ قسەیان لەگەڵدا بکەین، من لە ژیانمدا قەرەجم نەبینیوە.

رۆستەم لەو کاتی خۆی هەڵدایە سەر پشتی ئەسپەکەی، گوتی:

– مەترسێ سائیب، ئەوان ڕەشماڵەکانیان لەسەر زێیەکە ڕاست لە بەرامبەر بانشاخ هەڵدەدەن، شەو لەگەڵ باوکمدا دەچین بۆ ئاهەنگی شەوانەیان.

قادر لەو دەمەی جەمەدانییەکەی لار دەکردەوە، گوتی:

– کاکە سایب، ژنە قەرەج زۆر جوانن.

بەچارەوێکانیان چون بیانەوێت تۆڵەی داهێزرانی ژێر سێبەری تاریکی رۆژێکی تەواوی خۆرنەوەزان بکەن، بەخێرایی دەرپەڕین. پێش ئەوەی خۆرە کزەکە لەودیو کەل هەنجیرەوە ئاوا بێت، گەیشتنە گوندی بانشاخ. مەجلیسەکە وەکو هەموو کات کوێخا



زۆراب و ڕەمەزان و جیهانگیر و شێخۆ و کەریم و مەلای لە خۆ گرتبوو. رۆستەم هاتنی قەرەجەکانی پێ ڕاگەیاندن، چاویشی لە سیمای باوکی بوو، چونکە ئەو هەمیشە بەشداریی ئاهەنگەکانیانی دەکرد. سەیری پێدا هات کاتێک هیچ خۆشییەکی بەڕوویەوە نەبینی، کوێخا زۆراب بەشۆخییەوە گوتی:

– ئەوان بوونە شەریکەبەشمان و هاتوون بەشی خۆیان ببەن.

ڕەمەزان سەیرێکی کەریمی کرد و گوتی: کەریم ئەوانە پێڕی تۆن، دەبێ بەخزمەت هەڵسیت.

کەریم گوتی: هەی تر هەن لە بری من خزمەتیان بکەن، ناتوانم فاتمە بەتەنێ جێ بهێڵم، چونکە هەر کاتێک بزێت دەزێت.

رۆستەم و دەستەکەی شوێنی خۆیان لە دیوەخانەکەدا گرتبوو، جیهانگیر رووی قسەی لە رۆستەم کرد و گوتی: ئەمە ئیشی تۆیە رۆستەمە فەندی، ئەو دەمی دەوارەکانیان هەڵدا و دەست بەئاهەنگی شەوانەیان دەکەن، دەستەکەت ببە و بچن بۆ لایان، بەڵام ئاگادار بن نەکەونە داوی ئەوینی کیژە قەرەجانەوە، ئێمە ڕازی بووین لە مووسڵ بخوێنن، بەڵام قایل نابین کیژە قەرەجان بخوازن، وا نییە کوێخا زۆراب؟

زۆراب خەنییەوە و گوتی: هەموو شت تەواون، تەنیا ئەمەمان مابوو.

شێخۆ بەخۆشەویستییەوە چاوی لە سائیب کرد و گوتی:

– وابزانم جەماعەت دوای گەشتە دوورودرێژەکەیان برسییانە، وا چاکە دەست بەخواردنی نانی شێوان بکەین.

مەردان و حەمە غەریب، کە زیاد لە حەفتەیەکە میوانی کردوون، لەو ژوورە بچووکەی بۆ چاودێری دوای گەڕانەوەیان، لە سەربانی ماڵەکەی کوێخا زۆرابیان دروست کرد، دانیشتبوون. جگەرەیان بەبا دادەدا و چاودێریی هەر چوار لایان دەکرد. حەمە غەریب تێبینیی سێ پنتی ڕەشی لە نزیک ئەو شوێنەی خۆرەکەی لێ ئاوا بوو، کرد بەرەو ئاوایی دەهاتن. مەردان لە سەربانەکەوە سەری شۆڕ کردەوە و، گازی کرد:

– شێخۆ بەگ، سێ ئەسپسوار بەرەو لامان دێن، وەلێ ناتوانین بیانناسینەوە.

قەیرێک بێدەنگی هەمووانی داگرت، سەرنجەکانیان دەگۆڕییەوە و بەچاو پرسیاریان لە یەکدی دەکرد، پاشان خێرا جێیەکانیان جێهێشت و ڕوویان لە سەربانەکە کرد، هەریەکە و بەڕێگەی تایبەتی خۆی دەیویست ئەو سێ خاڵە ڕەشەی وردە وردە نزیک دەبوونەوە، بناسێت. ئیدی هەرکەسە و ڕەملی لێ دەدا و ناسنامەی ئەو سێ کەسە نادیارەی شی دەکردەوە. سائیب تەنیا کەس بوو بێهوودە چاوی بەئاسۆگەکەدا دەگێڕا، وەلێ کاتێک خەریکبوون لە دیارکردنی ناسنامەی ئەوانەی بەڕێوە بوون یەکڕا دەبوون، ئینجا توانی خاڵەکان ببینێت، ئاوڕی لە ڕۆستەم دایەوە و گوتی:

– ڕۆستەم ئێوە غەیب دەخوێننەوە، ئەم چاوە تیژانەتان لە کوێ بوو؟

ڕۆستەم بەپێکەنینەوە گوتی:

– ژیان ئاوایە سائیب، تۆ ڕووح بانگ دەکەیت و ئێمەش غەیب دەبینین.

هێشتانەکینێ بەتەواوی لەسەر یەک ڕا ڕێک نەکەوتبوون، تا کەریم بەخۆشییەوە هاواری کرد:

– بەخوا ناسییانم، بڕوام پێ ناکەن، من خۆم بڕوا ناکەم، ئەوانن، خۆیانن.

ڕەمەزان بەزمانە گاڵتەجاڕییەکەی خۆیەوە گوتی:

– کوڕە دەبڵێ کێن، ئەگینا جوێنیان پێ دەدەم و تەنێکیش لەعنەت بۆ ئەژدادیان ڕەوانە دەکەم.

کوێخا زۆراب لەو کاتی خەریکی سوتکە جگەرەکەی بوو، گوتی:

– لە ناردنی تەنێک جوێن پەلە مەکە، ڕەمەزان. چونکە لە گۆڕی ئەژدادمان دەگیرسێتەوە. هێشتا بەرەکەتی ئەو گوێرەکەیەی لەسەر پێشنیازی ڕۆستەم و سائیب بۆ ڕووحی نالە گورگەمان کردە قوربانی، نەگەیشتووە.

شێخۆ چاوی لە نێوان باوکی و ڕەمەزاندا گڕ دا و بەسەرسامییەوە گوتی:

– منیش ناسییانمەوە. تەماشا بکەن، یوزباشی بەجلی کوردییەوە و موراد چاوش و مامە میرزاشن.

ڕەمەزان بێ ئەوەی باوەڕ بەقسەکەی بکات، بەگوێ پێ نەدانەوە گوتی:



– شتێ تر بڵێ شێخۆ بەگ، ئێمە دەبێ بەخۆمان دڵنیا بین کوێخا زۆراب. ئەگینا ناگەینە هیچ.

زۆراب بەواقوڕماوییەوە سەری لەقاند و چون لەگەڵ خۆیدا بدوێت، گوتی:

– باشە ئەم هەموو ماوەیە یوزباشی لە کوێ بوو؟ حەتمەن ئێستا قسە و هەواڵی زۆریان پێیە.

پێشەنگی قەرەجەکانیش خەریکبوون لە لای باکوورەوە بەدەردەکەوتن، لە سەرتاپای دۆڵەکەدا بەزەنگوڵی ملی وڵاخەکانیانەوە کردبوویانە ڕۆژی خۆیان، دوای ئەوەی کوێخا زۆراب و ڕەمەزان و شێخۆ لە یەک کاتدا چاویان لە کاروانی قەرەجان و ئەو سیانەی خەریکبوون نزیک دەبوونەوە بڕیبوو، گوتی:

– زەمانێک بوو چەندین حەفتە، کوڕە چەندین مانگ چاوەڕوان بووین تاکو ڕێبوارێک بقۆزینەوە و بۆ کات بەسەربردن قۆشمە و گاڵتەی لەگەڵدا بکەین، کەچی هەوکە لە سای سەری فەرمانە بۆرەوە، خۆمان بووینەتە بابەتی نوکتەبازی بۆ ئەوانی تر. بێننە بەرچاوی خۆتان، میرزا یاوەری یوزباشی و موراد چاوشە.

جیهانگیر هاتە ناوانەوە و بەسینە واڵابوونەوە، گوتی:

– دۆڵی کفران نابێتە بابەتی نوکتە و قسە لەسەر کردن کوێخا زۆراب. ئەم جووڵەیەی لە دەوروبەرت دەیبینی ئەوە خێر و بەرەکەتە. کوڕەکەی دەروێش سەعید، کە بەبێ جلی سەربازییەوە بۆ لامان دێت، دەبێ هەواڵی خۆشی لەگەڵ خۆیدا هێنابێت، بوونی میرزاش لەگەڵیاندا ئەوە نیشانەی خۆشییە.

شێخۆ گوتی: وابزانم وەستانمان لێرە پێویست ناکات، دەبێ خواردن بۆ ئەم میوانانەی لە دوو لاوە بۆ لامان دێن، ئامادە بکەین.

ڕەمەزان بەشۆخییەوە ڕووی قسەی لە شێخۆ کرد و گوتی:

– بەڵێ، ئەمشەو پێویستمان بەخواردنی زۆرە، هەڵبەت یوزباشی کوڕی دەروێش سەعید بەوردی باسی دووربین و عەرەبانەکانی دەکات، کە بەسەر ئاسنە ڕێوە دەڕۆن. مخابن ئەمجاریان قۆڵچیی هاوەڵی لەگەڵدا نییە، تاکو باسی ئەو کەشتییانەمان بۆ بکات، کە چەندین گوند لە خۆ دەگرن.

کوێخا زۆراب گوتی: خۆزگە قسەکان هەر ئەم شتە جوانانەیان لە خۆ بگرتایا، بێزار بووین لە هەواڵی یاخیبوونەکان و کارەکانی سوڵتان و باج و سەرانە و ئەوی فەرمان بەئێمەی کرد.

ڕەمەزانیش هەڵیدایێ: وابزانم باشترین چارەسەر بۆ گەڕانەوە بۆ ژیانی ڕابردوومان و خۆ قوتارکردن لەم هەموو گرفتە، گەڕاندنەوەی فەرمانەکەیە بۆ یوزباشی، تاکو ئەویش بیگەڕێنێتەوە بۆ بابلعالی.

شێخۆ بینی وەستانەکەی هیچ سوودی نییە، کەریم و مەردانی لەگەڵ خۆدا برد و بەپڕتاو دابەزین. هەرچی جیهانگیر بوو نەیدەتوانی جیاوازی لە نێوان ڕاستی و گاڵتەی قسەکانی نێوان کوێخا زۆراب و ڕەمەزاندا بکات، چونکە زۆر جار بێ ئەوەی هەست بکات کەتنیان بۆ دەنایەوە. هەرچەندە خەریکبوو لە شێوەی گاڵتەکردنەکەیان بۆ چارەسەری شتەکان، دەگەیشت. کەچی بینی شێلگیرن لەسەر مەسەلەی گەڕاندنەوەی فەرمان بۆ یوزباشی، کە ئەوە پێوەندیی نەبوو بەمەسەلەی بەخشین و گەڕاندنەوەی فەرمانەکان، بۆیە گوتی:

– کوێخا زۆراب ئەوا ساڵێکی خشت بەسەر وەرگرتنی فەرمانەکەدا تێدەپەڕێت، لەو ماوەیەدا گوندێکتان دروست کرد و زەوییلێکی زۆرتان چاند، ئیدی چۆن بیر لە گێڕانەوەی فەرمان دەکەنەوە؟ شتی وا مەحاڵە.

کوێخا زۆراب وڵامی داوە: بۆچی مەحاڵە؟ ئەوی بنیادەم وەریدەگرێت، دەتوانێت بیشیگەڕێنێتەوە، کوتە کاغەزێکە و ئاو بێنە و دەست بشۆ، با بیدەینەوە و ڕزگارمان بێت.

ڕەمەزان گوتی: خاڵە جیهانگیر، تۆ خۆت وازت لە ماڵ و خانەکەت نەهێنا تا لە کێشەی سەنجەق ڕزگار بیت؟ ئێمەش دەمانەوێ وەکو تۆ بکەین، باشە بۆ نابێ دەست لە فەرمان بکێشینەوە، تاکو لە گرفتەکانی قایمقام و قوومەندان ڕزگارمان بێت، کە دەیانەوێت بمانکێشنە جەنگێکی بێ کۆتاییەوە؟

کوێخا زۆراب لەسەرخۆ بۆ لای نەردەوانەکە پاڵی نان و گوتی:

– شەوێکی دوورودرێژمان بۆ قسەکردن لە پێشە، ئێستا دەبێ بەپێشوازیی میوانەکانەوە بچین.



هاتنی کاروانی قەرەجان و یوزباشی و هەردوو هاوەڵەکەی بۆ دۆڵی کفران بەلای سائیبەوە شتێکی نوێ بوو، ئەوە نزیکەی دوو مانگە لێرە، ڕۆستەم زۆری لە بارەی هۆزەکەیانەوە بۆ باس کردووە، ئیدی لە بارەی جیهانە دیارەکەوە بێت، یاخود جیهانە نادیارە پڕ لە دێو و درنج و جنۆکە فەی. لە ڕۆژانە دەرچوونەکانیاندا بەسەر پشتی ئەسپەوە یاخود بەپێ، شارەزای هەموو بستە ڕێیەک و زەوی و شیو و چیای ئەم هۆزە بوو، بەهەموو کووچە و کۆڵان و بەسەر زبڵخانەکانیدا دەسووڕایەوە، کە هالاوی ئاژەڵ و قشپلی سووتاو و نانیان لێ هەڵدەستا. زۆر جار بیرکردنەوەکانی بۆ شتێکیان دەبرد، هەرگیز پێشتر بیری بۆ نەچووبوو، ئەویش ئەوەیە، کە بەشێک لەم هۆزە، ڕۆستەم و ڕەمزی و قادر و عەباس برای ڕاستەقینەی ئەون، کە ڕۆژگار بەهەر هۆیەکەوە بێت لێکی جیا کردوونەتەوە، سنجان، ئەو ژنە دڵ و دەروون باشەی لە ئامێزی دەگرێ و وەکو ئەو چوارەکەی دی ماچی دەکات، دایکی ڕاستەقینەیەتی، هەرچی دایکی ڕۆستەم بوو، یاخود فاتمەی باوەژنی و ژنەکەی شێخۆ و ئەوانی دییش، ئەوان خوشکین، یاخود پووری ڕاستەقینەین. ئەوەی باش دەزانی ئەم هەست و سۆزانە تا ئەوپەڕی ڕاستی، ڕاستن. هەینێ کوێخا زۆراب، یاخود ڕەمەزان یا هەر کەسێکی دی لەمانە بەچاوە بریقەدارەکانیانەوە لێی دەڕوانن، هەست بەئاسوودەیی دەکات و دەگاتە ئەو قەناعەتەی ئەو بۆ ئەوە هاتووەتە دنیاوە، تاکو لەم کەشوهەوا هێمن و ئارامەدا بژێت، نەک لە کەشوهەوای ساردای خنکێنەر، کە خەریک بوو تووشی شێتیی بکات. سەرەڕای ئەوەی ڕۆستەم و ڕەمزی دەربارەی یوزباشی و هاتنەکەی بەر لە ساڵێکی بۆ دۆڵی کفران بۆی دووان، هەروەها لە بارەی چیرۆکی فەرمانەوە، کەچی ئەو هەستی بەوە دەکرد چون شتێکی نامۆ داوای ئاگاداریی زیاتری لێ بکات، کە دەیەوێ دزە بکاتە ناو جەستەی هۆزەوە، تا ئەو ڕادەیەی هەستی بەئیرەیی کرد. کاتێ هەستی بەخۆشی و ئاسوودەیی بەبۆنەی هاتنی یوزباشییەوە بەڕووی هەندێکەوە کرد، ئەو کاتی هەمووان لە سەربانەکە دابەزین، داوای لە ڕۆستەم و ڕەمزی کرد لەگەڵیدا هەندێک لە بان خانی بمێننەوە، چوونە قوللەی چاودێرییەکەوە، جارێک دەیڕوانییە قەرەجەکان و جارێکیش یوزباشی و هەردوو هاوڕێکەی، کە لە گوند نزیک بووبوونەوە. سائیب گوتی:

– ئەم یوزباشییە سەراسیمەی کردووم، گۆڕینی جلە سەربازییەکانی بەجلی میللی مایەی گومانە.

ڕەمزی بەقەناعەتەوە گوتی:

– نا سائیب، باوکم زۆری بڕوا بەیوزباشییە، پاشان باوکی هاوەڵێکی کۆنی باوکم و کوێخا زۆرابە، بەهەرحاڵ درۆمان لەگەڵدا ناکات.

– بەڵام یەکێکە لە دەسەڵات ڕەمزی، ئەو نوێنەری سوڵتانی ستەمکارە. هەڵبەت پلانەکانی سەنجەقیان گۆڕیوە. بینییان ناتوانن بەڕاگەیاندنی جەنگ بەسەر هۆزەکاندا بەئامانجی خۆیان بگەن. پەنایان بردە بەر کەسانی نزیک لە ئێوەوە، تاکو ئەوی دەیانەوێ بەدەستی بێنن.

ڕەمزی گوتی: بڕوا ناکەم یوزباشی کاری وا بۆ دەوڵەت بکات، چونکە دژی وەستان و بەدەست تێکەڵکردن لەگەڵ هۆزەکاندا تاوانباریان کرد. پاشان کاتێک ئەو بەبێ جلی سەربازییەوە بۆ لامان دێت، مانای ئەوەیە بۆ سەردانی تایبەتیی خۆی هاتووە، نەک وەکو نوێنەری حکوومەت.

سائیب پرسی: باشە ئەم هەموو ماوەیە لە کوێ بوو؟

ڕەمزی وڵامی داوە: جارێکیان باوکم گوتی، ڕەنگە فڕێیان دابێتە زیندانەوە.

ڕۆستەم گوتی: پاش نەختێک لەگەڵ هەردوو هاوەڵەکەی دەگات، یەکسەر هەموو شتی لە بارەوە دەزانین، ئەوەشی لێوە دەزانین، داخۆ ئەو قسانەی لەملا و لەولا دەکرێن پڕوپاگەندەیە، یاخود ڕاستە.

میرزا زۆر بەخۆوە دەنازی کە لەگەڵ یوزباشی و موراد چاوشە، گوتیشی ئەگەر پەلە پەلی یوزباشی و تاسەی دیتنی کوێخا زۆراب نەبوایا، ئەوا ڕەشماڵەکەی لەگەڵ خۆدا دەهێنا. ڕەمەزان پێی گوت شوێنی ڕەشماڵەکە ئەوێیە، گوندی زۆراب، پاشان دەبوو هاپۆی لەگەڵ خۆدا بهێنایا، تاکو مەجلیسەکەیان تەواو دەبوو. میرزا وڵامی داوە کە یوزباشی ناردی، تا بچێت بۆ لای شێخ بابا و ئەو هەواڵە خۆشانەی پێ ڕابگەیەنێت. هەمووان تێبینیی ئەوەیان کرد، کە یوزباشی زۆر گۆڕا بوو، لاواز و ڕەنگ زەرد، تەنانەت توانای لە ئامێزگرتنی هەمووانی نەبوو، موراد چاوش و شێخۆ دەستیان گرت و لە شوێنەکەیان دانا. کاتێک هەستی بەو بێدەنگییە کرد



دیوەخانەکەی تەنیوەتەوە و هەمووان چاوی پڕ لە سەرسووڕمان و نیگەرانی و هەستی پێشهاتێکی خراپیان تێ بڕیبوو. زەردەخەنەیەکی پان بەدەموچاوە زەرد هەڵگەڕاوەکەیەوە ڕوا، بەدەنگێکی ڕوون و دیارەوە گوتی:

– ئەم چرکە ساتە ئاواتی تەمەنم بوو مامە زۆراب، کە لێرە لە بانشاخ هەوای دۆڵی کفران هەڵمژم و پێتان بگەم. ئێستا بەلامەوە گرنگ نییە ئەگەر لە شوێنی خۆمدا گیانم دەرچێت.

کوێخا زۆراب پاش ئەوەی لە قسەکانی یوزباشی ئەرخاین بوو، کە پیاوی حکوومەت نییە، گوتی:

– مردن بۆ دوژمنەکانت بێ کوڕم، مادام بەساغی گەیشتییە دۆڵی کفران، ئەوا خوا تەندروستی و تەمەنی درێژت پێ دەبەخشێت.

قەیرێک بێدەنگی هەمووانی داگرت، ڕۆژەکە ئاوا بووبوو، تاریکی لای ئاسۆی ڕۆژئاوای گرتبووەوە. کوێخا زۆراب بەردەوام بوو:

– وا دیارە ئەم فەرمانەی بەر لە ساڵێک وەرمانگرت، نەک هەر بەتەنێ بەڵای بۆ ئێمە هێنا جەنابی یوزباشی، بەڵکو سەرێشەی بۆ تۆش دروست کرد. باشە ناتوانین ئەم کاغەزە نەعلەتییە بۆ بابلعالی بگەڕێنینەوە و لە شەڕی سوڵتان ڕزگارمان بێت؟

یوزباشی و موراد چاوش و جیهانگیر و مەردان سەرنجەکانیان گۆڕییەوە، هەرچی ڕۆستەم و ڕەمزی و سائیب بوون شڵەژابوون، چاویان لە دەمی یوزباشی بوو، بەمەراقی ئەوەی بزانن چی دەڵێت. یوزباشی دوای ئەوەی لە دانیشتنەکەی ڕاستبووەوە، گوتی:

– مامە شێخ، ئەم سەردانەم بۆ لاتان جیاوازە لەگەڵ سەردانەکەی یەکەمم، ئەمە سەردانێکی تایبەتە، تەنانەت سەردانەکەی چاوشیش پێوەندیی بەدەوڵەتەوە نییە، ئەو ئێستا پشووی وەرگرتووە، هەرچی منم، بەر لە دوو ڕۆژ لە زیندان دەرچوومە، ڕەنگە هەر نەگەڕێمەوە سەر کارەکەم، وا دیارە ئێوە لێرە نازانن چی ڕوو دەدات، دنیا بەسەر یەکدا ڕووخاوە.

میرزا ویستی قسە بکات، ڕەمەزان سیخوڕمەیەکی لێ دا. کوێخا زۆراب گوتی:

– تۆ لێرە لە نێوان ڕۆڵەکانی هۆزەکەتی، دەتوانی هەتا هەتا لەگەڵماندا بمێنیتەوە و ئێمە چۆن دەژین تۆش ئاوا، هیوادارم لەبەر ئێمە نەچوویتە بەندیخانەوە. هەرچی دنیایە ئەگەر سەرنخوون بووبێ و بەسەر یەکدا ڕووخابێت، ڕاستییەکەی هیچمان نەبیستووە، ئەوە نەبێ کە ئاژاوە و یاخیبوون بلاو بووەتەوە، خۆ ئەگەر دەوڵەت بەناردنی نموونەیێلی وەک قوومەندانەوە سەرقاڵ بێت، ئەوا سەیر نییە خەڵکی لە هەموو شوێنێک یاخیبوون ڕابگەیەنن.

یوزباشی گوتی:

– مامە شێخ گرفتەکە گرفتی قوومەندان نییە، ئەم کابرایە تەنیا ئامرازێکە، مادام ئەم ئامرازە بناغەکەی خراپ بێت و ئامادە بێت بۆ جێبەجێکردنی هەر شتێک دەوڵەت لێی بخوازێت، ئەوا ئەم نموونانە هەڵدەبژێرن بۆ ئەنجامدانی کارێکی دیارکراو بۆ کاتێکی دیارکراو. بەڵام خوا لەگەڵ دادپەروەریدایە و دژ بەزۆردارییە، ئێوە ئێستا درک بەگرنگیی ئەم یاخیبوونانەی کە گەیشتوونەتە ناو کۆشکی سوڵتان ناکەن. لەم ڕۆژانەدا هەموو دنیا باس لەوە دەکەن، کە چی لە ئەستەنبووڵ ڕوو دەدات!!.

جیهانگیریش گوتی: ئەگەر یاخیبوونەکان گەیشتبنە ماڵی سوڵتان خۆی، ئەوا فاتیحەی بۆ بخوێنە.

– بێگومان فاتیحەیان بۆ خوێندووە مامە جیهانگیر، هەموو شتێکیش تەواو بووە، خۆی دا بەدەستەوە و بەدنیای ڕاگەیاند، بۆ زانینتان دەوڵەت وازی لە باج هێنا.

ڕەمەزان گوتی:

– هەر بەڕاستی وازیان لە باج هێنا، یاخود وەکو جاران پێمان پێدەکەنن؟

– ئیتیحادچییەکان مامە ڕەمەزان سوڵتانیان لابرد، هەندێ ئەفسەری بەشەرەفی وەکو ئەحمەد نیازی و ئەنوەر بەگ و هەندێکی دییش. ئێوە بەڕاستی باری باجتان لە کۆڵەوە بوو.

نیشانەی خۆشی و دڵکرانەوە بەڕووی ڕۆستەم و سائیب و ڕەمزییەوە دیار بوو، لە نێوان خۆیاندا گفتوگۆیان بوو، ناو خۆیان ڕێکەوتن ڕەمزی ئەو پرسیارە بکات، کە هەژاندبوونی، ئەویش گوتی: کاتێک لە کەرکووک بووین لە هەندێک قوتابییەوە



بیستمان، کە هەندێک لە خزم و براکانیان بەتۆمەتی ئەندامبوون لەگەڵ ئیتیحادچییەکان خرانە بەندیخانەوە، باشە ئەوانەش بەردراون؟

– هەموویان بەردان، بەندیخانەکان کەسیان تێدا نەمان.

ڕۆستەم بێ ویستی خۆی گوتی: ژمارەیان زۆر بوون؟

– لە کەرکووک و دەوروبەری ئێمە حەوت کەس بووین. لە ژوورێکی بچووکی تاریک بەندیان کردبووین و بەیەکجا هەواڵمان نەدەگەیشتە کەسوکارمان. تەنیا دووان لە ئیتیحاچییەکان بوون، ئیدی ئەوانی دی بەمنیشەوە، پێشتر ئەم ناوەمان هەر نەبیستبوو.

سائیب بەشەرم و شڵەژانەوە گوتی:

– کەسێکتان لەگەڵدا بوو ناوی فەوزی بێت؟

یوزباشی دەمودەست وڵامی داوە:

– بێگومان کەسێکمان لەگەڵدا بوو بەناوی فەوزییەوە، ئەو ئیتیحادچییەکی تۆخ و بوێر بوو، ئەو نەبووایا بێ ئومێدی لە زیندان دەیکوشتین.

ڕۆستەم وەستا و لوولەی تفەنگەکەی کردە ئاسمان و گوتی:

– ئەوە برای سائیبی هاوەڵمانە، خوالێخۆشبووی باوکی لە گەڕان بەدوویدا گیانی لە دەست دا.

تەقەی بەئاسماندا کرد، ڕەمزییش بەدوایدا و ئینجاش ئەوانی دی، دەنگی دەیان تەقە دەهاتن، لە دۆڵەکەوە زایەڵەی دەداوە.

قەرەجەکان لە دەوار هەڵدان لە لێواری ڕووبارەکە بوونەوە. دەنگی دوو تەقە هات، وڵامی قەرەجەکان بوو بۆ ئەو پێشوازییە گەرمەی دۆڵی کفران بۆی کردن، ڕەمەزان بەسووکییەکەوە سەری لەقاند و ڕووی قسەی لە کوێخا زۆراب کرد و گوتی:

– کەرەکە مەمرە بەهار هات.

هەرچی سائیب بوو، خۆی نەگرت، گریانێکی بێدەنگ ناخی هەژاند، وای لە هەمووان کرد لە بێدەنگییەکی قووڵدا بن. یوزباشی یەکەمین کەس بوو گۆمی بێدەنگییەکەی شڵەقاند و گوتی:

– سائیب، دەبێ شانازی بەبراکەتەوە بکەیت، هەرچی ئێوەشن ڕۆستەم و ڕەمزی لەسەرتانە شانازی بەهەردووکیانەوە بکەن.

کوێخا زۆراب بە شانازییەوە گوتی: تانووکە دوودڵ بووم لە ناردنی ڕۆستەم بۆ موسڵ، وەلێ ئێستا لە هەرسێکیان ناترسم بچن بۆ ئەوسەری دنیا.

مامۆستا هەر لە سەرەتاوە حەزی لە ڕەمزی نەدەکرد، کە لە سەردانی یەکەمیدا گفتوگۆکانی بەسووکایەتی بەئەو و بەئایین دانا، چونکە ئەم خۆی بەتاقە نوێنەری شەرعی دۆڵی کفران دادەنا، سەرەڕای ئەوەی سائیب زۆری ڕێز لێدەگرت و خۆی لە گفتوگۆ بەدوور دەگرت، کەچی حەزی بەویش نەدەکرد، چونکە بەدڵنیاییەوە ڕۆڵی گەورەی لە تێکدانی ڕۆستەمدا گێڕاوە. ئائەوەتانێ یووزباشی، ئەمان بیانەوێ یان نا سەر بەهەمان کۆمەڵە خەڵکە، کەتیری ژەهراوییان ئاراستەی سوڵتان، کە خەلیفەی موسڵمانان و سێبەری خوایە لەسەر زەوی، دەکەن. هەر هێرشبردنێک بۆ سەر سوڵتان هێرشبردنە بۆ سەر ئاین و کەمکردنەوەیە لێی.

هەوڵی دەدا ڕۆڵێک لەم کەشوهەوا سەیرەدا بگێڕێت، لێ نەیتوانی هیچ بکات، وای بەئەرکی خۆی زانی ئەوی ئەوان تێکی دەدەن ئەم توندوتۆڵتری بکات. لێ لەگەڵ کێدا دەستی پێ بکات و چۆن؟ لەگەڵ قەرەجەکاندا دەستی پێ بکات، دوورترین کەسانێکن لە ئاینەوە؟ لەگەڵ جیهانگیردا دەست پێ بکات، ئەو جیهانگیرەی لێڵ جووەکاندا کاری کرد و لێیانەوە فێری سووخۆری و سەلەم سەندن بوو؟ لەگەڵ کەریمدا دەست پێ بکات، کە لە دنیادا هیچی بەلاوە گرنگ نییە تەنیا ڕابواردن نەبێ، ئەوە نییە ژنە تەلاقدراوەکەی هاپۆی خواست؟ لەگەڵ کوێخا زۆراب، یا ڕەمەزان، یاخود میرزادا دەست پێ بکات، کە هیچ شتێک لە ئاین نازانن، تەنیا ئەوەندە نەبێ بەڕووکەش دڵسۆزی بەرامبەر بەتەکییەی بەرزنجی دەنوێنن؟ لەگەڵ شێخۆدا دەست پێ بکات، کە بەبێ ڕاوێژی باوکی هەنگاوێک نانێت و ڕای خۆی نادات، تاکو ڕای باوکی نەبیستێت؟ ئینجاش تاقە کەسە جڵەوی شتەکانی بەدەستەوەیە، هەر ئەویشە پیاوی دوارۆژ و شتەکان یەکلادەکاتەوە، هیچ نەبێ دەبێ ڕای خۆی لەسەر هەموو ئەو شتانەی لەم جیهانە شێتەدا ڕوو دەدەن پێ بڵێت، کە کفر بەزۆرداری دەیەوێ داگیری بکات و گەندەڵیی تێدا بڵاوبکاتەوە. بەتەنێ لەگەڵ شێخۆدا دانیشتن و ترس



و دڵە ڕاوکەکانی خۆی و ئەو قسانەی دەکرێن و بۆنی کفر و بێ باوەڕییان لێ دێت، بۆ دەربڕی، نەخوازەڵا ئەوانەی پێوەندییان بەسوڵتان خۆیەوە هەیە، ئەو سوڵتانەی سێبەری خودایە لەسەر زەوی و خەلیفەی موسڵمانانە، ئەوانەشی پێیان دەگوترێت ئیتیحادچییەکان، هیچ گومانی تێدا نییە زەندیق و گومڕان و دین و ئیمانیان نییە، داواشی لە شێخۆ کرد ڕۆڵی وەکو سەرۆک هۆز بگێڕێت و نەهێڵێت دەڤەرەکەی ببێتە شوێنی هەرچی و پەرچییان، ئەوانەی هاتوونە درۆ و دەلەسە بڵاودەکەنەوە.

جووڵە کەوتبووە ناو گوندەوە، ئەو مەنجەڵانەی لە دەرەوە هاڵاویان لێ هەڵدەستا و لە هەموو لاوە بڵێسەی ئاگر دەوری دابوون، لە تاریکییە ئەنگوستەچاوەکەدا خەرمانەی ڕووناکییان پەخش دەکردەوە.

شێخۆ بەئاگادارییەوە گوێی لە هەموو قسەکانی مەلا گرتبوو و سەرنجی دابووە ڕوخسارە مۆنەکەی، کە نایەتە بیری ڕۆژێک دڵی پێ کرابێتەوە، یەکسەر هەستیکرد بەم قسانەی دەیەوێ ئابڵووقەیەکی توند بخاتەسەر سائیب و ڕەمزی و یووزباشی، تاکو تاق و تەنێ هەر خۆی بێت یاری بەئاوەزی هۆز بکات. شێخۆ جگەرەیەکی بۆ درێژ کرد و گوتی:

– مامۆستا گیان، دەرگای دۆڵی کفران بۆ هەموو کەس واڵایە، ئیدی ئەگەر قەرەج بن یا دەروێش، یاخود ڕێبوار یا دۆست بن، تەنانەت ناحەزانیشمان ئەگەر داوای لێبوردنمان لێ بکەن و پەنامان بۆ بێنن، ئەوا لەسەر سەر و سەر چاو. ئیدی قسە کردن لە دژی سوڵتان کفر و گومڕایی بێت و ئیتیحادچییەکان زەندیق بن، ئەوا بەلای منەوە بایەخیان نییە. هەموویان بەلای منەوە دەسەڵات و دەوڵەتن. ئەگەریش وادەزانیت یووزباشی دەتوانێت قایلمان بکات و بمانخاتە خانەی ئیتیحادچییەکانەوە، ئەوا بەهەڵەدا چوویتە. دەسەڵات دەسەڵاتە، هەتا هەتا دەبینە نەیاری، ئەگەر بەڕاستی ئەمساڵ لە باجدان لێمان خۆش بێت، ئەوا لە ساڵانی داهاتوودا تۆڵەی دەکاتەوە، ئەگینا چۆن دەتوانێ بژێت؟

هەردووکیان لە تەنیشتی دیواری دیوەخانەکە بەلای ئەو لایەی دەیڕوانییە سەر زێیەکە، وەستابوون، شێخۆ قسەی خۆی کرد و بێ ئەوەی چاوەڕێی وەڵام بێت، لێیدا ڕۆیشت. هەرچی مەلا بوو، قەیرێک لە شوێنی خۆیدا وەستا و ڕوانییە بڵێسەی

بەرزەوەبووی ئاگرەکە، بەشڵەژانەوە قوونکە جگەرەکەی فڕێدا و بەرەو مەجلیسەکە ڕۆیشت و دەیمنگاند:

– لعنة الله علی الشیطان الرجیم.

شێخۆ ویستی بەتەنێ لەگەڵ کەریم و مەرداندا دانیشێت، تاکو باسی هەندێ شت بکەن، لێ خەریکبوونی کەریم بەژنەکەیەوە، کە لە هەرکاتێکدا منداڵەکەی ببێ دەبێ، نەیتوانی ئامادە بێت. هەردووکیان لە قوللەی چاودێریکردنەکە دانیشتن. ئەوشتەی شێخۆی تێکدابوو، سەردانەکەی یووزباشی بوو، سەرەڕای قەناعەتی تەواوی بەوەی ناکرێ یووزباشی سەرشۆڕیان بکات و موراد چاوشیش پشتیان تێ بکات، گومانێک گێنگڵی دەدا و جۆرە وریاییەکی بەرامبەر ئەو دوو کەسەی گومانی لە بێ خەتاییان نەدەکرد، هەبوو. پەندێکی تایبەت بەهۆزەکەیان هەبوو، دەڵێت:

«ئەوەی جلی حکوومەت لەبەر بکا و نان و نمەکیان بکات ناکرێ جێگەی بڕوا بێت، چون مەحاڵە گورگ بکرێتە سەگی پاسەوان».

ئەم غەمانەی بۆ مەردان ڕشت، مەردان دڵنیای کردەوە، ئەویش بەدەست هەمان گرفتەوە دەناڵێنێ، هەرچەندە بڕوای تەواوی بەوە هەیە ئەم دوو پیاوە پشتیان بەزەویدا نادەن. مەردان بۆ یەکەمین جار دانی پێدا نا، کاتی خۆی چەکەکانی لە موراد چاوش کڕیوە و گونی گرتووە، بۆیە ئەستەمە جێگەی مەترسی بێت، ئەوی بترسێت موراد چاوش خۆیەتی. گەیشتیینە ئەو ڕاستییەی یووزباشیش بێتاوانە، لێ وەستانی لەگەڵ ئەواندا کە سوڵتانیان خست، دوور نییە ببێتە ئەگەری ئەوەی پۆستێکی گەورەی لە دەوڵەت بدەنێ، ئەمەش وای لێ دەکات هەموو شتەکان بنێتە ژێر پێوە، بۆیە بڕیاریاندا وریابن، نەک هەر بەرامبەر بەیووزباشی، بەڵکو بەرامبەر موراد چاوشیش. وا ڕێککەوتن نەهێڵن گەنجەکان بەچەکەوە بەدیار بکەون، هەروەها زانیاری لە بارەی ژمارەی لاوەکان و بڕی دانەوێڵە و ژمارەی ئاژەڵەکان، بەهیچ کەسێک و هەر هۆیەکەوە بێت، نەدەن. مەردان وای بینی ئەمشەو شەوێکی دەگمەنە لە ژیانی دۆڵی کفران: کەریم لەسەر ئاگر چاوەڕێی کۆرپەکەیەتی و ناهێڵێ لە خۆی زیاتر کەس پاسەوانیی ساواکەیان بکات، کە ئاواتەخوازە کوڕ بێت.

ڕۆستەم و سائیب و ڕەمزی زۆر دڵخۆشن بەو هەواڵانەی یووزباشی، نەخوازەڵا



ئەوی پێوەندیی بەلە بەندیخانە دەرچوونی براکەی سائیبەوە هەیە، کوێخا زۆراب و ڕەمەزان و جیهانگیر و میرزا گەلێک کەیفخۆشن، چونکە هەواڵی لە باج ڕزگار بوونیان بیست، گەیشتنی قەرەجەکان لە کاتێکدا هۆزەکەیان پێویستیان بەژیانەوەی ئاهەنگ و خۆشیی هەیە، لە هەموو حالەتەکاندا ئەوان بەختی باش و تالحی چاک لەگەڵ خۆیاندا دێنن، بوونی یووزباشی و موراد چاوش لایان وەکو دوو میوان، نەک وەکو دوو بەرپرسی فەرمی، یەکجار وازهێنانی جیهانگیر لەو ڕەفتارە کۆنانەی و گەڕانەوەی بۆ ئامێزی هۆز، سەرکەوتنی بێ وێنەی ڕۆستەم لە خوێندنەکەی و بەردەوام بوونی لە شاری مووسڵ، کە دەبێتە ئامانجی سەردانەکانی مەردان لە داهاتوودا، دیارە کەبابی مووسڵ تامێکی تایبەتی هەیە، کێ دەزانێت ڕەنگە لەوێ شارەزای چەندین جۆری نوێی خواردن بێت.

کێشەی دزینی چراکان و دەرکەوتنی پیرداودی پیاوچاک لە کووچەو کۆڵانەکانی سەنجەقدا، نهێنییەک بوو، جگە لە مەردان و شێخۆ و ئەو کەسەی شەوەکە یاوەری مەردان بوو، کەس پێی نەدەزانی، ئەویشیان بە تەڵاق سوێند دا ئەو ڕازە لای کەس نەدرکێنێت، بۆیە بڕیاریاندا مەردان کارێک بکات هەمووان وڕوکاس بکات و وابێت تەنانەت یووزباشی و موراد چاوشیش بڕوا بەچیرۆکەکە بهێنن و هەرگومانێک لای هەر کەسێک لە سەنجەق لەسەر پیرداودی پیاوخاس و چراکانییەوە دروست بووبێت، بڕەوێتەوە. بەر لەوەی نانی شێوان بخۆن، کوێخا زۆراب داوای لە شێخۆ کرد بچێت بانگهێشتی شێخی قەرەجان بکات بۆ نان خواردن لەگەڵیاندا. ئەمانە کە ساڵی دوو جار بەسەر زەوی هۆزی دۆڵی کفراندا ڕەتدەبن، لە تێپەڕبوونیاندا جگە لە خێر و خۆشی هیچی دی ناهێنن، خۆ ئەگەر کوێخا زۆراب هەرچییەکی لەبیر بچێت، ئەوەی بیر ناچێت کە دایکە جادووگەرەکەی شێخی قەرەجان چاکەی لە چاوی هەیە و لە شێتبوونەکەی ڕزگاری کرد و پێشنیازی ژنهێنانی بۆ کرد و خەونەکەی وا لێکدایەوە، بەڕاستی هاتە دی ، بەخۆی ناوی لە ڕۆستەم ناو ئەوەتانێ فاتمەش هەر لەم شەوەدا چاوەڕوانی هاتنە دنیای کۆرپەکەیەتی، داخۆ ئەم هەموو شتانە پێوەندییان بەهاتنی قەرەجەکانەوە نییە؟ دەڵێی قوزەکەمتیار و ددانی گورگ و سپیدار و ئەوشتانەن، کە هێزی نوشتە و جادوویان هەیە. ئەو کاتی شێخۆ هەڵسا بچێت بۆ بانگکردنی میوانە قەرەجەکە، کوێخا زۆراب لە شوێن خۆی هەستا و ڕووی لە فاتمە کرد، کە بەدەست

ژانەوە دەتلایەوە. سنجان و ژنانی دی خەریکی بوون. کەریمیش پێیەکی لای ئەوان و پێیەکەی دیکەی لای دیوەخان بوو، دڵەڕاوکەی پێ کەوتبوو شڵەژابوو و ترس و نیگەرانی دایگرتبوو، هەنگینێ باوکی بەم شێوەیەی بینی، بەپێ ڕابواردنەوە گوتی:

– کوڕەکەم شەرم لە خۆت ناکەیت؟ لەکەیەوە تۆ وەک ژن ترساویت؟ بڕۆ لە دیوەخانەکە لەگەڵ پیاوەکاندا دانیشە.

کەریم بەزمانێکی کلۆڵانەوە گوتی:

– باوە من لە جنۆکەکە دەترسم، ڕەنگە ئەمجارەیان مەترسی زۆربێت.

زۆراب بەبڕوا بەخۆبوونەوە گوتی:

– کوڕم جنۆکە فەی لە قەرەباڵغی و ژاوەژاودا ئامادە نابێت، ئەو تەقانەی بەر لە نەختێک بەئاسماندا کردمانن، هەموو ڕووحەکانی لە دۆڵی کفران وەدەرنان، چ باشەکان بێت یا خراپەکارەکان، یەڵڵا بڕۆ لەگەڵ زەلامەکان دانیشە.

سنجان گوتی: کەریم یا هەر زەلامێکی دی دەبێ لەنزیکمان بێت، فاتمە ئەم ئێوارەیە چەند جارێک بینیویەتی و بەناوی خۆیەوە گازی کردووە، ئەو سڵ لە ئێمەی ئافرەت ناکەتەوە.

– باشە با کەریم لاتان بمێنێتەوە.

زۆراب دوای ئەوەی لە بارەی ژانەکەی فاتمەوە ئەرخاین بوو، کە کارەکان بەباشی بەڕێوە دەچن، ئەمەی گوت و ڕۆیی. کاتێک دەستیان بەئامادەکردنی خواردنەکە کرد، مەردان بەگوێی شێخۆیدا چرپاند: من ئێستا ئامادەم، وەلێ دەترسم یەکێکیان تفنگەکەی تاقی بکاتەوە و پیرداود بپێکی و بیکوژێت.

شێخۆ خەنییەوە و گوتی: دەشێ هەڵەشەیی وا ڕووبدات، وەلێ مەترسە، من تا لە خەریکبوونیان بەخواردنەوە دڵنیانەبم، ئامازەت بۆ ناکەم، ئەوان بەو دەستە چەورانەیان ناتوانن تفەنگەکانیان بەکاربێنن.

بەر لەوەی میرزا دەست بۆ خواردن بەرێت، ئاوڕێکی لە کوێخا زۆراب دایەوە و گوتی:

– ئای لەو زیانە، خۆزگە ئەم بۆنەیەمان لە ژێر ڕەشماڵەکەدا دەکرد.

– لە ژێر ڕەشماڵەکەدا میرزا ئاهەنگێک دەگێڕین شتی وا نەکرابێت، پەلەمەکە، هەموو شتێک بەسەبر دەبێت.



وادیار بوو برسێتی لە پەلوپۆی خستبوون، هەر هێندەی دەستیان بەخواردن کرد، بێدەنگی دایگرتن، شێخۆ بەعادەتی خۆی بەپێوە وەستابوو، جارناجارێک قاپێ برنج یاخود مەرەگە یا نانی گەرمی بۆ دەهێنان.

کاتێک دڵنیابوو جانەوەری لەشیان دامرکایەوە و تەواو مڕبوون، بەئاسپایی کشایە تاریکییەکەوە و دەستی بۆ بەردەکەی گیرفانی برد، کە لەگەڵ مەرداندا ڕێککەوتبوون لە قوولەی چاودێرییەکەی بگرێت، کەچی بەر لەوەی تێی بگرێت دەنگی چەند تەقەیەک هێمنیی شەوەکەیان شەقکرد، کەریم بەغار بۆ لایان هات، هێشتا تەقەی بەئاسماندا دەکرد و هاواری دەکرد:

– کوڕ، کوڕ، کوڕ، فاتمە بەسەلامەتی کوڕی بوو.

لەو ساتەدا تارماییەکی سپی چەند چرایەکی بەدەستەوە و بەئەسپەکەیەوە لە خێراییدا خەریک بوو باڵی دەگرت، شێخۆ بەدەنگی بەرز هاواری کرد: الله أکبر، الله أکبر، ئەوە پیرداودی پیاوخاسە.

کەریم لە شوێنی خۆی ڕەقبوو، خەریک بوو تفەنگەکەی لەدەست بەرەوە بێت، هەموان لە خۆیانەوە لە شوێنی خۆیان ڕاپەڕین و بیسمیللایان کرد و بەچاوە شڵەژاوەکانیانەوە لەو تارماییەی وەکو شەبەنگ تێپەڕی و لە تاریکییەکەدا ونبوو، دەیانڕوانی، سەرەڕای پێداگریی شێخۆ و کوێخا زۆراب کە بگەڕێنەوە خواردنەکەیان تەواو بکەن، لە شوێن خۆیان تاسابوون و بەچەندەها شێوە ئەو دیاردەیان لێکدەدایەوە، کە مەلا بەخێری ڕاستەقینەی دانا . هەرچی موراد چاوش بوو، گوتی: دیاردەی سووڕانەوەی تارمایی پیرداودی پیاوخاس بەکووچەوکۆڵانەکانی سەنجەقدا و بردنی چراکان شتێکی سروشتییە، بەڵام گەیشتنی بەدۆڵی کفران مایەی سەرسووڕمانە.

ئیدی ڕۆستەم و ڕەمزی و قادر و عەباس لە بەرامبەر سائیبدا خۆیان هەڵدەکێشا، ئاخرییەکەی بەچاوی خۆیان تارمایی ڕاستەقینەیان بینی، کەواتە ئیتر ئەو تەنیا کەس نییە تارمایی بینیبێ و لە ساردای ماڵەکەیاندا پێی گەیشتبێت.

بەر لەوەی زەلامەکان بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان، مەردان لە قوولەکەیەوە هاواری کرد:

– وەرن سەیری ئەو ڕووناکییانە بکەن، کە لە هەموو شوێنەکاندا بریقە دەدەنەوە، الله أکبر، الله أکبر.

هەمووان بەپڕتاو بەرەو سەربان ڕۆیشتن، گەشانەوە کاتێک هێڵێکی درێژیان لە ڕووناکیی بریسکەدار لە ئاسۆگەکەدا بینی. مەردان وای نیشاندا واقی وڕماوە، گوتی:

– بەچاوی خۆم بینیم ئەم ڕووناکییانەی لە دوای خۆیەوە جێدەهێشت، وەکو نوور دەدرەوشاوە، پاشان وەک بڵێسەیەک بەتیژی بەئەسپەکەی بەرەو ئاسمان بەرز بووەوە.

هەمووان سەراسیمە بوون، هەریەکە و بەڕێگەی تایبەتی خۆی لێی دەدوا، لێ گش لەسەر ئەوە هاودەنگ بوون، کە نیشانەیەکی دەگمەنە و هێمای خێر و فەڕە، یوزباشی وای بینی ئەمە موژدەی خێرە و لەگەڵ دەسەڵاتی نوێدا، کە سوڵتانی ستەمکاری لابردووە، هاتووە. کەچی مەلا پێچەوانەی ئەمەی تێدا بینییەوە، شێخی قەرەجەکانیش زانی چۆن ئەم دیاردەیە بقۆزێتەوە، تاکو پێوەندییە ئاساییەکەی بەدۆڵی کفرانەوە توندوتۆڵتر بکاتەوە، دوای ئەوەی خەونە دێرینەکەی لە شەوی لە دایکبوونی ڕۆستەمدا بیری کوێخا زۆراب خستەوە، گوتی:

– ڕووحی پیرداودی پیاوخاس لەبەر هۆیەک بەدەرکەوت، ئەویش پیرۆزکردنی ئەو ساوایەیە، وا دیارە دەبێتە پیاوخاسێک لەو پیاوخاسەنە، دەبێ ناوی بنرێت پیرداود.

یووزباشی گوتی: کێ دەزانێت؟ ڕەنگە ئەم کۆرپە تازە بووە بۆ خوێندن بگاتە ئەستەنبووڵ، دوای ئەوەی ڕۆستەمی برای دەگاتە مووسڵ.

ڕەمەزان گوتی: ئەمساڵ شایانی گەلێک ناوە، ئەو بۆنانەی ساڵانی پێشتر بەدەگمەن دەهاتن، ئەمساڵ بەیەکجار ڕژاونەتە سەرمان.

میرزا گوتی: بەڕاستی سەردەم گۆڕاوە، لە پێشدا بۆنەیەکمان نەدەدۆزییەوە تا ساڵەکەی بەناوەوە بنێین، هەرچی ئێستایە، پیاو لە هەڵبژاردنی ناو سەری سووڕدەمێنێت، من وای دەبینم ناوی بنێین ساڵی خێر و فەڕ.

ڕەمەزان بەگاڵتەوە گوتی: من پێشنیاز دەکەم ناوی بنێین ساڵی زەماوەندی میرزا و ڕەمەزان.



یووزباشی گوتی: وابزانم ساڵی ئیتیحادچییەکان باشترین ناوە.

حەمە غەریب گوتی: بۆ ناوی نەنێین ساڵی قوومەندان؟

شێخۆ گوتی: پێم باشە ناوی بنێین ساڵی هاوپەیمانیی حەوت هۆزەکە.

پێشنیازەکان بەدوای یەکدا هاتن:

– ساڵی کۆچی جیهانگیر بۆ دۆڵی کفران.

– ساڵی پیرداود.

– ساڵی شکستی قوومەندان و یەکەکانی جەندرمە لە بەرانبەر حەوت هۆزەکەدا.

– ساڵی خوێندنی ڕۆستەم.

– ساڵی یووزباشی بێ جلکی سەربازی.

– ساڵی بنیاتنانی گوندی زۆراب.

– ساڵی سەردانەکەی سائیب بۆ دۆڵی کفران.

– ساڵی بارانە زۆرەکە.

– ساڵی ڕاوە ماسییەکە.

– ساڵی ئاشتەوایی و ژن و ژنخوازی لە نێوان هەردوو هۆزی دۆڵی کفران و باباییەکاندا.

– ساڵی چا.........

کوێخا زۆراب زۆر کەیفخۆش و گەشاوە بوو، هەستی دەکرد خەریکە دەفڕێت، ئۆقرەی بەخۆی نەدەگرت، هەڵستا و بەدڵخۆشییەوە گوتی:

– دەبێ ئێستاکێ بڕۆم و سەرێک لە پیرداودی نەوەی تازەم بدەم. ئەنگۆش بۆ خۆتان شایی بکەن و گۆرانی بچڕن، دەبێ ئەمشەو تا بەیانی بەبۆنەی ڕووداوەکانی ئەمساڵەوە، کە درێژترین ساڵە لە ژیانی هۆزی دۆڵی کفراندا، ئاهەنگ بگێڕین.

***

مارکلیبێرگ – لایپزگ

١٩٨٩/٥/٢- ١٩٨٧/١٠/٧

# فەرهەنگۆک

ئـ

ئاپۆرا: قەرەباڵغی.

ئاماڵ: مەیلەو، وەک، نزیک.

ئاوقەدبوون: بەرامبەر وەستان، ڕووبەڕووبوونەوە، دەرۆست هاتن.

ئاوەز: ئەقڵ، عەقڵ.

ئۆردوو: سوپا، لەشکر، قۆشەن.

ئەرخاین: دڵنیا، بێباک، بێ خەم، خاترجەم.

ئەزبەر: لەبەر، وەکو شیعر لەبەرکردن.

ئەستەم: زەحمەت، دژوار.

ئەستێڵک: ئەستێڵ، ئەستێر، ئەستێرک، هەستێڵ، ئاوکۆ، گۆل، گۆم، سەراو، ئاڤزێڵ.

ئەندەروون: حەرەمسەرا، خانووی تایبەتی ژنانی ماڵ.

ئەوانگەل: بەجنۆکە دەگوترێت.

ئەهلی حەق: گرۆی حەقناس، کۆمەڵی خواناس و مافپەروەر، بەناوی ڕێبازەکەی سوڵتان ئیسحاقی کوڕی شێخ عیسێی بەرزنجییەوە ناو نراوە.

ب

بابا: نازناوی تیرە و پلەیەکی ناو ڕێبازی سوڵتان ئیسحاقی بەرزنجییە. باپیرە گەورە، باوە گەورە.

بابۆڵە: لەفە، نانی بەپێخۆرەوە لوولدراو.

باڕەکەڵەشێر: بەچکە کەڵەشێر.

باشبوزوغ: سەر ڕووت، ئەو ئەفەندییانەی هیچ لەسەر نانێن.

باڵوەشان: جموجۆڵی دەروێشان لە کۆڕی زیکر و وێردکردندا .

بایەقووش: کونەپەپوو، کوندەپەپوو، پەپوو– بوم.

بتڕەژم: ئافەرین.

بوولێڵ: تاریکایی دوای خۆرئاوا، پێش تاریک داهاتن.

بەڕێژەو: بەپیت، بەبڕشت، بەپێز، لووزەو، خاکێک بەرهەمی باش بدات.

بەلەز: بلەز، بەپەلە، خێرا، بەتالووکە.

بەلەنگاز: کڵۆڵ، بەدبەخت، داماو.



پ

پشتکۆڵ: دەرگا قایمکردن.

پنتک: خاڵ، نوقتە.

پێل: شەپۆل.

پەرجوو: موجیزە، موعجیزە.

پەروەند: دۆسێ، فایل.

پەنگر: سکڵ، ئەسکڵ، پەنگڕ، پۆل، پەڕەنگ، پشکۆ، پۆلوو.

ت

تابان: درەخشان، بەدرەوشین، هەلاتووی مانگ.

تالح: بەخت، تالع.

تایە: شەغرە و مەڵۆی جۆی دووراوە، گرشە، گیشە.

تووکەحەرامە: گەنگەموو.

تیرێژ: تیرۆژ، تیشکی ڕۆژ لە دەلاقە و درزی دیوارەوە بێتە ژوورێ.

تەبار: تەبارە، تۆبزایی، بارستایی (بۆکا).

تەرک: پاشەوەی چارەوێ، سەر سمتی

تەقەتکردن: هەڵگرتن، شاردنەوە ـ خزن.

تەیار: ئامادە، ساز، حازر.

ج

جایز: شیاو، بواری ڕوودان.

جمان: جوێن، دژوێن، دژمان.

جۆبار: جۆگەی ئاوی زل.

جەواڵ: گونیە، گونی، فەردە.

جەوەڵ: شاخ، چیا- جبل.

جێز: خەرمانی سوور، خەرمانی ئامادەکراو، کۆی خەرمان، کۆما .

چ

چاپەز: قۆری، چاپەست.

چارەوێ: چاروێ، وڵاخی سواری و باری (ئەسپ و هێستر).

چرپی: لقەداری هەرە باریک، بانی خانووی پێ دادەپۆشن.

چورتم: گرفت، کێشە، ئاریشە.

چووک: ئەندامی نێرینەی پیاو.

چەپەک: دوور.

چەکچەکیلە: شەمشەمەکوێرە.

چەمەدان: جانتا، سندووقۆکەی لە چەرم، یان تەنەکە بۆ جلک تێنان.

### ح

حوکمەت: حکوومەت، میری، دەوڵەت.

حەسحەس: پاسەوان، ئێشکگر، دارۆغە ـ دوریە.

### خ

خاکە سەر: خەکسار، بەلەنگاز، هەژار، بێچارە، نەدار، نەبوو.

خدە: خدێ، خوو، ڕەوشت، ئاکار، عادەت.

خودان: خاوەن، خاوەند.

خەلەند: زەوییەکی لێژی ڕووتی بەردەڵانی بەرز لە گوێی ئاودا.

### د

دانسقە: دەگمەن، کەم وێنە، نایاب.

دەبۆ: سەربازگە، قشڵە.

دەرۆست: دەرەقەت، لەحەق.

دەلیڤە: هەل، فرسەت.

دیودیار: ڕوون، بێ گەرد، دیودەر، شتێک ئەودیوی دیار بێت ـ شفاف.

دێمەڕۆک: دێمەکار، دێم.

### ڕ

ڕامووسین: ماچکردن.

ڕەتاندن: هەڵاتن لە ترسان، دەرکردن.

ڕەتبردن: هەڵەنگوتن، سەرەنگرێ، ساتمەکردن.

ڕەخت: فیشەکدان، فیشک لغ، ئەو قایشەی گوللەی پێوە دەکرێت.

ڕیقنە: جیقنە.

### ز

زایەڵە: دەنگدانەوە، سەدا.

زەبرەبەند: قوزەڵقورت، دەرد.



### س

سارداو: ژێرزەمین، سەرداو ـ سرداب.

سپە: سەگ.

ستەم: نەشیاو، هەر نابێ، چەوسانەوە و زۆرداری ـ مستحیل.

سوێ: غەم، خەم و خەفەت.

سەحکردنەوە: تەماشاکردن، پشکنین، بینین.

سەکۆ: بەرزایی، لە قوڕی چێکراو بۆ دانیشتن و خەوتن دروست دەکرێت.

### ش

شلوێ: شێلوو، لێڵ.

شلوێ نەکردن: خۆ تێک نەدان.

شوڕاق: شووتەڕاک، شووڵی تەڕ، لقەداری پاککراو، زیاتر بۆ لێدان بەکار دەهێنرێت.

شۆخی: گاڵتە.

شۆفار: شووفار، زمانشڕ، نێوان تێکدەر، زوانگر، سیخوڕ– جاسوس.

شەبەنگ: تارمایی، تاپۆ.

شەحنە: دارۆغە، ئەوی شەقڵ لێ دەدات، شەعنە.

شەقڵ: شەخڵ، مۆر، مۆرک، مۆری دارین بۆ نیشانەکردنی خەرمان.

### ع، غ

عەشتەبا: حاشتەبا، هیچ شت.

غەوارە: غەریبە، غەریب، کەسی نامۆ، بێگانە.

### ف

فایتوون: عەرەبانەی سواری، وڵاخ ڕای دەکێشێت.

فراوین: نانی نیوەڕۆ.

فەرمان: بڕیار.

فێست: فێس، کۆمسۆر، کڵاوی سوور، کڵاوێکی سووری خڕ– طربوش.

### ق

قەڵاوڕەشکە: قەلەڕەشکە، قەلەڕەش.

قاوەڵتی: نانی بەیانی.

قایشباڵدەر: وشەیەکی تورکییە، دێو و درنج.

قرووش: پارەی سەردەمی عوسمانییە.

قسڵ: نەهەک، کلس، بەردێکی سپییە و بۆ بەردڕێژکردن و سپیکردنی خانوو بەکار دێت، گڵەسپی.

قۆڵچی: قوڵچی، دارۆغە، دارغە، پاسەوانی شار، شەحنە.

قەتارە: ڕیز.

## ک

کوانگ: کوانوو، دیوارێکی بچووکە ئاگری لە پاڵدا دەکرێتەوە، تا بەری بایەکە بگرێت.

کولاژدم: دووپشک، دەمارەکۆڵ.

کوڵکردن: خۆشتن، بۆ ئافرەت بەکار دەبرێت.

کۆتەڵ: سەروسەکوت، پەیکەر– تمثال.

کەڤر: بەردی گەورە.

کەلامخوان: مەلای مەزهەبی ئەهلی حەق.

کەند: کەندەلان، لێواری قوڵکەی زۆر فراوان.

کەوشەن: سنوور، تخووب، سەرحەد، سەراورد، مەرز.

## گ

گفت: بەڵێن، بڕیار، وەعد.

گوربە: نێرەپشیلە، کتکەنێر.

گوڵەجەرگە: خۆشەویست، نازپەروەردە، لە هەمووان خۆشەویستتر.

گومەز: گومبەز، گوومەت– قوبە.

گەلاوێژ: گیشەگەنمی دووراو. ئەستێرەیەکی گەشە لە نیوەی هاویندا دەبینرێت. مانگی پێنجەمی ساڵ.

گەوەڕ: گەوڕ، پشتیر، تەویلە، تەوڵە– أسطبل.

## ل

لاپرەسەن: خۆهەڵقورتێنەر، خۆتێهەڵقوتێن، لاپرە، لاپرەسەنگ– فضولی.

لەز: پەلە.

لە نواوە: لە پێشەوە.

لێ: وەلێ، بەلام، ولی.

## م

مجرۆ: ئیفلیج، لە پەلوپۆکەوتوو، پەککەوتە، سەقەت، نوقستان، فەلەج.



مگێز: حەزی زۆر، ئارەزوو، واز.

مووش: مشک.

مۆزلین: جۆرە چنراوێکی (قوماشێکی) لۆکەی تەنکی نەرمە.

مەلاسدان: خۆشاردنەوە، خۆماتدان، خۆحەشاردان.

میللەت: خەڵک، قەرەباڵغی.

مینا: وەک، چون.

## ن

نارەنار: گۆرانی وتن لە بن لێوانەوە.

نانی هەورامی: ئەو نانەیە لەسەر ساج دەبرژێت.

نوا: پێشەوە.

نەزەر: بەخشین، تەرخانکردن، ئاهـ، عەهدکردن.

## و

ویقار: شکۆمەندی، شکۆداری، هێمنی، مەنگی.

وەزەن: ئیش، کار، کاسبی.

## ه

هانی: هێنانی، هاوردی.

هۆمەن: کەستەک.

هەراوزەنا: زەڵەزەڵ، هێورزە.

هەلاژان: ڕاکشان.

هەنیە: ئەنیە، ناوچەوان، تەوێڵ.

هیزە: دەفری ڕۆن و پەنیر لە پێستە. بۆ ئاگادارکردنەوەش بەکار دێت (هیزە وریا بن).

هێدمە: شۆک و تاسان ـ صدمە.

## ی

یایلی: عەرەبانە.

یۆق: یۆخ، وشەیەکی تورکییە، بە مانا نییە.

***